وته‌كانی ژیان

گۆڕین و ئاماده‌كردنی

محه‌مه‌د عبدولڕه‌حمان زه‌نگنه

چاپی چواره‌م

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)



نووسەر– محمد عبدالرحمن زەنگنە

وتەکانی ژیان

گۆڕین و ئامادەکردنی
محەمەد عبدولڕەحمان زەنگنە

نارین

مافی له چاپدانی پارێزراوه بۆ نووسه‌ر

نـــاوی کتێـــــب: وته‌کانی ژیان
نووسیـــنــــی: محمد عبدالرحمن زه‌نگنه
نـه‌خشه‌سازی ناوه‌وه: محمد علی احمد
ســـاڵی چـــاپ: ٢٠١٠ ز
ژمـــاره‌ی سپـــاردن: (١٢٩١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوه

کتێبخانه‌ی نارین به‌رپرسیار نیه له ناوه‌ڕۆکی هیچ کتێبێك

بەشی یەکەم

پێشەکی

خوێنەرە بەڕێزەکان — ئەم پەرتووکەی کە لە بەردەمی ئێوەی خۆشەویستدایە بەرهەمی گەورە پیاوانی ئەم جیهانە فراوانەیە،دەربارەی ژیانی کۆمەلأیەتی و ئابوری وڕامیاری و هەموو لایەنەکانی ژیانە.

ووتەیەکی ئیتالّی هەیە دەلّێ ((وەرگێڕ ناپاکە)) ئەم ووتەیە ڕاستی یەکی تێدایە،چونکە وەرگێڕ زۆر جار مەبەستە ڕاستیێ کە نادادتە دەستەوە،بەلأم ئەوەی کە گرنگە لە لای ئێمە بتوانین لە مەبەستەکانیان نزیك ببینەوەو گەنجینەیەکتان پێشکەش بکەین و سوودی لێ وەرگرین.

مامۆستا محەمەد بەدری بەرنامەیەکی لە ئێستگەی کوردی بەغاوە هەبوو منیش بەشداریم دەکرد بە قسەی نەستەق و قسەی گەورە پیاوان،ئەمە وای لێ کردم کە زۆربەی قسەبەنرخەکانی کتێبەکەی سمیر شێخانی کە بەناوی ((من حصادالفکر العالمی)) یەوەیە وەرگێڕم و لە گەلّ کۆکردنەوەی چەندەها ووتەی کە. ئەگەر چی لە گەلّ هەندێ ڕادا نین.

لەم کاتەدا عبدالله — ی برام دەفتەرێکی هەبوو زۆر ووتەی گەورە — پیاوانی تێدا کۆ کردبووە،بەلأم بە داخەوە ناوی سەرچاوەکانی تێدا تۆمار نەکردبوو.

بڕیارمان دا بە دوو قۆڵی ئەم بەرهەمە بچوکەتان بخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز. هیوا دارین جێ ی ڕەزامەندیتان بێت و لێمانیش ببورن ئەگەر ناتەواوی یەکی تێدا هەبوو. ئەگەر توانیمان و بۆمان لووا لە داهاتودا بتوانین ئەوەی ماوە بکەوێتە ژێر چاپەوەو ڕووناکی ببینێ و لە گەڵ کورتە ژیانێکی پیاوە گەورەکاندا.

محەمەد عبدولڕەحمان زەنگنە

کەرکوك

١٩٨٢/٨/١

- ئا -

❖ ئافرەت گیرو گرفتێکە لەو گیرو گرفتانەی کە پیاو ئەبێت زۆرانیان لە گەڵدا بگرێت.

❖ ئافرەت لە هیچ مشتو مڕێکا بوار نادات، واتێ ئەگات کە نەیتوانیوە ئەوەی ئەیەوێت بۆ بەرامبەرەکەی ڕوونی بکاتەوە.

❖ ئازادی بۆ مرۆڤ نایەتە خوارەوە پێویستە مرۆڤ بۆی سەر کەوێ. ((هۆگۆ))

❖ ئادەمیزاد تاکە گیاندارێکە کە شەرم دەکا چونکە هەر ئەوە کاری وا ئەکا، جێ ی شەرمەزاری بێت.

❖ ئافرەتی ژیر ئەزانێ چۆن ئەهێڵێ ماچ کرێ، بێ ئەوەی بهێڵێ چێژی ئەو ماچە بە فیڕۆ بڕوا.

❖ ئازا ئەو کەسەیە کە لە تەنگ و چەڵەمەدا خۆی بگرێ.((ئەفلاتوون))

❖ ئادەمیزاد هەر دەمرێ تەنیا کرداری چاکەیە کەوا نامرێ.

❖ ئارام گوڵێکە لە باخی هەموو کەسێك دا ناڕوێ ((ئینگلین)).

❖ ئافرەت دوو جار لای مێردەکەی خۆشەویستە، کاتێك کە دەیخوازێ و کاتێك ○ کە دەینێژێ.

❖ ئافرەت تەنگو چەڵەمەی نی یە... چونکی ئافرەتە.

❖ ئیش کردنە بونی خۆش بە ژیان دەدا.. ((ئامیيل))

❖ ئەگەر ڕەخنە و لۆمەی دوژمنانم نەبایە، لە گەڵێ کار سەر نەدە - کەوتم و ئەگەر ڕق و کینەی ئەوان نەبایە نەم دەبردەوە. ((ریشیلیو))

❖ ئەوکەسانەی ناتوانن هوشیاری بگۆڕن لە پێشکەوتن دوور دەبن ((برناردشو))

❖ ئەوەی باوەڕی بە خۆی هەبێ،پێویستی بەوە نیە ئێمە بە شان و باڵیا هەڵبدەین. ئەویش بی یەوێ بەشان باڵیا هەڵبدەین،دیارە گومانی لە دەسەلآت و توانای خۆی هەیە. ((گۆستاو لۆبۆن))

❖ ئەگەر میللەت بەشتیێ بدا زیاتر لە ئازادی،ئازادی لە کیس دەچێ.. خۆ ئەگەر ئەو شتە سامان و گوزەران بیێ ئەوە پاش لە کیس چوونی ئازادی هیچی کەی بۆ نامێنێتەوە. ((سۆمەر ست مۆم))

❖ ئاشتی ڕاستەقینە لەسەر بە خۆیی وئازادی نیشتمان جیا ناکرێتەوە((هوشی منە))

❖ ئافرەتان هەمیشە نووسەرن،بەلآم کاتێك وەك نووسینەکەیان نین.. هەموو نامەیەکی دڵداری کە ئەینووسن، ناگاتە ئەوەی لە کاتی دڵداری و خیانەت و خۆ فرۆشتناو کامەرانیدا، بێزاریان دەری ئەبڕن.. ((مۆریس دونای))

❖ ئافرەت زۆر جار جووتێ پێڵاو بە باشتر ئەزانێ لە جووتێ پیاو.

❖ ئافرەت دوو جۆرە پیاوی دەوێت، جۆرێکی ئەتوانێ بکاتە ئەو پیاوەی خۆشی ئەوێت، جۆرەکەی تری ئەتوانێ ئەو پیاوەی خۆشی بوێت دەستی بکەوێت.

❖ ئافرەت وەکو پارە وایە، پێویستە هەرگیز نەیەڵی بوەستێ، ئەگەر وەستا سوودی نامێنێ..

❖ ئافرەت لە ژیانی هونەرمەندا وەکو مۆمێکە ئەسوتێ و ڕێگای بۆ ڕووناك ئەکاتەوە. ((جۆرج ساندەر))

❖ ئافرەت بە تورە بوون چوار یەکی جوانی نامێنێ و نیوەی ژنێتی و هەموو خۆشەویستەکەیشی ئەدۆڕێنێ.

❖ ئاوانەی لە سەر شتی هیچ و پووچ ئافرەت تەلاق ئەدەن، ژن هێنانیشیان هیچ و پووچ بووە.

❖ ئافرەت بە بێ پیاو وەکو کێڵگەی بێ تووە.

❖ ئەی ئافرەتی گران بەها،وا ناڕە زایی دەر ئەبڕی بەرامبەر تاریکی هەوڵ بدە مۆمێك داگیرسێنی.
❖ ئافرەت چەند کامەرانە، چونکە شوو بە ئافرەتێکی تر ناکات.
❖ ئافرەت جەنگ (شەڕ) بە دوژمنێکی خۆی ئەزانێ.
❖ ئافرەت لە سەر خۆ قسە بۆ دەستە خوشکەکەی ئەکات،کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بەو جۆرە لە گەڵیا بدوێ، ئافرەت هەموو کاتێ ووتەی ئافرەتی تر وەرئەگرێ و ئەیەوێت لە خەڵکی بشارێتەوە، بەڵام ئەگەر دیتان ئافرەتێك ئاوێنەیەکی شکاند، ئەوە بزانن تەمەنی لاوێتی بە سەر چووە.
❖ ئافرەتی جوان گەوهەرێکی بە نرخە... بەڵام هی چاك سامانێکی گەورەیە..
❖ ئافرەتی ڕەوشت چاك ئەڵێت نە... ئافرەتی سۆزدار ئەڵێت بەڵێ... ئافرەتی یاریزان ((اللعوبة)) بەڵێ و نە ئە هەمان کاتدا ئەڵێت.
❖ ئافرەت ئەڵێ خوا ئیلهامی داوە بە ئێمە لە گەڵ زۆر پرسیار کردن.
❖ ئافرەت پیاوی بێدەنگی خۆش ئەوێت چونکی شتی شاراوەی تێدا ئەبینێ... وا ئەزانێ کە خۆی قسەی کرد پیاوەکەی گوێ ی لێ ئەگرێ.
❖ ئافرەتی چاك قەلایەکی گرنگە. ((ناپلیۆن))
❖ ئەو پیاوەی ئەڵێ من ئارەزووم لە ئافرەت نیە..
  ○ تەنها ئارەزووی لە یەك ئافرەت نیە..
  ○ ئاواز هی هەموو مرۆڤە، ئاوازیش ئەو زمانەیە، کە تەنها مۆسیقا ژەن دەتوانێ قسە لە گەڵ هەموو دڵێکا بکا.
  ○ ئارام گرتن کلیلی بەهەشتە. ((تورکی))
  ○ ئەوەی ووڵاتەکەی خۆش نەوێ، هیچ شتێکی خۆش ناوێ.((ئەللۆرد بایەرۆن))
  ○ ئەوە کەسەی ووڵاتەکەی خۆش دەوێ، خوێنەکەی تۆی ئازادی یە.

■ ((تۆماس كامبل))

❖ ئەگەر هەموو ڕێگایەك تاقی كەیتەوە بۆ كامەرانی، لە هەمووی چاكترو باشتر و سەلامەت تر ڕێگەی ماڵەوەیە.

❖ ئەندێشە بە بێ زانیاری، باڵە بە بێ پێ. ((فەرەنسی))

❖ ئەگەر تەمەنت بە ساڵ بژمێریت زۆر كورتە، بەڵام ئەگەر بە چركە بیژمێری زۆر درێژە.

❖ ئەگەر نووسەرەكان نەخوێننەوە و خوێنەرەكان نەنووسن، ئیش و كاری ڕۆشنبیری باشتربەرەو پێشەوە دەڕوا. ((جیۆفانی بایینی))

❖ ئەگەر خۆشی، خۆشی و ژیان و ڕابواردنت دەیەوێ، ئاگاداری ئاینت بكە.

❖ ئافرەت بە تاڵایی بەر، بەرەكانی ژیان پڕ ئەكەنەوە وەكوو پووشی نەرم كە سنووقی پێ پڕ ئەكەنەوە بەڵكو ئەو شوشانەی تێدا ئەگوێزرێتەوە نەشكێ،پووش زۆر بێ نرخە هەموو شتێكیش بە بێ ئەو ئەشكێ.

❖ ئافرەت ناتوانێ پیاوی گەوج بكاتە زانا، بەڵام هەموو ئافرەتێك ئەتوانێ پیاو گەوج بكات.

❖ ئافرەت ئەو پیاوەی خۆش ئەوێت كە ئەیهێنێ و لێ ی تێ ناگا،نەك ئەو پیاوەی كە لێ ی تێ ئەگا و نایهێنێ.

❖ ئافرەت تاوانی پیاوە. ((بیلیتان))

❖ ئافرەت دوژمنی دوژمنترین ئافرەتە. ((هۆڵمز))

❖ ئافرەت پێئەكەنێ ئەگەر بتوانێ بەڵام هەر كاتێ ویستی ئەگرێ.

❖ ئافرەت پرچی درێژە بەڵام بیری زۆر كورتە. ((ڕۆسۆ))

❖ ئافرەت وەكو منداڵ وایە ئەگەر بكەویتە شوێنی ڕائەكا، ئەگەر خۆتی لێ دوور خەیتەوە ئەكەوێتە شوێنت. ((فۆلتێر))

❖ ئازایەتی ڕاستەقینە ئەوەیە چاویان لێ نەبێ و بیکەی، نەکوو بیکەی بۆ ئەوەی چاویان لێ بێ. ((لارشیفۆ کۆڵد))

❖ ئاگات لەو پیاوە بێ کە پیاوەو چاو تێرە ئەگەر ((ئیهانە))ت کرد، ئاگات لە ناکەس بەچەبێ ئەگەر ڕێزت لێ گرت، ئاگات لە پیاوی ژیر بێت ئەگەر بێ بەشت کرد، ئاگاشت لە پیاوی کەر بێ ئەگەر گاڵتەت لە گەڵیا کرد.

❖ ئافرەت وەکو سێو وایە ئەگەر ئاگاداری خۆی نەبێ بۆگەن ئەکا.

❖ ئای ئەگەر گەنجەکان بزانن و ئای ئەگەر پیرە کان بیانتووانایە

■ ((هەنری ئەشبین))

❖ ئازادی دارێکە ئەینێژین زۆر جار خۆمان لە بەرەکەی ناخۆین.

■ ((جورج ساندەر))

❖ ئافرە ت هەڵەیەکی جوانی سروشتە

❖ ئافرەت دروست کرا بۆ توانای داحوازی یەکانی پیاو

❖ ئافرەت هەر کاتێ ویستی چاکە ئەکاو هەر کاتێکیش ویستی خرایە ئەکا.

❖ ئافرەتی ڕەوشت بەرز هەرگیز نامرێت،ئەگەر مردیش کردەوەکانی لەپاش خۆی ئەدوێن ((فۆڵتێر))

❖ ئافرەت لە ڕێوی فێڵبازترە.. ((بەلز اك))

❖ ئافرەت وەکو کولێرەی هەویر وایە ئەبێ لە پێشا بیشێلی چونکی ناخورێ تا نەخرێتە نێو ئاگرەوە.

❖ ئافرەتی جوان و ناشیرین نی یە، بەڵام ئەوە هەیە ئافرەتێ ئەتوانێ بە باشی ئارایشت بکات ئەوی تریان ناتوانێ.

- ئافرەت بۆ ئەوە دروست كراوە كە هەست بە واتاى ژيان بكات.. چونكى ئەوە نموونەى تەواوى ناسكى يە
- ئافرەت زنجيرێكى گرنگە لە بازنەى ژيان دا.
- ئافرەت ئاوێنەيە.٠ هەموو پياوێك وێنەى دڵى خۆى تێدا ئەبينىٚ.
- ئافرەت ناتوانىٚ بە جوانى پياو بخاتە ژێر ڕكێفى خۆيەوە هەر چەندە جوانيش بىٚ.بەلاٚم ئەتوانىٚ بە ڕەوشتى باش و هێمن و ڕێز گرتنى، هەموو ڕوو داوێك، داگيرى بكا.
- ئافرەت دڵدارى ((٤٠)) ساڵ ئەشارێتەوە بەلاٚم كينەى يەك كات ژمێر ناتوانىٚ بشارێتەوە.
- ئافرەت وكو شوشەى تەنك وايە ئاگادار بە لە دەستت نەكەوىٚ.
- ئافرەتى بەڕێز زياتر ئەچێتە دڵى پياوەوە لە هى جوان.
- ئافرەت وەكو ميوە وايە كە ((كەوت)) واتا كەس لە كاتى خۆيدا نەهاتووە بۆ لێكردنەوەى.
- ئافرەتى پێشكەوتوو نايەوىٚ كەس شتى پىٚ بڵىٚ كەچى هەمووشيان ئەبنە
- ((سكرتيرە)).
- ئافرەت ئەگەر پەرتوكێكى خوێندەوە وا بزانە مێردەكەى و كوڕەكەى خوێندۆتەوە.
- ئافرەت نهێنى يەكانى ئافرەت ئەشارێتەوە.٠٠ چونكە ئەو لە هەموو كەس باشتر نهێنى يەكانى ئەزانىٚ.
- ئافرەت پردە هەموو كەس بە سەريا تىٚ ئەپەڕىٚ.

- ئە -

❖ ئەوەی وولآت ئەفرۆشێت و خیانەت لە نیشتمانی ئەكات.٠ لەو كەسە ئەچێت لە ماڵی باوكی و برای ئەدزێ و دەرخواردی دزی ئەدا.٠٠ نە باوكی لێ ی خۆش ئەبێت و نە دزیش پاداشتی ئەداتەوە.

❖ ئەگەر جارێك لە كارێك سەر نەكەوتی مەیەڵە ئەم سەر نەكەوتنە ئامانجەكەت لە بیر بباتەوە كە هەوڵی بۆ ئەدەی.

❖ ئەموستیلەی ژن هێنان گرانترین ئەموستیلەیە لە جیهانا، چونكی خاوەنەكەی قەرزار ئەكات هەتا ماوە هەموو مانگێ ((قسط)) بدا.

❖ ئەگەر ویستت دڵداری یەكەت لە یاد بڕوا تیماری مەكە بە ((دڵداری)) یەكی تازە، تیماركە بە شارێكی تازە.

❖ ئەگەر نەزان هۆی نەزانینی خۆی بزانیایە ئەبوو بە زانا. ((كۆنفۆشیۆس)).

❖ ئەو پیاوانەم خۆش ئەوێ كە داهاتوویان هەیە، ئەو ژنانەیشم خۆش ئەوێ كە ڕابوردوویان هەیە. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ ئیش كردن گەورەترین شتە لە جیهاندا، لە بەر ئەوە پێویستە هەندێك لە پارەی ئەو ئیشەمان كۆبكەینەوە بۆ پاشە ڕۆژ.٠

❖ ئەوەی پشتی ناهەق ئەگرێ نۆكەری زاڵمە.٠

❖ ئەو مرۆڤەی باش گوێ نەگرێ.٠ هەمیشە بیر لە شتی تر ئەكاتەوە.

❖ ئەو هۆیەی كەوا لە مێژوو ئەكا خۆیی بگێڕیتەوە بۆ زۆربەی خەڵكی چونكی یەكەم جار گوێیان لێ نەگرتبوو.

❖ ئەی ئافرەت لە گەڵما وەرە بۆ ماڵمان و ببە بە میوانم خۆشحاڵیم پێ ئەبەخشێ و ئەوەی لە تواناما هەبێ ئەیكەم بۆ ڕێز گرتنت. ((شیللی))

❖ ئەوەی ئامۆژگاری وەرنەگرێ ناتوانرێ یارمەتی بدرێ· ((بنیامین فرانكلین))

❖ ئەو كەسە بەختیارە كە خاوەن سامان و بیرە· ((منیاندر))

❖ ئـەو كەسـەی چـرا لەپـشتی یـەوە داگیرسێنێ،سـێبەرەكەی لـە پێـشەوە ئەبێ· ((تاغور))

❖ ئەگەر ژیانم وەكو بەردێكی بەنرخ بووایە ئـەمكرد بـە سـەرد پارچـەوە مـرواری یـەكم لێ ی دروسـت ئـەكرد و ئـەمكردە ملـت و ئەگـەر ژیـانم گـوڵێكی جـوانی بچكۆلانە بووایە ئەمپچڕاندو قژتم پێ ی ئەڕازاندەوە· ((تاغور))

❖ ئەگەر بمانەوێ نامەیەكی دڵداری بنووسین،ئەبێ لە وێ وە دەستی پێبكەین كە نازانین چی ئەڵێن و كۆتایەكەشی ئەوە بێ نەزانین چیمان نووسیوە·((رۆسۆ))

❖ ئەو پیاوەی شارەزایی نەبێ لە زمانی بێگانەدا هیچ لە زمانەكەی خۆی نازانێ·

❖ ئەو كسەی خۆی ئەكا بە پێشڕەوی خەڵك ئەبێ لە پێشا خۆی فێركات ئـەویش بە چاككردنی ڕەوشتی پێش زمانی و ببێتە مامۆستای خۆی بۆ چاك كردنی·

❖ ئەو پارەیەی كە ئێستە لە دەستایە ڕێگایە بۆ سەربەستی، بەڵام ئەو پارەیـەی كە هەوڵی بۆ ئەدەی ڕێگایە بۆ دیلێتی·

❖ ئەگەر دەوڵەمەند بووی هەموو كەس كەستە،ئەگەر كەوتی كەس ناتناسێ·

■ ((ئیمام عەلی))

❖ ئەگەر هەژار بووی بیر بكەرەوە كێ لە خۆت هەژار ترە، ئەگـەر دەوڵەمەنـدیش بووی بیر بكەرەوە كێ لە تۆ شایان ترە· ((چینی))

❖ ئەگەر گەوجی پێشكەوت، ژیری ئەگەڕێتەوە ((یابانی))

❖ ئەتوانی بە بەختیاری لە گەڵ هەموو ئافرەتێكدا بژیت مادام خۆشیت ناوێ·

❖ ئەی ئافرەت یا بەیانی وەرە یا ئێوارە، ئەو كاتە وەرە كە چاوەڕوانتم، یـا ئـەو كاتە وەرە كـە چـاوەڕوانت نـیم، ئـەبینی پێـشوازی مـاچ لـە بـەر دەمتایە،بـەو جۆرەی كە دێت خۆشەویستیم بۆت زیاد ئەكا· ((تۆماس دافید))

❖ ئەوەی لە لەشمایە دروستی دەستی دایکمە و ئەوەیش ئەیزانم هونەرەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دایکم. ((جۆن کونیسی ئادمز))

❖ ئەوەی شیعر ئەنووسێ ڕاستی هەڵدەمژێ لە دوو لێوی ژەهراوی یەوە

■ ((ولیام رۆزبنێت))

❖ ئەو ئافرەتەی دڵی بە پارەی مێردەکەی نەسوتێ، دڵیشی بە دڵداری یەکەی ناسووتێ.

❖ ئەگەر بڕوای ئافرەت بە پیاو کەل بوو، هەموو دڵداری یەکەیشی کەل ئەبێت.

❖ ئەو کەسەی کە بە پەلە هەواڵی ناخۆشی ئەگەیەنێ شتی وای پێ ئەڵێن خۆشیان نایزانین.

❖ ئەو کەسەی نەزانەو نازانێ، نەزانە ژیر نی یە لێ ی دوورکەوە بەلاًم ئەو کەسەی نەزانەو ئەزانێ، نەزانە، نەفامە فێریکەن، بەلاًم ئەو کەسەی کە زانایە و نازانێ زانایە، نووستووە هەڵی سێنن... بەلاًم ئەو کەسەی دەزانێت کە زانایە، ژیرە دووای کەون.

❖ ئەگەر ویستت خەڵکی هەڵەکانت ببینن، وا دەست بکە بە تەمێ کردنیان.

❖ ئەگەر خوا تەنها شتێکم پێ بدا... ئەوا من سەر لە نوێ بەهارێکی تازە دەخوازم.

❖ ئازا خۆشەویستە تەنانەت لای ئەو کەسەیش کە شەڕی لە گەڵدا دەکا، ترسنۆك بێزارەو تەنانەت لای ئەو کەسەش کە دۆستایەتی لە گەڵدا دەکا.

❖ ئاگاداری فلسێ بکە، دینار ئاگاداری خۆی دەکا.

❖ ئەگەر ویستت لە پاش مردنت ناوت بمێنێ،ئەوا لەم دووانەیەکێکیان بکە، کارێکی وا بکە شایانی نووسین بێ،یان بنووسە بۆ ئەوەی شایانی مانەوە بێ.

■ ((فرانکلی))

- ئەگەر ناچار بووی گوێ بە جل و بەرگ مەدە، بەڵام با دەرونت پاك بێ.
  ■ ((مارك توین))
- ئەگەر هەموو كەس دەوروبەری ماڵەكەی خۆی پاك كاتەوە، وا هەموو شارەكە پاك دەبێتەوە. ((یۆنانی))
- ئەوەی لە دایك دەبێ بۆ ئەوەی بە سكە خشێ بڕوا، ناتوانێ بفڕێت.((ڕوسی))
- ئەو دڵە خەمگینە چەند بە نرخە كە خەم ڕێی ئەوەی لێ ناگرێ گۆرانی لە گەڵ دڵخۆشانا بڵێ. ((گۆتە))
- ئەبێ دایكە حەوا چەند گەلا تووی لێ كردبێتەوە لە پێش ئەوە دا بڵێ ئەم گەڵایەم دەوێ.
- ئەگەر نیشتمانم بوایە، ئەموت نیشتمان بێ ئازادی و سەربەستی دانامەزرێ ئەگینا ئەوە نیشتمان نی یە بەندینخانەیە. ((مەحمود دەرویش))
- ئەگەر ئەتەوێ هەرگیز ژن نەهێنی قەرزار بە.
- ئەو دڵداریەی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان كۆتایی هات ئەوە لە هیچ كاتێكا خۆشەویستی نەبووە. ((ئەرستۆ))
- ئەی بێ هێز، ناوت ئافرەتە. ((شكسپیر))
- ئەو ئافرەتەی ڕابووردووی هەبێ، پاشە ڕۆژی نی یە. ((وایلد))
- ئەو ئافرەتەی بە ماڵەكەی و پارەی مێردەكەی ڕازی یە زۆر كامەرانە.
- ئەگەر پاوێك ئافرەتێكی خۆشویست ئەڵێن دڵدارە.. بەڵام ئەگەر ئارتێستێكی خۆشویست ئەڵێن كەرە.
- ئەو ئافرەتەی مێردەكەی خۆش ئەوێت بەشداری هەموو ئیشو كارێكی ئەكا.
- ئەو ژنە نی یە تا ئێستا كە ڕازی بێ بە مافی خۆی.
- ئەو پیاوەی ستایشی ئافرەت ئەكات زۆر كەمی لێ ئەبینێ : ئەویش كە ئافرەت بە جێ ئەهێڵێ هیچی لێ نازانێ.

❖ ئەوەندە گەوج نیم باوەڕ بكەم كە ئافرەت لێوی هەر پێشكەش تاقە یەك پیاو دەكا. ((شكسپیر))

❖ ئەو كەسەی كە ووتی ناتوانم پیێ ی بڵێ هەوڵدە، ئەو كەسەیش ووتی نازانم بڵێ فێر بە، ئەو كەسەیش ووتی ئەمە ستەمە پیێ ی بڵێ تاقی كەرەوە.

❖ ئەگەر جارێك توانیت لە كاتی ڕق هەڵساندا هێمن بیت.ئەوا ڕزگار ئەبی لە سەد ڕۆژ پەشیمانی.

❖ ئەو ڕۆژەی كە ئیش ناكەین ماندوومان ئەكا وەكو ئەو شەوەی كە تێدا ناخەوین.

❖ ئەو هونەرەی كە چەندەها ساڵە ئافرەت تێدا پێشكەوتووە، ناخۆشی ئەو پیاوەیە كە ژنەكەی پشتی پیێ بەستووە.

❖ ئەڕۆی بۆ لای ئافرەت كەواتە قەمچیەكەت لە یاد نەچیێ. ((نیێتشە))

❖ ئەڵێن ئافرەت وەكو(قماش)وایە لە بەر ڕوناكی مۆم باشتر ئەبینرێ.

■ ((جۆناثان سوینت))

❖ ئەگەر ژن نەیتوانی تۆڵە بسێنیێ وەك منال ئەگریێ.

❖ ئەگەر پارە زۆر بوو چاكە كەم ئەبیێ. ((هەنری سۆرۆ))

❖ ئەو كەسانەی مردوون جێگای دڕكاوی وەكو فەرشە بۆیان.((تیۆجنیس))

❖ ئامۆژگاری كردن وەكو یارمەتی دان وایە. ((بلوتۆس))

❖ ئەو كاتەی كە بەختیارین هەمیشە باشین، بەلاَم كە باش بین هەموو كاتێك بەختیار نین. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ ئەوەی شانازی بە زانینی خۆیەوە بكا نەزانی خۆی دەر دەخا. ((ئینگلین))

❖ ئەو كەسەی چاكە لە گەڵ پیاو خراپدا دەكا، دوو جار تووشی ئازار دەبیێ، یەكەم جار كە پارەكەی خەرج دەكا.٠ دووەمین جار كە هیچ سوپاس ناكریێ دەربارەی پیاوەتێكەی. ((تیۆجنیس))

❖ ئه‌گه‌ر نه‌توانی دۆست بۆ خۆت په‌یدا بكه‌ی دوژمن بۆخۆت زیاد مه‌كه‌((یۆنانی))

❖ ئه‌و شنه‌یه‌ی مۆمێك ده‌كوژێنێته‌وه‌، هه‌ر ئه‌و شنه‌یه‌یه‌،كه‌ ئاگرێ خۆش ده‌كا، هه‌روا دووری خۆشه‌ویستی درۆ ده‌مرێنێ و به‌لأم خۆشه‌ویستی ڕاست ده‌ژێنێ. ((راشفۆ كۆلد))

❖ ئه‌گه‌ر پزیشك باشی ده‌رمان بۆ تیمار كه‌ران باس نه‌كات، كه‌س نایكڕێت.

■ ((جاحظ))

❖ ئه‌رز به‌ ترسنۆكه‌كان خواردن ده‌دات، مه‌سله‌حه‌ت، سه‌رۆكایه‌تی هه‌موویانه‌، مرۆڤ هاو به‌شی ناكات، ته‌نها له‌ كاتی ترسا یا ته‌ماعا نه‌بێ.

❖ ئێمه‌ براده‌رو دوژمن دروست ده‌كه‌ین، به‌لأم خوا هاوسێ دروست ده‌كا.

■ ((ج. ك. تشترتۆن))

❖ ئه‌وه‌ی مرۆڤ كۆی كاته‌وه‌،سروشت ناتوانێ بلأوی كاته‌وه‌.((ئه‌لدۆس هه‌كسلی))

❖ ئه‌گه‌ر ئازاری سك نه‌بوایه‌، هیچ مه‌لێك نه‌ده‌كه‌وته‌ دوای ڕاوكه‌ره‌وه‌،به‌لكو خۆی داوی نده‌نایه‌وه‌.

❖ ئه‌ی سه‌ربه‌ستی هه‌زاران خراپه‌ به‌ ناوتۆوه‌ ده‌كرێ. ((مه‌دام رۆلأند))

❖ ئه‌وه‌ی به‌ په‌له‌ ژن بهێنێ به‌ شێنه‌یی په‌شیمان ده‌بێته‌وه‌. ((گوتگریف))

❖ ئه‌گه‌ر خۆت بوخرێنی، ده‌بێ نینۆكت هه‌بێ. ((تورك))

❖ ئه‌وه‌ی زیاتر تێ ده‌كۆشێ بۆ ئه‌وه‌ی وولأته‌كه‌ی باشتر بێت،زیاتر وولأته‌كه‌ی له‌ یه‌كێكی كه‌ خۆشتر ده‌وێ. ((رۆبه‌رت ج. ئه‌نفه‌رسۆل))

❖ ئێمه‌ له‌ سه‌ده‌ی ئامێرداین.. به‌م زوانه‌ش هیچ نامێنێ به‌ ده‌س بیكه‌ین ته‌نها خوراننی پشتمان نه‌بێ، به‌لأم كێ ئه‌مه‌مان بۆ موسۆگه‌ر ده‌كات، ها ئه‌وه‌نده‌مان زانی ئامێردێك له‌ به‌رده‌ممانه‌ ده‌بێ بۆ خورانن((مه‌رسیل نێمیه‌))

❖ ئه‌گه‌ر من هه‌ڵه‌م كرد، من هه‌م.

❖ ئافره‌ت وه‌ك په‌نجه‌ی ده‌ست وانه‌ هه‌ر به‌ ناو له‌ یه‌ك ئه‌كه‌ن.

❖ ئافرەت خوشکی شەیتانە.

❖ ئافرەت ئەو پیاوەی خۆش ئەوێ کە ئەیپەرستێ و ئەو پیاوەش ئەپەرستێ کە خۆشی ئەوێت.

❖ ئافرەتی جوان کامەرانی یە بۆ چاو، دۆزەخە بۆ گیان، پاك کەرەوەیە بۆ گیرفان.

❖ ئافرەت هیچ چەکێکی نیە تەنها زمانیو گریان نەبێ. ((تۆلستۆی))

❖ ئافرەت لە کاتێکا حەفتاو حەوت ڕای هەیە. ((برنارد شۆ))

❖ ئافرەت شەمەندفەرە، بە هێزی سۆز ئەڕواو ناوەستێ تەنها لە ئێستگەی دڵ نەبێ.

❖ ئافرەت خەفەت ناخوا کە نی یەتی، بەلاّم خەفەت لە بونی کەسانی تر ئەخوا.

❖ ئافرەت بەر لە شوو کردن بەرخێکی هەژارە... لە پاش شوو کردن گورگەو ئەو بەرخە ئەخوا.

❖ ئافرەت ئافرەتە لە هەموو کات و شوێنێکا.

❖ ئەو کەسەی دوور دەخرێتەوە هاوڕێ ی نی یە. ((تیۆگنیس))

❖ ئەو کەسەی هەژار بێت زمان بەستراوە. ((تیۆگنیس))

❖ ئاوو ئاگر یەك ناگرن. ((تیۆگنیس))

❖ ئەی ئاسمان لێ ی گەڕێ ئەوەی چی ئیشێ دەزانێ با ئەو ئیشە بکا.

■ ((ئەرستۆ فایس))

❖ ئەو شتەی کە لە برادەر کانمانا خۆش دەوێ ئەوەیە کە ڕێزمان لێ دەگرن.

■ ((تریستان برنار))

❖ ئیتاڵیا، ئاە ئیتاڵیا، تۆ جوانی شوومیان داویتێ.

■ ((لۆرد بایەرۆن))

❖ ئەگەر چاکە لێت تێپەڕ بوو شوێنی کەوە، ئەگەر خرایە بەرەو رووت هات پێشی کەوە.

❖ ئەگەر لە یاداشت کردنا دەستت کورت بوو با لە سوپاس کردنا زمانت درێژ بێت.

❖ ئەوانەی کە ڕازین بەوەی لە قوتابخانە فێری ئەبن وەکوو ئەو منالأنەن لە گەڵ لەلە کانیانا ئەتوانن تەنها قسەبکەن.

❖ ئەوەی هەست بە سەرما بکا خۆی بە خەفەت داناپۆ شی بەڵکو بەو کەلو پەلەی کە لە بەری ئەکات، ئەو کەسەی کە باران تەڕی ئەکات خۆی بە ئەندێشە ووشك ناکاتەوە بەڵکو بە ئاگر.٠٠ تۆیش ئەگەر توشی دەردێك یاخەفەتێك هاتی نابێ بگری و فرمێسك بڕ یژی، بەڵکو ئەبێ بە ژیری بێ، چونکی ژیری تیماری هەموو برینێکە.

❖ ئەو کات ژمێرانەی کە چاوەڕوانی بەختیارین، گەلێك لەوە خۆشترە کە دەبینین. ((ئۆلیفەر گلۆڵد سمیث))

❖ ئەوەی شێر بکوژێ دەیخوا، ئەوەیش نەیکوژێت دەخورێت.

❖ ئەوەی دوو بەرەکی لە گەڵ کەرە کەیدا بکات، دەبێتە کەر.

❖ ئەو بشیلە یەی دەمیاوێنێ، زۆر ڕاو ناکا. ((ئەسپانی))

❖ ئەو دارەی میوەی گرتبێ، بەردی تێ ناگیرێ. ((تورکی))

❖ ئەوەی زۆر پێکەنی، زۆریش دەگری.

❖ ئەو شتەی بیکڕیت و پێویستیت پێ ی نەبێ وەکو دزی لە خۆت بکەی وایە.

❖ ئەکەر ڕێکەو تن نەبێ با جیا بوو نەوە هەبێ.

❖ ئەو ماڵەی دڵ ڕەقی تێدا هەبێ، ئایا هەموو کات بای سارد لەوێ نییە ؟

○ ((ئۆسکار وایڵد))

❖ ئەوەی چاکە یکات، سوپاس دەدورێتەوە.

❖ ئەم جیهانە هیچ تەواو نی یە، پارە دەداتە نەزان، زنیاری دەداتە ژیر، لە کاتێکانە نە نەزان بەو پارەیەی سوودبە مۆڤ دەگەیەنێ و نە ژیریش، مرۆڤ بە شوێن زانیاری یە کەیا دەکەوێ.

❖ ئێمە تەواویمان لا گرنگ نی یە، ئەوەی لامان گرنگە، ڕێگەی کەیشتن بە تەواوی یە.

❖ ئەو خەڵکە دایکیان بە ئازادی هێناو نیەتەدونیا، ئیتر ئێوە چۆنتان بە کۆیلەی خۆتان کردن. ((عومەری کوڕی خەتاب))

❖ ئەگەر سەر پشك بم بۆ هەڵبژاردنی جوانی و ڕاستی، سێ و دووی لێ ناکەم و جوانی هەڵدەبژێرم، باوەڕیشم وایە کە جوانی خۆی زیاتر دەڕۆم و دەڵێم لەم جیهانەدا شتێکی ڕاست نیە تەنها جوانی نەبێ.

❖ ئەو کاتەی کتێب کۆدەکەینەوە،واتە بەختیاری کۆدەکەینەوە.

■ ((فنسنت ستاریت))

❖ ئەوەی هەر ڕۆژەی ڕۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە، بە نەزانی دائەنێم.((غاندی))

❖ ئەو ئافرەتەی دوێنێ لە بەر دەمتا ئەگریا، سبەینێ وات لێ ئەکات لە بەردەمیا بگری.

❖ ئەی دڵدارەکان مەدووێن با ماچەکانتان دووان بێت.

❖ ئەگەر خۆشەویستەکەت لە کاتی خۆیدا هات بۆ لات ئەوا ڕاست گۆیە...بەلام ئەگەر لە پێشدا هات ئەوا شێت بووە.. ئەگەر دووا کەوت ئەوە زۆرزانە.

❖ ئەو گەنجانەی کە پەلەی ژن هێنانیانە وەك ئەو ماسیانەن کە بە بەر تۆڕی ماسی گردا هاتو چۆ ئەکەن... ئەمیان هەر خەریکی هاتوچۆیە، بەلام ئەوماسی یەی کە بە تۆڕەکەوەیە پەلە قاژێی ڕزگار بوون ئەکات

■ ((سوقرات))

❖ ئەو پياوەى كە لە ناكاوا ئافرەت ماچ ئەكات و داواى لىٚ بوردنى لىٚ ئەكات، وەكو ئەوەيە سركەى باتىٚ لە جىٚ ى شەمپانيا.

❖ ئەوەى كە ئەيزانم و وەرم گرت، بەڵێنى خۆشەويستە، كە بە ((وەفايە))بۆ خۆشەويستەكەى، تەنكترە لە تەونى جاڵجاڵۆكە.

❖ ئەو پياوانەم خۆش ئەوىٚ كە پاشە ڕۆژيان هەيە، ئەو ئافرەتانەش كە ڕابوردويان هەيە..

❖ ئەگەر وتمان ئافرەت هێزە.. هێزى سروشتى كە واتە باوەڕ بەوە ئەكەين لە پياو بەرزترە..

❖ ئەگەر ويستت گڕى دڵدارى لە دڵى مرۆڤێكا بكوژێنيتەوە، پاڵى پێوەنىٚ بۆ قومار كردن.

❖ ئەو ميللەتە ناژى كە ناوى گەورەكانى نەژێنىٚ.

❖ ئەگەر فێڵباز ڕەوشتى باش كات ئەبێتە، گەورەترين ڕاميارى جيهان.

■ ((ئەرستاليس))

❖ ئافرەتى جوان ئەنديٚشەيە و ئافرەتى نابووت ڕاستى يە. ((شوبنهاور))

❖ ئافرەتى ڕاستەقينە ئەتوانىٚ جوانى دروست كات لە دڵى پياودا ئەگەر جوانيش نەبىٚ...

❖ ئەگەر پياو دەستى خستە ئيشى ئافرەتەوە، تاوانبارى ئەكات بە دكتاتۆريەت و سەلماندنى ئارەزووى، ئەگەر دەستيشى نەخستە ئيشى يەوەو پرسيارى لىٚ نەكرد، تاوانبارى ئەكا بەوەى فەرامۆشى ئەكاو بەشدارى خۆشى و ناخۆشى ناكات.

❖ ئەگەر ئەتەوىٚ خێر لە گيانت ببينى لە پێناوى خەڵكدا ببەخشە، دەنكە گەنمێك ئەگەر لە زەويدا نەهاوێژىٚ هەر دەنكە گەنمێكە و هەرگيز ناڕوىٚ تا سوود بە كۆمەڵ بگەيەنىٚ. ((هيگلٚ))

- ❖ ئەو کەسەی لێ بووردنی نیە لە گەڵ خەڵکدا، بە دەستی خۆی ئەو پردە ئەڕوخێنێ کە ئەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بە سەری دا بپەڕێتەوە. ((گۆتە))
- ❖ ئەو پیاوە زۆر نەفامە کە هەموو شتێکی خۆی لای ژنەکەی ئەدرکێنێ..

- ب -

❖ بای ئه‌جل هات و له ناكاو ده‌فته‌ری ژینی درِیم تاكو دوێنێ خونچه بووم ئه‌مڕۆ به ناحه‌ق هه‌ڵ وه‌ریم وه‌ك بروسكه نه‌ونه‌مامێ دارِنێ وه‌ختی چڕۆ
هات و گولله‌ی وێڵ له ناكاو بێ گوناه جه‌رگی بڕیم ((هه‌ردی))

❖ به پاره ده‌توانین هه‌موو شتێكمان ده‌س كه‌وێ، ته‌نها ئه‌خلاق و جه‌ماوه‌ر نه‌بێ

((جان جاك رۆسۆ))

❖ بۆ یه‌كه‌م جار كه كتێبێك ده‌خوێنمه‌وه واته هاورِێ یه‌كی تازه‌م گرتووه، ئه‌گه‌ر رِێكه‌وت بۆ جارێكی تر كتێبێكم خوێندبێته‌وه، واته بۆ جاری دووه‌م چاوم به هاورِێ كه‌م كه‌وتووه. ((ئۆلیڤه‌ر گۆڵد سمیس))

❖ به درۆی پیاوی گه‌ره ده‌ڵێن سیاسه‌ت.

❖ برِوام كرد هیچ شتێك نیه به قه‌د یاد كردنه‌وه ئازار كێش بێ. ((ئارا گۆن))

❖ بیر له پاشه رِۆژ كردنه‌وه ئافره‌ت بێزار ده‌كات تا شوو ده‌كات، پیاویش له پاش ئه‌وه‌ی ژن ئه‌هێنێ.

❖ به هێزترین خۆشه‌ویستی، خۆشه‌ویستی نیشتمانه. ((ئه‌برِاهام لینكۆڵن))

❖ بێگانه بكه به دۆست چاكتره له وه‌ی دۆست بكه‌ی به بێگانه. ((ئینگلیز))

❖ بایی بوو، وه‌ك ئه‌و كه‌ڵه‌شێره وایه، وا ده‌زانێ رۆژ هه‌ڵنایه تا گوێ ی له ده‌نگی خوێندنی ئه‌و نه‌بێ (بایكۆن).

❖ باوه‌رِ كردن به‌وه‌ی كه شتێكی تر هه‌بێ جگه له چاكه كردن كه مرۆڤ له خواوه نزیك بخاته‌وه شتێكه درۆیه. ((كانت - ی ئه‌لمانی))

❖ بایی بوون ئه‌و ده‌رما نه‌یه كه ئازاری گه‌وج كه‌م ده‌كاته‌وه.

❖ بایی بوون و ترِ زلی هۆی سووك بوونه. ((جۆنسۆن))

❖ بێ دەنگی جۆریكە لە هونەری گفتو گۆ.

❖ برسێتی لە پیاوی ئازادی دا گەلێ چاكترە لە تێری بەرسێبەری بەندێتیدا.

❖ بڕوانە،گوێ بگرە، بێ دەنگك بە، لە ئاشتی و ئارام دا دەژیت ((ئینگلیز))

❖ بە درێژایی ژیانم لە تەلەفزیۆندا پرۆگرامی خراپم نەبینیوە، چونكی حوا باڵێكی پێ داوم، دەتوانم بیكوژێنمەوە.((جاك بار))

❖ باشی و چاكە لە پارەوە نایەت، بەڵكو چاكەو باشە پارە پەیدا دەكا..

((سو قرات))

❖ باوەڕ هێنان بە ڕەوای چەك خۆ بردنە بەرەو وێران. ((كرۆنن))

❖ بە قەد ئەوەی زانایەتی مرۆڤ گەورەیەو بە هێزە، زیاتر بە هێزتر دەبێ بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵكی.

❖ بە هاوڕێتی پیاو خراپان، تۆش دەبی بە پیاو خراپ.

❖ بە ئەرستۆیان ووت : جوانیمان بۆ لێكدەرەوە

ووتی :ـ لەم مەسەلەیە گەڕێن بۆ كوێرەكان.

❖ بە تەنها ڕێ بكەی چاترە لەوە ی هاوڕێتی هاوڕێ ی بەد بكەی.((ئەفریقی))

❖ بۆیە، پەند، ناوی تراوە پەند، لەبەر راستی یەتی.((ئینگلیز))

❖ بۆیە دوو گوێ و یەك زمانمن دراوەتێ، تاكو دوو ببیستین و یەك بڵێین.

((دیۆگینیس))

❖ بوون دۆست پەیدا دەكا، نەبوون تاقییان دەكاتەوە.((بیلیس))

❖ بەڕەوشتی دایك كچت بۆ دەردەكەوێ. ((نەرەنسی))

❖ بمرەو ماچێك بە نا بە دڵی مەدە. ((جرتیشفكی))

❖ بەد ناو كودن و سووك كردنی خەڵكی چەكی نامەردانە.((فەرەنسی))

❖ با پاشاش بم، هەر نیشمان پەروەرم. ((ناپلیۆن))

بڕۆن بەرەو مردن، ڕەنگە چاو نەترسێك رزگاری بێت لە مـردن و رەنگـە ترسـتۆکێك لە ماڵی خۆیدا بمرێ، پێشمەرگەکان گیانی خۆیان فرۆشت بۆ کڕینی بەهەشت.

((ئیمامی عەلی))

❖ بیر کەرەوە ئەوەیە، کە لە جیهانی بێ دووایییدا مەلەوانی دەکات.

❖ بێدەنگی لە چەنە بازەوە فێر بـووم و هەوڵـدان لـە تەمەڵـەوە، هێمنـی لـە لووت بەرزەوە، زۆر سەیرە من رێزی ئەم مامۆستایانە ناگرم.

❖ بیر کردنەوە لە یەزدان، ئیشە. ((جوزێف جۆبێر))

❖ باوکە ئادەم و دایکە حەوا، سێویان خـوارد کـە چـی ئێمـە داوای لیـستەی پارەکەی دەکەین ((ئەڵەمان)).

❖ بلیمەت، ئەو پیاوەیە هەموو شتێك دەتوانێ بکـات، تـەنها پەیـدا ـ کردنـی مووچەکەی نەبێت.

❖ بە عارەبانە ناتوانین سەر کەوینە ئاسمان. ((ئەسپان))

❖ بیرو باوەڕ، هەر بیرو باوەڕە، گەر چی خوێنیش وەکـو جۆگـە لـە رێ بکـا ((ردیارد کبانگك))

❖ بۆ شێت هەموو رۆژێك جەژنە. ((تورك))

❖ بیر لە هەموو قسەیە قووڵ ترە، هەست کردنیش لە هەموو بیرێ قووڵترە. ((نیێتشە))

❖ با ئامانجی هەمووومان وولاتەکەمان بێت و هیچی کە نەبێت لە وولات بەولاوە. ((دانییل وبستەر))

❖ بەرخ زۆر لە پیاو بە وەفاترە چونکی زۆر کەم بە شەو کۆزەکەی بەجێ ئەهێڵێ. ((ژنێك))

❖ بە لامەوە گرنك نی یە کەبیرو باوەڕی تۆم بە دڵ بێ بۆ ئەوەی لە سەرت هەڵدەمێ، بەلأم تا مردن پارێز گاری ئەو مافەت دەکەم کە بتوانی بیرو باوەڕی خۆت بەسەرستی دەربڕی. ((فۆڵتێر))

❖ برین لە پڕێکا ڕوو دەدا.٠٠ سارێژ بوو نەوەی لە چەند مانگێکا.

❖ بیر کردنەوە لە ژیانا گرانترین ئیشە، لە بەر ئەوەیە کە کەم کەس بە کاری دەهێنێ. ((هەنری فۆرد))

❖ بـزنیش سـێبەری هەیـە. ((بوبیلـۆس سیرۆس))

❖ بە سەر هات کاتی تاقی کردنەوەی دەروونی پیاوە.

❖ بڕوا شاخەکان دێنێتە لەرزە. ((ئینگلیز))

❖ بۆ پیاوی گەورە تەنیا دژمنێك زۆرە و سەدان دۆست کەمە. ((ئیتالی))

❖ پیاوی چاك وەکو داری گەلاً زۆر وایە، ئەگەر هەتاو لێ ی دا هەست بە فێنکی لە ژێریا دەکەیت.

❖ پارچە نانێك شتێکی گرنگ نیە، لە گەڵ ئەوەشدا، هەموو شتێکە بۆ سـوالکەرێك کە زۆر برسی یەتی. ((جـۆرج میریدێت))

❖ پیسکە دەڵێ ئازا لای من عەنتەرو خالیدی کوڕی وەلید نیە، ئازا ئەو کەسەیە لە پێش چاوی خواردنی بخورێت و دان بە خۆیدا بگرێت.

❖ پێکەنین ناتوانێ ئەوەی تورە بوون بردویەتی بیگەڕێنێتەوە. ((یابانی))

❖ پێویستە تەماشای ژێر هەموو بەردێك بکەین.

❖ پیاو دەبێ هەموو کات خەمی قەوم و وولأتی خۆی هەبێ.

❖ پیاوی دڕ بێ دراوسێ یە. ((ئینگلیز))

- پزیـشكی نـەزان نـەخۆش دەكـوژێ و داوای نرخـی ئـەو كوشـتنە دەكـا٠ ((ئینگلیز))
- پەندی پێشینان درۆ ناكا. ((ئینگلیز))
- پێشڕەوی چاك چاكترین ئامۆژگاری یە ((سالیس))
- پیاو بە چاوی خۆشەویستی دەكاو، ئافرەت بە گوێ ی.

- پ -

❖ پێکەنە هەموو جیهان بۆت پێدەکەنێ٠٠ بگری٠٠ تەنها خۆت دەگری.

❖ پیاو کە درۆی کرد باش بزانە کە خۆی بە هیچ دەزانێ. ((جاحظ))

❖ پیاو و ژن دوو گوڵی دەم پشکوتوون، ئەگەر یەکێکیان سیس بێتەوە ئـەوی کەشیان ڕەنگی ناشرین دەبێ.

❖ پێویستە هەموو ئافرەتێك مێردێکـی هـەبێ، بەشـداری خۆشـی و ناخۆشـی نهێنی هاوڕێکانی بکات.

❖ خەڵکی دەژین بۆ ئەوەی بخۆن، من دەخۆم بۆ ئەوەی بژیم. ((سوکرات))

❖ پیاو کوشتن ڕێگای مێژووی جیهان ناگۆڕێ. ((ئینـگلیز))

❖ پیاو فڕۆکەیەو ئافرەت پەروانەکەیەتی.

❖ پێویستە لە هەڵەی کەسانی تر فێر بین،٠٠ تا کات بە فیڕۆ نـەدەین بـۆ دوو بارە کردنەوەی.

❖ پیاوی بێ شەرم هەموو شتێ دەکات.

❖ پارە جۆرێکە لە بیر کردنەوە. ((ئۆزوالد شبنگلر))

❖ پارە جۆرێکی تازەیە لە کۆیلایەتی. ((تۆلسۆن))

❖ پارە هەموو دەم هەیە بەڵام گیرفان ئەگۆڕێ. ((جیرۆ ترود شتاین))

❖ پێویستە لە سەر وڵاتە گەورەکان خزمەت بکەن نەك جیهان داگیر بکـەن. ((ترۆمان))

❖ پیاو لێت خۆش بوو لە یادی ئەچێ. بەڵام ئافرەت ئەگەر لێت خۆش بوو لە یادی ناچێ.

❖ پیاوی ئازا ئەوەیە کە ئەتوانێ لە ڕووخاندن سەرکەوتن ببچڕێنێ.

- ❖ پێڵاوی پاژنە بەرز ئافرەتێ دروستی کرد، نەیویست لە ناو چاوانەوە ماچ کرێ ((ئەفریقی))
- ❖ پیاوی ئەیەوێ یەکەم کەس بێ لە ژیانی ئافرەتا.٠٠ بەلاَم ئافرەت بە پێچەوانەوە ئەیەوێ دوواترین ئافرەت بێ لە ژیانی پیاو دا.
- ❖ پیاو سێ شتی لە ئافرەت ئەوێ چاکی لە دڵداو پاکی لە ڕووداو زەردەخەنە لە سەر لێوان.
- ❖ پرسیار کرا لە ((ملتن)) بۆچی زمانێکی تر فێری کچەکەت ناکەیت ؟ ووتی: ئافرەت زمانێکی بەسە٠
- ❖ پیاو ناتوانێ باوەڕ بە کەس بکا تەنها بە خۆی نەبێ٠٠ بەلاَم بە داخەوە.
- ❖ ((تریستان برنار))
- ❖ پێم دەڵێت کە دیلێکی نووستوت بینی لە خەوی مەکە،لە وانەیە خەون بە سەربەستی یەوە دەبینی،منیش پێیان دەڵێم،نەخێر کە دیلێکم دیی نووستوە ڕاستی دەکەمەوە و باسی سەربەستی بۆ دەکەم ((ئەبڕاهام لنکۆڵن))
- ❖ پێنوس چاکترین چەکە. ((بیتهۆڤن))
- ❖ پرسیار ئەکەن شارستانیەت چی یە ؟ وەلاَمم هێزی ئافرەتی ڕەوشت بەرزە.
- ❖ پێویستە پیاو ژنەکەی ئاگادار کا لەو شتانەی کەوا ئەزانێ و هەستی پێ کردووە بەر لە وەی یەکێکی کە تێ ی بگەیەنێ.
- ❖ پیاو هەموو شتێك ئەکات بۆ ڕاکێشانی ئافرەتی جوان.٠ ئافرەتیش هەموو شتێك ئەکات بۆ ڕاکێشانی پیاوی بێ ژن.
- ❖ پیاوی زانا ئەو کەسەیە لە گەڵ ڕۆژگار خۆی بگونجێنێ، بەلاَم پیاوی نەزان ئەو کەسەیە کە دەیەوێ ڕۆژگار لە گەڵ خۆی بگونجێنێ. ((بەرنارد شۆ))

❖ پرسیار هەرگیز ناقۆلا نیە، بەلام وەلام هەندێ جار ناقۆلایە.((ئۆسكار وایلد))

❖ پیاوی ژیر ئەو كەسەیە كە كەلك لە بەسەر هاتی خەلكی وەرگرێ نەك تەنیا بەسەر هاتی خۆی.

❖ پیاو بۆ ئەوەی ببێ بە شاعیر، یا دەبێ دلی لە ئافرەتێكی جوان بچێ، یا زۆر كلۆل و سیا چارە بێ. ((لۆرد بایرۆن))

❖ پیاو تەنها یەك جار دەگری،ئەو جارەش خوێن فرمێسكی یەتی.((بیكسفیلد))

❖ پێداویستی گەل بۆ زانیاری، لە پێداویستی بۆ نان كەمتر نیە. ((دانتی))

❖ پێویستە تەماشای ژێر هەموو بەردێك بكەین نەوەك دوو پشك پێمانەوە بدا

❖ ((هیرودۆتس))

❖ پەند دەنگی خوایە. ((ئینگلیز))

❖ پیاوی قەرزار تیژ بە بازاردا تێ دەپەڕێ. ((سویدی))

❖ پیاو وەكو هەنگ وایە لە گولێكەوە دەچێ بۆ گولێكی تر.

❖ پەندی هەر نەتەوەیەك پەرتووكێكی گەورەیە، كە بە ئاسانی ڕەوشتیانی تێدا دەخوێنێتەوە. ((ئینگلیز))

❖ پیاوی هەژار بە زۆری زیرەكن بەلام بە دەگمەن پیاوی دەولەمەند ژیر بێت. ((ئەرستۆ))

❖ پێم چاكتر بوو گەوجێكی بەختیار بومایەنەك زانایەكی خەفەتبار ((شكسپیر))

❖ پیاوی بە فیز وەك كوندەی فرێدراو وایە، هەر كاتێ كونی لێ بوو فش دەبێتەوە

((زەردەشت))

- ج -

❖ جوانترین ئارایشت زەردە خەنەیە.

❖ جامی دەستم كە بەتاڵ بو قایلم، بەلاَم كە نیوە بوو، بۆ پڕ نەبێت !

((جوبران خەلیل جوبران))

❖ جەژنی قوربانە بە قوربان، تۆبەتی قوربانیە

بۆ تۆ قوربانی،بە قوربان، گیانی من قوربانتە ((عارف قوربانی))

❖ جیهان وەكو شانۆیە، هەریەكە دەوری خۆی لە سەر دەبینیٚ و پارەی خۆیشی وەر دەگریٚ. ((پۆست فاندن فۆندیل))

❖ جیاوازی لە بیر و ڕادا نابیٚ ببێتە هۆی ناكۆكی، چونكە ئەگەر وا بیٚ، من وژنەكەم خوێنە خۆری یەكترین. ((غاندی))

❖ جوانی ئەو گۆڕەپانە تاكە شەرعی یە، بۆ شیعر.

❖ جیهان پڕە لە گەوج،خۆ ئەگەر حەز دەكەی یەكێكیان ببینی دەبیٚ نەك دەرگای ماڵەوە لە سەرخۆت دابخەی،بەڵكودەبیٚ ئاوێنەكەشت بشكێنی((پوالۆری فەرەنسی))

❖ جلەو بۆ تورە بونت بەر مەدە، چونكە تورەیی پێویستیسەرشانی ئادەمیزاد لە بیر دەباتەوە. ((زەردەشت))

❖ جارێك ڕۆژنامە نوسێك بە – ئەدیسۆن – گەیشت و خێرا چەند پرسیارێكی لیٚ كرد، بەلاَم هیچ وەلاَمی چنگ نەكەوت، بۆ بەیانی بە خەتێكی گەورە (مانشێت) لە ڕۆژنامەكەدا نووسی – ئەدیسۆن گەورە ترین ڕاهێنەرە لە جیهان دا. كە ئەدیسۆن چاوی بە ڕۆژنامەكە كەوت بەم جۆرەی خوارەوە بروسكەیەكی بۆ

ڕۆژنامەکە لێ داو وتی :- تکایە هەڵەکەت ڕاست بکەوە، بەڕاستی گەورە ترین داهێنەر لە جیهانا تۆیت.

❖ جوانی ژن وەکو ماڵی پیاوە، بە هێزو دەسەلآت دارە. ((ئەکسیل مۆنتە))

❖ چاك وایە مرۆڤ ڕوو خۆش و ژیر بێ. ((جۆرج سنتایانا))

❖ چاك وایە پاك و ڕاست گۆ بێ. ((رۆبەرت بیرنز))

❖ چاکتر وایە قەرز بدەی نەك قەرز بکەی، چونکە ئاکامیان هەر یەکە.

❖ چواریەکی ناودارێتی پیاوی گەورە، بۆ ئازایەتی یان دەگەڕێتەوە، دوو بەشی تری بۆ ڕێکەوت، بەشەکەی تریش بۆ تاوانەکانیان. ((ئۆگۆ فۆسکولۆ))

❖ چۆن دار دەتوانێ میوەی شرین و ترشی بدات،دایکیش دەتوانێ منالێکی چاك یا خراپ بدات.

❖ چاکترین بۆن، بۆنی نانە، چاکترین چێژ، چێژی خوێ یە، چاکترین خۆشەویستی خۆشەویستی منالە. ((گراهام گرین))

❖ چاکە لە گەڵ دۆست بکە چاکتر خۆشەویست دەبێ و لە گەڵ ناحەز بیکە دەبێ بە دۆست.

❖ چاك وایە بێدەنگ بیت لە وەی بە بێ سوود قسە بکەیت

❖ چ باکمە ئەگەر تاجێکم لە سەر نەبێ. خۆ پێنوسێکی پاك و پیرۆزم بە دەستەوەیە کە لە هیچ دەسەلآتدارێك ناترسێت. ((فۆلتێر))

❖ چاكەی هەندێ دەوڵەمەند هەر ئەوەندەیە كە فێرمان ئەكا بیر لە سامان بكەینەوە. ((گوبران))

❖ چەند ناشرینە دیاری، ئەگەر داخوازی لە شوێن بێ.

❖ چوار شت ناگەڕێتەوە.٠ ووشە لە زار دەرچوو.٠ تیر لە كەوان.٠ ڕۆژگار كە ڕۆیشت.٠ هەل ئەگەر خستتە پشت گوێ.

❖ چەند زێڕ لە سەر ئەرز هەیە و چەندی لە ناو ئەرزدا، ئەوە ناهێنێ بیخەیتە تای ترازووەوە لە گەڵ پاكییدا. ((ئەفلاتون))

❖ چاكە لە گەڵ خراپاندا، وەكو چاندنی تۆو وایە لە دەریادا. ((تیوگینیس))

❖ چاكترین ڕێگا بۆ كۆكردنەوەی پارە ئەوەیە، ئەو پارانەی كە كاغەزن دوو قەدی كەو بیخەرە گیرفانتەوە. ((ف٠ ماكنلی هابارد))

❖ چاو برسێتی ئافرەت لە هیچ ڕادەیەكدا ناوەستێ ئەگەر زێڕی جیهانی بدەیتێ، چاو دەبڕێتە گەنجینەی ئاسمان. ((شكسپیر))

❖ چۆلەكەیەك لە چنگ دا بێ چاكترە لە دە چۆلەكە بەسەر دارەوە. ((سەرڤەنتس))

❖ چاكەی گشتی بدا بە سەر چاكەی تایبەتی دا. ((سوكرات))

❖ چاو تێری گەنجینەیەك لە ناو ناچێ. ((عەرەب))

❖ چاو دێری دوژمنت بكە ئەگەر چی مشكیش بێ. ((ئینگلیز))

❖ چەند ملیۆن كەس بە كوشت ڕۆیشت بۆ ئەوەی قەیسەر گەورە ببێ. ((كامبلێ))

❖ چەك ئەو خراپی یە كە هەموو خراپی یەكی گرتووەتە باوەشی. ((شكسپیر))

❖ چاك وایە كتێبخانەكەت پڕ كتێب بێت، نەك جزدانەكەت لە پارە. ((دیگۆن لایلی))

❖ چاکترین کەس ئەوەیە ئەگەر ستایشت کرد لە ڕوو، تەریق دەبێتەوە و بە خراپــە لێ ی دوای مــات دەبــێ. ((جــوبران خەلیل))

- د -

❖ دوو ساڵ یەكێتیم بدەنێ بە دوو مانگ سەر بە خۆیتان دەست دەخەم((غاندی))

❖ داد پەروەری ئەو ڕاستیەیە كە ئیشی خۆی بە جێ دەهێنێ. ((دزرائیلی))

❖ درۆ ڕەنگە ئێستا ڕزگارت كا. بەڵام پاشە ڕۆژی نیە.

❖ دڵداری دەمێنێ ئەگەر ڕۆژگاریش بەسەر دڵدارەكەدا سەر كەوێ، چونكە دڵداری ڕاستەقینە گیان و باوەڕە.

❖ دڵداری ئەگەر گڕی نەبێ خۆش نیە،ئەگەر زۆریش خۆشت نەوێ، دڵداری مەرامت نیە. ((باسكال))

❖ دڵداری تەنیا پارەیە، كە هەژارو دەوڵەمەند، وەكو یەك دەتوانن بە كاری بهێنن.

❖ دڵداری ئەو زۆر دارەیە كە هیچ بەزەیی بە كەسا نایەت.

❖ دڵداری نازانی، چونكی بە شوێنیدا ڕادەكەی.

❖ دڵداری و وتار خوێندنەوە لە یەك دەچن، هەموو گەوجێك دەتوانێ دەستی پێ بكات، بەڵام كۆتایی یەكەی بە جوانی، پێویستی بە زانایەكی بەرزە.

❖ دارزێ ئەو پیاوەی كە لە پێناو وولاتەكەیدا لە مردن ڕا دەكا، ئەوە لە ئاسودەیی هەتایی بۆ نەمان ڕا دەكا.

❖ دەتوانی چاوت بە چاویلكەی ڕەش بشاریتەوە، بەڵام ئایا دەتوانی دەنگت بشاریتەوە كە ئاشكرات دەكات.

❖ دڵداری وەكو مانگ وایە ئەگەر زیاد نەكات، وا كەم دەكات.

❖ دەتوانی مرۆڤ بناسیت بەو پرسیارانەی کە دەیکات نەك بەو وەلأمانەی دەیداتەوە.

❖ درۆزن دەبیّ بیری تیژ بیّ.

❖ دەتوانین هەموو شتێك فێر بین، تەنانەت چاکەو پاکی. ((جوزێف جۆبێر))

❖ دلّداری شتێکی سەیرە، نازانین لە کویّ وە دێت و کەی و لە کویّ وە تەواو دەبێت.

❖ دلّی دایك قوتابخانەی منداڵە. ((ئینگلیز))

❖ دراوسیّ ی بەهێز هەمیشە ترسناکە. ((میتەرنیخ))

❖ داگیر کەر نامریّ، هەتاکوو دەست بە سەر گرتن ـی گەلێك بە سەر گەلێکی تر بمێنیّ. ((ئەحمەد سوکارنۆ))

❖ داخم دەخوارد کە پێلأوم نیە، بەلأم کە دیم پیاوێك بیّ پی یە پەشیمان بوومەوە لە خەفەت خواردن. ((جوبران))

❖ دوو جۆر مرۆڤ هەرگیز سەر ناکەون، ئەوەی بەو کارە هەڵناسیّ کە پیّ دەسپێرن و ئەوەی هیچ شتێك ناکات لەوە زیاتر کە پیّ ی دەسپێرن.((سیرۆس کروتیست))

❖ درك تیژە زمانی ئافرەت تیژ ترە. ((ئەڵمانی))

❖ دەروونی خۆت بە خەفەت ئازار مەدە، چونکە خەفەتبار هەست بە خۆشی ژیان و ئارامی گیان ناکا. ((زەردەشت))

❖ دوکەڵ لە پیری ئاگرەوە دێت. ((ئەرتۆرۆ کادیفیادی ئەرجەنتین))

❖ دەتوانی مرۆڤـ لە وولاتەكەی بپچڕێنی، بەلاَم ناتوانی وولاَت لە دلَی دا دەربێنی.

❖ دووژمنی جەهالەت بن بە هەموو تواناتان.٠ شەڕی جەهالەت بكەن و دووای جەهالەت مەكەون.

❖ دلَی گەوج لە زاریا، تا، زمانی ژیریش لە دلَیایەتی.

❖ دایكم دروستی كردم. ((ئەدیسۆن))

❖ درەختی ڕەگ پتەو، لە بای دژوار ناترسێ. ((چینی))

❖ دەرگای چاك لە چەكوش ناترسێ.

❖ دلَداری و بۆنی خۆش،ناتوانن خۆیان بشارنەوە.

❖ دلَداری وەك قومارە.٠ یا خاوەنەكەی بە تەواوی دەولَەمەند ئەكا.٠ یانیش بە تەواوی دای ئەڕزێنێ.

❖ داد پەروەری چاك لە یاسا چاكترە.

❖ دەولَەمەندی پیسكە، وەكو كەرێك وایە زێڕ هەلَبگرێ و جۆ بخوا.

❖ دلَداری گەنجان وەك پریشكی ئاگری ئاسنە زوو دەكوژێتەوە، بەلاَم دلَداری پیران وەكو ئەستێرەی گەشەو كوژانەوەی نییە.

❖ دەزانین ئێمە مرۆڤی سەدەی بیست و یەكەمین دروست دەكەین. ((گیڤارە))

❖ دلَداری، پڕە لە هەنگوین و ناخۆشی. ((بلوتۆس))

❖ دلَدار ئەگەر برسیشی بێ ی دلَی نابا. ((بلوتۆس))

❖ دەم و قالَی خۆشەویستی، تازە كردنەوەی خۆشەویستی یە.((تێرنس))

❖ دلَداری وەكو جیوە ((زئبق)) وایە لە سەر لەپی دەست، دەستت پان كەیتەوە ڕا دەوەستی،بینووقێنی دەر دەپەڕێ. ((دروسی پاركەر))

❖ داری ڕاست، ڕەگی چەوتی هەیە. ((ئینگلیز))

❖ درۆزن، دزە، چونكە دز شت و مەك دەدزێ، درۆزنیش هۆش.

❖ دە تاوانكار لە سزا ڕزگار بكەیت، چاكترە لەوەی بێ تاوانێك تووشی ئازار بكەیت.

((كاترین))

❖ دڵداری وەكو جەنگە.. زۆر ئاسانە دەستی پێ بكەیت.. زۆریش گرانە بتوانی كۆتایی پێ بێنی.

❖ دوو پلە لە ژیانی پیاو دا هەیە هیچ لە ئافرەت تێ ناگا، پلەی پێش ژن هێنانی و پلەی پاش ژن هێنانی.

❖ دڵداری وەكو شەپۆلە.

❖ دڵداری، مێژووی ژیانی ئافرەتە.

❖ دڵداری، شاری ئافرەتە.

❖ دڵداری،... فرمێسكی درێژەو. زەردەخەنەی كورتە.

❖ دڵداری، دەرمانی هەموو خراپەیەكە.

❖ دوو جۆر ئافرەت هەیە، یەكێكیان ئەوەیە ئەیەوێ هەڵەی پیاو چاك كاتەوە، ئەوی تریان ئەیەوێ یەكێك بێت لە هەڵەی پیاو.

❖ دڵداری ئەوەیە، كە سەربەستی یەكێكی پێ بەند ئەكەی. ((سارتەر))

❖ دڵداری دان بە خۆدا گرتو، دڵداری ڕاستە قینەیە.

- ٥ -

❖ هەموو کەسێك ڕاستی هەیە. ((ئیتالی))

❖ هەوڵ بدە هەڵەی کۆنت لە یاد بچێت و تەماشای ڕۆژانی داهاتوو بکە.

❖ هەموو خواردنێکی زۆر مافێکی خوارو لە تەنشتیوەیەتی. ((ئیمامی عەلی))

❖ هاوڕێتی خراپ چاوگەی ئازارە. ((تیوجنیس))

❖ هەژاری بێ هێزت دەکا. ((تیوجنیس))

❖ هەرچی شتێك بخەینە سەر زانیاری، سەر خستنێکە بۆ هێزی مرۆڤایەتی.
((هوراس مان))

❖ هەموو بەیانی یەك لە ژنەکەت بدە، ئەگەر خۆت هۆیەکەت نەزانی، ئەو دەیزانێ.

❖ هەژارێکی بێ ئارام، وەکو چرایەکی بێ نەوتە.

❖ هیواکانم هەموو کاتێ نایەتە دی، بەڵام هەموو کات بە هیوام بە هیوام.((ئۆفند))

❖ هەموو جۆرە هیوایەك وتەماعێ ڕێدراوە تەنها ئەوە نەبێ کە دەتگەیەنێتە ئامانج لە ڕێگای ناخۆشی و نارەزایی مرۆڤایەتییەوەو نەزانێتییەوە.

❖ هەر جێگایەکی کۆن کە بتوانم شەبقەکەمی پێدا هەڵواسم، ئەو جێگایەماڵێکی جوانە بۆ من. ((دیکۆن رای))

❖ هەڵە وەکو پووش وایە دەکەوێتە سەر ئاو، ئەو کەسەی دەیەوێ بۆ مرواری بگەڕێت دەبێت بچێتە قووڵایی بنی ئاوەوە. ((درایدن))

❖ هاوڕێ لە بۆرسەی ژیان دا پارەی ئاڵتونن، هەژاریش ئەو کەسەیە کە هیچ هاوڕێ نی یە. ((سلمۆن))

❖ هێمنێکی درووست کراو، شتێکی ڕوو کەشە. ((فەرەنسی))

❖ هیچ شتێك لە ئامۆژگاری چاك باشتر نی یە. ((ئێرازمۆس))

❖ هەر كاتێك حەزكەین سوپایەك سەر كەوێ، پێویستە باوەڕی گەورەی خۆمانیان پێ ببەخشین و وایش باوەڕیان پێبكەین كە هیچ شتێك نی یە نەیەڵێ سەر كەون.

❖ هەتاوی زیندوو مردوو گەرم ناكات. ((لامارتین))

❖ هاوڕێ ئەو كەسەیی كە ئەتوانم لە بەر دەمیا بە دەنگی بەرز بیر كەمەوە. ((ئێمەر سۆن))

❖ هەل دەرگا نی یە لە بەردەمتا بۆت بكرێتەوە، بەڵكو بە هەنگاوێكی ئازانە بۆی هەڵسە.

❖ هاوڕێیەتی لای ئافرەت، دەرهاوسێ ی دڵداری یە. ((مۆر))

❖ هۆش وەكو چەترە ((پەرەشووت))ی فڕۆكە وانانن، تا نەكرێتەوە سوودی نابێ. ((لورد توماس دبوار))

❖ هیچ مێشكی پێ ناوێ بۆ ئەوەی ببیت بە پارە دار تەنها تەماشای ئەوانەكە كە هەیانە. ((كلیدەس درۆ))

❖ هەموو ئافرەتێك خۆی بە ژیرو كوڕەكەی بە جوان دەزانێ. ((سەعدی))

❖ هونەر لەوە زیاتر نی یە، كە سێبەری مرۆڤایەتی یە. ((هانری جێمس))

❖ هەموو جولانەوەیەك هەر چۆنێ بێ،شتێكی دەس پێشكەری یە((ئەكار ئالەن بۆ))

❖ هەق بە هێزەو دەر دەكوێت و سەر دەكەوێت.

❖ هەر وتەیەك سەرۆك كۆمار بیكا قورسایی تەنێكە. ((ئەمەریكی))

❖ هەندێ كەس كاتیان دەكوژن لە پێناوی كۆكردنەوەی سامان داو سامانیان خەرج دەكەن لە پێناوی كوشتنی كاتیانا. ((ستاریلاد))

❖ هەرچەند ئافرەت بەهەشتی لە دەست داوین بەلاَم هەر لە باوەشی ئەودا پێ دەگەینەوە.

❖ هەموو خۆشەویستەكان لە ژێر تریفەی مانگەشەوا دائەنیشن...بەلاَم ئایا یەكجار تاقی یان كردۆتەوە لە ژێر گرمەی هەورە تریشقەدا لە شەوێكی ڕەهێڵەدا ؟ تاقی بكەنەوەو یادم كەن.

❖ هیچ شتێك نی یە لە جیهانا دڵی ئافرەت پێ ی بگەشێتەوە وەكو بیستنی ستایشی كردنی.

❖ هیچ دیمەنێك لە جیهاندا فرمێسك ڕاناكێشێ، وەكو دیمەنی دڵدارێكی دڵ شكاو.

❖ هەموو مشت و مڕێك دوو لای هەیە، بەلاَم هەندێكی كۆتایی نی یە.

❖ هیچ شتێك لەوە خۆشتر نی یە كە لە ئاسوودەیی دا، بەری كارو كردەوەی خۆمان بخۆین. ((ئینگلیز باست))

❖ هەر كەس ڕاستی ببینێ و لایەنگیری نەكا ترسنۆكە. ((كۆنفۆشیۆس))

❖ هەر چەند ئافرەت نەزان و نەخوێندەوار بێ، بەلاَم لە فەلسەفەی خۆشەویستی دا زانایە.

❖ هەر كەسێ پەرتووكێكی بە كەڵك لە ناو بەرێ پیاوێ دەمرێنێ. ((ملتون))

❖ هەندێك هێز، پێویستە بۆ دڵداریش.

❖ هیچ ئافرەتێك نی یە ئامۆژگاری ئافرەتێكی كە وەرگرێ دەربارەی بەرگی، چونكی گومان لەوە دا نی یە پرسیار لە دوژمنەكەت ناكەیت كە چۆن شەڕ ئەبەیتەوە.

❖ هۆی تورە بوونی ئافرەت لەو پیاوەی كە سەری ڕووی ئەكات، ئەوەیە نایەوێ لۆچی دەم و چاوی بە ئاشكرا ببینێت.

❖ هەر چەندە هەولّم دا لە پێناوی دلّداریا دەسکەوتم هەر ئەشکەنجە بو. ((گۆتە))

❖ هەموو نهێنی یەك لە دووان تێپەڕی بلاّو ئەبێتەوە، هەموو دلّداری یەکیش لە دوو گیان تێپەڕی ون ئەبێت.

❖ هەرچی ژێری جیهان هەیە هەموو لە سەر یەك نایەن. ((ئینگلین))

❖ هەستی نیشتمان پەروەری و ئازادی لە دلّی هەموو کوردێکا جێگیر بووە و دەست لیّ هەلّگرتنی نی یە. ((پێشەوا قازی محەمەد))

❖ هێرش بەرە سەر بیری مرۆڤ چۆن ئارەزوو دەکەیت. بەلاّم ڕێگا بە خۆت مەدە کە هێرش بەریتە سەر مرۆڤە کە خۆی.

❖ هەموو پیاوێك دەبیّ بە شاعیر ئەگەر توشی دلّداری بیّ. ((ئەفلاّتوون))

❖ هیچ شتێك ناتوانیّ ژیان پڕ کاتەوە، وەکو خۆشەویستێکی گەورە، کە خۆشەویستەکەت لە سۆزی خۆشەویستیا لێت بە گومانە.

❖ هیچ هیوایەك لەو ئافرەتە دا نی یە کە دلّداری بۆ هیوا بکات،نەك بۆ خۆشەویستی.

❖ هەموو یەکێك حەز بە ئاشتی دەکا، بەلاّم کەم کەس ئەو کارە دەکا کە ئاشتی لیّ پێك دیّ. ((تۆماس کێمبس))

❖ هەموو دروست بوویەکی ئەم جیهانە نهێنیە، بە تایبەتی دروست بوونی مرۆڤ.

((ئەلسێر تۆماس براون))

❖ هەر کەسیّ بیەویّ بژی با بمریّ لە ڕیّ ی گەلەکەیدا. ((ئەفغانی))

❖ هەندێ مرۆڤ وەك پەیژە وان، هەندێ بە سەریانا سەر دەكەون و هەندێ پیایانا دێنە خوار، بەڵام خۆیان نە سەر دەكەون و نە دێنە خوار.

❖ هەر چۆنێ بێت ژن بێنە، ئەگەر ژنێكی باشت بە تووشەوە بوو كامەرانی و ئەگەر ژنێكی خراپیشت بە تووشەوە بوو ئەوا فەیلەسوفی. ((سوقرات))

❖ هیچ شتێك نی یە بە قەد پاكی ڕێزی ئافرەت بەرز بكاتەوە. ((ئەدیسۆن))

❖ هەر چەند ژمارەی هاوسەریەتی زیاتر بێت، تاوان كەمتر دەبێت.
((وولتەرسكۆتلەندی))

❖ هیچ كارە ساتێك نی یە ئادەمیزادی ژیر سوودی لێ وەرنەگرێ و ئادەمیزادی گەوجیش تیا تووشی زیان نەبێ.

❖ هەرگیز خۆشەویستی لە بەینی ئەو كوڕ و كچەدا نی یە، كە لە ژوورێكی داخراو دا دا دەنیشن، بەڵكو ئارەزوو كۆیان دەكاتەوە.

❖ هیچ گران نی یە ئادەمیزاد بە هێمن ـی و خۆشەویستی بژی لەم جیهانە دا پێكەوە لە ژێر ئاسمانێكی جوانی ڕازاوە بە ئەستێرەی گەش.
((تۆلستۆن))

❖ هیچ نەوتن لە ووتەی بێ جێ ووتن چاكترە. ((ئینگلیز))

❖ هەژار لە شۆڕشی ناترسێ.

❖ هیوا ژوورێكی داخراوە، كلیلەكەی چاوەڕوانی یە.

❖ هەموو تاریكی جیهان ناتوانێ ڕوناكی مۆمێك بشارێتەوە.

❖ هەموو مرۆڤێك هەڵە دەكا. بەڵام نەزانترین كەس ئەوەیە كە هەڵە دەكات و پێ ی لێ نانێ.

❖ هەندێ جارو بار ڕاستی دەڵێن هەندێ جاریش هەر نایڵێن. ((شیشرۆن))

- و -

❖ وتیان، فێری لە بیر چوونەوە بە، منیش دەڵێم لە بیر چوونەوە فێڵێکی درۆیە بەرامبەر دڵداری یەکی پتەو کە ڕیشەکەی چەسپاوە.

❖ ووتەی خۆش و ناسک دەرگای پۆڵایین دەکاتەوە. ((تورك))

❖ وێژە ئینجیلێکی جوانی و زانستە، پێویستە هەموو کەس لێ ی بەشدار بێت، جا لە بەر ئەوە نەك کەڵکی کەم.. بەڵکو بۆ سوودی گشتی و پەروەردە کردنی گشتی دەنووسرێ. ((تۆڵستۆن))

❖ واز هێنان لە ئارەزووی بێ کەڵك مایەی ئاسوودەیی و پێشکەوتنە. ((شکسپیر))

❖ ووشەی ناسك.. هەرگیز دەنگی ناسك تری هەیە.

❖ وێنەی تازە ((ریالیست)) وەکو ئافرەت وایە.. پێویستە خۆشمان بووێ بێ ئەوەی لێ ی تێ بگەین.

❖ وا لە نێوان دوو دوژمن بدوێ، ئەگەر ئاشت بوونەوە نەکەویتە شەرمەزاری یەوە.

❖ وا تێ نەگەی کە پێشکەوتنت وەدەس هێناوە، ئەگەر وا هەست نەکەی لە هەموو کەس نزم تری. ((جیرار دوگروت))

❖ وەرگێڕ خائنە. ((ئیتالی))

❖ دەریا ماسی ناگرێ. ((تورکی))

❖ دایکی کوژراو دەنوێت، بەڵام دایکی کوژەر نانوێت.

- ز -

❖ زەردەخەنەی ئافرەت تیشكێكە لە تیشكەكانی ڕۆژ. ((ڤۆلتێر))

❖ زۆر دار سەریش بكەویٚ تەمەن كورتە. ((لینكۆڵن))

❖ زانا ئەو كەسەیە كە لە نەزانەوە فێری شت دەبیٚ. ((ئینگلیز))

❖ زۆر كەم توشی هەڵە ئەبی ئەگەر وریا بی. ((كۆمفۆشیوس))

❖ زەردەخەنە زمانێكە هەر ئافرەت لیٚ ی تیٚ ئەگا.

❖ زانستێكەت وەكو كات ژمێر لە گیرفانێكی تایبەتیدا هەڵگرەو لیٚ ی دەرمەكە لە بەر ئەوەی كە وای پیشان دەی كە تۆ خاوەن زانستیت.

((ئەللۆر تشسترڤلید))

❖ زۆر كەس كە توشی تەنگو چەڵەمە دیٚت سەرزەنشتی زووفیان دەكەن.. بەلاٚم من باوەڕم بە زرووف نیە، هەموو ئەو كەسانەی كە سەركەوتوو بوون لەم جیهانەدا بە دووای زرووفی چاكدا گەڕاون، بەلاٚم زرووفیان دەست نەكەوتبیٚ خۆیان دروستیان كردووە.

❖ زەردەخەنەی ژن، پرشنگێكە لە پرشنگەكانی هەتاو. ((ڤۆلتێر))

❖ زۆربەی برادەریی،برادەری درۆیە،زۆربەی دڵداریش تەنها بیٚ ئەقڵی یە.

((شكسپیر))

❖ زمانی نەزان كلیلی گۆڕێتی. ((ئیتالی))

❖ زۆر كەس دەگەیەتە تەمەنێكی دیاری كراو، دەبینی دەترسیٚ و ڕقی هەڵدەسیٚ لە پیری، جا لە بەر ئەوەی زۆریان پیر دەبن، پیرێكی ناشرین و دەمرن لە پێش كاتی مردنیانا. ((ئیتالی))

❖ زانیاری چرایەكی ڕێگەی كۆمەڵی تاریك ڕووناك دەكاتەوە.

❖ زۆر جار گۆرانی دەڵێین بۆ نواندنی منداڵەكانمان، كە چی خۆمان خەومان لیٚ دەكەویٚت. ((جوبران خەلیل جوبران))

❖ زۆر زان كەم و نەزان زۆر دەدوێ. ((جان جاك رۆسۆ))

❖ زەیتوونە سەوزەكە گوێ لە سێ باڵندە بوو گۆرانیان دەوت : ڕۆژی ئەمڕۆ زۆر درێژە، ڕۆژەكەی زۆر گەورەیە،شەویس دوورە دوور، ئەو بەیانیەی كە كۆمان دەكاتەوە، خۆی مات داوە لە شوێنێكی نامووە، سەیرە ئەی چۆن پێت بگەم خۆشەویستەكەم،منیش بە بێ بینینت ئارامم نی یە تەنها دەبێت بە خۆشەویستی تۆوە بژیم.

❖ زێڕی بێگەرد لە ئاگر ناترسێ.

❖ زانا سوود لە دوژمنەكانی زیاتر وەر دەگرێ، لەوەی كە نەزان لە دۆستەكانیەوە فێر دەبێ.

❖ زمان شیرینی و ووتەی خۆش ڕابەرت بێ لە ژیان دا چونكە بێ ئەو سەركەوتن نابێ.

❖ زۆر جار پیاوی خاوەن مەی و سامان، دەست لە دۆستی هەڵدەگرێ.

❖ زۆر جار یەكێ لە ئێمە ئەگەڕێ. بۆ دوژمنەكەی لە هەموو شوێنێك.. تەنها یەك شوێن نەبێت كە تێیدایە. ئەویش ئافرەتە.

❖ زۆر ئاسانە كە بە چەرمەسەری خەڵك پێكەنی بەڵام ئازایەتی لەوە دایە كە تووشی خۆت بو پێكەنی.

❖ زۆر لەو كەسانەی سەرم سوڕ دەمێنێ كە ڕۆژی چەند جار دەم و چاویان دەشۆن، كەچی ساڵی جارێ دڵیان ناشۆن.

❖ زۆر جار پێ لە هەڵەی بچووكمان دەنێین كە لە خەڵكی بگەیەنین، هەڵەی گەورەمان نی یە.

❖ زانستی لەتافی لاویدا دەمێنێتەوە، تەنانەت بۆ پیرە كانیش. ((ئەخلیس)).

- ژ -

❖ ژن هێنان وەکو بیر وایە،ئەوەی لە سەرەوەی وەستاوە ئەیەوێت بڕواتە ناوەوە، ئەوەی لە ناوەوەیە ئەیەوێ بێتە دەرەوە.

❖ ژن وەکو میوە وایە ئەگەر لە دار کەوتە خوارەوە، واتە کەس نەهاتووە بیپچڕێت لە کاتی خۆیدا.

❖ ژیانمان بە هیواو ئاواتە خوازی دەبەینە سەر،بە ئاوات و هیواشەوە سەر دەنێینەوە. ((ڤۆلتێر))

❖ ژیان وەکو پیاز وایە یەك یەك لە یەکی دەکەیتەوە، هەندێ جاریش دەتگرێنێ.

((کارڵ ساندبرگ))

❖ ژیان بە بێ ئازار هیچ خۆشی یەکی نی یە، ئازاریش ئاگرێکە گیانی پێ ی دەسوتێنرێ.

❖ ژیان شایانی ئەوە نی یە کە مرۆڤ لێ ی بترسێ بەڵکو شایانی ئەوەیە کە لێ ی تێ بگەی.

❖ ژیان بێ ئافرەت چرایەکی بێ ڕووناکی یە.

❖ ژیانی بێ ئازادی لەشێکی بێ گیانە. ((جوبران خەلیل جوبران))

❖ ژیان هیچ نی یە، تەنها گەردە لولێکی خراپە. ((ردیادو کوبانگ))

❖ ژیان هەر چۆنێك بێ، ژیانە. ((فیدۆر دۆستۆیفسکی))

❖ ژمارەی مرۆڤ چەندە ئەوەندەیش بیرو ڕا هەیە. ((تێرنس))

❖ ژیان وای فێر کردم کە شتێکی لێوە فێر بم.

❖ ژن هێنـان هاوبەشـی یـە لـە نێـوان دووانـا، یـەکێکیان پـارە کۆکردنـەوە دەکەوێتە ئەستۆی، ئەوەی تریان خەرجی دەکا.

❖ ژیان خۆشە،بەڵام داخەکەم هەموو هیوایەکی تیا نایەتە دی. ((یۆنانی))

❖ ژیانی پیر وەکوو گڕی مۆم–ی دەم با وایە. ((چینی))

❖ ژنی چاك و تەندرووستی،چاکترین سامانە بۆ پیاو. ((ئینگلیز))

❖ ژن هەرە جوانترین مەلە لە جیهان دا. ((ئەلفەرد مۆسێە))

❖ ژیرو هوشیار پێویستیان بە ڕابەر نی یە. ((تورك))

❖ ژیر ترین بـاوك ئـەو باوکەیـە کـە پـاش ژن هێنـانی کوڕەکـەی لـە گـەڵیادا دانەنیشێ، لە جیاتی نزیك بوونـەوە دور دەکەوێتـەوە. ((جەمالـەددین ئەفغانی))

❖ ژن جوانترین دیاری یە خوا پێشکەش بە پیاوی کردووە. ((سوکرات))

❖ ژن بهێنم یا نەی هێنم هەر پەشیمانم. ((سوکرات))

❖ ژن چوار چەکی هەیە –زمان و فرمێسك و چڕنووك و بوورانەوە.

❖ ژیـانی بـێ دڵداری دارێکـی بـێ بـەرەو بـێ گوڵـە. ((جـوبران خـەلیل جوبران))

- ی -

❖ یادی دڵداری ناکرێتەوە بە بێ یادی نە نووستن،ناخۆش، لێدانی دڵ، شێتی،خۆکوشتن،کوێری،هۆش،لە سەر ئەوەشەوە هەموو کەسێك دەڕواتە نێو ئەو دۆزەخەوە.

❖ یەکەم پیاوی ژندار کە لە ژیان دا بەختیار بوو بێ تەنها باوکە ئادم بوو چونکە خەسووی نەبوو. ((لۆی ڕۆنسۆن))

❖ یاسا تۆڕێکە، تاوانکاری بچووك دەگرێ. ((جوبران خەلیل جوبران))

❖ یەکەمین دووژمنی سەرکەوتن و گەورەترین سوپەری کۆنەپەرستی عەیبە عەیبەیە.

((فایق بێکەس))

❖ یاسا وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکەیە، باڵندەی بچووك دەگرێ و باڵندەی گەورە تێکی دەدا. ((ئەمەریکی))

❖ یەکجار ئاگاداری دوژمنەکەت بە، بەڵام دۆستەکەت هەزار جار.

- ك -

❖ كیسەی بەتاڵ ڕاست ناوەستێ. ((ئەڵمان))

❖ كوێر كەمتر پێ ی هەڵدەكوێ لە چاو ساغ. ((ئەڵمان))

❖ كاتێك ((ئازادی))مان دەستكەوت دەبێ بزانین بە كاری بهێنین.

❖ كاتێك هەژاری لە دەرگاوە دێتە ژوورەوە،دڵداریش بە جارێ لە پەنجەرەوە دێتە ژوورەوە. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ كاتێ ماڵ دەسووتێ هەموو كەس ئاو هەڵدەگرێ.

❖ كەری دێ باشترە لە دوكتۆری مردوو. ((ئەسپانی))

❖ كامەرانی تۆپێكە كە لێ ی نزیك ئەبیتەوە تێ ی هەڵئەدەین كە دووریش كەوتەوە بە دووایا ڕا ئەكەین.

❖ كە خۆشەویستەكەت پێت ئەڵێ لە شوێن ئافرەتێكی كە بگەڕێ.. بڵێ كەوتۆتە داوی خۆشەویستی پیاوێكی كەوە.

❖ كە پیاو ئەمرێ دووا ئەندام كە لە جوڵانەوە ئەكەوێ لە لەشیا دڵیەتی، بەڵام ئافرەت زمانێ تی.

❖ كە پیاوێك دەبینم دەپرسم،ئایا پیشەیەكی هەیە، كە وتیان پیشەی نی یە.لە بەر چاوم دەكەوێ. ((عومەر كوڕی خەتاب))

❖ كە یەكێك قسە دەكات تۆ ڕای مەكێشەو داش مەنیشە، كە یەكێك بە پێوە بوو لەو شوێنەش قسە مەكە، كە پێویستی بە بێدنگی بوو.

❖ كێ سزای زمانی بدا، هاوڕێ ی زۆر دەبێ.

❖ كە دەچمە ناو ساڵەوە هەموو ڕۆژێك شتێكی تازە فێر دەبم. ((سۆلۆن))

❖ گورگێكی خوێن خۆر بە مەڕێكی هەژاری وت بۆ نایەتە ماڵەوە سەرێكمان لێ بدەی؟ مەڕەكە وتی : چەن پێخۆشحاڵ دەبووم ئەگەر ماڵت لە ووێ نەبوایە.

❖ گڕی ئاگر دوو کەڵی لە دوواوەیە. ((بلۆتۆس))

❖ گەش بینی باوەڕی هەموو شۆڕشێکە. ((جاك بانفیل))

❖ گەلێك لام خۆشترە لە وولاتێکا بژیم ڕۆژنامەی هەبێت و یاسای نەبێت، نەك لە وولاتێکا یاسای هەبێ و ڕۆژنامەی نەبێ. ((جیفرسن))

❖ گوناهبار لە ترسا دەژی. ((ئیتالی))

❖ گرنگ نی یە زۆران بگریت، بەلاّم پێوستە دوژمنەکەت بدەیتە ئەرزا. ((هـ·ج·وین))

❖ گریان نەبوایە ڕێزی پێکەنین نە ئەگیرا.

❖ گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە خۆت لە هەڵە بە پاك بزانی. ((کاریل))

❖ گەورەترین دوژمن باوکێك قەرزاری کۆبێتەوە لە سەری.·دایکێك ڕێگەی چەوتی بگرێ.· ژنی جوان شانازی بە جوانێ کەیەوە بکات، منالّی هیچ تێ نەگا.

❖ گەورەترین سەر لەشکر ناتوانێ ڕێگا بۆ شەڕێك دانێ وەك ئافرەتێکی دلّدار کە ڕێگە دا ئەنێ بۆ ئەوەی بە نهێنی بڕوا بۆ لای خۆشەویستەکەی !

❖ گەر دلّداری پەرتوکێك ببوایە بۆ خوێندنەوە. ئاواتم ئەخواست فەرهەنگی دلّداری بوومایە.

❖ گرانترین شت لای ئافرەت نهێنی شاردنەوەیە.

❖ گۆڕینی دەرمانی لێوو سوور کردنی، بەلگەیەکی چەسپاوە، کە ئافرەت وەکو مارمێلکە حەزی لە گۆڕینە.

❖ گرنگترین چەڵەمە لە ژیانی کچدا ئەوەیە.· ئەیەوێ بزانێ بۆ پیاو تووڕە ئەبێ ئەگەر بە دەستێەوە نەدا، ئەشترسێ گەر خۆی دا بە دەستی یەوە.

❖ گورە ترین تەگەرە بۆ دایك ئەوەیە بیست سالّ چاوەڕێ ئەکا بۆ ئەوەی کوڕەکەی بێنێتە سەر ڕێ.·کەچی کچێکی جوان دێت لە چرکەیەکدا ئەیهێنێتە سەر ڕێ ((تۆکس))

❖ گوڵێك بکە بە یەخەی هاوڕێکەتا چاکترە لە وەی لە سەر گۆڕەکەی گومەزێك دروست بکەی. ((ڕوسی))

❖ گوڵ نی یە پەپوولەی لە دەورا نەخولێتەوە.

❖ گاڵتە بە دایك و باوکت مەکە تۆش دەبیٚ بە خاوەنی منالٚ. ((ئەمەرسۆن))

❖ گەڕانێکە هەزار میلیٚ بە هەنگاوێك دەست پیٚ دەکا.

❖ گوڵێك زۆر کەس بۆنی بکا بۆنی نامێنیٚ.

❖ گرنگی لەوە دا نی یە کە دەوڵەمەند بیت، بەڵکو لەوە دایە کە سوود بەخش و خۆشەویست بیت. ((روکفلر))

- ل -

❖ لە جێگای خۆت دانیشە، کەس ناتوانێ هەڵت سێنێ.

❖ لەغاوی مایین بۆ کەر نابێت.

❖ لە بەر ئەوەی ژیان هەیە، هیوایش دەبێ.

❖ لاوێتی شێتی یە، پیاوەتی هەوڵدانە، پیری جێ ی داخە.

❖ لە وێدا تاریکی نی یە، بەڵکو زانین هەیە.

❖ لە ئافرەتی چەنباز ناشرین تر، پیاوی چەنەبازە.

❖ لە دوو کەس نزیك مەرەوە ئافرەتێك هەموو سامانەکەی جوانی بێ و پیاوێکیش هەموو جوانی یەکەی سامانەکەی بێ. ((هیندی))

❖ لە سەر سوورمانەکانی سەدەی بیستەم ئەوەیە کە ئافرەتێك پێ بە هەڵەی خۆیدا بنێت.

❖ لە فەیلەسوفێکیان پرسی ؟ کام دڕندە بەهێزە وتی ئافرەت.

❖ لە ئازادی واز هێنان وەك لە ژیان وازهێنانە. ((رۆسۆ))

❖ لە بەڵێندا سست بەو لە بەجێ هێنان دا چوست بە. ((ئینگلیز))

❖ لە چۆڵێکدا گرفتاری چەردە بی چاکترە، نەوەك لە کۆشکێك دا هاورازی نەزانێك بی. ((چینی))

❖ لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخم بۆ بکرێتەوە، بەڵام لە جیڕەی خامەی ڕۆژنامە چی دەترسم. ((کاسترۆ))

❖ لە دەرگای خەڵکی مەدە، تا لە دەرگای تۆ نەدەن. ((وێژەی کوردی))

❖ لە سەر گۆڕی نەخۆشێکی دەروونی ئەمە نووسرا بوو :

((پێتانم نەگووت کە من نەخۆش بووم))

❖ لە تێنوسێکی بچوکا، لە گەڵ توودا پێکەنین—ی شیرنیم دۆڕاند کە هەرگیز جیهانمی ڕازاندبووەوە، بەڵام تەمەنێکی تەواوم بردەوە، ئایا لە تۆوە فێری نهێنی ئەشکەنجەی ژیان نەبووم ؟

❖ لاوێك بۆ خۆشەویستەکەی نووسی، من بە خوێنی دڵم بۆت دەنووسم، خۆشەویستەکەی بۆی نووسی یەوە، منیش بە خوێنی دڵم بۆت دەنووسم، پێنووسەکە گوێ ی لێیان بوو، دەستی کرد بە پێکەنین و وتی، هەر دووکتان درۆ دەکەن.. بە خوێنی دڵ—ی من دەنووسن.

❖ لە کاتی کۆڕێکدا منداڵێك گریاو دایکی بردی یە دەرەوە، ئەوەی کۆڕەکەی دەگێڕا ژنەکەی وەستاند وتی : گریانی منداڵەکە بێزارم ناکات، ژنەکەش وتی : دەزانم.. بەڵام هاوار هاواری تۆ منداڵەکەی هێناوەتە گریان.

❖ لاواز ترین مرۆڤ ئەوانەن کە ناتوانن نرخی خۆیان ڕاگرن. ((دانیال))

❖ لە لاویتا کۆی کرەوە لە پیری دا خەرجی کە. ((ئینگلین))

❖ لە ڕۆژێکدا سەد هەلت بۆ هەڵدەکەوێ بۆ خراپی، کەچی لە ساڵێکدا هەلێك هەڵناکەوێ بۆ چاکی. ((زەردەشت))

❖ لە ژیاندا ئەوە بەختیارە کە بتوانێ کەمتر خەرج بکا. لەوەی کە دەستی دەکەوێ.

((فرانکلین))

❖ لە دیاری مردندا گەورەو بچوکی نی یە. ((مارکۆس ئۆربیلۆس))

❖ لە کێویان پرسی ئەو بەرزی یەت لە کوێوە هێناوە ووتی لە دۆڵەکەی بەردەممەوە. ((ئۆسکار وایلد))

❖ لە تەمەنی لاویماندا هەوڵ دەدەین بۆ گۆڕینی خۆمان،کە گەورە دەبین هەوڵ دەدەین لاوەکان بگۆڕین.

❖ لە خەڵکدا بۆ چاکە بگەڕێ، لە خۆت دا بۆ خراپە. ((فرانکلین))

❖ لە –گا – بترسە کە لە بەردەمی دا بووی، لە –کەر– بترسە کە لە دواوەی بووی، لە –فێڵباز–بترسە لە هەر لایەکی یەوە بێ. ((ئێرلەندی))

❖ لە کاتی تەنگانەدا مردن ترسی نامێنێ.

❖ لە دوای فەرنسا کوڕەکەم خۆشەویسترین شتە لام. ((ناپلیۆن))

❖ لووت بەرز مەبە، بە پارەو سامان چونکە ڕۆژگار یاری ی دەکا بە سامان و جیهان، وەکوو چۆن مناڵ یاری ی بە تۆپ دەکا. ((هیندی))

- م -

❖ من لە گەڵ شێتانا خۆم وەکو شێت دەنوێنم.
((تیۆگنیس))

❖ مێشوولە ناڕواتە دەمی داخراوەوە. ((ئیتالی))

❖ مرۆڤ بەختیار نابێ، بە ختیارێکەی بە قەد ئەوەیە کە دەیدا. ((لویس برومفیلد))

❖ مێشوولە دەم و چاوی شیر فرۆش دەناسێ.

❖ مریشك و ژن ئەگەر لە ماڵ دوور کەوتنەوە، ون دەبن.
((ئەسپانی))

❖ من لە سەر هیوا دەژیم و بڕوایشم وایە، ئەوەی بۆ ئەم گێتی یە دێت، دروست کراوی ئەوە.

❖ مۆسیقا.٠ لە پێش هەموو شتێکەوە.

❖ میری دەسی درێژو دەسی کورتی هەیە، دەسە درێژەکەی بە کار دێنێ بۆ وەرگرتن و گەیشتن بەو جێگایەی دەیەوێ و دەسە کورتەکەش بۆ دان بە کار دێنێ، بەڵام دەگاتە ئەو کەسانەی کە زۆر لە خۆیەوە نزیکە. ((سیلۆنی —ئیتالی))

❖ مرۆڤ ئاوێنەی مرۆڤە تەماشای دەکات و پێویستی خۆی بە جێ دەهێنێ.
((ئیمام عەلی))

❖ مردن ناخۆشترین شت نی یە، ناخۆشترین شت ئەوەیە داوای مردن بکەیت دەستت نەکەوێ.

❖ مرۆڤ وەکو گورگە بۆ مرۆڤ. ((بلۆتۆس))

❖ ماڵ ئەو جێگایەیە کە خۆشمان دەوێت، ئەو ماڵە کە قاچمان بە جێ ی دەهێڵێ..٠دڵمان بە جێ ی ناهێڵێ.

❖ ماڵێکی بچکۆلانەی پڕو،پارچە ئەرزێکی کێڵاو و ژنێکی بچکۆلانەی ئارەزو چاك،ئەمانە هەمووی سامانێکی گەورەن. ((رگون ڕای))

❖ مانگی هەنگوین ((شهر العسل))کۆتایی دێت،کە پیاو تەلەفون ئەکات بۆ ژنەکەی ئەڵێت ئەم ئێوارەیە لە نان خواردن دووا ئەکەوم.. ئەویش نامەیەکی بۆ جێ هێشتووە تێدا ئەڵێ خواردنەکەت لە نێو ((ثلاجە))کەیە.

❖ مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە ئەگەر ژنەکەی توڕەی کرد لە پێشا جنێو بە خۆی بدا بەر لە وەی ژنەکەی جنێوی پێ بدا.

❖ مرۆڤ کە باوەڕی بە خۆی هەبێ،باوەڕی بە هەموو شتێکی کەیش دەبێ. ((ڤیکتۆر هۆگۆ))

❖ میوان و ماسی پاش سێ ڕۆژ بۆنیان لێ پەیدا دەبێ. ((ئینگلیز))

❖ مردن لە پێناوی ڕاستی دا چاکترە لە ژیانێك لە گەڵ درۆدا. ((ئەرەستۆ))

❖ مەلی نامۆ خوا هێلانەی بۆ دروست دەکا. ((تورك))

❖ مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکا. ((ئینگلیز))

❖ مرۆڤ بە هیواوە ئەژێت و پێ یەوە ئەمرێت.

❖ منالێ سابوون بە جۆرێ بەکار ئەهێنێ.. وەکو بلێ ی لە ڕۆژانەی خۆی ئەیکرێ.

❖ میوانداری ئاگرێکی داگیرساوەو خۆراکێکی کەمەو خامۆشی یەکی گەورەیە. ((ئەمەرسون))

❖ میوانداری ڕاستی لە دڵەوە باوەشێن ئەکاو ناتوانین وەسفی بکەین،بەڵام پیاوی نامۆ لە هەمان کاتدا هەستی پێ ئەکاو یەکسەر پێ ی ئەحەسێتەوە. ((واشنتۆن ئێرمنك))

❖ من قەرزاری دایكمم بۆ ئەو هەموو سەربەرزێتی یەو ئەو دەسكەوتووەو گەورەیی یە،چونكە سەر كەوتنم بەرهەمی میوەی ئەو بو،لە بیرو باوەڕە ڕاستی یەكانیداو ئەدەبە بەرزەكەیدا. ((ناپلیۆن))

❖ من قەرزاری ئەو هەموو شتەم كە پێ ی گەیشتووم و ئەوەی ئاواتی ئەخوازم كە پێ ی بگەم لە بەرزێتیدا ئەگەڕێتەوە بۆ دایكی پەریم. ((لنكۆڵن))

❖ مەزن ترین خۆشەویستی، خۆشەویستی دایكە. ((لنكۆڵن))

❖ مار پێش ئەوەی كلكی بقرتێنی سەری پان كەرەوە. ((روسی))

❖ مەی چرای شادمانی یە بەڵام كلیلی وێرانی یە.

❖ مرۆڤـ ـی لات و بێ پارە لە كارواندا لە هیچ ناترسێ.

❖ من ئازادی ئەخەمە سەرووی هەموو شتێكەوە،تەنانەت ئازادیم لە وڵاتیش زیاتر خۆش دەوێت، چونكی وڵاتێك بێ ئازادی هیچە. ((ئین و لمقە فەع))

❖ مرۆڤـ ی بێزار ئەوەیە كە قسە دەكات لە كاتێكا من ئارەزووی قسە كردنم هەیە.

❖ مێشكی مرۆڤـ ئەگەر ڕۆیشت بەلای دۆزینەوەیەكی تازە دا.لە پاش ئەوە هیچ ناگەڕێتەوە بۆ جێگا ڕاستیەكەی خۆی.

❖ مانگی نوێ دایم خەریكە زیاد ئەكاو ئەشنێتەوە تا جەمالی هەر وەكو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە هەر گەیشتە چواردە ئەو ساتێ ئەگا نابێ بە ((تۆ)) جا لە داخا وردە وردە كەم ئەكاو ئەتوێتەوە. ((عەلی باپیر))

❖ مەپرسە لە مرۆڤـ كە چی دەزانێ لێ ی بپرسە كە چی دەتوانێ، ڕەنگە زۆر شت بزانێ.

❖ من هیچ لە نهێنـی خـوا نـازانم، بـەڵام زۆر شـت دەربـارەی چـەرمە سـەری مرۆڤەوە دەزانم. ((بوذا))

❖ مێشکی ئافرەت لە تەسك ترە لە کونی دەرزی، تەنها ڕێگەی بیرو بـاوەڕی خۆی تێدا ئەبینێتەوە.

❖ ماچ کۆتایی دڵداری یە.

❖ مرۆڤـ ـی ژێر ناتوانێ ئارەزووی سەربەستی نـەبێ، چـونکە هۆش،زمـانی سەربەستی یە.

❖ مرۆڤـــ بـۆ ئـیش کـردن دروسـت کـراوە، هـەر وەکـو باڵـدار بـۆ فـڕین.. ((مەسیح))

❖ مرۆڤـــ زێڕە،ئـــەنجا دەبـــێ بـــە زیـــو، لـــە پاشـــان دەبـــێ بـــە ئاســـن. ((حەبەش))

من ناتوانم ڕەوا بدەم بەو کەسانەی کە درۆزنن و بڵێم کردەوەی چاکیان هەیە. ((مارشاڵ هاڵ))

- ن -

❖ نهێنی شاردنەوە گرانە، لەویش گرانتر ئاشکرا کردنێتی.

❖ نووسینێك ناژی کە نووسەرەکەی بۆ ئەوە نووسیویەتی کە پێ ی بژی.

❖ نــاو دەرکــردن، تینــۆتی لاوی یــە. ((لــۆرد بایەرۆن))

❖ نــوقرج لــە خــۆت بگــرە دەزانــی نــوقرج لێ گــیراو بــۆ هــاوار دەکــات. ((فەرەنسی))

❖ نیشتمانی مرۆڤ ئەو جێگایەیە، کە حەسانەوەی لێ یەتی.

❖ نیسان مانگی دڵداری و درۆیە. ((ساگان))

❖ ناتوانرێ مافی گەلان بخورێ و دەست درێـژی بکرێتـە سـەریان،تەنها ئـەو کاتە نەبێ کە ڕاستی یان لە نێوان وون بـوو بـێ. ((مـستەفا کامیل))

❖ نازانم کەسانی تر چیان دەوێ،بەڵام ئەوەی من دەمەوێ یا سەربەستی یـا مردن.

((باتریـــــــك هەنری))

❖ نهێنــی لای ئــافرەت دوو جــۆرە، یــەکێکیان بــێ بایەخــەو پێویــست بــە شاردنەوە ناکا، دووەمیان گرنگەو توانای شاردنەوەی نی یە

❖ ناو بانگی چاك لە ڕوخساری جوان چاکترە. ((ئینگلیز))

❖ نیشتمانیە روەری ئەوە نی یە تەنیا بە وتــەی رووت بڵـێ ی نیـشتمانەکەم خـۆش دەوێ، بـەڵکو دەبـێ خـۆ بـەخت کـردن و قوربـانی ی پێـشکەش بکـەی. ((سنیکا))

❖ نەكـەوتن، شـانازی نـاویٚ، هەسـتانەوە شـانازی دەویٚ. ((گۆڵـد سمیس))

❖ ناشیرنتر هەڵە ئەوەیە كە خۆت وا دابنیٚ ی هەڵەت نی یە. ((كارلیل))

❖ ناكۆكی كرمی ژاراوی یە لە ڕیخۆڵەی گەل دا. ((ناپلیۆن))

❖ ناو بانگ بەری تێكۆشانە. ((ڕێڵندن))

❖ نهێنی بەندی تۆیە، كە بـەرەڵات كـرد تـۆ دەبیتـە بەنـدی ئـەو. ((ئیمـام عەلی))

❖ ناو بانگمان لەو ووتانە دەر دەكەویٚ كە خەڵك لە پاشە ملە دەیگێڕتەوە. ((ئەلفەرد پەمبەرسون))

❖ ناوی باش كراسێكە لە هیچ كاتێك كۆن نابیٚ. ((ئەدیسۆن))

❖ نـازانم بۆچـی ناشـرین و بـەد زوو دەگەیەنرێتـە خـاوەنی، لـە كاتێكـا ئـەو ووشانەی كە بە باشی باسـی دەكـات لیٚ ی دەشـارێتەوە. ((سۆمرسـت مۆم))

❖ نە ء٠ نابی لە دڵی ئافرەت دا فریشتەو شەیتان هەبیٚ چونكی شـەیتانەكان تەنها لە دڵی پیاواندا پشوو دەدەن.

❖ نێوانی ووڵاتەكان بە جۆرێك ئاڵۆزراوە، كە باڵیۆزەكانی ئـەمریكا لـە چـەند ووڵاتێك دەردەكریٚ تاكو ئێستاكە ناومان نەبیستووە٠ ((ئیوا گورنالیٚ))

❖ نووزەی دڵدار جوانترین هەڵبەستە، دڵداری ئافرەت ئاوازی بۆ داناوە.

❖ ناتۆرەی باش شتێكە مرۆڤـ ڕێزی ناگریٚ، تا ونی نەكا.

❖ نهێنییـەك زۆر گرانـە مرۆڤــ بتـوانیٚ ئاگـاداری بكـات :ئـەویش هەسـتێتی بەرامبەر خۆی٠

❖ نەفام ئەو كەسەیە كە نهێنی خۆی لات باس دەكات دوایی تكات لیٚ دەكات بیشاریتەوە.

❖ نەزان منداڵە گەرچی پیریش بێ..

❖ ناودارێتی وەكو بازاڕە،ئەگەر ماوەیەك تێدا مایەوە بازاڕی كز دەبێ.

((فەرەنسیس بیكۆن))

❖ نەتەوەیـەك ئـاڵای ئـازادی و یـەكێتی بـشەكێتەوە هـیچ كاتێـك نانـەوێ.

((ناپلیۆن))

❖ ناشێ بۆ مرۆڤێك كە خۆی دەستی پیس بێ و پەنجە درێژ بكا بـۆ عـەیبی خەڵكی تر. ((ئیتالی))

❖ نیشتمانپەروەر هەستێكە بڵێسەی بەرز دەبێ،هـەر كاتێـك خـەم و دژواری نیشتمان زۆر ترو زل تر بێ. ((مستەفا كامل))

❖ نـاتوانی مـەلی خەفـەت و ناسـۆر قەدەغـە بكـەی بـە سـەرتا بفـڕێ بـەڵام دەتوانی نەیهێڵی لە مێشكتا هێلانە بكا. ((چینی))

- س -

❖ سـەیری سـپێتی مێـزەر مەكـە،دوور نـی یـە سـابوونەكەی بـە قـەرز كڕابێ.((تورك))

❖ سێ كەس مەیان دەخواردەوە،شێتێك بە لایانەوە تێپەڕ بوو داوایان لێ كرد لە گەڵیانا بخواتەوە، وتی ئێوە دەخونەوە وەكو منتان لێ بێت ئەی من كە خوارد مەوە وەكو كێم لێ بێت.

❖ سەرخۆشی زیاد دەبێ. بە جۆرەی تاڵی مەیەكە. ((ئیتالی))

❖ سەرەڕای ئەوەی خۆراك بدەین بە گورگ،چاوی هەمیشە لە ئێسقانە. ((ئیڤان تۆرغنیف))

❖ ستایش ئەوەیە، لە پاش مردنت وەری دەگری.

❖ سكی بتاڵ ئازاترە لە سەری پڕ. ((ئەڵەمان))

❖ سـنگی مرۆڤـ گـرنگترین سـەندووقە بـۆ شـاردنەوەی نهێنـی یـەكانی. ((یابانی))

❖ سكی برسی و بەتاڵ ووشەو ئامۆژگاری پێ هەزم ناكرێ. ((ئەنشتاین))

سەرەكی كۆمەڵی شەیتانەكان لە بەر دیمەنی نووسەرێكی سیاسی دەلەرزێ. ((ولیەم ستید))

❖ سامان كە هاتە زمان، ماف بێ دەنگ دەبێ. ((روسی))

❖ سەربەستی نادرێ دەسێنرێ،كە سەندیشت بزانە چی لێ دەكەی ((دیمون دیسین))

❖ سەربەستیت كە لە دەست دەرچوو ئیتر چی تر دەمێنـێ كـە لـە دەسـتت نەچێ ؟ ((سویدی))

❖ سەربەستیم بدەنێ بە جۆرێك کە خۆم دەمەوێ بیر بکەمەوە. باوەڕم ببێ و ئەوەی لە دڵمایە، ئەم چەشنە سەربەستی یە لە هەموو سەربەستییەکی تر باشترە.

((میلتۆن))

❖ سەربەستی لە هەر جێگایەك بوو، نیشتمانیش لە وێ دایە. ((رۆسۆ))

❖ سوپاسی سەرەتا مەکە تا کۆتایی نەبینی. ((ئینگلین))

سێ شتم لە ژیان دا خۆشویستووەو لێیان تێنەگیشتووم، (سان)و (ئافرەت)و (وێنە)

((بلزاك))

❖ سەری مار بە دەستی دوژمنت پان کەرەوە،چونکی هەر یەکێ لە مانە تیا بچێ کەڵکی لێ وەر دەگری، ئەگەر دوژمنەکەت سەرکەوت ئەوا مارت کوشت، ئەگەر ماریش سەرکەوت ئەوا دوژمنەکەت کوشت.

❖ سەرکەوتن شێوەیەکە، تۆقرە نازانێ.

❖ سێ ڕێگا هەیە بۆ فەوتان و وێران کردن کە پیاوە ڕامیارەکان دەیگرن ئافرەت و قومار و.. وە.. بانگ کردنی شارەزاکان. ((جۆرج پۆمپیدۆ))

❖ سێ شت لە ژیانما زۆر ماندیان کردم... ڕێزمان، هەژاری، ئافرەت. ڕێزمان،بە زۆر خوێندنەوە،زاڵ بووم بە سەریا. هەژاریش،پەلەم نەکرد تاکو بە سەریا زاڵ بووم. بەڵام ئافرەت،تا ئەمڕۆ هیچ چارەییم بۆ نەکراوە. ((سوکرات))

❖ سێ شت تێك ئەچێ ئەگەر یەکێ لە مانەی تێدا نەبێ. ژن هێنان بێ خۆشەویستی، گەڕانێکی بێ پارە،سامانێکی بێ منداڵ.

❖ سەرم سووڕ ئەمێنێ لەو پیاوەی ژن دێنی و دوایی خۆی ئەکوژێ. چۆن توانی دوو جار خۆی بکوژێ.

❖ سەر كەوتن بە سەر نەزانینا لە هەموو سەركەوتنێك گەورەترە و خۆشترەو پەشیمانی لە دووا نی یە. ((ناپلیۆن))

❖ سەربەستی زۆر بە ئازارو دێتە دەست، بەلاّم زۆر، بە ئاسانی لە دەست دەدرێ، وەكو تۆپێكە لە لوتكەی چیا یەكەوە گلۆری بكەیتەوە. ((ئەنتۆنی كرۆپ))

❖ سەر خۆشی بە بێ مەی پیس ترین سەر خۆشی یە.

❖ سامان وەك شوشە وایە چەند پاك و بێ گەردە بەلاّم زوو دەشكێ.

- ش -

❖ شەوانی ژیان، چرا لە گەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. ((جۆزیف جۆبێر))

❖ شاعیر داهێنەرێکی گەورەیە لە ئیشەکەیدا، ماسولکەیەکی ئاسینینی دروست کردووەو سەرێکی ناودارو ملێکی بە هێزو دەس و مەچەکێکی هەمیشەیی و چاوێکی کەیف خۆش. ((ئیتالی))

❖ شەرەف چی یە، تەنها ووشەیەکە. ((شکسپیر))

❖ شێریش هەموو کاتێ گۆشت ناخوات.

❖ شەیتان ئافرەتی قووت دا... بەڵام پێ ی هەزم نەکرا.

❖ شاعیر ئەو کەسەیە، چنگێ ووشەیە؟

❖ شاعیر ڕاستگۆترین مێژوو نووسە. ((جیمس ئەنتۆنی فرود))

❖ شاعیری مەزن بە نرخترین مرواری یە لە میللەتا.... ((بتهۆفن))

❖ شۆڕش وەکو لەشە ئازایەتی گیانێتی، پیلان دڵیەتی، سڵ کردن چاوێتی، فێڵ زمانێتی، دڵسۆزی پێشەوایەتی، مل کەچی دەستێتی و سەرکەوتن بەشیەتی.

❖ شەیتان مامۆستای پیاوەو قوتابی ئافرەتە.

❖ شرینی ئافرەت، وەکو گوڵە زوو سیس دەبێتەوە.

❖ شۆڕشی ڕاستەقینە ئەو شۆڕشەیە کە تۆوەکەی لە دڵی مرۆڤدا ڕۆژگار چاندبێتی.

❖ شانۆ گەریی سەرکەوتو پێویستە وەکو کڵێسە وابێ، نەزانرێ کێ دروستی کردووە.

((جان گیرۆدۆ))

- ف -

❖ فرمێسك هێزێكی ئاوی یە لە ژنانا.

❖ فرمێسكی ئافرەتی جوان، خۆشترە لە زەردەخەنەی.

❖ فرمێسك —نیشتمان دەمرێنیٚ و خوێن زیندووی دەكاتەوەو قوربانی هێزی پیٚ دەدا.

❖ فیزو بایی بوون نیشانەی گەوجێتی یە.

❖ فرە بەخت ئەو كەسەیە كە لە قەوماوی ڕۆژگاری خۆی بزانیٚ و تیٚ بگا. ((چینی))

❖ فەرمانێكی بچوكی جیٚ بە جیٚ كراو لە ملیۆنێك نیازی جیٚ بە جیٚ نەكراو چاكترە.

❖ فێر بە چۆن خۆت دەخەیتە —قالبی —ئەو كۆمەڵەی لە گەڵیا نایت. ((لۆردفیلد))

❖ فرمێسك ڕشتن نیشانەی خۆشەویستی یە، بەلاٚم دەرمان نی یە. ((شكسپیر))

- ق -

❖ قژی سپی ئەرشیفی ڕابوردووە. ((ئەدکار ئەلەن))

❖ قسەی چاك و بیری چاك بە کەڵك نایەن، ئەگەر فەرمانی چاکیشیان لە گەڵدا نەبێ.

((لاشۆسیێە))

❖ قینم لەو خاوەن ماڵانەیە کە خۆراکی چەند ڕۆژێك لە یەك ڕۆژ دا خەرج دەکەن.

((ئەبو بەکری سدیق))

❖ قوتابخانەی سەختی و تەنگانە چاکترین قوتابخانەیە کە مرۆڤی تێدا دەپاڵێورێ و ڕەوشتی چاکی تێدا فێر دەبێ.

❖ قورسترین تەنگانە ئەو کاتەیە کە مرۆڤ لە کاتی خۆشی دا، یادی خۆشی پێشووی بکاتەوە. ((دانتی))

❖ قومار چی و دز لە یەك دەستەن. ((روسی))

❖ قوور، یاقوت دەشارێتەوە، بەڵام پیسی ناکات.

❖ قەلەڕەشی پیر، بە هەڵە ناقیڕێنێ. ((روسی))

- ر -

❖ ڕاستی یەك ڕێگای هەیەو چەوتی هەزار.

❖ ڕۆژنامـە بـە هێزتـرین پایـە یـە کـە شارسـتانێتی وئـاوەدانی لـە سـەر دادەمەزرێ.

((ناپلیۆن))

❖ ڕاستی پتەوە وەك ئەڵماس و ناسکە وەك گوڵ. ((غاندی))

❖ ڕێگرەکان داوای پارەت لێ دەکەن یا ژیان، بـەڵام ئـافرەت داوای هـەر دوو کیان دەکات. ((سمۆئیل بتلر))

❖ ڕاژەی گـەل بـە پێـنج جـۆر دەکـرێ بـە –ژیـان و خـوێن و ئـیش کـردن و پێنووس و بە بێدەنگی. ((جۆنسۆن))

❖ ڕشت بە لە سەر خۆناسین،چونکە خۆناسین گرانترین ئیشێکە لە ژیانی ئادەمیزاد دا. ((سرڤانتس))

❖ ڕەنگە بۆقی وا هەبێ کە قیڕەی لە بۆڕەی –گا– گەورە تـر بـێ، بـەڵام –بۆق– ناتوانێ –گاسن – ڕاکێشێ و پێستـشی بـە پـێڵاو نـاکرێ.((جـوبران خـەلیل جوبران))

❖ ڕۆژنامە و چاپەمەنی چەکێکی هێمنکارن بۆ ڕوخاندنی زۆرداری و بێدادی.

❖ ڕامیاری، هونەری هەڵفریواندنەو مەیدانێکی فراوانی لە هۆشە لاوازەکان بۆ دە دۆزێتەوە.

❖ ڕەزیل چاو تیرە لە شەرەفیا بە گوێرەی ڕەزیلـی پارەکەی،چـاو تێـریش ڕەزیلە لە شەرەفیا بە گوێرەی چاو تێری لە پارەکەی دا.

❖ ڕێزگرتنـی یاسـا، یاسـای خـوو ڕەوشـت لـە ماڵـەوە، دوایـی لـە قوتابخانەوە،دەس پێ دەکات ئەگینا بە هیچ جۆرێك دەس پێ ناکات.

- ❖ ڕاستی باش نی یە هەمووی بووترێت. ((ئینگلین))
- ❖ ڕابووردووی پیاو لە بیر دەچێتەوە، بەڵام هی ئافرەت لە بیر چوونەوەی نی یە.

((نیومان))

- ❖ ڕووبار هەمیشە سەرچاوەکەی پاکترە. ((باسکاڵ))
- ❖ ڕێزی هەژارو لێ قەوماوان بگرە، بە تایبەتی خۆشەویستی لێ قەوماوت.
- ❖ ڕێگەی سەر بە خۆیی دەبێ خوێن پاکی بکاتەوە. ((غاندی))
- ❖ ڕێزی وەتەکانت پتر بگرە لە ڕێزی سوێندکانت. ((دیۆجنیس))
- ❖ ڕاستی دەبێ بە پێنرێت بە بێ توندو تیژی. ((تۆلستۆی))
- ❖ ڕاستی ئامادەیە هەموو کات. ((ئەمرسۆن))
- ❖ ڕێوی پێستی دەگۆڕێ، نەك ڕەوشتی. ((سویتۆن))
- ❖ ڕاستی وەکوو ڕۆژ وایە هیچ هێزێك نی یە،هەڵاتنی دووا بخا. ((وێندل))

- ت -

❖ توانـای گـەنجان و هۆشـی پـیران كۆببنـەوە هـەژاری دەبێتـە شـتێكی ئەفسانە.

❖ تف لەو ژن و مێردەی كە بە سەر زاری خۆشەویستی یەكترین و لـە دلا لـە یەك بێزارن.

❖ تا ئەو ڕادەیە كە بەختیارین، پێویستە بە قـەد ئـەو بـەختیارە ئازارمـان چێشتبێ.

((ئەدگار ئالەن بۆ))

❖ تـرس و لـەرزت بـۆ خـۆت بـێ وئازایـەتی و توانـات پیـشان خـەڵك بدە.((فەرەنساوی))

❖ تـاو و لـەزەتی بیركردنـەوە، دەرمانـە بـۆ برینـەكانی دڵ. ((مـەدام دۆستاڵ))

❖ تۆڵە سەندن دەبێ لە یاد نەكرێ، بەڵام نابێ باسی كەی. ((كامبتا))

❖ تۆ باش بە، جیهان هەمووی باش دەبێ.

❖ تاریكی نەزان چاكترە لە ڕووناكی درۆزن. ((جان جاك رۆسۆ))

❖ تەماشای ئافرەت لە یاسا بە هێزترە، فرمێسكیشی لە بەڵگە بە هێزترە.

❖ تورە بوون هۆش لە سەر دەر دەكاو دەرگای گەڕانەوەی لێ دادەخا.

❖ تورە بوون شێتی یە، دووایەكەی پەشیمانی یە.

❖ تا بەرز بیتەوە، كەوتنت بە ئازارتر دەبێت.

❖ تورەیی ئەو ڕەشەبایەیە كە چرای بیر كردنەوە دەكوژێنێتەوە.((پۆلۆنی))

❖ تەمـەڵ بـڕۆ سـەیری مێروولـە بكـە. ((حـەزرەتی سلێمان))

❖ تۆ چۆنی بۆ من منیش وام بۆ تۆ. ((ئینگلین))

❖ تێكۆشەر لە سەرتە بە كردار قەرزی ژیان بدیتەوە.. تەمەڵ سامانی ئەو گەلە دەدزێ كە لە گەڵیان دا دەژی. ((ڤۆلتێر))

❖ تەنها پیاوی بچووك لای وایە، شتی بچووك بایەخی نی یە.

❖ تا ئافرەت بمێنێ چوونە بەهەشت شتێكی زۆر دوورە. ((كلودین))

❖ تەنگانە كاتی تاقی كردنەوەی دەروونی ئادەمیزادە.

❖ تۆڵەی تاوان دەبێ بە چاكەو لێبوردن و بەخشین بسەنرێت.((تۆلستۆی))

❖ تاقە ووشەیەكی ناسك و خۆش و بە سوود، بە زیندویی ببیستم لام گەلێك چاكترە لە لاپەڕەیەك پیا هەڵدان و ستایش دووای مردن. ((ڤۆلتێر))

❖ تۆ ئەگەر لە سەر حەق بی،دەتوانی دەماری خۆت بگری و تووڕە نەبی... بەڵام ئەگەر بزانی لە سەر هەق بیت و بە هەڵەدا چووی، لە قسەی تاڵ و سوێر بەو لاوە هیچت دەسگیر نابێ ڕای خۆتی پێ بسەپێنی. ((غاندی))

❖ تەنها كردەوەی چاك لە خاكدا بنج دا دەكوتێ.

- ح -

❖ حەزرەتی سلێمان لە مێرولەیەکی پرسی : ساڵی چەندی دەخۆی ؟

مێرولەکە وەڵامی دایەوە سێ گەنم دەخۆم. حەزرەتی سلێمان مێرولەکەی بردو خستی یە ناو قوتویەکەوە لە گەڵ سێ دەنکە گەنم دا، کە ساڵ تەواو بوو،حەزرەتی

سلێمان تەماشای کرد مێرولەکە گەنم و نیوێکی خواردووە.. حەزرەتی سلێمان پرسی : بۆچی گەنم و نیوێکت ماوە. مێرولەکە وتی : کاتێ من بەرەڵلا بووم و بەند

نەبووم دەمزانی خوا من لە یاد ناکا.. بەڵام پاشان تۆ منت خستە ناو قوتویەکەوە

لەوە ترسام لە یادت بچم لە بەر ئەوە لە خواردنەکەم هێشتەوە بۆ ساڵی داهاتوو.

❖ حەوت ساڵ لێ ی بکۆڵەرەوە، بەر لە وەی هەواڵێك بسەلمێنی. ((یابانی))

❖ حکومەتە زۆردارەکان لە دڕەندەی کێوی خراپترن. ((چینی))

❖ وەڕینی سەگ زیان بە هەور ناگەیەنێ. ((عەرەب))

- ع -

❖ عەیب وەكو ئاژەڵە، قەڵەو دەبێ، تاكو كاتی سەبڕینی دێ. ((بن دگۆنسۆن))

- خ -

❖ خراپە كردن لە پاشت بە جێ دەمێنێ، چاكە زۆر جار لە پاش خۆت گۆڕ دەكرێ

((شكسپیر))

❖ خوا دەرگای زۆری داوە بە - ڕاستی - هەر كەسێك بە دەستی باوەڕ لێ ی بدا دەیكاتەوە. ((میخائیل نەعیمە))

❖ خۆڵەمێشی مردووەكان وولاتی دروست كردووە. ((لامارتین))

❖ خۆ پەرست هەمیشە لە بەردەمتا باسی خۆیت بۆ دەكا، هەروا دەسووتێ بۆ ئەوەی باسی بكەیت لە بەردەمیا. ((مەرسێل ئێمیە))

❖ خوا یارمەتی ئەوانە دەدا، كە یەك یارمەتی یەك دەكەن.

❖ خۆشەویستی لە ژیان بە نرخ ترە، شەرەفیش لە ماڵ بە نرخ ترە، لە هەر دووكیش بە نرخ تر و گرانتر، بەڵێن دانە. ((ئەدمۆن سپنسەر))

❖ خوا وولاتی دروست كردووە و مرۆڤیش شار. ((كۆبەر))

❖ خراپە هیچ كاتێ تووش پیاوی چاك نایەت، نە لە ژیانیاو نە لە مردنیا.

❖ خەفەت مەخۆ،خەفەت هەنگێكە بۆنی جوانیت دەمژێ.

❖ خۆشەویستی دایكایەتی ئەو هەستەیە كە هەموو ئافرەتێ هەستی پێ ئەكا، لە پاش ئەوەی كە منداڵەكانی ئەخەون.

❖ خانم گیان ئەڵێن لە دووای هەموو پیاوێكی گەورە ئافرەتێكە، بەلأم بڕوام پێ بكە لە دووای هەموو ئافرەتێكی گەورەوە كۆمەڵێ پیاو هەیە.

❖ خۆشەویستی وەك نەخۆشی ئاولە وایە ئەگەر وەختی بە سەر تێپەڕی كوشەندەیە.

((ئینگلین))

❖ خەڵكی بە هیچ ڕازی نابن : ئەگەر كوڕێك حەزی لە كچێك كرد پێ ی ئەڵێن خراپە، ئەگەر خوازبێنی كرد پێ ی ئەڵێن كوڕی چاكە،ئەگەر خواستی ئەڵێن نەفام و كەرە.

❖ خوا لە وانە خۆش نابێت كە شیرنی دڵداری ئەگۆڕنەوە بە تاڵی.

❖ خۆشەویستەكەم دە ساڵ لە گەڵ تۆدا بم لام دە دەقیقەیە، بەڵام دە دەقیقە لە تۆ دوور بم لام دە ساڵە. ((لۆرد بایەرۆن))

❖ خوا لە گەڵ هێزدا نی یە، لە گەڵ ڕەوادایە. ((روسی))

❖ خەڵكی دوو دەستەن، دەستەیەكیان ڕاستەو خۆ بەرەو ئامانج دەڕواو شتێك دەكەن.·· دەستەكەی تریان هیچ خەمێكیان نی یە ئەوە نەبێ دا دەنیشن و دەپرسن بۆ چی ئەم كارەیان بە ڕێگایەكی تر نەكرد. ((ئۆلیڤەر ویندڵ))

❖ خراپترین چەكێك كەنامەردان بە دەستی وە دەگرن بوختانە. ((ملیتۆن))

❖ خواو دایك و باوك و مامۆستا ناتوانرێ پاداشتیان بدرێتەوە. ((ئینگلین))

❖ خۆشەویستی مێژوویی هەموو ژیانی ئافرەتە بەڵام سەردەمێكی تایبەتی یە لە ژیانی پیاودا. ((دی ستایل))

❖ خۆشەویستی پیاو بە گفتو گۆدا دەر دەكەوێ بەڵام هی ئافرەت بە ماچ و زەردەخەنەدا. ((ڤۆڵتێر))

❖ خۆت چاك بە، خەڵك بۆت چاك دەبن. ((ئەبو بەكر ئەلسدیق))

❖ خۆشەویستی و ئیش و خێزان و ئایین و هونەر ووشەیەكی بەتاڵە لە هەموو مانایەك بۆ ئەو كەسەی برسی یە.

❖ خۆزگە دەمتوانی تەماشای هەموو گیان لە بەرێكم بكردایە بەچاوی هاوڕێ یەتیەوە.

❖ خوا نانی هەموو باڵدارێك دە دا، بەلاّم بۆی ناخاتە هێلانەكەیەوە. ((فۆلاّند))

❖ خۆر بەو مەزنی یە كە هەیەو ئەو هەموو ئەستێرانە بە دەوریا دەسوڕێنەوە، ئەوەی لە یاد نەچێ كە میوەیەك بە سەر درەختێكەوە ماوە پێ بگا.. وەك بلێ ی لەم گەردوونە پان و بەرینە دا كارێكی تری نەبێ بیكا. ((گالیلۆ))

❖ خۆشەویستی، هەستێكی خاوێن و پیرۆزە، كامەرانمان دەكات و دەروونی خاوێنمان دەگەیەنێتە جیهانی فریشتەو ئەو پیاو چاكانەی كە شاعیران لە شیعرەكانیان دا باسیان كردووە. ((راسل))

❖ خێرا بمرین چاكترە لە وەی چاوەڕوانی مردن بكەین. ((یابانی))

❖ خۆشترین كاتی ژیانم ئەوە بوو كە لە ناو خێزانەكەم دا دەبووم و لە گەڵ ناخۆشی و گیرو گرفتە كانیان دا دەژیام. ((جیفرسۆن))

بەشی دووەم

پێشەکی

خۆینەرە بەرێزەکان ــ بەشی یەکەمی ((ووتەکانی ژیان))٠ لە ماوەی مانگێکدا لــە کنێبخانەکانــدا نــەماو هەنــدێ لــە خوێنــەرانیش بەردەســتیان نەکــەوت، تــاکو ئێـستاکەش خـاوەنی کتێبخانـە کـان داوام لێ دەکـەن.لـە ڕاسـتی دا مـن و هـەموو نووسەرێك هەسـت دەکـەین، جـەماوەری خوێنـەر انمـان زیـادی کـردووەو ئەمـەش مایەی شانازی و دڵ خۆشیمانە. بەشی دووەمی ووتە کانی ژیان دیسانەوە برێتیـە لە بەرهەمی گەورەپیاوانی ئەم جیهانە، دەربارەیی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و ڕامیاری و هەموو لایەنەکانی ئەم ژیانەیە، بۆ ئەم مەبەسـتە پـەنامان بـردەوە سـەر کنێبەکەی سمیر شێخانی ((**من حصاد الفكر العـالمی**))کـەزۆر بـەی ووتـەکانی ژیـان لـەوەوەوەر گێـراوە لـە گـەڵ چـەند گۆڤارێـك و ڕۆژنامەیـەك دا. لـە یەکـەم بەشـی ووتەکانی ژیان ووتم ـ ووتەیەکی ئیتالی هەیە دەڵێ ((وەرگێر ناپاکە))، ئەم ووتەیە ڕسـتی یـەکی تێدایـە، چـونکە وەر گێـر زۆر جـار مەبەستەڕاسـتی یەکـە نادانـە دەسـتەوە، بـەلام ئـەوەی گرنگـە لـە لای ئێمـە بتـوانین لـە مەبەسـتەکانیان نزیـك ببینــەوەو گەنجینەیـەکتان پێـشکەش بکـەین و سـوودی لێـوەر گرین. دیـسانەوە

دەڵێم، ئەگەر چی لە گەڵ هەندێ ڕادا نین، پێویستە خوێنەر خۆی سوود لەوانە وەر گرێ کەچاك و بە پێزو پڕ مانایە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئێمە بتوانین کتێبێکی کە بخەینە ناو کتێبخانەی کوردی یەوە بۆ خزمەتی گەلی کوردمان و کورد ناسەکان. خۆینەرە بەرێزەکان ـ داوای لێ بوردن دەکەم ئەگەر کەم وکوری یەك هەبوو، چونکە شاکارێی وا گەورە بێگومان لە هەڵە بە دەر نابێ.

محمد عبدالحمن زنگنە

کەرکووك

١٩٨٤/٥/٢٠

ـ ئا ـ

❖ ئافرەت لە پلەی ژیانیدا :ـ

لە ١٤ ساڵیدا، گوڵێكە، هێشتا بۆنی دەر نەچووە..

لە ١٦ ساڵیدا وەكو دار سەرو وایە، لە گەڵ شنەی شەماڵدا دەلەرێتەوە بۆ ئەوەی دڵی لاوان ڕاكێشێ.

لە ١٨ ساڵیدا كانی یەكە، گیا دای پۆشیوە.

لە٢٠ ساڵیدا، خۆرە ((هەتاوە)) گەرمایی دەدا تاوێك، جار جاریش دەتسووتێنێ.

لە ٢٢ ساڵیدا، مانگە، تا بێ گەش دەبێتەوەو چاویش ڕووناك دەكاتەوە.

لە ٢٤ ساڵیدا،گوڵێكی كراوەیە،تەماشاكەر بە ئاواتەوەیە بۆنی كا.

لە ٢٦ ساڵیدا، سێوێكی گەیشتووە، ئەگەر نەیبچڕی بۆگەن دەكا.

لە ٢٨ ساڵیدا، ئاسكەیەكە،ڕاوچی لە پارێزیا،كەچی ئەو هیچ گوێ پێ نادا.

لە ٣٠ ساڵیدا،شنەی دەریاە،مرۆڤـ ئاگادار دەكاتەوەگیانیش دەگەشێنێتەوە.

لە ٣٥ ساڵیدا، مۆمێكە،تا بێ ڕووناكیەكەی كز دەبێتەوە.

لە ٤٠ ساڵیدا،باخچەكە،پایز بە سەریا دێی و یاری بە جوانیەكەی دەكا.

لە ٤٥ ساڵید، بەرداخێكی،ئاوی گەرمەو مرۆڤــ لە هاوینا تینووەو بە ناچاری دەیخواتەوە.

لە ٥٠ ساڵیدا، دارێكە،مرۆڤـ لە ژێر سێبەرەكەیدا دەحەسێتەوە.

لە ٦٠ ساڵیدا، پەرتووكێكی گەورەیە، پەتەكەی بچڕاوەو خەریكە بلاودەبێتەوە.

❖ ئازار، ئەو تاڵە دەزووەیە، كە قوماشی هەلی لێ چنراوە مرۆڤی هیوا دار هیچ كاتێ تامی خۆشی نازانێ.

❖ ئەوەی لە كەس نەترسێ، كەسیش لێ ی ناترسێ.

❖ ئەوەی بە دووای هەڵەدا بگەڕێت، لە هەڵە بەو لاوە هیچی تر نادۆزێتەوە.

❖ ئەوەی دڕك بچێنێ، نابێ بە پێ ی خاوسی بگەڕێ.

❖ ئەوەی سەبری هەبێ، دەتوانێ هەموو شتێك جێ بە جێ بكا. ((ڕابلیە))

❖ ئازار، دوو كاتی خۆشی، كارمان تێ دەكا.

❖ ئەو كەسەی بیەوێ مەشخەڵێكی بەهێز داگیرسێنێ لە ناكاودا، دەبێ بە كەمێ پووش دەس پێ بكا.

((شكسپیر))

❖ ئافرەتی عاشق، دەتوانێ لە خیانەتی واز بێنێ، بەلاّم پیاو ئەوە ناتوانێ.

❖ ئەو ژنەی پێویستە خۆش بویسترێ، دەتوانێ بەختی خۆی بخوێنێتەوە لە داری (لاولاو)دا، كە دەمرێ ئەگەر خۆی هەڵنەواسێ.

❖ ئافرەت تێهەڵچون، لە ئەقڵ بە باشتر دەزانێ.

❖ ئێوە پێویستان بە پێشەوایەكی ئیش كەر هەیە، نەك پێشەوایەك هەر قسە بكات.

❖ ئەگەر وەكو خەڵكی خۆمان بدیبایە، خۆمان دەشاردەوە.

❖ ئیش كردن و پیشە سازی جوانی پیاوە،وەكو خۆشەویستی و دایكایەتی جوانی ژیانی ژنە. ((هەنری بۆردۆ)) ١٨٧٠ – ١٩٦٣ لە كتێبی (بەردی ماڵ))

❖ ئەو كەسەی بییەوێ كچێك خۆشی بوێ، پێویستە یەكەم جار بتوانی دایكی ڕازی بكا. ((جۆن ڕای))

❖ ئەو پیاوە بەختیارە كە هەموو شتێك، بە ژنەكەی دەڵێ.

((ستندال))

❖ ئەو كەسەی لە حاڵەتی دالّداری دا بێت وەكو ئەو كەسەیە لە حاڵەتی وورینەدا بێت.

((تێرنس))

❖ ئەو ماچانەی بە دزیەوە دەکرێ، زیاتر شرینە. ((لای هەنت))

❖ ئەی خۆشەویستی، هیچ کەسێك ناتوانێ بەرانگیرت بێ، تۆ بە سەر زێرپیشدار سەر دەکەوی. ((سوفۆکلیس))

❖ ئەگەر جوانی شاردرابێتەوە لە دووای بیست قفڵەوە خۆشەویستی دەیشکێنێتوو هەموویان داگیر دەکا. ((شکسپیر))

❖ ئەوەی گومان لێیەتی دەیبینین، ئەی چۆن باوەڕ بەوە بکەین لە پاش ملە باس دەکرێت ؟.

❖ ئەو دارەی سەری لە ئاسمان دەدا، لە تۆوێکی بچووك بووە.

❖ ئەو خانووە دیمەن جوانە، کە حەوت نهۆمە، لە کۆمەڵێ خۆڵەوە دروست بووە.

❖ ئەو پیاوەی پێشوازی لە میوان لە ماڵەوە نەکا،لە سەفەردا خانە خۆیی کەم دەبێ·

❖ ئەو کەسەی ئازار زۆر بچێژێ، زیاتر فێر دەبێ. ((ئیزۆب))

❖ ئەگەر ئێمە لە گەڵ چەکدارا بجەنگین،واتە ئێمە دوو جار چەك دارین.((ئەفیلۆس))

❖ ئەوەی دانسقە بێ، بە نرخە. ((ئەفیلۆس))

❖ ئەو کاتەی شاخی مانگا دەگرین، واتە مانگا کە دەگرین. ((سترابۆ))

❖ ئەوەی بترسێ کۆیلەیە. ((سینیکا))

❖ ئێوە لە بیرتان چووە کە میوە هی هەمووتانە، کەچی ئەرز هی کەس نییە.

((جان جاك رۆسۆ))

❖ ئیش کردن مەرجێکی دابراوەیە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و ئەو چاوگە ڕاستییەیە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی.· ((تۆڵستۆی))

❖ ئیش کردن هەموو شتێکە، بەرزەوە بوون هیچ نی یە. ((گۆتە))

❖ ئاگات لە دوکانەکەت بێ، دوکانەکەت ئاگای لە تۆ دەبێ. ((جۆرج تشابمان))

❖ ئەگەر بتەوێ لە لای خەڵکی خۆشەویست بیت پێویستەخۆتت لە بیر بچێ ((ئۆفید))

❖ ئەوەی بۆ تۆیە بۆ منیشە، ئەوەی بۆ منیشە بۆ تۆیشە. ((بلۆتس))

❖ ئەگەر ویستت چاکەیە، بکەی، بە پەلە بیکە، ئەوەی بە پەلە بکرێت زوو قبوڵ دەکرێت، ئەوەی لە سەرخۆ پێشکەش دەکرێ زۆر باش پێشوازی ناکرێ.

((ئۆزۆنیوس))

❖ ئەوەی ئامۆژگاری یەك پێشکەش بکا، یارمەتیەکی پێشکەش کردووە ((بلۆتس))

❖ ئافرەت یا خۆشەویستی دەوێ یا ڕقی لێ یەتی،ڕێگەی سێهەمیش نی یە.

((بوبلیلیوس))

❖ ئەگەر پێستی شێر و پڵنگ نەبوو، با پێستی ڕێوی بێ. ((یۆنانی))

❖ ئەو ڕۆژەی ئیش نەکەین ماندوومان دەکا، وەکو ئەو شەوەی تێدا نانوین.

❖ ئەو بەردانەی تیان دەگرین، زاناکان ڕێگایەکی تازەمان بۆ درووست دەکەن.

❖ ئەوەی بیر لە بەختیاری خەڵکی بکاتەوە، بۆی هەیە داوای بەختیاری بۆ خۆی بکا

((مۆرۆی))

❖ ئەگەر ئەو شتە وانەبو پێ ی هەڵمەسە، ئەگەر ڕاستیش نەبوو قسە مەکە.

((مارکۆس ئۆربیلوس))

❖ ئـەو ئـیش و کـارەی لـە بەردەمتایـە، بـە چـاکترین شـێوە پـێ هەڵسە. ((بیتاکۆس))

❖ ئێمە ئەوانە بە کامەران دەزانین کە لـە تـاقی کردنـەوەی ڕۆژانـەی خۆیـان فێـــر بـــوون بـــەرگری ئارەزووەکانیـــان بگـــرن نـــەك لـــە ژێریـــدا بنـــاڵێنن. ((جۆفینالّ))

❖ ئەو کەسەی بیەوێ بگاتە مەبەستێکی تایبەتی پێویستە یەك ڕێگا بگـرێ، نەك چەن ڕێگایەك. ((سینیکا))

❖ ئەگەر سەر نەکەوینە سەر شاخەکان، نازانین ئاسمان چەندە بەرزە.

❖ ئەوەی لە گەڵ سەگدا بخەوێ، لە گەڵ کچێدا هەڵدەستێ.

❖ ئەفریقی یەکان دەڵێن ((ئەو زمانەی کە ئێسکی تێدا نی یـە. ئـەم بـچکۆلە لاوازە بۆی هەیە بپلیشێنێتەوەو بکوژێ)).

❖ ئەو کاتەی مرۆڤـ بـرادەری ڕێـك و پێـك دە دۆزێتـەوە. ئـەو کاتـە کۆمـەڵ درووست دەبێ. ((ئەمرسۆن))

❖ ئەو کەسەی لە گەڵ برادەرەکەیدا چاکە دەکا، چاکە لە گەڵ خۆیدا دەکا. ((ئیرازمۆس))

❖ ئەوانە دەوڵەمەندن، کە برادەری موخلیسیان هەیە. ((تۆماس فۆلەر))

❖ ئەگەر مرۆڤەکان قسەیان بکردایە، مێژوو دەبـووە کۆمـەڵێك درووی هـیچ و پووچ.

❖ ئەگەر سگ برسی بوو، چاو کوێر دەبێ.

❖ ئەو کەسە بەهێزە، ئەگەر تووانای بە سەر خۆیا هەبێ. ((سینیکا))

❖ ئەو کاتەی ماڵی یەکێك پڕ دەبێ لە سەگی کێوی، ئەو کاتـە پێویـستە بـۆ ئاشتی بگەڕێن لە جێگایەکی تر. ((بێرڵ باك))

❖ ئەو ژنانەی كە ناسراون،ژنانی خۆشەویستی یە،باوكی هەڵەیەو دایكی پێویستی یە.

❖ ئەوەی مەڕ بێت، گورگ دەیخوا. ((فەرەنسی))

❖ ئەو كەسەی ئیشی نی یە، هەموو ڕۆژێكی جەژنە. ((تیوقرتیس))

❖ ئەگەر گەوجی پێشكەوت، ژیری دەگەڕێتەوە. ((یابانی))

❖ ئەم ژینە گاڵتە جاڕی یە، بۆ ئەوەی بیر دەكاتەوە، ئەشكەنجەیە بۆ ئەوەی دەیزانێ.

❖ ئێمە گوێمان لە دەنگی چەپڵەی هەر دوو دەستە، ئایا دەبێ چەپڵەی یەك دەس چۆن بێ ؟!

❖ ئەگەر هەموو زانا بوینایە، كێ گوێی لێمان بگرتایە.

❖ ئازار، مرۆڤی بە شەرەف ناگرێنێ، بەڵكو وای لێ دەكات پێكەنێ.

❖ ئەو گوڵەی زۆر كەس بۆنی كا، بۆنی نامێنێ. ((ئەسپانی))

❖ ئەگەر خوا لە ناختا بێ، دوو دڵیت نی یە. ((شی گنك))

❖ ئەوەی دەزانێ، لە گەڵ ئەوەشدا بڕوای وایە نازانێ، ئەمە لایەنێكی زۆر ژیری یە، ئەوەی نازانێ و بڕوای وایە كە دەزانێ ئەوە نەخۆشە. ((لاوتزۆ))

❖ ئازاری ئاگر، یا ئاو، یا دز، تەنها بۆ لەشە،بەڵام ئازاری بیرو باوەڕ بۆگەن، بەمێشك دەگا.

❖ ئەو كەسەی خزمەتی دایك و باوكی نەكا، بۆ ڕەزا بوونیان هیچ كاتێ جێگەی باوەڕی دراوسێكەی نابێت. ((منسیۆس))

❖ ئەگەر قسەی شرین بوو، دەنگ دانەوەكەی شرین دەبێ، ئەگەر ڕەق بوو، دەنگدانەوەكەشی ڕەق دەبێ،ئەگەر لەشیش درێژ بوو، سێبەریش كورت دەبێ، ناودانەوەش وەكو دەنگدانەوە وایەو ڕەوشتی دەرەوەیش هیچ نی یە تەنها سێبەر نەبێ.

❖ ئەو پیاو ژنەی کە بە ئاسانی یەکتری دەناسن ئەوانە خۆشەویستی هەرزان بەهان،ئەو کەسانەی بە زوویی دەبنە برادەر،ئەوانە برادەری هەمیشەیی نین.

((توت توت))

❖ ئەکتەر پەیکەر تاشێکە، لە بەفر دەتاشێ. ((لۆرنس بارێت))

❖ ئەو کەسەی نەڕوا بۆ شانۆگەریی، وەکو ئەو کەسەیە بێ ئاوێنە خۆی برازێنێتەوە.

❖ ئەو خوایەی کە ژیانی داوە بە ئێمە، لە هەمان کات دا سەربەستیشی داوە پێمان.

❖ ئەو پیاوەی لە گەڵ ژنەکەیدا بەختیار بێت، هەموو شتێك دەتوانێ بکات.

❖ ئەوەی مرۆڤێك بکوژێ پێ ی دەڵێن خوێن ڕێژ،ئەوەی ملیۆنەها کەس بکوژێ پێ ی دەڵێن داگیر کەر،ئەوەی هەموو مرۆڤ بکوژێت پێ ی دەڵێن خوا.((جان رۆستان))

❖ ئێمە پیاوی ژیر نادۆزینەوە، تەنها ئەوانە نەبێ کە هاوکاریمان لە گەڵدا دەکەن.

((لارو شنوکو))

❖ ئەی خۆشەویستی تۆ خوای شەڕی، لە پاش ئەو هەموو شتە ناتوانین بڵێن شەیتانی. ((ئەللۆرد پایەرۆن))

❖ ئەو درووییەی کە نیوەی ڕاستە، لە هەموو درۆکان ڕەشترە. ((تنیسۆن))

❖ ئەگەر لە بگرەو بەردەیەکدا ڕەوابویت، وەکو پیاو بگرەو بەردە بکە،ئەگەر لە سەر هەڵەش بویت، ئەوا وەکو ژن بگرە و بەردە بکە.

❖ ئەگەر ویستت خەڵکی بە درۆزنت دانێن، ئەوا هەردەم ڕاستی بڵێ.

❖ ئەو کەسەی باوەڕی وایە، کە دەتوانیت وەلامی هەموو پرسیارێك بداتەوە هیچ پرسیارێکی لە خۆی نەکردووە.

❖ ئەو لاوەی هیچ نەگرپاوە كێوی یەو ئەو پیرە مێردەی كـە هـیچ پێنەكـەنی وە شێتە.

ئەگەر هیچ ڕێگایەك نەبوو بۆ دز، دزی بكا، ئەوا خۆی بە پاكترین مرۆڤـ دەزانیٚ.

((شاتۆ بریان))

❖ ئەگەر ویستت نرخی پارە بزانی، هەوڵدە هەندێكی لیٚ قەرز كە.

((فرانكلین))

❖ ئەو كەسانەی تاوان لە ناخیانا هێلانەی كردووە، وا دەزانن هـەموو چاوێك ژوورەوەیان دەبینیٚ. ((شكسپیر))

❖ ئا لە وێدا پەنجا پیاو بڕیاری لە ناو بردنی دەدریٚ، بۆ یەك ئافرەت.

((ڤولتێر))

❖ ئازاردان، هونەری تاقی كردنەوەیە، لە نێوان بیرەكاندا.

(مەدام دۆستالیٚ))

❖ ئەو كاتەی بمەویٚ لە گەڵیٚ پیاوێكدا بگرەو بەردە بكەم، یەك لە سـەر سـیٚ بەشـی كـاتم بـە خۆمـەوە ڕادبـوێرم كـە چـی بڵـێم.دوو بەشـەكەی تری،بـەوە،بیر دەكەمەوە كە چی دەڵیٚ. ((ئەبراهام لنكۆڵن))

❖ ئەوانەی پەیكەری یادگاریـان بـۆ دەكـریٚ پێویـستیان پـیٚ نـی یـە. ((كـین فاولەر))

❖ ئەو ئیشە بچووكەی كە لیٚ ی دەزانی، بەستە. ((ماركۆس ئوربلیوس))

❖ ئەو مۆسیقایەی كە من و تۆ گوێمان لیٚ بو، لە مۆسیقا زیاتر بـو. ((كـۆنراد ئایكن))

❖ ئۆرفێوس، بـە تارەكـەی وای لـە دارو بـەفری سەرچیاكان كـرد لـە كـاتی گۆرانیدا سەری بۆ دانەوێنن،لە سەر لێدانی مۆسیقای ئەو، سـەوزی و گوڵیٚ،مـژدەی بەهاری دا وەكو هەتاو چۆن مژدەی ئاوەنگ دەدا. ((شكسپیر))

❖ ئەگەر هەر دوو چاو،بۆ تەماشا درووست کرابێ، جوانی بەڵگەیەتی.

((ئەمرسۆن))

❖ ئەوەی کە زیاتر ژن تورە دەکا، پێ ی بڵێن پیرێژنی. ((ئەریوستۆ))

❖ ئەگەر هونەرمەند ویستی لە هونەرەکەیدا بەرز بێتەوە پێویستە کچ لە دڵیا دوور خاتەوە. ((کبلنگ))

❖ ئەو کەسانەی هەمان کتێب دەخوێننەوە لە نێوانیانە پەیوەندی یەك هەیە.

((لامارتین))

❖ ئەوەی دیزانم ئەوەیە کە لە ڕۆژنامە دەیخوێنمەوە. ((ووڵ رۆدجەرز))

❖ ئەو مرۆڤە شارستانی یەت نی یە ئەگەر هەموو کات بە پەلە بێت.((وێل دۆرانت))

❖ ئەو پیاوەی عەیبەکانم دەر دەخا لە بەردەمی خەڵکدا گەورەمە،ئەگەر خزمەکارشم بێ. ((گۆتە))

❖ ئەوەم خۆش دەوێ، خەون بە شتێکەوە ببینێ کە نابێ.

❖ ئەی چۆلەکە،ئەی براکەم پێویستە مەلە بکەی و ئەو کەسەت خۆش بوێ کە دروستی کردووە،چونکە پەڕی داوە پێت بۆ ئەوەی بفڕی،تۆی لە هەموو گیان لە بەرەکان زیاتر نرخی داویتێ. ((ئیتالی))

❖ ئەو قوتابییەی مامۆستاکەی تێپەڕ نەکا بێ نرخە. ((لیونارد))

❖ ئەندامانی لەش یەك لە گەڵ یەك هاوکاری دەکەن، لە کاتی نەخۆشیدا. تەنها مرۆڤی لە خۆ بایی بوو نەبێ کە دەستی یارمەتی بۆ برای مرۆڤی درێژ ناکا.

❖ ئەگەر نانت ڕەش بوو، ڕۆژەکانتیش ڕەش دەبێ. ((ئەنتون تشیخۆف))

❖ ئەگەر لە تەنهایی دەترسی ژن مەهێنە. ((ئەنتون تشیخۆف))

❖ ئیشی چاکە هەرگیز وون نابێ.

❖ ئەفلاتوون خۆشەویستە لەدلّما،بەلاّم ڕاستی زیاتر خۆشەویسترە لە دلّما.
((ئەرستۆ))

❖ ئەم جیهانە جێگای ناخۆشی یە،مرۆڤیش درووست بووە بۆ ئازار چێژتن وەكو پرشكی ئاگر لە ئاسمانا،پرش و بلاّودەبێتەوە. ((جیرۆم.ك.جیرۆم))

❖ ئەو ئافرەتەی لە تاریكیدا لە پشت پەنجەرە كراوەكەوە دەگری،وەكو ئەوە وایە لە یەكێك داوای كەمێ خۆشەویستی بكا.

ئەگەر سەربەستی توانی ئیشو كاری خۆ بەرێتە ڕێوە، ئەو كاتە دیموكراتی یە.
((ریمۆن دۆس باسۆس))

❖ ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە ڕاستی یەكە،وەكو خەونێكی درێژ، خەونی مرۆڤی قورس و لێلّ.

❖ ئیش كردن برادەر درووست دەكا. ((گۆتە))

❖ ئا لێرەدا نهێنی وبەختیاری و پاكێتی هەیە،ئەویش ئەوەیە مرۆڤ حەز لە چی بكا بیكا. ((ئەلدۆس هكسلی))

❖ ئەو شتە تاقانەی كە دەبێت لێ بترسین،ترس خۆیەتی.((فرانكلین دیلاتۆ رۆزفلّت))

❖ ئێمە هەموومان لەسەر ڕابوردوو دەژین،بۆ ڕابوردووش خۆمان دا دەڕژێنین((گۆتە))

❖ ئەوەی گوێرەكەیەك بدزێ مانگایەكیش دەدزێ.
((بترونیوس))

❖ ئەی ئەستێرە پرشنگدارەكە، بۆچی ئارام و وەستانت نی یە. ((كینس))

❖ ئایا بیرەوەری كۆن، خۆشی ئێستای درووست نەكردووە ؟! ((ئەدگار ئەلەن بۆ))

❖ ئەوەی نایبینین،دتوانین بلێین نازانین. ((گراهام گرین))

❖ ئافرەتـــان خـــاوەنی زیرەكـــی ترســـناكن،لە ڕووخانـــدنی پـــڕۆژە سەرنەكەوتووەكان،یەكەســـەر پرۆژەیـــەكی تـــازە درووســـت دەكـــەن. ((گراهام گرین))

❖ ئازاردان گوناهە. ((گراهام گرین))

❖ ئێمە زنجیر هەڵدەگرین كەچی چاومان نابینێ،ئێمەكویلەین وكەچی دەڵێن ئێمە سەربەستین. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ ئەوەی مرۆڤ كۆی كردۆتەوە، سروشت بێدەستەلاتە بۆ بڵاوكردنەوەی. ((ئەڵدۆس هكسلی))

❖ ئەگەر خزمەتی میللەت نەكەم، ئەی خزمەتی كێ بكەم. ((م. ع))

❖ ئەوەی بە تەنها سەفەر بكا، بە پەلە سەفەر دەكا. ((ردیارد كبڵنگ))

❖ ئامۆژگاریێكەت هەرچی بێ كورتی كەرەوە. ((هۆراس))

❖ ئێمە تەنها جارێك دەمرین، ئەویش بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ. ((مۆلێیر))

❖ ئەگەرمن ڕۆیشتم بۆ ئاسمان، حەز دەكەم بیرەكەم لەگەل خۆما هەلگرم. ((ئەنقر سۆڵ))

❖ ئازایەتی هەمیشە كوێرە. ((بیكۆن))

❖ ئەوانەی لێرە نین هەمیشە لە سەر هەڵەن. ((فەرەنسی))

❖ ئەوەی زۆری خۆش ویست، ڕقی لە زۆریش دەبێتەوە. ((فەرەنسی))

❖ ئەوەی بریسكەی بێ، زێڕ نی یە. ((فەرەنسی))

❖ ئەوانـەی دەرەنـگ دێـن بـۆ سـەر مێـز، لـە ئێـسك زیـاتر هـیچ نادۆزنـەوە. ((لاتینی))

❖ ئەگەر ئاشتیت دەوێ خۆت ئامادە كە بۆ شەڕ. ((لاتینی))

❖ ئەوەی ئازاری خەڵكی بدا، ئازاری خۆی دەدا.

❖ ئەو پیاوەی کە لە مەیدانی پێشبڕکێ دا پارەی دەس دەکەوێ، ئەو کەسەیە کە جووتەو گسك هەڵدەگرێ. ((ئێلبەرت هابارد))

❖ ئەموستیلەی ژن هێنانی ڕاستی لە ئەڵماس دەبێ، بێ گومان بەردی ژن هێنان، بەردی دەستارە.

❖ ئەو مرۆڤەی ژیانی و وێنەی خۆی بە هیچ دانێ نەك هیچ و پوچە، بەڵکو مرۆڤێکە تووشی جۆرە بێ دەسەلاتی یەك بووە لە ژیاندا. ((ئەلبەرت ئەنیشتاین))

❖ ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە، خەونی درێژو قورس و شێواوی مرۆڤە.((شۆنبهاوەر))

❖ ئای چەند سەرکەوتوو دەبن ئەوانەی شەڕ دەکەن، بەبێ ئەوەی شەڕیان خۆش بوێ. ((ئەنداری مالرۆ))

❖ ئەگەر دەتەوێ لە ڕەخنە دوور بیت، هیچ مەڵێ،هیچ مەکە،هیچ مەبە.

❖ ئەو پیاوەم خۆش دەوێ بزە بیگرێ، کەتێ دەکوشێ. ((ونستۆن چیرچل))

❖ ئەو پیاوانەی کە لە لام گرنگن، ئەوانەن کە سوودم پێ دەگەیەنن.((نابولێون))

❖ ئەو وولاتە ئازادە، کە ڕێزی مافی مرۆڤ دەگری و یاسای تێدایە و لە دووایشدا عادیلە. ((رۆبسییر))

❖ ئاشتی، بەهێز ناپارێزرێ بە لەیەك گەیشتن دەپارێزرێ. ((ئەلبەرت ئەنیشتاین))

❖ ئەوەی لە دوواکاتدا پێکەنێ، چاك پێ دەکەنێ. ((وێژەیەکی کۆنە))

❖ ئـەو ڕۆژەی کـەوون بـووە، ئـەو ڕۆژەیـە کـە مرۆڤــ تێـدا پــێ ناکـەنێ. ((شامفوور))

❖ ئەوەی لەم کاتەدا لە ڕابواردن دوور کەوێتەوە، لە پاشە ڕۆژدا ڕابواردنێکی زۆری بە تووشەوە دەبێ. ((دیجۆن هایوود))

❖ ئەمڕۆ بژی، ڕاڕابی کۆن لە بیرکە. ((ئەبیقور))

❖ ئێمـە هــەموو مرۆڤــ تاوانبــار دەکــەین ودەڵێن،خــاڵی لاوازی خۆیــان نازانن،بەڵام کەمیان خاڵی بەهێزی خۆیان دەزانن مرۆڤــ وەکـو ئـەرز وایـە کـە زۆر جار دەمارەزێڕێکی تێدایە و خاوەنەکەی نایزانێ. ((جۆناسان سویفت))

❖ ئەگەر هێزم بووایە شتم لە یاد بچێت، ئەوا هەموو یادێکی مـرۆڤم دەسـڕی یـەوە کـە پڕبـوو لـە نـاخۆش و ئـازار. ((تـشارلز دیگنز))

- ب -

❖ بەشی یەکەم گومانی لێ دەکرێ، بەڵام دەڵێن دووا شانۆگەرێ یەکە پەنجە بۆ ڕۆمانەکە ڕادەکێشی. ((ڕۆبەرت هێریك))

❖ بەکار هێنانی مێشك لەو ڕێگانەدا بەیەك دەگەنەوە.کار و باری نەخۆشخانەکان کەم دەکاتەوە.

❖ بە سەدو پەنجا جۆر دەتکوژم. ((شکسپیر))

❖ بێزاری لەم جیهانەدا ئەوەیە کە بێ ئەقڵەکان لە خۆیان ڕازین و ئاقڵەکان لە خۆیان بەگومانن. ((برتراندرسل))

❖ بە نرخترین کراسی ژن ئەو کراسەیە کە زیاتر بەرووتی ببینرێ.

❖ بێ ئەقڵێکی هەژار بێ ئەقڵە،بێ ئەقڵێکی دەوڵەمەند،دەوڵەمەندە.((پۆل لافیت))

❖ بێ دەنگی ئەو تەنها شتەیە کە لە ژێرەوە،ژن قینی لێ یەتی ((ماری ولسۆن لیتلێ))

❖ باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی خەڵکی باباشی باسمان بکەن،پێویستە چاکەیان لە گەڵدا بکەین. ((فۆلتێر))

❖ برادەری تەنگانە، بەڕاستی برادەرە. ((رتشارد گریفن))

❖ باوەڕ بەو کەسە مەکە کە لە بەردەمتا وەك قەشە وایە. ((تۆماس فۆلەر))

❖ باش تێگەیشتن، کوتاڵێکی دانسقەیە. ((بۆفی))

❖ بزمارێك، بزمارێکی تر دەردەکا. ((فەرەنسی))

❖ ببەرە هەنگوین، مێش دەتخوا. ((ئیتالی))

❖ بۆ هەموو شتێکی باش، لەیەك کەسا مەگەڕێ.

❖ بەبێ ئاوێنە ئافرەت چۆنێتی دەم و چاوی نازانێ، پیاویش بەبێ برادەرێکی چاك هەڵەكانی نازانێ.

❖ بەپیش بە فەیلەسوف نابێت. ((لوقیان))

❖ بڕیارەكانی دڵداری ناگەیەنرێتە گوێ خوا،دز،دز دەناسێ و گورگ گورگ دەناسێ.

❖ با لە وورە بەردانمان هێزێك پەیداكەین. ((سینیكا))

❖ بیری گەورە چاوگەی دڵە. ((سینیكا))

❖ بستە بالاً ئەگەر لە سەر شاخیش وەستابێ گەورە نابێ. ((سینیكا))

❖ بەهێز ئەوە نی یە كە هەمیشە لە جەنگدا سەر كەوێ، لاوازیش ئەوە نی یە ئاشتی بدۆڕێنێ. ((هـ ج ویك))

❖ بە بیرتا بێت كە كات، لە سامانەوەیە.

❖ بۆ مرۆڤ هەیە تۆڵە بسێنێ، ئەگەر تۆڵەكە بچووكیش بێت،تۆڵەسەندن چاكە بۆ ڕەوشتی ئادەمیزاد و لە وێوە لێ بوردن، لە دایك دەبێ.

❖ بڕیاری چاك،چەك (صك)ی ڕاكێشراوە لە بانق، كە هیچ حیسابمان تێدا نییە.

((ئۆسكار وایڵد))

❖ باشتر وایە هەڵسوكەوتت باشتربێ لە گەڵ برادەرەكانتا، نەك تۆزێ دوژمنەكەت خۆش بوێ. ((ج.ك. تشترۆن))

❖ بیرو باوەڕی گەورە نەك تەنها پێویستی هەیە بەباڵ، بەڵكو پێویستی بە پیپلكان هەیە بۆ نشتنەوە. ((ج.ك. تشترۆن))

❖ باش لە وتەكانت وردبەرەوە،هەرچەندە مەبەستت نی یە هەڵە بكەیت،زۆریش گرانە بە تەواوی ڕاستی بڵێ ی.

❖ برادەرەكانمان ئەوەی لە ئێمەدا دەیدۆزنەوە، پەراوێزی خۆیانە.

❖ بۆچی شاعیرەکان بە گوڵەوە گۆرانی دەڵێن؟لێ گورێن بپشکوێی لە قاسیدەکانتانا.

❖ بۆخۆت لە زێڕوزیو خوات درووست کردووە، ئیتر لە نێوان تۆو بت پەرستا فەرق چی یە ؟ ئەو بتێك تۆ سەت بت دەپەرستی. ((دانتی))

❖ بۆ ئەوەی نەگەی بە هیچ جێگایەك، دووای جەماوەر بکەوە.

❖ بۆچی سروشت بە بیرکەرەوەی بچووك، دەنگی گەورە دەدات ؟.

❖ باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی بگەی بە شەمەندەفەر،ئەوەیە شەمەندەفەری ڕابوردوو تێپەڕ بو بێ. ((ج٠ك٠ تشترۆن))

❖ بە یادتان بێتەوە، ئەی سەربەستەکان، ئەو ووتەیە کە دەڵێ : (دەتوانین سەربەستی وەدەس بێنین – بەلاّم زۆر گرانە جارێکی تر بیگێڕینەوە ئەگەر لە دەستمان دەرچوو). ((ڕۆسۆ))

❖ بەشی زۆری کاتی نووسەر لە خوێندنەوە تەواو دەبێ تاکو بنوسێ، مرۆڤیش پەڕەی نیوەی کتێبخانە یەك هەڵدەداتەوە بۆ ئەوەی کتێبێ بنوسێ.

((سمۆئیل دجونسۆن))

❖ بە ووشە،ووشە،کیتاب درووست دەبێ. ((وێژەی فەرەنسی))

❖ بە بێ زانینی هێزی ووشە،زۆر گرانە مرۆڤ بناسی. ((کۆنفۆشیۆس))

❖ باشی جۆرێکی تایبەتی یەلەڕاستی و جوانی،بەلاّم ڕاستی لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی یە

((هـ٠أ– ئۆفەرستریێت))

❖ بەختیاری لە خۆشیدا تەواو نابێ، ئەگەر هەموو بە ڕاست و ڕەوان نەبێ.

❖ بەختەوەر، قورقۆشمی لە بەر دەست بەزێڕ دەبێ. ((بترونیوس))

❖ بە بێ پارە، ئەگەر مرۆڤ لە وولاّتی خوێدا نەبێ، ئەوەی ڕێزی بۆ ڕادەکێشێ، نازناو نی یە، بەڵکو پارەکەیەتی.

❖ بەشێك لە بەختیاریمان، دەکەوێتە سەر زیرەکیمان، لە هەڵبژاردنی هاوڕێ کانمان. ((کارلۆ گۆڵدۆنی))

❖ بەختیاری تەواو لە دڵداری دا، ئەوەیە،دەس درێژو پارە دەربیت،بەبێ ئەوەی یاد لەوە بکەیتەوە بەرامبەرەکەت هیچت بداتەوە.

❖ بیرکردنەوە،وەکو خۆشەویستی و مردن وایە، هەر یەکە لە ئێمە پێویستە خۆی پێ هەڵسێ. ((جۆزایا رۆیس))

❖ برادەری دڵسۆز، دەرمانی ژیانە.

❖ بیرەوەری،دەبێ بۆنێکی ووشکی هەبێ. ((جیرار بوێر))

❖ برادەری،ووشەیەکە،تەنها بەچاپ کراوی بیبینین گەرمایی بەدڵ دەدا. ((ئۆگستین بیریل))

❖ بێ ناوی، چاترە لە بەد ناوی.

❖ بناغەی کۆمەڵ، لە سەر ڕاست پەرستی دانراوە.

❖ بیر لە کامەرانی بکەرەوەو درووستی بکە، دەبینی لە نێو دەستایە.

❖ بۆ خەونەکانی لاوەکان، دڵسۆز بن. ((شیلەر))

❖ بۆ ئارەزووی بەشی دووەمی ژیان،بەشی یەکەم بە سەر دەچێ دووەمیش بەسەر دەچێ بە داخ خواردن بۆ بەشی یەکەمی ژیان. ((شامنوور))

❖ باشترین ووتاربێژ، مێرولەیە.٠ چونکە هیچ ووشەیەك ناڵێت ((بنیامین فرانکلین))

❖ بەختەوەر تەنها ئەوەیە، ئەو کات ژمێرەی تێدایی پڕی کەیتەوە. ((ئەمرسۆن))

❖ بەردەوام بوون و ئارام گرتن، دایك و باوکی، سەرکەوتنە.

❖ بترسە لەو کەسانەی کە ژێر دەکەون، ڕەنگە بیانەوێ چمکی قالێکە ڕاکێشن.

- پ -

❖ پیاوی (ڕەش بین) پێش تەمەنی چل وهەشت ساڵ زۆر شت لەوە دەزانێ، ئەوەش (گەش بینە) لەدووای ئەو تەمەنە. ئەوەندەی پێویستە،لێ ی نازانێ((مارك تۆین))·

❖ پێكەنینی چاك،هەتاوێكی هەڵهاتووە· ((ساكری))·

❖ پێكەنەو قەڵەوبە گەورەم. ((بن دجونسۆن))·

❖ پێویستە پیاوێكی ژێر بیت تاكو شوناسی لەگەڵ پیاوێكی ژیردا پەیداكەی. ((زنیۆفانیس))

❖ پێویستە لەسەر هونەرمەند لە دوو گوێ زیاتری هەبێ. ((لامەریتن))

❖ پەرتووك كلیلی گەنجینەی ژیری یە· ((یەكێك))

❖ پێویستە مێژوو نووس وردو ئەمین و بێ لایەن بێ نابێ خۆ پەرستی و ترس و كینەو عاتیفە، لە ڕێگەی ڕاست لایان بدا. ((ماكۆلی))·

❖ پێویستە لەسەر لاوەكان،سەفەر بكەن، ئەگەر تەنها بۆ خۆیانیش بێ. ((بایەرۆن))

❖ پاش ئەو هەموو وتەو كارە، دەردەكەوێ ئەوەی ووتراوە زیاترە لەوەی دەكرێ.

❖ پیاوی ژیر، زۆر شت لەهەڵە درووست دەكا، لەوەی كە دەیدۆزێتەوە·

❖ پرسیاریان لە نابلیۆن كرد، چی پاڵی نایی كە لیژنەیەك درووست كەی بۆدابەش كردنی ((شەرەف))،زەردەخەنەیەكی بۆ كردوو وتی :چونكە خەلكی بە شتی هیچ وپوچ دەخەڵەتێن.

❖ پیاوی ئازا، سەربەستە·

❖ پیاو، ئەوەی پێویستە بێتە یادی، لە یادی دەچێ·ئافرەت ئەوەی پێویستە لە یادی بچێ هەمیشە لەیادێتی.

❖ پەروەردە، ئەو توانایەیە کە باسی کچێکی جوان بکەیت بێ ئەوەی دەستت بەکار بێنی.

❖ پێویستە نەتەوە، بەهێز بێت، نەتەوەیەک ئامادەی ئەوە نەبێت بمرێ لەپێناوی سەربەستی خۆیدا، لەژیان دا خۆی دەدۆڕێنێت.((مۆرا))٠

❖ پیاوی ماندوو بۆ گیرو گرفت دەگەڕێ ((سینیکا))٠

❖ پەروەردە، دەستکردی قوتابخانە نی یە، بەڵام جۆرێکە لە چاکە کە مرۆڤ لەناخی دا هەڵی گرتووە. ((لویس برومفیلد))

پێویستە بژین، سەرەڕای ئەوەی زۆر کەس لە ئاسمانەوە کەوتوونەتە خوارەوە.

((د٠هـ٠لورنس))

❖ پیاو هەڵەی خۆی لە یاد دەچێ ئەگەر ڕۆیشت بۆ یەکێکی کە بەڵام ئەوی تر، لە یادی ناچێت. ((نیتشە))

❖ پێش شۆڕش هەموو شتێك هەوڵدان بو،پاشان هەموو وەرگەڕا بۆ داواکاری((گۆتە))

❖ پێویستە مرۆڤ بیری بێ خەوش بێ و دەروون پاك و لەش ساغ بێ٠

((ئەنتۆن چیخۆف))

❖ پیاوێك، بەبێ سمێل، وەکو ژنێك وایە سمێڵی هەبێ٠ ((ئەنتۆن چیخۆف))

❖ پشیلە، لە ڕاونانی مشك، واز ناهێنێ. ((ئەڵمانی))

❖ پیاوی سەرکەوتو، حەز دەکا لەقسەکردنا لەسەر خۆ بێت و لە هەڵسو کەوتیا زۆر (جدي)بێت ((کونفوشیۆس))

❖ پیاوی سەرکەوتوو بە هێزە، بەڵام شەڕ کەر نی یە،بە زۆریش تێکەڵاوی خەڵکی دەبێ، بەڵام کۆمەڵێ پێکەوە نانێ.

((کونفوشیۆس))

- ❖ پاداشت نی يە، بۆ ئەو كەسەی هەڵە دەدۆزێتەوە.
- ❖ پياوان ئيش درووست دەكەن و ژنان پياوان.
- ❖ پرسكردن، داواكردنە لەوی تر كە ڕای لەگەڵ ڕامان دا بێت ((ئەدريان دۆكورسيل))
- ❖ پاڵەوان لە پاڵەوانێكی كە ئازاتر نی يە، بەڵكو پاڵەوانە بۆ ماوەی پێنج دەقيقە لەيەكێكی تر.
- ❖ پارە خزمەكارێكی چاكەو گەورەيەكی خراپە. ((فەرەنسی))
- ❖ پياوی زيرەك، دەكاتە، دوو پياو. ((فەرەنسی))
- ❖ پياو دەتوانێ واز لە باوكی بێنێ ئەگەر دادوەريش بێ،بەلأم ناتوانێ واز لە دايكی بێنێ، ئەگەر سواڵكەريش بێت.
- ❖ پێويستە يەك هێلانە، لەسەر يەك دار درووست بكرێت. ((تيوقرتيس))
- ❖ پياو لە بەختياری و خۆشەيستی دا پێويستی بە تەنهايی هەيە،پێويستشی بە كۆمەڵ هەيە بۆ ناودارێتی. ((ستندال))
- ❖ پێم بڵێ كێ يەكەم جار ماچی دۆزی يەوە ؟ ئەو دەمە پشكۆيە پيرۆزە.
- ❖ تەنها لە ماچ نەبێ، لە هيچی تر يادی نەكردۆتەوە. ((هاينريش هاينی))

پێويست ناكات شەوان نەخەوی بۆ سەركەوتن،تەنها ئەوە هەيە ڕۆژ بەخەبەر بيت. ((ئەڵمان))

- ❖ پێم بڵێ لە گەڵ كێدا هەڵدەستی،پێت دەڵێم تۆ كێ ی. ((سرفانتس))
- ❖ پياوی چاك ژنی چاك دروست دەكا. ((ڕۆبەرت برتۆن))
- ❖ پياوی بە شەرەف،هەموو كەس ڕێزی لێ دەگرێ. ((وليام هازلێت))
- ❖ پزيشك دەتوانێ خۆی بنێژێ، بەلأم ئەندازيار ناتوانێ،تەنها ئەوە نەبێ كە بەو كەسە بڵێ هەندێ درەخت بۆ شاردنەوە بروێنە.

- ج -

❖ جوانــه پیــاو چــاکه بکــه —بــەلاّم لــه گــەڵ کــیّ دا،ئەوەیــه مەســەلەکه. ((لافونتین))

❖ جۆگەله به ئارەزووی خۆی دەڕوا. ((وردزورس))

❖ جوانی،جوانی ڕادەکێشێت. ((هنت))

❖ جوانی ڕاستی یه، ڕاستیش جوانی یه. ((کێتس))

❖ جوانی،هەرگیز نامۆیه. ((بۆدلێر))

❖ جوانی،بەخشندەیەکی خواییه،ئای چەندە ژمارەی ئەوانه کەمن که خۆیان هەڵدەکێشن به جوانی یەوە. ((ئۆفید))

- چ -

❖ چەن بەختیارە ئەو كەسەی كە دڵی بە منداڵەكانی خۆشە. ((تۆماس فۆلەر))

❖ چاك وایە منداڵەكانت،بەخۆتەوە بگریت بە ڕێزو نەرم و نیانی،نەك بە خۆتەوە بیان گری بە ترسەوە. ((تێرنەس))

❖ چی لەوە گەورە ترە،كوڕێك ناوداریێتی باوكی هەبێ و باوكێك ڕەوشتی كوڕەكەی جێگای پیاوەتی بێ. ((سۆفوكلیس))

❖ چۆن یاسا پێویستە بۆ پاراستی ڕەوشتی چاك هەروا پێویستە ڕەوشتی چاك بۆ جیێ كردنی یاسا. ((مكیافیللی))

❖ چاكترین دەرمان كە دەیزانم بۆ ڕۆماتیزم ئەوەیە كە سوپاسی خوا بكەن تووشی (فیێ) نەبوونە. ((ج بیلنگن))

❖ چیێ ؟! ئا ئەمە پیاوێكی خراپە ؟ ئەمە دەتوانیێ، هەزار كەس خراپ كا.

❖ چەند بەختەوەرە، ئەو كەسەی بیەویێ، لە دەریای هەڵە هەڵیێ. ((گۆتە))

❖ چەن ووشەیەكی كەم، بەڵام لە دڵێكی پڕ ڕاستی یەوە. (لۆكان)

چاك وایە قەرز بدەی، نەك قەرز بكەی، هەردوكیان هەر یەك نرخیان هەیە.

((فیلیب گێبن))

❖ چاكتر ئاوێنە، برادەرێكی كۆنە. ((جورج هەربرت))

❖ چاك وایە، لە هەژاریدا ڕاست بیت، نەك دەوڵەمەندو گێڕ بیت.

❖ چۆلەكەی كێڵگە بچووكەكان خوایان هەیە،كە خواردنیان بۆ دەنێریێ.

((سرڤانتس))

❖ چۆلەکەکە مردنی نزیك دەبێتەوە، جیگە جیگەی خەماوی یە، مرۆڤـ کە نزیك مردن دەبێتەوە، ووشەکانی خۆش دەبێ. ((کونفوشیۆس))

❖ چاك وایە ژیانی مرۆڤیێ رزگارکەیت، نەك پەرستگایەکی حەوت نهۆمی درووست بکەیت. ((صینی))

❖ چاك وایە لە نزیكماڵەکەتەوە خێر بکەیت، نەك هەزار میل ببڕی و بڕۆی بۆ زیارەتی حەجێکی ئایینی. ((صینی))

❖ چاکە بکەو بە تەنها بیکە.

چاك وایە خواردن بە خەڵك بدەی، نەك بە ووشە خواردن،بخەیتە دەمیانەوە.

((شۆشویهمۆ))

❖ چۆن گوێمان لە دەنگی هەڵۆ دەبێ کە بە سەرمانا تێ دەپەڕێ، هەروا ناوی مرۆڤـ دەمێنێ لە پاش مردنی.

❖ چاکەیەکی کەم، خۆشی یەکی زۆرە. ((هۆمیرۆس))

❖ چاك وایە شتی جوان دووپات و سێ پات بێتەوە. ((ئەخیلۆس))

❖ چاك وایە مرۆڤـ چەکە شکاوەکەی بەکار بێنێ، نەك بڵێ خوێن، خوێنی دەوێ

((شکسپێر))

❖ چاك وایە مرۆڤـ هەندێ جار جم وجوڵی زۆر بێ، نەك بیرکردنەوە بەسەریا زاڵ بێت

((لویس برۆمڤیلد))

❖ چاکە، چاکەیەو خراپە، خراپەیە، جا بۆ چاکە نەکەین. (م٠ ع)

❖ چەندە ڕێگەی ژیان دڕکاوی یە،چەندە گران و قورسە ڕێگەی سەرکەوتن بۆ ئەوەی بی بڕێ،تاکو بگاتە ترۆپکەی ڕاستی.

❖ چەندە خۆشەویستی جوان بە باوە لە لای لاوەکان ئەوەندە ڕێك و پێك نی یە بۆ ئەو کەسەی کە تەمەنیان بەسەر چووە.

- د -

❖ دڵداری وەکو دار گوڵ وایە، کە گوڵێك سیس دەبێتەوە،خونچەیەك دەکرێتەوە.

❖ دڵ،خوان نی یە، بۆ هەموو کەس ڕابخرێ.

❖ درۆ دوو پێ ی هەیە،بەڵام ئابڕو چوون باڵی زۆرە.

❖ دۆزەخ ئەی ژن، ئەوەیە مرۆڤ لە دڵداری بوەستێ. ((جیراربوێر))

❖ دوژمنەکان،دوژمنایەتیان لە گەڵما کرد، کەچی خۆم باشترین دوژمنی خۆم بوم.

❖ دڵداری،تەنها باشە لە ژیانی پیاودا،بەڵام مێژووی ژنە، بە درێژایی تەمەنی.

((مەدام دۆستاڵ))

❖ دان نان بە چاکەدا،برادەری کۆن دەپارێزی و برادەری تازە دروست دەکا.

((وتەیەکی ئەسکەتلەندی))

❖ دڵ چەند هۆیەکی هەیە، کە ئەقڵ نایزانێ. ((باسکال))

❖ دیوارو تەلبەنی چاك،هاوسێ ی چاك دروست دەکا. ((ڕۆبەرت فرووست))

❖ دان نان بە چاکەدا،یادگاری دڵە. ((جان بانێست ماسیۆ))

❖ دەتوانی لە خۆت گەورەتر هەڵخەڵەتێنی، بەڵام لە خۆت خوارتر ناتوانی.

❖ دڵداری لاوان بارەگای ڕاستی دڵ نی یە، بەڵکو لە چاویایەتی.

((شکسپیر))

❖ دڵداری هەموو ئەشکەنجە و ئازارە، بێزار ترین خۆشەویست ئەوانەن کە بەبێ هیواو ئامانج دەژین.

دڵداری نەخۆشی یە،تەندروستی ژن هێنانە،تەندروستی و نەخۆشی یەك ناگرن.

((تۆفیق الحکیم))

❖ دەردی کاتژمێرێکی ئیش، خۆشی ڕۆژێکە.

❖ دادپەروەری، ئەو ڕاستی یەیە، دەبێ جێ بەجێ بکرێ.

❖ دوور کەوتنەوە لە مرۆڤـ، ئایا پێویستە ڕقیان لێ هەڵگری. ((شیریدان))

❖ درۆ پێ ی نی یە لە بەر ئەوە ناتوانێ بوەستێ. ((ووربرتۆن))

دەربارەی یەکێك دەمووت ((ئەو چاکە دەکا)بەلاَم بە ڕێگەیەکی جوان نایکا.

((مۆتسکیۆ))

❖ درۆ،درۆیە،ئەگەر درۆ چاوو گوێی بێت. ((د. دکسونسون))

❖ دوو شت لەم جیهانەدا گرانە، یەکەمیان ئەوەیە بۆ خۆت ناوێ پەیدا بکەی، دووەمیان بتوانی ئاگاداری ئەو ناوە بیت. ((ڕۆبەرت شۆمان))

دڵی ژیر وەکو ئاوێنە وایە،دەبێ هەموو شتێك عەکس کاتەوە،بەبێ ئەوەی تێکی دا.

((کونفوشیۆس))

❖ دڵ هۆی هەیە، مێشك نایزانێ. ((باسکال))

❖ دەریا هیچ پادشایەکی نی یە، تەنها خوا نەبێ. ((دانتی کبریلی))

❖ دەریا زۆر شت درووست دەکا. ((میشلیە))

❖ دۆستی،دۆستمان، دۆستمانە. ((فەرەنسی))

❖ دەنگی گەل، دەنگی خوایە. ((لاتینی))

❖ دووازدە پێشەو سیازدە نەگبەتی. ((ئەڵمانی))

❖ دووجار بیرکەرەوە.... ئەمجاریش هیچ مەڵێ.

❖ دەرمانی نەزان خوێندەواری یە، وەکو گۆشت دەرمانی برسێتی یە.

❖ دەریا کویلەی بایە. ((ئۆستات))

❖ دایك،لە هەموو زیندەورێك،پیرۆز ترە. ((کولێریدج))

❖ دەرمانی ڕاستی بۆ ئەقڵ، فەلسەفەیە. ((شیشرۆن))

❖ دەرگای بەختیاری داخە لە سەر ئەو ماڵە، ئەگەر دەنگی ژن بەرز بووەوە بە سەر پیاودا. ((سەعدی شیرازی))

❖ دەنگی گەل زۆر بەهێزە. ((ئەخیلۆس))

❖ دووا کۆتایی شارستانی یەت ئەوەیە، مرۆڤ بتوانێ دەس بەتاڵی، بەزیرەکی پڕکاتەوە. ((برتراند راسڵ))

❖ ناتوانین زۆر شتی ناشرین لە کتێبدا، بدۆزینەوە،تەنها لە ((دەلیلی))تەلەفوندا نەبێ. ((بەرناردشۆ))

- ر -

❖ ڕاستی و شەکر، هاوڕێن.

❖ ڕاستی، چرای ڕێ ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی گەلانە.

❖ ڕێگای، چاو پیسی لە ژیانا، هاوڕێ ی دڵداری یە لە مردنا.

❖ ڕەوشتی چاك، مرۆڤـ دروست دەکا. ((دانیال دیفۆ))

❖ ڕابواردن لە گەڵ زەمانا کەم دەبێ و ئازاری زیاد دەکا. ((ستندال))

- ه -

❖ هاوڕێتی لە گەڵ ئافرەت دا، دەراوسێ ی دڵداری یە. ((مۆر))

❖ هیچ ڕووی نەداوە کە پیاوێك بە ئاقرەتێك بڵێ، کە تۆ زۆر بڵێ ی،لەو کاتەدا کە ئافرەت باسی گرنگێتی پیاو دەکات.

❖ هەموو دۆزینەوەیەکی تایبەتی، ڕووخێنەرە، بەهێزەکەی،لە بەر ئەوە،زۆر جار پێویستە بەر بەرەکانی بکرێت وەکو دوژمنێکی چاوەڕوان کراو.

❖ هەموو گوڵاوی جیهان،ناتوانێ بۆنی ناپاکی لە لەشی ئافرەتی ناپاك بسڕێتەوە...

❖ هەر کەسێ ئاشتی لە گەڵ دوژمنانی دۆستی خۆی دەکات ، بیری ئازاردانی دۆستانی خۆی هەیە.

❖ هاوسێ ی خراپ،وەکو تاعوون وایە،هاوسێ ی چاکیش بە پیت و بەرەکەتە، ئەوەی هاوسێ یەکی چاکی هەبێ، وەکو ئەو کەسە وایە ئەرزێك و سامانێکی زۆری هەبێ.

❖ هیچ برادەرێك نی یە، بەبێ بروا. ((ئەبیقۆر))

❖ هەرچەندە بەشت بێت لە ژیانا،شتێکی کە لە سەریەوە دروست کە.

❖ هەڵكەندنی ((بیر)) تەنها ئیشە كە مرۆڤــ لە خوارەوە دەستی پێ ناكا.

❖ هەموان لە بەردەم پارەدا، یەك ئایینن. ((فۆلتێر))

❖ هەمووومان نەزانین، بە جۆرەی هەموو شتێك. ((ووڵ رودجرز))

❖ هــیچ كــەس، نابێتــە سەربەســت،ئەگەر هــەموو سەربەســت نــەبن هــیچ كەسێكیش،بەختیار نابێ تاكو هەموو بەختیار نەبن. ((هربەرت سبنسەر))

❖ هەركە ترس نەما، قەشە لە یاد دەچێتەوە.

❖ هەندێك زۆرجار ڕاستی دەڵێن، هەندێكیش هەرگیز ڕاستی ناڵێن.

((شیشرۆن))

❖ هاوكاری كردن لەگەڵ پیـاوی بەهێزا،هـەموو كـاتێ كـارێكی سـەلامەت نـی یە٠((فیدر))

❖ هیچ گەورییەك نی یە ئەگەر ڕاستی لە گەڵدا نەبێ. ((لێسنگ))

❖ هەر برادەرین، مادام یەكتری دەبینین. ((ئەریستبنیتس))

❖ هیچ كاتێك لە وێدا شەڕێكی باش نەبووە،یا ئاشتی یەكی خراپ.

❖ هەل، دز، درووست دەكا. ((فەرنسی))

❖ هەموو تازەیەك جوانە. ((فەرەنسی))

❖ هەڵۆ، مێش ڕاو نانێ. ((لاتینی))

❖ هەتاو لە بەر هەمووان دەردەچێ. ((لاتینی))

❖ هەر مرۆڤێك، دەتوانێ هەڵە بكا. ((شیشرۆن))

❖ هەموو خراپەیەك بناغەیەكی ماقووڵی نی یە. ((لیغی))

❖ هێشتاكە مرۆڤــ لە درووست كردنی شارەكانی نـەبووەوە، هـەوڵی ئـەوەی دەدا لێ ی دوور كەوێتەوە. ((دكزۆف وودكراش))

❖ هەموو مرۆڤێك تووش هەڵە دەبێ، لە بەر ئەوەیە لە سەر قەڵەم لاستیكی سڕینەوە دادەنێن.

❖ هۆیە بچووکەکان زۆر ئاکامی گەورەیە، وون بوونی بزمار بۆتە هۆی وون بوونی نالّی ئەسپەکە، وون بوونی نالّەکە بۆتە هۆی وون بوونی ئەسپەکە،وون بوونی ئەسپەکە بۆتە هۆی وون بوونی سوارەکە.

❖ هاتنە ژوورەوە لەو کاتەدا کە ئەکتەر دەورەکە دەبینیّ، وەکو ئەوە وایە دەست بخەیتە سەرشانی وێنە درووست کەرێ کە خەریکە وێنەیەکی هونەری درووست دەکا. ((ساشاگێتری))

❖ هیچ کێوی یەك نی یە،نەبێتە شارستانی یەت،ئەگەر بۆ ڕۆشنبیری یەت گوێ ڕایەڵ کات. ((هۆراس))

❖ هەموو شتێك تەواو دەبیّ، تەنها هونەرمان بۆ دەمێنیّ، پەیکەری بیوەیی لە عەرشی پادشاهان زیاتر دەوام دەکا،پارەیە لە کاغەز نەبیّ لە ئەمەبراتۆریەتی ((تایبیریۆس)) زیاتر دەژی. ((تیۆفیل گۆتییە))

❖ هەموو هونەرمەندێك فلّچکەی دەخاتە ناو روحێوەو ئەو سروشتە تایبەتی یەی درووست دەکا. ((هەنری وورد بیتشەر))

❖ هەتاکو ژن لە سەر ئەرز هەبیّ، شتی تازە دەوتریّ. ((دۆبۆفلێر))

❖ هەق بەهێزەو دەردەکەوێت.

❖ هەر مرۆڤێك، سیّ جۆر لاوێتی هەیە، لاوێتی لەش،لاوێتی دڵ، لاوێتی ئەقلّ، بەلاّم زۆر بە داخەوە،کەم جار ئەم سیّ شتە یەك دەگرن. ((جۆلّ رۆمان))

❖ هیوای بیّ بەخت، بۆ بەختی کامەرانی، وەکو هیوای تاوانکارە بە فریشتەی ئاسمان.

❖ هەموو پیاوێکی ژیر، ئەو ژنەی هەلّی بژاردووە خۆشی دەویّ. ((هۆمیرۆس))

❖ هیچ شتێك لە کچ پیرۆزتر نی یە، لە دڵی باوکێکی پیردا. ((بوریبیریس))

❖ هەركە پیاو تووشی دڵداری بو، ڕاستی هیچ نابینیٚ،ئەگەر لە هەموو ژیرەكان ژیر تر بێت. ((ستەندال))

❖ هەر مرۆڤێك بە ڕێگای خۆی دڵداری دەكا. ((مەدام دۆسینینیە))

❖ هەست كردن بە برادەری، وەكو ئەوەیە هەست بكەیت وورگت هاوساوە لە گۆشتی گوێرەكەدا.·· بەلاَم هەست كردن بە دڵداری وەكو ئەوەیە هەست بە خۆشی ((شەمپانیا)) بكەیت. ((سمۆئێل دجۆنسون))

❖ هەر كەسیٚ ڕاستی ببینیٚ لایەنی نەگرێت ترسنۆكە.

❖ هەرگیز نەتەوەكان نامرن.

❖ هاوڕێتی مرۆڤی باش، لە گێرەشێوێنی دەتپارێزیٚ.

❖ هەموو شتێك پێویستی بە هۆشە،هۆشیش پێویستی بە تاقیكردنەوەیە.

❖ هیوا، وەك بەخت وایە، بەخەون نایەتە دی،بەڵكو بە قیرتاو كردنی شەقامەكان نەبیٚ.

❖ هەندیٚ كەسان ئەگەر مافی خۆیان وەرگرن، داوا دەكەن بۆ لە هەڵە بیٚ بەشن.

❖ هەموو كەسیٚ دەتوانیٚ بەسەر خەما زاڵ بیٚ،تەنها ئەو كەسە نەبیٚ كەتووشی بووە·

❖ هەست بە نەزانین،پاڵ بە خاوەنەكەیەوە دەنیٚ بەرەو زانین.

❖ هەوڵدانی شاردنەوەی هەر شتێك لە ژنەكەت، وەكو هەوڵدانی شاردنەوەی ڕۆژە لە كەڵەشێر.

❖ هەواڵێك كە دڵێك دەرەنجێنیٚ، تۆ لیٚ ی بێدەنگك بە مەیدركێنە.

❖ هیچ مرۆڤێكی گەورە، ناژیٚ بەبیٚ سوود. ((كارلایل))

❖ هاوریی خراپە كەران، جگە لەخراپە هیچی تر فێر نابیٚ.

❖ هەموو مرۆڤێك گرنگیان هەیە، ئەوەیە بیروڕای ئەساسی یەکەم، لە نێوان هەموو بیروڕایەکی دیموکراتی یەت. ((تشترتۆن))

❖ هیچ شتێك ئەوەندەی زانست جوان نی یە،بە مەرجێك کردەوەی جوانی لەگەڵدابێ و لەوەش جوانتر ئەوەیە کە زانست، حیلمی لە گەڵدا بێ. ((عەرەب))

❖ هەموو شتێك پێویستی بە عەقلە،عەقلێش پێویستی بە تاقی کردنەوەیە.

((عەرەب))

❖ هەموو دەست پێ کردنێك سەختە. ((ئینگلیز))

❖ هەندێ لە ژنان شێتن،بەڵام خوای گەورەو میهرەبان خولقاندوویەتی بۆ هاوڕێتی پیاو.

❖ هیچ شتێك وەکو کات ژمێری زەنگدار،لەسەر پێت ڕاناوەستێنێ.

❖ هیچ شتێك نی یە لە خۆشەویستی بەولاوە،کە ئەو کەسەی خۆشمان دەوێ ژیانمانی پێشکەش بکەین. ((تۆلستۆی))

❖ هەڵەی مرۆڤ ئەوەیە، وا بزانێ بۆ یەکێکی تر ئیش دەکات.

❖ هەل، دەر گایەك نی یە لە بەردەممتا بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ هەنگاوێکی دلێرانە بنێ ی.

❖ هەڵەکانت زۆر گەورە دیارە لای خەڵکی،هەر وەکو تۆش هەڵەکانی ئەوان بەگەورە دەزانی.

❖ هیچ مەترسە ئەگەر خەڵکی باسی خراپەی تۆی کرد، لەوە بترسە کە خۆت باسی خراپەی خەڵکی بکەیت.

❖ هاوسێ ی خراپ،خراپە، هاوسێ ی چاك، گەنجنەیە. ((هەسێود))

❖ هەتاو هەموو رۆژێك تازەیە.

❖ هەر یەکە لە ئێمە حیسابانێکی هەیە، هیوای پێ دەڵێن. ((ئەخیلۆس))

❖ هونەری ژیان،لە تێکۆشان دەکا،نەك لە سەما،چونکە هەمیشە بە پێوە ئامـــادە بـــین، بـــۆ گەڕانـــەوەی لێدانـــەکان کـــە لـــە ناکـــاودا دەیبینـــین. ((ئەریستبنیتس))

❖ هیچ کەس، تف لە ریش خۆی ناکا. ((ئەڵمانی))

❖ هیچماڵێك بێ مشك نی یە. ((ئەڵمانی))

❖ هەژار زۆری پێویستەو ڕەزیل هەموو شتێك. ((ئەڵمانی))

❖ هـــەموو کـــەرێك وا هەســـت دەکـــا، ئەســـپەکانی پاشـــایە. ((ئینگلیز))

❖ هێلانەت لە نزیك کۆشکەوە، درووست مەکە. ((ئەسپانی))

❖ هیچ بەندینخانەیەك جوان نی یەو هیچ ئەونێیکیش ناشرین نی یە. ((ئیتالی))

❖ هەرکەسێك بەری ماڵی خۆی پاك کاتەوە،هەموو شارەکان پاك دەنبەوە. ((پۆلۆنی))

❖ هەنێ ووشە، لە شیر زیاتر دەبڕێ. ((ووتەی عەرەب))

❖ هەڵ مەسە بەو ئیشەی، کەنایزانی. ((صین))

❖ هەست کردن بە شەرمەزاری بە جۆرەی مرۆڤـــ،کارێکی زۆر گرنگە. ((منسێوس))

❖ هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ پیـاو خراپاندا، وەکـو نووسـتن وایـە لـە نێـوان چەقۆو شیردا، هەرچەندە تووش برینداریش نەبیت، بەلآم هەموو کات دەترسی.٠

- و-

- وولاَتەکەم هەموو جیهانە بە تەواوی،دانیشتوەکانیشی هەموو ئادەمیزادە٠ ((ولیام لوید گاریسۆن))
- وتەکەم هەموو جیهانە، دینیشم ئەوەیە چی چاکە ئەوە بکەم٠ ((تۆماس باین))
- وەرە دلّدارم بەو لەگەلّما بژی، با بۆ خۆمان ئەو هەموو خۆشەویستی یە، بەکاربێنین. ((کریستۆفەر مارلۆ))
- ووشە، وەکو گولّی جوانە، هەروا رەنگیشی هەیە. ((ئەرنەنست ریس))
- وەکو دەلّێن، پارە پارە درووست دەکا. ((ئادەم سمیس))
- وەرزەکان دەگەشێنەوەو سیس دەبنەوە. ((تفیسۆن))
- ووشە، وەکو تیشکی ((ئێکس)) وایە، ئەگەر توانیمان بە چاکی بەکاری بهێنین، ئەوا بە ناو هەموو شتێکدا دەڕوا.

- ز -

❖ زمـان، دەتـوانێ ووشـەیەك بـەرەڵلا بكـا، لـە ئەسـب تیـژ تـر بـێ.
((صینی))

❖ زێـڕ بـە ئـاگر تـاقی دەكرێتـەوە، لـە كـاتی تەنگانـەدا دڵـی گـەورە تـاقی دەگرێتەوە. ((سینیكا))

❖ زۆربەمان ئەوە دەكەین،كە زۆربەی خەڵكی چاوەڕەوانێتی كە بیكەین، بەم جۆرە یا دەبین بە پیاو چاك، یا تاوانبار، یا هەردوكیان.

❖ زانست خەتەرێكی گشتی یە، ئە وخەتەرە بەو جۆرەیە كە چاكە.

❖ زۆر ئاسانە مرۆڤـــ ساتێك لـە سـامانەكەی گـەڕێ، بـەڵام كۆكردنـەوەی، هەوڵ و تەقەلایەكی زۆری دەوێ. ((لیف))

❖ زۆر گرانە بڵێ وا دەبێ، بە تایبەتیش دووا ڕۆژ. ((ستۆرم بیترسن))

❖ زۆر برادرایەتیت ئازاری داوم، ببە بە دوژمن بە ناوی برادەری یەوە.

❖ زانست بە هێزە.

❖ زانستی یە، كانی ی، خۆشەویستی بیرو باوەری سەربەستی و مرۆڤایەتی.
((دانیال و یستر))

❖ زۆر پیاو ویستی خۆی بكوژێ، بەڵام تەنها وێنەكانی دڕی.
((جۆل رۆنار))

❖ زۆر گرانـە بڵـێن كـێ زیـاتر خراپـەت لەگـەڵ دەكـا دوژمنـەكانتان كـە بـە خراپترین شت هەڵدەستن، یا ئەو برادەرانەی كە چاكترین شت لەگەڵدا دەكەن.
((بلوار - لتیۆن))

❖ زۆر گرانـە هـەموو شـتێك چـنگك كـەوی بـەبێ هـیچ، بـەختیاری پێویـستە نرخەكەی بدەی.

❖ زۆر جار دڵداری لەبەر رووناکی کزدا درووست دەبێ، رووناکی لە دوو یا سێ رۆژدا نامێنێ، بەڵام دڵداری، لە دایك دەبێ. ((ستندال))

❖ زنجیرەی دوژمن بە یەکێتی، دەبچرێ.

❖ زوربەی پیاوەکان،دوو روویان هەیە، روویەك کە ژنەکانیان دەیانناسن روویەکەی تریان، وا دەزانن ژنەکانیان نایانناسن.

- ژ -

❖ ژیان درێژە ئەگەر پڕ بێت. ((سینیكا))

❖ ژیان خۆشە، بۆ ئەوەی خۆشی بوێ و ناخێكی پاكی هەبێ. ((لیۆن تۆڵستۆی))

❖ ژن درۆ ناكا، تەنها تەمەنی و نرخی كراسەكەبی و پارەی مێردەكەی نەبێ. ((ماری لۆردۆ نووای))

❖ ژن هێنان ژەمێكی نان خواردنە، شۆربا لە حەلوا باشترە كە لە كۆتاییدا پێشكەش دەكرێ. ((ئۆمالی))

❖ ژن و مێردی سەركەوت و، پێكهاتووە لە پیاوێ، گوێی لەهیچ نەبێ و ژنێك نەبینێ

❖ ژنی ژیر ئەو ژنەیە كە شوو بە پیاوێكی ناشرین دەكاو، دڵ و دەروون خراب، بۆ ئەوەی ئەگەر تەڵاقی دا، خەفەتی جیابوونەوە نەخوا.

❖ ژن هەرچەندە شێتیش بێت دەتوانێ پیاوێكی زیرەك ڕابكێشێ، بەڵام پێویستە بۆ ژن زۆر ئاگای لە خۆ بێت، ئەگەر پیاوێكی بێ ئەقڵ ڕابكێشێ. ((كبلنگك))

❖ ژن بیست ساڵ بەسەر دەبا تاكو كوڕەكەی بە پیاو دەبێ، ژنێكی تر بە بیست دەقیقە شێتی دەكا. ((هێلین ڕۆلاند))

❖ ژیری ڕاستی، ئەوە نی یە تەنها بەچاو دەیبینێ، بەڵام دەبێ بزانی چی ڕوو دەدا. ((یەتەرنیس))

❖ ژیان لەگەڵ فەلسەفەدا یەك ناكەون، هیچ بەختیاری یەك نی یە، بەبێ دەس بەتاڵی. تەنها ئەوە كە بێ سوودە،هەر ئەویشە خۆشیمان پێ دەدات.

((چیخۆف))

❖ ژنی چاك و تەندروستی چاك، گەنجینەی پیاوە. ((جۆان))

❖ ژن، كلیلی ماڵە. ((تۆماس فۆلەر))

❖ ژن عاشق، لە پاش گەزبوونەوەی پیاو دەبووریّ، بەڵام پیاو ئەوە ناتوانیّ، چونكە ئەوەیە جوودایی لە نێوان خیانەتی ژن و خیانەتی پیاودا. ((ستندال))

❖ ژنان زانان لە دڵداری دا،بەڵام پیاوان دتوانن فێری ئەوە بن گویّ نەدەن. ((دوومێر))

❖ ژیر لای ئێمە ئەوەیە،كە ڕێمان پیّ ی دەدات گێل بین.

❖ ژیان هیچ شتێك ناكا، بەڵام هیچ شتێك وەكو ژیان نی یە. ((ئەندریّ مالرۆ))

❖ ژیر ئەگەر بیر نەكاتەوە دەبیّ بە شێت، شێتیش ئەگەر بیر نەكاتەوە بە ژێر دەبیّ. ((شرشنگك))

❖ ژنان دین بۆ سەیركردن، هەروا دێن بۆ ئەوەی سەیری یان بكرێت. ((ئۆفید))

❖ ژیری، نی یە بە پیاو بلّیّ ی ((دەژیم)) چونكە كات بەسەر چوو، ژیان بەیانی هەیە، ئەمرۆ بژی. ((مارسیالّ))

❖ ژیانێك كە سوودی نەبوو، لە پێشەوە مردنە. ((گۆتە))

❖ ژن بەبیّ پیاو سیس دەبێتەوە، پیاویش بەبیّ ژن،وورِ دەبیّ. ((ئەنتووان چیخۆف))

❖ ژن شتێكە بە سرووشت دەجولێتەوە، بۆیە من زۆر باش دەزانم كە لەسەر یەك حاڵە دڵداری یە تاسەر نامێنن. ((بترارك))

❖ ژیان، هەر لەبەر چاوی ئەوانە تارێك دیارە، كە بە چاوێكی ڕەشەوە سەیری دەكەن.

❖ ژیان تەونە، مروڤێش تاڵێكە لەو تەونە.

❖ ژیان پێوەری بە درێژی ناكرێ، بەڵكو بە ئیشكردن و چاكە كردن لەگەڵ كەسانا، كە دەیكەی.

❖ ژیان هەبێ، هیوا هەیە. ((ئینگلیز))

❖ ژن هێنان، وەكو سوپا وایە، هەموو كەسێ بێزاری دەر دەبرێ، بەلاّم سەرت سوور دەمێنێ، كە ژمارەی ئەوانە دەبینن كە دێن دووبارە ناویان تۆمار دەكەن.

❖ ژن، بۆ ئامۆژ گاری جوان، خەسوو بۆ بەخێرهاتن كردن، بەلاّم هیچیان بەقەد خۆشەویستی دایك نی یە. ((لیۆ تۆڵستۆی ١٨٢٨ ــ ١٩١٠ لە رۆمانی ئانا كارنیا))

❖ ژن، هەرگیز لەو پیاوە تورە نابێ، ئەگەر پیاوێ خۆشەویستی پێشكەش بكا. ((سیرفانتس))

❖ ژن ئەو پیاوە هەڵدەبژێرێ، كە هەڵی بژاردووە. ((پۆڵ جیراڵدی))

- ی -

❖ یەکە ئاژەڵ کە ڕوومەتی لە شەرما سوور هەڵدەگەڕێ ی مرۆڤە.

❖ یاسا توونده، بەڵام یاسایە. ((لاتینی))

❖ یەك ووشەی چاك، سێ ی مانگی زستان گەرم دەکاتەوە. ((یابانی))

❖ یاسا، چی دەسەلأتە، ئەگەر پارە پاشا بێت. ((بترنیۆس))

❖ یەکەم میر، خوێن ڕێژ بوو کراسێکی سووری لەبەر کرد، بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو ڕەنگەدا، گوناهەکانی بشارێتەوە.

❖ یەکەم مەرجی دڵداری کامەران، ئەوەیە کە مرۆڤ پێوە بتلێتەوە.

❖ یەك باوك، بە قەد سەت مامۆستا زیاترە. ((جۆرج هەربەرت))

❖ یەکەم خۆشەویستیمان،هیچ خۆشەویستی گەورەمان نی یە. ((ستندال))

❖ یەك سەنتیمەتری خۆشی،سەر کەوتووترە لە بستێ خەفەت،چونکە پێکەنین لە شتە تایبەتییەکانی مرۆڤە. ((رابلیەر))

- ك -

❖ کامەرانترین مرۆڤ کامەیە ؟ ئەو کەسەیە ڕێزی لێهاتوانی دەگرێ و بەشداری خۆشی یان دەکا، وەکو خۆشی خۆی بێت. ((گۆتە))

❖ کامەرانی بیرێکی وون بووە لە ئەوروپا. ((سان جوست))

❖ کامەرانی مرۆڤ،لە ژیاندایە،ژیانیش ئیش کردنە. ((لیۆن تۆلستۆن))

❖ کار کردن،گرنگترین شتە لە جیهانە.٠٠ لە بەر ئەوە پێویستە هەندێك هەڵگرین بۆ سبەی.

❖ کامەرانی، لە نزیك ئاگردانەکەمانەوە دەڕوێ، لە باخچەی نامۆیان دا دەبچڕدرێ. ((دۆگلاس جیرۆڵد))

❖ کاتێ ووشەمان ویست،دڵداری فێرمان دەکا چۆن دەیخەینە قاڵبی نووسینەوە،کاتێ لەشەرما سوور هەڵدەگەڕێن،دڵداری ئەمری پێدەکاکە بینووسین. ((ولیام مازەر))

❖ کەس لە ئێوە نالێ ((نە))لە پاش ووتنی ((بەڵێ)).

❖ کە ئێمە لە ژیان نەگەین، چۆن لە مردن دەگەین.

❖ کات بدە برادەرەکانت خۆشی بۆ ژنەکەت،وا بکە مێشکت بحەسێتەوە،بە جۆرێك بتوانی ئیشی ڕۆژانەت بە جوانترین شێوە بەڕێوەبەری. ((فیدرۆس))

❖ کاتی ئەوەم نی یە پارە کۆکەمەوە ((ئاغاسین))ئەو کاتەی کە پارەیە زۆریان داپێ ی بۆ ئەوەی زنجیرە ووتارێك دەگرن.

❖ کەم جار بیروڕای خەڵکی یەك دەگرن،تەنها لە کڕینی دیاری ژن هێنان نەبێ.

❖ کۆنترین وکورت ترین ووشە،لەهەموو شتێ زیاتر بیرکردنەوەی دەوێ.((فیتاگۆرس))

- کات ژمێر، سەر زەنیشتم دەکات. ((شکسپیر))
- کراس قەشە درووست ناکا.
- کویلەی ناسك، دەبێتە جەورکەر ئەگەر بۆی لوا. ((هاربێت پیتشرستۆ))
- کامەرانی، ئەو ئاوازە ناسك و ئەفسوناوی یەیە کە تەلی ژیان دەینێرێ.
- کینە خەنجەرێکە مرۆڤـ لە دڵی خۆی دەدا.
- کەسێ بزانێ قسە بکا، دەبێ بشزانێ کەی قسە دەکا. ((یۆنانی))
- کاتێ خۆشی تەواو دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئازار. ((تشوانگ تزو))
- کـاتێ مرۆڤـــ خرایــە بەهەشــتی (عــدن)ەوە بــۆ ئــەوە خــراوە ئــیش بکات،ئەمەش بەڵگەیە کە مرۆڤـ بۆ پشوودان لە دایك نەبووە. ((فۆلتێر))
- کارکردن،یاسای ژیانەو چاکترین بەریەتی. ((لویس مۆریس))
- کراسی دزراو،نارێکە بۆ دزەکە. ((فەرەنسی))
- کەر،لە ناو دڕکا نانوێ. ((تیوقریتس))
- کاتێ چێشت کەرەکان،شەڕ دەکەن،مریشکەکان دەسووتێ. ((ئیتاڵی))
- کۆبوونەوەیەك بوو، لەو کۆبوونەوانە، دوو جار بکۆکە پـێش ئـەوەی قـسە بکەی،پاشان بێ دەنگ بە.
- کات، بەرگدورێکی خاوەن بەهرەیە، بۆ چاك کردنەوە. ((فیس بۆڵدۆین))
- کورتترین خۆشی، لە هەموو خۆشی یە، خۆشترە. ((فارکیۆهار))

- گ -

❖ گیروگرفتـــی دارایی،تاکـــه شته،کەمرۆڤـــ و ئـــاژەڵ لـــە یـــەك دەکاتەوە.((مارسێل ئێمیە))

❖ گۆشە،خۆی شتێکە. ((شکسپیر))

❖ گاڵتە،پێچکەی عەرەبانەی ژیان چەور دەکـات و یارەمـەتی دەدات کـە بـە نەرمی بسووڕێ.

❖ گەورەیی لە ڕاستیدا ئەوەیە،پیاو گەورەی خۆی بێ. ((دانیال دێمۆ))

❖ گوڵە،شێتەو سونگی پاڵەوانە. ((سۆفارۆف))

❖ گومان لێ کردن، یەکەم پلەی باوەڕکردنە. ((سمۆئیل کونسون))

❖ گـرنگ ئەوەیـە گـۆرانی یـە کۆنـەکان و نـەفرەت لێ کراوەکـان گۆڕکـەین و تابوتێکی گەورەم بۆ بێنن،ئایا دەزانن بۆچی ئەو تابوتە بەو زلەو گەورەیی یە بێت ؟ لە هەمان کاتدا خۆشەویستی و خەفەتی تێدا دانێم. ((هاینی))

❖ گاڵتە بە جێگەی بریندار دەکا،ئەو کەسەی کەهیچ کاتێ بریندار نەبووبێ. ((شکسپیر))

❖ گیتی، کتێبێکی جوانە،بەلآم سوودی نی یە بۆ ئـەو کەسـەی کـە نـەتوانێ بیخوێنێتەوە. ((گوڵدۆنی))

❖ گیروگرفتـی مرۆڤـ –ی دەوڵەمەنـد ئەوەیـە، دەبـێ لـە گـەڵ مرۆڤـ –ی دەوڵەمەندا بژێت. ((لۆگان سیس))

❖ گەورەترین داوای مرۆڤـ لە ژیاندا سێ شـتە، خـواردن، جـوانی، بـرادەری، مرۆڤایەتی بۆ ئەو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە کە ئەو سێ شتەی تێدا بێ،ئەگەر لە ژیانیدا ئیشی چاکە بکا.

❖ گەوج ئەوەیە،تووڕە دەبێ و زۆری لێك دەداتەوە،بەڵام ژیری خاوەن هۆش ئەوەیە کە پێشوازی تووڕەیی و لێك دانەوە ناکات.

❖ گرنگترین شت لە جوانیدا ئەو پارچەیەیە،وێنەکێش ناتوانێ هەستی خۆی پیشان دا هەرچەندە هەوڵیش بدا ئاگاداری بکا.

❖ گەش بین، ڕەنگ دەبینێ،گەرچی ئەو ڕەنگە نی یە. ڕەش بین ڕەنگیش دەبینێ و بڕوای پێ ناکات. ((بابە رۆنە))

❖ گرنگ ترین شت لای ئێمە ئەوەیە،ئێمەش باوەڕمان وەکو ئەوانی تر بێ.

❖ گەورەترین بەختیاری کە دڵداری پێمانی بەخشی، هاوڕێتی ئەو ئافرەتەیە کە یەکەم جار خۆشمان ویستووە.

- ل -

❖ لە بەختەوەری ژن ئەوەیە ڕزگاری بووە، لە شووکردنی بەژن.

❖ لە بێ ئەقڵی پیاو، ئەوەیە، دووای ژنی مێردار دەکەوێ،هیچیش گوێ نادەن تەنها بەو ژنەی شووی کردووە و دووای دەکەوێ.

❖ لە وێدا ژن هەیە لە بەر خۆشەویستی خۆی دەکوژێ، بەلاّم هەمیشە هەر ژنن. ((ئەتین ڕای))

❖ لە شاری کوێران، ڕووتان پاشان.

❖ لە کلێسەدا، لە گەڵ قشەکان و لە مەیخانەدا لە گەڵ مەی خۆرەکاندا.

((دانتی))

❖ لەوە خۆشتر نی یە تۆ بە دزی یەوە کارێك بکەیت،پاشان هەواڵەکەی بە ڕێکەوت بلاّوبێتەوە. ((تشارلزلام))

❖ لە مرۆڤ پێویستە تێکۆشان،ئاسمانیش پێویستە،سەرکەوتن بدا.

((هۆمیرۆش))

❖ لە مالاّ هیواو ئاواتم ئەمەیە. ژنێك، بە هەموو ئەقڵێوە. پشیلەیەك، لەنێوان کتێبدا بەڕێوە بڕوات. برادەر،لە هەموو وەرزێکدا. بێ ئەمانە ناتوانم بژیم.

((ئەبولینیر))

❖ لە هەموو هەورێك زریان نابێ. ((شکسبیر))

❖ لە هەموو هەورێك باران نابێ. ((کورد))

❖ لەش سوودی نی یە، ئەگەر ئەقڵ نەبێ.

❖ لە بازاردا قسە باوی نی یە، تەنها سامان نەبێ. ((هێروتداس))

❖ لە هەموو دەمێکاو لە هەموو وولاّتێکدا، ژن بڕیاری ئەوە دەدا لەسەر هەڵەیەك لێ بوردن هەبێ یا نەبێ. ((سمۆئێل تێلەر))

❖ لە کاتی باوکە (ئادەم) ەوە، هیچ خراپەیەك نەبووە، ئەگەر ئافرەت دەستی تێدا نەبووبێت.

❖ لەبەردەم کارێکی هونەریدا، پێویستە بوەستین وەکو لە بەردەم میرێکدا دەوەستین، ئەگەر پەیڕەوی ئەوەمان نەکرد، ئەوا تەنها گوێمان لە دەنگی خۆمان دەبێ.

❖ لە شەڕدا بیرکەرەوە،چۆن دەتوانی هەموو مرۆڤــ ڕزگار بکەیت.((تشین تشێکۆ))

❖ لەسەر داری ڕزیو، نیگار درووست ناکرێ.

❖ لەو ژنانە بترسە رەوشتیان خراپە،بەڵام باوەڕت بە هیچ ژنێك نەبێ.

((ئیتاڵی))

❖ لەبەر چاوی خوا هیچ مرۆڤێك بێزراو نی یە. ((لاوتسی))

❖ لە وولاتە بە پیتەکاندا زۆر جار، ڕێگاو بانەکانیان، قووراویە.

((فەرەنسی))

❖ لە نێوان هەموو پیشەیەکدا، لە سواڵی ناشرینتر نی یە. ((ئەڵمانی))

❖ لە ناخی هەموو کەسێکدا، ترسنۆکی و ئازایەتی هەیە. ((کارلایل))

❖ لە هەڵبژاردنی برادەرا لەسەرخۆ بە بۆ گۆڕینەوەشی لەسەرخۆ بە.

((بنیامین فرانکلین))

❖ لەوێدا دوو گیتی هەیە، ئەو گیتی یەی کەبە شریتێ یا بە راستی دەیپێوین، ئەو گیتی یەکەش بە دڵ و مێشك، هەستی پێ دەکەین. ((لێ هەنت))

❖ لەوێدا هیچ شتێك نی یە،لێ پرسراو بێ، دەربارەی خۆشی کۆن، لە بیرێکی لاواز بەولاوە.

❖ لە دەم چاوی پیاو و ژندا، خوا دەبینم. ((واڵت ویتمان))

❖ لە نێوان ئەو دەسکەوتووانەی ئادەمیزاددا،چەندە جوانە منالْ لە چاوی ئادەمیزاددا. ((شیشرۆن))

❖ لە برادەرێتیدا ئەو هەلآنە کە ئازارە بۆ برادەرەکانمان دەیبینین،لە خۆشەویستیدا تەنها ئەو هەلآنە دەبینین کە توشی خۆمان دەبێ. ((لابرۆیر))

❖ لە دڵداری دا پێویستە لە سەر پیاو ڕاست بکا،لە برادەریدا پێویستە تێ بگا. ((ئەبیل بۆنار))

❖ لە نێوان هەموو ڕێگەکاندا،کە دەبێتە خۆشەویستی ژن دڵ سووتانە.

((بۆمۆنت ویفلیتشەر))

❖ لە هەموو ئازارێ گەورەتر، ئەو ئازارەیە،لە کاتی ناخۆشی و لێ قەومانە، هەندێ کاتی خۆشیت بیر کەوێتەوە. ((دانتی))

❖ لە هەموو بەختیارێ یەکی گەورەتر،لەم ژیانەدا،دۆستایەتییە لەبەختیارێ یەتی،دۆستایەتی ئەوەیەپیاو یەکێکی هەبێ کە بەدزی یەوە بەڕێی بخا.

((ئەلیساندو ماترۆنی))

❖ لاوەکان باوەڕیان وایە لە نووسینی شانۆگەریی ئاسانتر نی یە،ئەمەش ڕاستە،بەلآم لە سەرکەوتن گرانتر نی یە. ((کابوس))

❖ لە هەموو شتێ جوانتر لە سروشتدا،ماوەم بدەن بلێم ژنێکی جوانە.

((ماکۆلی))

❖ لە هەموو جێگایەك دادپەوەری هەبوو، سەربەستی لەوێدایە کە ئێمە ڕازین. ((دزرائیلی))

❖ لە تاریکاییدا چەند جوانە مرۆڤ باوەڕ بە ڕوناکی بکا.

((ئەدمۆن رۆستان))

❖ لە بیابانا گرفتاری دزان بی،چاکترە لەوەی لە ناو کۆشك و تەلارا هاوڕێی نەزان بی. ((چینی))

❖ لێبوردن و لە بیرچونت هەبێ،لێبوردن بۆ مێشك و لە بیرچوونەوە بۆ جەرگت باشە.

❖ لە پێش ژن هێنانما شەش تیورم هەبوو دەربارەی منداڵ، ئێستاش شەش منداڵم هەیە و هیچ تێورێك ((نظرية))م نی یە. ((دكون رۆشسترون))

❖ لە وێدا زنجیرە ڕۆمانێکی پۆلیسی هەیە تاوانبار لە یەکەم بەشی دا دەگیرێ،مەبەستم ڕۆمانی ژن هێنانە.

❖ لە قسەکانی فەیلەسوفی بەریتانی ((فەرنسیس بیکۆن)) دەربارەی کتێب :لە وێدا کتێب هەیە پێویستە تامی بکەین هەندێکیان قووت بدەین،چەن کتێبێکی کەم هەیە پێویستە بیجارین و هەزمی بکەین.

❖ لەم بووارەدا دانیال ئۆکۆنیل دەڵێ ((لێم گەڕێن با سروودی میللەتێ بنوسم لاشم گرنگ نی یە یەکێ یاسای بۆ دادەنێ.

❖ لە وێدا هونەر هەیە بۆ خوێندنەوە،وەکو لە وێدا هونەر هەیە بۆ بیرکردنەوە، هونەریش هەیە بۆ نووسین. ((دزرايللى))

❖ لە هەر جێگایەك ئاشتی هەبوو، خوا لەوێ یە. ((جۆرج هربرت))

❖ لە کوێ دەژین،یا چۆن،ئەوە گرنگی یەکی گەورەی نی یە،ئەوە گرنگە مرۆڤ بژی

ئەرنست دیمنت))

❖ لێدانی خەڵکی پیشەیەکی ناشرینە، چی چەناباز بێت یا شۆفێری ئۆتۆمبێل بێ.

❖ لە وێدا جلێك هەیە بۆ ڕۆمان،وەکو جلێك هەیە بۆ لە بەر کردن.((دیجۆن دراین))

❖ لە دڵدرییەکیان،پرسی،چی خۆشە ؟ ووتی ((ماچێك لە ناکاوا)) لە بێ ڕوویەکیان،پرسی چی لای تۆ خۆشە ؟ ووتی ((خوانێکی ڕازاوەی بێ پارە.٠٠ لە

تاجرێكیان،پرسی لای تۆ چی خۆشە ؟ ووتی ((كارێك سوود بكا)) لە شوانێك یان،پرسی،چی لای تۆ خۆشە ؟ ووتی ((دۆڵێك گیادار بیت لە گەڵ شیرو ماستا)) لە ڕۆژنامەنووسێكیان،پرسی،چی لای تۆ خۆشە ؟ووتی ((شتێك یا نهێنی یەك ئاشكەرای كەم و ووتەیەك ڕێكخەم))٠ بەهەژارێكیان ووت،چی لای خۆشە ؟ووتی ((پارچە قوماشێك ئێسكمی پێ داپۆشم و خواردنێ سكمی پێ پڕ بكەم٠

❖ لە سەر ڕێگا،لابدەی درك بە پێتا دەچێ٠

- م -

❖ مرۆڤ،ساڵێك کۆ دەکاتەوە،بەلاَم نازانیَ دوور نی یە پێش ئەوەی شەو دابیَ بمریَ.

((لیۆ تۆڵیۆی))

❖ مرۆڤ —ی چاك، زۆر جار شەرم دەکا،تەنانەت لە بەردەم سەگەکەیدا.

((ئەنتۆن چیخۆف))

❖ مرۆڤی سەربەست،زۆری لیَ ناکریَ،زۆر کەریش ئەوەیە زۆر لە سەربەست دەکات.

❖ مرۆڤ لە ئاساسدا ئاژەڵێکی کیوی و ترسناکە،چونکە بە مالیێتی دەیناسین بە هۆی بوونی پێشکەوتنەوە،بەلاَم ئەو کاتەی ڕژێمی یاسا رووخا،ئەو کاتە بەرەڵلاَیی دەس پیَ دەکا ئەو کاتە ڕاستیەکەی دەردەکەویَ،مرۆڤ لە پڵنگ و کەمتیار،کەمتر نی یە لە دڕندەییدا،کە هیچ (ڕەحمی) نی یە.

❖ مێژووی زانیاری،زنجیرە مۆسیقایەکی گەورەیە،دەنگی جۆراوجۆری میللەتان یەك لە دووای یەك دەردەکەویَ. ((گۆتە))

❖ مرۆڤ،نازی بە بیَ بڕواکردن. ((ئەنتۆنی چیخۆف))

مرۆڤ،چۆن دەتوانیَ خۆی بناسیَ ؟ئەوە بە بیرکردنەوە نی یە،بە ئیش کردنە،هەوڵ بدە ئەوەی لە سەر شانتە جیَ بە جیَ ی کە ئەو کاتە ڕێزی خۆت دەزانی. ((گۆتە))

❖ مرۆڤ نابیَ کۆڵ بدا لە ڕێگەی بیرو باوەڕدا. ((م. ع))

❖ منداڵان، دەیانەویَ وەکو باوکیان بن، ئەوەش بکەن کەباوکیان دەیکەن.

((ولیام کوبت))

❖ مامۆستا ((بۆ)) وتی : دەتەویَ فێرت کەم زانست چی یە ؟ ئەو کاتەی شتێك دەزانی،بڵێت دەیزانم،ئەو کاتەش کە نایزانی، بڵێت نایزانم،ئەوە زانستی یە.

((کۆنفۆشیۆس))

❖ مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی، لە ئەرز دەخوا،بەڵام ئەرز بە یەك تیکە دەیخوا.

❖ مرۆڤی سەرکەوتوو لێوی دەجولێنێ و مرۆڤی دووا کەوتوو هەر دوو ناو لەپی دەجولێنێ.

❖ مردن هەقە،ئێمەش ناتوانین ئەوەی ڕەوایە چاکی کەین. ((گراهام گرین))

❖ مێژوو درووست کراوی سەرکەوتن یا کەوتنی کاتی نی یە،بەڵام جولانەوەی گەورەیە و گەلان بەرەو سەرکەوتن یا لە ناو بردن دەبا. ((لویس برۆمفیلد))

❖ منداڵ، لە کوێدا بە ئاسوودەیی بنوێ، ئەگەر لە کۆشی دایکی دا نەبێ.

❖ مۆسیقا ئەو کاتە دەس پێ دەکا، کە زمان نامێنێ. ((هۆفمان))

❖ من هەمیشە نیوە دێڕی یەکەمی شیعرەکەم جوان ڕێك دەخەم بەڵام زۆر بە گران ئەوەکانی تریان ڕێك دەخەم. ((مۆلێیر))

❖ مرۆڤ دەتوانێ هەموو جیهان بناسێ بەبێ ئەوەی لە ماڵی خۆی بێتەدەر.

((لاوتسی))

❖ مەبەستی زانست،تەنها گەڕانە بە دووای بیرێکی وون بوودا.

((مەنسیۆس))

❖ مشت ومڕ،لە گەڵ خێزانەکەتا مەکە ماندووبیت ولە سەرخۆ بیت.

❖ منداڵی شەڕانی،هەمیشە منداڵی دراوسێ یە.

❖ مەڕۆ بە شوێن ئەوەی بە چاو دەیبینی،بڕۆ بە شوێن ئەوەی کە بە هۆش دەیبینی.

❖ مۆسیقا،چاك لە دڵ دەدا،وەکو لەگەڵ دەڵدارەکەتا بیت. ((ستندال))

❖ من پەشیمان نیم،کە یەك ژیانم هەیە،ئەویش لە ڕێ ی وولاتەکەمدا پێشکەشی دەکەم. ((ناسان هایل))

❖ مرۆڤ بیرەوەری هەموو شتێکە. ((فیتاگورس))

❖ ماوەی ژیان ئەوەیە بەرەو پێشەوە بڕوات. ((سەمەوئیل دکسونسون))

❖ من بۆ گاڵتە لە گەڵ ژندا درۆ دەکەم،ئای کە شتێکی جوانە.

❖ من حەزم بە هاوڕێتی هەیە. ((مۆنتسکیۆ))

❖ من دژی ڕوون کردنەوەی درێژم،چونکە ئەوەی ڕوونی دەکاتەوەو ئەوەی گوێ لێ دەگرێ هەڵخەڵەتاوە. ((گۆتە))

❖ من لەو باوەڕەدام هەمووان بزانن،یەك بەیەکدی چی دەڵێن،لە جیهاندا چوار برادەر نەدەما. ((باسکاڵ))

❖ مرۆڤ —ی ئازاد بەختی خۆی درووست دەکا، هەموو مرۆڤێکیش کوڕی ئیش و کارەکەیەتی. ((سرفانتس))

❖ ماڵ وەکو دست و پێ وایە،یا بەکاری بێنە یا لە ناوی بەرە.

((هەنری فۆرد))

❖ ماڵی چاك،کڕیاری حازری هەیە. ((بلۆتس))

❖ مرۆڤ،بۆ کۆمەڵ دروست کراوە. ((ولیام بادکستون))

❖ من لە دڵێکی ڕاست گودا هێزێك دەدۆزمەوە،لە هێزێکی ناو شارێکی شوورەکراوە بە هێزترە. ((دیکون لیلی))

❖ مرۆڤ چی یە بێ پەروەردە ؟ کویلەیەکی ناسکی جوانە و دڕەندەیەکی بیر کەرەوەیە. ((جۆزیف ئەدیسۆن))

❖ من ژیانی ڕاستی،وێنە دەگرم،وەکو ئەو مرۆڤانە کە تێدا دەژین٠ پێویستە شانۆگەری بنوسرێ،مرۆڤی تێدا بڕوات و بێت،بێن و بڕۆن،نانی ئێوارە بخۆن قسە

بکەن دەربارەی گەرماو سەرما یاری کاغەز بکەن.ژیان پێویستە وەکو ئەوەی هەیەو مرۆڤ چۆنن ئەوها بن،نەك لەو پەڕی ئاڵۆزییدا بێت،لە هەمان کاتیشدا زۆر ئاسایی و ئاسان بێت،وەکو ژیان هەیە. ((چیخۆف))

❖ مێژوو کە هەواڵی مرۆڤی کۆن دەگێڕێتەوە،وادەکات حوکم بە سەر داهاتوودا بدەن. ((یجیفرسۆن))

❖ مەبەستمان لە درووست کردنی دەوڵەت ئەوپەڕی بەختیاری یە، بۆ هەمووان نەك بۆ چینێکی تایبەتی. ((ئەفلاتون))

❖ مێژوو وەکو شێتە،خۆی دووبارە دەکاتەوە. ((بۆڵ مۆران))

❖ نابێ لە کاتی دڵداریدا زۆر جار چاوتان بکەنەوە بۆ ئەوەی زۆر خۆشەویستەکەتان نەبینن هەروا پێویستە گوێش نەگرن،بۆ ئەوەی زۆر نەبیستن،ئەگەر ڕاستیتان دەوێ،دەبێ چاوێك و گوێ یەکتان داخەن.

❖ نووکتە بازی ئامێرێکی کۆمەڵایەتی جوانە. ((ئەندرێ سیفغرید))

❖ ناودارێتی،کە پەرەو جوانی بێ،لاوازە،نامێنێ،بەلاّم سەرکەوتنی بیر، سامانێکی جوان و هەمیشەییە. ((سالوست))

❖ نووستن،دەوڵەمەندی،تەندروستی،بۆ ئەوەی پێوە ڕابوێرین بە ڕاستی،دەبێ نەوەستان هەبێ. ((جان بۆڵ فریدرێك))

❖ نابێ پشیلەی نووستوو هەڵبسێنی. ((فەرەنسی))

❖ نابێ پێڵاوە کۆنەکان بخەیتە لاوە،تاکو پێڵاوە تازەکان دەگات. ((ئەڵمانی))

❖ ناخۆشی خەڵکی تر،ناخۆشی خۆمان لە بیر دەباتەوە. ((لوقیان))

❖ ناودارێتی،ئامێرێکە،لە ئامێرەکانی مۆسیقا،دوو دڵی و ڕاڕایی حەز لێ نەکردنە.

❖ ناخۆشی، وون بوونی هیوایە.

- ❖ نابێ هیچ کەس لە ئێمە لە یەك جۆر زیاتر خەفەت بخوا.
- ❖ ناوەوەت چی بێ، لە دەرەوەت دەردەکەوێ. ((صینی))
- ❖ نۆ بەشی ژیرێتی،پێویستە پیاو ژیر بێت لە کاتی پێویستدا.((تیۆ دۆر ڕۆزفلت))
- ❖ نابێ هیچ شتێکی تایبەتی،لە ڕێگەی شتێکی گشتی دا بوەستێ.
- ❖ نەبوونی ئەدەب،هۆی هەموو خراپەیەکە.
- ❖ نزیك ترین شت بۆ چاوی پیاو،ڕووی ئەو ئافرەتەیە کە خۆشی دەوێت.
- ❖ نیشتمان پەروەری،بە تەنها بەس نی یە،پێویستە ڕق و کینە بەرامبەر کەس هەڵنەگرم. ((ئەدیس کافیل))
- ❖ نهێنی خۆشەویستی لە لەشدا زیاد دەکا، لە گەڵ ئەوەدا لەش کتێبەکەیەتی. ((دیگۆن دن))

- س -

❖ سەركەوتن و ناوداريێتى بە تايبەتى لە دەرەوە جوانن،كاتىٚ خەو دەبينين،بەلاٌم كاتىٚ دەستمان دەكەوىٚ تەنها هەست بە درِك دەكەين.
((ئەلەكسەندەر كوريين))

❖ سەربەستى دەنگى مرۆڤە. ((ئەندرىٚ بريتۆن))

❖ سەربەستى دەرياێيكى هێرش و ئالۆزە،ترسنۆكەكان هێمنى جەوركەرەكانى دەوىٚ. ((تۆماس جيفرسۆن))

❖ سەفەرو كۆچ كردن و گۆرِينى جێگا هێز دەدا بە مرۆڤ. ((سينيكا))

❖ سەفەر كەرى چاك و ژير،هەميشە وولاٌتەكەى بىٚ نرخ ناكا.
((كارلۆ گولدۆنى))

❖ سامان تا سەر هاورِىٚ نى يە،بەلاٌم هاورِێى باش تا سەر سامانە.
((رِوس))

❖ سەرى بىٚ ئەقلٚ وەكو ميوەى سەرمابردوو وايە. ((فەرەنسى))

❖ سروشت هونەرى خوايە. ((دانتى))

❖ سەرباز لە كاتى ئاشتى دا،وەكو كوانووى ئاگر وايە لە هاوينا.
((ئەلٚمانى))

❖ سەگى تۆپيو گاز ناگرىٚ. ((ئينگلين))

❖ سەنوقوقى پرِ، زوو قفلٚەكەى دەپسێنىٚ. ((ئيتالٚى))

❖ سەفەرى هەزار ميل لە يەك هەنگاوەوە دەستى پىٚ كردووە.
((ئەخيلۆس))

❖ سەربەستى و زانست و بيركردنەوەو قسەو باوەرِم بدەرىٚ.هيچ سەربەستى يەكى ترم ناوىٚ. ((ملتۆن))

❖ سەربەستی،کاتێ بتەوێ،ڕیشەی هەڵکێشی،درەختێکە زوو سەوز دەبێ.
((جۆرج واشنتۆن))

❖ سەری چاک،بەهەڵە ناخوێنێ. ((شیشرۆن))

❖ سەگەکەت برسی کە،دووات دەکەوێت.

❖ سەرپێچی کردن لە ستەمکار، خوا پەرستی یە. ((ئینگلیز))

❖ سوودی دڵداری چی یە، ئەگەر وا لە پیاو بکا،باوێژێك بدا ؟

❖ سەبر تاڵە،بەڵام بەرەکەی شرینە. ((ڕۆسۆ))

❖ سەبر کردن،چاکترین دەرمانە،بۆ هەموو ڕاڕاییەك. ((بلۆتس))

❖ سێ لە سەر دەی جوانی ئافرەت،بۆ سروشت دەگەڕێتەوە،حەوت لە سەر دەی بە جل و بەرگ قەرزارە.

❖ سەباز،خوێنی پێشکەش دەکا، بۆ ناوداریتی سەرکردەیکەی.
((ئیتاڵی))

- ش -

❖ شەرەفی هاوسێ کەمان، دەبێ تەماشای بە پیرۆزی یەوە بکرێ،وەکو شەرەفی خۆمان. ((وتەی کۆنە))

❖ شەوان، ئامۆژگاری لە گەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. ((میناندر))

❖ شەڕ لە ((کۆشکان)) دایەو ئاشتی لە ((کوخ)) دایە. ((شامفور))

❖ شەقامی ئاسان، ڕۆیشتن بە سەریا گرانە.

- ع -

❖ عەیبی خەڵکی لە بەردەممانایە، عەیبی خۆمان لە پشتمانەوەیە. ((سینکا))

❖ عاشقی گەورە،ئافرەتی خۆش دەوێ،بەلآم ئەوەی کە ئافرەتی خۆش دەوێ،عاشقی گەورە نی یە، ژنی جوانیش ژیانی ناخۆشی یە، بەلآم هەموو ئەو ئافرەتانەی ژیانیان ناخۆشە جوانن. ((تشانگ تشاو))

- ق -

❖ قسە،دەفڕێ و نووسین دەمێنێتەوە. ((لاتینی))

❖ قسەکردنت لە گەڵ خاوەن ئیشەکاندا،کورت و تێگەیشتو بێ.

((جۆرج واشنتۆن))

❖ قورسترین شت لە ژیانا، بێزاربوون نی یە، بەڵکو ئەوەیە ئەگەر ناچار کرایت بۆ کەیف خۆشی. ((بییر دانینۆس))

❖ ڕاڕایی و خونەگرتن،گەورەترین لاوازی یە لە مرۆڤیدا. ((ئەدیسۆن))

❖ ڕێگەی سەرکەوتن و دابەزین یەکە. ((هەرقلیس))

❖ ڕزگاربونمان و مردنمان، لە ناخی خۆماندایە. ((ئەبکتیتس))

❖ رقت و قینت لە تەمەڵی بێت، چونکە پرشنگدارترین شتە بۆ کۆکردنەوەی ژەنگ.

❖ ڕوون بوونەوە لە هەموو شتێك گرنگترە، بۆ بەکارهێنانی ووشە. ((کوینتیلیان))

❖ رشتەی دڵ، کە پرسیاری لێ کردم دەربارەی ڕۆژ ئاوابوون، وەڵامم دایەوە،بەبێ تۆ بەیانی بوونی نەبوو،ئایا تۆ نرخی خۆت دەزانی ؟ من دەتناسم و دەیانناسم، لە گەڵ سروەدا سزای سەرسوڕمان لە چاویاندا دیارە تاوەکو بەیانیش دەتلێتەوە.

- ت -

❖ تاوان بۆ ماوەیەكی كەم بەسەر دەچێ،بەڵام دادپەروەری لەسەرخۆ ئەوەندەی پێ ناچێ هەست بە تاوانەكە دەكات. ((درایدن))

❖ تەنها جوانی قەسیدەكان بەس نی یە، پێویستە ئەفسوناوی بێ و ڕووحی گوێگر بەرێ بۆ ئەو جێگایەی كە دەیەوێ. ((هوراس))

❖ تەماشای ئەستێرە دەكەم و تەماشای تۆ دەكەم و لاپەڕەی دووا ڕۆژت دەخوێنمەوە. ((جاك لیندن))

❖ تۆڵەسەندن چاكە بۆ ڕەوشتی ئادەمیزاد و لەوێوە لێ بوردن لە دایك دەبێ. ((گراهام گرین))

❖ توڕە،مەبە لە خۆشەویستەكەت،لەو توڕەبوونە هیچت دەس ناكەوێت،تەنها ئەوە نەبێت بەجێت دەهێڵێ و لە داخانا پشتت دەچەمێتەوە.

❖ تەنگ و چەڵەمەی هیچ وڵاتێك بە تەواوی ناو نابڕێ،بە هۆی ئافرەتەوە نەبێت،نەخۆشی و نەخوێندەواری دەتوانرێ نەهێڵرێت،ئەگەر ئافرەتان بەبێ وەستان ئیشیان كرد. ((غاندی))

❖ تەنها ئەو كاتە نەبێ كە لە دایك دەبین ڕووناكی دەبینین،هەموو شتێك بەزیرەكی و زانیاری و پێگەیشتن فێر دەبین. ((فیدور دۆستۆیفسكی))

❖ ترس دەشێ زیاتر ماندومان بكا، لە سوواری ماینێك بۆ سەفەرێكی درێژی بێزارو. ((گراهام گرین))

❖ تەمەن، چاوەڕێ ی پیاو ناكات هیچ كاتێ، بەڵام چاوەڕێ ی دەكات كە دەگاتە سێساڵ.

❖ توڕە بوون، لە پێشا شێتی یە، لە پاشان پەشیمانی بوونە.

❖ تەمەن، لەوە كورت ترە كە جێ ی بەرەڵلایی تێدا بێتەوە.

❖ تەنها لە وێدا چەن كەسێك لە دەوڵەمەند زیاتر بیر لـە سـامان دەكەنـەوە، ئەویش چینی هەژارە. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ تۆزێ خۆشەویستی بدە بە منداڵ،قانجازت بەرامبەر ئەو خۆشەویستی یـە زۆر دەبێ. ((دجۆن ڕاسكن))

❖ تیمار كردن چاكترین شتە كە ژن دەیكا، تەنها برین نەبێ.

((باری دووریفینی))

❖ تـەنها ئـەوە بـەس نـی یـە كـە پیـاو جوسـت و چـالاك بێـت، مێرولـەش چالاكە،ئەوەی گرنگە جوست و چالاكیت بۆچی دەكەی. ((هەنری دایڤد سۆرۆ))

❖ تاقی كردنەوە زانستی یەكی ڕابوردووە. ((بالۆ))

❖ تیجارەت وەكو ئۆتۆمبێل وایە،پێویستە لێ ی خوڕی تاكو بەرهەم بدات.

((مۆریس))

❖ تەماشاكەن هـەموو شـێتەكان فەیلەسـوف بـوون، هـەموو فەیلەسوفەكان شێت بوون. ((ئەدگار ئەلەن بۆ))

❖ ترس، دووڵی یەو گومانە، زۆرجاریش لە لەشدا دەبێ، لـە ڕاسـتی دا لـەش هەموو كات هێمنە،ئەگەر لە نێوان بارو دۆخێكی زۆر نەگونجاو خەتەردا بێتیش.

❖ تورەبوون،جۆرێكە لە ترشی،ئەو مەركانەیـەی تێـدا زیـاتر دەیخـوا لـەوەی بیڕێژی بەسەر شتێكی تردا. ((ج.ك. تشترون))

❖ تەنها ئەوانەی كە نوقستانن تەماشای دیاری یەكە دەكەن نەك ئەوەی كـە بەخشیویەتی. ((كاترین دۆسیینی))

- ح -

❖ حەز دەکەم ببم بە شاتۆبریان، یا نەبم بە هیچ ((فیکتۆر هۆگۆ، لە سەر یەکێ لە دەفتەرەکانی قوتابخانەکەی نووسیویەتی لە ١٠-٧- ١٩١٦ دا

❖ حەز دەکەی لە ڕامیاری بزانی، مێژوو بخوێنەرەوە.

❖ حوکم ڕانی،واتە تای هەر دوو ترازوو وەك یەك بن.

- خ -

❖ خۆشەویستی یەکەم،هێز دووای ئەو، ئەم دوو شتە گەورە ترین بەختیارین لە جیهاندا.

❖ خوا هەموو ئەرزی داوەتە ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی خۆشیان بوێ، لە بەر ئەوەی دڵمان بجووکە، وای لە هەریەکە لە ئێمە کردووە،پارچە ئەرزێکمان خۆش بوێ بە پێچەوانەی ئەرزەکانی ترەوە.

❖ خۆشەویستیش کورت و درێژی هەیە. ((هێلین هەنت))

❖ خۆشەویستی زۆر جیاوازی لە گەڵ ئێمەی پیاودا هەیە.

((ڕۆبەرت براوننگ))

❖ خۆشم ویستی کە ناسیتم،ئێستاکە دەتناسم، لە بەر ئەوەی کە ناسیتم،من زۆر خۆشتم دەوێ.

❖ خۆشەویستی هەموو کەسێك، جوانە. ((فادە))

❖ خۆشەویستی دڵدار، وەکو خۆشەویستی ڕاوچی یە، کە نەچیرەکەی ڕاو دەنێ. ((سکوت))

❖ خوا زانستی ژنی خستۆتە دڵێوە، چونکە کرداری ئەو زانیاری یە، هەمیشە کردەوەی خۆشەویستی یە. ((لامارتین))

❖ خۆشەویستی گەل ،یەكەم گەنجینەیە كە میر لە كاتی تەنگانەدا بیدۆزێتەوە. ((نیقۆلاّ ماكیافللی))

❖ خوێن، بە دووای خوێندا دەڕوا. ((دیفۆ))

❖ خۆشم ویستی كە بێ یار بووم، ئایا چی ڕوودەدا ئەگەر ((مخلص)) بووایەم. ((ڕاسین))

❖ خەفەت ناخۆم كەخەڵك نامناسێ، بەلاّم خەفەت دەخۆم چونكی خەڵك ناناسم. ((كونفوشیوس))

❖ خۆزگە هەموو كەس خۆی بناسیایە. ((م. ع))

❖ خۆشەویستی هەردوكمانی بەرەو مردن برد. ((دانتی))

❖ خوا دەم و چاوێكی داوە پێت، خۆت دەم و چاوێكی تر بۆ خۆت درووست دەكەی. ((شكسپیر))

❖ خزمەت بكە، خزمەتت دەكەن، ئەگەر تۆ خەڵكت خۆش ویست و خزمەتیانت كرد، تۆ ناتوانی خۆت بشاریتەوە و ڕابكەی بەرامبەر ئەو پاداشتەی كە دەتدرێتێ. ((ئەمرسۆن))

❖ خۆشەویستی لەیەكەم جاردا، زۆر جار لە دووەم جاردا چاك تر دەبێ.

❖ خوا سەربەستی بەوانە دەدات كە خۆشیان دەوێ و هەموو كات ئامادەن بیپارێزن و بەرگری لێ بكەن. ((دانیال و بیستەر))

❖ خۆشەویستی،پاڵەوان درووست دەكات،بگەڕێ بەدووای خۆشەویستیدا. ((هندی))

بەشی سێ یەم

- پێشەکی -

خوێنەری بەرێز – بەشی یەکەم و دووەمی ووتەکانی ژیان، کەوتە بەر دەست و چاوی ئێوەی ئازیزو خۆشەویست،بۆیە بڕیارم دا بەشی سێ یەمیش ئامادە بکەم – ئەویش ئەم بەشەیە،واتە بەشی سێ یەم.

هەر وەکو لە بەشی یەکەم و دووەمدا وتمان – ووتەکانی ژیان بریتیە لە بەرهەمی گەورە پیاوانی ئەم جیهانە، دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری و هەموو لایەنەکانی ئەم ژیانە.

لەم بەشدا هەر لە سەر هەمان ڕێگا ڕۆیشتوین بۆ سوودی گشتی و هەموو لایەك.

ئەم بەشەیان زیاتر لە سەر ئافرەت دەدوێ بە تایبەتی زۆربەی ووتەکانی

((فەرەنسی))ن،بۆئەوەی زیاتر لە جیهانی ئافرەت،بەو باوەڕەی کە(ئافرەت نیوەی کۆمەڵە.

دیسانەوە دەڵێم، ئەو ووتانە هی گەورە پیاوانی جیهانە،جا مەرج نی یە،ئەوەی لەم کتێبەدا هاتووە،من خۆم باوەڕم پێ هەبێ،مەرج ئەوەیە بۆ من و هەموو کەسێك سوود لە چاکەکان وەرگرین و پەیڕەوری بکەین،ئەوانەی بە چاکی نازانین پێویستە لێی

دوور بکەوێنــەوە، هەرچــەندە هــیچ ووتەیــەك بــە خــۆڕایی نــەوتراوە،بێگومان هۆیــەکی هەبووە کە لەو دەم و بارو دۆخەدا ووتراوە.

هەروا داوای لێ بوردن لــەو بــراو خوشــکانە دەکــەین ئەگــەر کــەم و کورپییــەك هــەبوو لێمان ببورن.

محمد عبدالرحمن زەنگنە

کەرکوك — ١٩٨٦/١/١٢

- ئە -

❖ ئەو دەمەی،ماچ دەکرێ،بەختیارییەکەی ون ناکا،هەموو دەم وەك مانگ تازە دەبێتەوە. ((ووتەیەکی ئیتاڵی یە))

❖ ئەویندارى مۆسیقا و گۆرانی پیاوێکە،ئەگەر گوێی لێ بوو ژنێك لە حەمامدا گۆرانی بڵێ، لە کونی دەرگاکەوە نزیك دەبێتەوە گوێی لە سەر دادەنێ.

❖ ئێمە ماوەی ئەوە نادەین کە ناو دڵمان بخوێننەوە،تەنها بۆ ئەوانە نەبێ کە ناوی خۆیانی تێدا دەبی دەبیننەوە. ((ئەلکۆنتیس دیان))

❖ ئەی کچ لە کاتی ماچ کردنا، هەست بە سوورِ خواردن دەکەی ؟

– نە ء

– کە واتە باش ماچ نەکراوی. ((موستەنگیت ١٨٧٥-١٩٥٦))

بۆ یەکێ لە کچە بچووکە ئەکتەرەکان ووتراوە.

❖ ئێمە نازانین پاشە ڕۆژ چیمان تووش دەبێ، ئاوڵە یا پارە.((بیتروالد دوفیرفیل ١٩٦٢))

❖ ئەو ژنانەی،مێردەکانیان بە جێیان هێشتوون هەست بە خۆشی دەکەن، ئەگەر هەندێ شت دەربارەیان بزانن. ((ئوسکار وایلد))

❖ ئەو کاتەی ئافرەت خۆی دەداتە دەستەوە،زۆر جاریش لەوێدا شتێك وەردەگرێ. ((ئەندریە ترای ١٩٥٣))

❖ ئەو کەسانەی کە بە پەلەن، هەرگیز بە تەواوی لە دایك نەبوون.

((ووتەیەکی ئینگلیزیە))

❖ ئێمەی پیاو، كاتیَ بەختیار دەبین،هۆیەكی تایبەتی هەیە،بەلاَم ئێوەی ئافرەت،ئەگەر بەختیار بوون،ئەو بەختیارییەتان،هۆی پیاوە.

((فەرەنسیس دوكرواسیە ١٩٥٢))

❖ ئەو مەنجەلەی، غل بێتەوە، سەرقاپەكەی دەدۆزێتەوە.

((ووتەیەكی فەرەنسی یە))

❖ ئەو كەسەی دلْدارێكی هەبیَ لەوە خۆشترە نی یە،بەلاَم خۆشتر ئەوەیە لە دلْداری یەكەم ڕزگاری بێت. ((ولیام وشرلی ١٦٤٠-١٧١٦))

❖ ئەو جەورەی سوودمانی تێدایە،دەلێن بەختە،ئەو جەورەی غەیری خۆمان سوودی لیَ دەبینیَ پێی دەلێن ناوزڕان. ((ئەلفرید كابۆ ١٩١٣))

❖ دەرمانخانە،تاجری هیوایە، بۆ ئەوانەی نەخۆشن بیَ فەرق و جوودایی.

((ئەریە بریفۆ ١٩٤٧))

❖ ئەو پیاوەی لە تاوانێك بەرەللاَ دەگریَ،ئەوە لە پیاوێك زیاتر شەریفە ؟

بەر بوون

((شەرەف)) و پاكیتی زیاتر دەكا. ((جۆرج بیرو لویس فرنۆی ١٩٢٦))

❖ ئەم بیرو باوەڕە لە بەر بكە،مەسەلەحەتی تاوانبار پیرۆزە،مسلەحەتی كۆمەلَ دوو جار پیرۆزە،مسلەحەتی داد پەروەری سیَ جار پیرۆزە.((ئەناتولَ فرانس ١٨٩٧))

❖ ئێمە هەمیشە لە پێش یەكیَ ترەوەین. ((فران نوهان ١٩٢٩))

❖ ئەو پیاوەی دوو چاری نەخووشی دلْداری بووە، لە ڕاوچییەوە دەبێتە نێچیر. ((ئۆسكار فۆریل ١٩٠٧))

❖ ئەوە بەڵگەی دڵدارییە، ئەگەر ژن و مێر توانییان باری یەکتری هەڵگرن.

((ناتالی کلیفۆرد بارنی))

❖ ئەم پیاوە ئەوەندە زیرەکە،بە کەڵك هیچ شتێك نەماوە لە جیهاندا بیکا.

((ح·ش·لشتنبەك))

❖ ئەگەر ویستت نهێنی ئافرەتێك بزانی،لە لای ئافرەتێکی کە بە باشی باسی بکە.

((م·ع))

❖ ئەو کاتەی ژنێکت هەیە،واتە تۆ، هی ئەو ژنەی.

((گاڤارنی ١٨٠٤-١٨٦٦))

❖ ئایی،هیچ کاتێ جنیو بە ژنێکی کەوتو مەدە،کێ دەزانێ ئەو هەژارە،لە ژێر چی بارێکدایە. ((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ ئەو ژنانەم خۆش دەوێ، قسە ناکەن داواکارییان زۆر نی یە.

((بروسبیر میریمیە ١٨٢٥))

❖ ئەگەر ناتەوێ بخۆی بۆ ئەوەی بژی،هیچ نەبێ بخۆ بۆ ئەوەی من بژیم

((لە بەردەمی یەکێ لە چێشتخانەکانی لشبۆنە نووسراوە))

❖ ئای،بریا پیاو بیتوانایە بە تەنها بۆ (مانگی هەنگوین برۆیشتایە).

((جۆڵ روونار))

❖ ئازا،کەمجار دەربەستی ژیانێتی،کەمتریش دەربەستی کەسانی کەیە.

((ئەدریان دیکورسیل))

❖ ئەو پیاوەی لە گەڵ ژنەکەیدا کاری خۆشەویستی کرد بە قەمچی لێی دا،ئەوە باوەڕی فەلاحێکی دڵ ڕەقە. ((مارسیل ئەشار ١٩٥٢))

❖ ئەگەر بێزار بوویت،دان بە مافی خۆتا بنێ. ((ئەلکۆنتیس دیان ١٨٩٨))

❖ ئەو كەسی دڵ نیا بێ، با هەورە تریشقەش بێ دەنوێ.

❖ ئەو كەسە نامۆیە،كە خۆشەویستی نی یە.

❖ ئەگەر سەرسام بین لە هەندێك،چۆن هاوڕێی ژیانی هەڵبژاردووە ئا ئەوانە خۆیان هەڵیان نەبژاردووە. ((ناتالی كلیفۆرد بارنی))

❖ ئەگەر پیاو بیزانایە،ژیان كاتی دەس بەتاڵی چۆن دەبەنە سەر،قەت ژنیان نە دەهێنا. ((ئۆ.. هنری)) ١٨٦٢ — ١٩١٠

❖ ئەگەر ژنەكەت ڕۆژێك زۆر بێزاری بەرامبەرت دەربڕی، بۆ دادگا بیبە لە وێدا هەموو شتێك دەبینێ.

❖ ئەوە هونەرمەندێكی گەورەیە،چونكە خەڵكی بە درۆكانی بڕوا دەكەن.

❖ ئەگەر ئافرەتێك پێتی ووت، لە خۆشەویستیدا دەمرم بۆ لێی ناگەڕێی تاكو بمرێ.

❖ ئەگەر شەیتان دەس بە خۆشەویستی بكات، لە خراپە دوور دەكەوێتەوە.

❖ ئەگەر ویستت سەربەستی لە پیاوێك وەرگریتەوە ژنێكی دەوڵەمەندو جوانی بدەرێ.

❖ ئەگەر دووبەركی ڕووی دا لە نێوان ژن و مێرد دا،دەبێ مێرد چی بكات ؟

❖ ئەگەر دونیا بۆت پێكەنی،ناخۆشێكانت لە یاد نەچێ.

❖ ئەی ژن تۆ خەونی شەو و ئازاری ڕۆژمی. ((ئەلفرید دی مۆسێیە))

❖ ئەگەر كەری پێشكەوت ژیری دەگەڕێتەوە.

❖ ئەگەر برادەرێكی دڵسۆزت دۆزییەوە،واتە گەنجینەیەكت دۆزیوەتەوە.

❖ ئەوەی دوو چاری ناخۆشی نەبوو بێ،ڕێزی خۆشی ناگری. ((تورك))

❖ ئەی ژن،وەکو ئەوەی بلّێی پێش تۆزێك ناز بکەیت و بلّێت من لە پیاو جوانترم، بەلّێ تۆ لە پیاو جوانتری لە چاوی پیاودا بەلاّم لە چاوی خوشکەکەتا،ناشرینترین پیاو لە

تۆ جوانترەو بۆ ئەو خۆشەویسترە،ئەگەر پەیکەری گولّ بیت لە جوانیدا پەری بەهەشت بێت لە لاویدا. ((عەباس مەحمود ئەلعەقاد))

❖ ئەی ژن، دلّت لەو پیاوە چەکەرە بکات کە دلّی لە تۆ زیاتر کەسی خۆش ناوی. ((تالێری))

❖ ئەوەی واز لە ژن بێنیّ،وازی لە خەفەت هێناوە. ((لوقمان ئەلحەکیم))

❖ ئەگەر بە ژن بوتریّ لە ئاسمان شاییە،هەلدەسن و پەیژەی بۆ بەرز دەکەنەوە. ((عەرەب))

❖ ئەوین وەکو هەورە تریشقە وایە، هەموو کات بە سەرتا نادات.

((ئابیل ئەرمان ١٨٦٢–١٩٥٠))

❖ ئەگەر ویستت بە درۆزنت دابنێن، هەمیشە ڕاستی بلّیّ.

(لۆگان.ب.سمیس))

❖ ئەمە چێشتخانەی ((والدرۆف ئەستۆریا))نی یە،بەلاّم ئەگەر چێشتخانەی ((والدرۆف ئەستۆریا)) ببوایە، تۆ لێرە نە دەبووی. ((والدرۆف ئەستۆریا)) ((چاکترین ئوتێلی نیویۆرك–ە)).

❖ ئەو کەسەی ژنێکی تەمەن کەم (مندالّ) بهێنیّ،شەیتان پێدەکەنیّ.

((ئەلّمانی))

❖ ئەو کەسەی ژنێکی دەولّەمەند – بخوازیّ، سەربەستی خۆی فرۆشتووە.

((ئەلّمانی))

❖ ئەو کەسەی بە ڕاستی ژنەکەی خۆش ویست لە مالّەوە بە جێی دێلّێت.

((ئەلّمانی))

❖ ئەگەر شەیتان نەیتوانی بڕواتە جێگایەك، ژن دەنێرێ. ((صینی))

❖ ئەگەر ویستت شتێك بڵاو بێتەوە، بە ژنەكەت بڵێ. ((ئەستۆنی))

❖ ئەگەر بە قسەی دایكت نەكەی، بە قسەی باوەژنت((ئەڵمانی))

❖ ئەو نهێنیەی كە ژن بڵاوی ناكاتەوە، ئەو نهێنییە كە نایزانێ.

((سربی))

❖ ئەگەر ویستت تەمەنی ژن بزانی. لە هاوڕێكەی بپرسە. ((ئینگلیز))

❖ ئەو پیاوەی هەموو شتێك بە ژنەكەی بڵێ، هێشتاكە تازە ژنی هێناوە.

((ئینگلیز))

❖ ئەگەر لە پیاو تێگەیشتی. ژن بخوێنە. ((فەرەنسی))

❖ ئەمانە چی دەربارەی ژن دەڵێن :

وێنەگر – دەم،چاوێكی هەیە وەك فریشتە وایە.

كارەباچی – تیشكەكەی وەكو تیشكی خۆر وایە.

بەقاڵ – وەكو شكر شرینە.

میوە فرۆش – گۆنای وەكو سێوە.

زێڕەنگەر – وەكو دووڕ وایە وێنەی نی یە.

مۆسیقا ژەن – دەنگی لە ئاوازی تار خۆشترە.

زانا ((عالم)) – ئەوە توێشی ژیرییە.

دەوڵەمەند – جوانێكەی گەنجینەیەكە تەواو نابێ.

تاجیر – جوانترین كەل و پەلە، ئاسمان ناردوویەتی.

دوكتۆر دان – لە باتی مرواری پێدەكەنێ.

سەرتاش – پرچێكی زۆری هەیە.

❖ ئیش كردن،خوشكی خەون نی یە. ((بۆدلێر ١٨٧٥))

❖ ئەوەی ڕێگای دوور دەبڕێ بۆ ژنێك، یا هەڵخەڵەتاوە،یا هەڵدەخەڵەتێنێ.

❖ ئەگەر هەموو گیرو گرفتەکانمان بە یەکەوە کۆبکەینەوە، هەر یەکە لە ئێمە ڕازی بێ بەشێك لەو گیرو گرفتە بگرێتە ئەستۆ،هەموو خەڵك گیرو گرفتە تایبەتییەکانی خۆی قەبوڵ دەکرد. ((سوقرات))

❖ ئەوەی کە من دەیزانم، ئەوەیە کە هیچ نازانم. ((سوقرات))

❖ ئەوەی نووسیومە،بیخوێنەرەوە،ئەگەر پەرەگرافێکی زۆر بە دڵت بوو ئەوا بیسڕەوە. ((سموئیل))

❖ ئیرلەندە تەنها گەورەیی قەشەکان و لە خۆ بایی ژنان دشکێنێ.

((ئیرلەندی))

❖ ئارەقم خواردەوە بۆ ئەوەی لە یادم بڕوا و وێنەکەت نەبینم، بەلاَم بە داخەوە،کە سەرخۆش بووم دوو جار تۆم دەبینی. ((مارسیل ئەشار))

- ئا -

❖ ئا لێرەدا ژنەکەم درێژ بووە ((مردووە)) لێگەڕێ با درێژ بێت، چونکە حەساوەتەو،هەر وا منیش حەساومەتەوە. ((ئینگلین))

❖ ئافرەت ،قامیشێکی خەوتووە. ((ئان ماری کارییر ١٩٦٢))

❖ ئافرەت ئاگر دانێکە، سەرەوەی لە مەڕ مەڕە. ((وتەیەکی ڕوسییە))

❖ ئافرەت ئەو پیاوەی خۆش دەوێ کە زاڵ دەبێ بە سەریا،بە بێ ئەوەی هیچ لەو پیاوە تێ بگات،زاڵ نابێ بە سەریا. ((مارسیل بریفۆ))

❖ ئا، ئەوەتا من دەبینن،ئەگەر لە من ویسترا پیاوێکم خۆش بوێ،نەك ((دوکامبری)) مێردم،وەکو ئەوە وایە بە زۆر پەنجا دارم لێدەن،حەزیش دەکەم پەنجا داری کەشم لێدرێ لە بەر خۆشی. ئەمەیە بیرو باوەڕم. ((هەنری میلاك ١٨٦٩))

❖ ئازاری دڕکێك،بۆنی هەزار گوڵ لە یادی مرۆڤـ دەباتەوە..

❖ ئافرەتی خراپ، ئەو ئافرەتەیە کە خۆشمان ناوێ،بەلاّم بە تەواوی لە بەردەمیانا ڕووت دەبێتەوە. ((جۆڵ ڕۆنار ١٨٩٧))

❖ ئافرەت، ئەو کاتەی نەفەسی دەبڕێ، کە لە سەر پشتی پاڵ دەکەوێ.

((ڕوسی))

❖ ئافرەت سستەرە،بە پیشەیی،هیچ کەسێك ڕای ناکێشێ بە لای خۆیدا، ئەگەر دڵی بریندار نەبێ.

❖ ئارەق خۆرەوە،لە تەنگ و چەڵەمەیەکەوە ڕا دەکات بۆ تەنگ و چەڵەمەیەکی تر. ((م.ع))

- ب -

❖ بێ ئەقڵەكان، ژیرن لە كار و باری ئافرەت دا.

❖ بەرد، ڕێگەی بێ دەسەلاتەكان دەگرێ،بەلاَم بە هێزەكان پالَی پێوە دەدەن. ((مستەفا كامیل))

❖ بڕوام وایە،مەسەلەكە لەكۆتایی دا،دلَداریيە،چونكە هەر كاتێ بیرەوەری خۆشەویستییەك بكەمەوە ئەو بیرەوەرییە بە سەرما زالَ دەبێ. ((فلادمیر))

❖ بە قوومار كردن،توانیم شەبقەیەك وەكو پاپۆڕەوانەكان بكڕم،بەلاَم ئەوەی دۆڕانم دەمتوانی پاپۆڕێكی پێ بكڕم. ((ترستیان بریار))

❖ بۆ بەد بەختی،پێویستە بمری، تا كو بژی. ((مارسیل ئاشار ١٩٣٨))

❖ بۆچی،چەنە بازی ژن دەوەستێ، كە وەكو وتراوە دەلَێی چەنە بازی بیبیمەتووە،ئەو كاتەی پیاوێكی لێ نزیك دەبێتەوە. ((جورج كۆرێلین))

❖ بێ دەنگی یەك شتە،كە ژنان ڕقیان لێیەتی. ((ماری ویلسۆن لیتل))

❖ بە ڕاستی بەزەیمان بەو ئافرەتەدا دێتەوە،ئەو كاتەی چاوەڕوانی یەكێك دەكاو نازانێ كێیە. ((ڕابەری دلَداری))

❖ بە جۆرەی ئەوە كە ڕاستت لێ دەوێ درۆزن ڕوو بە ڕووی درۆزن دەبێتەوە ئەمەش یاری كردن نی یە،بەلَكو پێشبڕكێ یەكی شەریفانە نی یە.

((ئاتییس رای ١٩٢٥))

❖ بەرد لە ژن مەگرە، ئەگەر ئەو بەردە،بەردێكی گران بەها نەبوو.

((ئامینا دۆ ١٩٣٩))

❖ بۆنی ژن، خواردن نادا، بەلاَم دلَ ڕەقی لە یاد ناچێ.

((نموونەیەكی ڕۆژ هەلاَتیە))

❖ با پیاو نموونەی ئاش جێ بەجێ بکا، وەکو لادییەکان دەڵێن :ئەگەر لەم ئاشە نەتوانیّ باراش بهاڕیّ،برۆ ئاشێکی کە. ((جاك تاهورو ١٥٦٥))

❖ بەخشندە ئەو کەسەیە،ئەگەر بەڵێنی دا،جێ بەجێی دەکات،ئەگەر دەستی ڕۆیشت لێی دەبوریّ.

❖ بەچاو بەستراوی زۆر باش خۆشەویستی دەکەین،ئیتر کردنەوەی سووری چی یە. ((ئەدولف دە دیتۆ سالّی ١٩٨٥٣))

❖ بۆ هەر جێگایەك دەڕۆی، ژن لە گەڵ خۆتا بەرە. ((ئیرلەندی))

❖ بیست ساڵ سەرکەشی ژن، دەیکاتە پارچە پارچە،بیست ساڵیش بە شوو کردن،وای لیّ دەکات جۆرێك بیّ لە بەرز بوونەوە. ((ئۆسکار وایلد))

❖ بێوە ژن، شورە (سیاج)یەکی نزمە،هەموو کەس بە سەریا باز دەدا. ((ئەڵمانی))

❖ باشترین شت کە پیاو هەیبێت ژنێکی چاکە، خراپترین شت کە پیاو هەیبێت ژنێکی خراپە. ((ئەڵمانی))

❖ بەڵێنی ژن، لە سەر ڕووی ئاو دەنووسرێت. ((یۆنانی))

❖ باوەڕ بە ژنی بیّ دەنگ و سەگیّ زۆر بوەڕیّ مەکە.

❖ باوەڕ بە سەگی نووستو مەکە، بە جولەکەیە کە سوێند دەخواو ئەو سەرخۆشەی نوێژ دەکا و ئەو ژنەی دەگری. ((پۆڵەندی))

❖ باوەڕت بە ژنەکەت هەبیّ،مادام دایکت چاو دێری دەکا. ((یابانی))

❖ بتهۆڤن دەڵیّ : ئەی ژن،من هەست بە جوانی سروشت ناکەم، تەنها ئەو کاتە نەبیّ کە دەس لە گوڵەکانی دەدەی بە پەنجە جوانەکانت.

❖ بێوەژنی دەوڵەمەند، بەچاوێك دەگری،بەوی تریان خۆشحاڵ دەبیّ.

❖ بەختیاری لە گوێی ئاگردانا،پەرە دەستێنێ،نەك لە باخچەی نامۆیان دەبچڕدرێ.

((جیرۆڵد))

❖ بەرگری کردن درۆیەکی هونەری یە.

❖ برادەر، ئەو پیاوەیە هەمیشە، جێی باوەڕمانە و ئێمەش جێی باوەڕی ئەوین. ((فەرەنسۆی بێربیە))

❖ بە خراپە باسی برادەرەکانم مەکەن، منیش وەکو دەتوانم. ((شاشاگێتری))

❖ باکەش بین،بین،چونکە پزیشکایەتی ئەوەندەی دەرمان دۆزیوەتەوە لە نەخۆش زیاتر. ((ئەلفرید کابۆ))

❖ بە درێژایی ئەو تەمەنەی کە دۆستم هەبوو،خیانەتی مێردەکەمم قبوڵ دەکرد. ((مارسیل ئوکلێر ١٩٧٥))

❖ بۆ دڵداری،ئاگات لە دەم و چاوت بێ، بۆ ئەوەی ئاگات لە دەم و چاوت بێ،دڵداری بکە. ((دوکتۆر جولیان بیزانسۆن ١٩٤٩))

❖ با هەر ناسراوێك بێ، هەر ژنێك بێ، لە بریتی هەر شتێکی جوان دا بێت لە جیهاندا،بەلاّم هەموو شەوێك هەبێ. ((هەنری مونتولان ١٩٣٨))

❖ برادەری مەگۆڕە، بە زێریش بی.

❖ بە جۆرەی ژن،ماچ،کۆتایی هەوڵە بە جۆرەی پیاویش هەوڵی کۆتاییە.

((هێلێن ڕۆلاند))

❖ بڕوام وا بوو وێنەی خاچ درووست دەکەم،چاوی خۆم دەرهێنا. ((ئەسپانی))

❖ بمرە چی پێویست لە سەر ئێمەیە ؟! ((نووسینێکی ئەمەریکاییە پڕوپاگەندەیە لەکاتی ناشتنی مردوو دا))

❖ بۆ پیاوی ئازا،کات نی یە. ((بۆدوان دوبێنیێ ١٨٢٣))

❖ بە هەڵەدا مەچووین ئەگەر بڵێین ژن نیوەی پیاوە، چونکە پیاوی ژندار تەنها نیوە پیاوە. ((ڕۆمان ڕۆلاَن ١٨٦٦-١٩٤٤))

- پ -

❖ پزیشك،نەخۆشی چاك دەكاتەوە، بەلاّم نەخۆشەكە دەكوژێ.

((فەرەنسیس بایكون ١٩٥٧))

❖ پێویستە سەیری سامان، لە سەرەوە بكەین،بەلاّم نابێ هەرگیز لە بەر چاوماندا ون بێ ((ئەندریە ریفو ١٩٥٧))

❖ پیاوی دڵ گەورە،ئەگەر پارەشی نەمێنێ،شتێك ڕوو دەدا،ئەوەش ئەوەیە خۆی دەمێنێ،وەكو هەزار پێ وایە،هەرچەندە چەندێ لە پێكانی نەمێنێ. ((شوشویهمو))

❖ پەرەسێلكە، بەهار درووست ناكات. ((هەنری بوللیس))

❖ پاڵەوانی ڕاستی ئەو كەسەیە،لە جەژنێك لە جەژنەكان،ئەو كەسە بێت كە دەدات. ((بۆجۆڵ ١٨١٨))

❖ پێویستە مرۆڤ یەكێك بێ،نەك هیچ نەبێ. ((ئەدوار هربۆ))

❖ پێم بڵێ بە چی پێ دەكەنی،پێت دەڵێم تۆ كێیت. ((مارسیك بانیۆڵ))

❖ پاش ئەوەی مرۆڤ، بۆ شتێ دەگەڕێ، بەبێ ئەوەی دەستی كەوێ،وا ڕێ دەكەوێ،شتێك دەدۆزێتەوە كە بە دووایدا نەدەگەڕا. ((جیرۆم.ك.جیرۆم))

❖ پیاوێك،ژنانی زۆر خۆش ویستووە، لە بەر ئەوە هیچ لێیان نابورێ.

((جۆرج ئارمان ماسۆن))

❖ پێویستە وەكو ووتراوە، حەوت جار زمانت بجووڵێنی پێش قسە كردن،پاشان بێ دەنگ بیت. ((هەنری دۆرینییە ١٩٢٧))

❖ پارێزەر،بەرگری لە بێوەژن دەكات،كاتێك یەكەمیان مێردەكەی كوشتووە، دووەمیان كاتێ دایك و باوكی كوشتووە. ((لۆرفێك ئۆفۆلۆیل))

❖ پیاوان ژنان ڕاو دەنێن، ژنان ڕاو دەكەن.

((فیکتۆر هۆگۆ ١٨٠٢ –١٨٨٥))

❖ پارێزەرەکان،وەکو دوو دەمی مەقەست وان، یەك یەکتری نابڕن،بەلاّم ئەو کەسە دەبڕن کە لە نێوانیانەوە دەڕوا. ((ئۆکستین برۆهان، کچە ئەکتەرێکە))

❖ پێویستە وەك چۆلەکە سووك بیّ، نەك وەکو پەر. ((پۆلّ فالێری ١٩٣٠))

❖ پیاو بە بیّ ژن.. سەرێکی بیّ لەشە، ژنیش بە بیّ پیاو لەشێکی بیّ سەرە.

((ئەلّمانی))

❖ پیاو دەتوانیّ ژن لە پیاو بپارێزیّ.. تەنها لە خۆی نەبیّ. ((صینی))

❖ پیاوێك ژنێکی دەم و چاو ناشیرینی خواست، بۆ ڕۆژی دووەم بووکە بە مێردەکەی ووت:

– دەتەویّ خۆم بە کیّ پیشان دەم، خۆم بە کیّ پیشان نەدەم ؟

– مێردەکەی ووتی :تۆ سەر بەستیت خۆت بە هەموو خەڵکی پیشان دەی تەنها بە من نەبیّ.

❖ پاکی پیاو، مانوو بوونێتی. ((بتونیوس))

❖ پیاوی ژندار ئەو کاتە سەربەستە کە بە تەنها لە سەر جێگاکەی دەنویّ.

❖ پیاوی هەڵخەڵەتاو لە ماڵەکەیدا، وەکو ئەو کەسەیە حوکمی سێدارەی بە سەرا بدریّ.

❖ پیاو لە ژن هێنانی یەکەمدا،ژن هێنانێکی چاك نابیّ،پێویستە دووبارەی بکاتەوە.

((ئەلفرید کابۆ))

❖ پیاو لە سروشتەوە، کلیلێکی دەست کەوتووە، هەر بیست و چوار سەعات ژنەکەی هەڵدەگریّ. ((فیکتۆر هۆگۆ))

- ج -

❖ جێگای نووستن،باشترین جێگایە بۆ بەیەك گەیشتن.((ئەلسەر تۆماس فرێری ١٥٨١-١٦٣١))

❖ جوان ترین کچ لە جیهاندا،ناتوانێ،ئەوەی ونی کردووە بتداتێ. ((ئارمان سیلفستەر))

❖ جوانترین کراس،لە بەر دەکرێ،بۆ ئەوەی دابکەنرێت. ((جان کۆکتۆ))

❖ جۆری دڵداری، وەکو جۆری کارچکە، نازنین لە جۆرە باشەکانن یا ژاراوییە،ئەو کاتە دەزانین کە کات بە سەر چووە. ((تریستان بەرنار))

❖ جوانترین کچی جیهان، ناتوانێ لەوەی زیاتر هەیەتی بتداتێ، ئەوەشی داوە. ((ئاتیین ڕای ١٩٢٥))

❖ جیهان هەمووی بەختەوەر نابێ،تەنها ئەو کاتە نەبێ کە خەڵکی لە خۆشەویستی خۆی بگەرێ بۆ خۆشەویستی خەڵکی کە. ((تۆڵستۆی))

❖ جنێوو ناتوورە، هیچ زەرەرت پێ ناگەیەنێ،بەڵام کاتێ مێشکی پێوە خەریك دەکەی زەرەرت پێ دەگەیەنێ. ((کۆنفۆشیۆس))

❖ جێگا،شتێکی جوانە، ئەگەر تێی دا نەنوین، تێی دا دەحەسێنەوە.
((ب.ج. لۆرۆ ١٩٧٨٦))

❖ جێگا،ژەن پارچە کەلوپەلێکە، لە ناویا دەحەسێنەوە بە تەنهایی، بەڵام ئەگەر دوو کەس بین ماندوو دەبین. ((ئەندریە بریفۆ ١٩٤٧))

❖ جوادایی لە نێوان خزمەکارو گەورەکەیدا،ئەگەر یەك جۆرە جگەرە بکێشن،تەنها ئەوەیە یەکێکیان پارە دەدەن. ((روبرت فروست))

❖ جوانی ئاسمان بە ئەستێرەوەیە، جوانی ژنیش بە پرچەوەیە. ((ئیتاڵی))

❖ جارێکی تر باوك و دایك نادۆزیتەوە.. بەلاَم ژنان بە ئارەزووی خۆت دەدۆزیتەوە. ((ڕۆمانی))

❖ جارو بار ئاسمان لە کونی دەرزییەوە دەبینرێ.

- چ -

❖ چاودێری كچ، ئاسانترە لە هی ژن. ((پۆڵەندی))

❖ چەكی ژن،زمانێتی، چۆن دەیەڵێ ژەنگ بگرێ، لە بەر ئەوەی كە بە كاری نەهێنێ. ((فەرەنسی))

چاك وایە هەردەم ڕاستی بڵێی، تەنها ئەو كاتە نەبێ كە بە باشی درۆ نازانی·
((جیرۆم.ك· جیرۆم))

چەندە پارێزەر ئەو داوایە بە ڕاست دەزانێ، كاتی پارەكەی لە پێشەوە وەردەگرێ. ((باسكاڵ ١٦٧٠))

چەنە بازەكان، ڕاستییەكان لە بیرەوە دەردەكەن،بۆیە ئاوەكەیان بە هەموو لایەكدا بڵاو دەكەنەوە. ((جۆڵ ڕۆنار ١٩٠٣))

چەندە بەختەوەرم كە پیاو نیم،ئەگەر پیاو بوومایە ناچار دەبووم كە ژن بهێنم.
((مەدام دۆستاڵ ١٧٦٦–١٨١٧))

❖ چاكتر وایە مێردێكی هەڵخەڵەتاو بیت، نەك مێردێكی مردو.
((مۆلێیر ١٦٦٠))

❖ چاك وایە لەكردارێكی باش زۆر بین،نەك لە كردارێكی خراپ بە تەنها
((تزیستان بەرنار))

❖ چەندم پێ خۆشە، خۆتم بدەیتێ،بەڵام بریا ئافرەت بتزانیایە چۆن خۆت ئامادە دەكرد. ((شارڵ شانستۆن))

❖ چاك وایە لە گەڵ هەمووانـدا هەڵە بكەیت، نەك بە تەنها زیرەك بێ.
((مارسیل ئەشار))

- د -

❖ دڵی ژن، بە قەد چاوی دە پیاو دەبینێ. ((سویدی))

❖ دایە شوو دەکەی.. یا ئەم محەلەبییە دەخۆی ؟ دایکی ووتی : کورِم خوات لێ ڕازی بێ.. من دانم هەیە تاکو محەلەبی بخۆم ! ((یەکێ بە گاڵتەوە بە دایکی دەڵێ))

❖ دایکی زیرەك، کچەکەی تەمەڵ دەکا.

❖ دەم و چاوێکی بە پێکەنین، باخچەیەکە لە ناوەڕاستی زستانا. ((دانیمارکی))

❖ دەس لە مل یەك دەکەین، ڕۆژێکیش لە یەکتری بێزار دەبین،ئەویش دڵدارییە. ((فیکتۆریان ساردو ١٨٣١- ١٩٠٨))

❖ دیاری بچکۆلانە برادەری بە هێز دەکات، دیاری گەورە خۆشەویستی گەورە دەکات. ((دیکولی))

❖ دەریا ماسی نارگرێ. ((تورك))

❖ دەوارێکی بێ ژن، وەکو ڕەبابەیەکی بێ تارە. ((ڕومانی))

❖ دبلۆماسی کان،هەموو شتێ دەخەنە ڕووە،تەنها هەڵ چوونی خۆیان نەبێ. ((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ دانانی مۆسیقا، وەکو دڵداری وایە. ((ئاتیین رای ١٩١٤))

❖ دوور نی یە ژن کراسی ئاهەنگی سەما لە بەر بکات، بە بێ ئەوەی بزانێ سەما بکات، کراسی هەمەڕەنگە لە بەر بکا بە بێ ئەوەی تینو بێ مایۆ لە بەر بکا، بە بێ ئەوەی مەلەوانی بزانێ، ڕووت بێتەوە،بە بێ ئەوەی بزانێ دڵداری بکات،بەلاَم کاتێ کراسی بووکێنی لە بەر دەکا،ئەو دەمە یەکسەر دەزانێ چۆن بە کاری دێنێ.

((گۆرانییەکی فەرەنسیە))

❖ دەس لە سەر دڵە، نەك دڵ لە سەر دەسە. ((جۆل جۆی))

❖ دوو ڕوویی پیس ترین دەردی کۆمەڵایەتییە،بەم شێوەیە دەڵێ،بەویش شێوەیەکی تر دەڵێت.

❖ دڕندەترین باوك،ئەوەیە کە منداڵەکانی بەرەڵڵا دەکات.

❖ دڵداری پەیمانە، لە گەڵ ماندوو بوون. ((مەدام دی ليناس))

❖ دەتوانی مرۆڤێك لە نیشتمان ببچڕی،بەڵام ناتوانی نیشتمانەکەی لە دڵیا دەرکەی.

❖ دەترسم ژنم هێنا،ببم بە پیاوێکی هەڵخەڵەتاو،چونکە ئەمساڵ پیاوی هەڵخەڵەتاو زۆر دەبینم. ((بۆمارشێە))

❖ لەوانە دەبوورم کە دژی ڕایەکەی منن،بەڵام لە وانە نابوورم کە دژی ڕایەکەی خۆیانن. ((تاليران ١٨٥٤ –١٨٣٨))

❖ دڵداری بە بێ قوربانی، وەکو هەویر ترشە، بە بێ ئارد،ئەویش نانی لێ دروست ناکرێ.

❖ دڵداری واتە تەماشا کردنی دوو کەس بۆ یەك لا.

❖ دڵداری، لە لای ژن ڕۆمانێکە خۆی پاڵەوانێتی،لە لای پیاویش ڕۆمانێکە خۆی دانەرێتی.

❖ دڵداری، ئەو هەڵەیە یە کە پیاو دەیکات، ئەوەیە کە بە یەك ژن دا دەمرکێتەوە.

((پۆڵ جيرالدی ١٩٥١))

❖ دڵی ژن وەکو ناوکی قۆخە، پڕ بە دەم قەپاڵ لەو قۆخە دەگرن و لە پڕێکا دانیان دەشکێ. ((جۆڵ روونار ١٨٩٨))

❖ دەتوانین تەمەنی بکەینە سێ بەشەوە :–

لە بەشی یەکەمدا،خەون بە دڵدارییەوە دەبینن، لە بەشی دووەمدا دڵداری دەکەن، لە بەشی سێهەمدا بۆی دەمرن. ((ئەنتوان ڕۆسان بروسبير ١٨٢٩))

❖ دوو شت سوودیان نی یە، مانگە شەو لە زستانا و مندالّی هەژار.

((هیندی))

❖ دەتەویّ نهیّنی سەرکەوتنم بزانی لە گەلّ ژناندا ؟ ئەوەیە من هەلّسوکەوتم لە گەلّ کارە کەرەکاندا، وەکو شاژنەکانەو لە گەلّ شاژنەکاندا وەکو کارە کەرەکانە.

((برۆفیّلّ ١٧٧٨ –١٨٤٠))

❖ دزەکان،ڕیّزی سامان دەگرن،ئەوان ئارەزوویان نی یە،تەنها لە سامانی کەسانی تر نەبیّ و زیاتر ڕیّزی دەگرن. ((تشسترتۆن))

❖ دوور نی یە بە ئەدیبی گالّتە جاڕ،وەکو ((جۆلّ فیّر)) ووتراوە، دارۆچکەیەکی گولّە،گولّەکەی لە ژوورەوەیە و درکەکەی لە دەرەوەیە. ((رۆبیر ئەسکاربیّت ١٩٦٠))

- ر -

❖ ڕۆژنامەگەری،پیشەیەکە، کە مرۆڤ نیوەی تەمەنی بە قسە دەباتە سەر کە لێی نازانێ، ئەو نیوەکەی کە دیزانێ، بێدەنگە. ((هەندی بیرۆ ١٨٨٥-١٩٥٨))

❖ ڕووتەوە بوون،کۆتایی لەشە. ((دانیال دارك،مەدام ماری ڕێنیە ١٨٨٣))

❖ ڕێگەم لە گاڵتەدا،ڕاستی ووتنە،ئەمەش باشترین گاڵتەیە لە جیهاندا. ((برنارد شۆ))

❖ ڕێکەوتینەوەو،دەسمان کردە مل یەکتری.لەو کاتەوە ئێمە دوژمنێکی تەواوین. ((لۆساج ١٨٠٩))

❖ روتشیڵدی دەوڵەمەند دەیووت :لە وێدا سێ ڕێگە هەیە بۆ وێران کردن،قومار،ژن،ئەندازیار،هەر دوو ڕێگەی یەکەم و دووەم : خۆشە،بەڵام ڕێگەی سێهەم پارێزراوە. ((ئۆگست دیتۆف))

❖ ڕێز گرتنی ژن، بەڵگەیە بۆ پیاوی ژیر. ((بیکۆ))

❖ ڕۆژان هەرگیز بە دوواوە ناڕوا. ((یابانی))

❖ ڕاڤە، زانست و خۆشییە. ((ئیتاڵی))

❖ ڕاستی،شەیتان شەرمەزار دەکات. ((شکسپیر ١٥٩٧))

❖ ڕاست گۆ، ڕێزی لێ گیراوە، درۆزن زەلیلەو نەفرەت لێ کراوە.

❖ ڕۆژ، زێڕی هەژارانە. ((کلیفۆرد بارنی ١٩١٠))

❖ ڕەزیل، دوور نی یە سامانێکی زۆر کۆبکاتەوە،بەڵام لێ گەڕێ با شتێك ڕوو بدات،دەبینی وەکو مشکێکی پلیشاوە لە نێوان شەقامەکاندا فڕێ دراوە.

❖ ڕاستی ناسووتێ، ئەگەر لە نێو ئاگریشا بێت. ((هیندی))

❖ ڕق و کینە، گرێکە لە دڵی ((حەسوود))دا دەسووتێ تاکو بە خۆڵەمێش دەبێ.

– ٥ –

❖ هێز، گەورە پیاوان دروست دەکات، بەڵام ئەوەی کە دروستیان دەکات مانەوەی هەستی گەورەیە. ((نیتشە))

❖ هەق، کردارو بە دڵ دەزانین. ((باسکاڵ))

❖ هەموو شتێك کۆتایی هەیە :–

– کۆتایی تاقی کردنەوە – ((امتحان)) – ئەنجامە.

– کۆتایی ئاسمان – بەتاڵییە.

– کۆتایی جیهان – کۆتاییە.

– کۆتایی مرۆڤـ – مردنە.

– کۆتایی گریان – حەسانەوەیە.

– کۆتایی چاندن – دوورینەوەیە.

– کۆتایی تاوان – سزادانە.

❖ هەموو ئافرەتێك، لە تاریکیدا، وەکو یەکن. ((وتەیەکی کۆنە))

❖ هەر دەم بیر لە بەختیاری بکەمەوە، لە بەردەمما ژنێکی جوان دەوەستێ و هۆشی پیاوێکی هەیە. ((قاسم ئەمین))

❖ هەموو خەڵکی شێتن، یەکێك یاد لە ژن خواستن دەکاتەوە، ئەوی تریان بیر لە تەڵاق دان دەکاتەوە.

❖ هیچ کاتێ ژن لە وێنەی خۆی نادۆزێتەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە دەیەوێ بڵێ ئەو وێنەیە لە خۆی دەکات. ((جان گێربالْ دومرگ))

❖ هیچ کەسێك سزا نادرێ، ئەگەر یەکێکی کوشت لە بەر پێکەنین.((وتەیەکی ڕوسیە))

❖ هەموو كات پێویستە گرنگی بە زانینی تەندروستی بدەین، مرۆڤ لە نەخۆشی دەپارێزێ، مرۆڤ خۆی هۆیەكی نەبوو.

❖ هیچ جۆرە بۆنێك بە كار نەهێنە،ئەگەر بیری ئەفسوناویت نەبوو((وتەیەكی ئەسپانییە))

❖ هەموو ژنێك، سامانەكەی، لە نێو لنگێتی. ((بلزاك))

❖ هیچ ژنێكی نەزانمان نەدی، بە تایبەتی دەربارەی جوانی.((ج.ساینال دوبای ١٨١٣))

❖ هەر كە بە ئافرەتمان وت جوانی، باوەڕی وایە زیرەكیشە. ((جۆڵ ڕونار))

❖ هەموو پیاوێك، كوڕی ژنە. ((ڕوسییە))

❖ هیچ دارێك برنجی كولاّو ناگرێ.

❖ هەموو ڕاسییەك، هی ئەوە نییە گوێی لێ بگیرێ.((سۆزان برۆهان ١٨٠٧-١٨٨١))

❖ هەژاری عەیب نی یە، بەلاّم عەیب ئەوەیە كە تەماعی نەبێ. ((صینی))

❖ هەڵەكانی ئەوانی كە، زیاتر لە چاومانا پرشنگدار ترە. ((یۆنانی))

❖ هاوڕێتی مرواریيەكە، لە ناو دەریادا،بریسكەی ئەمكدارییە.

❖ هەواو بەخت و ژنان هەموو وەك مانگ دەگۆڕێن. ((فەرەنسی))

❖ هیچ شتێك وەكو دڵداری، بەش كردنی گران نی یە. ((ناتالی كلیفۆرد بارنی))

❖ هیوات بە ژنێك نەبێ لە ناو جێگادا و ئەسپێك لە ناو ئاودا. ((وتەیەكی ئەسپانی یە))

❖ هـــەموو جـــۆرە ڕەوشـــتێك،لە شـــەڕو دڵـــداری داچـــاكە((دگـــۆن فلیشەروفەرەنسیس بۆمۆنت ١٩٣٤))

❖ هەندێك بۆ ڕێز گرتنی مردووەكانیان، كراسی ڕەش لە بەر دەكەن، هەندێك مرواری و زێڕ هەڵدەگرن. ((گاستۆت ئەندریولی ١٩٥٣))

❖ هەندێ ژن هەن، خیانەتیان ئەوەیە، كە تەنها پەیوەندیان بە مێردەكانیانەوەیە. ((ساشا گیتری ١٩٤٨))

❖ هونەری ترس ئەوەیە، ترست پێوە دیار نەبێ. ((بییر فیرۆن ١٨٦٢))

❖ هەر چەندە ژن چاك بێ، پێویستە چەورو گریس كرێ.

((ووتەیەكی ئیتاڵییە))

❖ هەر چەندە قەشە، هەژار بێت،ئەو هەمیشە سەركەوتووە بە سەر زۆربەی پیاودا، چونكە ژنی نی یە. ((هەنری دۆمونترلان))

❖ هـەر كەسـێ بێـوەژن بێنـێ، هـەمووكات سـەرێكی مـردوو لـە قاپەكەیـدا دەبینێ. ((ووتەیەكی ئەسپانییە))

❖ هیچ بەختەوەرێك وەكو ئەو نەبوو، وەكو ئەو پیـاوە دەڵـێ كـە خەسـووی مرد بوو لیستەی پارەی تەرمەكەیان هێنا بوو بۆی. ((جیرۆم كلابكا جیرۆم))

❖ هەژار،كێیە ؟هەژار ئەو كەسەیە كە قایل نی یە بەوەی كە هەیەتی.

((ئۆجین ماریۆ ١٨٩٥))

❖ هەموو ئادەمیزاد ئەكتەرن،دوور نی یەچەندئەكتەرێك نەبێ.

((ساشاگێتری ١٨٨٥–١٨٩٥))

❖ هـاوڕێتی پیـاو دڵـداری ژنـەكانیان دەكـوژن، ئایـا چـییان دەكـرد ئەگـەر ژنەكانیان ڕازی نەبوونایە ؟ ((دیلۆلی))

- و -

❖ وەکو لە دادگا بین وایە، ژنەکە دادپەروەرەو منیش پارێزەر، من وەستاوم، ئەویش دانیشتووە، من هەر دوو دەستم لە هەوادا بڵاو دەکەمەوە و ئەویش هەر دوو دەستی خستۆتە سەر ڕوومەتی، من هاوار دەکەم و لە هاواریش ناوەستم، بەڵام ئەو لە سەر خۆیە و لە خەوێکی خۆشیدا، چونکە من بەرگری ڕووداوێکی دۆڕاو دەکەم، من ژنێکم خۆش دەوێ، ئەویش منی خۆش ناوێ.

- ژ -

❖ ژیان بە نرخە، بەڵام مردن هەرزانە. ((جان دولان ١٩٠٠))

❖ ژن هێنان و مەعکەرۆنی، تەنها بە گەرمی خۆشە. ((ئیتالی))

❖ ژن ڕاڕایە تاکو مێردێك دەدۆزێتەوە، بەڵام پیاو ڕاڕا نابێ لە دووای ژن هێنان نەبێ.

((برنارد شۆ))

❖ ژن هێنان، کردارێکی ژمێر یارییە، کۆی ژنێك دەرهێنانی پیاوێك.

((فەرەنسیس دوکرواسە))

❖ ژن یەکەمجار لە نێوان باڵماندان، ڕۆژێك دێت لە سەر باڵمان دەبن،پاشان لە سەر پشتمان ((ساشا گێتری))

❖ ژن هێنانی دووەم، زۆر جار کارێکی خراپە لە پاش مردن. ((دیکۆلی))

❖ ژن ئەوەی بۆی دەکرێنایبینێ، تەنها ئەوە دەبینێ کە بۆ ئەو ناگرێ.

((جۆرج کۆرتلین ١٩٠٣))

❖ ژن، بە ڕاستی خەتەر نی یە، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە یەك ژنمان خۆش بێ. ((پۆڵ جبراڵدای ١٩٥١))

❖ ژن. بە سەر شەیتانا سەرکەوتووە. ((ئێرلەندی)) شەیتانی پیاوە.
((ئەڵمانی))

❖ ژن بە چاو داوا دەکاو،دەباو ڕق هەڵدەگرێ و دەکوژێ.

❖ ژن لە یەك دەمدا (٧٧)ڕای هەیە. ((ڕوسی))

❖ ژن و شووشە.· هەموو کات لە خەتەر دایە. ((ئەسپانی))

❖ ژن وەکــــو دادوەر وان،کـــــەمجار بـــــرادەری موخلیـــــسیان هەیـــــە.
((صینی))

❖ ژن، زۆر جار بە بێ هۆ شکات دەکات، بە قەست درۆ دەکات، بە دزییەوە پێدەکەنێ.
((ڕوسی))

❖ ژنی سەرباز، نە ژنە، نە بێوە ژنە. ((ڕوسی))

❖ ژنی، دەوڵەمەند، پێویستی بە مێرد هەیە. ((ئەلبانی))

❖ ژن، گوژاڵك دەخوا. ((هۆڵەندی))

❖ ژن، کلیلی پیاوە. ((ئەستونی))

❖ ژن و پرد.· هەمیشە پێویستیان هەیە بە چاك کردنەوە. ((ئینگلیزی))

❖ ژن، لە کاتی تەنگانەدا، لە پیاو قایم ترە. ((ئینگلیزی))

❖ ژن، کلیلی هەموو ماڵێکە. ((ئینگلیزی))

❖ ژنی ناشیرین، نەخۆشییە بۆ گەدە، ژنی جوانیش سەر ئێشەیە.
((ئینگلیزی))

❖ ژنان فێری گریان دەبن.·· بۆ ئەوەی درۆ بکەن. ((ڕۆمانی))

❖ ژنی چاو شین، لە پورتوگالدا.·هەڵەی سروشتە. ((پورتوگالی))

❖ ژن، زەرەرێکی پێویستە. ((فەرەنسی))

❖ ژن و پارە پیاو ون دەکەن. ((فەرەنسی))

❖ ژن، بیر لە یادی ئەو پیاوە دەكاتەوە، كە ڕۆژێك بیخوازێ، پیاویش یاد لەو ژنە دەكاتەوە كە شووی پێ نەكردووە. ((بایگۆن))

❖ ژنی هەستاوی ووشەیەك دەیكوژێ، نەك گولەیەك. ((ئەمین سەلامە))

❖ ژنی ڕۆژ ئاوا :–

– فەرەنسی – دەم و چاوێكی گوڵی هەیە، هاوار دەكات و بانگ دەكات، دەمێكی زیندوو لێو داوا دەكات.

– ئینگلیزی – بالآیەكی بەرز، پڕە لە ژیان و توندو تۆڵی.

– ئەسپانی – چەپكە پرچێكی ڕەش و نەرم بە دەور ملێكی مەڕمەڕی ئەفسووناوی دا دێتە خوارێ.

– ئەمریكی – ڕومێكی سووك بە خۆشەویستی ژیان خۆش ڕابواردن تامەزرۆی دڵداری پیاو.

❖ ژن بەرگری دڵداری پیاو دەكا،پاشان قەدەغەی ڕاكردنی پیاوەكە دەكات. ((ئۆسكار وایڵد))

❖ ژن وەكو شۆربا وایە، نابێ بهێڵی ساردبێتەوە. ((جان ناتۆلی ١٩٤٥))

❖ ژن حەز لەوە دەكات كە گوێی لێ دەبێ، پیاویش حەز لەوە دەكات كە دەیبینێ.

((مارسێل ئاشار ١٩٥٥))

❖ ژن پێویستی بە شارەزایی و فێڵ هەیە، بۆ ئەوەی خەڵكی بسوتێنێ، بۆ ئەو شتە كە دەیداتێ. ((جان جاك ڕۆسۆ ١٧٦٢))

❖ ژنی لاواز، وەكو پارچە دەزوویەكە ((ئۆرلیان شۆڵ، ووتەیە دەربارەی سارە بەرنار))

❖ ژن، لە بیستساڵیدا، بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوا، لە بیست و پێنج ساڵدا گوێ دەگرێ، لە سی ساڵیدا، وەلاّم دەداتەوە، لە سی و پێنج ساڵیدا، قسەت بۆ دەکات، لە چل ساڵیدا دەتگرێ، لە چل و پێنج ساڵیدا،قسەت دەفڕێنێ، لە پەنجا ساڵیدا،تەماشای هەڵەکانت دەکاو پەشیمانەو دەڕوا. ((دیگۆلی ١٩٥٢))

❖ ژنان باوەڕیان وایە، ئەگەر ڕاستی یان وت، وەکو ئەوەی ڕووت بن وایە.
((ئەمیل بۆنتیش ١٩١١))

❖ ژن، هەموو نی یە،بە جۆرەی ئەوە کە نیوەیە. ((جاك ئۆدبیرتی ١٩٤٧))

❖ ژن،تیمساحێکە،پێویستە فرمێسکەکەی، ووشك بکاتەوە. ((یەکێك))

❖ ژنان بە باشی درۆ دەکەن، لەو کاتەدا درۆ دەکەن، باوەڕیان وایە ڕاستی دەڵێن. ((هەنری درۆینییە ١٩٢٧))

❖ ژنی ڕووت، بە زوویی ئەویندار دەبێ. ((پۆڵ ئێلوار ١٩٢٥))

❖ ژنی لاواز، وەکو تاڵە دەزوویەکی گرێداروە.

❖ ژنەکان، چیان دەوێ ؟ ڕابواردن زۆر خۆشە لای پیاو، بەلاّم لە سەر ئێمە ئەوەندە ناکەوێتەوە.
((کچە ئەکتەر جان کۆسیم، ناسراوە بە گوسان ١٧١١– ١٧٦٧))

❖ ژنان دووای ئامۆژگاری خراپە ناکەن،بەڵکو لیی تێدەپەڕن.
((ئابیلێ ئارمان ١٨٦٢ — ١٩٥٠))

❖ ژنان لە گوێ دا پاکەن، لە هەموو ئەندامەکانی لەشیان زیاتر. ((مۆلێیر ١٦٦٢))

❖ ژن،ئەگەر ڕاستیان پێ بڵێ – دەڵێن ئەمە بێمەیاییە. ((ئەمیل بۆنتیش))

❖ ژنی دواین پاك، ڕۆژ بە ڕۆژ داوێن پاکتر دەبێ. ((جان ئانۆی ١٩٤٥))

❖ ژنی داوێن پاك، وەکو ئەو بانگ کردنانەیە،کە جێ بە جێ نەکراون.
((ئۆکستین برۆهان ١٨٢٤–١٨٩٣))

❖ ژنێك سنگی نەبوو وەکو جێگایەکی بێ سەرینە.

- ی -

❖ یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەم، ئەو ڕۆژەیە، کە ژن ڕابوردومانی لە بیر دەچێتەوە، ڕێزیش بۆ ساڵی تازە دەگەڕێتەوە. ((ساشا گێتری))

❖ یەك دڵدار، ئەوە خۆشەویستیە، دوو دڵدار ئەوە ئارەزووە، سێ دڵدار، بازرگانییەتە. ((وتەیەکی فەرەنسییە))

❖ یەکە نهێنی، کە دەتوانین بە ژن بڵێین بە بێ ترس، ئەوەیە، کە بڵێین جوانی. ((شارل لۆمێل ١٨٣٣))

❖ یەك ژن، لە شارێکدا بە قەد سەد پیاو قرەباڵغی دەکات. ((پۆڵەندی))

❖ یەکێ لە ئەدەبییەکان دەڵێ : ئەی ژن ئەگەر نەتووانی بیتە ئەستێرە لە ئاسمان. ببە مۆمێك لە ماڵەکەتا.

❖ یارمەتیم بدە، یارمەتی ئاسمان دەدەم.

((جان ریگۆ ١٨٩٧ – ١٩٢٩))

- ك -

❖ کارێکی زۆر ئاسانە، ئەگەر من مێردم بە (بوار و بیر) نەکرد، لەوێدا دوو داماو دەبن،ئەگەر مێردەکەیش بە جێ هێشت، تەنها یەك داماو دەبێ.ئایا من مافی ئەوەم هەیە دوو دڵ بم؟

((کچە ئەکتەرێکی فەرەنسی))

❖ کاتێ پەرداخەم بەتاڵ بێ،دڵم پێی دەسووتێ، کاتێکیش پڕ بێ، من بەتاڵی دەکەم.

((راوول بۆنشۆن))

❖ کچ لە پازدە ساڵیدا پێ دەگات، پیاویش لە سی ساڵیدا ژیرە.

((فیلیب دوو دۆك))

❖ کۆمەڵ دوو چینی گەورەن، ئەو چینەی کە خواردنیان زۆرەو ئارەزووی خواردنیان نی یە، ئەو چینەکەی ئارەزووی زۆر خواردنیان هەیە، بەڵام خواردنیان نیە.

((شامفور))

❖ کاتێ ئافرەت دەگری، نازانین سوود بەخشە یا زەرەو مەندە.

((ئایین ڕای ١٩٠٩))

❖ کاتێ فلان کەس لە گەڵ ڕاکەی مندا نی یە، من دڵم پێی دەسووتێ، کاتێکیش لە گەڵ ڕاکەمدایە ئەو تووشی ڕاڕایم دەکا.

((ئۆرییان شۆڵ))

❖ کەمجار ژن هێنان ئەقڵە، بەڵام تەلاق دانە هەمیشە تەلاقی ئەقڵە، چونکە ژن و مێرد یەکتری باشتر دەناسن.

❖ کاتێ پزیشك دەڕوواتە ماڵێك،نیشانەی خاج دروووست دەکاو پاشان سەر هەڵدەبڕی و دایدەگرێتەوە بەلای ڕاست و چەپدا تەماشا دەکات بزانێ خاوەن ماڵ دەوڵەمەندە.

((ئەلبێرت کاریگ))

❖ کام ئافرەتەی زۆر ئازایە، لە سەر جێگا خۆی دەداتە دەستەوە.

((ئاتیین رای ١٩١٤))

❖ کچێنی، چۆلەکەیەکی بێ کلکە، کاتێ کلکی بدەینێ دەفڕێ. ((بیرۆن))

❖ کاتێ قوومار دەکەم، وا هەست دەکەم، بیست دلدارم هەیە.

((ئوتێروی جوان))

❖ کراسی دزراو، بۆ دزەکە نابێ. ((فەرەنسی))

❖ کوڕەکەم، کوڕمە، تاکو ژن دێنێ، کچەکەم کچمە بە درێژایی تەمەنی.

((ئوسکوتلەندی))

❖ کۆشی دایك. لە جێگای گولێ سەمەلات ترە. ((ئەستۆنی))

❖ کاتێ شەراب کۆن دەبێ، تامی خۆش دەبێ،بەلام دلداری کۆن، ترش دەبێ.

((جان ئانۆ ١٩٥٥))

❖ کاتێ دبلۆماسی دەلێ ((بەلێ)) واتە دەلێ ((دوور نی یە)) کاتێك دەلێ ((دوور نی یە)) واتە دەلی ((نابێ)) کاتێکیش دەلێ ((نابێ)) ئەوە((دبلۆماسی)) نیە. ((هـ.ل. نکن))

❖ کلك شتێکی زیادەیە، تەنها بۆ مەیموون بە کەلکە بۆ پیاوی دەولەت زەرەرە.

((قسەیەکە فڕێ دراوە بۆ یەکێك لە سەر کردەکانی فەرەنسا و لەو ناوەش دا مرد))

❖ کاتێك، مرۆڤ پلنگ دەکوژێ پێی دەوترێ ((وەرزش)) بەلام کاتێ پلنگ مرۆڤ دەکوژێ پێی دەلێن کێوی ((وەحشی)) برنارد شۆ ١٩٠٣))

❖ کاتێ شەرەفم بێزارم دەکات،لە سەری دادەنیشم((پادشا لویس ی یازدەهەم ١٤٢٣- ١٤٨٣))

❖ كاتێ پیاوێكی پیر كچێكی بچووك دەخوازێ پێویستە چاوەڕوانی هەموو شتێك بێ،بەلاَم كاتێ ژنێكی پیر،لاوێك دەیخوازێ پێویستە چاوەڕوانی هیچ نەبێ ((گۆرانی بێژێكی فەرەنسی))

❖ كچ، لە شووشە ناسكترە. ((م٠ ع))

❖ كاتێ پیاوو ژن،یەكتری دەخوازن، دەبنە یەك كەس، بەلاَم گرانترین شت ئەوەیە، كامیان یەكەمن. ((ووتەیەكی ئینگلیزی یە))

❖ كاتێك پیاو ماندوو دەبێ لە درۆ كردنا بۆ ژن، پێویستە وا هەست بكات، كە گرنگێتی داوەتێ،ئەمەش وەكو ئەوە وایە كەجۆرە گوڵێكی پێشكەش بكەی ((ستیف باشتۆر ١٩٢٥))

❖ كای كۆن سووتانی زەحمەتە، كوژانەوەش زەحمەتترە. ((سرفانێس ١٦١٣))

- گ -

❖ گەورە كچ، وەكو شیر وایە، ئەگەر مایەوە ترش دەبێ.

((جان بێیر دوكومان))

❖ گەورە كچان بە خۆ هەڵكێشان كۆتاییان دێت كە دەڵێن كچێنی خۆیان بە سەبرو ئارامەوە پاراسوە، وەكو ئەو كەسانەی كە تووشی نەخۆشییەكی هەمیشەیی بوون.

((لویس لاندرۆن ١٩١١))

❖ گەورە زۆرسوودمان پێ دەبەخشێ،ئەو كاتەی كە ئازارمان نادات.

((بۆمارشیە ١٧٧٥))

❖ گەرمی ژنی ئاسایی زۆر تەڕە. ((بلوتاوك))

❖ گوڵ زیاتر لە ژن ڕاسترن. ((ووتەیەكی ئیاڵی یە))

❖ گرنگ نی یە چۆن قەڵەم بە دەستەوە دەگرێت، گرنگ ئەوەیە چی دەنووسێ ((یابانی))

❖ گریانی موخلیس هەرچەندە درێژا بكێشێ، كاتێك دێت كە بۆدرە بە سەر هەر دوو ڕوومەتی دەخا. ((هانری دۆفرنۆی ١٩٢٠))

❖ گەڕان بە دووای ڕاستیدا، كەوتە ناو ئەو بیرەوە كە تێدایەتی.

((بۆمارشێیە))

❖ گەورە پیاوان، دوو جار دەمرن، جارێكیان وەكو پیاو، جارێكیان وەكو گەورە پیاوان ((جۆڵ فالێری ١٩٤١))

❖ گەیشتان بە ئافرەت خۆشە،بەلاَم بوونیان لە گەڵمانا ناخۆشە.

((ئەلبێر گینۆن١٨٦٣-١٩٢٣))

- ل -

❖ لە ماڵی دەوڵەمەند، ئەسپ بگرەو لە ماڵی هەژار ژن. ((ئیاڵی))

❖ لە سەر ژن پێویستە، هەردەم لە تەنیشت ژنەوە بوەستێت،واتە یارمەتی بدەیٚ.

❖ لە هەولٚ دانمانا بۆ بەختیاری، ناڕەحەتی گەورە دەبینین، ئەو کاتەی کە ئەو بەختیاریە دەدۆزینەوە. ((ڕۆناڵد جۆرج))

❖ لە وێدا ژن هەیە، وەکو شانۆگەریی وایە، شایستەی دووبارە کردنەوەیە، دوو بارە کردنەوەی لە جاری ووەمدا،زیاتر خۆشی دەدەن. ((ئاتین ڕای))

❖ لە شەڕو دڵداری دا،لەش لە یەك دەکەویٚ، هەر ئەوەشە ئامانج دەدات.

((مارشاڵ دۆمۆ نلۆك ١٥٠١– ١٥٧٧))

❖ لە دڵداری دا تەنها سامان مەرج نی یە، پێویستە بەڵگەی هەبیٚ.

((جۆرج ئەرمان ماسۆن))

❖ لە دڵداری دا، لاوان نرخی ئیشەکانیان دەداو پیرەکان نرخی ئەوەیان دەدا کە نەیان دەکرد. ((بۆمارشیە))

❖ لە سەر مێرد پێویستە بە ژنەکەی بڵیٚ،ڕووت بەرەوە پاشان قسەی لیٚ دەکەین. ((نۆیلٚ کوارد))

❖ لە جیهاندا خۆشەویستی نی یە وەکو خۆشەویستی ژنیٚ شووی کرد بیٚ، ئەمەش هیچ مێردێك هەستی پیٚ ناکات و ڕێزی ناگریٚ.

((ئۆسکار وایڵد ١٨٥٦– ١٩٠٠))

❖ لە وێدا سیٚ شت هەیە ئافرەت دەتوانیٚ دروستی بکا، شەبقە،زەلاتە،دوو رەرکی ژن و مێردایەتی. ((مارك تۆین))

❖ لە وەتی دونیا،دونیایە،پیاو هەر جارێ شتێ چاك فێر دەبێ،بەلاّم ژن تەنها یەك شت فێر دەبێ، ئەویش ژنە. ((هەنری میلاك ١٨٣١ — ١٨٩٧))

❖ لە پیاو شتێك دەس دەكەوێ، لە ژن هەموو شتێك چاوەڕوانی دەكرێ.

((هەنری دورینییە))

❖ لە وێدا ئامۆژگاری خراپ هەیە، نابێ بە ژنی پاك بوترێ.

((ئەلفرید كابۆ ١٩٠٦))

❖ لە دلّداری دا،ژنان شكاتی ئەوە دەكەن كە كەمە نەك شكاتی زۆری.

((كیۆم بۆشییە ١٥٤٨))

❖ لە وێدا كچان دەتوانن خۆیان بفرۆشن، بەلاّم ناتوانن خۆیان بە دەستەوە بدەن.

((شامفوود))

❖ لە سەر ملێكی چرچ، مرواری دەگرێ. ((ووتەیەكی ئەلّمانیە))

❖ لەمەو دووا نە بۆ كچی ژیر، نە كچی بێ ئەقلّ، لە دلّی منا جێگەی نی یە،یەكەمیان زۆر كراسەكەی هەلّدەبڕێ و دووەمیان لە پاش بە سەر چوونی كات، هەلّی دەبڕێ. ((چەند دێڕە شعیری بیسییر مۆتان —ە))

❖ لە سوو خۆرێك دەستە سڕێكم لێ وەر گرت،داوای دوو چەرچەفی لێ كردم.

((ئۆریلیان ئۆل))

❖ لاوازی هەندێك، وورگی هەندێك درووست دەكات.

((تیۆدۆر دۆبانفیلێ ١٨٢٣–١٨٩١))

❖ لە بگرەو بەردە، خوێن دەتەقێتەوە. ((جۆلێ رونار))

❖ لوقمان —ی حەكیم ئامۆژگاری كوڕەكەی كردو وتی :

— هیچ گەنجینەیەك، لە سامان باشتر نی یە.

— هیچ شتێك، لە ئەدەب بە سوود تر نی یە.

- هیچ دەرماوسێیەكیش،لە هۆش باشتر نی یە.
- هەر كەسێك لێرە نەبو، لە مردنەوە نزیكە.
- هیچ شتێكیش، لە برادەر بە سوود تر نی یە.
- هیچ خراپەیەكیش، لە درۆ خراپتر نی یە.
- هیچ خوا پەرستییەك، لە بێ دەنگی باشتر نی یە.
- هیچ شتێكیش لە ڕەزیلی، ناشرینتر نی یە.

❖ لێبڕان مردنێكی كەمە.مردن، لێبڕانێكی هەمیشەییە.

((ئەلفۆنس ئاللیلە))

❖ لێرەدا سێ ڕا هەیە كەمن گرنگیان دەدەمێ، ڕات،ڕام،چاكترین ڕای.

((فردریك دوو فیلانی))

❖ لە دڵی هەموو پیاوێكدا، بەرازێكی نووستو هەیە.

((قسەیە،دەدرێتە پاڵ شارڵ مونسلیە ١٨٢٥-١٨٨٨))

❖ لە دوواییدا بۆم دەكەوت كە مرۆڤ و ئاژەڵ لە یەك دەكرێتەوە،گیرو گرفتی پارەیە. ((جۆڵ روونار ١٩٠٤))

❖ لۆكریس، قەیسەر،بۆمبیۆس،ئەنتۆنیۆس و ئەمانەو زۆر پیاوی تریش هەڵخەڵەتا بوون و دەیانزانی هەڵخەڵەتاون، بەلاَم هەراو هوورایەكیان درووست نە دەكرد((مۆنتاین ١٥٨٨))

❖ لە سەر یەكێ لە تۆپەكانی پادشا لویس-ی چوار دەهەم ئەمە نووسرا بوو. ((ئەمە دووا ڕۆژی نووسینی پادشاكانە))

❖ لاوەكان،لە گەڵ هیواكانیانە دەژین و پیرەكانیش لەگەڵ بیرەوەریكانیانە((فەرەنسی))

❖ لە ژنی ڕیش دارو لە پیاوی بێ ڕیش بترسن.

❖ لە فەیلەسووفێك دەگێڕنەوە كە ژنێكی بینیوە خۆی هەڵواسی ((خنكاند))وە،بە دارێك،فەیلەسووفەكە وتی، كاشكی هەموو دارێك ئەم جۆرە میوەی بگرتایە.

- م -

❖ ماچێك لە كاتی خۆیدا، زۆر دەس گوشینمان لێ دوور دەخاتەوە. ((ئیتالی))

❖ مێرد یەكەم منداڵە بۆ ژنەكەی. ((بنكین))

❖ ماڵ نی یە، ئەگەر ژن نەبێ. ((بۆلگاری))

❖ مرۆڤ لە دایك بووە، بۆ ئەوەی بژی، نەك ژیان لە خەڵكی تر قەدەغە بكات. ((باسترناك))

❖ مەیموون لاسایی مرۆڤ دەكاتەوە، بۆیە دەڵێن دەمو چاو كرژە.

((ئەمیل بۆنتیش ١٩١١))

❖ ماچی بە هێز، نێرراوی دڵە. ((ئەسپانی))

❖ ماچ ترزاووی گەرمایی دڵە، بەوەدا دەزانین ماڵمان چەندە خەتەرە.

((ئەرمان سیلفستەر ١٨٣٧- ١٨٧٤))

❖ مرۆڤ یەكجار لە دایك دەبێ و یەكجار دەمرێ، جا با ئەو مردنە بە سەر بەرزی بێ. ((م·ع))

❖ من گەورەیانم پێویستە دوویان كەوم((ئەم قسەیە بۆ لۆدرۆ رولاَن دەگەڕێتەوە ١٨٠١-١٨٧٤))

❖ مادام ماف لە لایەنی تۆیە، مەترسە،ئەگەر بە تەنها ڕوو بە ڕووی هەموو جیهان ببێتەوە. ((غاندی))

❖ مەرەكەبی پێنوسی نووسەر پیرۆزە، وەكو خوێنی شەهید.

((شكسپیر))

❖ من لێرە، وەكو لە ماڵی تۆدا بم وایە، بەلاَم لە بیرت نەچێ، من لە ماڵی خومدام. ((جۆڵ روونار ١٩٠٣))

❖ مـن (کەرامـەتی) ژنـان دەپەرسـتم، بـەڵام بـۆ خۆشـی (کەرامـەت)،نـابێ ئافرەتەکان بە تەنها بخەون. ((گۆتە ١٧٩٤ – ١٨٣٢))

❖ مامان دەڵێ:منداڵ بە ئاسنتر دەردەچێ لە وەی بە ژوورەوە دەچێ.

((بیروالد دۆفرفێل ١٦١٢))

❖ مانگەکان بە جۆرەی دڵدارەکان، وەکو ساڵان وایە :

❖ من ڕادەبوێرم، کەواتە خەو دەبینم،من ئازار دەچێژم کەواتە من هەم.

((ماری فالێیر ١٨٩٩))

❖ مەرج نی یە پیاو گەورە بێ، تەنها کە پیاوە، ئەوە جوانەو بەسییەتی.

((ئەلفرید کابۆ ١٩٠٣))

مرۆڤــ بێزار نابێ،ئەو کاتەی گیرو گرفتی هەبێ. ((ئەناتۆل فرانس ١٨٨١))

- ن -

❖ ناوداریێتی ئەوەیە لە لای ئەوانە ناسراو بی کە ناتناسن.

((شامفوور ١٧٤٠ — ١٧٩٤))

❖ نوێژکردن، کورت دەکەینەوە زۆر جار بەم جۆرە، هەر کەس بۆ خۆیەتی و خواش هی هەموومانە. ((ئەدریان دیکورسیل ١٨٦٨))

❖ ناتوانرێ، لە دارێکەوە بۆ دارێك باز بدرێ،بەلاّم لـە پیاوێکـەوە بـۆ پیاوێـك دەتوانرێ.

((وتەیەکی ئەفریقییە))

❖ ناوداریێتی باش، هەڵدەستێ بە جێی کراس. ((وتەیەکی ڕوسییە))

❖ نەمانی چاوم لە مانی چاترە، چونکە بە مانی تووشی ئازار دەبم.

((هیندی))

❖ نەزان، مندالّە، ئەگەر چی پیریش بێ.

❖ نابێ هیچ کەس بە باشی باسی خۆی بکات، پێویستە ئەوە چاپ بکات.

((گۆلٚ فالیس ١٨٣٢— ١٨٨٥))

- س -

❖ سێ جۆر پیاو لە ژن ناگەن، لاو، پیر، بە ساڵا چوو.

❖ سێ شت لە ماڵدا نەفرەت لێ کراون، کەمی، دووکەڵ، ژنی خراپ.

❖ سەربەستی دان... تەنانەت ژنی چاکیش تێك دەدات.

❖ سروشت بە ژنی، درووست کردم، بەلأم ئیشەکانم سەرکەوت بە سەر ئازاترین پیاودا. ((شا ژن، سەمیر ئەمیس))

❖ سەر لێ شێوان بۆ ئەو کەسەیە کە قەرز زۆر دەکات.

❖ سەرکەوتنی هەندێك بێزارم دەکات، بەلأم کەمتر ئەگەر بە هەقی خۆی بێ.
((جۆڵ روونار ٢٠/٣/١٩٣٠))

❖ سەبر کردن، باوکی مندالێکی جوانە. ((ووتەیەکی کۆنە))

❖ سێ شت مرۆڤ، ئارەزووی لێیەتی، تەندروستی و سامان و حەسانەوەی مێشك.

❖ سێ شت دادپەروەری جێ بە جێ دەکات.پارێزەرو شاهید و ڕزگار بوون.

❖ سێ شت ئیشی ژنە، دوروون، زێرینگەر، مێرد.

❖ سامان هەمیشە میوەیەکی گەیشتووە. ((ئینگلیز))

❖ سزای درۆزن هەر ئەوە نی یە، کەس باوەڕی پێ ناکات،بەڵکو خۆشی باوەڕ بە کەس ناکات.

❖ سەر مایەداری ئیشی زۆر کەسەو،یەك کەس کۆی دەکاتەوە.

❖ سەبرکە،سەبرکە، کات هەموو شتێك دەگێڕێتەوە.کات ژنەکەمی گێڕایەوە.
((مۆریس جۆڵ لومیتە ١٩١٠))

❖ سەگەکان، هیچ عەیبیان نی یە، تەنها یەك عەیب نەبێ، ئەوەش باوەڕ کردنیانە بە مرۆڤ. ((ئیلیان.ج. فنبەرت))

- ش -

❖ شەیتان، زۆر جار قازان و قاپ درووست دەكات، بەلاَم هەموو جار سەر قاپەكەی درووست ناكات. ((ووتەیەكی ئیتالیّیە))

❖ شوو كردن، هەمیشە بیرەوەرییەكی پێویستە.

((ئان –ماری كاریر ١٩٦٢))

❖ شەیتان نازانێ، ژنان لە كوێ چەقۆ تیژ دەكەن. ((لاتینی))

❖ شەوی ژن گواستنەوە، یەكەم شەوە كە پێویستی بە ((پرۆڤە)) ی گشتی نی یە. ((جیرار دو رۆهان – شابو ١٩٤٤))

❖ شەیتان پێویستی بە (دە) سەعاتە تاكو پیاوێك هەڵخەڵەتێنێ، بەلاَم ژن یەك سەعاتی بەسە بۆ هەڵخەڵەتاندنی (دە) شەیتان. ((ئەڵمان))

❖ شەیتان دە سەعات هەوڵ دەدا، پیاوێك لە ڕێ دەربكات، ژنێك یەك سەعاتی بەسە بۆ ئەوەی دە پیاو لە ڕێگا دەربكات. ((یابانی))

❖ شۆڕش و بومەلەرزە، لە هەموو جیهاندا یارمەتی زانیاری مێژوو جوگرافیا دەدا.

((ئەمینا دۆ ١٩٣٩))

❖ عەیبی پیاو ئەوەیە، موخلیسە، ئیخلاسەكەشی لە ژنێكەوە بۆ ژنێكی كە دەبات.

- ف -

❖ فەرەنسی یەکان دەڵێن، ئەی ژن ئەگەر مێردەکەت سپی بوو، لە گەڵ ڕۆن فرۆشا قسە مەکە.

❖ فیکتۆر هۆگو دەڵێ، ئەی ژن، ئەگەر جیهان بچووك بوەوە،تۆ بە گەورەیی دەمێنیتەوە.

❖ فلآن کەس نایەتە بەر ڕۆژ،چونکە ماندو دەبێ و سێبەرەکەی ڕادەکێشێ.

((مارسیل باینۆڵ))

❖ فـەرقێکی گـەورە هەیـە لـە گـەڵ ئـەو کەسـەدا کـە دەیـەوێ کتێبێـك بخوێنێتەوە و ئەو کەسەی کتێبێکی بۆ خوێندنەوە دەوێ.

((گلبەرت کایس تشترتۆن ١٨٧٤ – ١٩٣٦))

❖ فەرمانبەر وەکو کتێب وایە، لە کتێبخانەدا، ئەوەیان کـەم سـوودە کـە لـە سەرەوەیە.

((مۆڵ ماسۆن ١٨٩٦))

❖ فرمێسکی ئافرەت بەڵگەی درۆیەتی.

- ق -

❖ قامیشی ڕاو، دارێکە، سەرێکی قوولابی پێوەیە، سەرەکەی کەش بە دەستی بێ ئەقڵێکەوەیە. ((سمۆئیل دەۆنسون))

❖ قازانج تامی خۆشە، لە هەر لایەکەوە بێ.

((ماتۆران رینییە ١٩٢٤))

❖ قەت نابێ تەمەنی خۆمت پێ بڵێم، چونکە بە درێژایی تەمەن دەگۆڕێ.

((ئەلفۆنس ئەللیە ١٨٨٥))

❖ قومار چی دزی لە هاوڕێکەی دەکات. ((م٠ ع))

❖ قسە کردن سێ جۆرە : پارچەیەکە لە بەرد، ژوورێکە لە دەریا،پارچەیەکە لە گوڵ.

- ت -

❖ تۆ شێتی،ئەگەر بتەوێ جیهان بگۆڕی، چونکە سەدەکەمان. پڕە لە نەگونجاو، بۆیە دەمەوێ لەم سەدەیە خۆم بکێشمە دواوە.
((مۆلێر))

❖ تەمەڵ ئەو کەسەیە، کە هیچ ئیشێك ناکات.
((رۆدوڵن سالیس ١٨٥٣-١٨٩٧))

❖ تەنها بێ ئەقڵەکان مافی خۆکوشتنیان هەیە، بەوەش هیچ شتێك ناسڕنەوە.
((هەنری دوفرنۆی ١٩١١))

❖ تاکو ئێستاکەش حەزم لە بۆنی گوڵ هەیە بەڵام گوڵ نابچڕم.
((سانت بۆف ١٨٠٤-١٨٦٩))

❖ ترسنۆك،پیاوێکە بەرامبەر ترس، بە هەر دوو قاچی یاد دەکاتەوە.
((جۆزیف ئەدیسۆن ١٦٧٢-١٧١٩))

❖ تۆ کوڕی مامی، ئەگەر قەرز بدەی، کوڕی ئافرەتێکی خراپی ئەگەر داوای بکەیتەوە.
((ئەنتوان لوازیل))

❖ تەماشای مرۆڤ بکە وەکو هەیە، نەك وەکو بووە. ((صینی))

❖ توندو تیژی ژن، لە جوانییایەتی. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ تۆ ئەی پاکی، هیچ نیت، تەنها ووشەیەك نەبێ. ((برۆتۆس))

- خ -

❖ خواردن لە گەڵ یەکێکدا کە دڵی نەبا، وەکو ئەوە وایە هونەر بکەیت لە گەڵ پیاوێکی بێ ئەقڵ دا. ((راوول بۆنشۆن ١٨٤٨– ١٩٣٧))

❖ خەسو، شەیتانی ژنە. ((ئەڵمانی))

❖ خوا،پیاوی درووست کردووە درۆ بکەن، ژنیش بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بکەن.

❖ خۆشەویستی و ڕاڕایی و ئازار،هەموو دەس لە ناو دەسن و پێکەوە دەڕۆن. ((ئوفید))

❖ خۆشترین کاتی دڵداری، ئەو کتاتەیە، کە بە پێپلکانەکاندا سەر دەکەوین. ((جۆرج کلیمەنسۆ))

❖ خوا پیاوی درووست کرد،کاتێ بینی تەنهایەکەی هێشتا بەس نی یە، ژنی کرد بە هاوسەری بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە تەنهایی بکا. ((پۆڵ فالیری))

❖ خوا مرۆڤی درووست کرد، بۆ ئەوەی ببێ،بەلاّم شەیتان ژنی دروست کرد. ((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ خواردنەوە بە بێ تینۆتی و هەڵسان بە دڵداری لە هەموو کاتێکدا،ئەوەیە ئەی ژنی بەڕێز، کە لە ئاژەڵ جوودامان دەکاتەوە. ((بۆمارشیە))

❖ خۆت بە بلێسە دەزانی، بەلاّم کوژێنەر بوی. ((ئەلکسەندەر دمای کوڕ))

❖ خەڵکی دەکرێنە سێ بەشەوە، لە خو بایی بوو، خۆ بە گەورە زان،ئەوانی تر، من هیچ ئەوانی ترم نەبینیوە. ((ئۆگست دیتۆف ١٩٣٧))

❖ خوای گەورە، مووی لە سەر چەناگەی پیاو ڕوواندووە بۆ ئەوەی لە گەڵ ژندا لە یەك جوودا بکرێتەوە. ((ئەبکێتس))

❖ خۆشەویسترین مرۆڤـــ، لە دڵی منا، ئەوانەیە کە ئارەزووی گومەت درووست کردنیان هەیە.

بەشی چوارەم

پێشەکی

پێشکەشە بەو خوێندوارانە کە هەمیشە مێشکیان زاخاو
دەدەن بە ئەدەبی کوردی ڕەسەنمان.
ئەوا ئەمجارەش بەشی چوارەمی (وتەکانی ژیان)مان خستەبەر دەستی ئازیزان و خۆشەویستانمان هیوادارم جێی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێ.

محمد عبدالرحمن زەنگنە
کەرکوك
١٩٩١/٥/١٢

- ئە -

❖ ئەوەی بەزەیی بە ئاژەڵێکی بێ دەسەڵاتا نەیەت، ناتوانی بەزەیی بە مرۆڤ دا بێت.

((ئەبراهام لینکوڵن))

❖ ئەو شتەی پێویستە لێی بترسین، ترس خۆیەتی.

❖ ئەگەر بەلاوی کات و ون بکەیت، لە پیریدا کات وونت دەکات.

((شکسپیر))

❖ ئیش کرد گەورەترین دوژمنی مرۆڤ دەکوژێ، بێزاری، شەڕ، هەژاری.

❖ ئەگەر ئازایەتی لە ڕاستیدا نەبێ، لە درۆدا نی یە. ((عەرەب))

❖ ئەوین، دەریایەکە، قوڵایی یەکەی نازانین، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دەمانبا.

❖ ئەگەر کات هەڵبژێری، واتە کۆت کردۆتەوە. ((بیکۆن))

❖ ئەگەر دەرگایان لێ داخستی، لە کۆنی دەرگاکەوە تەماشا مەکە، یا دەرگاکە بشکێنە یاخود برۆ. ((تونی کویك))

❖ ئەو دەرگایەی بۆت ناکرێتەوە،کلیلی مەدە.

❖ ئەگەر ویستت خەڵکی پێت پێکەنێ،دەبێ دەم و چاوت گرژ بێ.

((کازانۆفا))

❖ ئەگەر منداڵ، لە باوکی کرد، گومان لە دایکی ناکرێ.

((وێژەی ئەسپانی))

❖ ئەگەر گوێت دا بە لەشت و ئاگاداریت کرد، تەمەنت درێژ دەبێ.

❖ ئێمە یەکجار دەژین، دوور نی یە کەمتریش. ((مارسیل نەشار ١٩٤٢))

❖ ئەوەندە جوان نی یە، كە بتكوژێت و ئەوەندەش ناشرین نی یە كە بتترسێنێ.

((سرفانتیس ١٦١٣))

❖ ئەو هەژارانە، پێویستە لە سەریان خۆشحاڵ بن، چونكە گەدەیان باشە شكاتی لە دەس ناكەن لە وێدا بە ملیۆنەها هەیە هاوار لە گەدەیان دەكەن.

((جان نانۆی ١٩٣٩))

❖ ئەگەر دەتەوێ نهێنی ژیان بزانی و چۆن تێدا بەختیار دەبێ، من هەمووی لە یەك ووشەدا كۆدەكەمەوە ئەویش، ئیشەو لە ئیشیش بەو لاوە نی یە.

((ئەدوار لابولای))

❖ ئەو كەسەی نەتوانێ بەباوكایەتی هەڵسێ، مافی ئەوەی نی یە ژن بهێنێ و ببێتە باوك.

((رۆسۆ))

❖ ئەو كەسەی بە هەنگوین زیاد بخواو (ئیفراط) بكا، دۆست نی یە.

❖ ئەو كەسەی بەڕاستی ئامۆژگاریت بكا خۆشەویستە.

❖ ئەگەردوو ئافرەت بە یەك گەیشتن و ئەوا قسەیان نابڕێتەوە، ئەگەر بوون بە سییان، شەڕیان نابڕێتەوە.

((صینی))

❖ ئەگەر دەتەوێ دوژمن پێت نەوێرێ، ڕەوشتی خۆت چاك بكە.

((ئەفلاتون))

❖ ئەوەم پێخۆشە كە بڵێن بۆچی پەیكەری بۆ نەكرا، نەك بڵێن بۆچی پەیكەری بۆ كرا.

❖ ئەوانەی بەگژ ئازادی دا دەچن، ئەوانە یارمەتی دەدەن.

❖ ئەوانەی بەرد لادەبەن، پەنجەی خۆیان دەڕوشێنن.

❖ ئەگەر هەژار بووی، بیر بكەرەوە كێ لە تۆ شایان ترە.

❖ ئەگەر ڕەخنەی دوژمنان و گلییان نەبوایە، لە زۆر ئیشدا سەر نەدەکەتم و ئەگەر ناڕەزایی ئەوانیش نەبوایە هەر سەر نەدەکەوتم. ((ریشیلۆ))

❖ ئەگەر گوڵت دەوێ، نابێ لە دڕکەکەی بێزار بی. ((تورك))

❖ ئەو کەسە باش دەنوێ، ئەگەر هیچی نەبێ لە ناو چوونی بترسێ.

❖ ئەو کەسەی بە کەم ڕازی نەبێ، بەزۆریش ڕازی نابێ.

❖ ئەو کەسەی نهێنیەکانی بشارێتەوە، دەگا بە ئامانجی.

❖ ئەگەر لە خۆشیدا بین، ئەو خۆشییە بەردەوام نابێ، ئەگەر نەمان شاردەوە. ((شکسپیر))

❖ ئەو چۆلەکەی لە دەستایە، لە دووانی سەر دار باشترە. ((سەرفانتس))

❖ ئەو کەسەی برادەرەکانی بەجێ بهێڵێ،خۆی بەجێ هێڵراوە.

((موغیرە کوڕی شەعبە))

❖ ئەی ئافرەت، وەرە بۆ باخچەکەم، چونکە دەمەوێ گوڵەکانمت پێ پیشان دەم.

((شریدان))

❖ ئەوە بە خەڵك مەکە،وەکو ئەوەی دەتەوێ پێت بکەن دوور نی یە هەست و نەستی ئەوان وەکو تۆ بن. ((بەر ناردشو ١٩٠٥))

❖ ئەگەر باران ڕاوەستا، ئاوی جۆکەلە ڕوون دەبێتەوە. ((وێژەی تورکی))

❖ ئەو ئافرەتە جوانە یاری لە گەڵدا بکە، کۆتایی یەکەی بە بزە دێت.

((ئەناتۆل فرانس))

❖ ئەگەر دەریا، ووشك بێ، لم بەجێ دێڵێ، ئەگەر پیاویش نەما، یاداشتی بەجێ دێڵێ.

❖ ئەگەر ئاشتیت ویست، بۆ شەڕ ئامادە بە. ((وێژەی لاتینی))

❖ ئەوەی زۆر پێکەنێ، زۆریش دەگرێ. ((وێژەی عەرەب))

❖ ئەگەر یەكێك بۆ یەكمجار خراپەی لە گەڵتا كرد، بەهەڵدا چووە، ئەگەر بۆ دووەم جار هەڵەی لە گەڵتا كرد، تۆ بەهەڵەدا چووی. ((وێژەی صینی))

❖ ئەوەی هیوای نەبێ، ڕقی لە سبەینێیە. ((وێژەی ئینگلیز))

❖ ئەوەی زۆر ئازار بچێژێ، زۆر فێر دەبێ.

❖ ئەگەر لە یەكێكی تر، پرسیار كرا، تۆ وەڵام مەدەرەوە، چونكە سووكی بۆ پرسیار كەرو وەڵام دەرپیشان دەدا.

❖ ئەو ئافرەتەی، گاڵتە بە مێردەكەی بكا، ناتوانێ لە خۆشیدا بەردەوام بێ. ((بەلزاك))

❖ ئەو ڕۆژەی ئیشی تێدا ناكەین، وەكو ئەو شەوەی كە ناخەوین مانوومان دەكا.

❖ ئەگەر توانای یارمەتیت نەبێ، با هەمیشە زمانت سوپاس بكا.

❖ ئەو ئافرەتەی موخلیسە بۆ مێردەكەی، موخلیسە بۆ خۆی.

❖ ئەو كەسەی تەنها بۆ خۆی بژی، بە جۆرەی خەڵكی مردووە.

❖ ئەمڕۆ لە كۆشكدا سبەی لە قەبردا.

❖ ئەگەر ئافرەت دادوەر بێت و پیاویش وولاتەكەیەتی. ((لامارتین))

❖ ئەگەر ئافرەت ڕقی هەڵسا، دەبێتە چەكێكی خەتەر، لە گەڵ نارنجۆكی ئەتۆم.

((ئاسەر میللەر))

❖ ئەو پیاوانەی چەندە بە نرخن، كە خۆشەویستیان بۆ خوا بە قەد خۆشەویستی ئافرەت ببوایە. ((كۆنفوشیوس))

❖ ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی ئافرەتین كە خۆشەویستی و بەختەوەریمان بۆ دێنێ. ((شكسپیر))

❖ ئەو ژیانەی كە نرخی هەبێ ئەوەیە بۆ خەڵكی كە بژین. ((ئەنیشتاین))

- ئا -

❖ ئافرەت وەکو گوڵە، ئەگەر لە جێگەی خۆی هەڵکێشرا، لە ژیان دەوەستێ. ((شکسپیر))

❖ ئافرەت، شیعری خواوەندە و پیاویش پەخشانێتی. ((ناپلیون))

❖ ئافرەت، دەژی بۆ ئەوەی لە خۆشەویستیدا بەختەوەر بێ،پیاویش خۆشەویستی دەکا بۆ ئەوەی لە ژیاندا بەختەوەر بێ. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ئافرەت، بە بێ خۆشەویستی.٠ مردووە. ((ئەفلاتون))

❖ ئافرەت، سێ شتی لە پیاو دا خۆش ناوێ، ژنانە. لە خۆبایی بو، نەزان،ژنانە چونکە بەرهەڵستی دەکا،لە خۆبایی بو، لاسای دەکاتەوە،نەزانیش، لە بەر ئەوەی زوو تێ ناگا چی دەوێ.

❖ ئافرەت،چل ساڵ خۆشەویستی دەشارێتەوە بەلاّم ڕقی کات ژمێرێك ناشارێتەوە.

❖ ئافرەتە زۆر جوانەکان، بۆ ڕۆژی دووەم کەمتر سەرسامبان دەکا.

((ستندال ١٧٨٣ – ١٨٤٣))

❖ ئامۆژگاری، کەس مەکە ئەو کاتە نەبێ،کە داوات لێ دەکەن.

❖ ئازایەتی،ئەوە نی یە، دڵت ترسی تێدا نەبێ،بەلاّم ئازایەتی ئەوەیە زاڵ بیت بە سەر ترسا.

❖ ئافرەت،بەزێڕەکانی بە راورد ناکرێ، بەڵکو بە ئەدەبی.

❖ ئافرەتی ناشرین،دەم و چاوی لە ئاوێنەدا دەبینێ و ئافرەتی جوانیش دەم و چاوی لە چاوی خەڵکیدا دەبینێ. ((بەرنارد‌شۆ))

❖ ئافرەتێکم دەناسی، زۆر تووڕە بوو هەڵدەچو لە بچوکترین هۆ، هەرچی دەرمانی هێمنی و چارە سەر هەبوو، سوودی نەبوو بۆ چاك بوو نەوەی بەلاّم لەم

دواییه‌دا چاك بووه و كه یه‌كێك له پرۆفیسۆره تایبه‌تییه‌كان پێی ووت :زوو توڕه بوون دیارده‌یه‌كه له ته‌مه‌ن گه‌وریی.

❖ ئافره‌ت ده‌توانێ نهێنی خۆی زیاتر بپارێزی له نهێنی یه‌كێكی تر.
((لایروبیر))

❖ ئافره‌ت، جوانترین دیاریه كه خوواوه‌ند به مرۆڤی پێشكه‌ش كردووه.
((سوكرات))

❖ ئافره‌ت، ئه‌گه‌ر بۆ سێداره‌ش ببرێت،داوای ئه‌وه ده‌كات ماوه بدرێت تاكو خۆی ئارایشت بكا. ((ئینگلین))

❖ ئافره‌ت، سێ جۆره پیاوی ناوێ،بێ ئه‌قڵ،له‌خۆبایی بوو،ژنانه.
((بسمارك))

❖ ئاده‌میزاد،ئه‌وه‌ی هه‌یه‌تی چاودێری ده‌كاو ده‌یپارێزێ، به‌لاَم سۆشیالیست له شته‌كانی خه‌ڵكی تردا. ((مالكروم دوشازال ١٩٥٠))

❖ ئافره‌ت وه‌كو مانگ وایه، له به‌ر ڕووناكی پرشنگدار ده‌بێت.
((وێژه‌یی ئه‌ڵمانی))

❖ ئاگادار به تاوان مه‌كه،چونكه پاڵت پێوه ده‌نێ بۆ دزی و پاشان بۆ خۆشاردنه‌وه.
((فه‌ره‌نسوێ سۆمییه ناز ناو بهه‌تری سۆم ١٨٤٤– ١٩٠٧))

❖ ئافره‌تی خراپ، وه‌كو به‌هارات وایه، كه‌م كه‌م نه‌بێ بۆمان هه‌زم ناكرێ.
((لویس سیباستیان مرسییه ١٧٤٠– ١٨١٤))

❖ ئافره‌ت مرۆیه‌كی بچوك نی یه،به‌لاَم پیاو سه‌ركه‌وتو تره. ((نیكۆڵ))

❖ ئافره‌ت هاوڕێتی ئافره‌ت لای نرخی نی یه،ته‌نها ئه‌و كاته نه‌بێ كه ئه‌و ئافره‌ته هیچ پیاوێكی خۆش نه‌وێ. ((هه‌نری دوفرنوێ ١٩١١))

❖ ئافرەت،هەنــدێ شــتی هەیــە دەیــشارێتەوە، بــۆ ئــەوەی دەریخــات. ((مونتاین))

❖ ئافرەتی چاك و پاك، خۆدەدەن بە دەستەوە و چاویان نوستووە، بۆ ئـەوەی خـۆ بـە دەسـت دانەكـە نـەبینێ. ((گاسـتۆن دوكافییـە ورروبـیر دوفلیوس))

❖ ئافرەت،خۆی دەدا بەدەستەوە و نامرێ. ((شارل دوبرنار))

❖ ئـافرەت،بزە دەیگـرێ كـاتێ دەتـوانێ، بـەلاّم هـەر كـاتێ ویـستی دەگـرێ. ((كارلایل))

❖ ئافرەت،لە ئیش و كارماندا شـەریك ناكەین،چـونكە خۆیـان ئەوەنـدە ئیـشیان هەیە كە بەسیان بێ. ((لودفیك ئوفولویل ١٩٥٨))

❖ ئادەمیزاد، نەگۆشتی دەخورێ نە پێستی بەكەڵك دێت،كەواتە چـی تـری هەیـە لەزمان شیرینی بەولاوە. ((تورك))

❖ ئافرەت،خۆی فێری كردم، ئافرەت چییە. ((كبلنك))

❖ ئافرەت،گوڵێكە بۆنی دەرناچێ،ئەگەر لە سێبەردا نەبێ. ((لایتبای))

❖ ئافرەت، دەڵێ ی مرۆڤایەتییە و پیاو سەربەستی. ((سمیلس))

❖ ئافرەت،وەكو منداڵە،ئەگەر دووای كەوتی ڕادەكا، كە تـۆ لێـی ڕات كـرد دووات دەكەوێ

((فولتیر))

❖ ئـافرەتی جوان،چـاو پێـی خۆشحاڵە،ڕەوشـت باشـیش،دڵ پێـی خۆشـحاڵە یەكـەمیان ئـەو شـتە جوانـە و بەنرخانەیـە كـە دەكـرێ بـە قـەداو دووەمیان،كانزایـە. ((ناپلیون))

❖ ئافرەت،قوربانی بـە هـەموو شـتێك دەدا لـە پێنـاوی ئـەو پیـاوەی كـە خۆشـی دەوێ بەلاّم گوێی بەوە نی یە كێ باوەڕی پێیەتی لە خۆشەویستەكەیدا.

❖ ئافرەت وەکو کات ژمێری جوان وایە، دیمەنی جوانە، دەم و چاوی جوانە جولانەوەی جوانە،بەلاّم چاك كردنەوەی گرانە.

❖ ئافرەت،لەغاوی جیهانی بە دەستەوەیە، هەر کاتێ ویستی چاکی دەکاو هەر کاتێ ویستی تێکی دەدا.

❖ ئافرەت، لە ژیاندا بە سێ پلەدا تێ دەپەڕێ،یەکەم خەون بە دڵدارییەوە دەبینێ،لە دوومیندا تاقی دەکاتەوە لە سێهەمدا لێی پەشیمان دەبێتەوە.

❖ ئای.·خۆشەویستەکەم،چەندە دەنگتم پێخۆشە،کە بێدەنگ دەبیت. ((لامارتین))

❖ ئافرەت ئەو کەسەی خۆش دەوێ،کە خۆشی دەوێ بەلاّم پیاو و ئافرەتی خۆش دەوێ

((هیرار))

❖ ئافرەت، جوانترین دیارییە کە خواوەند بە مرۆڤی پێشکەش کردووە.

❖ ئافرەت،وەکو قوماش وایە، هەڵبژاردنی لە ژێر ڕووناکی مۆم دا دەبێ.

❖ ئارفەت، وەکو کوتر وایە، لەو کاتەیدا بیر لە پیاو دەکاتەوە، خەون بە هێلانەوە دەبینێ.

- ب -

❖ باڵندەی نامۆ، خێرا هێلانە دروست دەکا. ((تورك))

❖ باوەڕ بەو برادەرە مەکە کە بەربەرەکانی و دوژمنایەتیت دەکاو دووای ئاشت دەبێتەوە.

((ئینگلیز))

❖ با نەزان،چی دەڵێ با بڵێ، زانین نرخێکی هەیە و ئینکار ناکرێ. ((دەلافۆنتین))

❖ بۆ دونیا ئیش بکە،وەکو بڵێی هەتا هەتایە دەژیت و بۆ دووا ڕۆژ ئیش بکە، وەکو بڵێی سبەی دەمری. ((ئیمام عەلی))

❖ بۆ بردەرەکانت ئیش بکە،زیاتر خۆشتیان دەوێ،چاکەش لە گەڵ دوژمنەکانتا بکە دەبنە برادەرت. ((تۆلستۆی))

❖ بە قسەی خۆش دەرگای ئاسن دەکرێتەوە. ((تورك))

❖ بەختەوەرترین ئافرەت،وەکو بەختەوەرترین وڵاتی بێ مێژووە.

((جۆرج ئەلیۆت))

❖ برادەر نا ناسرێ، لە کاتی تەنگانەدا نەبێ. ((جۆن هیود))

❖ بە سەبر کردن بە تێپەڕکردنی کات،گەڵای تو دەبێتە ئاوریشم. ((چینی))

❖ بڕوای خۆت و هەوڵدانە تایبەتیەکانت خۆت بدە دەست ڕۆژگار، ئاگاداریش بە جیاوازی نەکەی لەنێوانیان دا.

❖ بەنرخترین دیاری خوا بە پیاوی دا ئافرەت بو.

❖ باوەڕت بە هەتاوی زستان و دڵی ئافرەت نەبێ. ((بولگاری))

❖ باوەڕت هەبێ بەو ئافرەتەی کە تاکو مردن ڕقی لە پیاوێك دەبێتـەوە، بـاوەڕت هەبێ خۆشی دەوێ تاکو پلەی مردن.

❖ بەختیاری مرۆڤـــ ژیانە، ژیانیش ئیش کردنە. ((تۆلستۆی))

❖ بەزەیی،جەوری یاسایە،هیچ کەسێك یاسا بە توندی بـە کـار ناهێنێت تـەنها جەور کەران نەبێ ((شکسپیر))

❖ بە باشی چاوت بکەرەوە پێش ژن هێنان، لـە پـاش ژن هێنـان نیـوە نووسـتوو دەبیت.

((ئەمەریکی))

❖ برا هەیە، لە دایکتیش نی یە. ((عەرەب))

❖ بێدەنگی،باشترین شتە بۆ ئەو کەسەی بێقیمەتە. ((بەرناردشو))

❖ بە هەزار دینار ناتوانی،پێکەنینێ بکڕی. ((چینی))

❖ بێدەنگی،چەند خۆشە،کاتێ گوێ لە سەروەی دڵ دەگرین.

❖ باشترین ڕێگا بۆ ئـەوەی لـە گـیرو گرفـت ڕزگـار بیـت،گیرو گرفتـەکانت بخـەرە گیرفانە دڕاوەکەتەوە. ((کولیە))

❖ بگرە و بەردە لە گەڵ ژنێکی توڕەدا مەکە،چونکە کاتەکات بە فیڕۆ دەدەی.لـە گەڵ ژنێکی ڕازیش بگرەو بەردە مەکە چونکە کاتەکەی بە فیڕۆ دەدەی. ((شیڵدن))

❖ باشترین کەس ئەو کەسەیە لە عەیبی خۆی بگەڕێ نەك لە عەیبی خەڵکی.

❖ بانگە بێدەنگەکان و نەرم و نیانەکانی دایك،ڕێگە بۆ کانیاوی خێر وون ناکەن.

((هەنری وورد پێشتەر))

❖ بە گوێرەی پیاو ژن هێنان کۆتایی ژیانە، بە گوێرەی ژنیش هەوەڵیەتی.

((دییولی))

❖ بڕوانە پیاو وەکو هەیە، نەك وەکو بووە. ((چینی))

❖ بەندی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە نەتوانێ ڕای خۆی بە سەربەستی بڵێ.

((نۆربیدس))

❖ بەختیاری،بە ماڵ و پارەی زۆر نی یە، بەڵکو بە قەناعەتە.

❖ بەنرخترین شت لە ژیاندا، سێ شتە، زانست و خواردن هاوڕێتی.

❖ بە بێ دڵداری ژن مەهێنە،ئەگەر خۆشەویستیت کرد،باوەڕت هەبێ بەوەی خۆشت دەوێ، باوەڕی بە خۆشەویستی هەیە. ((جۆزیف))

❖ برینی دڵداری، چاك نابێتەوە،تەنها بە دڵداری نەبێ.

❖ بۆ لە مردن بترسین،ئەگەر ئێمە خاوەن ماف بین،چاك وایە،مرۆڤ لە پێناوی بیریدا بمرێ،نەك بە درێژایی زەمان خائنی وولاتەکەی ترسنۆك بێت و یاریدەدەی نەبێ.

((مانزینی))

❖ بەختیاری،پەپولەیەکە، کە ویستت بیگری لە دەستت دەردەچێ.

❖ بە منالّت مەلّێ، تۆ جارێ مندالّی و هیچ تێناگەی.

❖ بناغەی وولاتی هیچ، یەك کات ژمێرە، وولاتی ڕاست تا ڕۆژی کۆتاییە.

❖ نیشتمان پەروەری بە تەنیا بەس نی یە،پێویستە لە گەڵیا کینە و دڵ پیسی لە گەڵ کەسا نەبێ. ((ئەرستۆ))

❖ بەختیاری، لە جولانەوەو بەردەوام بوونە لە ئیش و کار. ((ولیەم بلاك))

❖ بەختیاری ئەوەیە،ئەوەی لە سەرتە بیکەی بە ڕەزامەندی و ڕازی بوونت.

((لودفیك هالیفی))

❖ بێ هێزترین کەس،ئەو کەسەیە،نەتوانێ نهێنی خۆی بشارێتەوە.

((عەرەب))

❖ بەڵێنی خۆشەویست، نیوەی ئەمەکدارییە.

❖ بێدەنگی، نیوەی ڕەزا بوونە.

❖ بۆن کردن، نیوەی چێژتنە.

❖ باوكایەتی :هەریەكە دەزانێ دایكی كێیە و چاوی ڕووناكی كەوتووە.ئەوەكانی تریشی نهێنیەكە،ئەوە نهێنی خۆشەویستیە. ((بۆ مارشیە ١٧٨٤))

❖ بزە، زمانێكە،پێویستی بە ڕوون كردنەوە نی یە.

❖ بزە،زمانێكە،كە مرۆڤ هەستی پێدەكات بەرامبەر خۆشەویستەكەی.

❖ بزە، زمانی دڵدارییە.

❖ بڕوام وایە،مەسەلەكە لە كۆتاییەدا دڵدارییە،چونكە هەر كاتێ بیرەوەری خۆشەویستی یەك بكەمەوە، ئەو بیرەوەرییە زاڵ دەبێ بە سەرما. ((فلادمیر))

❖ بوكی،گرینۆكە،ژنێكە پێدەكەنێ، بەپێچەوانەوە ڕاستە.

❖ بەرگری،خراپە، بە خراپە مەكەن. ((تۆڵستۆی))

❖ بۆ وەدەس هێنانی ئافرەت بۆ خۆشەویستی، پێویستە وا هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكەی،وەكو تۆ حەز لەو شتە نەكەی. ((بۆ مارشیە))

❖ بەخت،سەركەوتن درووست دەكات،سەركەوتنیش وەرگرتن درووست دەكات.

((ئاتین ڕای))

❖ بۆ قەرەباڵغی،خەڵكە بچووكەكان و دەهۆڵەكان هەڵدەبژێرن.

((ج· ش· لیشتبرك ١٧٩٩))

❖ باڵندە، بە باڵەكانی دەفڕێ،پیاویش بە هیمەتی. ((نەینبای))

❖ بە سەربەستیم ووت كوا كوڕەكانت ؟وتی یەكێكیان هەڵواسراو یەكێكیان بە شێتی مردو یەكێكیان لە دایك نەبووە. ((جوبران خەلیل جوبران))

❖ بۆ دڵداری،یەك فرمێسك هەڵدەڕێژین،بەلام بۆ بەرژەوەندی خۆمان هەموو فرمێسك هەڵدەڕێژین.

- باشترین برادەر ئەوەیە، کە نهێنی نادرکێنێ.
- بێ هێز،هەڕەشە دەکاو ئازا ئیش دەکا.
- برادەر سەنوقێکی داخراوەو کلیلی ڕاڤەیە.
- بەرد قورسە و لم قورسترە،بەلاّم نەزان لە هەر دووکی قورسترە.
- برادەر،وەکو تەندروستی وایە،نرخی نازانی تاکو وونی نەکەی.
- برادەرت زۆر دەبێ، ئەگەر جزدانەکەت پڕ بێ لە پارە.

- پ -

❖ پێش ئەوەی تورە بیت،تەماشاکە،هۆ هەیە بۆ تورە بونت. ((ئینگلیز))

❖ پێویستە بۆ خۆراك، هەوڵ و ئیش کردن. ((ئیبن خەلدون))

❖ پیاو ئاواتی ئەوەیە، سامان کۆکاتەوە، بۆ ئەوەی بە هەموو ڕەزامەندییەکەوە پێشکەشی بکات،بەو ئافرەتەی کە بەر تورەیەوە دەکەوێ. ((مارك تۆین))

❖ پیاو هەندێ جار،پیاوە،مێ، مێیە، لە هەموو کاتێکدا.

❖ پیاو، لە بەرد نان دەردەکا. ((تورك))

❖ پەیمان هەورە و،بەجێ هێنانی بارانە.

❖ پیاو دوو جار خۆشحاڵ دەبێ، کاتێ ژن دێنێ و کاتێکیش ژنەکەی دەمرێ.

❖ پیاو چۆن ئافرەتی دەوێ :

کچ بێ، وەکو مەریەم.

جوان بێ،وەکو کلیۆباترە.

تێکۆشەر بێ،وەکو جان دارك.

سەخی بێ،وەکو فاتیمە.

ئافرەت چۆن پیاوی دەوێ :

دەوڵەمەند بێ، وەکو ڕۆکفلەر.

سەفی بێ، وەکو حاتەم. ((ئەڵمان))

❖ پیاوێك، بە دووای ئافرەتێك بکەوێ دیخوازێ،بەلام ئافرەتێك بە دووی پیاوێکدا بگەڕێ دەکەوێتە چاڵەوە. ((وتەیەکی هیندییە))

❖ پیاوەتی و چاکە کردن ئەوەیە کە ئەوەی پێویستە بیدەی بە یەکێکی تر بە ڕاستی.

❖ پیاو سێ شتی لە ئافرەت دەوێ،چاکی لە دڵداری و پاکی لە ڕووداو و زەردەخەنە لە سەر لێوان.

❖ پیاو،ئافرەتی زۆر ژیری خۆش ناوێ،چونکی سەری لێ دەشێوێنێ،ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەتی نەفامی خۆش بوێت.

❖ پێویستە هەموو ئافرەتێك مێردێکی هەبێ، بەشداری خۆشی و ناخۆشی نهێنیەکانی بکات.

❖ پیاو پەسەندی ئەو ئافرەتە دەکات کە لە مەیدانی دڵداریا شارەزایە بەلآم هەرگیز نایخوازێ.

❖ پیاو،بە ڕاستی ئافرەتی خۆش ناوێ، تا هەڵەکانی و ناتەواویەکانی خۆش نەوێت.

❖ پەرتووك، پەنجەرەیەکە،تەماشای جیهانی پێدەکەین. ((چینی))

❖ پێویستە لە ڕێگەی ژیاندا لە نێوان دوواندا، مامۆستایەك بدۆزمەوە.

((کۆنفۆشیۆس))

❖ پیاو،دەتوانێ ژن لە هەموو پیاوێك بپارێزێ تەنها لە خۆی نەبێ.

❖ ((چینی))

❖ پیر بووم و هیچم جێ بەجێ نەکرد،ئێستاش ئەو کاتەم نی یە،هیچ شتێك جێ بەجێ بکەم، هەر وەکو هەوەڵ دەمێنمەوەو لە سەر ئەو هێڵەی کە دۆزیومەتەوە دەڕۆم.

((بۆڵ سیزان))

❖ پێم بڵێ چەند جار ئەو کەسەی ئاگادارە و سامانی دزراوە،یا ئەوەی مەلەوانی دەزانێ خنکاوە،منیش بە تۆ دەڵێم چەند جار زیرەك سەر نەکەتووە، یا ڕاستێك تێکەوتووە.

((ڕۆکفرلەر))

❖ پیاو،هەست بە هێزی دەکاو بەشی ژن دەدا،ژنیش هەست بە پیری دەکاو بە سەر پیاودا جەور دەکا. ((بەرناردشۆ))

❖ پێکەنین،ئەو هەتاوەیە،کە هەور لە سەر دەم و چاوی مرۆڤ لا دەبا.

(فیکتۆر هۆگۆ))

❖ پیاو،حەز دەکا بە تەنها بێت، بۆ ئەوەی بەتەنها بێت،ئافرەتیش حەز دەکا بە تەنها بێت بۆ ئەوەی لە گەڵ یەکێکدا بێت. ((مۆریس دوکوبرا))

❖ پێش ئەوەی ژن بهێنم،شەش تیورم هەبو بۆ بە خێو کردنی منداڵەکانم،بەلام ئێستا شەش منداڵم هەیە و هیچ ڕێگەیەکم نی یە.

((دگۆن وەیلمۆس ڕۆشتەر ڕۆلان ١٩٠٩))

❖ پێویستە لە کاتی قسە کردن لە گەڵ ئافرەت دا،زۆر ڕێزی بگری، بە پێچەوانەوە جولانەوە کە کەمتر ڕێزی بگری. ((ناتین))

❖ پێویستە درۆزن، بیری تیژ بێ. ((کوتنلیانۆس))

❖ پێم بڵێ، کێ خۆشحاڵ بووە بە سەر کەوتنی برادەرەکەی، بە بێ حەسوودی.

((ئەسخیلوس))

❖ پیاوی چاك، خاوەنی وولاتێکە. ((سنیکا))

❖ پەرەسێلکە،بەهار درووست ناکا، بەلام ووشتر بیابان درووست دەکا.

((ئەلفرێد کابۆ))

❖ پیاو ژنی خەڵكی خۆش دەوێ،بەڵام كوڕەكەی لە هەموو كەس زیاتر خۆش دەوێ.

((ووتەیەكی جیورجی یە))

❖ پیاو لە سەر بەرد نانی خۆی دەر دەكا.

❖ پێم بڵێ،چی جۆرە كتێبێك دەخوێنیتەوە،پێت دەڵێم تۆ كێیت.

- ج -

❖ جوانی پەلەوەر، لە پەڕەكانیدایە،جوانی پیاو لە زانستیدایە.

❖ جوانترین شت لە دڵداریا ئەوەیە،وەكو لقی دار گوڵە،هەر كاتێ گوڵێكی لێ سیس بووەوە،لەولاوە خونچەیەكی تر دەردەچێ.

❖ جوانی و خۆشەویستی،ئەو دوو شتە لای ئافرەت گرنگە.

❖ جوانترین شت لە شەودا ئەوەیە، كە ڕۆژ لە دایك دەبێ.

❖ جوانترین چاو، درۆزنترین چاو، چاوی ژنە. ((بەرازیلی))

❖ جوانترین شت كە مۆسیقا ژنەكان كردوویانە، بەرهەمی ئێش و ئازارو خەفەتیانە.

((تۆڵستۆی))

❖ جیهان،شانۆیە،بەڵام دەورەكان بە خراپی دابەش كراوە.

((ئۆسكار وایڵد))

❖ جوانترین بزە لە پشت هەورەوە،ئەو بزەیەیە كە لە نێوان فرمێسكی ئافرەتەوەیە ڕێگە دەبرێ. ((لامارتین))

❖ جاران،ئافرەت پیر دەبوون،بەڵام هەر جوان بوون،ئەمڕۆ پیر نابن،بەڵام ناشرین دەبن.

((ئەلكۆنت ئاتین دو بۆمۆن))

❖ جوانە مرۆڤ لە پێناوی وولاتەكەیدا بمرێ،لەوەش جوانتر ئەوەیە، لە پێناوی دا بژی.

❖ جنێو، بە هاوسێكەت بدەو قەبر هەڵكەنە.

❖ جوانی ئافرەت، وەكو سامان وایە بۆ پیاو، هێزو دەسەڵاتە.

((ئەكسیل مۆنتە))

- چ -

- ❖ چەند جوانە، كاتێ بزە،لە قوڵایی دڵەوە پرشنگ دەدا.
- ❖ چاكە بچێنە، بەختیاری دەدوریتەوە.
- ❖ چی بارێك قورسە ؟ تورە بوون. ((ژیرێك))
- ❖ چەند دەتوانی خەفەت، لە خۆت دوور خەرەوە. ((ئینگلیز))
- ❖ چاك وایە،بلێی نا، نەك بلێی دوور نی یە.
- ❖ چاك وایە، لە برسا بمری، نەك لە ڕەزیلێك داوای نان بكەی.
- ❖ چاو،باوەڕی بە خۆ هەیە وگوێ هەواڵەكەی بە ڕاست دەزانێ.

((ووتەیەكی سویسرییە))

❖چەند خۆشەویستی بكەین،ئەوەندە خۆشەویستیمان بۆ خۆشەویستی كەم دەكاتەوە،ئەوەندەی كە دەخۆین،زیاتر حەز لە خواردن دەكەین. ((ئالان لوبرۆ ١٩٣١))

❖چاكترین كات بۆ ڕاكێشانی دڵی بێوەژن،ئەو كاتەیە كە لە ناشتنی مێردەكەی دەگەڕێتەوە

((تۆماس فۆڵەر ١٧٣٢))

❖چاك وایەئافرەت وا لێ بكەی سوور هەڵگەڕێ،نەك وای لێ بكەی پێبكەنێ

((ئەلفۆس كار١٨٥٩))

❖چۆن لە دوپشك دەترسی، ئاوهاش لە وانە بترسە كە غەیبەتت دەكەن.

((عەرەب))

❖چاودێری دوژمنت بكە وەكو شێری بزانە، ئەگەر مشكیش بێ.

((ئینگلیز))

- د -

❖ دیۆجنس، وتی لە تالیس —یان پرسی : قورسترین شت چییە ؟

وتی : ئەوەیە مرۆڤــ خۆی بناسیّ، هەر وا لیّیان پرسی :

سووك ترین شت چییە ؟

وتی ئامۆژگاری خەڵك كردن.

❖ دڵم وەكو مۆم نەرمە،بەڵام بۆ تەنگانە وەكو تاویّرە.

❖ دڵۆپیّ هەنگوین بە توانایە،هەڵگری پیّنووس بە تواناترە،گەلیش هەڵناسیّ بە شۆڕش،تا خاوەن پیّنووسەكان هەڵنەسن. ((فۆنس سیّیەم))

❖ دڵداری و خۆشەویستی،ئەو كاتە دەزانریّ،كە پیّی هەڵدەستی.

((ویّژەی ئەسپانی))

❖ دەزانین بە پیری لە دایك ببین و بە لاویّتی بمرین. ((جان كۆكتۆ))

❖ دلبەری كچ دەڵیّ،چۆنت پیّخۆشە وام لیّ بكە، بە مەرجیّك فیّربم.

((دیدرۆ ١٧٦٩))

❖ درۆ باڵی نی یە، بەڵام ناو زڕان باڵی هەیە. ((چینی))

❖ دەس پیّكردن، نیوەی ئیشە.

❖ دایكی كوژراو دەنویّ،بەڵام دایكی كوژەر نانویّ.

❖ دەتوانی گوڵ لە ژیّر پیّتا داڕزیّنی،بەڵام ناتوانی بۆنەكەی نەهیّڵی.

❖ دوو ڕیّگا هەیە،بۆ سەركەوتنی هەمیشەیی،ڕاست گۆیەكی هەمیشەیی و ئیشی بەردەوام.

❖ دەوڵەمەندی، بە بیّ چاودیّری،وەكو قفڵی بیّ كلیل وایە.

❖ دەوڵەمەندی ڕەزیل،وەكو بەهیّزی ترسنۆك وایە.

❖ درۆزن، دزە،چونكە دز سامان دەزی و درۆزن ئەقڵ دەدزیّ.

❖ دڵی ئافرەت،سەنووقیّكە،پڕە لە شووشەی بەتاڵ بۆنی گوڵاوی كۆنی لیّ دیّت.

❖ دڵداری جۆری هونەری شێتی وەرزە،ناشرینترین جۆری،ئەوەیە کە ئەو دوو دڵـــداره وا دەزانـــن دڵدارییەکـــەیان دەمێنێتـــەوە و ڕۆژگـــار نـــایگۆڕێ.

((مەنفولوتس))

❖ دڵداری لاوێتیە، لەوە بە دوواوە وڕێنەی خەوە.

❖ دایك ڕووناكییەكە هەرگیز ناكوژێتەوە. ((فۆلتێر))

❖ دڵۆپەیەك لە سەردڵۆپەیەك دەبێتە دەریا.

❖ دوژمنێكی ژیر،چاترە لە هاوڕێیەكی نەزان.

❖ دبلۆماسی،ئەو پیاوەیە، دوو جار بیر دەكاتەوە، پێش ئەوەی هیچ بڵێ.

❖ دڵـداری وەكـو ئـاگر وایـە، ووشـك وسـەوز دەسـووتێنێ، هـەر وا خۆشـی دەسووتێنێ تاكو بە خۆڵەمێش دەبێ.

❖ دڵداری،ئەو ئارەزووەیە، كە بە سەربەستی یـەكێكی تـر دەبەستێتەوە((جـان بولْ سارتەر)

❖ دەشێ دڵ بچووك دونیای گەورەو خۆشەویستی گەورەی تێدا بێ.

((ڕەسولْ هەمزاتۆف))

❖ دڵداری ڕاستی سەرچاوەی ئازارە،ئەوەی لـە ئـازار بترسێ،شایستەی دڵـداری نی یە.

((لامارتین))

❖ دڵی ئافرەت،مروارییەكە،پێویستی بە مەلەوانی باش هەیە.

❖ دڵی ئافرەت، زۆرانبازی زۆر دەكا، بەڵام نامرێ.

❖ دڵداری ژنان هەمیشە كوێرە.

❖ دەنگی هەق،جاروبار نەبەگوێ نەبەسەر،نابیسترێ،بەڵام بە دڵ دەبیسترێ.

((توفیق ولحوكیم))

❖ دڵداری،پەیمانێكە، لە گەڵ ئازار دا. ((مەدام دی لیناس))

❖ دڵداری و ڕاڕایی و ئازار، هەمیشە دەستیان لە ناو یەکدایە. ((نۆفید))

❖ دڵداری، لە هیچەوە لە دایك دەبێ و بە بێ هیچ دەمرێ. ((ئەلفۆنس کار))

❖ دەوڵەمەند، نوژدار چاو دێری دەکا،هەژاریش ئیش و کاری ڕزگاری دەکا.

((وێژەیی پۆلۆنی))

- ر -

❖ ڕاستی و ڕون، هەمیشە سەر دەکەون. ((ئینگلین))

❖ ڕازانەوەی پیاو ئەدەبە، ڕازانەوەی ئافرەت زێڕە. ((عەرەب))

❖ ڕەوشتی ئافرەت، وەك ئاوێنەیەکی پاکی پرشنگدارە، نزیك ترین هەناسە کاری تێدەکا.

((سێرفانتس))

❖ ڕابواردنی هەژار بە تام ترە لە هی دەوڵەمەند، ئەوەندە بەسە کە هەژار خواردن بەتامەوە دەخوات، دەوڵەمەند هەرچی هەبێ بیدات تامی وای دەس ناکەوێت. ((هلنسیۆس))

❖ ڕاستی، تەنها شتێکە کە هیچ کەسێك نایەوێت بڕوای پێ بکات. ((بەرنارشو))

❖ ڕاستە سامان قسە دەکات، بەڵام نابیستێ.

❖ ڕاست ترین شت کە مرۆڤ ئەو ڕۆژە دەینووسێ، یا دەربارەی ڕاڤەی تایبەتی خۆیەتی، یا هەستێکی ڕاستە لە دڵەوە دەردەچێ. ((یەکێك))

❖ ڕاستی خواردنی مێشکە، بەڵام جوانی خواردنی دڵە. ((شیلەر))

❖ ڕاڤە (تجربە))، ئەو ناوە نهێنییە، کە دەیسەپێنین بە سەر هەڵەکانماندا

((ئۆسکار وایلد))

❖ ڕابوردوو بە یاد دێنمەوە، نەك بۆ ئەوەی برینێك بکولێنمەوە،بەڵکو بۆ ئەوەی ڕاڤە بە خۆڕایی نەڕواو بیریش بە دوواوە نەگەڕێتەوە. ((ئەمێل حەبیبی))

❖ ڕاستە من لە سەر خۆ دەڕۆم،بەلام ڕووی نەداوە یەك هەنگاو بەرەو دوواوە بگەڕێمەوە.

((ئەبراهام لینکۆڵین))

❖ ڕاست گۆیی مێژوو، بێ دەنگی مردووەكان دروستی دەكەن.

((ئاتین رای ١٩١٤))

❖ ڕاست بڵێ، با لە سێدارەت بدەن. ((كریستۆفەر مارلو ١٥٩٠))

❖ ڕاستی، بە ئەقڵ و دڵ دەزانین. ((باسكاڵ))

❖ ڕاستی، لە دەمی منداڵانەوە دەردەچێ. ((لاتینی))

❖ ڕێـــزی هـــەموو شـــتێك بگـــرە، وەكـــو ئـــەوەی ڕێـــزی باوكـــت دەگـــری. ((یابان))

❖ ڕەزیل، لەم دونیایـەدا، وەكـو هـەژار دەژی و لـەو دونیـاش وەكـو دەوڵەمەنـد حیسابی لە گەڵ دەكرێ. ((عەرەب))

❖ ڕەزیل، تەنانەت لە لای باڵندەكانی ئاسمانیش بێ قەدرە. ((یابان))

❖ ڕەزیـل، سـكی تێـر دەكـاو هاوسـێیەكەی برسـییە، سـامانەكەی دەپـارێزی و ناموسیشی نی یە.

- هـ -

❖ هاوسیٚ، پێش خانو، هاوڕیٚ،پێش ڕێگا. ((عەرەب))

❖ هەموو داریٚ بەری هەیە، بەری دڵیش كوڕە.

❖ هەر كەسیٚ بەینی دوو كەس، تێك بدا، مردنی بە دەس ئەو دووانە دەبیٚ

((وێژەیی عەرەب))

❖ هەر كەسیٚ، تەنها چاكەی خۆی و خراپەی خەڵك دەبینیٚ،كوێر لەو باشترە.

((میخائیل نەعیمە ١٩٨٨))

❖ هیچ خۆشییەك نی یە، بەقەد خۆشی، چاكە. ((تورك))

❖ هەژاری، عەیب نی یە، بەڵام تەمەڵی عەیبە. ((تورك))

❖ هیچ شتێك نی یە،ڕێگەی هەوڵدەر بگریٚ بۆ پێشكەوتن. ((بیتهوڤن))

❖ هەق (ماف)وەكو تەپە دور وایە،ناخنكیٚ. ((تورك))

❖ هێزی دە پیاوم هەیە،چونكە دڵم پاكە. ((نەنسن))

❖ هەمیشە حەز دەكەم گویٚ لەو مرۆڤە بگرم كە باسی خۆی دەكا...چونكە ئەو كاتە گوێم لە شتی باش دەبیٚ. ((وێڵ ڕۆجرز))

❖ هەموو برینێك، مەرهەمی هەیە. ((ئینگلیز))

❖ هەموو فەلسەفەی پیاوان، ناكاتە یەك هەستی ئافرەت. ((فۆڵتێر))

❖ هەڵەكانت لە لای خەڵكی تر بەو جۆرەیە،كە تۆ هەڵەیان دەبینی.

((گلادستۆن))

❖ هەموو ئەوانەی ئامۆژگاری خەڵكی دەكەن كە ژن نەهێنن، خۆیان ژنیان هێناوە.

❖ هەموو زمانی جیهانی فێر بووم، لە هەموو زمانیٚ خۆشتر زمانی چاوە.

❖ هەق، بە کردارو بە دڵ دەزانین. ((باسکال))

❖ هەموو ئاواتی ئافرەت،ئەوەیە بە جوانی بمێنێتەوە. ((لۆردلتلتۆن))

❖ هەموو هەڵەیەك، بۆ بێ ئەقڵی پیاو دەگەڕێتەوە. ((مێشلێ))

❖ هەموو شتێکی چاك،لە چوار دەورما دەسکردی ژنەکەمە. ((ڕۆکفلەر))

❖ هەر کەسێ کتێبێکی باشی کوشت،واتە پیاوێکی باشی کوشتووە.

❖ هەموو قوتابخانەی جیهان،دڵسۆزی دایکتت نادەنێ. ((بولگاری))

❖ شەش شت لە مرۆڤـ دا جوانە :جوانی لە لووتا،شرینی لە چاودا،ڕێك و پێکی لە دەم و چاودا،بریقەداری لە دیمەن دا،جوانی لە بالآدا،ڕێك و پێکی لە قژوو پرچ دا.

❖ هەر چەندە ئافرەت،بەهەشتی لە دەست داوین،بەلآم هەمیشە لە باوشیا دەگینەوە.

❖ هیچ میللەتێك نەیتوانیە هەڵسێت، بە بێ ئەوەی ئاگرێك پاکی نەکردبێتەوە.

((گاندی))

❖ هەڵەی ئەوانە کە لە سەر شتێك سوورن، لە لام باشترە لە دو دڵی زاناکان.

((ئەناتۆڵ فرانس))

❖ هەر کەسێ باوەڕی بە خۆشەویستی هەبێ هەموو شتێك دەکا، تاکو پێی بگا.

((فلیکان))

❖ هەر کەسێ ڕاستی ببینێ و لایەنی نەگرێت ترسنۆکە.

❖ هیچ شتێك نی یە،لە فرمێسك زووتر ووشك بێتەوە

❖ هاوڕێیەتی.. خۆشەویستیەکی بێ باڵە.

❖ هەژاری هەڵەیەکی کاتییە،بەلآم دەوڵەمەندی بێ ئەندازە نەخۆشییەکی کۆنی بێ چارەیە.

((دیستۆفیسکی))

❖ هەموو کەس نهێنی دەشارێتەوە، ئەگەر هەڵەی زمان و لۆچی ڕوومەتی نەبێ.
❖ هێزی کۆمەڵ و خۆپاراستنیان بەستراوە بە ڕەوشت باشی لاوەکانییەوە.

((هاوز))

❖ هونەر ئەوە نی یە کە نەکەوین،هونەر ئەوەیە هەرچەندە کەوتین هەڵسینەوە.
❖ هیچ شتێك بە دزییەوە مەکە،ئەگەر ئارەزووت لێ بو بە ئاشکرا بیکەیت.
❖ هیچ هەژارییەك وەك نەزانین نی یە هیچ سامانێکیش لە ئەقڵ بە نرختر نی یە.
❖ هەمیشە لە دوژمنەکانت ببورە هیچ شتێك لەوە زیاتر پەستیان ناکا.
❖ هەڵۆ مەنێرە تاکو کەروێشك نەبینی. ((ڕوسی))
❖ هەر کاتێ بەخت لە دەرگاتی دا، بە پێی یاسا کلیلی لە سەر داخە.

((مێگیل))

❖ هەر کەسێ بتوانێ ئافرەت بێنێتە زەردەخەنە، واتە نیوەی ڕێگای بۆ دڵی بڕیوە.
❖ هاوڕێی هەموو کەسێك ئەقڵێتی، دوژمنیشی نەزانییەتی.
❖ هەموو جیهان لە تای ترازوویەکدا بێ و دایکم لە تای ترازوویەکدا بێت، دایکم هەڵدە بژێرم

((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ هەرچی بریقەدار بێ زێڕ نی یە،زێڕیش نی یە ئەو شتەی بریقەدار بێ

((لویس سکوتنێر ١٩٤٥))

❖ جەورو زۆر دارییە، کە بلێی ئافرەت تێگەیشتو نین ((مەدام لیتیسیا)) بۆ نموونە باسی دەکەین و کەسی کە نا،ئەم ژنە تێگەیشتووە نۆ مانگ زانایەکی لە سکدا بووە ئەویش (نابلیون)ە. ((بۆڵ جان تولێە))
❖ هەڵە کەر، نەزانە سەرەڕای ترسنۆکی. ((بۆلانۆ))

❖ هاوارێك لە پیاوەوە هەڵدەستێ،كاتێ ئازار دەچێژی،بەڵام ئافرەت كاتێك هەست بە خۆشی دەكەن. ((جۆرج ئارمام ١٩٦٠))

❖ هیچ كەس لە تاریكیدا، سور هەڵناگەڕێ. ((بنیامین و شكوت ١٧٥٣))

❖ هەموو ناخۆشی و ڕووداوێك كە پەیوەندی بە منەوە نەبێ، هیچ نی یە تەنها خەونە.

((گوڵ ڕوونار ١٨٩٨))

❖ هیچ كەسێك، ئامۆژگاری قەبوڵ ناكا،بەڵام سامان قەبوڵ دەكا،كەواتە سامان لە ئامۆژگاری بە نرخ ترە. ((دگۆ فاسان سوینت ١٧٠٦))

❖ هیچ خۆشییەك، لەوە خۆشتر نی یە،كە لای ڕاستی بگری. ((باكن))

❖ هاوڕێكەم، وریا بە لە ئافرەتی جوان،كاتێ خۆیان نەرم و نیان پیشان دەدەن،ئەو كاتە ئێمە دەبینە كۆیلەیان. ((فیكتۆر هوگو))

❖ هیچ شتێك لەوە گرانتر نی یەبۆ ئەو ئافرەتەی لە نێوان دوو پیاودا وەستاوە ئەو پیاوەی خۆشی دەوێ،ئەو پیاوەی كە خۆی خۆشی دەوێ.

((جوبران خەلیل جوبران))

❖ هەندێ ئافرەت،توانای هوتەری قسە كردنیان نامێنێ،بەڵام بە داخەوە توانای قسە كردنیان دەمێنێ. ((بەرنارد شۆ))

❖ هەر كەسێ لە خزمێكی شتێ بدزێ،ئەگەر فلسێكیش بێ، ئەو كەسە خراپە،وەكو ئەوە وایە یەكێكی كوشتبێ. ((بۆلانۆ))

❖ هیچ شتێك بە بێ ماندوو بوون بە بەر نایەت.

❖ هاوڕێ،لە كاتی تەنگانەدا دەناسرێ. ((جۆن هێود))

❖ هەموو برینێك، سارێژ دەبێ، تەنها برینی (كەرامەت)نەبێ،كە دەكاتە هەموو ژیان.

❖ هــەر میللــەتێك لاوی نــەما، هێزشــی نامێنیٚ،ئەگــەر پــیرە مێردیــشیان نەما،ژیریشیان نامێنیٚ

❖ هەژاری عەیب نی یە، بەلاّم عەیب ئەوەیە لە هەژاری شەرم بکەیت.

❖ هیوا ئەو ڕووناکیەیە، کە هەمیشە لە تاریکییدا پرشنگدارە.

❖ هیچ شتێك مەکە،چونکە کات دەبینیٚ و گویٚ ی لیٚ دەبیٚ و نهێنی ناشارێتەوە.

❖ هێرش،بەرنــە ســەر مردن،چــونکە دوور نــی یە،هەنــدیٚ ئــازا ســەلامەتی بــۆ بنوسریٚ،دووریش نی یە، ترسنۆك لەماڵی خۆیدا بمریٚ،لە خۆ بردووەکان،لە خۆبردوون و بەهەشتیان کڕی

((ئیمام عەلی))

- و -

❖ وا چاکە بە نیوەی دڵت ئافرەتت خۆش بوێت، لە بەر ئەوەی هەمووی نەسووتێنیێ.

❖ وا باشە ئافرەت بیرکاتەوە،پێش ئەوەی وێنەکانمان بۆ بگێڕێتەوە.

((جان کۆکتۆ))

❖ وا بزانم پیاو کەمتر لە ئافرەت درۆ دەکەن، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دڵداری دەکەن.

((ئەلکۆنتس دیان ١٨٩٨))

❖ وتراوە،ئەگەر پیاو چاك پلەو پایەی بەرز بووەوە، هەر بە چاکە دەمێنی،ئەگەر ناکەس بەچەش بو، ئەوا لە خۆ بایی دەبێ.

❖ ووشە،دەس بەندی خاوەنەکەیەتی،ئەگەر باسی کرد، ئەوا خۆی دەس بەندێتی.

❖ وولات، بە پیت و بەرەکەتی زەوییەکەی پێش ناکەوێ، بەڵکو بە سەربەستی دانیشتوانی.

❖ وریابە،یەکەم ئامۆژگاری ژنەکەت وەرنەگری، وریاش بە ئامۆژگاری دووەمی وەرگری.

((وێژەی ئینگلیز))

❖ وولات فرمێسك دەیکوژێ و خوێن زیندووی دەکاتەوە. ((حافز ئیبراهیم))

-ز-

❖ زۆر ئاسانە بۆت،سکی بیست کەس تێر بکەیت،بەڵام زۆر گرانە دوو چاو تێر بکەیت. ((ڕوسی))

❖ زۆر جار چۆلەکەیەك لە دووای هەڵۆیەکەوە دەفڕێ وا هەست دەکا هەڵۆکە لە ترسی ئەو دەفڕێ ((فولتێر))

❖ زیرەکی ئافرەت وەکو بەهەشتی (عەدن) وایە،کەبەرو بومی باش دەگرێ، بە بێ ئەوەی بیکێڵی و ئاگاداری بکەی. ((دونای))

❖ زانست کانگایەکی زۆرە و داخراوە،کلیلیشی بەردەوام بوونە.

❖ زۆر پیاوان هەیە بە کلك درووست بوون، زۆر گرانە ببن بە سەر. ((تیلەر))

❖ زانیاری نیشانەی ژیرییە،ژیریش پێشەوای چاکەیە. ((ئەرستوتالیس))

❖ زۆر کەم کەسێك دەبینین،هەڵەی کەسانی تر کێشانە بکات بە بێ ئەوەی پەنجە کەڵەی نەخاتە سەرتای ترازووەکە.

❖ زەمان پزیشکێکە، پارە وەر ناگرێ.

❖ زانیاری کانگایەکە، بەدوای خاوەنەکەیەوەتی بۆ هەر جێگایەك بڕوا.

((ووتەیەکی چینییە))

❖ زۆر کۆبوونەوە دەکرێ، لە بەر ئەوە کۆبوونەوەی ڕابوردوو مانگێکی بەسەردا تێپەڕ بووە

❖ زیاتر ڕێزی قسەکانت بگرە، نەك سوێندەکانت،هیچ درۆ مەکە و بە شتی گرنگیش گاڵتە مەکە. ((دیوگنس))

❖ زمانت، بە زمانم، فێر بکە. ((بولانۆ))

❖ زمان بهێڵێ سەر ڕەحەتە. ((کورد))

❖ زۆر ئاسایە کە ئافرەت ڕێگا بە خۆی بدا، لە دووری دۆستەکەی دڵی کوترە کوتر بکا. ((نیلول فرانسواز بارتورییە))

❖ زۆر لە ڕۆمانەکان، نووسینیان ئاسانترە لە خوێندنەوە.

❖ زانستی و ڕۆشنبیری، باشترین تێشوی پیرییە.

- ❖ زانا ماڵی لە گەڵ خۆیەتی بۆ هەر جێگایەك بڕوا.
- ❖ زۆر جار سەبر کردن، لە دەوڵەمەندی باشترە.
- ❖ زیندو،بەنرخێکی گران سوپاسی چنگ دەکەوێ و مردوو بە خۆڕایی.
- ❖ زێڕ نرخی هەیە، بەلاّم ئامۆژگاری نرخی نی یە. ((وێژەی چینی))
- ❖ زاناکان وەکو گوڵە گەنم وان، چۆن گوڵە گەنم بەرز دەبێتەوە و پێش کاتی پڕ دەبێ سەر شۆڕ دەکات. ((ئینگلیز))
- ❖ زانست، سەرە ڕای هەموو شتێك چاکە، نەزانیش ناشرینە بە هەر حاڵ. ((بەدیع ولزمان))
- ❖ زەردەخەنەی ئافرەتی جوان، تیشکێکە لە تیشکی هەتاو.
- ❖ زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەقڵیان نی یە، لە بەر ئەوەی سەر گەرمن.

((فۆلتێر ١٦٧٠))

- ❖ زۆر جار چەن کەسانێك دەبینین،سەر دەکەونە سەر داری پەتی سێدارە،چونکە هیچ ڕێگایەکی تریان نی یە، بۆ ئەوەی لە خەڵکی بەرز ترین.

((ئەیل بۆنتیش))

- ❖ زەرەرو زیانی میللەتێك،سوود بەخشە بۆ میللەتێکی کە. ((عەرەب))
- ❖ زۆر چاکە ئەگەر کچ گوڵەکەی بپارێزێ،بەلاّم ئەگەر ونی کرد نابێ خۆی لە سێدارە بدات.

((لافۆنتین ١٦٦٤))

- ❖ زۆر ڕۆیشتن لە سەر شتێك هەڵەیە.
- ❖ زۆر کچان،دەگرین بۆ ئەوەی بێزاری لە خۆیان دوور بخەنەوە.

((سوودین ١٧٦٥))

- ژ -

❖ژنی چاک،لە دەس و چاو چاکترە. ((موسلم کوڕی عبدوڵلا))

❖ژنی چاک، وەکو گوڵ وایە، لە هەموو شوێنێك دەڕوێن.

❖ژیان گوڵە، بۆنەکەی دڵدارییە و ڕازاوەکەی جووانییە.

((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ژن هێنان شەڕە،بەلاّم شەڕێکی زەروریە. ((ئەغریقی))

❖ژن هێنان ئازارێکە کە مرۆڤــ بۆی دەگری. ((ئەغریقی))

❖ژن هێنان، ڕاکردنە لە خەفەت،جێگای نووستن کەمترین جار تێدا دەنوین.

((لاتینی))

❖ژن هێنان،بە پێچەوانەی (تایە)،کە بەگەرمی دەس پێدەکاو کۆتایەکەی ساردییە.

((ئەڵمانی))

❖ژن هێنان وەکو قەلاّیەکی گەمارۆ لێدراو وایە،ئەوەی لە دەرەوەیە دەیەوێ بڕواتە ژوورەوە، ئەوەش لە ژوورەوەیە دەیەوێ دەرچێ. ((عەرەب))

❖ژن،ئەو کاتەبزە دەیگرێ کە دەتوانێ،بەلاّم دەگری ئەو کاتەی دەیەوێ.

((کارلیل))

❖ژنی جوان،وەکو کار بەدستان وایە،خەڵکی لە بەر بەرژەوەندی خۆیان وسفی دەکەن.

((یابان))

❖ژیر،هەمیشە بە دووای وێژەی چاکدا دەگەڕێ، نەزانیش وا تێدەگا دۆزیەتیەوە.

((ئینگلیز))

❖ژیان،سەفەرێکی خۆشە،سەرە ڕای دەردەسەری.

❖ژیر، ئەو کەسەیە،نهێنی خۆی بشارێتەوە و نەزانیش ئەو کەسەیە ئیش و کاری خۆی بلاّوبکاتەوە.

❖ژیر بیر دەکاتەوە،پێش ئەوەی ئیش بکا،نەزانیش،ئیش دەکا پێش ئەوەی بیربکاتەوە.

❖ژیان منداڵێکە،پێویستی بە یاری کردن هەیە تاکو بنوێ.

❖ژیری نی یە،هەموو کات،ڕاستی بلاّوبکەیتەوە. ((ئینگلیز))

❖ژن،ئەو شتەی بۆی دەکەین نایبینێ،تەنها ئەوە دەبینێ کە بۆی ناکەین.

((جۆرج کۆرتلین))

❖ژنەکەم،وای لێ کرم کە من ببمە ئەو کەسە کە کێم. ((بسمارك))

❖ژنی ڕاستەقینە،ئەو ژنەیە کە دەتوانێ جوانی لە دڵی پیاودا درووست بکات،ئەگەر جوانیش نەبێ... پێویستە بتوانی ئەخلاق و هیما و دەست پیشکەری هەبێ ((تاگور))

❖ژن لە مێردەکەیدا چی خۆش دەوێ ؟

– ژنی فەرەنساوی لە مێردەکەیدا ئازایەتی و چوونە بەرەوەی خۆشی دەوێ.

– ژنی ئەڵمانی لە مێردەکەیدا بەردەوام بوون لە بڕیارداو پاراستنی مافی خۆشەویستی، خۆش دەوێ.

– ژنی هۆڵەندی،لە مێردەکەیدا ئەوەی خۆش دەوێ مێردەکەی لە ژیانی دا توڕەی نەکا.

– ژنی ئەسپانی، ئەوەی خۆش دەوێ کە مێردەکەی تۆڵە سێن بێ لە وەی قینی لێیەتی.

– ژنی دەنیمارکی لە مێردەکەیدا ئەوەی خۆش دەوێ کە لە وولاّتەکەیدا جوانترین و بەختیار ترین پیاو بێت.

❖ ژیان،هیچ چێژێکی نی یە بە ئازار،ئازاریش ئاگرێکە دەروونی پێ دەکۆڵێنرێ.

❖ ژیانە ڕۆمانە،ئەو کەسەی دەوورەکەی تێدا بە جوانی ببینیّ،تێدا سەر دەکەویّ،ئەوەش دەوورەکەی بە جوانی نەبینیّ،سەر ناکەویّ.

❖ ژیانی ئافرەت زنجیرەیەکە،لە هەست و خۆشەویستی و قوربانی.

((بلزاك))

❖ژن،کیسەی پارەکەی بە دەستەوە دەگریّ بۆ ئەوەی ئافرەت بیبینیّ،بەلاّم پیاو دەیشارێتەوە تاکو ژنەکەی نەیبینیّ.

❖ ژنان،لە کاتی مندالّ بوندا ئازاریان دەبیّ، لە بەر ئەوەیە هەموو ژنێك مندالّەکەی خۆش دەویّ ((یۆربیدس))

❖ ژیان مەعنای نی یە لە گەلّ وورە بەردانا، وورە بەردانیش،مەعنای نی یە لە گەلّ ژیانیدا.

((مستەفا کامیل))

❖ ژنی شەرماویم خۆش دەویّ، بە جۆرێك شەرم دەکەم، خۆشەویستی خۆمی بۆ دەر ببڕم.

❖ژن فێر کەن،فێری کەن،تاکو ببێت بە قوتابخانەیەك،تاکو مندالّەکانتان تێدا فێر بن پێش ئەوەی لە قوتابخانە فێر بن،پەروەردەیان کەن لە باوەشتانا بۆ ئەوەی دووا ڕۆژێکی باشیان هەبیّ بۆ وولاّتەکەیان. ((مەنفەلوتی))

❖ژن هیچ چەکێکی نی یە، تەنها زمانی نەبیّ. ((ئینگلیز))

❖ژن، لە دە سالّیدا وەکو پەری وایە،لە پازدە سالّیدا وەکو ماسێرەیە و لە چل سالّیدا وەکو شەیتانی و لە هەشتا سالّیدا وەکو فالّچی یە.

- ی -

❖یەك ووشەی نەرم و نیان،بە زیندوویی گوێم لێ بێ،چاکترە لە لاپەڕەیەکی ستایشم لە ڕۆژنامەیەکی گەورەدا لە پاش مردنم. ((فۆلتێر))

❖یەکەم و دووا تەماع و ئاواتی ئافرەت ئەوەیە،جوان بێ. ((ووتەیەکی چینی))یە.

❖یەکەم شتی ڕاوەستاو،ئەوەیە هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامە. ((هیراقلیتس))

❖یاسا،وەکو ویژە وایە،هەمیشە یەکێکیان لە نێواندایە،کە ئەوەی تر پوچەڵ دەکاتەوە.

((هەندی ماربە ١٩٠٣))

❖یارمەتی هەژار بدە،خوا یارمەتیت دەدا. ((تورك))

❖یەك تەڵە شخاتە بەسە، بۆ سووتاندنی مەلیونەها دار.

❖یەك شت هەیە،هەمیشە دەمێنێ و لە ناو ناچێ،ئەویش ڕەوشتە. ((هۆزار گربلی))

❖یەك کات ژمێری ناخۆش، لە ڕۆژێکی خۆش درێژ ترە. ((ئینگلیز))

❖یەکەمین خۆشەویستی لە لای لاو شەرمە..یەکەمیشی لە لای کچ ئازایەتییە.

((فیکتۆر هۆگۆ))

❖یەکەمین چاکە لە جیهان دا،زانینە،یەکەمین شەڕ لە جیهان دا،نەزانینە. ((سوکرات))

- ك -

❖کوڕەکەم ناتوانێ جێگای من بگرێتەوە، منیش ناتوانم جێگەکەم بگۆڕم،چونکە بۆ کات و شوێن لە دایك بووم. ((ناپلیۆن))

❖کە پاروو لە گەرودا گیر بو،هەڵمەت بۆ ئاو دەبەیت،ئەی ئەگەر ئاو لە قورگدا گیرا شالاو بۆ چی دەبەیت. !

❖کەئێمە لە ژیان نەگەین،چۆن لە مردن دەگەین. ((ڕۆلان)) !

❖کە پلیتی بەخت دەکڕی،هیوای دەرچوونیت هەیە،کە نایکڕی،یەکێ لەم دووانەیە،یا زۆر هەژاری پارەی پلیتەکەت نی یە یا زۆر دەوڵەمەندی پێویستیت بە قانزانجی پلیتەکە نی یە.

❖کاتێك یەکێکی خۆشەویستت وون دەکەی،هەموو دونیا بریقەی لە چاودا نامێنێ. ((لامارتین))

❖کۆشی دایك،نەرمترین سەرینە لە جیهاندا. ((شکسپیر))

❖کەمێك تێگەیشتنی ڕاست، کەمێك لێ بوردن.٠٠ کەمێك خۆشی،پاشان گەشکە دەدبات و دەبینی،چۆن لە سەر ئەم ئەستێرە دەحەسێتەوە. ((سومرست مۆم))

❖کە بینیم دەستم دەلەرزێ،زانیم کە خۆشم دەوێ. ((ڕۆلان))

❖کاتێ ئافرەت،هەست بە بێزاری دەکات،جوانێکەی بەرەونەمان دەڕوات.

❖کاتێك ئافرەت، لە سەر پیاوێك قسە دەکا،ئەوە بزانە کە خۆشی دەوێ.

❖کاتێ ژن،کتێبێ دادەنێ،دوو هەڵە دەکا،یەکەمیان ژمارەی کتێبەکان زیاد دەکا،دوومیان لە ژمارەی ژنان کەم دەبێتەوە.

❖کوڕم،هۆشت بۆ یەکێ تر بێ ئەو کاتەی پێویستییەکت پێی هەیە،کوڕەکەی وتی :چۆن هۆشم بۆ یەکێ تر بێ ؟ ووتی لە پێویستییەکەتا پرسی بکە. ((لوقمان))

❖ كاتێ شوانێ بزنێك لە گورگ ڕزگار دەكا،بزنەكە،شوانەكە بە پاڵەوان دەزانێ و گورگەكەش بە دكاتۆر دادەنێ. ((لنكۆڵن))

❖كچ،تەنها يەك ئارەزووى هەيە ئەويش شوو كردنە،بەلاَم شووى كرد ئارەزووى لە هەموو شتێك هەيە. ((تۆنى مايەر ١٩٦١))

❖كچ كە ڕەسيتە دەبێ،هەموو كچێ ئەو ڕەسيتەيان،لە بير دەچێ،چونكە بير لە دلّدارى دەكەنەوە. ((مارسيل نۆكلێر ١٩٦٣))

❖كەمێك،لە گيرفانى خۆتا،چاكترە لە زۆرێك لە گيرفانى يەكێكى تردا. ((سرفانتس))

❖كەمێك تەماع،زۆر زەرەر دەگەيەنێ و ئەوەى تێر بێ و بخوا،بە دانى گۆڕ بۆ خۆى هەڵدەكەنێ. ((تورك))

❖كەر،دەتۆپێ وپالاَنەكەى دەمێنێ،مرۆڤيش دەمرێ،بەلاَم شتەباشەكانى بە جێ دەهێڵێ. ((تورك))

❖كوڕى چاك، جێ شادمانى باوكە.

❖كۆليتەيە لە سەر خۆڵ،چاكترە لە كۆشكێك لەسەر لم. ((كورد))

❖كات و قسە و ئيش، جێگە و ڕێگەى مرۆڤ بەرز دەكاتەوە. ((ئينكلين))

❖كچى بەختيار ئەوەيە،كە دەڵێ دۆڕان،ئەقڵى نەدرۆڕێنێ. ((پۆڵ))

❖كارى نەكردە نى يە،بۆ ئەوانەى سوور بن. ((جۆن هيود))

❖كە بە من بڵێن دەبيتە قەلەڕەش يا حەسوود،قەلەڕەش،هەڵدەبژێرم،چونكە قەلەڕەش گۆشتى مردوو دەخواو حەسوود گۆشتى زيندو. ((ئەنگيتۆس))

❖كۆمەڵ،خەڵكێكى زۆرە لە مرۆڤى ڕۆشنبير و دەبنە دوو بەشەوە،بەشێكيان سەر بە بێزارى هەڵدەدەن و بەشێكيان بەرەو ڕووى دێن و چارە سەرى دەكەن ((لۆرد بايرون))

- گ -

❖گەورەیی ئەوەیە،پیاو هەست بکا لە نێوانیاندا بچووکە،بەڵام گەورەیی ڕاستی ئەوەیە هەموان وا هەست بکەن لە نێوانیاندا کە گەورەن. ((مەکسیم گۆرکی))

❖گەورەترین هەڵە ئەوەیە،هەست بکەی،هەڵە نی یە. ((کادلیل))

❖گومان،مەشخەڵی بیر دەکوژێنێتەوە و برادەر لە ناو دەبا.

❖گەلی بچووك پێویستیان بە خەنجەری تیژ هەیە. ((شامیل ساڵی ١٨٤١))

❖گەلی بچووك پێویستیان بە برادەری دڵسۆز هەیە. ((ئەبو تالیب ١٩٤١))

❖گوللەی بچووك کەشتی گەورە کون دەکات. ((شامیل))

❖گریان پێویستە، بەڵام چارە نی یە.

❖گەورەترین خۆشی و گرانترین ئازار.. ئا ئەوەیە.. خۆشەویستی ((مەدام دی شتایل))

❖گریان پێویستە، بەڵام جێ بەجێ کردن نی یە. ((یابانی))

❖گایەکم، بۆ بێنە،وەرزشەوانێکی لێ درووست دەکەم. ((دالمبێر ١٧٦٧– ١٧٨٣))

❖گەش بین،ئەو کەسەیە کە سەیری دەم و چاوی دەکاو ڕەش بین ئەو کەسەیە کە تەماشای پێت دەکا. ((تشترتۆن))

❖گریان، پێویستە،بەڵام ئەنجام نی یە. ((وێژەی یابانی))

❖گوڵی جوان،زۆر نامێنێ. ((وێژەی سویدی))

❖گا،بە گوێی دەگیردرێ و مرۆڤ بە قسەی. ((تورك))

- ل -

❖لە هەموو مرۆڤێكی ڕاستیدا،منداڵێك خۆی شاردۆتەوە وئارەزووی لە یاری هەیە
((فردریك نیشتە))

❖لە ئەمەریكادا چەندەها مەزاهیبی ئایینی ماوە دراو هەیە،بەلآم لە هەموو ئەو ئایینانە زیاتر كە دەپەرسترێت دۆلارە. ((ئێلیا نێهر نبورگ))

❖لە دە كەس، نۆیان قینی لێمە، بەلآم ئەوان نرخیان نی یە، چونكە دەیەمیان چەك دارە. ((كرۆمۆێل))

❖لە وێدا مرۆڤــ هەیە قسە دەكا و قسە دەكا، تاكو شتێك بدۆزنەوە كە بیڵێن.
((ساشا گێتری ١٩٤٨))

❖لاوەكان،خۆیان هەڵدەكێشن،بەدا هاتوویانەوە و پیرەكانیش بە ڕابوردوویانەوە.
((دیكۆلی ١٩٥٣))

❖لە وێدا ئافرەت هەیە، خۆی دەهاوێتە سەر ئەسپ، بۆ ئەوەی وات لێ بكاو وا بزانیێ كە تۆ بۆی شێت بوی. ((ساشا گێتری ١٩٤٨))

❖لە وێدا خەڵكێك هەیە هێزیان نامێنیێ،چونكە قەرزیان كردووە،لە وێشدا خەڵكێك هەیە هێزیان زیاد دەكا چونكە قەرزیان داوە. ((ئۆگۆست دیتۆف))

❖لە هاوڕێتیدا هیچ شتێك لە ڕاست گوێی گرنگتر نی یە.

❖لەو كەسە بترسە، كە زۆر دیاریت بۆ دێنیێ. ((وێژەی ئیتالی))

❖لە ڕێوی،وایە هەموو كەس وەكو خۆی ئارەزووی لە مریشكە.
((وێژەی فەرەنسی))

❖لوتكە،شتێكی گەورەیە،لە وش گەورەتر ئەوەیە،بە پێی خۆی سەر كەوی،نەك لە سەر شانی خەڵك

❖لە بەردەم قسەی خۆش دا، هەموو دەرگا یەك دەكرێتەوە.

❖لە ژیانی تاکە کەسیدا و لە ژیانی هەموو میللەتاندا هەڵە نی یە ڕاست نەکرێتەوە گەڕانەوە بۆ ڕاستی.هەموو هەڵەیەك دەسڕێتەوە. ((غاندی))

❖لەو شەرەفمەندییە،بەرزتر نی یە،پیاو بمرێ و،چەکەکەی بەدەستەوە بێ.

((دیمۆستین))

❖لە مشت و مڕی دوورو درێژدا، ماف ون دەبێ. ((ئینگلیز))

❖لە ژیانی مرۆڤــ دا، دوو ناخۆشی هەیە،یەکەمیان کە دڵداری نامێنێ،دووەمیان دیدۆزێتەوە. ((بەرنارد شۆ))

❖لە دووای هەموو گەورەیەکەوە مامۆستایەکی گەورە هەیە.

❖لە هەموو ناخۆشی ئەوەیە،شەتێك لە ناخی دا مردبێ،بەلاَم ئەو شتە هێشتاکە مابێ.

((ئەلبەرت))

❖لە هیچ شتێکا،زۆر خەرج مەکە. ((ئەفریقی))

❖لە خەوما،ژیان خۆشییە،کاتێ هەڵسام بینیم پێویستە. ((ئینگلیز))

❖لە پیاو هەموو شتێك دەبێ، لە ژن هەموو شتێك دوور نی یە. ((بۆڵ برۆلا))

❖لە سەر ژنەکەت، قسەمەکە،ئەی ئەو نەبو کە ڕۆژێك،تۆی هەڵبژارد. !

❖لە سێ شت تێناگەم، هونەر و مۆسیقا و ژن.

❖لە لاوێتیما،زۆر گرنگیم دەدا بە سەربەستی،دەمووت من ئامادەم لە ڕێی سەربەستیما بمرم،بەلاَم لە سەربەستی،گەیشتمە دۆزینەوەیەکی گەورەو ئیسپات بو سەربەستی لە ئەنجامی ڕژێم دایە. ((وێڵ دیۆرانت))

❖لە بەرزترین و نزم ترین کۆمەلاَ ئافرەت،تەنها بۆ ڕابواردنە. ((تۆڵستۆی))

❖لەو شوێنەی ژیان هەبێ،دژواریش هەیە. ((شۆبنهاوەر))

❖لە جیهاندا،هیچ خۆشییەك نی یە وەك خۆشی دایك کەدەبینێ کوڕەکەی سەرکەوتووە. ((ڕیشتند))

❖لە هەر جێگایەك سەربەستی هەبو، نیشتمانیش لە وێدایە.

❖لە (بەرنارد شۆ)یان پرسی چۆن دەتوانی لە نووسنەکانتا خەڵکی وا لێ بکەی کە پێکەنن، وەڵامی دایەوە وتی :

چونکە ڕاستی دەنووسم.

❖لەم ڕۆژەت، وانەیەك وەرگرە، بۆ سبەینێت.

❖لام گرنگ نی یە،هەموو پردەکانی دووام بسوتێ چونکە من یاد لە گەڕانەوە ناکەم.

❖لە سەیری هەندێ کەس ئەوەیە دەخوێنن بە بێ بیر کردنەوە،یا بیر دەکەنەوە بە بێ خوێندنەوە.

❖لە ژن هێناندا،دوو ڕۆژ خۆشە، ئەو ڕۆژەی کە دەچیتە قەفەسەکەوە و ئەو ڕۆژەی کە دەردەچی. (مۆریس ووساکس))

❖لە وێدا چەن کاتێك هەیە، بەختت لە هەموو شتێکا سەردەکەوێ،پێویستیشە نەترسی،هەموو شتێکیش کۆتایی هەیە. ((گۆڵ ڕوونار))

❖لە ڕاست ووتندا،ئازا نەبێ، لە درۆ دا ئازایی نی یە. ((وێژەی عەرەب))

❖لە وێدا چەن شتێك هەیە،دانی پێدا نانێن،بەڵام لە کردنی پەشیمان نین.

((بیێر دو بویتۆ)

❖لە وێدا خەڵکێك هەیە،خۆشەویستیان نەدەکرد،ئەگەر خۆشەویستیان نەبیستایە.

((لاروشنکو – ١٦٦٥))

❖لە هەندێ هەڵەی ئافرەت دەبورین،بە مەرجێك لە بەردەممانە بە تەواوی ڕووت ببنەوە. ((گۆڵ ڕوونار))

❖لە گەڵ پیاودا ئیشەکە ترسناکە،بەڵام بەبێ پیاو،خراپتر((گۆرانییەکیماری دوبایە،ساڵی ١٩٣٩))

❖لە سەرخۆو هێمنی و ڕێزگرتنی خەڵکی، پەیژەیە بۆ سەرکەوتن. ((شکسپیر))

❖لە خۆ بایی بو،ماڵ وێرانی بە دوواوەیە. ((جۆن هیود))

- م -

❖ماندو، لە سەر سەرینی بەرد دەنویّ و حەساوەتەوە،بەلأم ئەو تەمەلەی کە حەسانەوەی دەویّ لە سەر سەرینێکی پەڕیش ناحەسێتەوە. ((شکسپیر))

❖مردن، لەگەلّ ڕاستیدا چاکترە،لە ژیانی درۆزنی. ((ئەرستۆ تالّیس))

❖من،شکات لە کورتی ژیان دەکەم،چونکە ئەو کاتە نادۆزمەوە کە بتوانم خۆشەویستم و هەستم،پێشکەش بە ژمارەیەکی باش بکەم. ((مارگۆت ئەسکوێت))

❖مێوەی گەیو،هەمیشە لە سەرەوەی دارەوە دەبیّ. ((عەرەب))

❖من هیچ هەولّی دەس بازیم نەدا لە گەلّ ئافرەتا،بەلأم ئەوان قبولّیان کرد.

((سکۆتێنیر ١٩٤٥))

❖مرۆڤ،چەند بێدەسەلأتە،ئەگەر نەیتوانی لە نرخی خۆی بەرز کاتەوە. ((دانیال))

❖مندالّی،ماوەیەکە لە تەمەن، کە مرۆڤ بە بیّ بەرپرسیاری دەژی و لە سەر حیسابی خەلّکی تر.

❖من،پیاوان لە یەك دەکەمەوە،بە ئەقلّم، نەك بە چاوم. ((سنیکا))

❖مرۆڤ بە بیّ زانیاری، وەکو گولّێکی بیّ بارانە.

❖مەیەلّە زمانت سەرت ببڕیّ.

❖مرۆڤ،بە ئازادی لە دایك دەبیّ،بەلأم لە هەموو شوێنێك بەزنجیر کۆت کراوە

((جان جاك ڕۆسۆ))

❖مرۆڤ، نەگۆشتی دەخوریّ و نەپێستی لە بەر دەکریّ،ئیتر چی تری هەیە لەوە زیاتر کە زمانی خۆش بیّ. ((تورك))

❖ماف،کارێکی هەمیشەییە و بەردەوامە نەك ئەمڕۆ،بەلّکو هەتا هەتایە،بەلأم هێزو توانا کارێکی کاتییە و لە گەلّ بارو دۆخ دا دەگۆڕیّ. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖مێشکت بە زانست زاخاودە،نەك لە شت بە مرواری برازێنیتەوە.

❖ مانای ناوداریتی چییه ؟ئایا دەریایه به کەفەکەی دەنازێ؟ئەم جۆره ناودارییه،کەفێکی بلاوبووەوەیه له ژیاندا. ((تاگور))

❖ مەڵێن ڕۆژنامەکان ڕەخنەمان لێ دەگرن، بڵێن بۆچی هەلیان بۆ ڕێك دەخەین که ڕەخنەمان لێ بگرن. ((سەعد زەغلول))

❖ مرۆڤی گەشبین،له هەموو شتێکا ڕەنگی سەوز دەبینێ،بەلام مرۆڤی ڕەش بین له هەموو شتێکا ڕەنگی سوور دەبینێ، که ئەویش ڕەنگی مەترسییه،مرۆڤی ژیر نەخۆشی کوێری ڕەنگی هەیه.

❖ مانگی نیسان،مانگی خۆشەویستی و درۆیه. ((فرانسواز ساگان))

❖ ماچ،ئەو پەیمانه ڕوحییەیه که له نێوان دوو دڵدا لێوان مۆری دەکەن.

❖ ماچ،چرپەیەکه،به هەڵه ڕێگەی گوێی گرته بەرو لەسەر لێو ئارامی گرت.

❖ ماچ دۆزینەوەیەکی جوانه،له جیهانی دڵداری دا.

❖ مرۆڤ،چەنده بێ ئەقڵه،له میوانخانه داوای خزمەتی ماڵ دەکا له ماڵیش خزمەتی میوانخانەی دەوێ. ((ئان ئادفر))

❖ من، چاوەڕوانی مردن ناکەم،چاوەڕوانی کارێکی نەکرده دەکەم بۆ ژیان بمگێڕێتەوە.

((ئەنگرید بێرگمان))

❖ مێردی لاڵ و ژنی کوێر،بەختیار ترین ژن و مێردن. ((دەنیمارکی))

❖ من ئارەزوویی خۆشەویستی بێ هیچم نی یه.

((کچه دەوڵەمەند دولو نففیل — ١٦١٦ — ١٦٧٩))

❖ ماچ،وەکو خاردنێکی خۆش دەواسی نی یه. ((جۆرج میریدیت ١٨٢٨– ١٩٠٩))

❖ مردن،له گەڵ ڕاستیدا چاکتره، له ژیانێکی درۆ. ((ئەرستۆ تالیس))

❖ مرۆڤ،دان به هەڵه کۆنەکانیدا دەنێ،بۆ ئەوەی ڕێگه به هەڵه تازەکانی بدا

((ئەدەلۆف دو دیتۆ))

❖مانگ،تریفەی هەیە،بەلاّم گەرم ناکاتەوە. ((وێژەی ڕوسی))

❖نهێنی بەختیاری پێنجە، سامان،سامان،سامان،سامان،سامان. ((ناپلیۆن))

❖نەکەی هاوڕێتی خراپە بکەیت، چونکە وەکو شیری هەڵکێشراو وایە.

❖ناوی چاکە،لە زنجیری زێڕ،چاکترە. ((وێژەی ئینگلیز))

❖نەقەرز دەکەم، نەقەرز دەدەم،قەرز کردن ڕێگەیەکی بۆ وێران کردن.

((شکسپیر))

❖نهێنیت بە یەك کەس بڵێ و هەزار کەس پرس بکە.

❖نان و خۆشەویستی،جیهان دەجولێنن. ((شیلەر))

❖نازناو،ناوداریێتی ناداتە خەڵکی،بەڵکو خەڵکی ناوداریێتی دەداتە نازناو.

((میکافیلی))

❖بڵێ،کێ هەیە،بە سەرکەوتنی برادەرەکەی حەسوودی نەبردووە.

((ئەسخیلۆس))

❖بە گورگیان وت :چیتە وا لە سەگ زیاتر ڕادەکەی ؟ ووتی :من بۆ خۆم ڕادەکەم و ئەو بۆ خاوەنەکەی ڕادەکا. ((ئیبن ولجەوزی))

- ن -

❖ناڕەحەتیت لەوە نی یە،کە کوێر بیت،بەڵکو ناڕەحەتیت لەوە دایە،کە بەرگری کوێرێتی نەگری· ((میلتۆن))

❖نامۆ،ئەو کەسەیە، کە دڵداری نەبێ.

❖ناتوانین شتێکی گرنگ لە پەڕەی گوڵ دروست بکەین. ((وێژەی ئەڵمان))

❖نهێنی خۆت،بە خزمەت کارەکەتیش مەڵێ. ((یابانی))

❖نهێنی سەرکەوتن کەس نایزانێ،تەنها ئەوانە نەبێ کە سەر نەکەوتون ((مارسێل نەشار ١٨٦٢))

❖ناشرینی،ئەو شتەیە،کە سەر دەکەوێ بە سەر جوانی دا،چونکە هەمیشەییە. ((دانیال موسا ١٩٦٣))

❖نهێنیەکانت،دیلتن،ئەگەر باسیانت کرد،تۆ بە دیلیان دەبی. ((ئیمام عەلی))

❖نموونە هێنانەوە،شتێکی تازە نی یە،بەلآم هەمیشە بە نرخە. ((گۆستاف فلۆبیر))

❖ناوداریتی، بەری هەوڵدانە. ((ڕێلندز))

- س -

❖سکی دایك،باخچەیەکە، هەموو جۆرە میوەیەك دەگریٚ. ((ویژەی ئەسپانی))

❖سەربەستی مرۆڤـ،لە ژیانی باشترە.

❖سیٚ شت تووشی سیٚ شتت دەکا،جولآنەوە،دەولەمەندت دەکا،تەمەلی هەژارت دەکا،زۆر خواردن،تووشی نەخۆشیت دەکا.

❖سامانی مرۆڤـ،لە گەلیا ناچیٚتە گۆڕەوە. ((تیفۆنس))

❖سامان دەسەلآتیٚکە،هیٚز دەدا. ((هوراس))

❖سەبر کردن،دەرمانی هەموو ئیشیٚکە. ((بیلیوس))

❖سیٚ کەس شەڕ دروست دەکەن،ترسنۆك،لە خۆبایی بو،ئافرەتی تەلەکەباز ((ئەدگار ئالان بۆ))

❖سەرکەوتن حالەتیٚکە، ئارام نازانیٚ. ((سنیکا))

❖ڕامیاری،دەریایە،سیاسیش ئەو کەسەیە مەلەی تیٚدا بکاو نەخنکیٚ.

❖سامان زبلە،ئەگەر هەر کۆبکریٚتەوە،بە زبلی دەمیٚنیٚتەوە،ئەگەر بلآوت کردەوە،بەپیتو بەرەکەت و بەرهەمی دەبیٚ.

❖سامان بە جۆریٚك قسە دەکا هەموو کەس لیٚی تیٚدەگا. ((ئەقرابین))

❖سیٚ شت باوەڕی پیٚ ناکریٚ،تەندروستی ئەسپ و قسەی ژنان و هاوڕیٚتی مندالٚ. ((ئینگلیز

❖سەربەستیش،پیٚویستە تا ڕادەیەك بیٚ، تاکو بتوانی زالٚ بیٚ بە سەریا.((ئەدمۆند بیٚرن))

❖سیٚ جۆرە پیاو، لە ئافرەت ناگەن،لاوەکان،پیرەکان،پەك کەوتووەکان. ((ئیرلەندی))

❖سەر شۆڕی، بۆ ڕاڤە (تجربە)نەوەك تیٚپەرت کا. ((ئەدوار هەبۆ))

- ش -

❖شتێکی کە،دەبێ هەموو ژن مێردێک کۆ بکەنەوە بۆ پاشە ڕۆژیان،ئەویش خۆشەویستیانە.

❖شەهید بوون لە ڕێی نیشتماندا،لە دایك بوون و نەمرییە.

❖شەیتانیش دڵداری بکا،لە شەڕو ئاژاوە دوور دەکەوێتەوە.

❖شەرمی کچ، لە خۆشەویستیدا،وەکو ئازاری وایە، بە یەك جار هەستی پێ ناکا.

((کودیریلوی دولاکلۆ ١٧٨٣))

❖شەیتان،لە پشتی دەرگاوە بێت،قفلی پەنجەرە هیچ سوودی نی یە. ((کستلۆ))

- ع -

❖عەیب نی یە لە شتێکا سەرنەکەوی،عەیب ئەوەیە جارێکی تر هەوڵ نەدەی.

❖عەرەبێکم بینی، تەمەنی گەیشتبووە سەرد و بیست ساڵ پێم وت،چی تەمەنتی درێژ کردووە ؟ وتی وازم لە حەسوودی هێناوە،بۆیە ماوم. ((ئەسمەعی))

❖عەیب نی یە، لە سەر خۆ سەرکەوی، عەیب ئەوەیە بە پەلە بکەویت.

((عەباس ئەلعەقاد))

- ف -

❖فرمێسك چەکی ئافرەتە،ئەگەر زەردەخەنە خیانەتی لێ کرد.

❖فرمێسکی ڕاستی ژن،جوانترە لە زەردەخەنەی.

❖(فەلسەفە)چییە؟ هونەرێکی هەڵگرتنی ئازارەکانی خەڵکییە.

((ئەلکۆنتس دیان –١٨٩٥))

❖ فلان کەس دەیووت (نامەی دڵداری پێویستە بنوسرێت) چونکە لە وێدا چەن شتێك، ناتوانی بەدەم داوای بکەی لە دڵدارەکەت،بۆ نموونە پارە.

((هەنری دورینییە ١٩٢٧))

❖فرمێسکی ئافرەت،هەڵت نەخەڵەتێنێ،چونکە چاوی بە گریان ڕاهێناوە.

((فیکتۆر هوگۆ))

❖فێری قسە بە،پێش ئەوەی گۆرانی بڵێی. ((وێژەی ئینگلیزی))

❖فرمێسکی ئافرەت،بەڵگەیە بۆ هێرش بردن بە سەر پیاودا. ((بسمارك))

- ق -

❖قورسترین جۆری مردن،ئەو مردنەیە،کە مرۆڤـــ لە ناو کفنی لە بیر چونەوەدا بێت و لە قەبرێکدا بێت ناوی دلداری بێ.

❖قسە کردنت باشتر بێت لە بێدەنگیت،ئەگینا بێدەنگ بە. ((ناپلیۆن))

❖قسەی چاك،زمان ناڕوشێنێ. ((فەرەنسی))

❖قوماشی کۆن، لە هی تازە زووتر دەسووتێ. ((وێژەی ئەڵمانی))

❖قسەی ڕاست،پێویست بە سوێن خواردن ناکات. ((تورك))

- ت -

❖تەماع،هەموو شتێك وون دەكا،چونكە تەماع كار دەیەوێ،هەموو شتێك قووت بدا.

((لافۆنێن))

❖توڕە بوون وەكو گەردەلوول وایە،هەوەڵی شێتیەو دووایەكەشی پەشیما نییە.

❖تاجی پادشان،لە زێڕە،تاجی كچیش لە ئەدەب دایە.

❖تۆ چاكە بكە،با خەڵكی چی دەڵێ بڵێ. ((ئینگلین))

❖تەمەڵ،حەزی لە گوێز خواردن هەیە،بەڵام حەز ناكا خۆی ماندوو بكات بە شكاندنی توێكڵەكەیەوە. ((تورك))

❖تەمەڵ،برای سواڵكەرە. ((عەرەب))

❖تەمەڵی،تاوانێكی گەورەیە. ((ڕۆزفلت))

❖تاوانی حەسوود،خۆیەتی. ((عەرەب))

❖تەڵەكەبازی،دوور نی یە جارێك سوودی لێ وەرگری،بەڵام ڕاستی هەمیشە سوودی لێ وەردەگری. ((ئینگلین))

❖توڕە بوون،شرینە و بەرەكەی تاڵە،ئامۆژگاری تاڵە و بەرەكەی شرینە.

((عەرەب))

❖تەنها لە كۆشی دایكما نەبێ،ئاسودە نەبووم. ((سوقرات))

❖تیژترین چەكی ئافرەت،فرمێسكێتی. ((جرۆجی))

❖توڕە بوونی نەزان لە قسەیایەتی و توڕە بوونی ژیریش لە ئیشیایەتی. ((ئەلموتنەبی))

❖تەنها ڕووی جوانم خۆش دەوێ،چونكی ڕووی ناشرین دەستكردی خوای جوان نیە.

❖تیمساح بە هاوڕێ مەگرە،ئەگەر فرمێسكیشی لێ ڕژا. ((چینی))

❖تەماعی ئافرەت لە پلەكەیدا ناوەستێ و ڕازیش نابێ هیچ كاتێك،ئەگەر هاتو هەموو سامانی زەوی هەبو،داوای سامانی ئاسمان دەكات.

❖تەنها ئافرەت فێری كردم، ئافرەت چییە.

❖تف مەكە بیرەوە،چونكە ڕۆژێك دێت ئاوی لێ بخۆیتەوە. ((ڕوسی))

❖تۆ جوان بە،دونیاش بە جوانی دەبینی. ((ئیلیا ئەبو مازی))

❖ترس، چاوی كراوەی هەیە. ((ڕۆسی))

❖تەماشای دایك بكە و كچ بخوازە. ((هەنگاری))

- ح -

❖حەوت ساڵ بگەڕێ،ئەمجا باوەڕ بە هەواڵێك بکە. ((یابانی))

❖حەوت کەس خەفەت لێیـان ناگەڕێ،هـەژارێکی تـازە دەوڵەمەند،دەوڵەمەنـدێك کـە ترسی لە ناو چونی ماڵەکـەی هەیە،نەخۆشـێك بـە بـێ نوژدار،یـەکێك کـە ژنەکـەی خـۆش دەوێ،ئەویش خیانەتی لێ دەکا،حەسوود،کینە و ڕقاوی.

❖حەسوود،هیچ ئاسودە نی یە،مادام یەکێ لەو بەرز تر هەیە. ((شکسپیر))

❖حەسوود،خۆی دەخوا، چۆن ژەنگ ئاسن دەخوا. ((ئەرستۆ تاڵییس))

❖حەسوود،ناحەوێتەوە،تاکو لە وێدا لەو بەرز تر هەبێ. ((شکسپیر))

حەسوودی، وەکو بڵێسە وایە،ئەوەی لە سەرەوەی هەیە،ئەگەر نەیسووتێنێ ڕەشی دەکا. ((یۆلیۆس قەیسەر))

❖حەسوود،لاوازو لەڕ دەبێ،کە ببینێ هاوسێیەکەی قەڵەو بووە. ((ئینگلیز))

- خ -

❖خوا، ئافرەتی،درووست کردووە،تەنها بۆ ئەوەی پیاو ماڵی بکا. ((فۆڵتێر))

❖خراپترین شت کە ئافرەتی پێ تورە دەبێ،ئەوەیە بڵێی پیری. ((ئارستۆ))

❖خەفەت،لە مرۆڤـ دیار نادا،ئەو کاتە نەبێ کە هەوڵی ئەوە دەدا بیشارێتەوە.

❖خەڵکی،ماسییە،گەورەکانیان بچووکەکان دەخۆن و بەهێزەکان،بێ هێزەکان دەشکێنن.

❖خۆشەویستی،بەزوویی بریقەی لە چاودا دیار دەبێ.

❖خۆشەویستی،جوانترین ئاوازە لە ژیان دا.

❖خۆشەویستی مۆمێکە،لە شەوی ئەویندارانا ڕووناکی دەدا.

❖خۆشەویستی،لە دوو لاوە،تاجی بەختیاریە. ((میلتۆن))

❖خۆت دوورخە،لە ڕق و کینە،چونکە ئەو ئاگرە و تۆ دار.

❖خۆشەویستی، ژیانی ئافرەتە، ئافرەتیش ژیانی پیاوە. ((ئۆسکار وایڵد))

❖خەڵکی فێر بوونە نەفرەت لە زروفی ژیانیان بکەن،منیش باوەڕم بە زروف نی یە چونکی خەڵکی خۆی دروستی دەکا. ((بەرنارد شۆ))

❖خۆشەویستی گەورە لە جیهاندا هێزە،لە گەڵ ئەوەشدا زۆر لێبوردەیە. ((گاندی))

❖خۆشەویستی کچ زەمبەلەك و ئاوە و بەبێژنگیا دەکا. ((یۆنانی))

❖خراپترین عەیبمان ئەوەیە کە زیاتر گرنگی بە عەیبی خەڵکی دەدەین.

❖خێر،لەو برادەرییە نی یە، ئەگەر بنچینەی مەبەست بێ.

❖خەڵکی لە کونەکانەوە سەیری ناو ماڵەکەمیان کرد،عەیبو عارمیان دەرخست،پێویستە پەنجەرە و دەرگایان بۆ بکەمەوە،بۆ ئەوەی من چۆنم،وام ببینن،نەك وەك ئەوەی بە خەیاڵیاندا دێت. ((ڕۆسۆ))

❖خۆشەویستی ڕاستی تەواو نی یە،ئەو كاتە نەبێ،كە ئەوەی خۆشمان دەوێ بەختەوەر دەبێ. ((هیلۆین))

❖خۆشەویستی ئافرەت..هۆی بەردەوام بوونی دونیایە. ((ئاتووت))

❖خۆشەویستی،لە دڵی ئارفەت دەرناچێ،تەنها خۆشەویستیەكی تازە نەبێ.

((بلزاك))

❖خۆشەویستی ماوە وەردەگرێبۆ ئەوەی بچێتە دڵی ئافرەتەوە،بەڵام لە گەڵ پیاو دا هێرش دەباتە سەری و دەچێتە دڵیەوە بەبێ ماوە دان،ئەمەش كارەساتمانە.

((بەرنارد شۆ))

❖خۆشەویستی،باوەڕێكە،ئافرەت لە چاوی پیاو وەری دەگرێ،ئەمەش ئەو شەڕەیە،كە دەبێتە هۆی ئازاردانی ئەو بریندارانە. ((ستەندال))

❖خۆهەڵكێشان،جۆرێكە لە كەرایەتی. ((هەنری دوفرنوێ ١٩٢٤))

❖خیانەتی ئافرەت،دەم و چاوی تێك نادات. ((ئەناتۆل فرانس ١٨٩٣))

❖خۆشەویستی،هەست و نەستێكە،لە چاوەوە دەچێتە دڵەوە،بەڵام پاشان لە ژێر سكەوە دزێ. ((قەسیدەیەكی ماتۆران ڕێنییە ١٥٧٣-١٦١٣))

❖خراپەیەك،ڕات دەكێشێت بۆ خراپەیەكی تر. ((شكسپیر))

❖خوا لە گەڵ هێز دا نی یە، بەڵكو لە گەڵ ڕاستیدایە. ((ڕوسی))

❖خۆش باوەڕی لە لای ئافرەت سنووری نی یە،چونكە وا هەست دەكەن تەنها خۆیان باشترین درۆ دەزانن. ((جاك ناتاتسون ١٩٢٢))

❖خراپەی برادەرەكانت لە بیر بكە،خۆشەویستییان بۆت بەردەوام دەبێ ((عەرەب))

❖خراپترین كەس ئەوەیە،كە خەڵكی لە ترسی ئازار دانی،ڕێزی بگرێ.

((سوكرات))

❖خراپترین دڵداری،دڵدارییەكی بێ هیوایە،ڕاسترین دڵداری دڵدارییەكی بێ هیوایە.

❖خۆزگـە هێـزی ئـەوەم هەبوایـە و بمتوانایە،دڵدارییەكـەتم پەسـەند كرادیـە،یاقبوڵم بكردایە.

❖خۆشەویـستی،هەستێكی مرۆیـی پیرۆزە،خـەڵك بەیەكـەوە دەبەسـتێ و بـەختیاری دەدات

((كرستوفەر))

❖خۆشەویستی تـەنها تەماشا كـردن نـی یە،بـەڵكو هـەردووك دەبـێ بۆ یـەك جێگـا تەماشا بكەن.

((شكسپیر))

❖خۆشەویستی دەریایەكە،قوڵایی نازانین،ئەو كاتە نەبێ،كە شەپۆلەكەنی دەمان با

❖خۆشەویستی بەبێ ئەمەكداری،وەكو دارێكی بێ گەڵا وایە.

❖خۆشەویستی، مەرهەمی دڵە.

بەشی پێنجەم

پێشەکی

ئەی خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست ئەوا بەشی پێنجەمی (ووتەکانی ژیان)کەوتە بەر چاوی ئێوەی ئازیز هیوادارم جێی ڕەزامەندیتان بێت.
هەروەکو لە کتێبەکانی تردا وتوومە ئەم (ووتانە)هی گەورە پیاوانی جیهانە، مەرجیش نیە هەر کەسێك شتێکی وتوبێ ڕاست بێت.
داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر کەم و کوڕی هەبێت یا هەندێ جار ئەگەر (ووتەیەك)دووبارە بوبێتەوە.

محمد عبدالرحمن زەنگنە
هەولێر ١٩٩٦

- ئه‌ -

❖ ئـــه‌و ووشـــانه‌ی كـــه‌ ژن بـــه‌ چـــاو ده‌یڵێن،پێویـــستی بـــه‌ چـــه‌ندها (قـــاموس)هه‌یـــه‌،بۆ لێكدانـــه‌وه‌. ((س·ص·ع))

❖ ئه‌وه‌ی كتێبی سوود له‌ ناو به‌رێت،وه‌كو ئه‌وه‌ وایه‌ كه‌ پیاوێكی كوشتبێ.
((ملتون))

❖ ئه‌و كه‌سه‌ی به‌ شمشێر نه‌مرێت،هۆزه‌رو مردنیشی یه‌كه‌.

❖ ئه‌گه‌ر توند تیژی یاسای مرۆڤایه‌تی بێت،ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێ كه‌ پاشه‌ ڕۆژ بۆ ئافره‌تانه‌. ((گاندی))

❖ ئه‌گه‌ر ئافره‌ت ڕقی گرت،ده‌بێته‌ خه‌ته‌رترین چه‌ك ته‌نانه‌ت له‌ ئه‌تۆمیش.

❖ ئه‌گه‌ر داهاتی ئه‌مڕۆت كه‌م بوو،تا به‌یانی سه‌بركه‌،دورنیه‌ نیگبه‌تی زه‌مانه‌ له‌ سه‌رت لابچی.

❖ ئه‌گه‌ر پیاوێكت فێر كرد تۆ یه‌ك كه‌س فێر ده‌كه‌یت ئه‌گه‌ر ئافره‌تێكت فێر كرد، تۆ خێزانێك فێر ده‌كه‌یت. ((فان هه‌ست))

❖ ئه‌گه‌ر كه‌لو په‌ل په‌سه‌ند بوو،كڕیار كوێر ده‌بێت. ((ووته‌كانی حه‌به‌شی))

❖ ئه‌گه‌ر ئیشه‌كانت،به‌هه‌مان جۆره‌ كه‌ پێش ده‌ ساڵ ده‌تكرد بزانه‌ كه‌ به‌ كه‌ڵكی ئێستاكه‌ نایه‌ت،بۆ ئیشێكی تر بگه‌ڕێ. ((مارك تۆپن))

❖ ئه‌وه‌ی به‌ خواردن تێر نه‌خوات،به‌لێسانه‌وه‌ تێر ناخوات.
((ووته‌كانی به‌لجیكی))

❖ ئه‌گه‌ر جوانی بێته‌ هۆی خۆشه‌ویستی،به‌ڵام به‌زه‌ی ده‌یپارێزێت.
((به‌لزاك))

❖ ئه‌و پاره‌یه‌ی كه‌ له‌ بـه‌ر ده‌سـتدایه‌ ئـه‌وا ڕێگایـه‌ بـۆ سه‌ربه‌سـتی،به‌ڵام ئـه‌وه‌ی هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌یت ڕێگایه‌كه‌ بۆ كۆیلایه‌تی. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ئـەو ئافرەتـەی خۆشەویـستی دەکـات هـەڵی مەسـێنە لـە خەونەکەی،نـەوەك بگەڕێتەوە بۆ ڕووداوە تاڵەکەی. ((مارك تۆین))

❖ ئێمـە دەکـەوین بـۆ ئـەوەی هەڵـسینەوە،لە شـەڕدا دەشـکێن بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتنێکی باشـتر بـە دەسـت بێنین،بـە تـەواوەتی وەك و دەخـەوین هەڵـسینەوە بەهێزێکی باشتر.

❖ ئەگەر ڕەخنەی دوژمنان و گلەییان نەبوایە،سەرنەدەکەوتم لە زۆر ئیشما ،ئەگەر ناڕەزای ئەوانیش نەبوایە هەر سەرنەدەکەوتم. ((ڕیشیلۆ))

❖ ئەگەر گوڵت دەوێت نابێ لە درکەکەی بێزار بیت. ((تورك))

❖ ئەوەی بەزەیی بە ئاژەڵێکی بێدەسەلاَتا نەیەت،ناتوانێ بەزەیی بە مرۆڤـ دابێت. ((ئەبرەهەم لینکۆلن))

❖ ئەو دڵدارییەی،کۆتایی بێ،هیچ ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵداری نەبووە.((ئەرستۆ))

❖ ئەی ئافرەت،ئاگاداری ئەم پیاوە بە کە دەڵێ،لە تۆ زیاتر کەسم خۆش ناوێت. ((یالیر))

❖ ئەو کەسەی یاد لە تۆڵە سەندنەوە دەکاتەوە،برینەکانی کراوە دەبن و خوێنی لێ دەتکێ. ((بیکۆن))

❖ ئەگەر ئاگرت وویست لە خۆڵە مێشدا،بۆی بگەڕێ. ((ئەڵمانی))

❖ ئەوکاتەی ئافرەت گریا،پیاو بەرهەڵستی نامێنێت. ((شکسپیر))

❖ ئەو دڵەی گوشێنەری خاوەنەکەی بێت،ناتوانێ جێی خۆشەویستی خەڵکی تیا بێت. ((ئەنتوانی چیخۆف))

❖ ئەوەی ڕێگای دوور دەبڕێ بـۆ ئافرەتێك،یـا هەڵخەڵـەتاوە یا هەڵدەخەڵـەتێت، ئەگەر بە لاوی کات وون بکەیت لە پیریدا کات وون دەکات. ((شکسپیر))

❖ ئەوەی کە بە توندو تیژی دەتەوێت،بە زەردەخەنە دەستت دەکەوێت.

((سێوار))

❖ ئەوەندە،خۆت،خۆت هەڵدەخەڵەتێنی،خەڵك هەڵت ناخەڵەتێنیٚ.((گرینبل))

❖ ئەگەر ژنێکی ژیرو جوانت هەبوو، تۆ دەوڵەمەندترین پیاوی لە جیهاندا.

❖ ئەوکەسەی بە وەفا بیٚ،خەڵکی لێرازی دەبێت،ئەوەی بیٚ وەفا بیٚ دووژمنی زۆر دەبێت. ((فەرفۆریوس))

❖ ئەوەی برادەری دەداتە دوواوە،پێویستە هەوڵبدا،برادەری تر پەیدا بکا و جێی ڕەزامەندیان بێت.

❖ ئەگەر ئازایەتی لە ڕاستی دا نەبێت،لە درۆدا نیە. ((عەرەب))

❖ ئەو کەسەی دەیەویٚ کچێکی خۆش بوویٚت،پێویستە یەکەم جار دایکی ڕازی بکات. ((جۆن رای))

❖ ئەو ژنەی کە گاڵتە بە مێردەکەی دەکات،گاڵتە بە خۆی دەکات،چونکە هەڵی بژاردووە.

❖ ئەی دڵداری هیچ شتیٚ بەرگریت ناکا،تۆ هەموو شتیٚ لە چوار دەورت دەماڵی. ((سۆفۆکلیس))

❖ ئەو دەستەی ملوانکی دڕك دەهۆنێتەوە،لەو دەستە باشترە کە تەمەڵە. ((جوبران خەلیل جوبران))

❖ ئەوەی بە منداڵی ئەدەبی منداڵەکەی بدا، لە گەورەیدا پێی پێخۆشحاڵ دەبێت

❖ ئەوەی درێژە بە وانەکانی نەداو پێوە ماندو نەبێت،ناگاتە ئەنجامی زانستی.

❖ ئەو کەسەی منداڵەکەی بە هەردوو دەست هەڵگریٚ، دایکەکەی لە دڵدا هەڵدەگریٚ. ((دانمارکی))

❖ ئەو ڕۆژە کەتێیدا پێناکەنی،ئەو ڕۆژەت وون کردووە. ((فەرەنسی))

❖ ئەو شتەی کە پێوستە لێی بترسی،ترسە. ((ئەمەریکی))

❖ ئەو کەسەی بە تەمای خراپەیە، لە پێش هەموو کەسێکەوە توشی خراپە دەبێت. ((ئەڵمانی))

❖ ئەگەر هەتاو دەرچوو ئەوکاتە جلەکانت ووشك بکەرەوە. ((فەرەنسی))

❖ ئەگەر بە قسەی دایکت نەکەی،بەقسەی باوەژنت دەکەیت. ((ئەڵمانی))

❖ ئەگـــــــــــەر ســـــــــــەر فرزابم،قەلـــــــــــــەڕەش بم یـــــــــــا (حەسوود)بم،قەلەڕەش،هەڵدەبژێرم،قەلەڕەشیش گۆشتی مردوو دەخوا،بەلاَم حەسوود گۆشتی زیندوان دەخوات

((ئەنجیفۆس))

❖ ئەگەر ڕاڕای نەبوایە،هونەر ئەویندارى دەمرد.

❖ ئێمە سەربەستیمان خۆش دەوێت،بەلاَم زیاتر خۆشمان دەوێت ئەگەر لە جێی خۆیدا بەکار بێت. ((شۆپنهاوەر))

❖ ئەگەر هەڵەکانمان بخوێنینەوە،ئەوا ڕێگامان کورت کردۆتەوە بۆ ڕاستی.

((ژیربگ))

❖ ئەگەر ویستت لە خۆشەویستیدا سەکەویت،دڵت بەرامبەر ئەو ئافرەتەی خۆشت دەوێت دایخە. ((شۆپنهاوەر))

❖ ئێمە زۆر کەم دەزانین لە هەموو شتێك،لە ئەرز،لە ئێوارە،لە ڕابردوو و لە ئێستا،لە داهاتوو. ((داروین))

❖ ئەو کەسەی کە خۆی لە قەدری خۆی زیاتر بەرز کردووە،ناگاتە تەواوی تەواویەکەی. ((ئەلفارابی))

❖ ئەو میللەتەی بۆ یەك کات ژمێر مافی ئیسپات دەکات باشترە لە وەی کە بە درێژای تەمەن بەزەلیلی بژی. ((جەمالەدینی ئەفغانی))

❖ ئەو زەرەرەی کە هەموو دونیا ئەقڵ قازانجی لێ کردووە،ناگاتە ئەوەی کە بە هۆی ئەقڵەوە زەرەری کردووە. ((براتراند رسول))

❖ ئەو پیاوەی لای بەهێزەکان نەزانی کامەیە،هەدەفێکی ئاسانە بۆ ئافرەت کەلە لاوازەکانی بزانێ. ((شارلی شاپرن))

- ئەگەر شكاو پێكەنی،سەركەوتوو خۆشی سەركەوتنی نامێنێ. ((شكسپیر))
- ئەوەی بەكات گاڵتە بكات كات دەی بەزێنێ.
- ئەگەر بزە خیانەت لە ژن بكات،ئەوا فرمێسك چەكیەتی. ((فرفال))
- ئیش كردن كانگای زانستە،زانستیش منارەی ژیانە.
- ئەگەر خەڵكی تەنها ئەوەی دەیزانێ قسەی لە سەر بكەن،بێدەنگی بەڕادەیەك دەگەیشت كە بەرگریمان نە دەكرد.
- ئەو دەرگایە دامەخە كە ناتوانی بیكەیتەوە.
- ئەو بەردەی غل بێتەوە،گیا لە سەری ناڕوێ.
- ئەگەر چاكەت كرد باسی مەكە،ئەگەر چاكەت لە گەڵ كرا باسی بكە.
- ئەگەر بۆ ساڵێ دەچێنی گەنم بچێنە،ئەگەر بۆ دە ساڵ دەچێنی دار بنێژە، ئەگەر بۆ سەد ساڵ دەچێنی پیاو بچێنە. ((چینی))
- ئەگەر دڵدارەكان،نیوەی ئەوەی بیر لە یارەكانیان دەكەنەوە،بیریان لە خۆیان بكردایەوە دەوڵەمەند دەبونەوە.
- ئەوانەی بەدوای خەسارەتیان دا لە قومار دەگەڕێن،وەكو ئەوانە وایە كە لە نێو لمی جو لاوەدایە،هەر كاتێ ویستی سەركەوێت دێتە خوارەوە.
- ئەو دزەی هەلی دزی بۆ ڕێك دەكەوێت،خۆی بە (ئەمین)دەزانێ ((مەغربی))
- ئەوانەی چاوەڕوانی هەلن لە ڕاستی دا ئەوانە ونیان كردووە. ((ئیتاڵی))
- ئەوەی زیاد ئازار بكێشێت زیاتر فێر دەبێ.
- ئیش گەورەترین دوژمنی مرۆڤ دەكوژێت،بێزاری و شەڕو هەژاری.((فۆڵتێر))
- ئیش كردن یاری گەورەكانە یاری ئیشی بچوكەكانە.
- ئەوەی بە پەلە بژی،زیاتر بەجێ دێڵێ لە وەی دەیبیا.
- ئەگەر ئافرەتی جوان مرواری بێت،ئافرەتی بە ئەخلاق كانگایەكە لە مرواری.

❖ ئەوکەسەی لە سەر ئەرزی یەکێ تر خانوو بکا،ئەرزەکەو بەردەکەشی لە کیس دەچێت.
((ئیتالّی))

❖ ئەگەر سەرت لە مۆم بوو لە بەر هەتاو مەڕۆ. ((ئەمەریکی))

❖ ئەو مرۆڤەم خۆش دەوێت کە خۆی هەڵکێشێت بە جێگاکەیەوە کە لێی گەورە بووە،مرۆڤێکیش ببینم بژی تاکو جێگاکە خۆی پێ هەڵکێشێ.

❖ ئەگەر لە خۆشی دا بیت بەردەوام نابین،ئەوکاتە نابێ کە خۆشیەکە بشارینەوە.
((شکسپیر))

❖ ئەوەی نهێنی خۆی بشارێتەوە بە ئامانجی خۆی دەگات. ((عەرەب))

❖ ئەگەر سەبر هەبێ،بەختیار دەبێت.

❖ ئەگەر ژیری سەبر بکە،چونکە پەلە کردن ئیشی شەیتانە.

❖ ئەگەر خەفەت بە سەبر نەکوژیت،خەفەت دەت کوژێ یا تۆ و سەبرت یا ئەوو کوشتن.
((هەندێك))

❖ ئەگەر خوا دەرگایەکی داخست،هەزار دەرگا دەکاتەوە. ((تورك))

❖ ئەو دەرگایەیی لە بەردەم هەژاردا دابخرێ،لە بەردەم نوێژداردا دەکرێتەوە
((یابانی))

❖ ئەو کەسەی بزە نەزانێت پێویستە فرۆشگا نەکاتەوە. ((چینی))

❖ ئەو ئافرەتەی دوو پیاوی خۆش ویست هەر دوو کیان هەڵدەخەڵەتێنی.
((پورتوگالی))

❖ ئەگەر ویستت شتێك بکەی پێویستە بیری لێبکەیتەوە.

❖ ئەگەر دەتەوێ بە خۆشی بژی،ڕازیبە لە خەڵکی کە پێت بڵێن بێ عەقڵی نەك پێت بڵێن ژیری.
((فیتاگۆرس))

❖ ئیش کردن کانگای زانستەو هەزار دەرگا دەکاتەوە. ((تورك))

❖ ئەوەی یەك ڕۆژ مامۆستام بووە،هەتاهەتایە برادەرمە. ((چینی))

❖ ئەوانەی لێرە نین،هەمیشە هەڵەن. ((فەرەنسی))

❖ ئەوەی ڕۆژێ فێرم کا، بە درێژای تەمەنم باوکمە. ((چینی))

❖ ئەو خۆشەویستەی کە هەموو ڕۆژێ هەڵ ئەقوڵێ، هەموو ڕۆژێ دەمرێت.

((جوان))

❖ ئەگەر ویستت لە بگرە و بەردە دا دوژمنەکەت بەلای خۆتدا ڕاکێشی ئاگادار بە تەنگە تاوی مەکە. ((شانۆن فیف))

❖ ئەگەر باران وەستاوە،جۆگەلە ڕوون دەبێتەوە. ((وێژەی تورکی))

❖ ئەگەر لە مەبەستێکدا سەرکەوتی لە سەر خۆبە،خۆ هەڵمەکێشەو خۆ بە گەورە مەزانە. ((سیموندس))

❖ ئەگەر ڕاستی ئافرەتێکی جوانی دروست کرد،هەموو خەڵکی خۆش دەوێ.

❖ ئەگەر دوژمنەکەت لە بیر کردووە تەنانەت ناوەکەیشت نەزانی، تۆ پیاوێکی ژیانت خۆش دەوێت.

❖ ئەوەی تەماع لە هەموو شتێ بکات، هەموو شتێکی لە دەست دەر دەچێ.

❖ ئەوەی گریان نەزانێ پێکەنینیش نازانێ. ((ئیتاڵی))

❖ ئەگەر لە گەورەیی دەگریی لە بیری بکە،داوای ماف بکە،هەر دووکت دەست دەکەوێت،ماف و گەورەیی.

❖ ئەوەی ژنی نەهێناوە یەکە کەسە کە لە ئافرەت دەگا،چونکە نایخوازێ.

❖ ئەگەر خۆشەویستی گەورەی هەست بێو هونەر گەورەی خۆشەویستیە،بە بێ هونەر خەڵکی نازانێ جیاوازی چیە لە نێوان بەختیاری و ئازاردا. ((احمد ڕامی))

❖ ئەگەر حەسوودی گرانەتا بووایە هەموو کەس تووشی دەبو ((دانیمارکی))

❖ ئەوانەی ڕابوردویان لە بیر چۆتەوە،هیچ چارە نیە دەبێ بگەڕێنەوە ئەو سەر دەمەو تێدا بژین. ((جۆرج سانتایە))

❖ ئەو دارەی سەری لە ئاسمان دەدات،لە تۆیەکی بچووك سەوز بووە ((لاتزو))

❖ ئەگەر ئافرەت لە خۆشەویستیدا درۆ نەکات،توانای بە سەر پیاودا نامێنێت.

((گۆستاف لۆبۆن))

❖ ئەو ئافرەتە چەند جێگەی ڕێزە کە خۆشەویستی،ماچ و بزەو داخ هەڵکێشان بێت.

((هالیپوتین))

❖ ئێمە هەمیشە چاوەڕێ ئەو ئافرەتەین کە خۆشەویستی و بەختیاریمان بۆ دێنێ

((شکسپیر))

❖ ئەگەر لە دونیادا ئافرەت و خۆشەویستیمان نەهێشت،دونیا دەبێتە گۆڕێکی ناخۆش.

((بروانتگ))

❖ ئەگەر پیاو خۆشەویستی کرد،ئەوا وەکو ڕێزی وایە وریابە،جۆراو جۆرە، بەڵام ئەگەر ئافرەت خۆشەویستی کرد قوربانی دەدا و مووخلیسەو لە خۆ بوردە.

((جۆرج سەند))

❖ ئەگەر ئافرەتی جوان پەری نەبێت،مێردەکەی لە هەموو کەس زیاتر داماوتر دەبێت.

((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ئەی برادەرم ئاگاداری ئافرەتی جوان بە،کاتێك نەرمو نیانیان دەست پێدەکا ئەو کاتە کۆیلایەتی ئێمەش دەست پێدەکات.

((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ ئەی سروشت من هەست بە جوانیت ناکەم،ئەوکاتە نەبێت کە پەنجەی ئافرەتێکی جوان لێت دەکەوێت.

((بیتهوڤن))

❖ ئەی ژن لە بیرت بێ،جوانیت سەربەست و بەرەڵاییە،تەنها دوو کۆت نەبێت،ئەم دووانەش لەوە جوانترە.·پاکی و شەرەف.

((احمد شەوقی))

❖ ئەگەر ئافرەت لە جوانی بێبەش بکەیت لە ژیاندا تەنها خۆشی لە نیوەی وەردەگری.

((مەدام دیمونتاران))

❖ ئەوەی ژنی نەبێت،لە ژیاندا بەختیار نیە.

((قاسم ئەمین))

❖ ئـەو کەسـەی بێـوەژن دەخـوازێ هەمیـشە سـەرێکی مـردوو لـە قاپیەکەیـدا دەبینرێت. ((وتەیەکی ئیسپانی))

❖ ئەگەر ژیان ئافرەت بووایە،لێی ڕام دەکرد. ((شۆپنهاوەر))

❖ ئەوەی ئافرەت بەجێ بهێڵێت،خەفەت بەجێ دێڵێت ((لوقمان حەکیم))

❖ ئەگـەر ژن نـەبێت لـە هـەوڵی ژیانمانـدا بێبـەش دەبـین لـە یارمەتی،لـە نیـوەی ژیانشماندا لە خۆشی،لە کۆتایشدا لە نازی. ((جووی))

❖ ئەی ژن تۆ خەونی شەومی و ئازاری ڕۆژمی. ((ئەلفرێدەی مۆسیە))

❖ ئەگەر هەموو جیهان بچوك بێتەوە ئافرەت بەگەورەی دەمێنێتەوە.
((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ ئەو ئافرەتەی بە دەستی ڕاستی لانك ڕادەژەنێ،بە چەپی جیهان دەلەرزێنێ.
((ناپلیۆن))

❖ ئەوەی پیاو بە سەد ساڵ دروستی دەکات ئافرەت دەتوانێ بە ساڵێ بیڕوخێنێ
((ناپلیۆن))

❖ ئەوەی هەست بکات لە ئافرەت بە هێزترە،ئەوا تەنها ئافرەتێکی ترە.
((مارتین))

❖ ئەگەر ژن خۆشی لێ وون کردین هەر ئەویشە دەتوانێ بۆمان بگەڕێنێتەوە.
((وەتێر))

❖ ئەگـەر سـاڵ هـەموو ڕۆژی پـشودان و یـاری بووایـە،یاری دەبـووە بێـزاری وەك ڕۆژانی ئیشکردن. ((شکسپیر))

❖ ئەو لاوەی بەرزنەکاتەوە،سەری شـۆڕ دەکاتەوە،ئـەو کەسـەش داوای بـەرزێتی ناکا،ئارەزووی خوارەوەی هەیە. ((دزرائیلی))

❖ ئەگەر خۆمان ڕوح زل نەبین،شکات لە ڕوح زلی خەڵکی ناکەین.

((لارۆ شفۆکۆڵد))

❖ ئەقڵ،هەموو شتێ ڕێکدەخات،پێویستە دەستلە ڕێک خستن هەڵنەگرین.((ئەبیکتیس))

❖ ئەوەی بیری تیژ نەبێت، با واز لە درۆ بێنێ. ((مۆنتانیا))

❖ ئەوەی بەڵێنی بەجێ نەهێنێت،بەڵێنی نیە. ((دی بارتاس))

❖ ئەدەب لە ژیری باشترە. ((عەرەب))

❖ ئەوەی یەك درۆ بکات،خۆشی نازانێ چی بارێکی قورس هەڵدەگرێ،چونکە ناچار دەبێت بیست درۆی تریش بکات بۆ ئەوەی درۆکەی ئیسپات بکات

((ئینگلیز))

❖ ئەگەر مرۆڤ خۆی هەوڵی بلاوکردنەوەی حەق و خزمەتی مرۆڤایەتی نەکا نابێتە مرۆڤێکی ڕوناك بیر. ((وێژەی چینی))

❖ ئەو کەسەی قسەکانی لە گەڵ کردەوەی خۆی یەك نەبێت،ئیهانەی خۆی دەکا

((عبدوڵلای کوڕی مەسعود))

❖ ئەگەر جۆگەلە ووشکی کرد لم بەجێ دێڵێ،ئەگەر برادەر ڕۆیشت بیرەوەری بەجێ دێڵێ.

❖ ئەوەی ولاتەکەی خۆش نەوێت هیچ ناکا. ((بایە ڕۆن))

❖ ئەی دوژمنی ئافرەت لە بیرت نەچێ هەموو پیاوێك کوڕی ئافرەتە.

❖ ئەگەر دەس ڕۆبێت هەموو پیاو،پیاوتە ئەگەر دەست کورت بیی کەس وکارەکەشت ئینکارت دەکەن. ((ئیمام عەلی))

❖ ئەو چەند درهەمانەی کە ڕۆژانە خەرجی دەکەین بەبێ سوود،دوور نیە ببێتە سامانێکی زۆرو ڕۆژی پێویست بەکەڵکمان بێت،ئەوانەش کە دەست بلاون دووژمنی خۆیانن،ئەوکەسەش کە برادەری خۆی برادەی نەبێ،چۆن چاوەڕوانی یەکێکی تر دەکا.

((باکۆن))

❖ ئەگەر ڕاستە سوێند بۆ دەخۆی ؟ ((شکسپیر))

❖ ئینگلیز،بەتەنها دروگنیە،بەڵکو هەموو پیاوێکی ئینگلیزی دروگەیەکە.

((نۆفالیس))

❖ ئیشی قورس تەنها،ئەو ئیشانەیە کە کۆبۆتەوەو نەمان کە ئەو کات پێویست بوو بیکەین.

❖ ئەو کاتەی پێکەنیت و گاڵتەت بۆ خۆ کرد،ئەو کاتە تۆ پێگە یشتووی.

((ئیتیلبۆریمۆر))

❖ ئەگەر ویستت لە ژیانتا ڕابووێری،پێویستە ئەو شتە بدۆزیتەوە.

((جۆرج سیمس))

❖ ئەگەر ڕەزیل نیوەی دوونیای هەبێت،کەس بە باشە باسی ناکات.

❖ ئەو کەسەی قەناعەتی نەبێت،سامانی نابێت،ئەو پیاوەیش قەناعەتی بێ خێرە.

((هۆمیرۆس))

❖ ئەگەر بەڵگەت هەبوو تووڕە مەبە،چونکە تووڕە بوون ئەو بەڵگەی کە بەدەستەوەیە دەی بڕیو دوژمنەکەت سەر دەکەوێت. ((ئیبن ولموقەفەع))

❖ ئەوەی لە برادەرەکانی واز بێنێ خەڵکیش وازی لێ دێنێ.

((موغیرەی کوڕی شوعەب))

❖ ئەگەر زۆر زۆر باوەڕت بە خۆت هەبوو بزانە کەتۆ هەڵەی. ((دیستۆفسکی))

❖ ئەو کەسەی پشت بە کات ببەستێ زەمان دەیبەزێنێ. ((چینی))

❖ ئەو کەسەی بە ئاسانی هەڵە دەکات،دەتوانێ بە ئاسانی هەڵەکەی چاک بکاتەوە. ((فریش بیگۆن))

❖ ئەگەر زۆرم لێکرا جیهان بێنرخ بکەم،بگرەو بەردەم نیە،بەلام منداڵەکەم بێقیمەت ناکەم.

❖ ئەوەی باوەڕی هەبێت کە خۆشەویستی هەموو شتێکە،هەموو شتێك دەکات بۆ ئەوەی بەدەستی بێنیّ. ((ملیکان))

❖ ئەخلاق وەکو گولّ،بۆنی هەیە. ((فەرەنسی))

❖ ئەگەر باران فرمێسکی دانیشتوانی ئەستێرەکانی کە بن بەسەرمانا بباریّ،ئەی ئێمە فرمێسك بەسەر کێدا برێژین.

❖ ئەگەر،نەزان هۆی نەزانینەکەی بزانیّ،ژیر دەبێت. ((کۆننتیۆس))

❖ ئەی قەڵەم چەند جوانی،بەلاّم وولاّتەکەم لە شەیتان ناشرین تری.

((قەیسەری رۆسپا))

❖ ئەوەی تێکۆشێت دەدۆزێتەوە،ئەوەش بچێنیّ دەدۆزێتەوە.

❖ ئەگەر قسە زیو بێت،بێدەنگی زێڕە.

❖ ئەوەی چالّ بۆ برادەرەکەی هەڵکەنیّ،خۆی تێدەکەوێت.

❖ ئەو ئافرەتەی تەمەنی تێپەڕ کردبیّ و شووی نەکردبیّ،هەمیشە دەڵێن ئێمە پاکین،بەلاّم ئایا لە خۆیان پرسیوە چ جۆرە پاکیەك و تاکو ئێستا لە خۆشی ژیان دواکەوتوون. ((م٠ع))

❖ ئەوە گرنگ نیە توندوو تیژ بێت،بەڵکو پێویستە قازانج ماندوو خۆشەویست بێت. ((ڕۆکفلر))

❖ ئەوانەی میوانداری خەڵکی قبوولّ دەکەن و لە بەندەکانی خواوەندن و ئەوەی یارمەتی هەژار دەدات لە موسا گەورەترە. ((پۆلاّنۆ))

❖ ئەو نزیکەی لە سەرت پێویستە بیکە. ((گۆتە))

❖ ئەو کەسەی خۆی بناسیّ،قسەی خەڵکی کاری تیّ ناکات. ((سۆفیان))

❖ ئەگەر لە تورە بوون دوورکەویتەوە، لە هەڵەش دوور دەکەویتەوە،ئەگەر لە زۆر خواردن دوور کەویتەوە، لە توورە بوونی خواش دوور دەکەویتەوە.

((پۆلاّنۆ))

- ❖ ئەوەی لە لای ڕاستی دا،لای چەپیشی بۆ وەرگێڕە. ((ئینجیل))
- ❖ ئەوەی توڕە بێت،توڕە بونەكەی بۆ خۆیەتی،نەك بۆ ئەو كەسەیە.((ئینگلیز))
- ❖ ئەگەر ویستت ببی بە ناوبژیوانێكی عادیل،گوێ لە شكاتی هەردوو لابگرە و حوكمیش مەدە دوای ماوەیەك نەبێت. ((ناپلیۆن))
- ❖ ئەو پەنجەیە عەدالەتی شەرع ببیڕێ،ئازاری نیە. ((كەستەلۆ))
- ❖ ئەو زەمانەی كەسێ ئینج درێژە، دوور نیە پیاوێك بكوژێ درێژێكەی شەش پێ بێت. ((یابانی))
- ❖ ئەوی خۆی بناسێ خوا دەناسێ. ((ئیمامی عەلی))
- ❖ ئەوەی هەوڵی دوو ئیش پێكەوە بدات هیچیان ناكات. ((بیلیوسی بچوك))
- ❖ ئەگەر مرۆڤێك قینت لێ بوو،داوای تەمەن درێژی بۆ بكە. ((وێژەی یابانی))
- ❖ ئەگەر لە نەوەی ئال عوسمان نەبوایە،حەزم دەكرد وەستای دروست كردنی خانوو بومایە. ((سوڵتان مەورادی دووەم))
- ❖ ئەگەر هەموو ئارەزوێكمان بێتە دی،گەلێ خۆشیمان لە دەست دەردەچێ.
- ❖ ئەو سەربازەی زۆر ئەنوێ لە جێی دوو سەد سەربازە. ((فەرەنسی))
- ❖ ئەوەی ئیشی نەبێت،ژیانی نیە. ((ئینگلیز))
- ❖ ئەوەی سروشت دەیكات و نژدارو دەرمان نایكات.
- ❖ ئێمە كە ئەڵمانین لە خوا دەترسین،لە كەسی تر ناترسین. ((ئەڵمانی))
- ❖ ئەگەر بە پێی دەستووری باوی خوا بژیت لەجیهانا هەرگیز هەژار نابیت،ئەگەر بە پێی ئارەزوی هیچو پوچی خۆشت بژی،هەرگیز دەوڵەمەند نابیت.

((لاتینی))

- ❖ ئیش كردن ژیانە،ئیسراحەتی مردنە. ((عەرەب))
- ❖ ئیش كردن خۆشترین شتە لە لام. ((مۆزار ١٧٥٦ — ١٧٩١))
- ❖ ئەی ئیش كردن ئەگەر تۆ بە خراپە ناوبەرین ئەی چاكە چۆنە ؟((سلكرك))

❖ ئەوەی لە لام دانشێت،ئەگەر لێم نزیك بووەبەخێرهاتنی دەکەم جێی بۆ خۆش دەکەم و قسەی کرد ڕووی لێدەکەم. ((سەعید کوڕی عەباس))

❖ ئەوەی پێش سلاو قسەی کرد وەلامی مەدەنەوە. ((حەسەنی کوڕی عەلی))

❖ ئەخلاقی باش لە دەموچاوی پیاودا وەکو بۆدرە وایە لە دەم چاوی ئافرەتا. ((یەکێك))

❖ ئەو کەسەی گوێچکەی داخات لە هاواری خەڵکی،ئەگەر ئەویش هاواری کرد خەڵکی وەلامی نادەنەوە. ((سولەیمانولحەکیم))

❖ ئەوەندە بێ ئەقڵ نیم باوەڕ بکەم کە ئافرەت لیوی بە یەك پیاو دەدات. ((شکسپیر))

❖ ئەگەر ئافرەت پیاوێکی خۆش ویست هەمیشە تینووی لێوی دەکات ((بیرون))

❖ ئەوەندە سەیری ئاوێنە دەکات،سەیری ژیانی نکردایە،لە نێوان ئافرەتدا بێ ئەقڵ نەدەبوو. ((بۆل بۆرگیە))

❖ ئەوەی دەتوانین بیکەین،ژنیش دەتوانێ بیکا،هیچ جیاوازیش لە نێوانماندا نیە،تەنها ئەوە نەبێت،ئەوان نەرم و نیان ترن. ((ڤۆلتێر))

❖ ئەقەڵی ژن،هەمیشە لە لایەن دڵیەوە هەڵخەڵەتاوە. ((مارسیل ڕیڤۆ))

❖ ئەگەر لە چاوی ژندا ڕوناکیت بینی،بزانە لە دڵیدا ئاگر هەیە. ((لۆمۆن))

❖ ئەو ساڵانەی کە ونی دەکەین،ئەو فرمێسکانەی کە دەیرێژین، هەموو لە ڕێگەی ژندایە،ئەویش نایەوێ دانی پێدابنێ و تێبگا. ((ڕوریاد کبلنگ))

❖ ئەگەر ویستت لە دوژمنت ڕزگارت بێت، بە تووڕەی ئافرەت هەڕەشەی لێبکە ((شیلۆن))

❖ ئەوەی باوەڕ بە ژن بکات،وەك ئەوە وایە باوەڕ بە دز بکات.

❖ ئەگەر تەمەن بيست ساڵ بوو كچێك بزەی بۆ كردی بە پەلە بۆ لای ئاوێنە دەڕۆيت بزانی چی جوانيەكت هەيە كە ئەو كچەی ڕاكێشاوە،بەڵام ئەگەر تەمەنت لە چل بەسەرەوە بوو،تەماشايی دواوە دەكەيت بزانی لە گەڵ يەكێكی تری نيە،ياخود لە عەی بێكی جلەكانت دەگەڕێت دوور نيە هۆی ئەوە بێت.

((سترا ئيفنگ))

❖ ئەو ژنەی زاڵ بێت بەسەر خۆيداو زاڵ بێت بەسەر ئارەزويدا و لە زمانە تيژەكان و دڵ ڕقاويەكان بترسیٚ،لە شاژن زياترە. ((ميلتون))

❖ ئەگەر دوو ئافرەت بە يەك گەيشتنو ئەوا قسەيان نابڕێتەوە،ئەگەر بوون بەسيان،شەڕيان نابڕێتەوە. ((چينی))

❖ ئەگەر دەتەوێت دوژمن پێت نەوێرێت،ڕەوشتی خۆت چاك بكە.((ئەفلاتون))

❖ ئێمە دڵداری ڕاستی ناكەين لە ژيانماندا،تەنها يەكجار نەبێت ئەويش يەكەم جارە. ((بەرناد شۆ))

❖ ئەو مرۆڤەی لە بەردەم تەماعدا ئەقڵی وون دەكات،ئيتر هيچی نيە ونی كا.

((ليسنبج))

❖ ئەو ئافرەتەی دوێنیٚ خۆشی ويستی و ئەمڕۆ دەتپرستیٚ،سبەينیٚ خيانەتت لیٚ دەكات.

❖ ئەی ئافرەت ئەگەر ناتوانی لە ئاسمان ببيتە ئەستێرە لە ماڵەوە ببەرە مۆم.

((ڤۆڵتێر))

❖ ئيشكردن كانياوی زانستە،زانستيش قوڵی ژيانە.

❖ ئەو پياوەی فێر نەبێت وەك و ئەو ئەرزە وايە كە هيچ شتێكی لیٚ نەڕویٚ.

❖ ئەوەم پێخۆش كە بڵێن بۆچی پەيكەری بۆ نەكرا،نەك بڵێن بۆچی پەيكەری بۆ كرا.

❖ ئەوانەی بەگژ ئازادی دادەچن،ئەوانە يارمەتی دەدەن.

❖ ئەوانەی بەرد لادەبەن،پەنجەی خۆیان دەڕووشێنن.

❖ ئەگەر هەژار بووی بیربکەوە كێ لە خۆت هەژار ترە،ئەگەریش دەوڵەمەند بووی بیركەرەوە كێ لە تۆ شایەنی ترە.

❖ ئەو كەسەی باش دونوێ،ئەگەر هیچی نەبێت لە ناو چۆنی بترسێ.

❖ ئەمڕۆ ئەو بایانیەیە كە دوێنێ لێپەست بووی ولێـی ڕاڕابوی،ئایا پێویست بەو هەموو ڕاڕایە دەكات ؟

❖ ئەگەر سەیری هەندێك ئافرەت بكەین،باوەڕمان وایە (كێوبید)هەندێ جار گەمژە بووە.

❖ ئەوەی دەرونی ئاسودە بێ بـە ئاسـودەیی دەنوێ،هەرچـەندە هـەورە تریـشقە بێت.

❖ ئەوانە چەند كەمن كە ئەسڵی خۆیان وون نەكردووە،لە نێوان ئەو درۆیانەدا كـە بەناچاری قبوڵی دەكەن.

❖ ئەوانەی باسی خراپەی خەڵك دەكەن، وەكو ئەوانە وان كە دەچنە ماڵ یەكێكی ترەوە دەیانەوێ ئەوەی لە ناوی دایە چاكی بكەنەوە و ماڵەكەی خۆیان وێرانە وبەجێی دێڵن. ((ئینگلیز))

❖ ئەوانەی خاوەن زانیارین وەكو گوڵە گەنم بـەرزدەبنو بـەرز دەبن،هـەركاتێكیش پێگەیشت و پڕبو لە دانەوێڵە،سەر شۆڕدەكاتەوەو دەچەمێتەوە.((ئینگلیز))

❖ ئەو كەسـەی ئـیش دەكـات شـەرم ناكات،بـەڵكو شـەرم بـۆ ئەوانەیـە كـە ئـیش ناكەن. ((فیلەر))

❖ ئەوەی پیشەیەك یان ئیشێك فێر نەبێت بێقیمەتە. ((فلهنام))

❖ ئەگەر توانبێتم خزمەتی جەماوەرم كردبێ،ئەویش بە هەوڵدان و سەبرم بووە. ((ئیسحاق نیوتن))

❖ ئەوەی بە پەلە ئیش بكات بە ژیری ئیشی نەكردووە. ((بیلیوسی بچوك))

- ❖ ئەوەی لە منداڵیەوە فێر نەبێت،لە گەورەیش پێش ناکەوێت.
- ❖ ئەوەی زمانی خۆش بێت برادەری زۆر دەبێت.
- ❖ ئەو کەسەی بەختیاری دەداتە دواوە،پێویستە ئازارەکانی ژیان هەڵگرێت.
- ❖ ئەوەی کەمی هەبێت هەژار نیە،بەڵکو ئەو کەسەی کە داوای زیاد دەکات.

((فەرەنسی))

- ❖ ئیشی ئازایەتی پێویستی بەکەرانەی (بۆقی)نیە. ((ئینگلیز))
- ❖ ئەوانەی هیچ نین و دڵ ڕەقن،کە لە هەڵەی پیاوی گەورە دەگەڕێن.

((شۆپنهاوەر))

- ❖ ئەوانەی ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن،کە ژن نەهێنن،خۆیان ژنیان نیە.
- ❖ ئەوەی بۆ دادگا بڕوا،پشیلەیەك وەدەست دێنێو مانگایەك دەدۆڕێنیّ.

((چینی))

- ❖ ئەگەر تەمەن بەو جۆرەی کە دەژین بیژمێری،هەمومان منداڵ دەبووین.
- ❖ ئەوەی نهێنیەکی هەبێت،وا لە خەڵکی دەکات بە دوایدا تووشی هەناسە بڕکیّ بێن.
- ❖ ئەو ژنەی پیاوەکەیخۆش بوێت،وایی لێدەکات کە بەرگری لێبکات.

((گۆرمان))

- ❖ ئەو کاتەی کە لە گەڵ ئەقڵدا دەژیت،ئەو جێگایە گرینگ نیە کە لەشت تێدا دەژی.
- ❖ ئەوکاتەی لە سەر ئافرەت دەنووسین،چار نیە دەبیّ لە سەر خۆشەویستی بنووسین.

((چیخۆف))

- ❖ ئەو پیاوەی تووشی نەخۆشی دڵداری بووە،لە ڕاوچیەوە دەبێتە نێچیر.

((ئۆسکار فۆربل))

- ❖ ئیشکردن یاسای ژیانە و باشترین بەریەتی. ((لویس مۆریس))

❖ ئەگەر دەتەوێت دوژمنەكانت نهێنیت نەزانن،ئەوا بە برادەرەكانت مەڵێ.

((ویژەی یۆنانی))

❖ ئافرەت لە دایك بووە،بۆ ئەوەی پیاو خۆشی بوێت،نەك نهێنیەكانی بزانێت.

((ئۆسكار والید))

❖ ئافرەت لە هەڵەی ئەو كەسە دەبورێ كە خۆشی دەوێت،هەڵەش دروست دەكات بۆ ئەو كەسەی كە قینی لێیەتی. ((شلیون))

❖ ئافرەت دەژیت بۆ ئەوەی لە خۆشەویستی دا بەختیار بێت،پیاویش خۆشەویستی دەكات بۆ ئەوەی لە ژیانی دا بەختیار بێت.

((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ئافرەتی خایین ئەو ئافرەتەیە سۆزو خۆشەویستی ون كردووە.

((لابرێوی))

❖ ئافرەت درووست بووە بۆ ئەوەی پیاو خۆشی بوێت و بۆ ئەو بێت.

((ڤۆڵتێر))

❖ ئافرەت ئامێرێكی مۆسیقای جوانە،ژییەكانی خۆشەویستی یە.

❖ ئافرەت بە بێ خۆشەویستی مردووە.

❖ ئافرەت بۆ ئەو پیاوەی خۆشی ویستووە بۆ هەموو شتێك قوربانی دەدات،بەلام باوەڕ بەو كەسە ناكات كە خۆشی دەوێت. ((بەرناد شۆ))

❖ ئافرەت بە خۆشەویستیو ئەمەك داری گاڵتە ناكات تەنها ئەو كاتانە نەبێت،كە پیاو ئارەزوەكانی پوچەڵ دەكاتەوە.

❖ ئافرەت ناتوانێ بە بێ خۆشەویستی بژی. ((ماری ئەرجنێنتوك))

❖ ئافرەت بە هەموو دڵیەوە خۆشەویستی دەكات، بەلام پیاو بە هەموو هێزیەوە.

((ماركس ئوربیلوس))

❖ ئافرەت کاتێ خۆشەویستی بە جێ دێڵێ دەگرێت،بۆ ئەوەی ئەو ئاگرەی لە دڵیدایە ئاشکرای بکات،بەڵکو بۆ ئاشکرا کردنی کە تاکوو ئێستا خۆشەویستەو شایستەی خۆشەویستیە. ((لارو شفوکو))

❖ ئافرەت،درووست بووە بۆ بینین نەك بۆ بیستن. ((سۆفو کلیی))

❖ ئافرەت،جوانترین دیاریە خواوەند بە مرۆڤی داوە. ((سوکرات))

❖ ئافرەت،وەك و پشیلە وایە بە نۆ ڕوح دەژی. ((جۆن هیود))

❖ ئافرەت لە دونیا دا تەنها مێردی دەوێت کاتێ دەستی دەکەوێت هەموو شتێکی لە مێردەکەی دەوێتن

❖ ئافرەت،نرخی خۆشەویستی مێردی نازانێ ئەو کاتە نەبێت کە جێی دەهێڵێ.

❖ ئاسمان گەورەیە بۆ هەموو جۆرە باڵندەیەك. ((وێژەی ئیسپانی))

❖ ئای ئەو ئافرەتانە چەند زۆرن کە دڵی پیاو وەر دەگرن،بەلاّم ئای چەندە ئەو ئافرەتانە کەمن،کە دەتوانن ئەو دڵە ڕابگرن.

❖ ئازایەتی نیە دڵت ترسی تێدا نەبێت،بەلاّم ئازایەتی ئەوەیە بتوانی بە سەر ترسدا زاڵ بی.

❖ ئافرەت،ئەو پیاوەی خۆشی دەوێت وەلاّمی هەموو پرسیارەکانی دەداتەوە.

❖ ئاگادار بە سامان ڕەزیل نەکەی،چونکە سامان وەك ناوداریەتی وایە.

((بلوراتۆن ١٨٠٠ –١٨٧٢))

❖ ئامۆژگاریم بۆ تۆ ئەگەر ئافرەت و خاوەن ئیشێکی،لە بیرت نەچێت کە ئافرەت ومێینەی هەرچەندەکێشی مێشکت بێت لە سەرتا. ((مەدام برۆتیینە))

❖ ئاسنەکەت بکوتە مادامە کینی گەرمە. ((بیلوسی بچوك))

❖ ئاگاداری دوو زمان بە چۆن ئاگاداری دوو پشك دەکەی. ((عەرەب))

❖ ئازا حوکمی زەمان دەکات پیاویش کوڕی ئیشیەتی. ((سەرفەنتس))

❖ ئافرەت گوڵی خۆش ناوێت لە بەر ئەوەی گوڵە،بەڵکو لە بەر ئەوەی لەو پیاوەوە هاتوە کە باوەڕی وایە خۆشی دەوێت لە گوڵەکە جوانترە.

((ئەلعقاد))

❖ ئافرەت،وەکو و هەنگ وایە،یا هەنگوین و مۆمت دەداتێ یا پێتەوە دەدات.

❖ ئافرەتی جوان خیاڵە...ئافرەتی ناشرین ڕاستیە. ((شۆپنهاوەر))

❖ ئافرەت جوانترین چۆلەکەیە لەسەر ڕووی ئەرزدەخوێنێت((ئەلفرێیدی ڤوسیە))

❖ ئافرەت هیوای ئەوەیە کە بارو دۆخ ڕێگە بدات،بەزووترین کات شوو بکا،پیاویش ئەوەندە باروو دۆخ ڕێگە بدات دەیەوەێ ژن هێنان دوا بخات.

((بەرناد شۆ))

❖ ئافرەتی زۆر جوان مەخوازە...چونکە چەندەها پیاو لە ناو دڵیایەتی.

((سیدی سمس))

❖ ئافرەتی خۆ بەگەوە زان،چەند ناشرینە نرخەکەشی گران دەدات چونکە بە قەیرە کچی دەمێنێتەوە. ((هۆمر))

❖ ئاوێنە یەکە برادەری نهێنی ئافرەت بلاّو ناکاتەوە. ((ئەندەریەدی بلزاك))

❖ ئافرەت و ئاوێنە لە یەك دەکەن،هەر دوو بەتاڵ هیچیان تێدا نیە.

((ناپلیۆن))

❖ ئافرەت خەفەتێکی هەمیشەییە. ((سافیدس لسکیت))

❖ ئافرەت ئەو کەسەی خۆش دەوێت،کە خۆشی دەوێت بەلاّم پیاو ئافرەتی خۆش دەوێت. ((هیرار))

❖ ئافرەتی ناشرین دەم و چاوی لە ئاوێنەدا دەبینێ،ژنی ناشرینیش دەم و چاوی،لە چاوی خەڵکی دا دەبینێتەوە. ((بەرناد شۆ))

❖ ئافرەت کە توانی پێدەکەنێ بەلاّم هەر کاتێ ویستی دەگرێت.

((جۆرج ساند))

❖ ئاوەتەکانی ئافرەت لە پیاودا :

– مێردەکەی بۆ هەموو کەس وەکوو ئاسن بێ و بۆ خۆی وەك و هەویر بێ لە ناو دەستیا.

– زۆر هونەرمەند بێت لە ئەویندا،بەلاّم ئەو زیرەکیە لە گەڵ ئافرەتێکی تردا بەکار نەهێنێت.

– هەمیشە چاودێری جموجۆڵی بکات،بەلاّم کوێر بێ لە جموجۆڵی ئافرەتی تردا.

– بزانێ چۆن ماچ دەکا،بەلاّم خۆی یەکەم کەس و دواکەس بێ لە ماچ کردنیا.

❖ ئافرەت وەك و شوشە وایە ئەگەر شکا چاك کردنەوەی گرانە.

❖ ئافرەت وەك و گوڵە،لە هەر کوێ داینێی ئەو شوێنە دەڕازێنێتەوە.

❖ ئاگادار بە،تەماع کار مەبە،چونکە نەخۆشیەکە هیچ دەرمانی نییە.

❖ ئافرەت وێنەی نەرم و نیانی و تەواوییە. ((ڤۆڵتێر))

❖ ئافرەت وەك و پڕو پاگەندە (دعایە)وایە،هەرچەندە دوو بارە بێتەوە مەبەستەکە دەداتە دەستەوە. ((دوورانت))

❖ ئافرەت لە لای من تێکەلاّوە لە چەند جۆرە ڕەنگ. ((بیکاسۆ))

❖ ئای دایە،چەند خەو بە تۆ و کولێتە بچکۆلەکەوە و مریشکە هێکە کەرەکەتەوە دەبینم. ((وێژەی چینی))

❖ ئافرەت زمانە بێگانەکان زوو فێر دەبێ،چونکە لە مێشکیاندا بەتالاّی زۆر هەیە. ((چیخۆف))

❖ ئافرەت ناتوانێ بە تەنها بژی.

❖ ئافرەت وەکو لقە داری تەڕە،بە هەموو لایەکدا لادەکاتەوە،بەلاّم بە گەردەلول ناشکێ. ((زوالتی))

❖ ئافرەت یەك کەس بوو فێری کردم،کە ئافرەت کێیە. ((ردیارد کلینك))

❖ ئافرەت باخچەیەکە هەندێك جار دەبێتە بیابانێك،تەنها بە کەڵکی ئەوە دێت کاژی تێدا بچێنی. ((ئیبراهیم نەوار))

❖ ئافرەت لە لای من تێکەڵاوە لە دیمەن و ڕەنگ. ((بیکاسۆ))

❖ ئافرەت جوانترین دیاری خواوەندە بۆ پیاو. ((جۆیار))

❖ ئافرەت یەکێکە لە نێوان پەرییاندا و مرۆڤدا. ((بلزاك))

❖ ئافرەت وەك و ئاگاداری وایە مەبەستەکەی بە دوو بارە بوونەوە جێبەجێ دەکات. ((دۆرانت))

❖ ئافرەت وەکو دووپشکە ڕێگە لە ژیاندا دەبڕێ،هەر کەسێ لە ڕێگایدا بووەستێ پێوەی دەدات. ((ئەناتۆڵ فرانس))

❖ ئافرەت گوڵی بەهارەو جوانی دونیایەو ڕوحی ژیانە. ((ئەنینا ئەوین))

❖ ئافرەت جوانترین شتە لە ژیاندا. ((کۆنفۆشیوس))

❖ ئافرەت نمونەی نەرمی تەواوییە. ((ڤۆڵتێر))

❖ ئافرەت شیعری خواوەندە پیاویش پەخشانیەتی. ((ناپلیۆن))

❖ ئافرەت کتێبێکە پەڕەکانی لێك بۆتەوە،هیچ سوودی نیە،سەریش نیە ئەگەر پیاو زانی بە باشی بیخوێنێتەوە. ((ماریشاڵ))

❖ ئافرەت یەکە ئیشی تەواو نەبوە،خواوەند تەواوبوونی بۆ پیاو داناوە. ((ئەدینوس))

❖ ئافرەت گوڵێکە تەنها لە سێبەردا بۆنی دەردەچێ ((لاینبای))

❖ ئافرەت کتێبێکە جوان بەرگەکەی درووست کردووە،لەبەر چاوان زۆر جوان و پێشەکیشی بۆ داناوە،وەکو گوڵی بەهار بەخەندەیە،ئەهریمەنیش بەشەکانی نووسیوە،ئەویش بەفێڵە نارەحەتییە.٠ خەفەتە. ((لامارتین))

❖ ئافرەت یەك ڕێگایە بۆ جێبەجێ کردنی ئەوە. ((لۆرانس))

❖ ئادەمیزاد نە گۆشتی دەخورێت نە پێستی بەکەڵك دێت،کەواتە چیتری هەیە لە زمانی شرینی بەولاوە. ((تورك))

❖ ئافرەت وەك قوماش وایە هەڵبژاردنی لە ژێر مۆمدا دەبێت.

❖ ئافرەت دەڵی مرۆڤایەتییە و پیاویش سەربەستی. ((سمیلس))

❖ ئافرەتی جوان چاو پێ خۆشحاڵ دەبێت،ڕەوشت باشیش،دڵ پێ خۆشحاڵە،یەکەمیان ئەو شتە جوان و بەنرخانەیە کە دەکرێ بە قەداو دووەمیان،کانزایە. ((ناپلیۆن))

❖ ئافرەت وەك منداڵە گەر دوای کەوتی ڕا دەکات،کە تۆ لێی ڕات کرد دوات دەکەوێ. ((ڤۆڵتێر))

❖ ئافرەت وەك کۆتر وایە،لەو کاتێدا بیر لە پیاو دەکاتەوە،خەون بە جێگاوە دەبینێ.

❖ ئافرەت لە دەمیەوە باسی دڵداریت بۆ ناکات،بەڵکو بە چاوی باسی دەکا،دەتوانێ ڕۆمانێکی دڵداری دابنێ،بەلاّم ئاسان نییە دڵێك درووست بکاو دڵداریی بکا.

❖ ئافرەت دڵداری دەکات بۆ ئەوەی لە دڵدارییەکەی دا بەختیار بێت.

((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ئافرەت،بۆ ئەوە نەبووە بۆ بەختیاری هەموو کەسێك،بەڵکو پێویستە جێگای بەختیاری یەك پیاو بێ. ((ئیتان رای))

❖ ئافرەت وەکو سێبەر وایە،لای ئەو کەسە دەمێنێتەوە کە ڕێزی لێ دەگرێت.

((لۆرد لیتلون))

❖ ئافرەت لە دەریا ناترسێ،چونکە خۆی لەوە قوڵترە. ((کرستۆف مارلی))

❖ ئامۆژگاری کەس مەکە تاك و داوات لێ نەکەن. ((ئەڵمانی))

❖ ئافرەت ڕاڕایە تاك و مێردێك دەدۆزێتەوە،بەلاّم پیاو ڕاڕا نابێت لە دوای ژن هێنان نەبێت. ((بەرناد شۆ))

❖ ئافرەت لە کراسە تازەکەی دوو جار خۆشحالّ دەبێت،خۆشحالّی هەلّبژاردن و خۆشحالّی تازەیی کراسەکەی.

❖ ئافرەت دوو پێکەنینی هەیە،یەکەمیان بۆ مێردەکەی بۆ ئەوەی فێری دلّداری بکا و بۆ منداڵەکی بەواتای دایکایەتی.

❖ ئافرەت خەفەتی ئەوە ناخوات کە کەمی هەیە،بەلّکو خەفەتی ئەوە دەخوات کە هی زۆریان هەیە.

❖ ئازایەتی نیە تۆلّە بسەنیّ،بەلّکو سەبروو ئارامت هەبێت. ((شکسپیر))

❖ ئای خۆشەویستەکەم هەرگیز نەت زانی چەند بە دەنگت خۆشحالّ دەبم،کە تۆ بێدەنگی. ((لامارتین))

❖ ئافرەت بە دلّ خۆشەویستی دەکا و پیاو بە ئەقلّی، لە بەر ئەوەی زیاتر لە پیاو بەختەوەر ترە.

❖ ئافرەت ئەو هاورێییەیە کەخواوەند بە مێردەکەی دەدات((شاعیرێکی هیندی))

❖ ئافرەت کۆلیتەیەکی پیّ خۆشترە کە تیایدا شا ژن بێت و نەوەك لە کۆشکێکدا کارەکەر بێت. ((بلزاك))

❖ ئافرەت درووست بووە بۆ ئەوەی بەتلاّیە بچوکەکان پڕ بکاتەوە،وەکو چۆن پوش لە نێوان شوشە دادەنریّ لە سندوقدا،یەك فلسیش ناهێنێت،بەلاّم لە شکاندن ڕزگاری دەکات. ((مەدام ینکەر))

❖ ئافرەت وەکو گولّ وایە،ئەگەر لە جێی خۆی هەلّگیرا لە ژیان دەوەستێت.

((شکسپیر))

❖ ئافرەت منداڵێکی گەورەیە. ((سوکرات))

❖ ئـافرەت چـاودێری پیـاو دەکـات بـەڵام چـۆن جاڵجاڵۆکـە چـاوەڕوانی مێـشوله دەکات. ((بەرناد شۆ))

❖ ئافرەت کلیلی نهێنی یەك ووشەیە ئەویش خۆشەویستی یە. ((نیتشە))

❖ ئافرەت لە هەموو ژیانیدا وەکو منداڵ دەمێنێتەوە. ((شۆبنهاوەر))

❖ ئافرەت نیوەی ژیانە ئەگەر موخلیس بێت بۆ مێردەکەی. ((هۆمیرۆس))

❖ ئافرەت ئەو پردەیە کە پیاو بەسری دا دەپەڕێتەوە بۆ ئـەوەی بـە دوا ڕۆژی و مەبەستی بگات. ((لۆرانس))

❖ ئافرەت وەکو گوڵ بە بۆنەکەی پیاو ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی دڕکەکەی بە لەشیا بچەقێ. ((ئەرستۆ))

❖ ئافرەت هەر کاتێ بیەوێ پڕە لە هەست و نەست. ((جۆرزی فیرەر))

❖ ئافرەت ئەستێرەیە پیاو بـە ڕوناکیەکـەی دا دەڕوات بـە بـێ ئـەو لـە تارییکیـدا دەمێنێتەوە. ((شکسپیر))

❖ ئافرەتێکی باش بۆ پیاو باشترەلەدەست و چاوی((موسیلەمەی کوڕی عبدالله))

❖ ئافرەت لە لای من ئەوەیە کە هەست دەکەم من پیاوم. ((سەعید فریحە))

❖ ئافرەت لە دڵداریدا لـە پیـاو زیـرەك ترە،بـەڵام پیـاو لـە برادەریـدا لـە ئـافرەت زیرەك ترە. ((لابرۆییر))

- ب -

❖ بەهێز ئەو كەسەیە كە لە كاتی تورەبووندا،دان بە خۆیدا بگرێ.

((عەرەبێك))

❖ بەختیاری،وەكو خەوە،هەرچەندە چاوەڕێی بكەی دەیگەیتێ.

❖ بەختیاری،میللەتان بە زۆری سامانیان نییە و بە جوانی كۆشكەكانیان،بەڵكو بەختیاریان بە وەوەیە كە منداڵەكانیان مێشكیان ڕۆشنبیر بێت و پیاوەكانیان پەروەردەیان باش بووە و چاویان كراوەتەوە و ڕەوشتیان ڕاست بووە ئا ئەوانە بەختیاری ڕاستەقینەن و گەورەتییانە. ((مارتن لۆسەر))

❖ بەختیاری،لە دەرگایەكەوە دێتە ژوورەوە،تۆ حیسابی ئەوەت بۆ نەكردووە كە كراوەتەوە. ((جۆن باریمۆر))

❖ بە سەربر كردن،ئەوەی بتوێت بۆت دێت،هەر ئەویشە كلیلی ئەوەی كە دەتەوێ.

❖ باڵندەكانی ئاسمانیش ڕێزی ڕەزیل ناگرن،خراپی ڕەزیل وەكو خراپی (بت)پەرستە. ((پۆلاتۆ))

❖ بە خراپە كتێب بە كار هێنان،زانست دەكوژێ. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ بۆ هەر مرۆڤێك یەك نیشتمان هەیە. ((سایمۆن كۆجان))

❖ بەختیاری چییە،بەختیاری سەلامەتی لەشەو لە بیر نەكردن و زیرەكی ئەقڵ و پەلە نەكردن لە پێویستیدا. ((یەحیا كوڕی خالید))

❖ بەختیاری بەرێكە،ئەگەر لە ماڵی خۆماندا نەبێ،زۆر زەحمەتە لە بێستانی خەڵكدا بیدۆزیتەوە. ((ئینگلیز))

❖ بەختیاری زۆری ناوێ. ((مورقس ئەنتانیۆس))

❖ بۆ سەركردەكەت گوێ ڕایەڵ بەو لە گەڵ بچووكدا ڕووخۆش بەو لە گەڵ هەمووان‌دا ڕاستگۆ بە. ((پۆلاتۆ))

- بیّ ئه‌قڵی،گه‌وره‌ترین دوژمنه‌و ژیری باشترین براده‌ره‌. ((ئینگلین))
- به‌ختیاری،ئه‌و شته نییه كه من بۆی ده‌گه‌ڕێم،چونكه ده‌یزانم هه‌رگیز نایدۆزمه‌وه‌،ته‌نها یه‌ك مه‌به‌ست و یه‌ك داواكاری و یه‌ك سۆزم هه‌یه كه زاڵه به‌سه‌رمدا،ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌،هه‌میشه ئیش بۆ خه‌ڵكی بكه‌م،هه‌ركاته ئیشه‌كانم زیاد بكا،ئه‌و كاته زیاتر باوه‌ڕم وایه به‌خته‌وه‌رم،دووریش نییه ئه‌مه‌ش خه‌یاڵێك بیّ له خه‌یاڵه‌كان،به‌ڵام به باوه‌ڕه‌وه‌،ئه‌مه له سه‌ر ڕاستییه ((فاخت))
- به‌ختیاری ژن و مێرد زیاتر به‌ده‌ست ژنه‌،نه‌ك به ده‌ست پیاوه‌.

((فاتیمه نیعمه‌ت ڕاشد))

- به‌هه‌شت له ژێر پێی دایكان دایه‌. ((حه‌دیسی شه‌ریف))
- بۆ ئه‌وه‌ی له ژن هێناندا به‌ختیار بیت،پێویسته پیاو لاڵ بێت و ژنیش كوێر بێت. ((ئه‌لفۆنس دراگۆن))
- باپێویستییه‌كانت كه‌م بێت،خه‌فه‌تیش به كه‌س مه‌ڵیّ.

((ماركس ئۆریلیۆس))

- بێده‌نگی،شووره‌یه كه له ده‌وری ژیری.
- براده‌ری له (بۆرصه‌)ی ژیاندا پاره‌ی زێڕن،به‌ڵام هه‌ژار براده‌ری نییه‌.

((تاگور))

- باشترین ڕێگا بۆ سه‌ركه‌وتن به‌سه‌ر ناخۆشیدا،پێویسته ڕێزی بگرین.

((ئه‌نۆینمیس))

- بیرو باوه‌ڕت بۆ خۆته‌،به‌ڵام قسه‌ت بۆ گه‌له‌. ((فه‌ره‌نسی))
- به جارێك هه‌موو خۆشه‌ویستیت ده‌رمه‌خه‌،چونكه هه‌ر كاتیّ گۆڕانی تێدا ببینن،دژت ده‌وه‌ستن. ((سوكرات))
- بیّ ئه‌قڵ و ئینكاری،سامانی پارێزه‌ر زیاد ده‌كه‌ن. ((عه‌ره‌ب))

❖ بە (دیۆگانیس)یان ووت :چی پێویستە لە سەر پیاو کە خۆی لێ بپارێزێ، ووتی :لە حەسوودی براکانی لە فێڵی دوژمنەکانی.

❖ بازرگانییەت دایکی سامانە. ((ئینگلین))

❖ بۆ برادەرەکانت ئیش بکە زیاتر خۆشتیان دەوێ و لە گەڵ دوژمنەکانت چاکە بکە دەبنە برادەرت. ((تۆلستۆی))

❖ باوەڕ بەو برادەرە مەکە کە دوژمنایەتی لە گەڵتدا دەکردو ئێستاکە لە گەڵتا ئاشت دەبێتەوە.

❖ بێدەنگی،گفت و گۆیەکە لە گەڵ ئینگلیزدا. ((هاینی))

❖ بەختیاری لە بوون ڕاستیدا نییە،بەلاّم لە خەیاڵماندایە،ئەگەر خۆشی خەونەکانمان لابەرین هیچی نامێنێ. ((برۆست))

❖ بەختیار ئەو کەسەیە بە گەنجی بمرێ. ((بلۆتۆس))

❖ بەختیاری،قەناعەت کردنە بە ژیانی خێزانی و ژنێکی ڕەوشت باش و خاوەن بیرو باوەڕو خۆشەویستی منداڵەکانی و بە خێوکردنیان بە باشی.

((ژەنەراڵ کرۆکی یابانی))

❖ بە ئیش کردن، نەك بەقسە کردن،میوە لە دار دەکەیتەوە. ((ئینگلین))

❖ بۆ ئیش درووست بووم. ((ناپلیۆن))

❖ بۆ ژن،یەك پیاو بەسە،بۆ ئەوەی لە هەموو پیاوان بگات،بەلاّم بۆ پیاو سەدەها ژن بەسە،بۆ ئەوەی لە یەك ژن بگات. ((بەرناد شۆ))

❖ بیرم نەکردۆتەوە بۆچی دەنووسم،بەلاّم ئایا دەپرسن بۆچی ڕووبار دەڕوا ؟

((فەرەنسوا ساگان))

❖ بەری ئەدەب،ئەقڵێکی سەرکەوتووە و بەری زانست ئیشێکی چاکە.

❖ بەلامەوە زۆر سەیرە،ئافرەتێك شوو بە پیاوێك دەکات کە ژنی هەیە ئەی بۆچی خۆی پێی ناخۆشە کە ژن دێتە سەری. ((م. ع))

❖ بـەختیار بـە،دەرگای بـەختیاری زۆرەو كـونی بـەختیش نـاژمێردرێو ڕێگـای ژیانیش لە گەڵ هەموو خولەكێك تازە دەبێتەوە.

❖ بە هەر دوو چاو ژن داوادەكا،دەباو ڕقی لێ دەبێتەوەو دەكوژێ.

((ئیسپانی))

❖ باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوونت،لە گیرو گرفتەكانت،بیخەیتە گیرفانە كونەكەتەوە.

❖ بـەختیاری،وەكو پەپولـە وایە،ئەگـەر دووای بكـەویت، لـە بـەر دەسـتت ڕا دەكا،ئەگەریش گوێی نەدیتێ بەسەر سەرتا باڵە فڕێ دەكا.

❖ باشێتی مرۆڤـ بە باشە باس مەكە،كە بۆ خاوەنەكەی دەگەڕێتەوە.

((نیتشە))

❖ بە حەزرەتی عومەریات ووت خوای لێ ڕازی بێ،بێ دەسەلأت كێیە ؟ووتی :ئـەو كەسەیە كە بێدەسەلأتی نەفسی خۆیەتی.

❖ باشترین مامۆستا ئەو كەسەیە،كە لە خۆیەوە دەست پێدەكات.

((بەرناد شۆ))

❖ برادەری لە هەموو شتێكا جێگیرە،تەنها لە دلداری و ئیش كردندا نەبێ.

((شكسپیر))

❖ بڕێ كتێبی بەنرخ،بەرامبەر قوتابخانەیەكی كۆكەرەوە وایە. ((كارلیل))

❖ برادەری،خۆشەویستییە بەبێ باڵ. ((لۆرد بایرۆن))

❖ باشترین نموونە :

– باشترین شت كە بە دوژمنەكتی پێشكەش دەكەی،لێبووردنە.

– باشترین كە بە برادەرەكەتی پێشكەش دەكەی،دڵە باشەكەتە.

– باشترین شت كە بە كوڕەكەتی پێشكەش دەكەی،نموونەی چاكییتە.

– باشترین شت كە بە باوكتی پێشكەش دەكەی، ئیحترامە.

- باشترین شت کە بە دایکتی پێشکەش دەکەی، ئەو ڕەوشتەیە کە ئەو خۆی پێوە هەڵدەکێشێ.
- باشترین شت کە بە خۆتی پێشکەش دەکەی، ڕێزگرتنە.
- باشترین شت کە بە خەڵکی پێشکەش دەکەی،خۆشەویستییە.

❖ بەختیار ئەوەیە،ئەوەی هەتە پێی ڕازی بی وەکو هەی،نەفس بەرز ببیت بەرامبەر بە خۆت و بە خەڵکی،ئەوەی لە دەستت چوو پەشیمان نەبی،بەلاَمپێویستە هەمیشە هەوڵی ژیانێکی باشتر بدەی،بەلاَم بە هێمنی.

❖ بێ هێزی ژن هۆی ڕەوشتی کۆمەڵە بەرامبەری. ((رید یەرۆ))

❖ بە گوێرەی پیاو،ئەگەر پیاو بەربەرەکانی بکات ئازارە،بەگوێرەی ئافرەتیش چاکترە،بەربەرەکانی بکات. ((ئەتیان رای))

❖ بۆ ئافرەت نییە بگاتە تروپکی بەرزێتی،ئەو کاتە نەبێ ماڵئاوی لە بەختەوەری دەکات و جلی ڕەش دەپۆشێ. ((مەدام دۆستایل))

❖ باش وایە بیر بکەیتەوە پێش ئەوەی بڵێیت،نەك بڵێیت پێش ئەوەی بیر لێبکەیتەوە. ((پیس بلاك))

❖ بیر هەڵکەندن،یەکەیشە کە پێویستمان پێ نییە،لە بنەوە دەستی پێ بکەین.

❖ بە هێز ئەوەیە،کە لە کاتی توڕە بووندا زاڵ بێت بە سەر خۆیدا.

❖ بە ئافرەت بڵێی جوانی،کەڕ دەبێ. ((ڕۆسۆ))

❖ باشترین شت لە برادەریەتیدا ئەمەکدارییە،خراپترین شت خیانەتە.

❖ بگرەو بەردە،گۆڕینەوەی زانیارییە.

❖ برادەری،یەك ڕوحە،لە دوو گیاندا. ((ئەرستۆ))

❖ بەڵێن مەدە بەو شتەی کە بۆت ناکرێ.

❖ بۆ خۆشەویستی مەگەڕێ،بەڵکو خۆشەویستی بدە،پاشان دەبینی ئەو بە دوواتا دەگەڕێ.

- ❖ برادەر یەك ڕووی هەیە،بەڵام درۆ سەد ڕووی هەیە. ((یۆنانی))
- ❖ بۆ ئەوەی لە ڕەخنە دوور بی،هیچ مەکەو هیچ مەڵێ و هیچ مەبە.

((ئەلبەرت هابارت))

- ❖ بەختیاری،لە ژیری دایە،لە جیهاندا بەختیاری نییە،ئەو کەسە نەبێ کە ژیرێکی ژیرە.

- پ -

❖ پەیکەر لە بەفر درووست دەکەین، پاشانیش شکاتی ئەوە دەکەین کە دەتوێتەوە. ((سوکرات))

❖ پێویستە هەژار بیت، تا نرخی دراو بزانی.

❖ پیرۆز بێت لەو کەسەی کە ئیش دەدۆزێتەوە،ئایا لە بەرەکەتی ئیش گەورە تر هەیە ؟ ((تۆماس کارلیل))

❖ پەلە تەنها بەسەر چاکترین جلدا دەکرێت. ((ئیسپانی))

❖ پێویستە لە سەرمان زمانی بزە،لە فرمێسکەوە فێر بین،چونکە ژیان فرمێسك و بزەیە.

❖ پێی هەڵکەوێ،نەك زمان هەڵە بکا.

❖ پێویست بوو لە سەر مرۆڤ ئەو هەموو ئازارە بچێژێ،بۆ ئەوەی بە دڵی خەڵکی بکات. ((فەرجینا وۆڵف))

❖ پێویستە مرۆڤ شتێ نەکا ئەگەر لە ئاکامەکانی بترسێ.

❖ پیاوانی ئیشکەر،هەمیشە بەری تازە کۆدەکەنەوە. ((لۆرد تتیسۆن))

❖ پەلە،گەورەترین داهێنانە مرۆڤ دروستی کردووە.

❖ پێویستە لە سەرمان بزە زۆر بەکاربێنین،چونکە مرۆڤ یەکە کەسە کە خوا پێی بەخیشوە. ((بێرن ولیامز))

❖ پێویستە لە سەر مرۆڤ،بیری تەواو بێ،دڵی پاك بێ،لەشی ساغ بێ. ((چیخۆف))

❖ پشیلە لە چاو مشك شێرە. ((ئەلبانی))

❖ پیاوی گەورە ئەو پیاوەیە کە سوودی هەبێ بۆ خەڵکی. ((لوتفی ئەلسەیید))

❖ پەیمان،ڕووناکییە کە لە دڵەوە و چواردەوری خۆی ڕوون دەکاتەوە.

❖ پياو،لە گەورەييدا،وا دەردەچیّ كە دايكی چۆن پەروەردەی كردووە.

((قاسم ئەمين))

❖ پياو هەر چەندە قسە بكات ناتوانيّت خۆشەويستييەكەی ڕوون بكاتەوە،بەلاّم ئافرەت بە يەك ووشە دەری دەبڕیّ و ئەوەندە خۆشەويستی دەتوێنێتەوە لە دلّی پياودا جێگای نابێتەوە. ((هۆلمن))

❖ پياوان دەلّێن،زانست هێزە،ژنان دەلّێن جوانی بەهێزترە. ((شيلّدن))

❖ پياو ناتوانێت ڕاستی ژن هێنان بلّێت،مادامەكی ژنەكەی لە ژياندا بێت.

((بارنارد شۆ))

❖ پێويستە لە سەرمان ئافرەتی جوان بخوازين ئەگەر ويستمان لێيان ڕزگار بين.

((ساشا گێتری))

❖ پرس بە ژن مەكەن لە ئيشو كارتاندا ئەوەی لە سەرتانە خۆراكيان بدەنیّ و بە پێی توانا جل و بەرگی باشيان بۆ بكەن. ((هيندی))

❖ پياو هەست بە هێزی دەكا و ڕەحم بە ژن دەكا،ژنيش هەست بە بیّ دەسەلاّتی دەكا،بۆيە خراپە لە گەلّ پياودا دەكا. ((بەرناد شۆ))

❖ پياوان هەلّۆيەكن لە ئاسماندا دەفڕن و ئەوەیلە ژێريانەوە بێت لمييان بەسەردا دەكەن،ژنيش بولبولێكەدەخوێنیّ وحوكمی دلّ دەكا. ((فيكتۆر هۆگۆ))

❖ بێوەژنی دەولّەمەند..بە چاوێك دەگری و بە چاوێكی تری لە خۆشيدايە.

((سرفانتس))

❖ پياوی ژير بە ژن دەلّێت لێت تێگەيشتووم،بیّ ئەقلّێش دەيەویّ ئەوە ئيسپات بكات. ((سيدنی سميس))

❖ بەختياری سیّ شتە،شتێك بدۆزێتەوە بيكەی،شتێك خۆشت بوێت،هيوايەكيش ئاواتت بێت وبەجێی بهێنی و هەولّی بۆ بدەی. ((يەكیّ لە ناودارەكان))

❖ بە كردەوە داری ميوە دەچێنریّ نەك بە قسە. ((ووتەيەكی ئينگليزی))

❖ پیاو و ژن هەردووکیان،مرۆڤێکی تەواو دروست دەکەن.

❖ پیاو ئاگرە و ئافرەت دارە و شەیتان هەوایە. ((فەرەنسی))

❖ پێویستە سوود لە ناخۆشی خەڵك وەرگرین. ((شامێر))

❖ پیاوی ڕەزیل سامان بۆ سێ کەس کۆدەکاتەوە،ئەوانەش ئەمانەن،بۆ مێردی ژنەکەی کە مرد،بۆ ژنی کوڕەکەی کە ژنی بۆ هێنا و بۆ مێردی کچەکەی کە بە شووی دەدا. ((قاسم ئەمین))

❖ پێش ئەوەی تووڕە بیت،بگەڕێ و بزانە هۆ هەیە بۆ تووڕەبوونت.

((ئینگلیز))

❖ پاراستنی کات،لە تەواوی پادشاهانە((لویسی چواردەهەم،پادشای فەرەنسا))

❖ پیاوێکم پیشان بدە کە کۆیلەی ئارەزووەکانی نەبێ،تاکە بیخەمە ناو دڵمەوە.

((شکسپیر))

❖ پیاوی کەم زانیاری وەکو (گا)زل دەبێ و گۆشتی زیاد دەکاو ئەقڵی زیاد ناکا.

((ژیرێك))

❖ پیاو لە خۆشەویستیدا،هەمیشە حەز دەکا بزانێ ئافرەت چی دەکا،لە هەمان کاتدا ئافرەت حەز دەکا ئەوەی پیاو کردوویەتی لە بیری کا.((ئەرسەر میلەر))

❖ پیاو دەتوانێ خۆشەویستی سێ ژن کۆبکاتەوە،لە وێدا ئافرەتێك هەیە خۆشی بوێت،ئافرەتێکیش یاری پێ بکا،ئافرەتێکیش شکاتی لێ بکا،بەلام ئافرەت تەنها باوەڕی بە یەك پیاو هەیە،یەکێك خۆشی بوێت و یاری پێ بکا و شکاتی لێ بکا.

((بلزاك))

❖ پیاو هەست بە هێزی خۆی دەکاو دڵی بە ئافرەت دەسووتێ،ئافرەتیش هەست بە بێ هێزی دەکا بۆیی دڵ ڕەقی لە گەڵ پیاو دەکا. ((بەرناد شۆ))

❖ پیاو،بە درێژایی تەمەنی پارە کۆدەکاتەوە،زۆر بە خۆشیەوە پێکەش ئەو ئافرەتەی دەکات کە دەبێتە تۆڕێیەوە. ((مارك توین))

❖ پیاوی ئێسك قورس ئەو پیاوەیە،کاتێ کە دەتەوێ گوێت لێ بگرێ قسە دەکا،یەك وشە کۆدەکەمەوە ئەویش.ئیشە.لەئیشش بەو لاوە نیە. ((ئەدوار لابولای))

- ج -

❖ جوانترین ئاواز لێمدابێت.٠ئەو ئاوازە بوو لە سەر لێوی ئافرەتێكی جوان لە ژێر تریفەی مانگە شەودا. ((شۆبان))

❖ جوانترین دیمەن ئەوەیە،كە ژن ببینیت و لێوی ماچ بكەیت. ((بەرناد شۆ))

❖ جوانترین چاو و درۆزنترین چاو، چاوی ژنانە. ((بەرازیلی))

❖ جوانی تا ماوەیەك دەمێنێ وەكو مانگە شەو تەواو نابێ،جارجار نەبێ.

((گۆتە))

❖ جوانترین شت لە ئافرەتا،چاوییەتی،خۆشترین شت دڵییەتی.

❖ جلی جوانی پیاو،ئەخلاقییەتی،پێوەری ژیری هۆشییەتی لە كاتی تووڕەبووندا.

❖ جوانترین هەست كە نەفسی مرۆڤ پڕدەكاتەوە ئەوەیە،كە سەیری ئاسمان دەكا،لە وێدا نهێنییەكی گەورە هەیە لە دوای هەموو شتێكەوە،ئەو نهێنییەش چاوگەی ڕاستییە بۆ هەموو زانست و مرۆڤ،كە هەستیان نەكردووە بەو نهێنییە گەورەیە،ئەوە مرۆڤێكی كوێرە. ((ئەنشتاین))

❖ جوانی :

- جوانی ئەقڵ : بە بیرە.
- جوانی قسە : لە ڕاست گۆییە.
- جوانی سامان : لە ڕاستییە.
- جوانی دڵ،لێی گەڕانە لەخۆشەویستی.
- جوانی نهێنی :لە شاردنەوەدایە.

❖ جوانی ئافرەت،تەنها ئەوە نییە،ژیان چی داوەتێ،بەڵكو ئەوەیە ئەو چی بە ژیان داوە.

❖ جوانی دوو چاوگەی هەیە،سروشت و ئافرەت. ((سوكرات))

❖ جوانی ئیشەكان،لەسەر جوانی شكڵەكانەوەن،چونكە لە دەروونـدا ئیسراحەت دەكا،وەكو ئیسراحەتی وێنەی پەیكەر زیاتر ئەوەش لە هەموو هونەرێ جوانترە.

((ئەمرسۆن))

❖ جیهان،بچووكە..هەر چەندە قەوارەی گەورە بێ،كەواتـە بۆچـی بـە ئاشـتی لـە سەری نەژین. ((گۆرانییەكی تەتەری كۆن))

❖ جوانی ژن،وەكو گوڵ وایە بە پەلە دەمرێ. ((گۆتە))

❖ جوانی بۆ ژن وەكو سامانە بۆ پیاو هێزێك و دەسەلاتە. ((دۆرۆستی مای))

❖ جوانی بۆ ژن،وەكو بۆنی گوڵە. ((تشارلز سواب))

❖ جوانی ئافرەت،جەور دەكا،چونكە ڕاوی دڵ دەكا،بەلام یەكە جەورێكی جوانە.

((ئۆسكار وایلد))

❖ جـوانی ئافرەت،بـەدەر ناكەوێ،ئەوكاتـە نـەبێ كـە دڵـی بـۆ خۆشەویستەكەی دەكرێتەوە. ((لابرۆییر))

❖ جوانی و پاكی،دانسەقەیە لە ئافرەتدا ئەگەر كۆ ببیێتەوە. ((ڕۆسۆ))

❖ جوانی لە ژندا،گەورەترین هێزە. ((دی ڕۆترۆ))

❖ چۆن پیاوێكی پیر كچێكی جوان دەخوازێ،وەكو نەزانێك وایـە كتێبێكـی بـەنرخ بكرێت و یەكێكی تر بیخوێنێتەوە. ((ڕیكاردۆ))

❖ جوانترین ئافرەت لە چاوی پیاودا ئەوەیە كە لێی عاسی دەبێت. ((لاندرۆ))

❖ چۆن چرا بێ ئاگر داناگرسێ،هەروا مرۆڤـ بێ خوا ناژی.

❖ چاكی و باشی حاڵ و گوزەرانمان لە سەر خۆمانە و ئـەوەكانی تـریش لـە سـەر خوا. ((گۆبەرت))

❖ چەندە بەختەوەری،ئەگەر دڵت سەلامەت بێ. ((ئەلزەمەخشەری))

❖ چـی جوانییـەكی سروشـت،دەتوانێ پێـشبڕكێیەكی جـوانی ئـافرەت بكات،كـە خۆشەویستی دەكات. ((لامارتین))

❖ چوار کەس لە چوار شت تێر نابن،خاك لە باران،مێینە لە نێرینە،چاو لە تەماشاکردن،زانا لە زانیاری.

❖ چی خۆهەڵکێشانێ لەوە گەورەترە،بە گوێرەی کورێك باسی گەورەیی باوکی دەکات،یاخود بە گوێرەی باوك لە ڕێ و ڕەوشتی باشی شەرەف کوڕەکەی.

❖ جوانترین ئافرەت لە لای من ئەوەیە.. کە تاکو ئێستاکە نەمبینیوە.

((کامیل ئەلشەناوی))

❖ جوانترین شت لە ژیاندا،ئەو سەلاوە ڕوونەیە کە ژن لە مێردەکەی دەکات.

((ویلسۆن))

❖ جوانترین شت لە ڕووی زەوی خواوەند خولقاندبێتی،دەم و چاوی ئافرەتی جوانە.

((ئەلفێرد دی مۆسیە))

- چ -

❖ چاك وایە،پیاو لە برسا بمریٚ،بەلاّم لە ڕەزیل داوا نەكا.

❖ چەندە ئافرەتان زۆرن كە دڵی پیاوان بە ئامانەت دەبەن،بەلاّم زۆر كەمیان هەیە هەتا هەتایە بۆ خۆی بیبا.

❖ چەند داودەریٚك دەناسم،لە نیٚو خەڵكدا بە جەور حوكمیان دەكرد،بۆ ئەوەی ناسراو بن.
((قاسم ئەمین))

❖ چی جوانییەك لە سروشتدا دەتوانیٚ بەر بەرەكانی جوانی ئافرەتیٚك بكا،كە دڵداری دەكا.
((لامارتین))

❖ چەنە گوڵە گەنم گەورە بیٚت دەچەمیٚتەوە،چەندە زاناییش بچیٚتە قووڵاّییەوە لە خۆ دەبیٚ.

❖ چەندە لەپ گەورە بیٚ،ناتوانیٚ بەری خۆر بگریٚ.

❖ چەندە جوانە بە دووای سەركەوتندا ڕا بكەی و چەندە گەورەیە ئەگەر بیگەیتیٚ،چەندە ناخۆشە كە تیٚپەڕی بكەی.

❖ چاكە كردن بە زۆرلا نییەو بە دەست خۆتە،بەلاّم دانەوەی چاكە لە سەرەتە.
((شیشرۆن))

❖ چۆن دایك دەتوانیٚ بە ئاسانی نهیٚنییەكانی كچەكەی بلاّ نەكاتەوە،چونكە خۆشی لە تەمەنی ئەودا هەمان نهیٚنی هەبووە.
((مۆریس گۆرسۆن))

- د -

❖ دەتوانرێ ئافرەت بکرێتە سێ بەشەوە،لە بەشی یەکەمدا خەو بە خۆشەویستییەوە دەبینێ.لە بەشی دووەمدا دەستی پێدەکات.لە بەشی سێیەمدا بە پەرۆشەوە بۆی دەڕۆن. ((ئەنتوان بروسابیر))

❖ دەتوانی ژنت خۆش نەوێت ودەتوانیخۆشت بوێت،بەلأم بەبێ ئەو ناژیت. ((کیتس))

❖ دلّی ئافرەت موچوڕکە دەیگرێت وەکو گەلاّی دار دەلەرێتەوە ئەگەر بای دلّداری پێیدا تێپەڕێ. ((لۆنگەلۆ))

❖ دلّی کچ،گولێکە،تەنها ماچی خۆشەویستی دەیکاتەوە. ((ماری ئەرگفتۆن))

❖ دوور نییە ئافرەت درووست بوبێت بۆ جوانی،بەلأم جوانییەکەی ناکرێتەوە،ئەو کاتە نەبێت کە دلّی خۆشەویستی دەکرێتەوە. ((لابرۆییر))

❖ دایك،هەموو باشەو چاکی لێی وەرگرینەو.ئەوە بەسییەتی کە شەرەفی دایکایەتی هەیە. ((جۆبێر))

❖ دونیا دەناسم، لە لەشی ژناندا. ((لۆرانس))

❖ درێژی زمانی ئافرەت سێ ئینجە،بەلأم دەتوانێ پیاوێکی درێژی شەش پێ بکوژێت. ((یابانی))

❖ دلێك بێ هێز بێت،ئافرەت نادۆزێتەوە. ((فیتیاس فلتشەر))

❖ دەتوانی چیرۆکی ئافرەت،لە چاویدا بخوێنیتەوە. ((تۆماس مۆر))

❖ دلّی ئافرەت،لە بیست سالّیدا وێنەیەکە لە شێردان،لە تەمەنی سی سالّیدا گۆڕەپانی شەڕە،لە پەنجا سالّیدا مۆزەخانەیەکی بیرەوەرییە. ((ماری کوریللی))

❖ دلّی ئافرەت، وەکو عەنبەرە،بۆنی دەرناچێ ئەگەر نەسووتێ. ((زەهاوی))

❖ دڵی ژن لاوازترین شتە. ((شکسپیر))

❖ دڵی ئافرەت،گۆڕەپانی شەڕە تەنها پیاوی چەکدار تێیدا سەرکەوتوو دەبێت.

((ئەندریە مۆرا))

❖ دڵی ژن ئۆتێلێکی گەورەیە، چەندەها هات و چۆکەر ومیوانی هەیە.

((مارك توین))

❖ دەوڵەمەندانی ڕەزیل،وەکو هێستر و کەر وان،بارەکەیان زێڕو زیوەو خواردنیان (کا)و(جۆ)یە. ((هەندێ لە ژیرەکان))

❖ دەوڵەمەندی ڕەزیل،وەکو بەهێزی ترسنۆکە. ((ژیرێك))

❖ درۆزن پێویستە بیری تیژ بێ. ((کۆنتلیاس))

❖ دیبلۆماسی،ئەو کەسەیە،کە بتوانێ هەموو کەس بەو ڕێگایەدا بڕوا کە تۆ پێیدا دەڕۆیت.

❖ دوور نییە هەژار ترین کەس باشترین برادەرت بێ.

❖ داوای زانست بکە،لە لانکەوە تاکو قەبر. ((عەرەب))

❖ دروونەوەی ژیان بدوورنەوە،وەکو چۆن گوڵە گەنمی پێگەیشتوو دەدورێتەوە.

((مارکۆس ئۆیلیوس))

❖ دەبێ مرۆڤ ئیشێ بکاو کاتی خۆی پێ بباتە سەر. ((ناپلیۆن))

❖ درۆزن،دزە،دز سامان دەدزێ و درۆزن ئەقڵ دەدزێ.

❖ درۆ،دروشمی خیانەتە و لادانە لە زانست. ((عەلی کوڕی عوبەیدە))

❖ دوو زمان،باسی باشترین خەڵك بە خراپە دەکا،چۆن چۆلەکە دەنووك لە باشترین میوە دەدات. ((باکۆن))

❖ دەڵێن ڕەزیل برادەری نییە،بەلاّم خۆشی شکات ناکات. ((مارکەر))

❖ داواكردنی شتێك نەشونما دەكا،بەلاَم كە چنگ كەوت،تووشی تۆز و لە ناوچوون دەبێ. ((مارسیل برۆست))

❖ دوور نییە،ئافرەت ئەو پیاوەی خۆشبوێ،ڕوو بەڕووی بوەستێ و دڵی خوێنی لێ بچۆڕێ. ((هیندی))

❖ دز،لە سەر سواڵكەر خەتەر نییە.

❖ دانانی شتێك بە بێ ئیش،وەكو هەورێكی بێ بارانە.

❖ دڵۆپەیەك،لە سەر دڵۆپەیەك،دەریایەك،زانینێك،لە سەر زانینێك،زانستێك.

❖ دەزانم بەرەو پیری دەڕۆی ئەگەر بۆكچێك بزەت كرد،ئەو وا تێدەگا كە خزمیت

❖ دەنگی خۆش ئەو دەنگەیە لەش و دڵ بۆی دەڕوا،دەنگ خۆشیش ئەو مۆسیقایە نییە لە دەمەوە دەردەچێ،بەڵكو هەستێكە كە لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ.

((ئومكەلسوم))

❖ دوو دڵی چاڵێكی قووڵە،باوەڕ تێی دەكەوێ.

❖ دڵ،دەمارەكانی نهێنییەو زمانیش كلیلێتی،باهەر مرۆڤێك كلیلی نهێنی بپارێزێ

❖ دنیا،بۆ پیاو ژیر، تەسك نابێتەوە. ((ئەڵمانی))

❖ دڵۆپە لە سەر دڵۆپە،دەریا، پەند لە سەر پەند،زانیاری. ((چینی))

❖ دوور نییە ئافرەت،خۆشەویستییەكی دوور و درێژ لە بیر بكا،بەلاَم هەرگیز خرمشكێكی بچووكی كە لە پیاوەوە تووش بووە لە بیر ناكا. ((ئەلعەقاد))

❖ دۆزینەوەی ڕاستی گران نییە،بەڵكو گران ئەوەیە،ئەگەر دۆزیتەوە لێت ڕا نەكا.

((تایلەندی))

❖ دەڵێن ئەوانەی توانای زۆریان هەبێ،توانای كەمیشیان هەیە،ئەمە هەموو دەم ڕاست نییە،ئەوانەی ئەقڵیان زۆرە،لە شتی گەورەدا زیاتر سەركەوتوون تا بچووك.

((گۆستاف لۆبۆن))

❖ دوو شــت هــەر چــەندە پــڕی بکەیت،هــەر جێگــەی یــەکێکی تــری تێــدا دەبێتەوە،کیسەی ڕەزیل و دڵی ژن. ((ئەندریە مۆرا))

❖ دڵی ژنان،وەکو لمی دەریـا وایە،ئـەوەی لـە وێـوە تێدەپـەڕێ.ئـەوەی دوێنـێ نووسراوە نابینێ. ((هەندی لیتڵ))

❖ دڵی دایك،گەورەترین شتە لە بووندا. ((ئەلیکساندەر دیماس))

❖ دڵی ئافرەت وون کەرە،ئەوەی تێیدایە ڕێگاکەی وون دەکا. ((راسکین))

❖ دڵی ژن،ئەوەندە ئاڵۆزە وەکو گلۆڵەیەکی ئاوریشمی ئاڵۆزە. ((لیمۆنان))

❖ دەنووسم،بۆئەوەی نەکوژێمەوە،چونکە هەمیشە لە حاڵەتێکی داگیر ساودام. ((ئەلبرتۆ مۆرافیا))

❖ دەنووسم،بۆ ئەوەی ئاوی دەریا ووشك نەکات. ((گارسیا مارکیز))

❖ دوو ڕێگا هەیە بۆ دەوڵەمەندی،یا دەبێ زۆرت هەبێت،یاخود بەکەم ڕازی بیت.

- ٥ -

❖ هەر کەسێك،بە بێ خۆشەویستی ژنی هێنا،بە خەفەتباری دەژی.

((ئیسپانی))

❖ هەر کەسێ ئافرەتی دەوڵەمەند بخوازێ،سەربەستی خۆی دەفرۆشێ.

❖ هەموو ژنانی بەختەوەر لە یەك دەچن،بەلاَم ئافرەتی بێزار،کەس لە ژیانـدا لـەو ناکا. ((تۆلستۆی))

❖ هەل،بۆ هەموو کەس هەڵناکەوێ،تەنها بۆ ئەوانە نەبێ کە بۆی دەگەڕێن.

❖ هاوڕێ،ئەو کەسەیە لە کاتی تەنگانەدا بۆت بوەستێ.

❖ هەموومان سبەینێمان خۆش دەوێ و چاوەڕوانی دەکـەین و لـەم ڕۆ بێزارین،لـە گەڵ ئەوەش ئەمڕۆ کە تیایدا دەژین،دوێنێ بوو زۆر بە ئارەزووەوە چاوەڕوانی بووین.

❖ هیچ کەسێك ناتوانێ وا هەستت پێ بکـا، کـە پلـەو پایـەت لـەو کـەمترە ئەگـەر خۆت بەوە ڕازی نەبی. ((ڕۆزفێڵت))

❖ هەڵۆ مەنێرە،تاکو کەروێشك نەبینی. ((ڕووسی))

❖ هەوڵو توانای پیاوان کێو لە بن دێنن.

❖ هـەتاو بـە تیـشکی،هەژار و دەوڵەمەنـد وەکـو یـەك گـەرم دەکاتەوە،بـەلاَم هەژارەکان لە بەر کەمی جل و بەرگ،زیاتر پێویستیانە.

❖ هەرگیز ناتوانی هیچ شتێك دەربارەی ئافرەت بڵێی،ئەگەریش توانیت نابێ هـیچ بڵێت.

❖ هەر کەسێ بە قسەی باوکی نەکا،منداڵەکانی بە قسەی ناکەن. ((فەرەنسی))

❖ هـەموو بـیرو باوەڕێـك وهەسـتێك و خۆشـییەك، کـە ئـەم سروشـتە بـەڕێوە دەبات،هەموو موڵکێکە بە دەست ژنەوەیە.

❖ هەر میللەتێك قسەیان بە یەك بكەن،ئیشەكانیان بەرز دەبێت و دڕكیان بەهێز دەبێت و دوژمنان لێی دەترسێن.

❖ هەر كەسێ ویستی ئاگرێكی لە پڕ بكاتەوە بە كەمێ پووش دەست پێدەكا.

((شكسپیر))

❖ هەر كەسێ ماندووبوونی و قورسایی خەڵكی كەم كردەوە،گەورەترین سوود مەندە لە ژیانیدا. ((چارلس دیكنز))

❖ هێرش بردنی ژن،فرمێسكێتی.·بەرگری كردن لە خۆی،هاوڕێیەتی.

((جۆن ستیورات))

❖ هەتاو دەتوانێ ئاوی ئۆقیانووسەكان ووشك بكاتەوە،بەڵام فرمێسكی ئافرەتی بۆ ووشك ناكرێتەوە. ((سوكرات))

❖ هێزی ژن لە زمانییەتی. ((زنجی))

❖ هەركاتێ تەماشای چاوی ژنێ بكەم،ئیش و ئازارم لە بیر دەچێتەوە.

((هاینێ))

❖ هەندێ كچان دڵیان پاسی ئۆتۆمبێلە،هەر چەندە پڕ بێت،جێگەی زیادەی هەیە. ((ئەتیان رای))

❖ هەموو شەڕێك كە تووشی ئێمە دەبێت،بێگومان ئافرەتێك لە دوواوەیەتی.

((ولیام گلبەرت))

❖ هەموو ئەقڵی پیاو ناگاتە هەستێ لە هەستەكانی ژن. ((ڤۆلتێر))

❖ هیچ كەسێك وەسف مەكە پێش ئەوەی تاقی نەكەیتەوە،هیچ كەسێكیش زەم مەكە ئەگەر تاقی نەكەیتەوە،بەو جۆرە بە سەلامەتی دەگەی.

❖ هەر چەندە ئافرەت بە هێز بێ،بەڵام بەرامبەر خۆشەویستەكەی بێ هێزە.

❖ هەر چەندە ترس بڵاوبێتەوە،چپە چپی پێ قەدەغە ناكرێ.

❖ هەندێك (لاكیدس)یان بینی (هەندەسە)دەخوێنێ و تەمەنی گەورەیە،ووتیان:ئایا كات یارمەتیت دەدات كە ئێستاكە فێر بیت؟ ووتی :ئەگەر ئێستاكە ئەو بوارەم نەبوو ئەی كەی دەمبێ.

❖ هەموو جیهان جێی دوو كەسی تێدا نابێتەوە كە قینیان لە یەك بێ،بەلاّم لە دووبست خاكدا جێی دوو دلّداری تێدا دەبێتەوە. ((عەرەب))

❖ هیچ مرۆڤێك ئیشی بە باشە ناكرێ،ئەگەر خۆی نەیكا. ((ناپلیۆن))

❖ هەر كاتێ بینیت توورە بوون هێرش دەباتە سەرت بێنەوە بیرت،پیاوەتی ئەوەیە،پیاو لە سەرخۆ و نەرم بێ، نە ڕێگە بە خۆی بدا بۆ توورە بوون،هەر چەندە پیاو لە توورە بوون ڕزگاری بێ،ئەو كاتە لە هێزەوە نزیكە.

((ماركۆس ئوریلیۆس))

❖ هەموو كەس دوژمنەكەی بە شەڕخواز دەزانێ. ((ئینگلین))

❖ هەر كەسێ برادەری ڕاستی هەبێ، ئەو دەولّەمەندە. ((ئینگلین))

❖ هەموو ژنە بەختەوەرەكان،لە یەك دەكەن،بەلاّم ژنی داماو لە هیچ شتێك ناكات. ((لیو تۆلستۆی))

❖ هیوای ژن داوێكە لە داوی هەتاو. هەر سێبەرێك بەسە بۆ نەمانی.

((ریبكاردۆ))

❖ هەر چەندە ژن لە ئیش و كاریدا سەركەوتووبێت.ژیانی سەركەوتوو بەختیاری نابێت،ئەگەر لە تەنیشت مێردەكەیەوە نەبێت ((شیلی وەنتەرن))

❖ هیچ شتێك نییە ڕێزی ژن بە قەد پاكی بەرز بكاتەوە. ((ئەدیسۆن))

❖ هەر چەندە ناوم دەركردبێ و پلەو پایەم بەرز بووبێت،..هەمووی بۆ دایكم دەگەڕێتەوە. ((جۆن ئادمز))

❖ هیچ نهێنییەكت بەكەس مەلّێ،ئەگەر نهێنی لات نەبێ. ((ئیمامی عەلی))

❖ هەولّدان بەری ئیش كردن زیاد دەكا،تەمەلّیش زۆرانبازێكی زەرەرمەندە.

((هیسیۆدس))

❖ هەوڵدان باوکی ناودارییە. ((یورپیدس))

❖ هەموو ئەوانە دەدوورنەوە کە ناشتوویانە. ((بلۆتس))

❖ هەوڵ بدە خۆت بناسە،ئەوە گرانترین وانەیە کە بیزانی.

❖ هەرکاتێ بازاڕ کز بوو،شت بکڕە،ئەگەریش بازاڕ هەبوو کەم کەم بفرۆشە.

((پۆلانۆ))

❖ هەژاری عەیب نییە،بەلأم تەمەڵی عەیب و عارە. ((تورك))

❖ هەموو دەمێك دەتوانم کتێبەکانم بخوێنمەوە،هەمیشە بەڵێنی چاوەڕوانیم لە گەڵیدا نییە. ((شیشرۆن))

❖ هێمنی و لە سەر خۆیی،پەردەیەکی داپۆشراوە،ئەقڵیش شمشێرێکی بڕێنەرە.

❖ هەر کەسێ بەقسەی تووڕە بوونی بکا،ئەدەبەکەی وون دەکا. ((عەرەب))

❖ هەموو کەس سەرمایەیەکی هەیە،سەرمایەی دەلأڵ درۆیە. ((یەکێك))

❖ هیچ خۆشییەك،لەوە خۆشتر نییە کە لایەنی حەق بگری. ((باکن))

❖ هەر کەسێ پەرتوکێکی بەکەڵك لە ناو بەرێ پیاوێ دەمرێنێ. ((ملتۆن))

❖ هەرچی شتێك بخەینە سەر زانیاری،سەرخستنێکە بۆ هێزی مرۆڤایەتی.

❖ هەموو شتێك بۆ خۆشەویستی.هەموو شتێکیش بۆ خۆشەویستی ئەمەیە دروشمی ئافرەت. ((دۆمیس))

❖ هەموو ئەقڵی پیاوان لە تایەکی تەرازوودا بێت،ناگاتە خۆشەویستی ژنێك لە تاکەی تردا. ((ڤۆلتێر))

❖ هیچ کەسێك لە خۆشەویستیدا نەمردووە،بەلأم زۆر کەس لە قیندا دەمرن.

❖ هاوڕێ نانناسرێ لە تەنگانەدا نەبێ. ((جۆن هیود))

❖ هەرکەسێ لە گەڵ کەرەکەیدا بەر بەرەکانی بکا بەکەر دەبێ. ((چینی))

❖ هێز لە دەستەوە نایەت،بەڵکو لە بیکردنەوەو ئەقڵێکی سەلامەتەوە دێت.

❖ هێز،حەقنییە،بەڵکو حەق،هێزە. ((ئینگلین))

❖ هەر کەسێ هەنگوینی زۆری بۆ هێنای،خۆشەویست نییە بەڵکو ئەوەی بە ڕاستی ئامۆژگاریت دەکا،خۆشەویستە. ((چینی))

❖ هاوکاری کردن لە گەڵ بە هێزەکاندا ئیشێکی سەلامەت نییە. ((فیدەر))

❖ هەموو مرۆڤێك خۆشەویستی دەکا،ئەگەر خۆشەویستەکە نەما،یا بە خۆشەویستەکە گەیشتن،خۆشەویستی نامێنێ،بەلاَم من خۆشەویستی دەکەم لە منداڵیمەوە تاکو پیریم بەڵکو تا مردنم،شتێکم خۆشویست،ئەو خۆشەویستییە لا ناچێ و کەسیش ناتوانێ داگیری بکا،ئەوەش خۆشەویستی خۆیەتی. ((بتهۆفن))

❖ هەست کردن بە مەسئولییەت لە شتە بەرزەکانە کە پێویستە هەر یەکە لە ئێمە چاوەڕوانی بێت. ((کلۆدی مەکدۆنالد))

❖ هەموو مرۆڤێك دەتوانێ هەڵە بکا،بەلاَم هەمووان ناتوانن لە سەر ڕاست بن.

((شیشرۆن))

❖ هیچ فیلێك لەو فیلە،فیلتەر نییە،کە لە لای یەکێك نهێنیت باس دەکەیت و ئەویش خیانەت دەکا. ((ئینگلین))

❖ هەر بەختیارییەك لە دەرەوەی لەش بێت، خەیاڵ و هیچ و پوچە و ئەوەندەی پێ ناچێ و نامێنێ و دەڕوا.

((ئەمینلغەریب،خاوەنی ڕۆژنامەی—الحارس —ە لە لوبنان))

❖ هەموو خەڵکی بەختیار نین،بەلاَم لە توانایاندا هەیە بەختەوەر بن،بەلاَم ئەگەر گوێیان بە هۆیەکانیان نەدا و بەختیاری تێپەڕیانی کرد گلەیی لە سەر خۆیانە.

((فەرەنسی))

❖ هیچ کەس لە خۆت بە هێزتر نییە،بۆ ڕێگا پیشاندانت بۆ چاکە کردن.

((شکسپیر))

❖ هێزی دە پیاوم هەیە چونکە دڵم پاکە. ((تەنسین))

❖ هیچ خەفەتێك نییە لە جیهاندا،زەمان نەتوانێ جێ بەجێی بكا. ((ڕۆمانی))

❖ هیچ مرۆڤێك ناژی بەبێ باوەڕ. ((چیخۆف))

❖ هەر چەندە ڕۆشنبیریی پیاو زیاد بكا،ناخۆشیشی زیاد دەكا. ((چیخۆف))

❖ هەر چەندە ژن ژیر بێت،ئەگەر جوان نەبوو،زیرەكییەكەی سوودی نییە.

((سۆمەرست مۆم))

❖ هەر ئافرەتێكی جوان ببینین،بەهەشتی (عەدەن)مان وەبیر دێنێتەوە.

❖ ((شیلّدت))

❖ هەر چەندە ژن زیاتر ئیهتمام بە دەم و چاوی بدا،گوێ بە ماڵەكەی نادا.

❖ ((بن جۆنسۆن))

❖ هەموو شتێكی ئافرەت جوانە،تەنانەت ناشرینەكەشیان. ((لۆرانس))

❖ هیچ لەوە گرانتر نییە كە ژن قەناعەت بە خۆی بهێنێ،كە جوانییەكەی نەماوە،كە لە كاتێكدا جوانی و ڕازاندنەوەی بووە. ((ڕۆشیرۆن))

❖ هیچ چارە نییە ژن و پیاو پاش ژن هێنان ببنە یەك كەس،بەلاّم كام یەك لەم دووانە ؟ئا لێرەدا دووبەرەكی دەست پێدەكا. ((بێلّی ڕۆن))

❖ هەموو ژنێك ئافرەتە.. هەموو ئافرەتێك ژن نییە. ((س.ص.ع))

❖ هەموو ئافرەتێكی تەماع كار هیچ چارەی نییە دەبێ شوو بكات

((نۆستەر ویلّمان))

❖ هەڵەمان نەكردووە كە دەڵێین ژن نیوەی پیاوە، لە بەر ئەوەی پیاوی ژندار تەنها نیو پیاوە. ((ڕۆمان ڕۆلاّن))

❖ هەموو خەڵكی داوای بەختیاری دەكەن،بەلاّم كەس دەیدۆزێتەوە،ژیریش ئەو كەسەیە بەدووای هیوا و ئاواتا چەند میلێك بگەڕێ،نەك داوای خۆشی بكا ((ئەلبۆرد ئەفبەری،یەكێكە لە هەرە نووسەرە بەناوبانگەكانی ئینگلیز))

❖ هەموو شتێك شیاوی تازە بوونەوە و نەمانە. ((سالۆستۆس))

❖ هیچ شتێك وەکو سەرخۆشی،نرخی پیاو کەم ناکاتەوە. ((دۆڵتەر سکۆت))

❖ هاوڕێکەت بە درۆیەك تاقی بکەرەوە،ئەگەر بڵاوی کردەوە،نهێنی پێ مەڵێ.

❖ هونەری جوان، ئەو ئیشەیە،کە سەرو دڵ و دەس بەشداری تێدا دەکەن.

((راسکین))

❖ هەموو ڕۆژێك وەکو ئەوە بژی،کە دووا ڕۆژت بێ. ((بێلیۆس))

❖ هەموومان لە بەردەم مردنا،وەکو یەکین. ((بێلیۆس))

❖ هەندێ کەس زۆرئیش دەکاو ماندوو دەبێ، بۆ ئەوەی تاکو مردن بە باشی بژین

❖ هونەری بێنرخ وەکو نەخۆشییە،کە ئازاری مێشك دەدا،بەڵام هونەری بەرز وەکو دەرمانی تاڵ وایە،بەڵام پێی چاك دەبیتەوە. ((زەکی تولەیمات))

❖ هەموو ئەو شتانەی پێویستە مەیکڕە،بەڵام ئەوانە نەبێ کە بێ ئەوانە ناژی.

((سویسری))

❖ هەر کەسێ خۆشەویستی زانی،بێزاری نازانێ،خۆشەویستی لاوێتییەو بەخشەندەو خواردنە.

❖ هێمن و لە سەر خۆبە،تەمەن درێژ دەبی،تووڕەبوون شێتییەکی کاتییە،زاڵبە بەسەریدا پێش ئەوەی ئەو زاڵ بێت بەسەرتا. ((بێل کارنجی))

❖ هونەری ڕاستی دروست نابێ،ئەو کاتە نەبێ بۆ ژیانێکی باشتر کە هەموو کەسێك (تەمەتوعی)پێ بکا. ((فاکنەر))

❖ هیچ هێزێك لە ژێر خاکدا نییە بتوانێ مرۆڤ و ئەقڵی داگیر بکا.

((محەمەد عەلی حوسێن))

❖ هیچ شتێك ئازایەتی لە میللەتی گەورەدا بەرپا ناکا،ئەو کاتە نەبێ کە تووشی خەتەر دەبێ. ((ناپلیۆن))

❖ هیوا ئەو دەزووە باریکەیە،کە ڕێگەی ژیانی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

❖ هەموو ژنانی بەختیار لە یەك دەچن،بەلاّم ژنی بەدبەخت لە ژیاندا هیچ کەس لەو ناکا. ((تۆلّستۆی))

❖ هەموو ئەشکەنجەکانی ژیان هیچ نییە،بەلّگەش ئەوەیە،کاتێ ئازارو ئەشکەنجەکانت بیر دەکەوێتەوە بە بچوکی دەیان بینی.

❖ هاورێیەتی ئافرەت،نزیکە لە دلّدارییەوە. ((تۆماس مۆر))

❖ هەمیشە شتی تازە لە سەر ئافرەت دەوترێت،تاکو ئافرەت لە سەر زەوی مابێ. ((دۆبۆلفێر))

❖ هەرکە بینیم پیاوێك،گەیشتۆوەتە ترۆپکی بەرزی،باوەڕم وایە ئافرەت لە تەنیشتییەوە وەستاوە و خۆشی دەوێ وئەویش ئەوی خۆش دەوێ.

((بلزاك))

❖ هەموو شتێك پاداشتی هەیەو هەموو قسەیەکیش وەلاّمی هەیە. ((عەرەبێك))

-و-

❖ واتاو ڕەنگ :

- سپی : پاکی و ڕووناکی و خۆشی.
- ڕەش :تاریکی و خەفەت.
- زەرد : هەتاو زێڕ داڕە.
- سوور : هەستی هەڵچۆ و هێز و دژوار.
- شین،برادەری و زیرەکی و ئاسمان.
- مۆر :خۆشەویستی زیرکی.

❖ ووشەیەکی تیژ،لە شمشێر تیژ ترە ((ئینگلیز))

❖ وا باش دەزانم،سەربکەوم بەسەر خەڵکیدا بەچاکە،نەك بە زۆر کردنی سامان و موڵك و دەسەلآت. ((ئەسکەندەری گەورە))

❖ ولآتی ئافرەت،مێردەکەیەتی. ((ووتەیەکی حەبەشی))

❖ ولآتی دونیا،لە سێ شتدا کۆدەبێتەوە،ئاو و ئاگرو ئافرەت.ئاو دەخنکێنێ،ئاگر دەسوتێنێ،ئافرەت شێت دەکا. ((تورك))

❖ وەختێك ژن تووڕە دەبێت،دەمی دەکاتەوە و چاوی دەنوقێنێ. ((کاتۆ))

- ز -

❖ زۆر شت بەستراوە بە كاتەوە،ئەو كەسەی ئەو هەلە وەدەس نەهێنێ لە دەستی دەڕوا. ((عەرەب))

❖ زۆر زەحمەتە رایەك لە مێشكی ئافرەتا بسڕێتەوە،یا لە مێشكی دەری بكەی چونكە لە پرچی سەقام گیرترە. ((ئینگلیز))

❖ زۆر جار هیواكانمان بەدی نایەت،لە هەمووی خراپتر ئەوەیە كە هیواكانمان زۆر بێ. ((شكسپیر))

❖ زۆری زانیاری فێربوون لەو كتێبانەوەیە،كە ئەوانەی چاپیان كردووە و زەرەریان لێی كردووە.

❖ زانیاری كانزایەكە،كلیلەكەی ئیش كردنە.

❖ زانست هاوڕێی پیاوە،لە سەرخۆییش وەزیرێتی،ئەقڵیش ڕابەرێتی،ئیشكردن فەرماندەیەتی،دڵسوتانیش باوكێتی،سەبركردنیش سەربازێتی.((ئەلشبراوی))

❖ زانست بە بێ ئیشكردن وەكو دارێكی بێ بەرە. ((عەرەب))

❖ زانست باشترین خواردنە بۆ پیرێتی.

❖ زانا،بۆ كوێ بڕوا سامانی لە گەڵیەتی. ((سوكرات))

❖ زمانی،دوو زمان،وەكو كلكی ڕێوی وایە،كە شەمشون بە كلكیانەوە مەشخەڵی بەست.

❖ زمانی،دوو زمان،وەكو ئاگر وایە بە چاك و خراپەوە دەنوسێ،وەكو چۆن ئاگریش دەشت و گیا دەسوتێنێ. ((مسەیلون))

❖ زۆرە بێدەنگەكان،قەرەباڵغی دروست ناكەن بەڵام مێژوو دروست دەكەن. ((بیرتۆر))

❖ زۆر شت ڕوو دەدا بەبێ ئەوەی پیاو چاوەڕوانی بكا،تەنها مردن نەبێ،كە چاوەڕوانیتی،هەر چەندە زەمان درێژ بێ،یا كورت.

❖ زانایەك ووتی :(ئەگەر جەورت لە یەکێ لە خۆت خوارتر کرد ئەوەی لە سەرووی تۆووەیە سزات دەدا).

❖ زۆر ئاسانە سکی بیست کەس تێر بکەی،بەلاّم زۆر گرانە دوو چاو تێر بکەی. ((وێژەی ڕوسی))

❖ زانست بەرەو دۆستایەتی دەڕوا،ڕاستیش بەرەو ڕوناکی دەڕوا. ((جۆلیۆ کۆری))

❖ زانست ئەگەر زانست نەبێ،مانای ژیانمان نەدەزانی و لە تاریکیدا دەژیاین.

❖ زۆر ئاسانە لە لام،هەموو ئەورووپا یەك بخەم، لەوەی دوو ئافرەت بەیەکەوە بنێم. ((لویسی چواردەهەم))

❖ زێڕ بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە،پیاو بە ڕاڤە. ((سنیکا))

❖ زانست کانزایەکی پڕی داخراوە، کلیلی بەردەوام بوونە. ((چینی))

❖ زۆر بزەمان لە بزەی یەکێکی کەوە هاتووە.

❖ زمان بۆی هەیە وشەیەك دەرپەڕێنێ، لە ئەسپ تیژتر بێ. ((چینی))

❖ زانست مرۆڤــ،کانزایەتی.

❖ زەرور نییە قسەکەم مەقبوول بێ،بەلاّم پێویستە ڕاست گۆبم. ((سوکرات))

❖ زۆر جار سەبر کردن، لە دەوڵەمەندی باشترە.

❖ زێــڕو زیــو،جێی شــانازی دەوڵەمەندەکانە،بــەلاّم هــەژارەکان مێــشکیان لــە ئیسراحەت دایە. ((موسلّەحددین سەعدی))

❖ زانست چرای ژیانە و نەزانی تاریکییەتی.

❖ زانیاری بە لاوێتی دەمێنێتەوە،ئەگەر چی پیریش بێ.

❖ زۆر جار پیاو لە خەون دەژی و بەس،پاشان ئافرەتێك دێت و خەونەکانی دەکاتە ڕاستی.

❖ زانیاری،دارێکە لە دڵدا سەوز دەبێ و لە سەر زمان میوە دەگرێ.

❖ زمانت فێر بکە بەوەی بڵێ نازانم. ((پۆلانۆ))

❖ زۆر ئاسانە کە بەچەرمە سەری خەڵك پێبکەنی،بەلأم ئازایەتی لەوەدایە کە تووشی خۆت بوو پێبکەنی.

❖ زەردەخەنەی ژن،پرشنگێکە لە پرشنگەکانی هەتاو. ((ڤۆلتێر))

❖ زۆر جار ناخۆشی و نەهامەتی،وا لە ئافرەت دەکا بۆ ڕێگەی خۆشەویستی.

((ئەتیان ڕای))

❖ زۆر سەیرە ئێمە ئافرەتی جوان،وەك ئافرەتی باش سەیر بکەین،کە قسەی هیچ و پووچ دەکات،وەکو بڵێی ئێمە گوێ لە پەند دەگرین. ((تۆلستۆی))

❖ زمانی ژن شمشێرێکی هەڵکێشراوە. ((سوکرات))

❖ زمانی ژن شمشێرێکە مەیەڵە ژەنگ بیگرێت. ((باسنگ))

❖ زیندوو زیاتر پێویستی بە خێرە لە مردوو. ((جۆرج ئارنۆڵد))

❖ زۆر خواردن دڵ دەمرێنێ،چۆن ئاوی زۆر سەوزایی دەمرێنێ.

❖ زمانی ژن لەشێکە بە بێ دەرپێ. ((ڕۆسۆ))

- ژ -

❖ ژن هێنانت بە ژنێكی بێ ئەقڵ و لە سەرخۆ،باشترە لە ژن هێنانت لە ژنێكی ژیرو گیرو گرفت دروست كەر. ((رۆس ستافۆردنیل))

❖ ژن قازانێكە هەموو جۆرە گژو گیایەكی تێدا دەكوڵێ. ((ووتەیەكی ڕوسی))

❖ ژیری ئەوەیە داوای ئاشكرا بوونی نهێنییەك نەكەی،ئەگەر نهێنییەكەت زانی،ڕاستی ئەوەیە بلاّوی نەكەیتەوە. ((ئینگلین))

❖ ژیر، ئاگاداری سامانی دەبێ. ((وێژەی یابانی))

❖ ژیر،هەمیشە بە دوای زانیاریدا دەگەڕێ،نەزانیش وا دەزانێ دۆزیویێتیەوە. ((ئینگلین))

❖ ژیرێك ووتی: چۆن قاپێك سوودی نییە كە ئەوەی تێدایە نەیگرێت خۆی،هەروا ئەو سنگەش سوودی نییە ئەگەر نهێنییەك بە خۆ نەگرێ.

❖ ژیرێتی نییە،هەموو جار ماف بلاّوبكرێتەوە. ((ئینگلین))

❖ ژن مەهێنە ئەگەر بە خۆشەویستی نەبێت،تەنانەت ئەگەر ئەو خۆشەویستییە لە پێناوی سامانیشدا بێت. ((والترونیشل))

❖ ژیانی ئافرەت كتێبێكی گەورەیە،لە سەر هەر پەڕەیەك لە پەڕەكانی ووشەی خۆشەویستی نووسراوە. ((شۆبان))

❖ ژنێك نییە،خۆشەویستی لەیەك كاتژمێر زیاتر بەردەوام بێت. ((ماری كۆریللی))

❖ ژن تەنها یەك كەسی خۆش دەوێ، ئەویش خۆیەتی. ((مستەفا كامیل))

❖ ژیان مانای نییە لە گەڵ وورە بەردانا، وورە بەردانیش مانای نییە لە گەڵ ژیاندا. ((مستەفا كامیل))

❖ ژیان،تەنها بزەی هەتاوەو پەیدابوونی بەهارەو هونەری سرووشتەو بێدەنگی ئازارەو ڕاڕایی ئافرەتە. ((گیتە))

❖ ژنان،لە پیاوان پاکترن،چونکە ژن خیانەت بە شکاندن دەزانێ،بەلاّم پیاو بە سەرکەوتنی دەزانێ. ((ئۆجین سرِ))

❖ ژیان،سێبەرێکی نەماوەیە،نەك وەکو سێبەری قوللەیەك یا سێبەری دارێك کەمێکی دەمێنێ،یا وەکو سێبەری باڵندەیەکی فڕیوی لێ دێ،نە باڵندەکەو نە سێبەرەکەی دەمێنێ. ((وێژەی یابانی))

❖ ژنی جوان،پێویستی بە کراسی جوان نییە. ((ئەلفێردی دی مۆسیە))

❖ ژیانی ژن گۆرانییەکی جوانە،بۆ ئەو کەسەی کە بزانێ چۆن دەیڵێ و لێی دەدا. ((شۆبان))

❖ ژنی جوان وەکو گوڵی بۆندار وایە،هەرگیز سیس نابێت،ئەگەر دەستی لێوە دوور بێت و یاری پێنەکا. ((حەنەفی محەمەد سەعید))

❖ ژنی هەژار،زیاتر خۆی بەسەر مێردەکەیدا هەڵدەکێشێ لە ژنی دەوڵەمەند. ((رای فەردی))

❖ ژن،یەکە لایەنە کە لە شەریکایەتی ژن هێنان قازانج دەکا ((سیدنی سمیس))

❖ ژنانی خەڵکی تر هەمیشە باشترە. ((ووتەیەکی چینی))

❖ ژنی ژیر ماڵی پیاوەکەی دروست دەکات بێ ئەقڵیش دەیڕوخێنێ. ((سولەیمان کوڕی داود))

❖ ژنی باش،لە دایك و خوشك و برادەر دەکا. ((ئەبو حەنیفەلنوعمان))

❖ ژن،مرۆڤێکە دوو ڕووی هەیە،ڕوویەکیان لە شەرما سوور هەڵدەگەڕێ،ئەوی تریان واتای شەرم نازانێ. ((بەرناد شۆ))

❖ ژن،زۆر حەز دەکا لە دڵدارییەوە پێبگا،لە تێگەیشتنی دایکایەتی و پێگەیشتنی. ((ئەمیل لۆدفیچ))

❖ ژیان لە گەڵ پیاودا ژیرییە و لە گەڵ ژندا بێ ئەقڵییە. ((شۆبان))

❖ ژن،جڵەوی دونیا بە دەستێوەیەتی،ئەگەر ویستی چاکی دەکات،کەیش ویستی خراپی دەکا. ((لابلان))

❖ ژن،دەژی بۆ ئەوەی بە خۆشەویستی،بەختیار بێت،پیاویش خۆشەویستی دەکا بۆ ئەوەی لە ژیاندا بەختەوەر بێت. ((جان جاك ڕۆسۆ))

❖ ژن،سەرچاوەی بەختیاری و هاوڕێتی و خۆشییە. ((شنینە))

❖ ژن، نۆ جار زیاتر لە پیاو کەیف خۆشتر دەبێت. ((باباس))

❖ ژن،لە ژیاندا هیوای هەموو پیاوێکە. ((شیلەر))

❖ ژن، بە هەموو جۆرەکانییەوە لە پیاو زیاتر توانای ئازاری هەیە.

((ردیارد کبلنگ))

❖ ژنان، بەوە زیاتر کەیف خۆش دەبن،کە خۆشی بخەنە دڵی خەڵکییەوە،نەك بە دڵی خۆیانەوە. ((رۆشید پیر))

❖ ژن،یا ڕزگارکەر یا ڕوخێنەری خێزانە،دووا ڕۆژی هەریەکە لە خێزانەکەی لە ناو لۆچەکانی کراسەکەیدایە. ((ئەمیل زۆلا))

❖ ژنەکەم وای لێکردم، کە بزانم من کێم. ((بسمارك))

❖ ژنان،پیاو دروست دەکەن،یەك گەورەم بۆ بێنە پێشانی دەدەم نهێنی گەورەییەکەی دایکێتی یا ژنەکەیەتی. ((د٠حوسێن موئنس))

❖ ژنان،بە دەستیان موحاکەمەی پیاوەکانیان دەکەن و پیاوان موحاکەمەی ژنانیان بە قاچیان دەکەن. ((ئۆسکار وایڵد))

❖ ژن، لە مارەوە سێ شت فێر بووە،سەما،غەدر،زمان درێژی.

((عەلی سەعد موراد))

❖ ژن، دوو چاو و دوو لێوو دوو لاقە. ((ئەندرێ دی بلزاك))

❖ ژن، چوار چەکی هەیە : زمان،نینۆك،فرمێسك،لە خۆچوون. ((ئیتاڵی))

❖ ژن، ئارەزووی لەوەیە،بە گوێ ببیستێ،پیاویش ئارەزووی لەوەیە کە بە چاو ببینێ. ((مارسیل ئەشار))

❖ ژن،بۆ ئەوەی خۆشمان بوێت،نەك لێیان تێبگەین. ((ئۆسکار وایڵد))

❖ ژن، چۆن دەسکێشەکەی دەگۆڕێت،ئاوهاش دڵی دەگۆڕێت. ((بلزاك))

❖ ژنان دڵیان هەیە،بەڵام لە نێوان هەزار دڵدا،یەك دڵێك هەیە،کەمێك پاکە.

((سانت بوف))

❖ ژن، وەکو ئیسفەنجە،ئەگەر گوشیت هەموو ڕەحم و هەستی بەتاڵ دەکەیت،ئەگەر لێی گەڕێت ووشك و سیس دەبێتەوە. ((سۆمەرست مۆم))

❖ ژنی جوان چاو پێی خۆشە،ئافرەتی باشیش دڵ پێی خۆشە یەکەمیان :گەوهەرێکی بە نرخە،ئەوی تریان کانزایەکی گەورەیە. ((ناپلیۆن))

❖ ژن هەموو جۆرە ئازارێك دەخوا،بۆ ئەوەی جوانییەکەی زیاد بکا.

((مۆنتانیۆ))

❖ ژنی جوان بە گاڵتە تیری چاوەکانی لە پیاو دەگرن،ئەو پیاوانەش بەو تیرانە دەمرن. ((شیللی))

❖ ژن،وەکو ئەستێرە وایە،جوانییەکەی بەشەو دەردەکەوێ. ((بایرۆن))

❖ ژنانی باش،وەکو گوڵن لە هەموو جێگەیەکدا دەڕوێن.

❖ ژیان نرخی نییە،تەنها ئەو کاتە نەبێ کە شتێك هەبێ لە پێناویدا تێبکۆشین.

((سۆفاج))

❖ ژمارەکان درۆ ناکەن،تەنها ئەو کاتە نەبێ کە تایبەت بێ بە ئافرەت.

❖ ژیان لە لای من لە هەشتا ساڵیدا دەستی پێکردووە کە هەستم کرد هەمان لاوم،کە بۆ یەکەمجار هاتمە ناو ژیانەوە و لە بەردەم بەری ڕوبارێکدا وەستام کە لە خۆی دەگەڕا، لە هەرای دەریاکەدا. ((سۆمەرست مۆم))

❖ ژیان وەکو بیابانە،ئەگەر ڕێگاکانی نەزانی وون دەبی.

❖ ژیانی ئافرەت زنجیرەیەکە لە هەست وخۆشەویستی،ئازارو قوربانی.

((بلزاك))

❖ ژن هێنان سەرنەکوتووە،بە بەردی بچکۆلەش سەرسم دەدا،ژن هێنانی سەرکەوتوو لە سەر بەردی گەورە بنیات دەنرێ.

❖ ژنی بە وەفا وەکو ژوورێکی گەرم وایە.

- ح -

❖ حەسوود،حەسانەوەی نییە.

❖ حەسوودی شتێکی سروشتییە لە ئێمەدا،بەڵام ئەگەر وازی لێ بێنین باشترین میوەمان چنگ دەکەوێ. ((گنسن))

❖ حەسوودی وەکو بڵێسەی ئاگر وایە،ئەوەی لە سەرەوەیەتی ئەگەر نەیسوتێنێ ڕەشی دەکا. ((یۆلیۆس قەیسەر))

❖ حەقم خۆش دەوێ،لە هەڵەش دەبوورم. ((ڤۆڵتێر))

❖ حەق،لەو جێگەیەدایە کە هێز پاڵپشتی بێ. ((گۆستاف لۆبۆن))

❖ حەزرەتی موسا لە گەڵ خوا دا قسەی کرد ووتی :خوایە کێ لە لای تۆ لە هەموو کەس خۆشەویسترە ؟

– ووتی : ئەو زانایانەی کە داوای زانیاری دەکەن.

حەسوود،خۆی دەخوا چۆن ژنگ ئاسن دەخوا. ((ئەستۆ تالیس))

حەسانەوەی لەش لە کام خواردنە.

حەسانەوەی ڕوحیش، لە کام گوناهە.

حەسانەوەی دڵیش، لە گوێ نەداتە.

حەسانەوەی زمانیش، لە کەمی قسەیە.

- ت -

❖ تەماشای دەم و چاوی ژن بکە.پاشان حوکم بەسەریا بدە بە پێچەوانەی ئەوەی بۆت هاتووە. ((جاك ليندن))

❖ تاسیری ژن لە سەرمان،لە ژیاندا کۆتایی نییە،چونکە ئەسڵی هەموو شتێکە کە لێمان ڕوو دەدا. ((بیکنسفیلّد))

❖ تۆ دەگەیتە دووا پلەی نەشونما کردنی تەواو،ئەو کاتەی یەکەمین پێکەنینی گاڵتە جاڕی بە خۆت دەکەی. ((ئیسێل باریمۆد))

❖ تۆم هەڵبژارد چی بە چاك دەزانی بیکە. ((ڕامبۆ))

❖ تۆ جوان بە، جیهان بە جوانی دەبینی. ((ئیایا ئەبو مازی))

❖ تۆ،هەمیشە چاوەڕوانی ئەو ئافرەتەی کە خۆشەویستی و بەختیاریمان بۆ دێنیّ. ((شکسپیر))

❖ تەمەڵ،برای سواڵکەرە. ((عەرەب))

❖ تۆ چاکە بکە،خەڵکی چی دەڵێن با بڵێن. ((فەرەنسی))

❖ تەمەڵی تاوانێکی گەورەیە. ((ڕۆزفێلّت))

❖ تیمساح،مەکە برادەری خۆت،ئەگەر فرمێسکیش لە چاوی ڕژا. ((چینی))

❖ ترس،چاوی کراوەی هەیە. ((ڕوسی))

❖ تەمەڵی، لە ئێستاوە، وەکو قەمچییەکە لە شاخ.

❖ تۆز، بەرز دەبێتەوە و بەرزدەبێتەوە،پاشانیش بە توندیش دەنیشێتەوە.

❖ تاجی پادشاهان لە زێڕە،تاجی قوتابیش ئەدەبەکەیەتی.

❖ تووڕە بوون شیرینە،بەلاّم بەرەکەی تاڵە،ئامۆژگاری تاڵە،بەلاّم بەرەکەی شیرینە ((عەرەب))

❖ تووڕە بوون لای پیاوی باش، کەمە. ((ئینگلیز))

❖ تـووڕە بـوون وەکـو یـەکێکی سـەر بـەتۆ وایە،یەکـەم جـار دەتجـولێنیّ بـۆ بەرژەوەندیت ئەگەر بە قسەیت کرد،بەرەو بەرژەوەندی خۆی دەتجولێنیّ.

((ئەفلاتوون))

❖ تا دەتوانی چاکە لە گەلّ خەلّکدا بکەو زەرەر بە کەس مەگەینە.

((تەنسین))

❖ (تیفۆنی) دەربارەی ڕەزیل ووتی : سامانی مرۆڤـ لە گەلّدا بۆ قەبر نایەت.

❖ تووڕە بوونی نەزان لە قسەی دایەو تووڕە بوونی ژیریش لە ئیشیدایە.

((عەرەب))

❖ تاکو ئێستاکە پیاو هیچ ڕێگایەکی نەدۆزیوەتەوە، کە ئافرەت ئامۆژگارییەکانیان قەبولّ بکەن،تەنانەت ژنە کانیشیان. ((بلزاك))

- ی -

❖ يەك ژن،بووە هۆی ئەوەی ئادەم نەوەكەی لە بەهەشت دەر بكا،ئەی رات لە سەر ئێمەی پياو چييە كە ئەرز لە ژن پڕە. ((س٠ ص٠ ع))

❖ يەكە جێگا كە دەتوانم لە سەری دانەم و بە ئيسراحەت و بە دڵنياييەوە بخەوم،ئەوە كۆشی دايكمە. ((ڤۆڵتێر))

❖ يەكەمين جودايی،لە نێوان ژن و پياودا،سەبر كردنە لە سەر ئازار٠ژن فێرە دەربارەی ئازار٠بەلآم پياو٠نە ء ((فردريك برۆكۆش))

❖ يەك بزە،لە لێوی خۆشەويستەكەم٠٠دەرگای بەهەشتم بۆ دەكاتەوە.
((گۆتە))

❖ يەكەمجار حوكمی خۆت بدە،بۆ ئەوەی حوكمی ژنەكەت لە لات ئاسان بێت.
((فۆڵەر))

❖ يەكەمين دڵداری لە لای پياو شەرمە،يەكەميش لە لای ئافرەت جورئەتە.
((هۆگۆ))

❖ يەك تەماشايە بە تيلەی چاوی ئافرەتێك،يا وات لێدەكات بەختيارترين مرۆڤبيت يا لە هەموو كەس خراپتر بيت. ((جوبران خەليل جوبران))

❖ يەك تۆز لە پشت ئاسنەوە بوەستم،هەزار خوێندنەوەی كتێبم لە بير دەباتەوە، كە لە سەر سەربەستی خوێندومە.

❖ يەك كات ژمێر ئيش كردن،خۆشی دروست دەكات،حەسوودی و تەمەڵی،ئەمەش لە چەند مانگێكی گريان باشترە.

- ك -

❖ كاتێ خۆشەویستی هات، سەری بۆ دادەنوێنین. ((لەیلا حەمادە))

❖ كەی تووشی نشوستی بووین،ئەو كاتە دەزانین بەختیاری چییە.

((ئینگلین))

❖ كاتێ پیاو ئافرەتێكی خۆش بوێت،لە پێناویدا هەموو شتێك دەكات.

((م.ع))

❖ كەرێك هەڵتگرێ باشترە، لە ئەسپێك بە ئەرزت دا بدا.

❖ كتێبی بێ كەڵك لە جیهاندا نییە، با زۆر هیچ و پوچیش بێ.

❖ كۆیلە،سەربەستە،ئەگەر قەناعەت هەبێ،ئازادیش كۆیلەیە ئەگەر تەماعی هەبێ.

((ژیرێك))

❖ كەمی تەماع كاری،تووشی زەرەری زۆرمان دەكا. ((تورك))

❖ كاتێ ئافرەت دەگری،پیاو بەر هەڵستی نامێنێ.

❖ كاتێ ئارەق وشك دەبێتەوە،دایك ئێشی لە بیر دەچێتەوە. ((بەلجیكی))

❖ كتێب یەكە هاوڕێیەكە كە دوو زمانی نییە بێزار نابێ و گلەییت لێ ناكا،كاتێ وشك بێت لە گەڵیا نهێنییەكانت بلاوناكاتەوە. ((ئیبنولتەقتەقی))

❖ كەی قوماشت كڕی تەماشای قەراخەكەی بكەو كە ویستت یەكێك بخوازی دایكە ببینە. ((وێژەی هیندی))

❖ كتێبخانەیەكی بە سوود،سامانێكی زۆرە،لە ژوورێكی بچوكدا. ((مارلۆ))

❖ كۆنفۆشیۆس دەڵێ :گومانی تێدا نییە لە ڕێگەی ژیاندا لە نێوان دوو كەسدا مامۆستایەك بدۆزمەوە.

❖ كەمترین زانست ئەوەیە كە مرۆڤ لە كتێب و مامۆستاكانەوە فێر بووە،لەوەش گەورەتر، كە بەڕاڤەی خۆیی و لە خەڵكییەوە فێر بووە.

((قاسم ئەمین و لمسری))

❖ کچێکم نەدی تەمەنی سی ساڵی تێپەڕکردبێ و هێمن بێ. ((م٠ع))

❖ کات وەکو شمشێر وایە،ئەگەر نەیبڕی دەتبڕێ.

❖ کاتێ لیمان پرسی کام ژن وەفاو ئیخلاسی هەیە بۆ مێردەکەی،پرچ زەرد ؟یا پرچ ڕەش ؟یا پرچ سوور ؟بزە گرتمی و ووتم :زۆربەی ئەو ژنانە کە وەفایان هەیە بۆ مێردەکانیان،پرچ سپییەکانە. ((ئەنوێ مۆرا))

❖ کاتێك پیاوێك بە دوای ئافرەتێك دەکەوێ ژن دێنێ کاتێك ئافرەتێك دووای پیاوێك دەکەوێت دەکەوێتە چاڵەوە. ((ووتەیەکی هیندی))

❖ کاتێك ژن،مێردەکەی باش نابێت ئەمە بە ڕوونی لە دەم و چاویدا دەبینرێ.

((گۆتە))

❖ کاتێك منداڵ لە باوکی دەکا،هیچ گومان لە دایکی ناکرێ. ((ئیسپانی))

❖ کوا ئەو نووسەرە کە جوانیمان پێشان بدا،وەکو ئەو جوانییە کە لە چاوی ئافرەتێکدا ئەیبینین. ((شکسپیر))

❖ کچ،پێش شووکردنی بە چاو قسە دەکا،پاشان بە زمانی. ((تۆلستۆی))

❖ کێ دەتوانێ لە بەردەم ژنێ بوەستێ کە دەگری،ئەگەر ڕاوەستاو هۆی بێدەسەلاتی بێت. ((بیرۆن))

❖ کاتێ دەبینی ژن لە بەردەمتا بێ هێزە،بزانە کە لەو پەڕی بەهێزییەتی.

((براندیللۆ))

❖ کچی بەختیار،ئەوەیە دەست بە ئەقڵی خۆیەوە دەگرێ،کاتێ دڵی نامێنێت

((پۆڵ گلبرت))

❖ کێ دەتوانێ لە ئافرەت بگات. ((شکسپیر))

❖ کچە بچکۆڵەکان خۆشەویستی دەکەن وبێدەسەلاتن لە تێگەیشتنی گەورەکانیشیان لە خۆشەویستی تێدەگەن بەلام بێدەسەلاتن لە کردنیا.

((پن جۆنسن))

❖ كاتێ پیاو دەڵێ باوەڕم بە ژنەكەم هەیە،واتە بە تەواوەتی ڕاست دەكات،بەڵام كاتێ ژن دەڵێ باوەڕم بە پیاوەكەم هەیە،ئەوە مەبەستی ئەوەیە باوەڕی بە خۆی هەیە.

((فەرەنسیس دوكریت))

❖ كوڕم كوڕمە،تاكو ژن دەهێنی،كچم كچمە،بە درێژایی تەمەنی.

((وتەیەكی ئوسكۆتلەندی))

- گ -

❖ گریان یارمەتیت دەدات لەوەی بۆتە هۆی گریانت.

❖ گرنگ نییە خەڵکی باوەڕت پێبکەن،گرنگ ئەوەیە لە گەڵ خۆتا ڕاست بیت.

❖ گوڵی یاسەمینی بۆندار،بۆنی دەردەچێ ئەگەر داشپۆشرێت. ((هیندی))

❖ گەورەترین ئافرەت ئەو ئافرەتەیە،کە فێرمان دەکا چۆن خۆشەویستی بکەین کاتێ ڕقمان هەڵسێ و چۆن پێدەکەنین کاتێ بگرین چۆن بزە بمانگرێ کاتێ ئازارمان هەبێ.

❖ گومانی تێدا نییە کە پارە هەموو شتێك نییە،بەلأم بە ڕاقە ئیسپات بووە،کە یەکە چارەیەو هیچسش بە سەریدا زاڵ نەبووە.

❖ گەورەترین ئیشی ژیان ئەوەیە،ئامادەبی بۆ مردن. ((ئینگلیز))

❖ گەورەترین گیروگرفت،ڕوو بە ڕووی ژن و مێرد دەبنەوە ئەوەیە سوورن لە سەر خواردن کولأنن لە سەر ڕێگای دایکیان،ئافرەتیش بە تایبەتی کچی گەورەترین چێشت لێنەرە لە جیهاندا. ((ماریا فلۆریس))

❖ گەورەترین مەرگەساتی ژیان ئەوەیە شتێك لە ناخی مرۆڤدا بمرێ و هێشتاکە کە خۆی زیندووە.

❖ گاڵتە بەو بەختیارییە دەکەین کە لە ژیاندا دراوە پێمان چونکە ئێمە داوای وەدەس هێنانی بەختیاری گەورە دەکەین،بەلأم بەختیاری گەورە نییە،لەوەی زیاتر کە وەدسمان کەوتووە،ئەی چۆن نا،بەختیاری ژیانە، کە لەو بەختیارییە گەورەتر نییە. ((تۆلستۆی))

❖ گەورەیی پیاو بەوە دەپێورێ چەندە ئامادەیە کە یەکێك لە گەڵیدا خراپەی کرد لێی ببورێ. ((ج. بانگ))

❖ گوڵی سوورو ڕاستی، دڕكیان هەیە. ((ئیسپانی))

❖ گریان پێویستە،بەڵام چارە نییە. ((یابانی))

❖ گرنگ نییە دوكانێك بكەیتەوە،گرنگ ئەوەیە بەردەوام بی لە كردنەوەی دوكانەكە. ((چینی))

❖ گەورەترین خەسارەت، خەسارەتی برادەرە.

❖ گەورە،لە هەل ناگەڕێ،بەڵكو دروستی دەكا. ((كۆلتۆن))

❖ گەورەیی ئافرەت ئەوەیە، پیاوی گەورەی دەكا.

❖ گەورەترین ئازار ئەوەیە،خۆشەویستی بەبێ هیوا.

❖ گرانترین شت لە پەیدا كردنی نان ئەوەیە،تۆ ناچاری هەموو ڕۆژێك ئیش بكەی

❖ گوڵی وەریو،بۆ جاری دووەم،بۆ لقەكەی ناگەڕێتەوە. ((وێژەی ئیتاڵی))

❖ گەورە پیاوان لە دڵی مندا سیانن،گەورەیەك ئاگادارم بكاتەوە و گەورەیەك مزگێنیم بداتێ و گەورەیەك پێشوازیم بكات.

❖ گەش بین و ڕەش بین :

بە دوو كەس نیو پەرداخ ئاویان داو لە ڕەش بینەكەیان پرسی و ووتی :دەبینم نیوەی پەرداخەكە بەتاڵە.

لە گەش بینەكەیان پرسی ووتی :

دەبینم نیوەی پەرداخەكە ئاوە.

❖ گەڕان وەكو ئەوە وایە بە دوای دڵدارییەوە بكەوێت،چونكە ئەو تواناییەكی زۆرت دەداتێ،وەكو بڵێت جیهان لە تازەوە دروست كراوە. ((جین میردل))

❖ گەورەترین خۆهەڵكێشان ئەوەیە كە خۆت هەڵنەكێشی. ((ئیمام عەلی))

- ل -

❖ لە نێوان لێوی ژنەوە،پیاو دووا ڕۆژی خۆی دەزانێ و لە چاوییەوە ئاوات و خەونەکانی دەزانێ. ((مارك توین))

❖ لە وێدا هەندێ ژنان هەن وەکو شانۆگەری وان،شایستەی ئەوەن دووبارە بکرێتەوە،چونکە زیاتر خۆشی دەدەن. ((ئەتیان رای))

❖ لە هەموو دونیادا یەك ئافرەت بمێنێ،هەموو ڕۆژێك گوێمان لە شتێکی نوێ دەبێ. ((محەمەد جەعفەر))

❖ لە گەڵ پیاودا قسە لە گەڵ ئەقڵی دا بکە،لە گەڵ ئافرەتدا،قسە لە گەڵ دڵی دا بکە،لە گەڵ بێ ئەقڵدا،قسە بە گوێدا بدە. ((ئەلفۆنس دۆدیە))

❖ لە نێوان هەموو ژنێکدا،کۆیلەیەك و جەورکەرێك هەیە. ((نیشە))

❖ لە دڵی هەموو ئافرەتێکدا،پشکۆیەك ئاگر هەیە،پیاوی بەختیاریش ئەوەیە بەو ئاگرە بسووتێ و گەرمایی پێبدا. ((ئەرفەنج واشنتۆن))

❖ لە تۆڵستۆیان پرسی (لە قەڵەمدا چیت دۆزیوەتەوە.؟وتی :دڵێکی هەمیشە لێدەرو برینێکی سارێژ و ڕوحێکی خەیاڵاوی و لە قەڵەمدا خۆم دۆزیوەتەوە،کە لە تەمەنی منداڵیدا بۆی دەگەڕام.

❖ لە هەموو شتێ زیاتر ژن تورە دەکا،ئەوەیە کە پێی بڵێت پیری. (پێرس))

❖ لە دڵداری لادان،زۆر جار ئەوە دەگەیەنێ، کە لە دڵداری بێزارە.

((دۆناس))

❖ لووت بەرز مەبە بە پارەو سامان،چونکە ڕۆژگار یاری دەکا بە سامان و جیهان وەکو چۆن منداڵ یاری بە تۆپ دەکا. ((هیندی))

❖ لە وێدا ڕاستییەك نییە لێی بترسم بڵاوی بکەمەوە،یان لە جیهان بیشارمەوە ((تۆماس جیسۆن)) لە جیهاندا یەك کەسێك هەیە،لە ژن باشترە،ئەویش دایکە.

((شامن))

❖ لە جۆرەکانی بەختیاری ئەوەیە،پێویستە بزانین تا چی ڕادەیەك بەد بەختین

((لاروشکفوکۆ))

❖ لە هەندێ دڵدا چاو هەیە. ((عەرەب))

❖ لە جیهاندا سێ شت لە هەموو شتێك بەنرخترە، زانست، خواردن، برادەری

((چینی))

❖ لە هەر جێگایەك ژیان هەبێ،لەو جێگایە مەترسی هەیە. ((شۆپنهاوەر))

❖ لە ژیانی مرۆڤدا دوو مەرگەسات هەیە،مەرگەساتی یەکەم ئەوەیە کە خۆشی وون دەکا،بەڵام دووەمیان ئەوەیە کە دەیدۆزیتەوە. ((بەرناد شۆ))

❖ لووتی گەورە،دەم و چاوی جوان،ناشرین ناکا. ((ئەڵمان))

❖ لە سەر خۆ برادەر بگرەو لە سەر خۆ بیان گۆڕە. ((فرانکلین))

❖ لە ڕێگەی برادەرییەوە، خۆشەویستی دەکەین.

❖ لە نێوان دڕکی خەتەرەوە،گوڵی ئاشتیت دەس دەکەوێ. ((شکسپیر))

❖ لە وێدا نە وولاتێکی جەورکەر هەیە، نەوولاتێکی جەور لێکراو هەیە،تەنها لە وێدا ئەوانە هەیە کە ڕێگە بە خۆیان دەدەن،جەور قبوڵ بکەن.

((مستەفا کامیل))

❖ لاواز،هەڕەشە دەدات و بە هێز ئیش دەکا.

❖ لە حاتەمی تەییان پرسی هیچ کەست بینیوە لە خۆت سەخی تر بێت ؟

– ووتی : ڕۆژێك لە ڕۆژان لە چوڵێکدادەگەڕام و پیاوێکم بینی پووش ووشکی بۆ سووتاندن کۆدەکردەوە،پێم ووت :بۆ ماڵی حاتەمی تەی بڕۆ و لەوێ نان و

گۆشت بەمیوان دەدەن،وەلامی دایەوە و ووتی :ئەوەی بتوانێ بە ئارەقی ناوچەوان نانی خۆی بخواو پێویست ناکا چاکەی حاتەمی تەی هەلگرێ.

❖ لە وێدا ئافرەتێك نییە قینی لە دلداری بێت،تەنها ئافرەتێك نەبێت کە لە خۆشەویستیدا تووشی ناڕەحەتی بووبێت. ((سیرۆس))

❖ لە جیهاندا نییە وەکو ئافرەتی شووی کردبێ،ئەمەش هیچ مێردێك هەستی پێ ناکاو ڕێزی لێ ناگرێ. ((ئۆسکار وایلد))

❖ لای پەسەندە،کە خۆشم بوێت،خۆشحالیشە،لە ڕێگایدا لانەواز بم.

((شیلەر))

❖ لە بیر چوونەوە نەخۆشی مرۆڤە،زۆر جاریش ڕەحمەتە.

❖ لە گەلێ برادەرا کۆت وزنجیر بکرێت لەوە باشترە بەسەربەستی لە گەلێ دوژمندا لە باخچەدا بیت. ((فارس))

❖ لە هەموو گرنگتر ئەوەیە لە مالەوە بەختیار بین ئەگەر لەوێ بەختیار نەبین،لە شوێنێکی تر چۆن بەختیار دەبین. ((ئینگلین))

❖ لە خۆشیدا لاوەکان نرخی کارەکەیان دەدەن و پیرەکان ئەوەی نایکەن نرخی دەدەن. ((بۆمارشیە))

❖ لە بەر ئەوەی لە دلدا سوچێکت هەیە،لە مالیشدا سوچێك دەدۆزیتەوە.

((وێژەی گەلی))

❖ لە هەموو شتێکا بەختیار بوون لە سیمرخ دا نسقەترە. ((ئینگلین))

❖ لە وانەی کە تووشی پیاوی تەمەن گەورە دەبێ،بیر لە ئافرەت دەکەنەوە نەك هەستیان بەرامبەریان هەبێ.

❖ لە ڕەزیلێکی کەمژەیان پرسی و ووتی :من سامانم نییە،بەلام سامان منی هەیە.

((بیۆن))

❖ لە خۆبایی بوون،نەخۆشییەکی سەیرە،هەموو مرۆڤێك نەخۆش دەخا تەنها ئەو مرۆڤە نەبێ کە تووشی بووە.

❖ لویسی چواردەهەمی فەرەنسا،خزمەتکارێکی تایبەتی هەبوو،ئەم خزمەتکارە شکاتێکی هەبوو دژی خزمێکی،لە پاشا تکای کرد کە بە دادگا بڵێ یارمەتی بدەن،پاشا نەیکردو سوور بوو لە سەر نەکردنەکەی. خزمەتکارەکەی ووتی :گەورەم بەداخەوە،تۆ ئەگەر یەك ووشە بڵێی شکاتەکەم دەبەمەوە،پاشا ووتی :تۆ بە هەڵەیەکی گەورەدا چووی،ئەگەر تۆ دوژمن بوایت و دوژمنەکەت خزمەکاری من بوایە بە لاتەوە ڕاست دەبو ئەو قسەیەم بکردایە.

❖ لە دیاردە سەیرەکانی مرۆڤ ئەوەیە،کە لە خۆشیدا دەگرین،بەڵام لە ناخۆشیدا پێناکەنن. ((بایکۆن))

❖ لەم جیهانەدا تەنها ڕوح هەموو شتێك دەکا،ئیتر ئەوانی تر تەنها خەیاڵە.

((جۆرج میریدیس))

❖ لە شیعرو هەڵکۆڵین و وێنەدا حاڵ چۆنە،هەروا ژیان شتی جوان و بە نرخی هەیە. ((ئۆسکار وایڵد))

❖ لە هەر کوێ بم بە هەموو هێزمەوە ئیش دەکەم،ئەگەر ئیشیشم نەدۆزییەوە،بۆخۆم ئیشێك دەدۆزمەوە. ((هۆگ))

❖ لە فەیلەسوفێکیان پرسی،لە هەموو فەلسەفەکانتا چیت چنگ کەوتووە،وەڵامی دایەوەو ووتی: ئەوەم دەست کەوتووە بووم بە هاوڕێی خۆم.

❖ لەو کاتەیدا کە قوتابی بووم،زۆر شتم دەخوێند،ناچار بووم و بە زۆر بوو،نەمان دەزانی ئەوە فێر دەبین لە زمان مێژوو ماتماتیك،یا ئەوانی تر و ڕۆژێك دەبێ سوودی لێوەردەگرین،بەڵام ئەمڕۆ،کە پلیەکی زۆرم لە ژیان بڕیوە،تەماشای دوواوە دەکەم و دەبینم،هەر پەرەگرافێکی مێژوویە و هەموو ڕایەکی پسپۆری و هەموو بناغەیەکی و زمان وهەموو ماتماتیك،هەر ووشەیەك کە پێویست بوو لە سەرم بیخوێنم ولێی

تێبگەم،لە كاتێكی تایبەتیدا سوودم لێ وەرگرتوون،یا لە كاتی خوێندنەوەدا،لە كاتی ئاڵ و گۆڕ و مامەڵەدا یا لە كاتی قسە كردنا یا لەنووسیندا،یا لەو شتانەی كە ڕۆژانە پێویستە. ((سەرفەنتس))

❖ لاڵ لە درۆزن باشترە،ڕاست گوێی،یەكەم بەختیارییە.

((هەندێ لە پسپۆران))

❖ لەو ژنە مەترسە كە هەست دەكات چاوەكانی جوانە،چونكە ئەوە چاوگی خێرو شەڕە. ((كۆنفۆشیۆس))

❖ لە هەموو كات و جێگایەكدا، ژنی جوان چی ویستبێ كردویەتی. ((ئۆیدا))

❖ لە توانای ژن و پیاودا نییە بزانن خۆشەویستی تەواو چییە،ئەگەر چارگە سەدەیەك بە سەر ژن هێنانیدا تێپەڕێ. ((مارك توین))

❖ لە ڕابردوودا ژنان پیر دەبوون بەلاّم هێشتاكە جوان بوون،ئەمڕۆ پیر نابن،بەلاّم ناشرین دەبن. ((ئەلكۆنت دۆ بۆمۆن))

❖ لە یەكێ لە فەیلەسووفەكانیان پرسی،بۆچی ژنێكی ناشرینت هەڵبژاردووە وتۆ پیاوێكی جوانی ؟ وەلاّمی دایەوە و ووتی كەمترین شەڕم هەڵبژاردووە.

((سوكرات))

❖ لە وێدا ژنان هەن،پیاو شێت دەكەن،ژنانیش هەن شێت ئاقڵ دەكەن.

((وشینال))

❖ لە نێوان سەد پیاودا دوو زیرەك دەدۆزیتەوە. لە نێوان سەد ژندا یەك دانە بێ ئەقڵ دەدۆزیتەوە. ((مەدام دۆگرادۆن))

❖ لە بگرەو بەردە، ڕووناكی دەركەوت. ((فەرەنسی))

❖ لەوە شەرم مەكە كە نازانێ،بەڵكو شەرم بكە لەوەی نەت خوێندووە.

❖ لە ناو چوونی سامان كەمە،هەر چەندە زۆر بێ،بەلاّم خەسارەتی پیاوان زۆرە هەر چەندە بچووك بێ.

❖ لەوماڵەی مریشك بە ئیشی كەڵەشێر هەڵدەستێ بەرەو وێران بوون دەچێ.

((چینی))

❖ لە زەوقی ژنەكەت مەدە،چونكە ئەو یەكجار تۆی هەڵبژارد.

❖ لە شەڕو ڕامیاریدا،ئەو هەلەی وون دەبێ ناگەڕێتەوە.

❖ لە بیرت نەچێ داوای لێبوردن بكە لەو پیاوەی هەڵەت لە تەكدا كرد،داوای لێبوردنیش بكە لە ئافرەت ئەگەر منداڵ بوویت.

❖ لە وێدا مۆسیقای بێدەنگ نییە،مۆسیقای ڕاستی ئەوەیە كە قسەی بە ماناووشە دەكا.

((محەمەد عەبدولوەهاب))

❖ لە باتی ئەوەی ڕۆژی ماسییەكی بدەیتێ،فێری ڕاوی بكە. ((وێژەی چینی))

❖ لە دووای خۆشەویستییەوە،هیچ نییە،تەنها ئازار نەبێ. ((بەرنادشۆ))

❖ لاوازترین كەس،ئەوكەسەیە كە ناتوانێ نهێنی بشارێتەوە. ((سویدی))

❖ لە نێوان ژیر و شێتا ماوەیەك هەیە لە ڕستەی جاڵجاڵۆكە باریكترە.

((جوبران خەلیل جوبران))

❖ لە هەندێ لە ئەدیبەكانیان پرسی ووتیان كێ بەختیارترین كەسە ؟

ووتیان :

+ ئەو كەسەی كە تەندروستی باش و بەهێزە.

+ ئەو كەسەی بە دیمەنێكی جوان بەختیارە،بەبێ ئەوەی هی خۆی بێ.

+ ئەو كەسەی بە هەموو دڵو گیانەوە جوانی سرووشتی خۆشبوێ.

+ ئەو كەسەی كە هەژاری و ناخۆشی،بە ئازایەتی و بە قەناعەت و خۆشییەوە پێش وازی دەكا.

+ ئەو كەسەی ناوی باشی پێ باشترە لە زێڕ.

+ ئەو كەسەی ژیانی ساكارەو بیرو ووزەی بەرزە،ئەوانەی دەوڵەمەندی ڕاستین.

+ لە ژیانی هەموو پیاوێکدا،سێ ئافرەت هەیە،ئافرەتێکی خۆشبوێت،ئافرەتێك بیپارێزی، ئارفەتێك کە دەیخوازێ. ((بایکۆن))

❖ لەوەی کە لێی ئەمینی،لەوە بترسە،چونکە تۆ لەوەی دەترسی ئاگاداری. ((الجاحین))

❖ لە خۆشەویستی ئافرەت دوور کەوە،لەرق و کینەی پیاو مەترسە. ((سوکرات))

❖ لە هەموو شتێ گرانتر ئەوەیە مرۆڤـ لە گەڵ خۆیدا هـێمن بێ،هێمنـی لـە گـەڵ کەسانی تردا زۆر ئاسانە. ((ئەدوارد دینسۆن))

❖ لە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی لوقمان :

- هیچ کانگایەك لە زانست بە سوودتر نییە.
- هیچ شتێك، لە ئەدەب قازانجی زۆرتر نییە.
- هیچ هاورێیەك، لە ئەقڵ جوانتر نییە.
- هیچ خوا پەرستییەك،لە بێدەنگی باشتر نییە.
- هیچ خراپەیەك، لە درۆ خراپتر نییە.

❖ لە ژیانمدا خۆشترین کاتم ئەوە بووە،کە لە نێوان کتێبدا بەسەرم بردووە. ((جیمس شارڵی))

- م -

❖ ما دام ماف لە گەڵ تۆدایە مەترسە،ئەگەر هەموو جیهان لە ڕووتا وەستان.

❖ مێرد،ئەو پیاوەیە کە لە تەنیشت ژنەکەیەوە ڕادەوەستێ لە ناخۆشیدا،ئەوەش ڕووی نەدەدا ئەگەر نەی خواستایە.

❖ مردووەکان،چاوی زیندووەکان دەکەنەوە. ((ئینگلیز))

❖ میللەتی بەهێز،لە سەر بەستەکان دروست دەبێ.

❖ من ئیشەکەم خۆشدەوێ،هەر چەندە چەن کاتژمێرێکیش تەماشای بکەم هەرگیز بێزار نابم،چونکە ئەو ژیانمەو پەرستگامە،بیری واز لێهێنانی دڵم دەبچڕێنێ. ((جیرۆم جیرۆم))

❖ من دەس بۆهەمووکەس درێژدەکەم،بەلاّم دلّم بۆ خۆشەویستەکەمە ((هیگۆ))

❖ مرۆڤ کۆیلەی مرۆڤ نییە،بەلاّم هەیشە کۆیلەی پارەیە.

❖ ماچی دوو خۆشەویست وەکو هەنگوینە.

❖ ماچی دەزگیران وەکو میوەیە.

❖ ماچی ژن و مێرد وەکو نانە –

❖ مرۆڤی سەربەست،خاوەنی خۆیەتی بە تەواوی،بۆ میللەتەکەیشێتی بە تەواوی ((عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی))

❖ مێژووی هونەر،مێژووی ڕزگار بوونی مرۆڤە. ((ئەندریە مالرۆ))

❖ من دەزانم چیم دەوێ،چونکە من هەژارم. ((ئەدگار ئەلان بۆ))

❖ ماڵێك،بەبێ کتێب،وەکو ژووری نوستنی بێ پەنجەرە وایە. ((بێشەر))

❖ ماڵ،بەبێ ئافرەت وەکو قەبر وایە. ((گاندی))

❖ مادام ئاسنەکەت گەرمە بیکوتە. ((بلیۆسی بچوك))

❖ منداڵ فێر مەکە ئەگەر تەندروستی باش نەبوو،ئەگەر ویستت شتێك لە دەروونە پاکەکەیدا بچێنێ،ووریابە بە درۆ نەبێ کە خۆتیش بزانی درۆیە. ((جۆن رسکن))

- ❖ مردن لە گەڵ ڕاستیدا باشترە،نەك ژیان لە گەڵ درۆدا. ((ئەرستۆ تالیس))
- ❖ ماف و ڕۆن،هەمیشە بەرز دەبنەوە. ((ئینگلین))
- ❖ من لە سێ ڕۆژنامە زیاتر دەترسم،نەك لە سەد هەزار شەڕکەر. ((ناپلیۆن))
- ❖ ماچ کردن،قەیدی ناکا،تەنها ئەو کاتە نەبێ کە ئەنفلۆوەنزا هەبێ.
- ❖ ماچ کردن لە هەموو زەمانێك و جێگایەك ڕەوایە، لە گەڵ یاسای قەیسەرو گوستنیان وناپلیۆن و یاسای سی نترالّ بارکێشیش.

((لویس برۆدسکی،دادوەری نیویۆرك))

- ❖ مردن،نهێنییەکە،لە نهێنییەکانی سروشت. ((مورقوس ئەنتانیۆس))
- ❖ من،زۆر بیر دەکەمەوە،نەك لە بەر ئەوەی هەژارم،بەڵکو بێ دەسەلاتم لە یارمەتی هاوسێ هەژارەکەم. ((مارك توین))
- ❖ مردن،شەڕی بەلاّ نییە،بەڵکو شەڕ ئەوەیە،داوای مردن بکەیت و دەستت نەکەوێت. ((سۆفۆکلیس))
- ❖ مردن نزیکەو زۆریش تەمەنی نییە،لە بەر ئەوەی تا زیندووی خێر بکە.

((مورقوس ئەنتانیۆس))

- ❖ من،پیاو بە عەقلّ جیا دەکەمەوە نەك بە چاو. ((سنیکا))
- ❖ من،ڕێزی خایەنەکان ناگرم. ((ناپلیۆن))
- ❖ من،چاکە لە کەس قەبولّ ناکەم،ئەگەر نەتوانم ئەو چاکەیە بدەمەوە.

((مارکۆس ئۆر))

- ❖ ماڵی شەڕ خوازان وێران دەبێ و دەواری ڕاستەکان پەرە دەسێنێ.

((سولەیمانلحەکیم))

- ❖ مرۆڤـ،بۆ ئیش کردن دروست کراوە،هەر وەکو باڵدار بۆ فڕین. ((مەسیح))
- ❖ مەزنترین خۆشەویستی،خۆشەویستی دایکە. ((لنکۆڵن))

❖ من سەیرم دێت بەو ژنانە هەندێ جار شوو بە پیاوێك دەکەن و خۆشیان ناوێت و خۆشیان هەڵیان بژاردووە،تەنها لە بەر عینادی خۆی نەبێت.

((سینسەرتراس))

❖ مرۆڤ،بە لاوێتی دەمێنێتەوە، لە بەر ئەوەی ئافرەتێك هەیە خۆشی بوێ و خۆشی بوێت. ((ناپلیۆن))

❖ من لە گەڵ کاتدا لە زۆرانبازییەکی هەمیشەدام،کات زۆر کورتە بۆ ئەوەی ماوە هەبێ ئیشەکانم تەواو بکەم،درێژیشە کە دەمەوێ شتێ بکەم. ((شکسپیر))

❖ مێردی لاڵ و ژنی کوێر،بەختیارترین ژن و مێردن. ((دەنیمارکی))

❖ مرۆڤی تەواو سێ شتی تێدایە :

یەکەمیان هەمیشە پەسەندە.

دووەمیان لە خواوەیە.

سێهەمیان،هەمیشە ئاساییە.

- س -

❖ سەربەست،ئامازەیەكی بەسە.

❖ سەربەستی لە كۆشی زانستدا نەشونما دەكا وەكو ئەو گیا تازەیەی كە بەسەردا سەردەكەوێ. ((ڕۆجیە گاردوی))

❖ سوپایەك لە گوێرەكە،شێرێك لێیان بخوڕێ باشترە، لە سوپایەكی شێر ،گوێرەكەیەك لێیان خوڕێ. ((ناپلیۆن))

❖ سەركەوتن،لێت ڕادەكا،وەكو چۆن (لم) لە نێو پەنجەكانت و ئاو لە ناو گوێلت

دا ڕادەكا،ئەگەر ڕۆژ لە دووای ڕۆژ و شەو لە دووای شەو و سالْ دووای ئاگاداری نەبی و ئیش نەكەیت.

❖ ئەوەی هەمیشە سەیری پشتی خۆی بكا،چاوەڕوانی دوو سالْ هەمیشەیی ئیش

كردن ناكات،دەگەڕێتەوە بۆ گرتنی (لمە)كە بە پەنجەیەیو،ئاوەكە بە دەستی.

❖ سێ شت گرانە،نهێنی شاردنەوە و سەبر كردن لە سەر جنێوو بەكار هێنانی

كاتی دەس بەتالْی. ((ڤۆلتێر))

❖ سوواربووی شێر،دەترسێ دابزێ. ((وێژەی چینی))

❖ سامان و زانست :

لە ژیرێكیان پرسی،كامیان باشترن سامان یا زانست ؟ ووتی :

زانست باشترە ؟

پێی ووت :بۆ دەبینین زاناكان لە بەردەم مالْە دەولْەمەندەكانن،بەلاْم

دەوڵەمەندەکان لەبەردەم ماڵە زاناکان نابینین ؟

ووتی :لە بەر ئەوەی زاناکان ڕاستی سامان دەزانن و دەوڵەمەندەکان سوودی زانست نازانن.

❖ سەبر کردن،باشترین دەرمانە،بۆ هەموو خۆشییەك. ((بلۆتس))

❖ سەبر کردن،دەرمانی هەموو خەفەتێکە ((بیبلۆس))

❖ سوڵتان مەحموود بە سەمعونی ووت،ئامۆژگاریم بکە بە کورتی :ووتی چۆن حەز دەکەی خوا چیت لێ بکا،تۆش ئاوها لە میللەتەکەت بکە.

❖ سەربازێك بە (بلۆبیدس)دەڵێ :کەوتنە نێوان دوژمنانەوە،ووتی بۆ دەڵێی کەوتینە نێوانیانەوە،بۆچی نالێی کەوتنە نێوانمانەوە.

❖ سامان،دەسەلاتێکە هێز دەدات. ((هۆراس))

❖ سەرخۆشی و خراپە وەك یەك وان. ((فیتاغۆرس))

❖ سامانی خۆت پێکەش بکە و ئاگات لە سمانی خەڵکی بێت. ((ژیرێك))

❖ سوڵتان عوسمان لە وەسیەتەکەیدا بۆ ئۆرخانی کوڕی ووتی :کوڕم سوڵتانی بە نازناو سەوڵەجان نییە،بەڵکو بە عەدالەت و چاکەیەتی.

❖ سروشت جوانی داوەتە ژن،وەکو قەڵغانێك بۆ پاراستنی.

❖ ئافرەتی جوان بە هێزە وەکو ئاگرو ئاسن. ((ئاناکرۆن))

❖ سروشت،بە ژنی ووت،ئەگەر دەتوانی جوان بە..ئەگەر ویستت ژیر بە..دایکێکی بەڕێز بە،پێویستیشە وابێت. ((بۆمارشیە))

❖ سەرکێشی ئافرەت پاش شوکردن زەرەری پێدەگەیەنێ،هەروا پێش شوکردنیش. ((ئەدیسۆن))

❖ سەدەی ئێستا داوا لە ژن دەکا ئیش بکەن،وایان لێ دەکا خەو بە بەختیاری و حەسانەوە وخۆشی ببینن،لە شوکردنەکەیان وەکو پلیتی یانەسیب،لە نێوان هەزارەها ژن،یەکێکیان قازانج دەکەن. ((سیمۆن بۆڤار))

❖ سروشت،بە ئافرەت دروستی کردووم،بەلام ئیشەکانم بەسەر ئازاترین پیاودا سەرکەوتووە. ((شاژن سەمیر ئەمیس))

❖ سکی دایك،باخچەیەکە هەموو میوەیەك دەگرێ. ((ئیسپانی))

❖ سۆزانی یەك لەم ژنەیە،ژنێکە هەزار دڵی هەیە،یا ژنێکە یەك دڵی هەیە.

((بەلزاك))

❖ سەدەها ژنم ناسیوە،دەتوانی وای لێ بکەیت قەپ لەئاسنی گەرم بدات،بەلام ناتوانی لە کاتی تورەبونیدا لە سەر ڕایەکی خۆی واز بێنێ.

((مۆنتاین))

❖ سەد چاکە بکەی لە گەڵ ناپیاودا،کە بێ دڵێت کرد دەیدا بە ئاوا.

❖ ساتە بەختیارەکان،زیاتر گەش بین دەبین،یا زیاتر شێتی. ((مارك توین))

❖ سوپاس، بە زمان نابێت،بەڵکو بە کردار و چاکە.

- ف -

❖ فێر بە ئەگەر لە دوژمنەکەتیشەوە بێت. ((ئەڵمانی))

❖ فرمێسکی ئافرەت،ئەو بیرەیە کە تێدا دەمری. ((چینی))

❖ فێری ڕۆیشتن بە،لە کەوتنی زۆرت. ((باستیان))

❖ فرمێسکی منداڵ پاڕانەوەیە،ئەگەر جێ بەجێ نەکرێ دەبێ بە ئەمر.

((ڕۆسۆ))

❖ فێر بە لە بەلای خەڵکی کەوە، بۆ ئەوەی بزانی لە چی دوور دەکەویتەوە.

((بیلیۆس))

❖ فێڵبازی لە ژندا،بەرامبەر هێزی پیاوە. ((دی لانکۆس))

❖ فرمێسکی ئافرەت سەرمایەیەتی. ((بیلی))

❖ فەیلەسوف محەمەد ئیقبال وتی : لە هەموو ئامۆژگارییەك لە ژیانمدا کاری تێکردووم ئەوەبو لە باوکم بیستم (کوڕم قورئان بخوێنە وەکو بڵێی بۆ هاتبێتە خوارەوە).

- ق -

❖ قسەی چاك زمان ناپوشێنێ. ((فەرەنسی))

❖ قین،ئەو دڵەیە،هەرگیز خۆشەویستی نازانێ.

❖ قسەم دنیای پڕ کردووە،باوەڕیشم ئەوەیە ئیشی چاکە بکەم. ((تۆماس))

❖ قین توڕەبوونێکی ناخییە،ئەو کاتە دەردەکەوێ کە مرۆڤ هەست بە بێ دەسەلاتی دەکات.

❖ قولایی خۆشەویستی نازانرێ،ئەو کاتە نەبێ کە بە جێی دێلێ.

❖ قەبر،کۆمەلگەی گشتییە. ((ئینگلیز))

❖ قسەکردن بەبێ بیرکردنەوە وەکو ئەوەیە تیر بهاویت بەبێ نیشان گرتن. ((ئینگلیز))

❖ قەناعەت،کانزایەکە تەواو نابێ. ((عەرەب))

❖ قەڵەم زمانی عەقڵە. ((هیگڵ دەسەرفتش))

❖ قەرز،خەلك لە یەك دوور دەخاتەوە،بەلام هەرگیز قەرزم نەکردووە هەر چەندە پێویستیشم پێی هەبووە. ((ولنتۆن))

❖ قورسترین سزای ژن ئەوەیە،لە کۆشکێکا بەندی بکەیت و ئاوێنەی تێدا نەبێت. ((پۆڵ هەندێت))

❖ قسەی پیاو،تەرازووی ئەقڵێتی.

❖ قورماچی،دزی لە خۆی و برادەرەکانی دەکا. ((م. ع))

- ڕ -

❖ ڕۆژان پێنجن،ڕۆژێکی لە ناو چوو ئەویش دوێنییە،ڕۆژێکی بینراو،ئەوەش ئەمڕۆیە کە تیایدای،ڕۆژێکیش کە دیت،ئەویش بەیانییە،ڕۆژێکیش چاوەڕوان کراو،ئەویش دووا ڕۆژتە،ڕۆژێکی درێژیش ئەویش ڕۆژی قیامەتە.

❖ ڕوح لەم جیهانەدا هەموو شتێك دەکا،ئەوەکانی تر خەیاڵە. ((جۆرج مێریدس))

❖ ڕۆژێك پێیان ووت،ئەوەی پیاو لە ژنی دەوێت لێی تێبگات،ژن قیژاندی بەدەم و چاویداو ووتی: ئەوەی ژن لە پیاوی دەوێت ئەوەیە خۆشی بوێت.

((سوکرات))

❖ ڕەزیل،پیاوێکە لە برسا خۆی دەکوژێ و وەرەسەکەشی بە تورخە دەکوژێ.

❖ ڕەحم کردن لە دڵداریدا،وەکو هەتاوی زستانە،خراپە دەکا،گەرمیش ناکاتەوە. ((ئەتان یای))

❖ ڕاسترین ڕێگا بۆ ئەوەی پیاو خۆی هەڵخەڵەتێنێ،وا باوەڕ بکات لە هەموو کەس زیرەکترە.

❖ ڕۆژی قیامەت سێ شت فریات دەکەوێ،پێغەمبەرەکان،زاناکان،پاشان شەهیدەکان. ((پێغەمبەری گەورەمان))

❖ ڕاڕایی،ئەوەیە خۆری ئەمڕۆ،بخەیتە سەر هەوری سبەی.

❖ ڕێگام بۆگاڵتە ئەوەیە،هەق بڵێم،ئەوش خۆشترین میوەیە لەجیهاندا

((بەرنارد شۆ))

❖ ڕەوشتی باش،وەکو گوڵی (یاسەمین)وایە،بۆنی خۆشی هەیە.

❖ ڕووداوەکان لە ووشە بەرزترن. ((ڤۆڵتێر))

❖ ڕاڕاترین کەس لە بەندیخانەدا،پۆلیسی بەندیخانەکەیە. ((بەرنارد شۆ))

❖ ڕەزیل وەكو هەژار لەم جیهانەدا دەژی،لەو دونیاش حیسابی دەوڵەمەندی لە گەڵدا دەكرێ. ((عەرەب))

❖ ڕەزیل،بێ نرخە،تەنانەت لە لای باڵندەكانی ئاسمانیش. ((یابانی))

❖ ڕەگی خۆشی لە ئازاردایە،ڕەگی ئازاریش لە خۆشی دایە،بەڵام بەختیاری بە هیچ جۆرێ ڕەگی نییە. ((میخائیل نەعیمە))

❖ ڕێزی ئافرەت پێویستە لە لایەن پیاوی ژیرەوە. ((لامارتین))

❖ ڕاستی بە ئەقڵ و دڵیش دەزانین. ((باسكال))

❖ ڕاستی قورسە لە بەر ئەوە هەڵگری كەمە. ((بۆلانۆ))

❖ ڕەش بین،ئەو كەسەیە،كە بەندینخانەیەك لە هەوادا دروست دەكا.

❖ ڕێزی خەڵك بگرە،خەڵكی ڕێزت دەگرێ،هیچ شتێك لە دونیادا لە سەخیەتی باشتر نییە،ئەگەر بەشی خەڵكیت دا بەختیاری،سەخیەتی دووروونەوەی ژیانە،خوا سەخییە،تۆش سەخی بە،چونكە سەخی خۆشەویستی خوایە.

❖ ڕێزی قسەكانت بگرە زیاتر لە سوێندەكانت و هەرگیز درۆ مەكە،گاڵتەش بە شتی گرنگ مەكە. ((دیۆ گنیس))

❖ ڕاست گۆیی باشترین بەڵگەیە. ((سۆفۆكلیس))

- ش -

❖ شەرم کردنی پیاو،ئەگەر لە جێی خۆیدا نەبێ،بێ دەسەلآتییە. ((عەرەب))

❖ شارستانییەت،هیچ نییە تەنها ئەوە نەبێ،کە کارێکە بۆ ئەوەی فێری نەرم و نیانی بی. ((جارلس لۆکاس))

❖ شتێك هەیە هەمیشە بەردەوامە و ناڕوا،ئەویش ئەخلاقە.

((هوزاس کریلی))

❖ شەڕ بە شەڕ بەربەرەکانی مەکەن. ((تۆلستۆی))

❖ شەڕەکان،میللەتان هەڵدەسێنن. ((لۆرد ولتۆن))

❖ شیعرو پەیکارتاشی و وێنە چۆنە،ژیانیش شتی جوانی بە نرخی تێدایە.

((ئۆسکار وایلد))

❖ شەرم و بێدەنگی بۆ ژن جوانترین ڕازاوەیە.

❖ شەش شت لە سەر مرۆڤــ گرانە :خۆی بناسێ،عەیبی خـۆی بزانێ،نهێنــی خــۆی بـشارێتەوە،ئارەزووەکانی بــەجێ بهێڵــێ،دژی سکـسییەکەی بێت،ئــەوەی پەیوەندی بەوەوەیە لێی گەڕێت. ((یەکێ لە ژیرەکان))

- خ -

❖ خیرا بمریت چاكترە لەوەی چاوەڕوانی مردن بكەیت.

❖ خۆشەویستی و مالی دونیا سەرچاوەی هەموو خراپەیەكە.

❖ خوایە، ئەو مرۆڤە چەندەگەمژەیە،كە یەكەم ماچی داهێناوە.

((جۆناسان سویفت))

❖ خەڵكی ئیشەكانی مردوو وەبیر ناهێننوە،تەنها ئیشە خراپەكانیان نەبێ بەلاَم ئیشەباشەكانیان لە گەیاڵیاندا گۆڕی دەكەن. ((شكسپیر))

❖ خۆهەڵكێش گوی لە دەنگی حەق و ڕاستی و ئاین ناگرێ. ((ناپلیۆن))

❖ خۆشی مامۆستا ئەو كاتەیە كە دەبینێ بیرو باوەڕەكەی بە تەواوی بە قوتابیان گەیشتووە.

❖ خۆشەویستی ڕاستی تەواو نابێ ئەگەر خۆشەویستەكە،بەختیار نەكەی.

((هیلۆبر))

❖ خراپەی برادەرەكانت لە بیر بكە،برادەریتان بەردەوام دەبێت.

((عەرەب))

❖ خەڵكی لایەنگری تۆڵەسەندنەوە زیاتر دەگری لەوەی هەوڵی پاداشت دانەوەی بدات. ((ئینگلیز))

❖ خۆشەویستی ئافرەت ئیعتراف بە پەیمان و داب و نەریت و واجیبات ناكات،تەنها بەو ئاگرەدا دان دەنێت كە دەیسووتێنێ.

((ئەتیان رای))

❖ خۆشەویستی ئافرەت بۆخۆی،وەكو دەریایەكی بێ سنوورە. ((ویلیس))

❖ خۆشەویستی پیاو،بە قسە دەردەكەوێ،بەلاَم ئافرەت بە فرمێسك و ماچ.

((بیرۆن))

❖ خۆشەویستی بەهاری ئافرەتەو پایزی پیاوە. ((هێلین رۆلاند))

❖ خۆشەویستی گوڵێکە،ئافرەتیش دڕکەکەیەتی. ((شۆپنهاوەر))

❖ خۆشەویستی ئافرەت،دان بە پەیمان و عادات دا نانات.

❖ خۆشەویستی ئافرەت،دان بە پەیمان و داب ونەریتا نانێت،تەنها بەو تەلە شقارتەیە نەبێ کە دەیسوتێنێ. ((ردیارد کبلنگ))

❖ خۆشەویستی زۆرانبازییە،ئافرەت بەسەر کەوتووانە لێی دەردەچێ ئەگەر ویستی. ((لابرویێر))

❖ خۆشەویستی مێژووی ئافرەتە،وەکو مانگ وایە ئەگەر لە زیاد بووندا نەبێ بەرەو کەمی دەڕوات. ((سیگار))

❖ خوا ئافرەتی جوان کردووە،بەڵام ئەهریمەن وایان لێ دەکا ببنە هۆی فیتنەیی.

((فیکتۆر هۆگۆ))

❖ خوێندەواریی کەم بۆ ژن وای لێ دەکا مەغرور بێت و خوێندەواری زۆر وای لێ دەکا موتەوازع بێت. ((مارسیل بریفۆ))

❖ خولاسەی ژیانی ژن،خۆشەویستی و ئازار و ئیخلاس و لە خۆبووردنە.

((ئەنوریە دی بەلزاك))

❖ خەڵکی هەمیشە شکات لە سروشت دەکەن چونکە دڕکی ناوەتە نێوان گوڵ،ڕاستیش ئەوەیە سوپاسی سروشت بکەین چونکە دڕکی ناوەتە نێوان گوڵەوە.

❖ خۆشەویستی چەند سەیرە،بەختیاریمان لە ناخۆشی بۆ دەرئەکاو ناخۆشیمان لە خۆشی بۆ دەر ئەکا.

❖ خۆشەویستی،بە خۆشییەوە دووان بەیەکەوە دەبەستێ،لەهەمان کاتدا،سەربەخۆیی وبوونی دەپارێزێ. ((ئەریك فرۆم))

❖ خۆشەویستی،وەك ڕوناکی وایە جارو بار ڕەحمان پێدەکەن و جاروباریش ئازارمان دەدەن. ((کەمال شەناوی))

❖ خۆشەویستی،دەرگایەکە هیچ کەس نایکاتەوە،ئەوانە نەبێ کە بە وەفان.

❖ خۆشەویستی،هەستێکی پیرۆزی مرۆڤایەتییە،مرۆڤایەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بەختیاریشیان دەداتێ. ((کریستۆفەر))

❖ خۆشەویستی،لە لای پیاواندا هەست نییە،بەلآم بیرە. ((ئەرستۆ))

❖ خۆشەویستی،میوانێکە،بەبێ گەڕانەوە،سەفەریشی کرد ناگەڕێتەوە.

❖ خەڵکێك بگرە و بەردە دەکەن بۆ ئەوەی تێبگەن،خەڵکیش تێگەیشتووە بۆ ئەوەی بگرەو بەردە بکەن،زۆریشمان،بگرەو بەردە بۆ بگرە و بەردە دەکەین.

((عەرەب))

❖ خۆشەویستی،هەوەڵی ووشەیەکە و کۆتایی چیرۆکێکە بۆ هەوڵی ژن هێنان.

❖ خۆشەویستی،زۆر شت دەکا،بەلآم سامان هەموو شتێك دەکا.

((فەرەنسی))

❖ خۆشەویستیت مەدە بە یەکێك وەفای نەبو.

❖ خۆشەویستی،وەکو دار گوڵ وایە،هەرکاتێ گوڵێکی سیس بو چرۆیەکی تر دەردەکەوێ.

❖ خەڵکی وەکو ئاو وایە،ئاو هەمووی هەر یەکە،بەلآم لە نێوان ئاوەکاندا هەیە تەسکەو هەیە توندەو هەیە لە سەر خۆیە،یا پاکە یا ساردە یا لێڵە،یا گەرمە.

((تۆلستۆی))

❖ خۆشەویستەکەم،هەموو سەوزایی باخچەی دزی و لە نێوان هەردوو پێڵویدا شاردییەوە. ((ئیلوار))

❖ خۆشه‌ویستی نه‌خۆشییه‌،له‌ش ساغه‌كان ئاره‌زووی ده‌كه‌ن.

((ئه‌لمه‌نفه‌لۆتی))

❖ خۆشه‌ویستی،وه‌كو مردن وایه‌ نه‌ دان به‌ چینایه‌تیدا ده‌نێ و نه‌ به‌ سامانیدا.

((باینۆن))

❖ خۆشه‌ویستی بێده‌نگی،جوانترین دڵدارییه‌،به‌ڵام خۆكوشتنێكی له‌ سه‌ر خۆیه‌.

((مارك توین))

❖ خۆشه‌ویستی لاوان له‌ قولایی دڵه‌وه‌ نییه‌،به‌ڵكو له‌ چاوییانه‌وه‌یه‌.

((شكسپیر))

❖ خۆشه‌ویستی نامرێ، له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی ژیان به‌رده‌وامه‌.

((ئه‌كته‌ر هاله‌ فوئاد))

❖ خۆشه‌ویستی،گرنگترین شته‌ له‌ جیهاندا. ((ئه‌كته‌ر یوسرا))

❖ خراپترین جۆری جه‌ور ئه‌وه‌یه‌،كه‌ بڵێت له‌ وێدا عه‌داله‌ت هه‌یه‌.

((ئه‌فلاتون))

❖ خوێندنه‌وه‌،هه‌موو نه‌خۆشییه‌كانی ژیان له‌ بیر ده‌باته‌وه‌. ((سنیكا))

❖ خۆشه‌ویستی،هه‌وه‌ڵی هه‌موو شتێكه‌و ناوه‌ڕاستێتی و كۆتایشه‌.

((لاركۆریۆ))

❖ خراپترین پیاو ئه‌و پیاوه‌یه‌،كه‌ باوه‌ڕی به‌ ژنه‌كه‌ی نییه‌،به‌وه‌ خۆی بێ نرخ ده‌كا به‌بێ ئه‌وه‌ی بزانێ. ((مارگریت))

❖ خۆشه‌ویستی،به‌رز ده‌بێ و داده‌به‌زێ،نایه‌ڵێ پیاو وه‌كو خۆی بێ.

((گۆستاف لۆبۆن))

❖ خۆشه‌ویستی وه‌كو شێر هێرش ده‌بات و وه‌كو مه‌ڕ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌.

((هۆگۆ))

❖ خۆشەویستی،باڵندەیەکە تەنها دانی دڵ دەخوات. ((بریفۆ))

❖ خۆشەویستی،شۆڕشی دڵی داڕێژراوە هەرکاتێکیش مرۆڤ گریا بەردێك لە بینای لە خۆ بایی دەڕوخێ. ((لامارتین))

❖ خۆشەویستی،ئەوەیە بە دڵ پەیوەستی بێ و باشتریش وایە بە ئەقڵت بێ.

((ژیرێك))

❖ خۆشەویستی بە هێز زنجیر دەکاتەوەو کۆتیش دەشکێنێ.

❖ خۆشەویستی،ڕاڕایی ژیانەو برادەری هێمنی ئیسراحەتە. ((نن))

❖ خۆشەویستی،بنکەی ژیانە،ئەگەر ئەوەش نەبوایە ژیان دروست نەدەبو.

❖ خۆشەویستی،هەستێکە لە ناو دڵدا جێی خۆی دەکاتەوە ڕۆحیش تا دووا تەمەن تیر دەکات. ((فەرید ئەلئەترەش))

❖ خۆشەویستی،کتێبێکی بە نرخە،نیشانەی ماچە.

- ن -

❖ نەزان دوژمنی خۆیەتی،ئیتر چۆن بە هاوڕێی یەکێکی تر دەبێ.

((ئەرستۆ))

❖ نە قەرز دەکەم،نە قەرز دەدەم،چونکە قەرز ڕێگەیەکە بۆ خراپ بوون.

((شکسپیر))

❖ نەزانێکی سەخی،لای خوا خۆشەویسترە لە خوا پەرستێکی ڕەزیل.

((ژیرێك))

❖ نابێ هەرگیز ئیش و کشتوکاڵ لە کاتی خۆی دا دووا بخەی،ئەگەر هەلت لە دەس دەرچوو ناگەڕێتەوە.

❖ نابلیۆن ووتی :من لە شەڕی (ئەرکولا) سەرکەوتم بە بیست و پێنج سوارەوە،چونکە من ئەو هەلەم بە کار هێنا کە دوژمن ماندووبوون و بەو ژمارە کەمەوە سەرکەوتم بەسەریاندا،شوپای شەڕکەریش لە دوو زۆرانباز دەکەن،ئەگەر یەکێکیان هەڵەیەکی بچوکی کرد،ئەوی تریان ئەو هەڵەیەی لە دەس نەدا بەسەری دا سەردەکەوێ،هەروا ووتی :جارێکیان (نەمساوی)یەکانم شکاند چونکە گوێیان بە کاتیان نەدا.

❖ نهێنی بە ڕای ئافرەت دووانە،نهێنییەك کە لای ئەو هیچەو پێویست بە شاردنەوە ناکا،نهێنییەکیش لەوە گەورە تر بشارێتەوە.

❖ نەزان سوورە لە شتەکەو زانا بە گومانە و ژێر پەلە ناکا. ((ئەرستۆ))

❖ ناودارێتی،بەری هەوڵدانە. ((ڕێلّندن))

❖ نەزان چی دەڵێ با بڵێ،چونکە زانست نرخێکی هەیە و ئینکار ناکرێ.

❖ ناخۆشترین خەفەت ئەوەیە،ڕۆژانی خۆشی و شادیمان بیرکەوێتەوە لە کاتی ناخۆشیدا. ((دانتی))

❖ نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە،بزانین چەندێ کاتمان پێویستە بۆ سەرکەوتن.

❖ نیشتمانی ئافرەت پیاوەکەیەتی. ((ڕووسی))

❖ ناخۆشی وخۆشی ژیانم چەشت،ناخۆشی و خۆشی،وەك یەكن لە شرین و تاڵیدا.

((نەجیب ولڕەیحانی))

❖ نیشتمان پێش ڕوحە،چونکە ئەو بارەگای حەسانەوەتە.

((وێژەی حەبەشی))

❖ نیشتمان پەروەریتی هەستە لە ناخەوە زیاد دەکاو گڕی لە دڵدا زۆر دەبێ،ئەو کاتەی خەم و خەفەتی وولآت گەورە بێ و زیاد بکا.

((مستەفا کامیل))

❖ نابێ ئەوەی دەیزانی بیلێی،بەلآم ئەوەی دەیلێی دەبێ بیزانی.

((کلۆدیۆس))

❖ نهێنی شاردنەوە گرانە،لەوەش گرانتر ئەوەیە بلآوی بکەیتەوە.

❖ نهێنی خۆت بە خزمەکارەکەتیش مەڵێ. ((وێژەی یابانی))

❖ ناخۆشی پیاو دروست دەکا،بەختیش دڕندە دروست دەکات.

((فەرەنسی))

❖ ناوی باش،لە زنجیری زێڕ باشترە.

❖ نامەوێ بژیم بە هەستێکی بەستەڵەکی، لە بەر ئەوە باوەڕم هەیە بە خۆشەویستی زانیاریانە. ((ڕەغدە))

❖ نان و خۆشەویستی، جیهان دەجولێنێ. ((شیلەر))

بەشی شەشەم

پێشەکی

خوێنەرانی ئازیز و خۆشەویست،داوایەکی زۆر لە لایەن هەندێ کەس و برادەران و ناسیاو داوای بەردەوام بونیان دەکرد دەربارەی (وتەکانی ژیان)، لە ڕاستیدا بەشی شەشەم ئامادەم کردبو کە هەمووی ووتەی ئینگلیزە هەر چەندە بڕیارم دابو کۆتایی پێبێنم ئەوا بەشی شەشەمم چاپ کرد،هیوادارم جێی ڕەزامەندیتان بێت.

بەڕاستی من زویرم لە وانەی کە بە ئاشکرا دزی ئەدەبی دەکەن و کتێبی یەکێکی کە چاپ دەکەن وبە ناوی خاوەنەکەیەوە،کە خاوەنەکەی ئاگای لە هیچ نەبووە وبە بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی چاپ کراوە،ئەمەش دیاردەیەکی ناشیرینە.

هەر بۆ نموونە هەر دوو بەشی یەکەم و دووەم لە ووتەکانی ژیان لە ساڵی ١٩٩٨ لە هەولێر ژمارەی سپاردن (١٦٢)ی دراوەتێ کەچی فەرمانبەرەکانی هەولێر ئاگاداری ئەو ژمارەیە نین سەیر تریش لەوە لە دووا لاپەڕەی بەشی یەکەمدا نووسیویەتی مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ نوسەرەکەی.

جا کاکی برا تۆ بە چ مافێ ڕێت بە خۆت دا کە نوسراوە (مافی لە چاپدانی)پارێزراوە بە چ مافێك (خ) تۆ ئەو دزییە دەکەی، من لە هەموو ئەوانەی ئەو کتێبە یان کڕیوە پێیان ووتم کە تۆی. سەیر تریش لەوە بەشی یەکەم ناوی

چاپخانەکەش نەنووسراوە تا ڕادەیەکیش ناوی چاپخانەکەشیان پێم داوە کە لە سلێمانی کراوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم هەر کەسێ بەبێ ڕەزامەندی کتێبی منی لە لابێ مۆری منی پێوە نەبێ بە دزی دەزانم بە پێی یاسا تاوانباری دەکەم.

محەمەد عبدولڕەحمان زەنگنە

کەرکوك ٢٠٠٧

- ئا -

❖ ئافرەت لە شەڕدا، لە پیاو ژیر ترن.

❖ ئاسنی سارد، دەکوتیٚ.

❖ ئافرەت شەریکە، هیچ چارەش نیە.

❖ ئافرەت، ئەو کاتە پێدەکەنیٚ کە دەتوانیٚ،بەلاٌم ئەو کاتەی بیانەویٚ دەگرین.

❖ ئایا دەتوانی لە (لم) ڕۆن دەربکەی ؟

❖ ئافرەتی ناشرین،ئەگەر جلی باش و جوان لە بەرکەن،زیاتر ناشرین دەبن.

❖ ئاوی زۆر،ناتوانیٚ دلّداری کوێر بکاتەوە.

❖ ئاگرێك مەکەرەوە، کە نەتوانی بیکوژێنیتەوە.

❖ ئامۆژگاری بە نهێنی بکەو، مەدح کردن بە ئاشکرا.

❖ ئامۆژگاری هەموو کەس بکە، بەلاٌم کەفیلی کەس مەکە.

❖ ئاگر و ئاو دوو خزمەکاری باشن،بەلاٌم دوو مامۆستای خراپن.

❖ ئامۆژگاری و خوێی،بە کەس مەدە ئەگەر داوات لێنەکرا.

- ئە -

❖ ئەی پزیشك، خۆت چارە بکە.

❖ ئەوەی لە قەرز کردن دوور بکەوێتەوە،لە خەتەر دوور دەکەوێتەوە.

❖ ئەو شتە کەمەی لە دەستایە، لەو شتە زۆرەی کە چاوەڕوانی دەکەی باشترە.

❖ ئەوەندە بخۆ کە پێت خۆشە، ئاو بخۆرەوە کەمە کەمە.

❖ ئێشی ئازایەتی، پێویستی بە شەپیور نیە.

❖ ئیش کردن، خۆی ژیانە.

❖ ئەو هەورانەی خۆر دروستی کردووە، خۆر دەشارنەوە.

❖ ئەوەی ئەگەر بانگ نەکرابێ، خواردنی بۆ دانانرێ.

❖ ئیش و جولە، ئەقڵ بەهێز دەکا، بەڵام وانەی لاوازی دەکا.

❖ ئەوەی لە سەرتە بیکە، پاشان داوای حەقی خۆت بکە.

❖ ئەگەر پیاوێك لە کاتی تەنگانەدا ئامۆژگاری کردی، باوەڕی پێمەکە.

❖ ئەو خواردنەی بۆ پیاوێك خۆشە، بۆ یەکێکی کە ناخۆشە.

❖ ئەگەر پێویستیت بە ئامۆژگارییەکی باش بو، پرس بە پیاوی بەساڵاداچوو بکە.

❖ ئەگەر میوەت ویست، فێر بە چۆن سەر دەکەویت.

❖ ئەگەر سەرنەکەوتی، دووەمین جار هەوڵ بدە.

❖ ئەگەر ویستت لە یەك کاتدا دوو ئەسپ بگریت، هەر دووکت لە دەست دەڕوا.

❖ ئەگەر نەتوانی قسەی باش بکەی، قسەی خراپیش مەکە.

❖ ئەو شتانەی کە بە حەرام دەستت کەوتووە، بەر ناگرێ.

❖ ئەوەی کە بە فێڵ دەستت دەکەوێ، پەنجەی مرۆڤ دەسووتێنێ.

❖ ئەوەی پێش بکەوێ، ئەو یەکە کەسە دەبێ کە خواردنی بدەنێ.

❖ ئەو سەگانەی زۆر دەوەڕن، کەمجار قەپاڵ دەگرن.

❖ ئەو میوانانەی بە ڕۆژ دێن، ڕێزیان لێدەگیرێت.

❖ ئەوەی چاکە بکات، بە ڕێی دێت.

❖ ئەوەی ترشی نەچێژێت، تامی شیرینی نازانێت.

❖ ئەوەی لە کاتی خۆیدا شتێك دەدات، وەکو ئەوە وایە دوو قات بێت.

❖ ئەوەی نەزانێ پارەو پولی چۆن خەرج بکات، ئەو کەسە شایستەی نیە.

❖ ئەو کەسەی بە بەختیاری بژی، تەمەنی درێژ دەبێ.

❖ ئەوەی قەرز بە برادەرەکەی بدا، برادەرەکەی لە کیس دەچێ.

❖ ئەوەی ئەوەندە بخوات تاکو نەخۆش دەکەوێ، پێویستە بەڕۆژو بێت تاکو چاك بێتەوە.

❖ ئەوەی تورە بێت، زۆر کەم دەحەوێتەوە.

❖ ئەوەی هێلکەیەك بدزێ، گایەکیش دەدزێ.

❖ ئەگەر یەکێك برادەری زۆر بو، برادەری نیە.

❖ ئەگەر من خۆم بە گەورە بزانم و تۆ خۆت بە گەورە بزانی کێی خۆڵەکەوە دەکوژێنێتەوە.

❖ ئەگەر دوو برادەری موخلیس پێکەوە بوون، خودا سێیەمیان دەبێ.

❖ ئەوەی شاردراوە بێت، هەر بڵاو دەبێتەوە.

❖ ئەوەی ڕاست نەبێت هەڵەیە.

❖ ئەگەر پشیلە نەبو، مشکان تلیلیانە.

❖ ئەوەی بە باشی دەستی پێبکرێت، کەوابو نیوەی تەواو بووە.

❖ ئەوەی مرۆڤــ دەیەوێ، بە ئاسانی باوەڕی پێدەکا.

❖ ئەگەر ئیشەکەت دوو جار کرد، هەموو خەڵکی ژیرن.

❖ ئەوەی لات جێگیر بوو، بە زوویی پێت ناگۆڕدرێت.

❖ ئەوەی ناتوانرێت بگۆڕدرێت، پێویستە لێی بێزار نەبێت.

❖ ئەوەی منالْ لە مالّەوە دەیبیسێت، یەکسەر لە دەرەوە بلاّو دەبێتەوە.

❖ ئێمە کە منداڵ بوین هەڵەمان دەکرد، بەڵام کە گەورە بوین پەشیمان نابینەوە.

❖ ئێمە ئەوەندە مەیوس و بێبەخت نین، بەو جۆرەی بیری لێدەکەینەوە.

❖ ئەگەر دەست بلاّو نەبیّ، هەژار نابی.

❖ ئەقلّت وەکو قەڵغان بەکار بێنە، نەك وەکو شمشێر.

❖ ئەگەر (با)ت هەڵیکرد، بیقۆزەوە.

❖ ئەوەندە خراپ نیە، وەکو دەر دەکەویّ.

❖ ئەوەی بژی، دەبینیّ.

❖ ئەو ڕێگەی بۆ (بابل) دەڕوا ناتگەیەنێتە (قودس).

❖ ئەو مرۆڤەی کە داوای مافی خۆی ناکا، بە زیندۆیەتی مردووە.

❖ ئەوەندە بەرز دەبیتەوە، ئەوەندەش دێیتە خوارەوە.

❖ ئەوەندەی بە سەر خۆتا زالْ دەبیّ، گەورەترین سەرکەوتنە بەسەر خەڵکی تردا.

❖ ئەو کەسەی ئیشی نەبیّ، شەیتان ئیشی بۆ دەدۆزێتەوە.

❖ ئەگەر زۆر قسەت کرد، هەڵەش زۆر دەکەی.

❖ ئەوەی هەموو خەڵکی دەڵیّ، ڕاستە.

❖ ئەوانەی لێرە نین، هەمیشە هەڵەن.

❖ ئەو دارە ڕاستانە، ڕەگەکانیان گێڕە.

❖ ئەگەر دار بەکار نەهێنین، منداڵ لە ڕێگە دەردەچن.

❖ ئەگەر کەش و هەوا باش بو ئەرز بکێڵە، چونکە تۆ نازانی سبەی چی دەبێت.

❖ ئەو ئافرەتە ناخوازم کە یەك عەیبی هەبیّ، ئەو ئافرەتە دەخوازم کە دوو عەیبی هەبیّ و هەر کەس بیّ.

❖ ئەوەی بە پەلە بێت، بە پەلەش دەڕوا.

❖ ئێش و ئازار لە بیر دەچیّ، کە قازانج دەسکەوت.

❖ ئەوەی ئاوێنەکەت پێت دەڵێت، هیچ برادەرێکت پێت ناڵێت.

❖ ئەی گەدەم پڕ بویتە، ئێستاکە ئیش بکە.

❖ ئەگەر ویستت نهێنی لە ناخۆشی و خۆشیدا بۆی بگەڕێ.

❖ ئەگەر ویستت قیمەتی پارە بزانی، برۆ کەمێك پارە قەرز بکە.

❖ ئەو ئیشەی زوو تەواو دەبێ، خۆشحاڵمان دەکا.

❖ ئەوەی خۆشتی دەوێت، ئامۆژگاریەکەی بنوسە، دوور نیە لەم کاتـەی ئیـستەدا قەبوڵی نەکەی.

❖ ئەو کەسەی لە دوواجاردا پێدەکەنێ، زۆر باش پێدەکەنێ.

❖ ئەگەر دوو کەس یەکێکیان ژیر بێت، هەر دووکیان بەختیار دەبن.

❖ ئیرادە هەبێ، ڕێگا لە وێیە.

❖ ئەگەر قسە سودی نەبوو، لێدان سودی دەبێت.

❖ ئەگەر لە (ڕۆما)بویت، ڕۆمانیەکان چی دەکەن، تۆش وا بکە.

❖ ئەگەر (مەی)لە سەری دا، ئەقڵ دەردەچێ.

❖ ئەگەر ئاسن گەرم بوو، ئەو کاتە کاتی لێدانێتی.

❖ ئەگەر خەفەت نوستبو، هەڵی مەسێنە.

❖ ئەوانەی بێئیشن، لە هەموو کەس زیاتر ماندوون.

❖ ئەگەر ئامۆژگاری سوودی نەبوو، داریش سوودی نیە.

❖ ئەگەر پیاوەکەت لێی کەوت، هەموو کەس پێی بەسەریدا دەنێ.

❖ ئەگەر کەیف خۆش زۆر بو، دەبێتە هۆی ناخۆشی.

❖ ئەوەی درەنگ بنوێت، بەیانی درەنگ هەڵدەسێت.

❖ ئەوەی ئەمڕۆ پێتدەکرێ، مەیخەرە سبەی.

❖ ئیشی باش بەردەوام دەبێ، ئەوەی بە پێچەوانەی ئەوەوە بو نامێنێ.

❖ ئەوەی بیەوێ سەرکەوێ بە سەر هەموو کەسێکدا، هەموو کەسێ دەدۆڕێنێ.

- پ -

❖ بە سەبر کردن، هەموو شتێك دەتوانی بکەی.

❖ بەخێر بێت ئەی شەڕ، ئەگەر بە تەنهای.

❖ بە دانسقەیی بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە هەڵخەڵەتاوین.

❖ بمانەوێ برادەرمان هەبێ بەبێ هەڵە، ئەوە نادۆزیتەوە.

❖ بێدەنگی ناماقوڵ، شێتیە.

❖ بێستانی چاکە، سیس نابێتەوە.

❖ بەهێز بوون، لە یەکگرتندایە.

❖ بە هیچ شتێك باوەڕ مەکە، تاکو بە چاوی خۆت نەیبینی.

❖ بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژێ.

❖ برادەری لە گەڵ ئافرەتانا، قوتابخانەی ئەدەبە.

❖ بەیانان بۆ شاخ بڕۆ، ئێواران بۆ کانی.

❖ برادەری کۆن، باشترین ئاوێنەیە.

❖ باوك بە مردنی منداڵێکی ئاخ و داخێکی زۆر دەخوا لە وەی بزەیەك بیگرێ کە منداڵی زۆری دەبێ.

❖ باوك چۆن بێ منداڵیش وا دەبێ.

❖ برادەرەکانت بە باشی باسیان بکە، هیچ شتێك دەربارەی دوژمنەکەت مەڵێ.

❖ بە یەکگرتنمان بەردەوام دەبین، کە یەکمان نەگرت دەڕوخێین.

❖ بێدەنگی، ڕازی بوونە.

❖ بێدەنگی زیرەکییە، کاتێك قسە جۆرێك لە شێتی بێت.

❖ بە دەستێ بڵاو بکەرەوەو بە دوو دەس کۆبکەرەوە.

❖ بەردی کلۆ بو، گیا لە گەڵ خۆی کۆناکاتەوە.

- برۆ بۆ نووستن بە برسێتی، باشترە لەوەی هەڵسی و قەرزار بیت.
- بێدنگ بە باشترە، لەوەی ئەگەر گوێت لێنەگرن.
- بە تەنها دانیشی باشترە لەوەی لە گەڵ خراپەکاراندا دانیشی.
- برادەر لە کاتی تەنگانەدا دەر دەکەوێ.
- بەرانگیر خەتەر بەرەوەباشترە لە ترسێکی هەمیشەیی.
- بە نەرم و نیانی، هەموو دەرگایەك دەکرێتەوە.
- بەو بەشە ڕازی بە، کە پێت دراوە.
- بە پێی بەڕەکەت، لاقت ڕاکێشە.
- بەرگەی شەڕ بگرەو، چاوەڕوانی خێر بە.
- ببە بە برادەری خۆت، خەڵکانیش بە برادەرت دەبن.
- باوەڕ پێکردن، کێو لە بن هەڵدەتەکێنێ.
- بە هیچ مرۆڤێك مەڵێ بەختیارە، تا نەمرێ.
- باوەڕ، هاوڕێی سەرکەوتنە.
- باوەڕ بە برادەرێك مەکە، لە کۆتاییدا بە جێت بهێڵێ.
- با برادەر بین، بەڵام کیسەمان جودابێت.
- برادەرت کەم بێت و ناسیاوت زۆر بێت.
- برسێتی، لە دیوارەوە دەردەچێ.
- بۆ هەموو ئازارێك، بۆ لای پزیشك مەڕۆ، بۆ هەموو شەڕێك بۆ لای پارێزەر مەڕۆ بۆ لای هەموو کوپەیەك ئاو خواردنەوە مەڕۆ ئەگەر تینوت بو.
- بێ ئیشی هەمیشە، حەسوودی بە ئیش دەبا.
- بە مۆمەوە بە دوواتا، دەگەڕام.

- پ -

❖ پاداشتی چاكە، هەر چاكەیە.

❖ پەیوەندی خراپ، ئاكار تێكدەدات.

❖ پیاوی باش، چاكە بە چاكە دەداتەوە، پیاوی خراپ زیاتر داوا دەكات.

❖ پێدان لە گەڵ ڕووخۆشی، دوو دەس كەوتە.

❖ پیاوی برسی، تورەیە.

❖ پێش ژن هێنانت، ماڵێكی باشت هەبێ تێدا بژیت.

❖ پیاوێك ئەگەر مێشكی نەبو، بە ڕاستی ئاژەڵێكە.

❖ پیاوێك دە منداڵ بەخێو دەكات، بەڵام هەر دەیان باوكیان بەخێو ناكەن.

❖ پێت سوڕا باشترە، لەوەی زمانت بسوڕێ.

❖ پیاوێكی تەمەن گەورە، لە ماڵەوە بەڵگەی خێرە.

❖ بۆ ڕۆژ هەلات و ڕۆژ ئاوا بڕۆیت، ووڵات لە هەمووی باشترە.

❖ بەڵێنی دوژمن، دووا دەكەوێ.

❖ پیاوی خراپ، دان بە چاكەدا نانێت.

❖ پێویستە ئاشتی كۆتایی هەموو شەڕێك بێت.

❖ پیاوانی بەخت دار، پێویستیان بە ئاگاداری نیە.

❖ پێویستی، دان بە یاسادا نانێ، ئەوەی زەرور بێت قەدەغە كراویش بە باش دەزانێ.

❖ پەنجەكانی دەس لە یەك ناچن.

❖ پارە خەرج كردن لەوە خراپترە كە پارەت نەبێ.

❖ پێویستە لە سەر نەشتەرگەرەكان، چاوی هەڵۆیان هەبێ و دڵی شێر و دەستی ئافرەت.

- پێپلكە بە دوای پێپلكە، سەر دەكەوێتە سەرەوە.
- پێویستە چاكەتەكەت، بە قەد قوماشەكەت ببڕیت.
- پێویستە لاوەكان فێر بن، كاتێ بە ساڵەچووەكان ئیش دەكەن.
- پێویستە بە قەڵەوی و لەڕی ڕازی بیت.
- پێویستە لە سەر ئافرەت لە ژیانا ئامۆژگارییەكانی جێ بەجێ بكات، بەلاّم كە مرد ناتوانێ.
- پێویستە ئەو چاكانەی لە گەڵ خەڵكدا كردوومانە یادی بكەینەوە، بەلاّم نابێ ئەو چاكانەی لە گەڵماندا كراوە لە بیری بكەین.
- پێویستە یاری بكەین بۆ ئەوەی بژین، نەك بژین بۆ ئەوەی یاری بكەین.
- پێداویستی، دایكی ئیشە.
- پشت گوێ خستن، پیاو بەرەو مەیوسی دەبات.
- پیاو خراپان، خۆیان بە گەورە دەزانن لە پیاو چاكان.
- برادەرەكەت تاقی بكەوە، پێش ئەوەی باوەڕی پێبكەی.
- پێویستە قەڵەمی زمان، بكرێ بە مەرەكەبی دڵدا.

- ج -

❖ جێی پێت دیاری بکە، پێش ئەوەی هەنگاو بنێیت.

❖ جەنگ چەندە ئاسانە، بۆ ئەوانەی تەماشا دەکەن.

❖ جەنگ خوانی مردنە.

❖ جلەکان، کەم مەکەرەوە، تاکو مانگی نیسان تەواو دەبێ.

❖ جل و بەرگی جوان هەموو دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە.

- چ -

❖ چاکەو خۆهەڵکێشان،دوو ئامرازی جیاوازن،بەلاّم هەردوو کیان نان بە هەژار دەدەن

❖ چاکە بکەو فڕێی دە دەریاوە.

❖ چاو دەبینیّ و، دەست ئیش دەکا.

❖ چ تاوانێك گەورەترە، لە وەی کات وون بکەی ؟

❖ چاو مرواری دەم و چاوە.

❖ چەندە تەمەنت گەورەبو، بەردەوام بە لە خوێندن.

❖ چاکە لە گەڵ هەژاراندا بکە، سامانت زیاتر دەبێ.

❖ چەند ژیان ناخۆشە، ئەگەر هیوا نەبوایە.

❖ چاکە زیاتر کاریگەری هەیە، لە خراپە.

- د -

❖ دەوڵەمەندی و کەرامەت، هەرگیز دڵێکی بریندار چاك ناکاتەوە.

❖ دوور نیە گوێت لێبێ، هەر گیزیش نابینیت.

❖ دوێنێ ناگەڕێتەوە.

❖ دوور نیە قسە، ببێ بە ئیش.

❖ دەوڵەمەندی لە هەژاریەوە دەزانرێت.

❖ دەوڵەمەندی دوژمنی، تەندروستیە.

❖ دەتوانین بە بێ برادەر بژین، بەڵام ناتوانین بە بێ هاوسێ بژین.

❖ دوور نیە یارمەتی گەورە بدەی، بەڵام لە دەست کەوتندا.

❖ دەتوانین هەموو شتێك وا دەر بخەین وەکو دەمانەوێ.

❖ دەست بڵاوی، بە هەژارت دەکات.

❖ دوو چاو، لە یەك چاو باشترە.

❖ دوو ڕا، لە یەك ڕا باشترە.

❖ دوو شت هۆی ترسناکە، حەسودیِ برادەرو رق و کینەی برادەر.

❖ دەچیتە شتێکەوە، کە پەیوەندی بە تۆوە نیە.

❖ دیوار، گوێی هەیە.

❖ دار بە بەرەکەی دەناسرێت.

❖ دەوڵەمەندی، باڵی هەیە.

❖ دایکی باش، ناڵێت ئایا چیت دەوێ، بەڵام هەر لە خۆیەوە خێر دەداتەوە.

❖ دوور نیە ناوداری وەربگرن بە بێ ئەوەی شایستەی بن و دوور نیە لە دەستی بدەن بە بێ ئەوەی هەڵتان کرد بێ.

❖ دوو سەگ لە سەر ئێسکێك شەڕیان بو سەگی سێیەم دەیقرتێنێ.

❖ دوور نیە لە سەر ڕاستی لۆمەت بکەن، بەڵام شەرم مەکە.

❖ دەم و چاوی گرژی برادەر باشترە لە بزەی بێ ئەقڵ.

❖ دووا بزەت باشترە، لە پێکەنینی یەکەم.

❖ دوور نیە پارو لە نێوان دەست و لێودا بکەوێت.

❖ درۆزن، باوەڕی پێناکرێ، تەنانەت ئەگەر ڕاستیشی ووت.

❖ دەم و چاوی جوان، پێویستی بە میکیاج نیە.

❖ دەم و چاو سوور بوون لە شەرما، ڕەنگی جوانیە.

❖ دان پێنان، لێکدابڕان نابێ.

❖ دەنگی بەرز لە ناخێکی بەتاڵییەوەیە.

❖ دڵۆپە لە دووای دڵۆپە، مەسینە پڕ دەکات.

❖ دڵداری، گاڵتە بە قفڵی ئاسنگەر دەکات.

❖ دەستی زۆر، ئیش ئاسان دەکات.

❖ دوور نیە لە خراپەکاری ببوری، بەڵام لە بیری ناکەی.

❖ دوو بەرەکی، پێویستی بە دوو کەسە.

❖ درۆی گاڵتە، دەبێتە هۆی رق و کینە.

❖ دەس بە کەمەکەوە بگرە، تا زۆرت بۆ دێت.

❖ دوور نیە کراسی جوان بێ ئەقڵ بشارێتەوە، بەڵام ووشەی بێ مانا ئاشکرا دەکا.

❖ دان نان بە چاکەدا، بەڵگەیە بۆ بەرزێتیت.

- ه -

❖ هەموو شتێك بە کۆتاییەکەی دەر دەکەوێ.

❖ هەموو شتێکی بریقەدار، زێڕ نیە.

❖ هەلت لە دەس چوو، ناگەڕێتەوە.

❖ هەموو ڕۆژێك سێوێك بخۆ، پزیشك لێت دوور دەکەوێتەوە.

❖ هەژار، کەسوکارەکانیان، نایناسن.

❖ هێزی ئافرەت لە زمانیدایە.

❖ هیچ کەسێك ناتوانێ یەکەم بێ لە هەموو شتێکدا.

❖ هەرچەندەدەتوانی کەیف خۆش بە، هەر پیاوێك کەیف خۆش نەبوکەس خۆشی ناوێ.

❖ هەموو شتێك هەوەڵی هەیە.

❖ هەموو شتێك لە کاتی خۆیدا باشە.

❖ هەر کەسێ سەبر بکا، ئەوەی ئاواتی بێ بە دی دێت.

❖ هەڵە زۆر بێت لەو شوێنە، خۆشەویستی کەم دەبێت.

❖ هەموو هەڵەیەك، سزاکەی لە گەڵ خۆیەتی.

❖ هەموو کەسێك هەڵەکانی، بە سەر زمان دەخا.

❖ هەموو کەس لە پیاوی دەوڵەمەندەوە، نزیکە.

❖ هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی هەیە.

❖ هەموو مرۆڤێك، پزیشکی خۆیەتی.

❖ هەموو سەگێك ڕۆژێکی هەیە،هەموو مرۆڤێکیش کات ژمێرێکی هەیە.

❖ هەژارەکان، لە شۆڕش ناترسن.

❖ هەل، نابێ چاوەڕێی بکرێ.

- ❖ هیچ ئامۆژگارییەك، وەك ئامۆژگاری باوك نیه.
- ❖ هیچ دەسکەوتێك، بە بێ ماندوو بوون نایەت.
- ❖ هیچ کەسێك ناتوانێ، دوێنێ بگێڕێتەوە.
- ❖ هیچ کەسێك ناتوانێ بە تەنها بژی، ئەگەر لە بەهەشتا بێت.
- ❖ هیچ شتێك وەکو فرمێسك زوو وشك نابێتەوە.
- ❖ هیچ شتێك لە ژێر چاوی مامۆستا، ناشاردرێتەوە.
- ❖ هیچ شتێك لە بێدەنگی باشتر نیە.
- ❖ هێمنی و لە سەر خۆیی، سەلامەتییە و پەلەکردن پەشیمانیە.
- ❖ هیواو ئاواتی گەورە،پیاوانی مەزن دروست دەکات.
- ❖ هەر کەسێ بە سەر پردێکدا تێپەڕی، پێویستە وەسفی بکات.
- ❖ هەر چیت هەیە ئاگاداری بە، ڕۆژێك دێت بەکاری بهێنی.
- ❖ هەواڵی خراپ زوو بڵاو دەبێتەوە.
- ❖ هیواو ئاوات ناتوانێ کیسە پڕ بکات.
- ❖ هەموو شتە لاوازەکان، یەك بگرن، بەهێز دەبن.
- ❖ هەموومان لە قەبردا وەك یەك پاڵ دەکەوین.
- ❖ هەڵەکانمان، بە ئاسانی لە بیر دەکەین ئەگەر کەس پێی نەزانێ.
- ❖ هیچ تاریکیەك، لە نەزانین تاریکتر نیە.
- ❖ هیچ جێگایەك، لە وڵات باشتر نیە.
- ❖ هیچ کاتێك، لەم کاتە باشتر نیە.
- ❖ هەموو شتێك، کات و شوێنی خۆی هەیە.
- ❖ هیچ دووکەڵێك، بێئاگر نیە.
- ❖ هەمیشە ئەو شتە ڕوو دەدات کە چاوەڕوانی نەبوی.
- ❖ هەمیشە یەکێك هەیە لە تۆ بەد بەخت تر.

❖ هەر چەندە ناسیاو زۆر بوو، خەتەر زۆرتر دەبێت.

❖ هەر چەندە وانەت زۆر بوو، زانست زۆر دەبێ.

❖ هەنگاوی یەکەمی مرۆڤ دەبێتە پردێك بۆ پیاوی دووەم.

❖ هەر چەندە مەیمون بەرز بێتەوە، بەڵام کلکی دیارە.

❖ هەست بە نەخۆشی دەکەین، هەرگیز هەست بە تەندروستی باش ناکەین.

❖ هەڵەشەیی ئازایەتی نیە.

❖ هەر چەندە دەتوانی، کات ژمێری شەڕ دووا بخە.

- و -

❖ وریابە لە خەرج کردنی کەم کەم.

❖ وریا بوون، بەشێکە لە زیرەکی.

❖ وشەی نەرم و نیان، بەکار بێنە، بۆ بگرەو بەردەو رق و کینە.

❖ واز لە گاڵتە بهێنە، ئەگەر خۆشیشی تێدا بێت.

- ز -

❖ زۆر قسە هەیە،لە شمشێر زیاتر بریندار دەکات.

❖ زۆر خەڵك کۆیلەن، لە بەر ئەوەی ناتوانن بڵێن نەء

❖ زۆر گرانە خۆی خراپەکاری بگۆڕێ.

❖ زۆر جار دوو زمانی درۆ، زەرەرو زیانێکی گەورەی دەبێ.

❖ زانست کانزایە، بەڵام مەشق کردن لە سەری کلیلەکەیەتی.

❖ زۆر جار ئارەزووەکانمان، خراپمان دەکات.

❖ زمان درێژە دەستی کورتە.

❖ زانستێکی کەم، دژوارە.

❖ زیرەك، لە ئاماژە تێدەگات.

❖ زیرەکی لە بازرگانیدا، ئیشی یەکەم و دووەم و سێیەمە.

❖ زمانت بەند بکە،تاکو بەندت نەکات.

❖ زیرەك ئەو کەسەیە، لە یەکێکی کەوە فێر بێت.

❖ زیرەکەکان، وەڵامی حازر بە دەستیان پێیە.

❖ زانست لە منداڵیەوە،نیگارێکە لە سەر بەرد.

❖ زۆرتریانمان لە بیر چووە، لەوەی لە یادمان دایە.

❖ زۆر جار سوکایەتی بەوە دەکەین کە سودی هەیە بۆمان.

❖ زۆر جار ئێمە بەڵگە بە دوژمنەکانمان دەدەین، بۆ ئەوەی لە ناومان بەرن.

❖ زمان حاڵی ئەسپ ئەسپ دەڵێ لە سەرکەوتنا ئاگات لێم بێ و لە دابەزینا لێمگەڕێ، کە ماندو بووم ئاوم مەدەرێ.

❖ زۆر بیر بکەرەوە، کەم قسە بکە، لە کەم کەمتر بنووسە.

❖ زۆر بوونی چێشت کەران، چێشتەکە خراب دەکەن.

❖ زیاد بوونی پارە، لاوەکان تێکدەدا.

- ژ -

- ❖ ژیرەکان لە هەڵەی کەسانی ترەوە فێر دەبن، بەڵام نەزان لە هەڵەی خۆیەوە.
- ❖ ژیرەکان بڕیاریان دەگۆڕن، بەڵام نەزان بڕای ببڕ.
- ❖ ژن،خانووی هەیە، بەڵام کلیلەکەی لە گیرفانی کارەکەرەکەیدایە.
- ❖ ژیرەکان، کەم قسە دەکەن.
- ❖ ژیان لە ئاوێکی لێڵەوە دێت.
- ❖ ژیانێکی باش، لۆچی دەم و چاو ناهێڵێ.
- ❖ ژنێکی باش و تەندروستی باش، بۆ پیاو باشترین سامانە.
- ❖ ژن، هەڵبژێرە بە گوێ نەك بە چاو.

- ی -

- ❖ یەكێ ناو دەردەكات و یەكێكی تر ئیشەكەی كردووە.
- ❖ یەكسانی لە موعامەلەدا، برادەرێتی درێژ دەكاتەوە.
- ❖ یا دەبێ لە منداڵەكەت بدەی، یا سەر زەنشتی مەكە.
- ❖ یەك ووشە بۆ ژیر بەسە.
- ❖ یەكێك هەڵە دەكا، یەكێكی كە سەر زەنشتی دەكرێ.
- ❖ یەك شاهێد بە چاوی خۆی كێشەكەی بینیوە، لە دەس باشترە كە دەڵێن بیستومانە.
- ❖ یەكێ تر ماڵ دەسوتێنێ، یەكێ تر سەر زەنشتی دەكرێ.

- ك -

- ❖ کاتێ بەسالاً چووەکان ئیش دەکەن،پێویستە لاوەکان فێر بن.
- ❖ کاتێ گیا سەوز دەبێت، ماینەکەت تۆپیوە.
- ❖ کاتێ بە قسەی سەرکردەکەت دەکەی، ئەوانەی خوار خۆت فێر دەکەی بە قسەت بکەن.
- ❖ کاتێ شەو زوو تاریك بوو، بەیانی نزیکە.
- ❖ کاتێ بیر (البئر) ووشك دەکات،ئەو کاتە نرخی ئاو بزانە.
- ❖ کاتێ کەس چاودێری نەکات، لە خۆت بترسە.
- ❖ کاتێ حەسانەوە بەکار بێنە، بۆ ئەوەی کاتت بە فیڕۆ نەڕوات.
- ❖ کەمجار دوو کەس ڕێکدەکەون، ئەگەر هەر دووك هەمان شت بفرۆشن، هەروا چیرۆك نووسی خۆش ناوێ.
- ❖ کات هەموو شتێك ڕاو دەکات.
- ❖ کۆشکی لە هەوادا دروست دەکات.
- ❖ کتلی، بە قازان دەڵێ تۆ ڕەشی.
- ❖ کۆکردنەوە نە بریندار دەکاو نە عەیب و عارە.
- ❖ کەل و پەلی دانسقە، زیاتر تەکلیف دەکا لە هی باش.
- ❖ کەم بژمێرە و زۆر ئیش بکە.
- ❖ کاکیلەکەت هەڵکێشی، باشترە لە ئێشێکی هەمیشەیی.
- ❖ کۆکردنەوە باشترە، لە دەست بڵاوی.
- ❖ کتێبی باش،برادەرێکی بە وەفایە.
- ❖ کرێکاری چاك،لە گەڵ ئامێرەکاندا، دوژمنایەتی ناکات.

- کەم کەم وەرگرە و کەمێك بەجێ بهێڵە.
- کچ،هیچی ناوێ غەیری مێرد نەبێ،کە شوی کرد هەموو شتێکی دەوێ.
- کانوونی دووەم هەڵە دەکاو، مانگی ئادار عەیب و عارەکەی هەڵدەگرێت.
- کێڵگەکان، چاویان هەیەو گەشت و گوزاریش گوێی هەیە.
- کەم کەس هەیە بتوانێ هاوڕێتی ڕاستی تا سەر بکا.

- گ -

❖ گەنمی خەڵكی بە قزناخی خۆت دەپێوی.

❖ گەورەترین دوژمنمان لە نێوان خۆماندا دەشارینەوە.

❖ گەورەیی لە زماندا نیە،بەلاّم لە دڵدا جێی خۆی دەكاتەوە.

❖ گەورەیی، مرواریيەكی بەنرخە.

❖ گەورەترین رق هەڵسان، لە گەورەترین خۆشەویستیەوە دێت.

❖ گوێ، بە بەیانی مەدە.

❖ گەورەترین دار سیس دەبێت و پاشان دەمرێ.

❖ گاڵتە كردن دوژمن ناكاتە دۆست، بەلاّم زۆر جار برادەری لە دەست دەدات.

❖ گاڵتە پێكردنێكی ناشرین، ئەوە گاڵتە نیە.

❖ گوێ لە یەك كەس مەگرە، بۆ ئەوەی حوكم بەسەر دوو كەسدا بدەیت.

❖ گوریسی درۆ، كورتە.

❖ گوێم لە چەقچەقەی ئاشەو بەلاّم ئارد نابینم.

- ل -

❖ لێم دەپرسی و لێت دەپرسم، بەم جۆرە كات بەسەر دەچێت.

❖ لەو شوێنەی خۆشەویستی نەبێ هەموو هەڵەكان دەبینرێ.

❖ لە كوێ زیرەكی هەبێ زانست دەبێت.

❖ لە كوێ ژیان هەبوو لەوێ هیوا هەیە.

❖ لە دایك دەبین دەگرین، دەژین و ئێمە بێزارین و ناڕەزاین.

❖ لە شەڕ ترسان لەوە زیاترە كە شەڕ دەست پێبكا.

❖ لە كاتی لاوێتیدا كۆ بكەرەوە، لە پیریدا خەرجی بكە.

❖ لە گۆڕ (قەبر)دا، هەموو كەس وەك یەك وایە.

❖ لێگەڕێ با دز، دز بگرێت.

❖ لە هەموو كەسێك ببورە، تەنها لە خۆت نەبێ.

❖ لە رووودا بەرخە، لە ناخیشا وەكو گورگە.

❖ لە گەڵ هەموو خەڵكدا ڕاست بە، بەڵام باوەڕ بە هەموویان مەكە.

❖ لە پاش نان خواردنی نیوەڕۆ كەمێ حەسانەوە، لە پاش نان خواردنی ئێوارە میلێك ڕێ بكە.

❖ لە پاش تەنگانە خۆشییە.

❖ لە پاش زریان، باران دەبارێ، لە پاش هەور هەتاو دەردەچێ.

❖ لە یەكێك بدە، بۆ ئەوەی یەكێكی تر لێت بترسێ.

❖ لە سەگی بێدنگ و ئاوی مەنگ بترسە.

❖ لە كاتی روو بە رووودا، ڕاستی دەردەكەوێ.

❖ لە سەر خۆبە كە پەیمان دەدەی، بەڵام بە پەلە جێ بەجێی بكە.

❖ لە نرخدا فێڵم لێبكە، بەڵام لە قوماشدا فێڵم لێمەكە.

- ❖ لە یەك كاتدا، یەك ئیش بكە.
- ❖ لە سەر هەموو كەس پێویستە بەرماڵەكەی بماڵێ.
- ❖ لە هاواری زۆر، زۆرت بۆ نایەت، تەنها كەمدێت.
- ❖ لە ئاوی لێخندا، ڕاو مەكە.
- ❖ لە یاسا ترسان، سەلامەتیمان بۆ دێنێ.
- ❖ لە گەڵ بەرخدا بۆ نووستن بڕۆ، بەیانان لە گەڵ چۆلەكەدا هەڵسە.
- ❖ لە پاشە ڕۆژدا ئیشەكان، باش دەبێ.
- ❖ لە سەر پیاو پێویستە مكوڕ بێت،لە سەر ئەو ئیشانەی كە هەر پێویستە بیكات.
- ❖ لە كاتی دەوڵەمەندی و دەس ڕۆییدا، برادەر زۆر دەبێ،لە كاتی تەنگانەدا لە نێوان سەد كەسدا یەكێك نادۆزیتەوە.
- ❖ لە شەڕ دووربكەوەوە، نە شاهید بە نە شەریك.
- ❖ لە شەقامە گشتیەكاندا بڕۆ، لە مەترسیدا نابیت.
- ❖ لە ڕابوردو گەڕێ، ئەوەی بەسەر چو، مرد.

- م -

- ❖ مرۆڤ، ئەو کاتە فێر دەبێ، کە ئازاری پێبگا.
- ❖ میوانێکی بانگ کراو، کە دەڕوا زیاتر بەخێرهاتنی دەکەین.
- ❖ مانگەشەو گوێ بە وەڕینی سەگ نادات.
- ❖ مریشك کە ئاو دەخواتەوە تەماشای خودا دەکات.
- ❖ منداڵی سوتاو، لە ئاگر دەترسێ.
- ❖ مرۆڤ، خۆی بێت و ئامادە بێت، باشترە لە نامە نووسین.
- ❖ ماڵێکی چۆڵ باشترە، لە کرێچیەکی خراپ.
- ❖ ماڵەکەت مەسوتێنە، بۆ ئەوەی مشکەکان بترسێنی.
- ❖ ماڵێك هەتاو بێتە ناوی، پزیشك نایەتە ناوی.
- ❖ میوانی بانگ کراو، لە کاتی نان خواردندا ئامادە دەبێ.
- ❖ مێردێکی باش بە، پارە دەبێ بۆ خەرج کردن.
- ❖ مرۆڤ،بە برادەرەکانی دەناسرێت.
- ❖ موعامەلە لە خەڵکدا بکە وەکو ئەوەی دەتەوێ موعامەلەت لە گەڵدا بکەن.
- ❖ مردن، گاڵتە بە پزیشك دەکات.
- ❖ مەپرسە چی لە مەنجەڵی خەڵکدایە.
- ❖ منداڵ و شێت، ژیانێکی بەختیاریان هەیە.
- ❖ منداڵ، سامانی هەژارانە.
- ❖ منداڵان و شێتەکان، ڕاست دەڵێن.
- ❖ مشکێك کراسێك کون دەکا، هەموو مشکەکان دەکەونە زەحمەتەوە.
- ❖ مەڕی گول، هەموو مەڕەکان توش دەکا.
- ❖ مویەك لێرەو مویەك لەوێ، ریشی لێ دروست دەبێ.

❖ مەژیٚ بۆ خواردن، بەڵکو بخۆ بۆ ئەوەی بژی.

❖ ماسیو میوان، دووای سیٚ رۆژ بۆنیان دەردەچیٚ.

❖ میوەی قەدەغەکراو، شیرینە، خۆش تر شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە قەدەغە لیٚکراوە.

❖ ماڵی حەرام، تا سەر نامیٚنیٚ.

❖ ماینی باش، هەرگیز ناکەویٚ.

❖ مریشکەکان لیٚرەوە کارەکاریانەو لەویٚ هیٚلکە دەکەن.

- ن -

❖ ناتوانی دیوارێك، بە یەك بەرد دروست بكەیت.

❖ ناتوانی لە یەككاتدا فیكە لێدەیتو ئاو بخۆیتەوە.

❖ نابێ تەندروستیت، ماندو بكەیت.

❖ ناتوانی حوكم بەسەر مرۆڤێكدا بدەیت ئەگەر لە هەوەڵەوە تا دووایی سەر گوزشتەكەی گوێت لێ نەبێ.

❖ نەسرەوتن، تا سەركەوتن.

❖ نەخۆشی، پێمان دەڵێ ئێمە كێن.

❖ نەبوونی، ئیش دروست دەكات.

❖ نەزانی، خراپەیەكی هەڵبژاردەیە.

❖ ناو دەركردنێكی باش، باشترە لە دەم چاوێكی جوان.

❖ نەزان باشترە، لە زانستی نا زانست.

❖ ناوی باش، لە زێڕ باشترە.

❖ ناوداریێتی، ئاوێنەیەكی گەورەیە.

❖ ناخۆشی، سەنگی محەكی ئازاكانە.

❖ نیوەی ژیان دەڕوا، بەبێ ئەوەی بزانین چیە.

❖ نە بە چاكە نە بە خراپە، باسی خۆت مەكە، ئەگەر بە چاكە باست كرد باوەڕت پێناكەن، ئەگەر بە خراپە باست كرد، ئەوەی باست كردووە هەندێكیش بەسەری دەخەن.

- س -

- ❖ سەبر کردن گوڵێکە، لە باخچەی هەموو کەسێکدا ناڕوێت.
- ❖ سەبر کردن، باشترین چارەیە.
- ❖ سەبرێکی کەم، دە ساڵ ئارامیت پێ دەبەخشێ.
- ❖ سوار دەتوانێ ئەسپەکەی بۆ سەر ئاو بەرێ، بەڵام ناتوانێ ناچاری بکات بۆ ئاو خواردنەوە.
- ❖ سکی برسی گوێی نیە.
- ❖ سەگی زیندو، لە شێرێکی تۆپی باشترە.
- ❖ سامان خزمەکارێکی باشە، بەڵام گەورەیەکی بۆگەنە.
- ❖ سروشت ڕێگەی خۆی دەگرێو پشیلە دووای مشك دەکەوێ.
- ❖ سامانێکی زۆر سوودی چیە؟ ئەگەر خەمو خەفەت بێت.
- ❖ سرکەی بەبێ بەرامبەر، شیرینترە لە هەنگوین.
- ❖ سامانێك ئەگەر بەکارنەیەت، وەکو ئەوە وایە نەبێت.
- ❖ سەرت بگرەو بیدە بە دیواردا.
- ❖ سامان، هی ئەو کەسە نیە کە هەیەتی، بەڵکو هی ئەو کەسەیە کە دەزانێ چۆنی دەخوات.
- ❖ سفڵەو مار بران.
- ❖ سەری تەمەڵ کارگەی شەیتانە.
- ❖ساڵی ڕابوردو، هەمیشە لە ئەمساڵ باشترە.

- ش -

❖ شاخ، ژان گرتی، مشکێکی بو.

❖ شەو، عەبایەکە، بۆ گوناه باران.

❖ شتە بە نرخەکان، هی ئەو کەسەیە کە ڕێزی لێدەگرێت.

❖ شت زانین، هێزە.

❖ شووشەو کچان، زوو دەشکێن.

- ق -

❖ قسەکانی بە تەمەن، بە ترازووی زێڕ دەکێشرێ.

❖ قەرزێکی کەم، دەکاتە قەرزار، بەڵام قەرزاری زۆر دوژمنت دەکات.

❖ قسە کردن، زیاتر فێرت دەکا لە ڕامان.

❖ قەرزاری، شەڕی هەژارییە.

❖ قسە ئەگەر زیو بێت، بێدەنگی زێڕە.

❖ قەناعەت، جەژنو خۆشییە، زۆریش گوڵەو لە خۆبایی بوونە.

❖ قسەی خۆش، ڕۆژو شەو کورت دەکاتەوە.

❖ قسە بۆ ژنان، ئیش بۆ پیاوان.

❖ قسەی کەمو ئیشێکی زۆر.

- ر -

❖ راڤه، دایكی زانسته.

❖ رابوردو لەبیر دەچێ.

❖ رێزگرتن و بە زمان هیچ ناكەوێ لەسەرمان، بەڵام شتی گەورەمان بۆ جێ بەجێ دەكا.

❖ رۆژی لەدایك بوونت، لەبەركە.

❖ راست كێشانەكەو، گران بفرۆشە.

❖ رێگەی راست، رێگەی ئاشتیە.

❖ رزگار بوون، لە راستیدایە.

❖ رۆما، بە یەك رۆژ دروست نەكراوە.

❖ راستی، كچی زەمانە.

- ت -

❖ تەنها پیاوی ژیر، دەتوانێ لە کاتی دەست بەتاڵی سوود وەرگرێ.

❖ تۆ بە ددانی خۆت، گۆڕت هەڵدەکەنی.

❖ تۆ بە دەستی خۆت، ئاگرت هەڵگرتووە بەو دەستەکەت ئاو.

❖ تاوان لەبیر کردن، باشترە لە تۆڵە سەندنەوە.

❖ تەمەڵی گوناهێکە، لێبوردنی نیە.

❖ تەماشا بکەو گوێ بگرەو بێدەنگ بە، لە ئارامیو ئاسایشدا دەژی.

❖ تۆ نازانی، خێر لە کوێوە دێت.

❖ تەندروستی باشم بدەرێ، هەموو سامانم بەرە.

❖ تەمەڵی، کلیلی، هەژاریە.

❖ تەمەڵی، هۆی هەموو شەڕێکە.

❖ تەمەڵ لەسەرخۆ دەڕوات، تاکو هەژاری پێ دەگات.

❖ تەندروستییەکی باش، لە سامان باشترە.

- خ -

- ❖ خوری بدەی باشترە، لە پێدانی بەرخێك.
- ❖ خزمەکار دەناسرێ، کاتێ گەورەکەی لە ماڵ نەبێ.
- ❖ خۆری شوبات، قازانجی زۆرە.
- ❖ خوو رەوشت لە منداڵیدا، ئاساییە لە گەورەیدا.
- ❖ خۆت هەڵواسەو بەرز مەبەرەوە، نەوەك لەو بەرزییەوە بکەویتە خوارەوە.
- ❖ خوا حافیزی، ئاسانە.
- ❖ خوێن، بە ئاو نابێ.
- ❖ خەفەتە تازەکان، خەفەتە کۆنەکان وەبیر دەهێننەوە.
- ❖ خەڵك چۆن تاوانبار دەکەی، ئاوها تاوانبارت دەکەن.
- ❖ خوێو نانمان پێکەوە خوارد.
- ❖ خراپترین تایەی ئۆتۆمبیل ئەوەیە، کە تەقە تەقی زۆر دەکات.
- ❖ خزمەکاری پادشا، پادشایە.
- ❖ خۆر، لەوە گەورەترە کە دەیبینی.
- ❖ خاوەنی وورگ زل، barوودی نەدۆزیوەتەوە.
- ❖ خواردنی پێنج کەس، بۆ دە کەس بەسە.
- ❖ خۆشییەکی کەم، پەشیمانیەکی گەورەی بە دوواوەیە.
- ❖ خەفەت بەبێ ئەوەی بانگی بکەیت، دێت.
- ❖ خەفەتو خۆشی بە دووای یەکدا دێن.
- ❖ خەوێکی هێمن، بە کەش‌و هەوای خراپ هەست ناکات.
- ❖ خۆشەویستی‌و کۆکەو ئازار، ناشاردرێتەوە.

❖ خۆشه‌ویستی، هه‌ڵه نابینێ.

❖ خۆشه‌ویستی كوێره.

❖ خۆت بناسه.

❖ خوێنده‌واری‌و زانست، له خۆشی‌و ئارامیداو له كاتی توندو تیژیدا خه‌نده‌قێكه‌و له پیریشدا زه‌خیره‌یه.

❖ خه‌رج كردن، پیاوه‌تی نیه.

❖ خۆشی‌و ناخۆشی، جمگه‌ن.

بەشی حەوتەم

پێشەكی

خوێنەری ئازیز و خۆشەویست:

دروست بوونی ئەم كتێبە، لەبەر كز بوونی چاوەكانم، بە تایبەتی یەكێكیان، دووجار بۆ توركیا و دووجار بۆ ئێران ڕۆیشتم بێهودە بوو. چاوەكەی ترم ئەویش كز بوو، نەك هەر كز بوون، بەڵكو بە جارێ تاریك بوون، بۆ بەغا بۆ سلێمانی بۆ هەولێر بۆ موسڵ ڕۆیشتم چارەی نەبوو، لێرە لە كەركوك چوومە لای دكتۆر (نورالدين ابراهيم الصالحي)، پاش تەماشا كردن و گرتنی تیشكی چاو لە ئەنجامدا وتی:

(عیلاجت لە ئەردەنە، لە لای دكتۆر محمد صالح لە تیمارخانەی، (مستشفى التخصصي للعيون) بە هەرحاڵ خۆم و ئامانجی كوڕم لە سلێمانیەوە بە فڕۆكە بۆ (عمان)ی پایتەختی ئەردەن ڕۆیشتین، بۆ سبەی بۆ تیمارخانە ڕۆیشتم بۆ لای دكتۆرەكە دەركەوت، كە خۆی خاوەنی نەخۆشخانەكەیە و خەڵكی عێراقە، پاش پرسیار و وەڵامێكی زۆر وتی:

(ئەو چاوەی كە تازە خوێن هاتۆتە ناو ئاوی چاوت دەرزی لێ دەدەین و چاوەكەی كەت سپیەكەی هەڵدەگرین جا نازانم تۆ چیی دەڵێی؟

- دكتۆر من لە عێراقەوە بۆ لای تۆ هاتووم، ئێوە چی ئەمر دەكەی من ئامادەم بۆی.

ئەمجا ناردمی بۆ لای دكتۆر (نضال)، كە پسپۆڕە لە بواری تۆڕ(الشبكیە)ی چاودا، ئەویش لە پاش پرسیار و وەڵامێكی زۆر دا وتی:

- بیبەن بۆ سەرەوە بۆ لای دكتۆر (....) ڕیشێكی سەكسووكەی هەبوو، دیار بوو هەر سێ دكتۆرەكان یەك ڕایان هەبوو، چاوێكیان دەرزی لێبدەن و ئەوی تریان لابردنی ئاوە سپیەكەی و ئەو خوێنەی كە لەناو ئاوی چاومدا ڕەق بووە و دوور نیە كاریگەر و بێتە سەر تۆڕی چاوم.

لەبەر ئەوە دووجار بۆ (عمان) ڕۆیشتم، پارەیە زۆرم سەرف كرد، بۆ ئەو دوو نەشتەرگەرییە، هێشتاكە دوو نەشتەرگەری تری دەوێ، بۆ زیاتر ڕوون كردنەوە كەس یارمەتی منی نەداوە، تەنها خێزانەكەم و هەردوو كوڕەكەم نەبێ.

ئا لەم نووسینەوەدا نامەوێ پروپاگەندە (ریكلام) بۆ پزیشكەكانی ئەردەن بكەم، بەڵام ئەمە ڕاستییەكە دەبێ بووترێ. پاش لێدانی دەرزییەكە بە ماوەی دوو كاتژمێر و نیو چاوە تازە كز بووەكەم كرایەوە.

لە شەقامێكدا لە نزیك (العبدلی) كتێبخانەیەكی زۆرم بینی و چەند كتێبێكم كڕی لە ناویاندا.

١- كتێبی - موسوعة **الامثال** العالمیة. ئامادەكردنی مستەفا فەتحی.

٢- كتێبی - أروع ما قیل **للامثال** - ئامادەكردنی ئەمیل ناسیف.

ئەم كتێبە، (وتەكانی ژیان بەشی حەوتەم) بەرهەمی ئەو سەفەرەیە، كە چاوێكم باش بووە، دوور نیە چەند وتەیەكیان لەگەڵ بیر و باوەڕی مندا نەگونجێ و نووسیومە، بۆیە داوای لێبوردن دەكەم.

هەروا زۆر زۆر سوپاسی ئستافی ڕۆژنامەی (نەوشار) و (باسەڕە) و برای ئازیز کاك وشیار ئەحمەد ئەسوەد دەکەم، کە بۆ ئەو نووسینەکە لەسەر منی نووسی بوو، لە ڕۆژنامەی (باسەڕە)دا و گەورەیی خۆی وەدەرخست، بەرانبەر بەندە و سوپاسم بۆ برای ئازیز شوان جمعە نەجاڕ بۆ ئەو ماندوبووەی لە ئەردەن لەگەڵمدا، هیوادارم وێنەی زۆر بێ لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاسم بۆ هەمووان و خوێنەرانیش.

محمد عبدالرحمن زەنگنە

کەرکوك

١/ ٣/ ٢٠٠٨

لە وتەکانی (ئەسپانیا)

* ئەوەی یەکجار دزی بکات، لە دزی بەردەوام دەبێ.
* ئەوەی مرۆڤ فرێی دەداتە ئاگر، لە خۆڵەمێشەکەیدا دەیدۆزێتەوە.
* ئەوەی چاوی لەسەردا بێت، مادامەکی زیندووە فێردەبێ.
* ئەوەی بە کەم ڕازی نەبوو، شایەستەی زیادە نییە.
* زۆرجار بێدەنگی بەهێزترە لە وەڵام دانەوە.
* پەنجەی بریندارت بە هەموو کەس پیشان مەدە، با هەرکەس بە گوێرەی خۆی نەڕوانێتە لێی.
* ماڵ لەسەر ئەرز دروست ناکرێت، بەڵکو لەسەر ژن دروست دەکرێت.
* زمان درێژیی بەڵگەی دەست کورتییە.
* هیچ کەسێ ناچێ بۆ نووستن، ئەگەر شتێکی تازە فێر نەبووبێت.
* خەو بینین باڵ بەبێ ئەقڵەکان دەدات.
* یەك پەڵە هەموو کراسەکە پیس دەکا.
* پەڵە بەسەر چاکترین پۆشاك دەکەوێت.
* ماڵەکەم بچکۆلەیە، بەڵام موڵکی خۆمە.
* هەتاو بۆ هەموو کەس دەردەچێ.
* خۆت بناسێنە، ئەگەر دەتەوێ بتناسن.
* بێدەنگی ڕۆحی مرۆڤە.
* میوەی گەییو، بەسەر ئەرز دەکەوێت.
* لەو جێگەیە مەمێنە، کاتێك (گا) و (شێت) بەربەرەکانێت دەکەن.
* جاشکی بچووك، هەموو کەس سواری دەبێ.
* لەو شوێنەی هەتاو دەردەچێ، پێویستیان بە پزیشك نییە.
* گورگ مووەکەی دەگۆڕدرێت، بەڵام ئەوەی لە ناخیدایە ناگۆڕدرێت.

* زمان مرۆڤ چاك دەكات، نەك هەتەر.
* مندالّ موویەکە لە باوکیان.
* هیچ بەردێك لە خۆیەوە ناکەوێ.
* مرۆڤ، لە شەوقی مۆمێکی داگیرساو زیاتر نابینیێ.
* کێو پێویست نیە بە بینینی یەکتری، بەلاّم مرۆڤ پێویستی بە یەکتری بینین هەیە.
* مرۆڤ پێویستی بەوە نیە دەمی بە گەورەیی بکاتەوە، کاتێ درۆ دەکا.
* ئەوەی لە بیئاباندا وتار بێژێ، وتارەکەی ون دەبێ.
* ئەوەی بۆ پێشەوە نەڕوانێت، هەمیشە دوا دەکەوێت.
* ئەوەی یەك ئەشکەنجە بدات، هەڕەشە لە سەد کەسی کە دەکات.
* ئەوەی لە کارکردن ڕابکات، لە حەسانەوە ڕادەکات.
* ئەوەی جوجەڵەی هەبێت، لەگەڵ ڕێویدا شەڕ ناکات.
* ئەوەی تێر نەخوات تەنها خواردن نەبێ، لێسانەوە سوودی نییە.
* دەتوانین بەبێ برادەر بژین، بەلاّم بەبێ هاوسێ ناتوانین بژین.
* کاتێ خەڵکی پێتی وت کەرە، کاتی ئەوە هاتووە بزەڕی.
* زانست وەرگرە و بیدە بۆ ئەوەی فێربیت.
* کاتێ شەڕ دەستی پێکرد، شەیتان دۆزەخ گەورەتر دەکات.
* گەورە هەڵەی کەمە، بەلاّم حیسابی لەسەر دەکرێ.
* مرۆڤ بەرامبەر هەڵەکانی خەڵکی، چاوی تیژە.
* لە دنیادا عەدالەت هەیە، بەلاّم بە بیرەوەری غەیری ئێمە.
* هەل، لێرەو لەوێ سووڕ دەخوا، ئەوەی بیگرێ بەختیار دەبێ.
* ئەوەی زۆر ببینێ، بەقەد چاوێکی بەسە.
* ئەوەی لە گیان تەڕکردن بترسێ، نابێ ماسی بگرێ

* لە ناو عارەبانەدا ناتوانی بۆ ئاسمان سەربکەوی.
* ئەوەی شەرەفی ون کرد، لە پیاوی مردوو خراپترە.
* مرۆڤ هیچ لەگەڵ خۆیدا نابات، تەنها پیشە باشەکانیان نەبێ.
* ئەوەی عاباکەی سووتا، بە باشی هەست بە ئاگر دەکا..
* پێوستە ئیشی ئاسان بە گران وەرگرین و ئیشی گرانیش بە ئاسان وەرگرین.
* چاڵ و چۆڵ، گۆڕستانی خۆشەویستە.
* بەخت بادەم بۆ بێ دانەکان دەنێرێ.
* بە تۆپینی گورگ، شایی ڕێوییە.
* کۆلیتەکەت نزیك کۆشکێك دروست مەکە.
* کەر، هێستر بە گوێ درێژ ناو دەبا.
* قەلەڕەش بەخێو بکە چاوت دەردێنێ.
* ڕۆژی هەژار درێژە.
* پەنجە مەخەرە نێوان دوو براوە.
* ئەو کەسەی خۆی بە هەنگوین کرد، مێش دەیلێسێتەوە.
* ژن و هێستر لە دوای دەس بازی، خۆیان بەدەستەوە دەدەن.
* ئەو کەسەی ژنێکی هەیە، دوژمنێکی هەیە.
* ئەوەی داری بەدەستەوە بوو، سەگ نایگەزێ.

لە وتەكانی (ئوسترالیا)

* ئەو شتانەی ڕوویدا، هیچ چارە نەبوو دەبوایە ڕووی بدایە.
* پێش ئەوەی لۆمەی خەڵكی بكەی، هەڵەكانی خۆت بزانە.
* ئەگەر ناتوانی قەپاڵ بگری، دانەكانت ڕیچ مەكەرەوە.
* ئەگەر مرۆڤێك جارێ خەڵەتاندمی، ئەمە عەیب و عارە بۆی، بەڵام ئەگەر دوو جار خەڵەتاندمی عەیب و عار بۆ خۆم.
* هیوایەكی دواكەوتوو، دڵ دەگوشێ.
* ئەوەی كوڵ لە خەڵكی دەگرێ، قسەی باش لە خەڵكی نابیستێ.
* قاپی بەتاڵ، زیاتر دەنگی دێت.
* پشتم بخورێنە، پەشتت دەخورێنم.
* ئارەزوو كردن، چاوەڕوانی زۆری دەوێ.
* هاوڕێی باش لە ڕێگادا، ڕێگاكەت كورت دەكاتەوە.
* ئەو شایتانەی كە دەیناسی لەو شەیتانە باشترە كە نایناسی.
* هەموویان قسەیان كرد، كەس نیە گوێیان لێ بگرێ.
* ئەو باڵندەیەی كە زوو هەڵدەستێت، لە پێش هەموویانەوە كرم دەخوات
* پێویستە وورچە ڕاوبكەی، پێش ئەوەی پێستەكەی بفرۆشی.
* چاوی، لە گەدە برسی ترە.
* میوەی حەرام، شیرینە.
* یەك قاچ باشترە، لە دوو دار شەق.
* هەموو كەرێك حەزدەكا گوێ لە زەڕەی بگردرێت.
* نۆر بوونی چێشت لێنەر، خواردنەكە خراپ دەكەن.
* كەورە چۆن بوو، خزمەتكارەكەشی وادەبێ.
* دڵێكی لاواز، ناتوانێ ژنی جوانی دەس كەوێ.

* هەموو دراوێك، دوو ڕووی هەیە.

* کراسە پیسەکەت لەبەر چاوی خەڵکی مەشۆ.

* خۆت بە مشك مەکە، ئەگینا پشیلە دەخۆات.

* سەرکەوتوو، برادەری زۆرە.

* هیچ کەسێك ناتوانێ لە یەك کاتدا و لە دوو شوێن بێت.

* دزی کۆن، باشترین حەسحەسە.

* وەسف کردنی باشەکان باشتر دەبن، خراپەکانیش خراپتر دەکا.

* ئەوەی موغامەرە نەکا، سەرناکەوێ.

* ئەوەی هاوڕێتی گورگ دەکا، دەبێ لورە لور فێر بێ.

* ئەوەی بیەوێ هەموو قسەیەك بکا، گوێی لەو شتە دەبێ کە پێی ناخۆشە.

* نیوەی جیهان، نازانێ نیوەکەی تریان چۆن دەژین.

* دەتوانی ئەسپەکەت بۆ سەر ئاو بەری، بەڵام ناتوانی زۆری لێ بکەی ئاو بخواتەوە.

لە وتەکانی (ئەڵمانی)

* ئەگەر لە نێوان کویرندا بیت، هەر دوو چاوت بنووقێنە.

* ئەگەر هەل نەقۆزیتەوە، پشتت تێدەکا.

* ئەگەر نەتوانی سەر شاخ بکەویت، لە شیوێکدا مەمێنەوە.

* سەرکەوتن خوا دەماندات، ئێمەش پێویستە هەردوو دەستمان بەرزکەینەوە.

* دەبێ زۆر سەبرت هەبی، یاخود زوو بمرە.

* برسێتی، زۆر فرت و فێڵی دەبێ.

* زانست و ژیری، کانزایەکە پارێزراوە.

* نانی خوراو ، زوو لە بیر دەکرێ.

* باش وایە دوو جار پرسیار بکەیت، نەك جارێ هەڵە بکەیت.

* باشتر وایە بەرێزێکی بچووك بیت، نەك خزمەتکارێکی گەورە.

* پەلەیی و پەشیمانی، وەك بران.

* شەیتان دە کاتژمێری پێویستە پیاوێك بخەڵەتێنێ، بەڵام ژن یەك کاتژمێری بەسە بۆ ئەوەی دە پیاو بخەڵەتێنێ.

* ئەو چاوەی کە نابینێ، چاویلکە بە کەڵکی نایەت.

* بۆق، لەسەر کورسییەکی زێڕ دانە، یەکسەر بۆ ناو زەلکاو دەگەڕێتەوە.

* چاوی هەڵخەڵەتاو پڕە لە فرمێسك.

* چاوەکان، پەنجەرەیەکە، مرۆڤ دەڕوانێتە دڵەکان.

* لەسەر مرۆڤ پێویستە، بەو بەردە خانوو دروستکا کە هەیەتی.

* هەژاری زەرەری نییە، ئەگەر پێشووتر دەوڵەمەند نەبوو بێت.

* جێگا بەندیخانەی تەمەڵەکانە.

* مانگ، لە گورگ ئەمینە.

* کەمێك ئاو، قازان لە کوڵان بێدەنگ دەکا.

*هەموو خۆشییەك، ناخۆشی لەسەر پشتی هەڵگرتووە.

* زۆر کەس هێلکە قووت دەدەن، پیاوەتی بە تۆکڵەکەیەوە دەکەن.

* کە جەنگ تەواو بوو، پێویست بە ئازایەتی ناکا.

* تەنها راکردن بەس نیە، بەڵکو پێویستە بگەیت.

* هیچ باڵندەیەك، واز لە پەڕ و باڵەکەی ناهێنێ.

* قفڵ و کلیل، بۆ دەستی پاك و ئەمین دروست کراوە.

* ئەو زورانەی کە ئارەزوویان لێیەتی، کەم کەسانێك هەیانە.

* ئەوەی ویستی گەورەی ماڵ بێت، ماڵ ناخوازێ.

* ئەوەی لە (خڕۆکە) بگەڕێ، پێویستە لەسەری بەدوای دەزۆکە (داوەکە) بگەڕێ.

* ئەوەی بۆ لای گورگ بڕوات بۆ نانخواردن، پێویستە سەگەکەی لە گەڵ خۆیدا بێت.

* ئەوەی بە کوێری لە دایك دەبێ، باوڕ ناکا کە ڕووناکی هەیە.

* ئەوەی مۆمی غەیری خۆی کوژاندەوە، لە تاریکیدا دەمێنێتەوە.

* ئەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی لە بیر نەکرد، لە هەموو هێزەکان بە هێزترە.

* تۆپییەك، قەلەڕەشەکان بە زۆری لە سەری کۆ دەبنەوە.

* هەموو جۆگەلەکان، کۆتایی بۆ ناو دەریایە.

* هەندێ جار پێویستە بە شێلم بڵێی، هەڵوژە.

* زینی زێڕ، کەر بە ئەسپ ناکات.

* خواردنی کەم، تەمەنت درێژ دەکا.

* ناوداریێتی باش، هەموو عەیبێ دادەپۆشێ.

* ئافرەتێك بەبێ پیاو، باخچەیەکە بەبێ شورە.

* ئیشی بەیانیان، زێڕە.

* میر، گوڵێك دەکاتەوە، خزمەتکارەکان دارێك دەبڕن.

* ئەوەی درۆ بنێژێ، درك دەدورێتەوە.

* پشیلە، هەرگیز واز لە گرتنی مشك ناهێنێ.

* سێ شت بە ماڵانەوە بەبێ ئیزن دەچێت، قەرز، پیری، مردن.

* مەڵێ، دوایی دەیدەم، بەڵکو بیدە.

* کوڕ، چرای ماڵی تاریکە.

* ماسییەکی بچووك لەسەر مێز، باشترە لە ماسییەك لە دەریا.

* قاچی درۆ کورتە.

* ئەوەی لەسەر مێزی نانخواردن قسە زۆر بکا، بە برسێتی دەردەچێ.

* ئەوەی دوژمنی نەبێ، برادەریشی نییە.

* قەرز وەرگرتن، لە سواڵ کردن باشترە.

* ئێمە کچمان خۆش دەوێ وەکو هەیە، کوڕەکانیش وەکو ئەوەی دەبن.

* هەر کاتێ مەی بە ژوورەوە چوو، نهێنی دەردەچێ.

* بیر، کە منداڵێکی تێکەوت، پاشان سەری بیرەکە دادەپۆشن.

* هیچ کەس تف لە ڕیشی خۆی ناکات.

* ئەوەی کە پیاز بنێژێ، بۆنی ناکا.

* ترسنۆك، لە کاتی ترس دا بیر لە هەر دوو قاچی دەکاتەوە.

* گەنج، بەبێ مەی زەوقی هەیە، پیریش سەرخۆشە بەبێ مەی.

* کاتێ هەژاریی لە دەرگا دەدات، خۆشەویستی لە پەنجەرەوە رادەکا.

لە وتەکانی (ئەمەریکی)

* ئەگەر ویستت مرۆڤێك تاقی بکەیتەوە، دەسەڵاتی بە دەس بدە.
* ئەگەر ویستت ئەو شتە زۆر باش بێ، خۆت دروستی بکە.
* تەماشای دایکە بکە. پێش ئەوەی داوای کچەکەی بکەی.
* چی ئەحمەقێ دەتوانێ پارە کۆ بکاتەوە، بەڵام ژیر دەتوانێ ئاگاداری بێت.
* بە قەرز بکڕە، بە نەقد بفرۆشە.
* ئێمە راستیەکان ون دەکەین، لەو کاتەدا بە دوای هی کەدا دەگەڕێین.
* مریشکی گەڕۆك، بە دەسکەوتێکی زەرەرەوە دەگەڕێتەوە.
* جیهان هەمووی ئامێرێکی وێنەگرە، پیاوەتی بکە و ڕووخۆش بە.
* میوان، رۆژوو نازانێ.
* منداڵی مودەلەل، ناوی زۆرە.
* هەڵەکەر، دەدۆزرێتەوە.
* چۆن ئاگر دووکەڵی هەیە، گومان لێکراویش قسە بەدووادەی دەکرێ.
* چەندە لە ترۆپکە نزیك دەبیتەوە، لە کۆتایی نزیك بوویتەتەوە.
* تەمەڵ، فێری شەڕت دەکا.
* شوێن پێی، بە دواوە نادۆزێتەوە.
* قازانەکەت چەند دەگرێت، ئەوەندە بکوڵێنە.
* گاڵتە بەوانە مەکە کە کراسەکانیان دڕاوە، ڕۆژێ لە ڕۆژان قۆندرەکەت دەدڕێ.
* هیچ کاتێ دوژمن بچکۆلانە نیە.
* ئەگەر سەد کەس بە ژیرێکیان وت: شێتە، شێت دەبێت.
* ئەوەی لە ئەوەڵەوە هێزی نەبێ، بە درێژایی تەمەنی هێزی نابێ.
* ئەوەی تامی تاڵی نەزانێ، تامی شیرینیش نازانێ.
* ئەوەی چیی بوێ و حەزی لێ بێ، ئەوەی ئارەزووی لێ نیە گوێی لێدەبێ.

* کە سەبەتەکەت لە هەنجیر پڕ بوو، هەموو کەسێ هەوڵ دەدات لێت نزیك بێتەوە.
* ئەوەی لەسەر جێیەکی زیو خەوت، خەو بە زێڕشەوە دەبینێ.
* ئەوەی بە پەلە بڕوا بکات، بە پەلە دەخەڵەتێ.
* ئەوەی بەبێ منداڵ بژی، خەفەتی نابێ، ئەوەشی بە منداڵی مرد خۆشی نەزانیوە.
* ژنان شمشێرەکانیان بە دەمیان هەڵگرتووە.
* خەو، گەورەترین دزە، چونکە ژیان دەدزێ.
* گوڵ سیس دەبێت، بەڵام دڕکی هەیە.
* لە پێناو هێلکەیەك شەڕ دەکەن، مریشکەکە بەجێ دەهێڵن تاکو دەفڕێ.
* شووشە ئەو بۆنەی تێدا دەمێنێ کە یەکەمجار پڕ کراوە.
* هەر کەسێ کلکی مار ماسی گرت لە ئاودا، مەرج نییە مار ماسیەکە بگرێ.
* بەبێ بزە گوناهە.
* میوەی دزراو هەمیشە خۆشترە.
* دڵی دایك، قوتابخانەی منداڵە.
* ئیش کردن کورتترین وەڵامە.
* هیچ شتێك لە هەنگوین شیرینتر نیە، تەنها پارە نەبێ.
* چاکترین چاکە ئەوەیە، یاسا بەسەر هەموودا وەکو یەك بێت.
* لە بیرت بێ کات وەکو سامانە.
* دەتوانی ڕای باش پێشکەش بکەیت، بەڵام ناتوانی ئاکاری باش پێشکەش بکەیت.
* ئەوەی دەرگاکەی لەسەر پشتە و عەبوسە، هەڵەیە.
* ڕەزیل، هەمیشە ئامادەیە، ئەگەر بەشی هەبێ لە هەتاودا بیفرۆشێ.
* ژیان بەبێ ئاکار، هیچە.
* ئاکامی ئیشەکانت، لە قسە گەورەترە.

* ئەگەر بەرەو پێشەوە نەڕۆی دووا دەکەوی.

* ئەگەر ویستت قیمەتی پارە بزانی، کەمێ پارە قەرز بکە.

* ئەو ئیشەی ئەمڕۆ پێت دەکرێ، مەیخە سبەی.

* کەر، وای دەزانی زانا و رۆشنبیرە، لە بەر ئەوەی کتێبیان لێ بار کرد بوو.

* ئەگەر بەلگە ببوایە بە زیرەکی، بزن فەیلەسوف دەبوو.

* ئافرەت جوانە، ئەگەر کەوتە نێوان باوەشەوە نەك نێوان دەستەوە.

* ئەو کەسەی تورە بێت، سواری ئەسپێکی کێوی سەرکێشە.

* خەفەت تەنها بۆ خۆت، بەشداری خۆشی خەڵك بکە.

لە وتەكانی (ئینگلیز)

* خوا دوو دەستی داوە پێمان، چاوەڕوانیەتی پردی پێدروست بكەین.

* ناخۆشترین كاتژمێر، پێش كازیوەیە.

* چوار چاو باشتر دەبینیّ لە دوو چاو.

* گیای زەرەرمەند، بە پەلە دەڕویّ.

* پێكەنە، جیهان لە گەڵتا پێدەكەنیّ، بگری تەنها خۆت دەگریت.

* ڕووداوە كۆنەكان، بە ڕووداوی كۆن بزانە.

* ئەوەی زۆر پێدەكەنیّ، ئەو كەسەیە كە لە دواییدا پێدەكەنیّ.

* دووری، ئاگر لە دڵ بەردەدا.

* هەواڵی خراپ، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

* پێش ژن هێنانت چاوت باش بكەرەوە، پاش ژن هێنان چاوت بنوقێنە.

* قەرزی بە پەلە بدرێتەوە، تەمەنی برادەری درێژ دەكاتەوە.

* پیاوی برسی، تووڕەیە.

* ژیر، یەك وشەی بەسە.

* ئەوانەی لە خانووی شووشەدان، پێویستە بەرد لە كەس نەگرن.

* پێویستیی، یاسای نییە.

* ڕێگە بۆ دڵ پیاو، لە گەدەیەوە دەبیّ.

* جیهان هەوڵ دەدەن بۆ زانیاری، بەڵام نەزان وا دەزانیّ تەنها ئەو دۆزیویەتیەوە.

* چۆنت دەویّ خەڵكی هەڵسوكەوتت لەگەڵدا بكەن، ئاوها هەڵسوكەوت لە گەڵ خەڵكدا بكە.

* هەموو ئیشیّ چاكە، ئەگەر بە چاكە كۆتایی بێت.

* ئەو سەگەی زۆر دەوەڕیّ، كەم دەگەزیّ.

* چی دەچێنی ئەوە دەدوریتەوە.

* برادەر، وەکو برادەری ئاو و ڕۆنە، ئاو ژێر دەکەوێ و ڕۆن بۆ سەرەوە.
* سەگ، سەگ ناگەزێ.
* هەموو کەس قازانەکەی بە گوێرەی خۆی دادەنێ.
* قسەی هەنگوینی، خواردن بیناکەیەتی.
* زۆر بوونی دەست، ئیشەکە ئاسان دەکات.
* مرۆڤ ناتوانێ لە کاتێکدا خزمەتی دوو گەورە بکات.
* گریان سوودی نیە بۆ ماست ڕژاو.
* لەوانە کوێرتر نیە کە نایانەوێ بە باشی ببینن.
* هیچ کەس ناتوانێ لە بەرد، ئاو دەربێنێ.
* لە هیچ جێگایەك گوڵ بێ دڕك نییە.
* ئەوەی هەڵە نەکا، واتا هیچ شتێك ناکا.
* ئەوەی ئازاری ئیش کردن نەچێژێ، ئازاری هەژاری دەچێژێ.
* بەڵا کەم جار بە تەنها دێت.
* سوودی جیهانی فراوان چییە، ئەگەر پێڵاوەکەت تەنگ بوو.
* ئەوەی بە ئاسان دەستت بکەوێت، بە ئاسان لەناو دەچێت.
* جل و بەرگ حکوم بە سەر مرۆڤ دا نادات.
* شەیتان ئیش دەداتە ئەوانەی ئیشیان نیە.
* دوور نیە شەیتان کیتابی پیرۆز بخوێنێتەوە بۆ مەرامی خۆی.
* مرۆڤی ترسنۆك، چەند جارێك دەمرێ، پێش مردنی ڕاستی خۆی.
* چەپکە گوڵ بۆ هەموو سەرێك نیە.
* بدەو سەرف بکە خوا رزق دەدا.
* قەناعەت کردن لە دەوڵەمەند باشترە.
* نۆکێك بە ئازادی باشترە لە خواردنێکی زۆر وەکو کۆیلە.

* باڵندە، بە خوێندنەکەی دەناسرێ و پیاویش بە قسەکەی.
* سەگ، ناوەڕێ ئەگەر ئێسکێکی بۆ فڕێ بدەی.
* لە کاتێ تەنگانەدا برادەر دەناسرێ.
* باوك کانزایە، برا خۆشەویستە، برادەر هەر دووکیانە.
* پاش زریان بارانە، لە پاش هەور خۆرە.
* برادەر، لە کاتی تەنگانەدا، دەردەکەوێ.
* لە پاش ناخۆشی خۆشییە.
* هەموو ئەو شتانەی دەیزانی ناوترێ.
* پیاو بە برادەرەکانی دەناسرێ.
* دار بە مێوەکەی دەزانرێ.
* زیرەك، بە یەك ئاماژە تێدەگا.
* بەقەد بەڕەی خۆت، پێت درێژ بکە.
* قسە قەرزەکان ناداتەوە.
* زمانت بگرە، با بەندت نەکا.
* ئەگەر خەتەر نەما، خوا ناناسن.
* لە سێبەری خۆی دەترسێ.
* تەندروستی باشترە لە سامان.
* ماڵی حەرام تا سەر نامێنێ.
* ئەگەر سەر نەکەوتن، جارێکی تر دەستی پێبکەنەوە.
* پەتی درۆ، کورتە.
* خۆشەویست کوێرە.
* گوێم لە چەق چەقەی ئاشە، بەڵام ئارد نابینم.
* هیچ دوکەڵێك، بێ ئاگر نابێ.

* هەموو تازەیەك، خۆشە.
* هیچ شتێك بەبێ ماندوویەتی دەست ناکەوێ.
* مەڕی گول، هەموو مەڕەکان تووش دەکات.
* ئەی پزیشك چارەی خۆت بکە.
* لە روو وەسف کردن، زەم کردنێکی ئاشکرایە.
* ئەوەی بە پەلە بێت بە پەلەش دەڕوا.
* شاخ ژان گرتی، مشکێکی بوو.
* رزگار بوون لە ڕاستیدایە.
* ژیرەکان کەم قسە دەکەن.
* چۆن ڕەخنە لە خەڵك دەگری، ئاوها ڕەخنەت لێ دەگیرێت.

لە وتەکانی (ئەندەنووسیا)

* بزە، کورتترین ڕێگایە بۆ دڵ.
* ئێش و ئازاری خەڵکی لە لات ئاسانە.
* مرۆڤی بێ سامان و پارە، گورگێکە بێ ددان.
* ئەگەر باوەڕت بە ئیشێ کرد، نابێ دوو دڵی و گومانی لێ بکەی.
* ئەگەر گومانت لە شتێك بوو، نابێ بە کاری بێنی.
* گوڵی خەڵکی هەمیشە سوورترە.
* پیاوی پیر ئەگەر کچێکی تەمەن بچووکی خواست، واتە شەیتان دەخوازێ.
* دەمی داخراو، مێشی تێناچێ.
* دەوڵەمەندی ڕەزیل، بۆ دزەکانی بەجێ دێڵێ.
* دەرگای ماڵەکەت، لە ماڵەکە گەورەتر مەکە.
* باوەڕ بە برادەرە دوو زمانەکە مەکە.
* گومان لەوەدا نییە، درێژترین ڕۆژ کۆتایی هەیە.
* ئەو کەسەی لەبەر شتێ خۆشتی دەویست، ئیشەکەی نەما ڕقی لێت دەبێتەوە.
* ئەو کەسانەی چەند دەستێك ماچ دەکەن، ئاواتیانە ئەو دەسانە ببڕێتەوە.
* مەرج نیە ئەوانەی سەگ پێیان دەوەڕێ دز بن.
* ئەوانەی هەموو شتێك بزانن، هیچیان بە باشی نازانن.

لە وتەکانی (ئۆغەندا)

* ئەگەر لەگەڵ منداڵدا نانت خوارد، خواردنت پڕ تۆز دەبێ.
* ئەگەر لە چاو بدەی، پێڵوەکان دەبینێ.
* ئەگەر مار دایپێتەوە، لە چل وچوار پێی مەترسە.
* ئەو تەڵەی مشك دەگرێ، فیل ناگرێ.
* یەك فیل تۆزی زۆر ناکات.
* ئەوەی لە گوێی ئاو دانیشت، گوێ لە هاژەی ئاو ناگرێ.
* یەك دەست، پەتی پێ گرێ نادرێ.
* خوا دەماندادتێ، بەڵام نافرۆشێ.
* مردن تاقی بکەرەوە، ئەو کاتە دەزانی کێ بە ڕاستی خۆشی دەوێی.
* تەنانەت ئەگەر خەڵکی خۆشتی نەویست، یەکێك دەدۆزیتەوە کە سەرت بتاشێ.
* ئەگەر فیل لاوازیش بێت، ئەو پاشای دارستانە.
* دەمت پڕ مەکە تا ئەو تیکەی لە دەمتایە قوتی بدەی.
* گران نیە ئەوانەی خەڵك دەیکا، خوا تۆ و ئەویشی خوڵقاندووە.
* خواوەند ئەوەی داپێت، (با) ناتوانێ لێتی بسەنێ.
* ئەو بزمارەی کە لە قەرەوێلەکەتایە، هیچ کەسێ ئازار نادات، تەنها تۆ نەبێ.
* ئەوەی لە دوای (فیل) ەوە بێت، لە ڕێگا لە هیچ شتێك نەترسێ.
* ئەوەی لە قەراخی دەریا بژێت، جێگای ماسی دەزانێ.
* ئەو دارە دەبڕی کە ڕۆژێك لە فیل رزگارتی کردووە.
* ئاژەڵ بەچکە بچکۆلەکەی دەلێسێتەوە ئەگەر ناشرینیش بێت.
* سێمورە بچووکە، بەڵام کۆیلەی فیل نیە.
* بۆقی گەورە خۆی بەوەوە خەریك ناکا کە بزانێ بۆقە بچووکەکان چی دەکەن.
* دەم، هەرگیز لە بیری ناچێ ئەوەی خواردوویەتی.

* منداڵی شیرە خۆرە، قسە لەلای گرنگ نیە دەربارەی ڕۆیشتن.

* بیبەری تون (تفت) هەر چەندە بچووکیش بێت، تامەکەی بەهێزە.

* دەوڵەمەند بە پارەکەی خۆی ڕزگار دەکا، هەژاریش بە زمانی.

* مانگە شەو زۆر جیگا ڕوون دەکاتەوە، بەڵام هەندێ جێگاش بە تاریکی دەهێڵێتەوە.

* نهێنی خۆت بپارێزە، ئیش و کاری خۆت پاراستووە.

لە وتەکانی (ئێرانی)

* ئەگەر بینیت ماڵی هاوسێکەت دەسووتێ، پەلەکە بۆ کوژاندنەوەی.
* گەورەترین سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە بەسەر خۆیدا سەرکەوێ.
* باوەڕ، شاخ دەجوڵێنێ.
* ژنێکی بە ژن کورت بخوازە، پۆشاکەکانی لە سەرت کەم دەکەوێ.
* سەری تەمەڵ چێشتخانەی شەیتانە.
* پیاو دەریایە و ژن جۆگەلە.
* ئازایەتی بەبێ وریا بوون، ئەسپێکی کوێرە.
* سەبر کردن، کلیلی بەهەشتە.
* پێنج ساڵ منداڵەکەت وەکو میر بژمێرە، دەساڵیش وەکو کۆیلە، لە پاشان وەکو برادەر.
* ئەو تۆزەی کۆمەڵە بەرخێك دەیکەن، گورگ ناخنکێنێ.
* هەژاری گوناه نیە.
* پێش ئەوەی بڵێی دەمەوێ، بە خۆت بڵێ لایقە پێم.
* ئەو دڵەی خۆشەویستی کردبێ، کەس نابینێ.
* ئەو دڵەی پڕە لە خەم و پەژارە، وەکو بەرداخێکی پڕە، هەڵگرتنی قورسە.
* هەموو شتێ نامێنێ، تەنها ئەو خێرە نەبێ کە دەیکەی.
* مەیەڵە زمانت، ملت بە بڕین بدات.
* هەموو خاوەن عەمامەیەك شێخ نیە.
* هیچ شتێك لە نەزانین تاریکتر نیە.
* گورگ، تەنها گورگی دەبێ.
* هەر ئاوێك لێڵ بوو، لە کۆتاییدا ساف دەبێتەوە.
* ئەوەی لە ئاو بترسێ ماسی بۆ ڕاو ناکرێ.

* ئەوەی عەیب و عاری خەڵکی ئاشکرا دەکا، لە لایەن گوێ گرانەوە بەبێ قیمـەتی دەزانن.

* ژن، هەرچەندە لە خوا ترس و ئاین پەروەر بێت، دەبێ خۆی جوان بکات.

* مردن لەگەڵ کۆمەڵ و مەوکیبدا نایەت، بەڵکو بەبێ دەنگی دێت.

* ئەستێرەکان، ئەگەر ئاسمان ساف بوو دەدرەوشێتەوە.

* وەعد و پەیمان، تۆڕێکە بێ ئەقڵەکان تێدەکەوتن.

* دەستی دایك نەرمە، تەنانەت ئەگەر لێشت بدات.

* ئەو دەستەی نابات وەرناگرێ و نادات.

* ئەگەر خوێت خوارد خوێدانەکە مەشکێنە.

* نەزانی مردنە، زانست ژیانە.

* داری تەمەڵ بەری برسیەتی دەگرێ.

* برسێتی، نە ئاینی هەیە نە ئیمان.

* سامان و پارە وەك کیسەڵ دێت و وەك ئاسکە دەڕوات.

* نەزان قسە دەکات و زانا شت وەردەگرێ.

* زانست بەبێ سەبر، وەکو مۆمی دانەگیرساوە.

* دەستی نەرم، بە یەك موویەك فیل ڕادەکێشێ.

* ئەوەی قسە دەکا سەرف دەکا، ئەوەی گوێ دەگرێ دەستی دەکەوێ.

* زمانی خەڵکی، قەمچی خوایە.

* پێش من چاندیان و نەیان خوارد، منیش دەیچێنم ئەوانەی دوای من دەیخۆن.

* جەور، وەك یەك بەش بدرێ، ئەمە عەدالەتە.

* خێر بۆ دەرگای خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە.

* ترس برای مردنە.

* خەوتنی حەسحەس، چرای دزە.

* گومان، کلیلی هەموو زانستێکە.

* لێبوردن، خۆشییەکە لە تۆڵە خۆشترە.

* خوا هەر دە پەنجەکەی وەکو یەك دروست نەکردووە.

* دوو شمشێر لە یەك کێلاندا جێیان نابێتەوە.

* تینوی دڵ، بە یەك تنوکە ئاو تەسکینی نایەت.

* دەرگایەك مەکەرەوە، ئەگەر نەتوانی دایخەیتەوە.

* مردن هەرگیز دوا ناکەوێ.

* لە تۆپینی گورگدا، جەژنی ڕێوییە.

* تەنهایی، هێلانەی بیرکردنەوەیە.

لە وتەکانی (ئیتالی)

* ئەگەر قاپ و کەوچك دەس کەوت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ شۆربات دەست دەکەوێت.

* ئەگەر دەتەوێ نهێنیەکانت بپارێزرێ، ئەی خۆت بۆ نایپارێزی.

* برادەرەکەت خۆش بوێ، سەرەڕای عەیبەکانی.

* هاندان و تەشجیع، سێیەکی یارمەتییە.

* ماف، وەکو رۆن وایە گومانی تێدا نیە سەردەکەوێ.

* لێبوردن (عذر)، دانراوە بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێت.

* سیفاتی گەورە، کیسەی پارەکان بەتاڵ دەکاتەوە.

* برادەری هەموو برادەرێك، برادەری نیە.

* سەبرکردن، تیماری نەخۆشی هەمەچەشنەکان دەکا.

* دوژمنایەتی کۆن، بە پەلە سەر هەڵدەداتەوە.

* چارەسەر کردنی خەفەت، بە قسە گۆڕینەوە دەبێ.

* سزای درۆزن ئەوەیە، ئەگەر جارێکیش راستی وت بڕوای پێناکرێ.

* ئازاری راڤە، خۆشی زانیاری تێدایە.

* قەناعەت، نیوەی بەختیارییە.

* هەموو شتێك پێویستی بە مامۆستا هەیە، بە تەنها شەڕ نەبێ.

* هەموو گوڵێك، لە کۆتاییدا بۆنی نامێنێ.

* کۆلیتەیەکی پڕ باشترە لە قەڵایەکی بەتاڵ.

* هەرگیز کەس هاواری نەکردووە، ئەگەر ئازاری پێ نەگەیشتبێ.

* هیچ کەس بە قەدەر گەورەکەی خزمەکارە، لە خزمەکارەکەی نازانێ.

* کەر نەرخی کلکی نازانێ ئەوکاتە نەبێ کە کلکی نامێنێ.

* هیچ شتێك لە فرمێسك زووتر وشك نابێتەوە.
* ئامۆژگاری هیچ کەسێ مەکە، ئەگەر خۆی داوای نەکرد.
* ئاوی دوور، ئەگەر ئاگر بەربوو نایکوژێنێتەوە.
* کاتێ ڕێوی وەعز دەدا مریشکەکەت ون نەبێ.
* هیچ کەسێ لە ئەرزی یەکێکی کە بینا بکا، ئەو بەردانەی کە بینای پێکردووە، لە کیسی دەچێ.
* ئەو کەسەی وا باوەڕ بکا، خوا دەخەڵەتێنێ، هیچ کەس ناخەڵەتێنێ، تەنها خۆی نەبێ.
* ئەوەی دەس پێ نەکا، تەواو نابێ.
* ئەوەی سەری نەبێ لاقیشی نیە.
* خەو برای مردووە.
* خۆشەویستی بەردەوامە، ئاگەر سامانت هەبوو.
* هەموو شتێ بەردەوام بێ، شیرینی نامێنێ.
* ئەوەی پیشەکەی بە باشی بکات، دەستی پیس نابێت.
* ناخۆشییەك، ناخۆشییەکی تر ڕادەکێشێ.
* میرێکی نەزان، کەرێکە و بە سەرکردە هەڵبژێردراوە.
* پەنجەکانت بە کوژانەوەی مۆمی خەڵکی مەسووتێنە.
* ئەوەی بۆ هیوا بژی، بە ئارەزوویەوە دەمرێ.
* ئەوەی لە شەڕی دڵداری ڕابکا سەرکەوتووە.
* لەو شوێنەی یاسا هەیە نان هەیە، لە کوێش گیروگرفت هەیە برسێتییە.
* قەفەسێکی زێڕین دان بە چۆلەکە نادات.
* زەرەری خوری، باشترە لە زەرەری بەرخۆڵە.
* پێویستە جلی پیس لە ماڵەوە بشۆردرێت.

* خراپترین دز کتێبی خراپە.

* نابێ بە پەنجەی پیسەوە ئاماژە بۆ هەڵەکانی خەڵکی بکەیت.

* پێ هەڵکەوێ نەك زمان هەڵە بکات.

* سەرباز خوێن دەدا بۆ ناوداریێتی سەرکردەکەی.

* هەموو ئاشەوانێك ئاو بۆ ئاشەکەی ڕادەکێشێ.

* هەڵەکان گەورەن، ئەو کاتەی خۆشەویستی بچکۆڵەیە.

* هەر کاتێ ویستت دەتوانی شەڕ بکەیت، کۆتایش بێت هەر کاتێ توانیت.

* خراپترین میوە ئەوەیە کەهەرگیز ناگەێی.

* دەتوانین وێنەی گوڵێك بکەین، بەڵام بۆنی لە کوێ بۆ بینین.

*ڕووناکی نیوەی هاوڕییەیە.

* ئەو شوانەی شانازی بە گورگەوە دەکات، بەرخەکانی خۆش ناوێت.

* یەك ڕۆژ وەکو شێر، باشترە لە سەد ڕۆژ ژیان وەکو مەڕ.

* ئەوەی لەسەر خۆ بڕوات، بەسەلامەتی دەگا.

* جیهان بە سەبر دەگیردرێت.

* ئەوەی ئازایەتی نییە، دوو لاقی هەیە.

* پەلێك لە دوای پەلێك قازەکە ڕووت دەبێتەوە.

لە وتەکانی (بەرازیل)

* کورم، کورمە تا ژن دێنێ.
* خزمەتی خۆت بکە تا منداڵەکانت گەورە دەبن.
* ئەگەر ویستیان سەگێك بکوژن، دەڵێن هارە.
* ویستت شتێ بکڕیت و پێویستت نەبێ، وەکو ئەوەیە شتێ بفرۆشیت و پێویستت پێەتی.
* ویستت شتێ بکەیت، بیر لە ئەنجامەکەی بکەرەوە.
* ئەگەر دوو دز بو بە ناخۆشییان، فەلاحەکە مانگاکەی دەگێڕدرێتەوە.
* کەی سامان قسەی کرد، جیهان بێدەنگ دەبێ.
* ئەگەر مرۆڤ ویستی تا تێر خواردن، تامی نانەکە نامێنێ.
* ئەگەر خەفەت بار بویت، ناخۆشییەکەت لای خۆت شکات بکە.
* ئەگەر شێر تۆپی، ڕێوی لە جەنگەڵدا لە جێی شێر دادەنیشێ.
* شێر مشك ڕاو ناکا.
* بە نهێنی ئامۆژگاری برادەرەکەت بکە و بە ئاشکرا مەدحی بکە.
* ماڵێك ژنی تێدا نەبێ، بیرێکە دەلوەی نیە.
* ماڵێك سووتەمەنی تێدا نەبێ، لەشێکە بەبێ خوێن.
* ئاگاداری گوڵەکان بکە بەرەکەی دەخۆی.
* دەست ڕەنگینی لە دەوڵەمەندی باشترە.
* چاك وایە دەستی پێنەکەی، نەك دەستی پێبکەیت و تەواوی نەکەی.
* جیهان، مامۆستایەکی ڕاستە، بەڵام داوای کرێیەکی زۆر دەکا.
* قەرەوێڵەیەك لە زێڕ، نابێتە هۆی چاك بوونی نەخۆشەکە.
* تێر ئاگای لە برسی نیە.
* برادەرێکی ڕێڕەو، باوەڕی پێ ناکرێ.

* ئەو باڵندانەی ناخۆن، زۆر ناژین.

* یەك چاوێك بۆ تاجر بەسە، سەد چاو بەشی کڕیار ناکات.

* چاو هەموو کەسێك دەبینیێ، تەنها خۆی نەبیێ.

* خواردنێکی کەم، تەمەنێکی درێژ.

* وشە، تیر نیە، بەڵام بە دڵەوە دەچیێ.

* هەژار لە بیر مەکە و برینی بچوکیش.

* خۆت بە خاوەن ماڵ مەزانە، ئەگەر بە دەست بەتاڵ بە ژوورەوە چوویت.

* گەدە پەنجەرەی نیە.

* ئەوەی لە ئاوەوە دەرچوو، لە باران ناترسیێ.

* ئەو کەسەی خراپەکانی خۆی بزانیێ، تێبینی خراپەکانی خەڵکی ناکا.

* ئەوەی نەچەمێتەوە، دەشکیێ.

* گەدە پڕکردنی ئاسانترە، لە پڕکردنی چاو.

* ئەوەی چاوەڕێی یەکێك بکا بۆ مردن، پێویستی بە مۆمێکی درێژە.

* ڕۆژ ئیشی ئێوارە ئاشکرا دەکات.

* سوور بوون لەسەر ئیش، ماوەکەمان بۆ نزیك دەکاتەوە.

* خۆشی هەژار دەوام ناکا.

* دەمی داخراو، مێش بە ناویەوە ناچیێ.

* لەو شوێنەی خوێن ڕژابێت، داری لە بیرچوونەوە ناڕوێت.

* خاك تینوی خوێن نییە، بەڵکو تینوی ئارەقیانە.

لە وتەکانی (پورتوگال)

* ئەگەر برادەرت نەبوو، پرس بە دارەکەت بکە.
* لە کێلگە تووڕەبە، بەڵام لە داهاتەکەی تووڕە مەبە.
* ئیشەکانی پار، هەمیشە باشترە.
* سوپایەك لە ئاسکە، شێرێك لە بەریان دەدا.
* بە زیادی پزیشك، نەخۆشی زیاد دەبێ.
* کە هیچیت نەدا، هیچیش داوامەکە.
* قەرزی کۆن باشترە لە قینی کۆن.
* لە خەڵك ببورە، بەڵام لە خۆت مەبوورە.
* ماسی، لە دەمیەوە دەمرێت.
* ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە ماڵ دوور کەوێتەوە، خواردنەکەی سارد دەبێتەوە.
* کورتترین ڕێگا بۆ خواردن، ڕێگەی پێچاو پێچە بۆ ئیش کردن.
* هێلانەی بچووك گەرمترە لە هی گەورە.
* ئەقڵی مرۆڤ وڵاتەکەیەتی.
* ژیر یەکە کەسە کە دەوڵەمەندە.
* گران هەرزانە، هەرزانیش گرانە.
* دەمی داخراو بۆ خۆی دوژمن پەیدا ناکات.
* نانی نیوەڕۆ بخۆ، بۆ ئێوارەش بکوڵێنە.
* سەگێك بە تەنها ناتوانێ شەڕ بکا.
* بانگی مریشك مەکە، ئەگەر هی خۆت نەبوو.
* مێش بەدەوری ماستی داخراو ناسووڕێتەوە، ئەگەر داخرابوو.
* ئاگر، بە پووش ناکوژێتەوە.
* هیچ کوێرێك خۆی نەبینیوە و هیچ خەتابارێك خۆی نەناسیوە.

* لە قسە کردنتا قسەکانت مەکەرەوە بۆ ئەوەی بزانن چی دەڵێت، زۆر قسەش مەکە ئەگینا بێزراو دەبیت.

* دەمی داخراو مۆسیقایە.

* ئەگەر هاوسێکەت زوو هەڵسا، تۆش وەکو ئەو دەبی.

* ئەوەی سەرکەوتن وەدەس بێنێ و ئیش و کاری خۆی گرتبێ، سەرکەوتنێکی گەش وەدەس دێنێ.

* کێ دووابکەوێت، ئەوە دەخوا کە ماوەتەوە.

* ئەوەی هیچی نەبوو، لە هیچ نەترسێ.

* ناخۆشی خەڵکی کە، ئازاری ئێمە چاك ناکاتەوە.

* شەرەف و سوود پێکەوە کۆنابنەوە لە یەك کیسەدا.

* هاوسێی خراپ، دەرزیت دەداتێ، بەبێ دەزوو.

* مانگە شەو و دڵداری کە زیاد نەکەن، کەم دەکەن.

* ئەوەندەی دەیزانی هەمووی مەڵێ، ئەوەندەی گوێت لێی دەبێ باوەڕی پێمەکە، ئەوەندەی دەتوانی هەمووی مەڵێ.

* زۆر بوونی مۆم، کڵێسەکەی سووتاند.

* لە دەوڵەمەند قەرز مەکە، قەرزیش بە هەژار مەدە.

* سێ برا سێ قەڵایە.

لە وتەکانی (بۆلگاری)

* بۆ دادگا برۆ یەك شتت هەیە، بە دوو شتەوە دەگەڕێتەوە.

* ئەگەر خەفەت خەوت هەڵی مەسێنە.

* ئەگەر بەخت لە دەرگاتی دا، دووامەکەوە زوو دەرگا بکەرەوە.

* گرانترین مرواری لەسەرخۆ و تەوازوعە، بەڵام خەڵکی خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* برا قەڵایە.

* ترس، زۆر دەبینیێ.

* ئیرادەیەکی باش، ڕێگا کورت دەکاتەوە.

* ئەوەی بەخشەندە بێت بە پەلە، واتا دوو جار بەخشەندەیە.

* ئەگەر باوەڕت هەبوو، باشترە لەوەی پەشیمان ببیتەوە.

* ئەگەر عەیبەکانی خۆت نەبینی، لۆمە دەکرێی کە چاوت کزە.

* بەنرم و نیانی هەموو دەرگایەکمان لێ دەکرێتەوە.

* لە برسا نامری ئەگەر تۆ سەربەست بیت، باشترە لەوەی کە قەڵەو بیت و کۆیلە بیت.

* ڕاڤە باشترە لە زانست.

* لەگەڵ خەڵکدا کەم قسە بکە و لە گەڵ خۆتا زۆر.

* سوور بوون لە ئیش، پێویست بەنیشاندان ناکات.

* ڕاستی، کوڕی زەمانە.

* مافێکی ڕەوا، پێویستی بە یارمەتی هەیە.

* لە کوێ سەربەستیم هەبوو، ئەوێ وڵاتمە.

* باشترین برادەر بۆ مرۆڤ، سەگەکەیەتی.

* دوور نیە دەم و چاوێکی جوان، نەفەسی پیسی هەبێ.

* خۆڵەمێشی مردووەکان، وڵات دروست دەکەن.
* داوێن پیسی و خراپەکاری هەمیشە هەیە، مادام مرۆڤ هەیە.
* لاوان تەماعیان نەبێ، وەك بەهاری بێ گوڵە.
* پشیلەی پیر هەرگیز خۆی ناسووتێنێ.
* منداڵی بێ تەربیەت، خراپ دەبێ وەکو گۆشتی بێ خوێ.
* پێم بڵێ: هاوڕێتی کێ دەکەی، پێت دەڵێم: تۆ کێی.
* باوك چۆن بێ، منداڵەکەشی وادەبێ.
* داری بی، بەرناگرێ.
* هەموو بزنێك لەسەر پێیەکانی دەڕوا.
* ئەوەی باوەڕی بە خەو بێ هەوا دەخوا.
* ئەوەی هەمانە ناتوانین لە کاتی مردندا بۆ قەبری بەرین.
* شیری سەرپۆش داخراو، پشیلە نایخوا.
* قسەی خۆش دەرگای ئاسنین دەکاتەوە.
* تف بەو بیرە وە مەکە، کە ئاوی لێ دەخۆینەوە.
* ناتوانین دوو کاڵەك بە یەك دەست هەڵبگرین.
* لە پیرەمێرد مەپرسە کوێت ژان دەکا، لێی بپرسە کوێت ژان ناکا.
* چاو هەموو شتێك دەبینێ، تەنها خۆی نەبێ.
* شەیتانی ڕەش، سپیە.
* ڕاستی، ئەوەیە کە لە مێشکدا چەسپیوە و چاو دەیبینێ.

لە وتەكانی (بۆسنە)

* هەموو ئەوانەی دەیبینی باوەڕ بە هەمووی مەكە، ئەوانەشی دەیبیستی باوەڕ بە هەمووی مەكە.

* هیچ كەس وەسف مەكە، پێش ئەوەی تاقی بكەیتەوە.

* نابێ واز لە كشتوكاڵ بهێنین، لە ترسی چۆلەكە.

* گەدەی بەتاڵ هەڵگرتنی زەحمەتە.

* ئەوەی قەرز زۆر بكا خۆی بەرەو كۆیلایەتی دەبا.

* لەوێدا هەمیشە یەكێك هەیە، لە تۆ خراپترە.

* قەمبور، قەمبوورێتی خۆی نابینێ، بەڵام قەمبووری غەیری خۆی دەبینێ.

* چاكە، گوێ هەموو زانیاریەكی ئاكارە.

* هەڵەكردن لە كرداری مرۆڤە، بەڵام سوور بوون لەسەر هەڵە ئیشێكی شەیتانیە.

* دوو ڕۆژ سەبركردن، دوو ساڵ ئیسراحەت دەكەی.

* ئیشی باش بەردەوام دەبێ، بە پێچەوانەوە بەردەوام نابێ.

* ڕەزیل سواڵكەرێكی هەمیشەییە.

* ترسنۆك لە كاتی خەتەردا بیر لە قاچەكانی دەكاتەوە.

* باشی و بەپەلە، كەمجار یەك دەگرنەوە.

* باشترە بۆ مرۆڤ هەندێ جار ترسنۆك بێت، نەك بە درێژایی ژیانی مردوو بێت.

* هەمیشە لە خەڵكی ببوورە، پاشان لە خۆت.

* پەلە، پیشاندەرێكی خراپە.

* دووژمنێك بە ئاشكرا دووژمن كاریت دەكات، باشترە لە برادەرێك لە دڵەوە ڕقت لێ دەگرێ.

* هەموو عەیبەكان كە پیر دەبن، ڕەزیلی بە لاوی دەمێنێتەوە.

* چاوی بۆق پڕە لە فرمێسك.

* هەموو کەسێ خۆشەویستەکەی لە هەموو کەس بە جوانتر دەزانێ.

* دڵت چۆن بێ، قسەتیش وایە.

* شتی بچووکیش نرخی خۆی هەیە.

* بەچکە پشیلە گەرێ چی بکا ؟ لەوە زیاتر مشك بکوژێ.

* ئەوەی لە دڵەوە دەردەچێ، بە دڵ دەگا.

* ئەوی ئەوەندە بخوات تاکو نەخۆش بکەوێت، دەبێ بە ڕۆژوو بێت تاکو چاك دەبێتەوە.

* بە چاوی یەکێ تر ببینیت، دەخەڵەتێ.

له وته‌كانی (پۆلۆنی)

* ئه‌وه‌ی له قاپه‌كه‌ی دا هه‌نگوین نه‌بوو، با زمانی خۆش بێت.

* زور بێ ئه‌قڵییه، له‌گه‌ڵ كوێردا باسی ڕه‌نگه‌كان بكه‌یت.

* ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر شه‌ره‌فی له ده‌ستدا، ئیتر هیچی ماوه له ده‌ستی بدا.

* ئه‌وه‌ی چه‌نه‌بازیت بۆ بكا، له‌سه‌ر تۆش چه‌نابازی ده‌كا.

* ئه‌وه‌ی مافی خۆی بزانێ، له‌گه‌ڵ كه‌سدا خراپه ناكا.

* له شه‌ڕانی بووردن، خراپه له‌گه‌ڵ چاكاندا ده‌كا.

* پاره بازنه‌ییه، له‌به‌ر ئه‌وه (خل) ده‌بێته‌وه.

* ده‌م و چاوی پاك پێویستی به شۆرین نیه.

* هه‌مووان ده‌یانه‌وێ بزانن، به‌ڵام هیچ كه‌س پاره نادات.

* شه‌یتان، ئافره‌تی قووت دا، به‌ڵام هیچ نه‌یتوانی هه‌زمی بكات.

* ئه‌گه‌ر به‌ڵا له ده‌رگاتی دا، براده‌ره‌كان ده‌خه‌ون.

* یه‌ك قسه‌ی باش وه‌كو ڕۆژێكی به‌هاره.

* ئه‌گه‌ر تاوان به تاوانێك چاره بكه‌یت، ترسه‌كانت زیاد ده‌كات.

* بزه له‌سه‌ر لێوی برسی درۆیه.

*به گوێره‌ی لێدان، ئازار ده‌بێ.

* هێلكه‌ی ئه‌مڕۆ له مریشكی سبه‌ی باشتره.

* هاوسێی خراپ وه‌كو وه‌جبه نان خواردنی خراپه.

* ریشه‌ی زانست تاڵه، به‌ڵام به‌ره‌كه‌ی شیرینه.

* ترسان له هه‌ژاری، له هه‌ژاری خراپتره.

* كه‌لله ڕه‌قی تووشی زۆر شتت ده‌كا.

* داری درێژ هه‌موو (با) یه‌ك ده‌یله‌قێنێ.

* سه‌ركه‌وتوو له كاتی پێویستدا، خۆی به ده‌سته‌وه ده‌دا.

* توورەیی برادەر، تازە کردنەوەی خۆشەویستییە.
* بەڕووی دار بەڕوو بە نرخ بوو، تاکە گەنمیان دۆزییەوە.
* چاکە کردن لەگەڵ سپڵە، وەکو ئەوە وایە (بۆن) بە دەریاوە فڕێ بدەی.
* مشك، پشیلە وەکو مشك دەبینێ.
* سەگی کلك بڕاو چۆن خۆشی خۆی دەربڕێ.
* هیچ شەڕێك نیە ژنی تێدا نەبێ.
* ئازایەتی نیە ئەگەر هاوڕێیەکی ئازات نەبێ.
* گرێی پەت مەپچڕە، چونکە دەتوانی گرێکەی بکەیتەوە.
* هیچ کەس کونی گۆرەویی نازانێ، لە قۆندرە بەولاوە.
* هەنگوین نیە ئەگەر هەنگ نەبێ.
* کاتێ شەڕ دەستی پێکرد، دۆزەخ (جەهەنەم) دەرگا دەکاتەوە.
* ئەوەی لێی دەترسی پێت بکەن، تۆش ئەو شتە بە خەڵك مەکە.
* ئەوەی سەما نەزانێ دەڵێ مۆسیقایەکی ناخۆشە.
* چاوی دووژمن ناخەوێ.
* ئەوەی زۆر خەرج دەکا سواڵکەرێکی داهاتووە، بەلام ڕەزیل سواڵکەرێکی هەمیشەییە.
* ئیشی باش لەسەر دەس دەنووسن و ئیشی خراپ لەسەر تاوێر.
* ئەگەر دوو کەس پێتی وت: تۆ سەرخۆشی بڕۆ بخەوە.
* کچ پێش شووکردن دەگری، پاشان پیاوەکە دەگری.
* بزەی برسی، هەڵخەڵتێنەرە.

لە وتەکانی (تورك)

* ئەوەی هەمووان هەیانە، هەمووان گوێی نادەنێ.
* ئەوەی بۆ پێشەوە نەڕوا، ناشکێت.
* هەر کەسێ زۆر خەوت، کەم دەژی.
* گیروگرفتی خەڵکی تر، ناخۆشی ئەوانی ترە.
* ئەوەی خواردنی گەرم بخوات دەمی دەسووتێ.
* هەر کەسێ بۆ مریشکێ پەنای بۆ دادگا برد، هێلکەیەکی چنگ دەکەوێ.
* ئەوەی نەتوانی مەدحی بکەی، زەمیشی مەکە.
* زەنگ دەنگی بەرزە، چونکە بۆشە.
* خەوتن کانگای هەژارە.
* وریابە لە تووڕە بوونی کۆتر.
* ڕێزی هاوسێکەت بگرە، بەڵام ئەو دیوارەی لە نێوانتانە مەیڕوخێنە.
* ئەگەر پارەت خستە سەر سەرت، لە نرخت کەم دەکاتەوە، ئەگەر خستە ژێر پێت بەرزت دەکاتەوە.
* بۆ کوێ دەڕۆی برۆ نامری، تەنها لەو جێگەیە نەبێ کە نووسراوە.
* باشترین تۆڵە، لێبوردنە.
* هەژارترین خەڵك ئەوانن کەی بێ هیوا دەژین.
* زۆرترین خەڵکی درۆزن، ئەوانەن کە دەربارەی خۆیان قسە دەکەن.
* ئیشێك نەزانی عەیب نیە، بەڵام عەیب ئەوەیە ئیشێك نەزانی و بڵێی دەیزانم.
* چاکە داوا بکەی شتێکی باشە، بەڵام لەوە باشتر ئەوەیە خۆت چاکە بکەیت.
* ئینکار کردنی هەڵە، واتا دووجار هەڵەت کردووە.
* ڕەزیل وەکو کەر وایە کا بخوات و بارەکەی زێڕ بێت.

* ماڵ بانگی بەختیارییە.

* ڕاڤە دایكی زانستە.

* چاكە لە جێگایەكەوە بە دوو قاچ دەڕوا، بەڵام خراپەكاری لە سەر پشتی ئەسپێكی سەركێش دەڕوا.

* پەشیمانی دوواجار، سوودی نیە.

* چەنەبازی مرۆڤ، ئاوێنەی بیر و باوڕیەتی.

* وەلامێكی نەرم و نیان تووڕە دەڕەوێنێتەوە.

* باشترین شت پیاو بیهێنێ، ژنێكی بەوەفا بێ.

* (با) یەكی هەڵكردوو باشترە لە سەڵپی بەهێز.

* ژن هێنان و كاڵەك بە ڕێكەوت باش دەردەچن.

* نهێنیت كۆیلەتە، ئەگەر لە دەمت دەرچوو بە كۆیلەی دەبیت.

*بێدەنگی نەزان، لە ناو زاناكاندا، جوانییەتی.

* كەم جار خۆشەویستی لە ناكاودا دەمرێ.

* ڕاست بڵێ و بە چاوەكانت تەماشای ڕێی ڕاكردن بكە.

* سەگی برسی، لە شێر ناترسێ.

* با پاشا دوژمنت بێت نەك هاوسێكەت.

* ئەوەی بە پەلە ڕۆیشت بە پەلە ماندوو دەبێت.

* ئەوەی بە هەنگوین بێت، مێش دەیخوا.

* قوماش بە گوێرەی قەراخەكەی و ژن بە گوێرەی دایكی.

* هەموو شەوێك ڕۆژێكی هەیە، هەموو زستانێك هاوینی هەیە.

* مردن حوشترێكی ڕەشە، لەبەر هەموو ماڵێكدا چۆك دادەدا.

* هەژاری، كراسێكە لە ئاگر.

* ئەوەی زمانی بپارێزێ، سەری دەپارێزێ.

* چاکە بکە فڕێیدە دەریاوە، ئەگەر ماسییەکان پێیان نەزانی خوا پێی دەزانێ.

* ئەو دەستە ماچ بکە کە نەتوانی بیبڕی.

* هەنگوین شتێکە و نرخی هەنگوین شتێکی ترە.

* خۆشەویستی گوڵێك، وای لە باخەوان کردووە، دیلی هەزار گوڵ بێت.

* چەك دوژمنی خاوەنێتی.

* هەر گوڵێك بۆنێکی هەیە.

* کاتێ کارەبا دەکوژێتەوە، ژنەکان باوێشك دەدەن.

* مرۆڤ لە پاش مردنی وەسفی بکە.

* ئەوەندە کەوتینەتە هەڵەوە، فێر دەبین.

* دوو شت هەیە ناتوانی تەماشای بکەیت، هەتاو و مردن.

* مرۆڤ بە قسەکانیەوە بەستراوە، وەکو ئاژەڵ چۆن بەستراوە بە مێخەوە.

لە وتەکانی (باشووری ئەفەریقا)

* ئەگەر ئامازەت کرد بۆ فیل، بە پەنجە ئامازەی مەکە.
* سەگ، لە دێیەکی نامۆ بوو، کلکی بەرز ناکاتەوە.
* ئەگەر سەبەتەیەك هێلکە لەسەر سەرت بوو، سەما مەکە.
* چۆلەکە لەسەر لقی داری نەناسراو ئیسراحەت ناکات.
* هێلکە لەگەڵ بەردا شەڕ ناکات.
* تەگەی ناڕەحەت و شەڕ فرۆش، زوو شاخیان دەشکێ.
* پاپۆڕی گەورەش لە ئاودا وەردەگەڕێ.
* بۆق حەزی لە ئاوە، بەڵام ئاوی گەرم نا.
* چۆلەکە بە باڵی غەیری خۆی نەبێ نافڕێ.
* کاتێ فاق دروست بکەیت، نێچیرت بۆ دەنێرێ.
* کاتێ شێر ژێرکەوت، تەنانەت مێشیش هێرش بۆ سەری دەبەن.
* نامۆ وەکو مریشکی سپی وایە، لە یەکەم تەماشادا دەناسرێ.
* پلنگ، هێرشی بۆ سەرت برد، نایکاتە هەراو هوریا.
* پلنگ، کێوییە، بەڵام بەچکەکانی ناخوات.
* سەگی تێر ڕاو ناکا.
* لە خوێ داوای شەکر مەکە.
* زێڕ دەرناکەوێ، تەنها لەلای ئەوانەی کە نرخی نازانن، ئەگینا فلسیان لێ دروست دەکرد.
* ئاگر بەوانە پیشان مەدە، کە تووشی ئاگر بوون.
* دوو پلنگ لە ناو یەك دارستاندا نازێن.
* ئەوەی لە دەم دەرچوو ناگەڕێتەوە.
* ئەوەی بیبەری تون (تفت) دەخوا، بێگومان وەکو ئاگر لە دەمیدا بێت وایە.

* ئەوەی لەگەڵ منداڵدا سەفەر بکا برسێتی ناکێشێ.

* مێرووله له ئاو دەپەڕێتەوە ئەگەر پردی لەسەر بێت.

* ئێمە هەموومان ورچ دەناسین، بەڵام ورچ کەس ناناسێ.

لە وتەکانی (دەنیمارك)

* ئەگەر زوو تۆوت کرد گەنم دەدوریتەوە، ئەگەر درەنگ تۆوت کرد پووش دەدورێتەوە.
* ئەگەر دەتەوێ ڕووناکی بە باشی ببینی، ئەوا بۆ چراکە نەوت پەیداکە.
* ئەگەر دەربارەی تۆ خەڵکی قسەی کرد، لۆمەی خەڵکی مەکە لە بڵاوبوونەوەی.
* ئیشەکەت بە باشی بکە، نەك دوو جار بیکەی.
* شێری بەستراوە، تەنانەت مشکیش هێرشی بۆ سەر دەبات.
* ئەگەر بێ ئەقڵەکان بۆ بازار نەڕۆن، ئەی کێ کەلوپەلی خراپ بکڕێ.
* دەتوانی دارتاش، لە ئاردی دارەکان بناسی.
* لە ڕابواردنێکی کاتی بە دووربە، چونکە ئەنجامەکەی ئازارە.
* هاوسێیەکی باش، بەیانیەکی باشە.
* بەردی باش و چاك بۆ بینا، لە ناوەڕاستی شەقامدا نامێنێ.
* خۆشەویستی کوێرە، باوەڕیش وایە هیچ کەس نابینێ.
* باش وایە لە پێشبڕکێی بچووکدا بەشدار بیت، نەك تەماشاکار.
* لێگەڕێ با هەموو مرۆڤێك ئەو پردە مەدح بکات، کە لە سەریەوە تێدەپەڕێ.
* مەیەڵە ئەو سەرانەی کە لە مۆم دروست کراوە، لە ژێر هەتاودا بەڕێوە بڕوات.
* (با) یەکی بچووك ئاگردەدەمێنێ و (با) یەکی گەورە ئاگر دەکوژێنێتەوە.
* سەرێك و هەزار خەفەت.
* زۆرجار پیاوی گەورە لەماڵەوە خزمەتکاری دەکەن.
* پێش ئەوەی بڕۆی بیر لە هاتنەوە بکە.
* پێی شکاو بە گۆرەوی ئاورێشم چاك نابێتەوە.
* قسەکردن لە دایك بووی سروشتیە، بەڵام بێدەنگی لە دایك بووی تێگەیشتنە.
* شۆرباکەت تام نەکرد نانەکەت مەولاوە.

* واز لە سەفەرەکەت مەهێنە بە هۆی بارانی بەیانیانەوە.

* ناتوانی سەر پەیژە بکەویت، بۆ ئەوەی لە سەرەوەیە، دایگریتە خوارەوە.

* ئەوەی کەشتیەك دەکڕێ چاوی ناکاتەوە، کاتێ پارە دەدات گیرفانی دەکاتەوە.

* ئەوکەسەی بیەوێ پشیلە ڕاوی بۆ بکا، تەنها مشکی بۆ دەگرێ.

* زۆر گرانە خۆشەویستی و هەژاریی، بشاردرێنەوە.

* مانگای ڕەش شیری سپیت دەداتێ.

* جوانی بە بێ شەرف، وەکو گوڵێکە بە بێ بۆن.

* ئەوەی لە پرسیار بترسێ، شەرم دەکا فێربێت.

* پێویستە لەسەر مرۆڤ زۆر ئازار بچێژێ، یاخود بە لاویی بمرێ.

* چاو باشترین شایەتە، لە گوێ.

* بەختیاری و شوشە، بە ئاسانی دەشکێن.

* ئەوەی مەڕێ بێ، گورگ دەیخوا.

* تەماع کاری و تۆڵە سەندنەوە، برسێتیە کە تێر خواردنی نیە.

* منداڵی سووتاو لە ئاگر دەترسێ.

* ئەوەی سەری کەرەبێت، ناتوانێ نانەوایی بکات.

* بەڵێنی دەنیمارکی، قەرزە.

* پێویستە هێلکە بشکێنی ئەگەر حەلوات کرد.

* هاوسێیەکی باش لە خوشکێکی دوور باشترە.

* جۆلایەك بە پێوە و ئاسنگەرێك بە دانیشتنەوە بە کەڵکی هیچ نایەن.

* گەنمی باش لە کێلگەی بۆگەن درەو ناکرێ.

* دار بە یەك لێدانی تەور ناکەوێت.

* ئەوەی بە سەر شانتی دەخەی، هەوڵ دەدات سەرکەوێتە سەر سەرت.

لە وتەكانی (روسیا)

* باشترین و خراپترین بەش ژنەكەتە.

* هەڵەی خەڵكی پرشنگدارترە لە هەڵەی خۆمان.

* هەتاو هەڵهات، بۆ هەموو كەس هەڵهات.

* ئەگەر سواری ئەسپ بوویت، یەك جار نوێژ بكە، ئەگەر سواری دەریا بووی دووجار نوێژ بكە.

* مار كە تۆپی، ژارەكەشی دەتۆپێ.

* بەلا كە خەوت توو هەڵیمەسێنە.

* زیاد ڕۆیشتن و ڕابواردنی كاتی، لە هەموو بەلایەك گەورەترە.

* ئیش بەرزترە لە قسە.

* تۆ لە كاتی شەڕدا ناتوانی شمشێرەكەت بە ئامانەت بدەیت.

* مرۆڤ دەتوانی خۆی ڕابهێنێ لەسەر هەموو شتێك، تەنانەت دەربارەی دۆزەخیش.

* دوواخستن دزی زەمانەیە.

* ئەو سەربازەی خەو بەوەوە نابینێ ببێتە ژەنەڕاڵ، ئەوە سەربازێكی تەمەڵە.

* ئەو بەردەی بۆتە كۆسپ لە ڕێگاتدا، نابێ پێت ناخۆشبێت.

* یەك فرمێسكێك لە چاوی قەیسەر، لەسەر وڵات تەكلیفی سەد دەستەسڕ دەكات.

* میوان ڕۆژی یەكەم زێرە و ڕۆژی دووەم زیو و سێیەم ئاسنە.

* كاتێ هەژار لە دەرگاوە دێتە ژوورەوە، خۆشەویستی لە پەنجەرەوە دەردەچێت.

* وەختێك پارە قسە بكا، ڕاستی دەوەستێ.

* چەند یاسا زیاد بكا، عەدالەت دەوەستێ.

* ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانی بیكەی، دوای مەخە بۆ سبەی.

* مەڕۆ بۆ جێگایەك، كە سەرت بە ئاسانی بە ژوورەوە نەچێ.

* جوجەڵەكان مەژمێرە، ئەگەر هێشتا لە هێلكە دەرنەچوون.

* ئاگرێك مەکەرەوە ئەگەر نەتوانی بیکوژێنیتەوە.
* بۆ زار بەکاردێنی ؟ مادام دەتوانی بە هەنگوین بیکوژی.
* بۆچی بە خۆڕایی کاتت دەکوژی، ئەگەر لە تواناتا هەیە سوودی لێ وەربگری.
* خەنجەرێك بە پیاوێکی کەر بدە، دەبێتە پیاوکوژ.
* ئەگەر دەزانی لە کێ بدەی، بزانە چۆن لێی دەدەی.
* ئەوەی ناتوانی چارەی بکەی، پێویستە لە سەرت چاوەڕێی بکەی.
* بەچکە پشیلە چی بکا، ئەگەر مشك نەکوژێ.
* سوالکەر مافی هەڵبژاردنی نیە.
* ئەوەی ئەسپێکی ویست کە لەسەری نەکەوێ، دەبێ بە پێ بڕوات.
* ئەوەی هاوڕێی گورگ بکا، دەبێ بزانێ چۆن دەلورێنێ.
* هەرچەندە پیاو ویستی دوور بڕوات، دەبێ لە دەرگای حەوشەوە دەست پێ بکات.
* ئاوی دزی شیرینە.
* ژن و شووشە، هەمیشە خەتەرن.
* کوێر چ باکێتی ئەگەر نرخی مۆم گران بوو.
* لە هەر جێگایەك هێز هەبوو، یاساش هەیە.
* کەوتن ڕێگای پێدراوە، هەڵسانیش لەسەرتە.
* ئەوەی زۆر کەس بناسێ زۆر دەخەوێ.
* وشە وەك تیرە، لە دەم دەرچوو ناگەڕێتەوە.
* لە وڵاتی هیوادا زستان نایەت.
* دەوڵەمەندی ڕەزیل لە سوالکەر هەژارترە.
* بە یەك مێشەهەنگ، هەنگوین نایەت.
* نان باوکە و ئاو دایکە.

* منالەکانتان خۆش بوێ و بە دەستان ئەدەبیان بدەن.
* برادەرەکەت کۆشکێکت بۆ دروست دەکات و دوژمنەکەت گۆڕێکت بۆ هەڵدەکەنێ.
* ناوی باش هەمیشە نووستوە، ناوی خراپیش لە شەقامەکاندا هاوار دەکا.
* ئەگەر کوێر دوو چاوی بدەیتێ داوای برۆ دەکا.
* لە زەڵکاوی درۆ تەنها ماسی مردووت دەست دەکەوێ.
* مەرج نییە هەموو گۆرانی بێژێ کەیف خۆش بێ.
* هەرگیز ئەوەی پارەی هەیە لە سێدارە نەدراوە.
* چەند ئاسانە خەرج کردن لە گیرفانی یەکێکی کە.
* دیوار بە یەك بەرد دروست ناکرێ.
* جوانی برای خۆهەڵکێشانە و باوکی کەشخەییە.
* کەڵەشێرێك بەختی یار بوو. هێلکە دەکات.
* راستی لە زێڕ گرانترە.
* ئەگەر ماڵ و سامان نەبوو، با برادەرت هەبێ.
* ئەوەی لە گورگ بترسێ، نابێ بۆ دارستان بڕوات.
* ترس، وا لە کەر دەکات، لە ئەسپ خێراتر بڕوات.
* ئەگەر شەل بوویت، لەوە باشترە هەمیشە لە ماڵەوە دانیشی.
* میوان زێڕە، پاشان زیو، پاشان ئاسن.
* ئەگەر دەوڵەمەند نەبووی، ببەرە هاوسێی دەوڵەمەند.
* دادگا کردنی خەڵك و سزادانیان، پێویستە مرۆڤ جێگەی گومان لێکراو نەبێ.
* هەندێ وا بۆ خۆیان حیساب دەکەن کە سواری حوشتر دەبن خۆیان بە گەورە و دەست ڕۆ دەزانن.
* زۆر جار فێڵ کردن قازانجی تێدایە، قازانجیش هەموو جار کوڕی فێڵ نیە.

* مەرج نیە پیرەمێرد بمرێ، بەڵکو پاڵەوان.

* دەستی فەلاح گرێی تێدایە و ڕەشە، بەڵام کولێرەی تەنورەکەی خۆش و سپییە.

* قسەیەکی جوان و خۆش، وەکو ڕۆژێکی بەهارە.

* خۆی خۆشەویست دەکا، بۆی هەیە گلەیی و لۆمەش بکا.

* پەشیمانی لە ڕابوردوو، ڕاکردنە بە دوای (با) دا.

* مرۆڤ باشە، ئەگەر وای لە خەڵکی کرد بەرەو باشی بڕۆن.

* بەڵێنی گەورە، هیوای شێتە.

لە وتەکانی (ڕۆمانیا)

* سەر نەکەوتن زۆر فێری سەرکەوتنت دەکا.
* ئەگەر نەتوانی شتێ بکڕیت، دەست درێژی کردن بۆی بێهودەیە.
* مەلەوانی لە ئاودا فێر دەبێ.
* مرۆڤ قەلا دەکا و زەمانیش دەیڕوخێنێ.
* یەکەم منالێ بەختەوەرە، کچە.
* لە کاتی دەولەمەندیتدا هەژاری بێنەرەوە یادت، هەژاریش لە کاتی دەولەمەندیدا.
* هەندێ شتی بچکۆلەی خراپە لێبگەڕێ، چونکە خۆت خراپەی گەورەت زۆرە.
* کەرێ سواری بیت نەتخات، لە ئەسپێ باشترە، کە لەسەر پشتی بیت بتخات.
* برینی ئازا بەدانسقە لە پشتێوە دەبێ.
* باش وایە شەل بیت، لەوەی بە درێژایی تەمەنت دانیشی.
* ئاشتی، ئاشتییەکی هەمیشەییە، بەلام بۆ شەڕێکی چاوەڕوان نەکراو.
* سوالکەری شەرمن، گیرفانی بەتالە.
* کڕین فێر ناکا، بەلام فرۆشتن فێر دەکا.
* خاوەنی جێی گەرم، خواردنەکەیساردە.
* دلسۆزی نامۆ، وەکو بازگەیەکە لە زێڕ.
* دەولەمەند پرسیار لە هیچ کەس ناکات.
* سەگەکەت داوای تەمەن درێژی زۆرت بۆ دەکا.
* تۆ کە پارەت نەبوو (مفلس) بووی ڕەزیلی سوودی چییە.
* مالێ هیچ زەرەرێکی نابێ، تەنها دەرگای پشتەوە نەبێ.
* ڕاستگۆ هەمیشە زمانی ئاسانە.
* لە کاتی توورە بوونتا چاو نییە.
* سێو لە دووری دارەکەی ناکەوێ.

* ئەگەر مردووەكان لە بیر نەكەین، فرمێسكی چاوەكانمان وشك نابێتەوە.
* جل بە ئامانەت وەرگرتن گەرم ناكاتەوە.
* ئەوەی خوێندن و نووسین بزانێ، چوار چاوی هەیە.
* ئەوەی ئامادە بوو، نیوەی شەڕەكەی بردۆتەوە.
* ئامۆژگاری كردن لە دوای ناخۆشییەكە، وەكو دەرمانە پاش مردن.
* چرا بۆ خەوتوو داناگیرسێنرێت.
* ئەوەی لەلات پەسەند نییە لەسەر جۆگەلەی ئاو بینووسە.
* هیچ شتێك ئەوەندە زۆر ناگۆڕێ تەنها كاتی ئافرەت نەبێ.
* زمانی ئافرەت چەقۆی دوو دەمە.
* وەسفی درۆزن، خۆشی بێ ئەقڵە.
* لە دوای شەڕ پاڵەوان زۆر دەبێ.
* جوانێكی بێ ئەقڵ، وەكو گوڵێكە لە ناو قوڕدا.
* ئەگەر درۆزن ڕاستی بڵێ، نەخۆش دەكەوێ.
* كەرە لەسەر كەرە، نابێتە چێشتخانە.

لە وتەکانی (سوێد)

* خواوەند رزقی هەموو باڵندەیەك دەدا، بەڵام نایهاوێتە هێلانەکەیەوە.
* لە سەرەتاوە باش دەستی پێبکە، لە کۆتاییەکەی مەترسە.
* ئەگر بیروڕا زۆر بوو، ئیش کەم دەبێتەوە.
* ئاسنەکەت بکوتە هەتا گەرمە.
* لە زستانا گورگ تێر بکە، لە هاویندا دەتخوات.
* زۆرترین بەڵاکانی خەڵك لە خەڵکەوەیە.
* باش وایە ئازار بچێژی، نەك پاداشتی درۆ وەرگری.
* سامان کۆیلەی ژیرە، گەورەیی بێ ئەقڵە.
* برسێتی زۆر شتت فێردەکا.
* تاکە پێڵاوێك بۆ هیچ پێیەك نابێ.
* تەنانەت ژیرەکانیش دیاری لە ڕێ دەریان دەکا.
* تینووەکان لەسەر خۆیان ئاو دەخۆنەوە.
* چاوی نامۆ زۆر دەبینێ.
* وشەی نەرم و نیان ئازاری نییە.
* پرس بە پزیشك مەکە، پرس بە نەخۆش بکە.
* مەرج نییە ئەوەی پشتی تێت کرد ڕادەکا.
* هەموو هەڵەیەك ئیعتزاری هەیە.
* ئەوەی چۆلەکەیەکی بەدەستەوە بوو بەریدا، لەبەر چۆلەکەیەك بەسەرداراەوە، کەرە.
* ئەوەی ویستی زۆرانبازی لەگەڵ گورگدا بکا، پێویستە نینۆکی ورچی هەبێت.
* ئەوەی لەبەر تۆ درۆ بکا، دزیشی بۆ دەکا.
* ئەگەر ئاسمان هەنگوین و ماسی باران، هەژار کەوچکی دەست ناکەوێ.

* ئەگەر قەرزدەر مرد، خۆ ئەوانی تر نەمردوون.

* ئەگەر تەماشا کردن بە چاو بەس بێت، دەس بەکار مەهێنە.

* ئەگەر پێستی شێرت دەست نەکەوت، پێستی ڕێوی بەکار بهێنە.

* بێ دەنگ بە، باشترە بلێی.

* مرۆڤ عەیبی خۆی بە چاو خەڵکی دەبینێت.

* ئێمە ناتوانین ئەو باڵندە شوومانە نەیەڵین بە سەرماندا بفڕن، بەڵام دەتوانین نەیەڵین هێلانە لە بان سەرماندا دروست بکەن.

* مردن گسکی خودایە.

* ئاینی دەوڵەمەند سنووقەکەیەتی.

* کاتێ گەورە دەخەوێ، خزمەتکارەکان خەو دەبینن.

*باشترین جیاکردنەوە بۆ قسە هاوردە خەفەری شەیتانن.

* نانی خوراو زوو لەبیر دەچێتەوە.

* کۆشکی میر لە کشتییەکەی نوح دەکا، لە ناویاندا جۆرەها ئاژەڵی تێدایە.

* ئەوەی خەڵکی ڕاو دەنێ ئیسراحەتی نییە.

* خۆشەویستی چەندەها پاڵەوانی دروست کردووە، هەروەها چەندەها هەڵخەڵەتاویش.

* ماسی بچکۆلە ئاوات دەخوازێ بە نەهەنگ بێت.

* دەوڵەمەند پێنج هەستی هەیە و هەژاریش شەش.

* پیاوێك بە بێ پارە و ماڵ، وەك پاپۆڕێك وایە بەبێ شراع.

* بە پەلە لە بیری دەچێتەوە، کە هەموو لە سەرە مێکوتە بوون.

* باشترین قسە کردن و ڕاسترین، ئەوەیە کە لەگەڵ خۆماندا دیالۆگ بکەین.

* پیاوی ژیر، گوێی گەورەیە و زمانی کورتە.

* هەموو سپییەك ئارد نیە.

* شمشێری ژن لە دەمیایەتی.

* شەیتان یەك جار سەر لە دەوڵەمەند دەداو، دوو جار لە هەژار.

* ئەوەی کە هەمیشە دەیەوێ بیکا، کەم جار ئەوە دەکا، کە دەیەوێ بیکا.

* ئەوماڵەی کە بە دڵی هەموو دروست بکرێ، بەبێ بان دەمێنێتەوە.

* گەنجەکان بە کۆمەڵ دەڕۆن، ئەوانەی پێگەیشتوون دوو دوو، پیرەکان یەك یەك.

* کاتێ دەریا هێمنە، کەشتیوانەکان هەموو باشن.

* دەستێ پڕ بێ لە پارە، باشترە لە دوو دەس پڕ بێ لە ڕاستی.

* بەهێزترین بێ هێز ئەو کەسەیە کە بزانێ بێ هێزە.

* ئەو دیارییەی کە درەنگ دەکات، خراپ بووە.

لە وتەکانی (سویسرا)

* هاوسێ لە ڕێوی زیاتر چاودێری دەکا.
* تەنانەت مێرووولەش سێبەری هەیە.
* باش وایە لاڵ بیت نەك درۆزن.
* گورگی بێ ددان، قەشمەرجاڕی سەگەکانە.
* دار کەیف خۆش نابێ بە سێوەکانی.
* چاو باوەڕی بە خۆیەتی، گوێ بە قسەی خەڵك باوەڕ دەکا.
* ئەو ئیشەی بە زووترین کات تەواو دەبێ، دوو ئیشە.
* ئەگەر خەڵکی مەدحی یەکێکیان کرد کەم کەس باوەڕی پێدەکا، ئەگەر زەمیان کرد هەموو کەس باوەڕی پێدەکا.
* هەر کاتێ مێرووولە باڵی لێ پەیدابوو، سەری لەناو دەچێ.
* ورچ ڕاو دەکەی، پێستەکەی مەفرۆشە.
* ئەو کەسە خێری تێدا نییە، ئەگەر خێری تۆی وەکو خێری خۆی نەویست.
* پاش نان خواردن کەوچك سوودی چییە.
* زمان خراپترین پارچە گۆشتە لە جیهاندا.
* ئەوەیماڵی هاوسێکەی بلەرزێنێ، ماڵەکەی خۆی لار دەبێتەوە.
* ئەوەی لە هەڵەکەی ناگەڕێتەوە، دوو جار هەڵەی کردووە.
* ئامۆژگاریی دەرمانێکی تاڵە، چەندە تاڵیەکەی زیاد بکا، سوودی زۆر دەبێ.
* دەم وچاوی بەبزە نیوەی میوانداریە.
* دووای ئامۆژگارییەکە، بەختیار دەبێ.
* پێش ئەوەی خواردن بە میوانەکەت بدەی، بە ڕووخۆشی پێشوازی لێ بکە.
* هەندێ جار دەبێ وا بڵێین، شێلم کاڵەکە.
* ئەگەر ویستت لە مرۆڤێك تێبگەی با قسە بکا.

* ئەگەر میوانی یەكێك بووی، چاوت بكەرەوە و دەمت داخە.
* ئەگەر خوا گیانت لێ نەسێنێ، هیچ كەس ناتوانێ لێت بسێنێ.
* وشە كورتە بالآیە، نموونە (امثال) مێردەزمەیە.
* ئەوەی بە ڕۆژ نابریسكێتەوە، بە شەو دەبریسكێتەوە.
* پێویستە هەمیشە پارچە نان بە سەگی شەڕ فرۆش بدەی.
* قسە وەك مێشهەنگ وایە، هەنگوینی هەیە و دەرزیشی هەیە.
* (گا) بە شاخەكانی دەگیرێت و پیاو بە قسە و ژن بە كراسەكەی.
* ئەو ژنەی حەزی لە جل شۆرینە، هیچی كەم نییە تەنها ئاو نەبێت.

لە وتەکانی (سۆماڵ)

* بە یەك دەس گوریس با نادرێت.

* شەڕ لە نێوان خێزاندا دووکەڵ دەکا، بەڵام هەرگیز ئاگر ناکاتەوە.

* (با) داری بچووك ناشکێنێ.

* بەختیاری هەموو خەڵك، هەمیشە تاڵیشی تێدا دەبێ.

* چاو تەماشا دەکات، بەڵام نابات.

* هیچ شتێ لە ماڵی مرۆڤ جوانتر نییە.

* هەرگیز بە تەمای پارەیەك مەبە لە گیرفانی یەکێکی ترا بێ.

* هیچ کەس بزن لە ئەرزی پڵنگ بەخێو ناکات.

* ئەگەر بە تەنها برۆیت کێ پێشت دەکەوێ.

* ئەوەی سکی گەورەی هەبوو، برادەری نابێ.

* ئەوی لەگەڵ سەگدا بخەوێ لەگەڵ کێچدا هەڵدەسێ.

* ئەگەر کراسە کۆنەت بە کەڵك نەهات، کراسی تازەتیش نابێ.

* حوشترمل (نعامە) دەفڕێ دەڵێ من حوشترم، ئەگەر شتێکیش هەلگرێ دەڵێ: من چۆلەکەم.

* ئەسپ لە برسا دەتۆپێ، ئەگەر سایس زۆر بوو.

* پیاو، ئەوەی لە دوایدا دەمرێ دڵێتی، بەڵام ژن زمانێتی.

* لە شێر ڕزگارت بوو، تەماع کردنی ڕاوی مەکە.

لە وتەكانی (چین)

- بیری پیس و بۆگەن، دەگەنێ تاكو دەبێتە ئیشی پیس و بۆگەن.
- یەك هەڵەیەك دوور نییە، هەموو ژیان بە زنجیرەیە خەفەت بكات.
- ئەگەر ئەمڕۆ كورتە ساڵ وانیە.
- بە پرسیار مرۆڤ فێر دەبێ.
- لەو ماڵەی مریشك دەوری كەڵەشێر دەبینێ، بەرەو خراپە دەڕوات.
- لە خەفەتەكانت رزگاربە بیخەرە گیرفانە دڕاوەكەتەوە.
- پێویستی رێپیشاندەرێكی باشە.
- خۆشەویستی رووەكێكی ماڵە هەموو رۆژێ پێویستی بە ئاودانە.
- رێوی خەوتوو، لە خەویدا مریشكەكان دەژمێرێ.
- خواردنەوە دڵۆپە وەرگرە، زانیستیش كەم كەم.
- باشترین ئاوێنە كە خۆتی تێدا دەبینی، ئیشەكانتە.
- لێگەڕێ با سەد گوڵ بكرێتەوە.
- مێش بەدەمی داخراوەوە ناڕوات.
- جوانی پیاو ئەدەبەكەیەتی، جوانی ژنیش زیرەكیەتی.
- میوانی رۆژانە، دزی چێشتخانەیە.
- رۆژێك بە بێ خەفەت بە سەر بەرە، ئەو رۆژە رۆژێكی هەمیشەییە.
- پارە قسەی كرد هەموو شتێ بێدەنگ دەبێ.
- خوێندنەو بە بێ بیركردنەوە، وەكو خواردنێك هەزم نەكرێت وایە.
- پێش ئەوەی داوا بكەیت وەزعی جیهان بگۆڕیت، سێ جار تەماشای ماڵەكەت بكە.
- درۆ نەخۆشییە، راست گۆیی چاك بوونەوەیە.

- چۆن لە سەر شاخ ناوەستێ، رق و کینە لە دڵی گەورەدا ناوەستێ.
- زۆر چار ژنان بیرۆکەی باشمان دەدەنێ، بەڵام ناهێڵن جێبەجێی بکەین.
- ماسیم مەدەرێ، بەڵام فێرم بکە چۆن راوی بکەم.
- دانەکانت دەرمەخە، ئەو کاتە نەبێ کە توانای قەپاڵ گرتنت هەیە.
- ژنان لە قسە کردن ناوەستن، ئەو کاتە نەبی کە دەگرین.
- زمانی ژنان شمشێریانە، لەبەر ئەوە هەمیشە بەکاری دەهێنن نەوەك ژەنگ بگرێ.
- هەموو گوڵێك میوەی نیە.
- هیچ زنێك دانی خێر بە ژنێکی تردا نانێت.
- زانست کانگایە، دوای هاورێکەی دەکەوێت بۆ کوێ بڕوات.
- ئەوەی بتوانێ تیر بهاوێ، کەواتە بە توندی رایکێشە.
- ئەوی سوار پشتی پڵنگ بوو، دۆش دادەمێنێ چۆن دابەزێ.
- ئەوی پیتێکم فێربکا باوکمە تا کۆتایی ژیانم.
- ئەوی (با) بنێژێ زریان دەدورێتەوە.
- ئەوەی گوێ بە سبەی نەدا، خەفەت بەرانگیری دەبێ.
- منداڵەکەت فێربکە لە ژووری دانیشتن چۆن دابنیشێ وژنەکەت لە سەر سەرین.
- زێڕ ماڵی رەزیل نییە، رەزیل ماڵی زێڕە.
- ئەوەی نان بە سەگ نەدات بەدز دەدات.
- هەر کاتێ چێشت لێنەرەکان دەستیان بە بگرە و بەردەکرد چێشتەکان دەسوتێن.
- حوکم بە سەر ئەسپەکە مەدە بەزینەکەی.
- ئەگەر ماسیت بە کورەکەت دا یەك رۆژ بیدەرێ، ئەگەر فێری راوەماسیت کرد، بەدرێژایی تەمەنی نانی بدەری.

- هەموو کانزاکانی جیهان ناگاتە ئافرەتێکی داوێن پاك.
- مۆمێکی بچوك داگیرسێنە لەوە باشترە نەفرەت لە تاریکی بکەیت.
- بەخشەندە لە خاوەنەکەی دەکا.
- چۆن جۆگەلەکان بۆ دەریا دەڕۆن، بەخشەندەش بۆ خاوەنی دەگەڕێتەوە.
- لە کاتی بەختیاریت داماوەکانت بە بیر بێتەوە.
- حەسوودی دەنکە قوم لە چاویایەتی.
- ئاقڵ لە سەر بیروباوەری قسە دەکا، ژیر لە سەر ئیشەکانی، بازاریی لە سەر خواردنی.
- ئەگەر ئاسمان خورمای باران دەمت بکەرەوە.
- کەوانەکەت ئامادە بکە، بەڵام تیرەکەت دوواخە.
- بە ئاگر زێڕ تاقی دەکرێتەوە و پیاویش بە زێڕ.
- ناتوانین هەڵەکانمان ببینین ن تەنها بە چاوی خەڵکی نەبێ.
- بە ئاسانی بە مرۆڤ دەبین، بەڵام بە گران بە پیاو دەبین.
- تینوو خەو بە ئاوەوە دەبینێ.
- دوو زین بە یەکجار لە سەر ئەسپ دانانرێت.
- تفەنگ هەڵمەگرە بۆ ئەوەی پەپولەیەك بکوژی.
- ئەو کەسەی ماڵ بدزێ دادطا دەکرێ، ئەوەی وولآتی بطرێ دەیخەنە سەر تەخت.

لە وتەکانی (فەرەنسا)

- منالەکانت بە دڵت خۆشیانت بوێ، فێریانکە بە دەستت.
- خۆر کە دەرچوو مانگە شەو ئیشی نامێنێ.
- ئەگەر پەتێکت دایە دەستی کورەکەت، لۆمەی مەکە ئەگەر دەستی بەستەوە.
- ئەگەر لە بەد بەختی دەترسی، بەختەوەریت دەست ناکەوێ.
- قازانج ناژی بەبێ خەسارە.
- لە هاوسێکانت بپرسە ئەوسا خانوو بکڕە.
- پرس بە خەڵکی بکەو خۆت کۆتایی بە ئیشەکە بهێنە.
- زۆر ئاسانە بیست سەگ تێر بکەی نەك دوو چاو.
- دوژمنی دوژمنەکەم، دۆستمە.
- رێوی وا تێدەگا خەڵکیش وەکو ئەو مریشك دەخوا.
- خزمەتکاری ئەمین، سامانێکە بۆ ئەو کەسەی لە لایەتی.
- باش وایە دووای خەیت نەك لە بیرت بچێ.
- لە درۆزن بگەڕێ با درۆ بکا، تاکو دێتە سەر راست ووتن.
- تام هەنگوین لە دەم نەخۆشا تاڵە.
- چاوی کز چاوی تیژە.
- چاوی برسی دوور دەبینێ.
- بۆ ژن بگەڕێ.
- ماسییەك وتی: شتی زۆرم پێیە، بەڵام دەمم پڕە لە ئاو.
- هەموو مرۆڤێك ئەو دارەی خۆش دەوێ کە سێبەری بۆ بکا.
- جێی خەوتنت چۆن بوو وا دەخەویت.
- سێوێك ئەگەر کاڵ بوو مەی بڕە، کە گەیشت خۆی دەکەوێتە خوارەوە.
- لە راست وتن جوانتر نیە.

- هەژار ئەو کەسەیە داوی زیاتر دەکا.
- کیسەی بەتاڵ بازاری نیە.
- ژنان حەفتاو حەوت رایان هەیە لە یەك کاتدا.
- ئەوی چاو نابینێ دڵ ئارەزووی لە سەر نیە.
- ئەوەی هەمووان دەیڵێن بێگومان ئەوە راستە.
- پارێزەری زیرەك هاوسێیەکی خراپە.
- ئەوەی زۆری هەیە، یا فێڵی لێت کردووە، یا دەیەوێ فێڵت لێ بکا.
- خەڵك بەرد فرێ نادا، تەنها بە سەر ئەو دارە نەبێ کە بەر دەگرێ.
- رەحم کردن لە عەدالەت باشترە.
- دوو کەڵەشێر بە ئاشتی دەژیان تا کو مریشکێك دەرکەوت.
- گوێ، رێگەیەکە بۆ دڵ.
- پیاوان لە دڵداریدا دەمرن، ژنان زیندوو دەبنەوە.
- سەر بە دیواردا بدەین تەنها سەر ئێشەمان توش دەبێ.
- باوکی دەست رۆ کورێکی خەرج کەری دەبێ.
- ئەوەی هەمیشە کار دەکات تاجر نیە.
- پیاو هەمیشە بۆ دڵداری یەکەم دەگەرێتەوە.
- گرانی تەنها لە هەنگاوی یەکەم دایە.
- کچی جوان مارەییەکەی لە ناوچەوانیدایە.
- نهێنی سێ کەس، نهێنی هەموانە.
- مەرج نییە هەموو راستیەك بوترێ.
- هیچ شتێك وەك ئیشی خێر زوو پیر نابێ.
- ناخۆشی لێقەومانی هەندێك، خۆشی بە هەندێکی تر دەدات.

- برادەرێکی نزیك، لە خەزوورێکی دوور باشترە.
- ئەوەی بە هەمووکەس دەدا، ئەوە بەکەس نادا.
- ئەوەی بەرداخ بشکێنێ دەبێ پارەکەی بدات.
- بە تۆپینی گورگ، ژیانی مەڕ ئاسوودەیە.
- برسێتی، گورگ لە دارستان دەردەکا.
- هەژاریی عەیب نیە.
- نەزانی دایکی هەموو خراپەیەکە.
- ئەوی هیچ نازانێ گومانیش لە هیچ ناکات.
- پێویستە بادەم بشکێنی تا ناوەکەی بخۆی.
- ئیسراحەت کردن دز دروست دەکا.
- تەنهایی باشترە لە هاورێی خراپ.
- پیرێتی دۆزەخی ژنە.
- پوشێك لە دوای پوشێك، پاساری هێلانەکەی دروست دەکات.
- پیاو کە لاواز بو ژن بەهێز دەبێ.
- هیچ دەرمانێك نیە دژی مردن.
- سکی بەتاڵ گوێچکەی نیە.
- کەمێك باشترە لەوەی هیچ نەبێ.
- قسە پێدان ئاسانترە لە ئیش.
- ئەگەر هێزمان هەبوو، جێگەی ئەقڵ نیە.
- ئەوەی پاشا دەیەوێت، یاساش دەیەوێت.
- پێویستە پێش ئەوەی قسە بکەی، حەوت جار زمانت بجولێنی.
- رێککەوتنێکی خراپ بگرە و بەردەیەکی دوورو درێژ دروست دەکات.
- پشت بەکەرەکەت ببەستە لە ئەسپی هاوسێکەت باشترە.

- یارمەتی خۆت بدە خوا یارمەتیت دەدا.
- خۆشەویستی دڵداری چرکەیە، بەڵام ڕەش بینی خۆشەویستی بە درێژایی تەمەنە.
- کاتێ برسێتی لە دەرگات دەدا، خۆشەویستی لە پەنجەرەکەوە دەردەچێ.
- ڕاستی لە دەمی منداڵەوە دەردەچێ.
- بۆشایی مە ڕۆ ئەگەر بانگ نەکراوی.
- گوێ نەدانێکی کەم و بچووك، ئازارێکی زۆر دروست دەکات.
- هەوڵ دەست پێکردنێکی باش، کۆتاییەکی باشی دەبێ.
- بگرە و بەردە نییە لە زەوق ولە ڕەنگدا.
- ئەوی لە منداڵییەوە فێری دبین، تا مردن لە بیرمان ناچێ.
- پەلە پەل سوودی نیە گرنگ ئەوەیە لە کاتی خۆیدا برۆی.

لە وتەکانی (کەنەدا)

- دوو کەس یەك ئیشیان هەبێت هەرگیز رێك ناکەون.
- زۆر ئاواز لە سەر کەمانێکی کۆن لێدەدرێت.
- ئەوەی خەڵکی دەیکا تۆش بیکە، ئەو کاتە خەڵکی بە باشی باست دەکەن.
- مندالّ وبێنەقلّ هەمیشە راست گۆن.
- ئەوەی زانا بێت لە موجامەلە کردندا، زیرەك دەبێت لە هەڵخەڵەتاندا.
- درەوی خراپ هەرگیز داسی باشی نەدیوە.
- گیای خراپ زوو دەڕویّ.
- ئەگەر بەرد لە جەڕەی دا، یا جەڕە لە بەدی دا، ئیشەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا خراپە بۆ جەڕەکە.
- جنێو وەکو مریشکە بۆ جێی خۆی دەگەڕێتەوە.
- شوورەی باش هاوسێیەکی باش دروست دەکات.
- ناودارێتی باش زوو لە ناو دەچیّ، لەوەی کە پەیدا دەبیّ.
- میوانێکی هەمیشەیی، سێبەرێکی قورسە.
- ئاشەکانی خوا لەسەر خۆی دەهاڕیّ.
- کەمی بەردەوام جزدان پڕ پارە دەکات.
- هەموو پشیلەیەك لە تارێکیدا رەشە.
- هەموو ئەسپێك وا هەست دەکا، ئەو بارەی رایدەکێشی گرانە.
- ماڵەکەت مەسووتێنە لە بەر ئەوەی مشکەکە دەربکەی.
- تا ئازارت پیّ نەگەیشت هاوار مەکە.
- ناتوانی سەگی پیر فێر فێڵی تازە بکەی.
- ئەوەی لە کونی دەرگا کولّ بگریّ، دوور نییە توشی شتیّ بیّ پێی رازی نەبیّ.
- ئەوەی دەست بەقیرەوە بدات دەستی پیس دەبێت.

لە وتەکانی (مالیزیا)

- ئەوەی لە جزدانەکەیدا پارەی نەبوو، بازمانی وەکو ئاورێشم بێ.
- یەکێك هەڵەیەك بکا وادەزانێ هەمووکەسێ باسی ئەو هەڵەیە دەکەن.
- شاری گەورە جیاوازییەکی گەورەیە.
- نوکتەی دەوڵەمەند هەمیشە پێکەنینە.
- ئەوانەی یارمەتی خۆیان دەدەن خواش یارمەتیان دەدات.
- ئەگەر ناتوانی بزەت هەبێ لە کۆگادا مەبە فرۆشیار.
- باوکی بەرەحم چرایە بۆ نەوەکان.
- ئەگەر شەڕ وازی لێت نەهێنا وازی لێ بێنە.
- ژیان نرخی لە مردنەوە وەردەگرێ.
- خوێن بە خوێن ناشۆردرێت، بەڵکو بە ئاو دەشۆردرێت.
- ئەگەر براکان بەیەکەوە ئیش بکەن، کێوەکان بەزێڕ دەبن.
- بەخشین لە گەڵ بزەدا دوو جار بەخشینە.
- لە نرخدا فێڵی لێ کردم بەڵام لە قوماشەکەدا ناتوانێ.
- هەموو هەورێکی رەش ناوەوەی سپییە.
- زمان لە بەر ئەوەی نەرمە بەرگری دەکا، دانیش لە بەر ئەوەی رەقە دەشکێ.
- ئەوەی هەوڵدەدا تۆڵە وەرگرێ لەبەر ئیهانەیەکی بچووك، توشی ئیهانەیەکی گەورەتر دەبێ.
- حەسوود هەموو شتێك دەبینێ لە لایەنی خەڵکەوە بەباشی بزانێ بەڵام لە لای خۆیەوە بەڕەشی.
- ئەرزەکە بکێڵە ناموست دەپارێزی.
- تفەنگی بێ فیشەك دوو کەس دەترسێنێ.
- شێری مردوو دەدۆشێ.

- بێوەژن ماینێکە سوارەکەی بە سەر ئەرز خستووە.
- لە ڕۆژی تەنگانەداو ناخۆشیدا شیر تاڵە.
- دار هەرچەندە ڕەگەکانی زۆربێ و بە هێزبێت، زریان دەیجولێنێ.
- لە کوێ دەریا هەبوو، قورسان (القرصان) هەیە.
- لە هەر جێگایەك شەکر هەبوو، مێرووله هەیە.
- پاڵتۆی کەس لەبەر مەکە، بۆ پێوەری لەشت.
- لە خەڵکیەوە خراپەی خۆمان دەزانین.

لە وتەکانی (نەیجیریا)

- ئەگەر سەگ برسی بوو چاو چۆن دەخەوێ.
- کەڕ ئەگەر گوێی لە دەنگی هەورە تریشقە نەبێ، بەڵام تنۆکێ باران دەبینێ.
- ئەگەر بەڵێنیان دایتێ بۆ دیاریەك، مەڕۆ بۆ وەرگرتنی بە جانتایەکی گەورەوە.
- ئەوی لە دایك بوو بە سکە خشکێبڕوات، ناتوانێ بفڕێ.
- کۆنترین دار، خۆشترین میوەت دەداتێ.
- مرۆڤ بەزیرەکی لە دایك نابێ، بەزیرەك دەبێت ئەگەر گوێ لە ئامۆژگاری خەڵکی بگرێت
- ئەو گەڵایانەی کە لە دار دەکەون، بۆ دارەکە ناگەڕێنەوە.
- دەتوانی پەڵەیەك لە لەشتا بشاریتەوە، بەڵام ناتوانی عەیبێك لە رەوشتا بشاریتەوە.
- تەنانەت ئەگەر مەیمون پێست ئاسکی لە بەر کرد بە مەیمونی دەمرێت.
- میوانی ژێر چاوی دەکاتەوە نەك دەمی.
- زەمان وەکو پاسارییە، بەدەست نەیگری دەفڕێ.
- شتی دزراو خۆشی بە دڵ نادات.
- شەیتانێکی ناسراو، لەقەشەیەکی نەناسراو باشترە.
- یەك فلس بە کەس مەدە، ئەگەر نەیزانی چۆنی خەرج دەکا.
- گران نییە تۆش وەکو خەڵکی بکەی، چونکە خوا تۆشی وەکو ئەوان خولقاندووە.
- هەر کاتێ بینیت سەگ دەوڵەمەندە، پێی بڵێ شێری گەورەم.
- لە بەلەمێکی یەکێ ترا بوویت، گۆرانی بە دڵی خاوەنەکەی بڵێ.
- ئەوی مار پێوەی بدا لە کرمیش دەترسی.
- ئەوەی بۆ ماڵێ ڕۆیشت، پێویستە عەیبەکانی لە بەر دەرگا بەجێ بهێڵێت.

- کێ زوو بە کانیەکە گەیشت، ئاوی پاك دەخواتەوە.
- قەلە رەش حەز لە هەنجیر دەکات، بەڵام خۆی ماندوو ناکات بە ناشتنی.
- ئەوی ئیشێك دەزانی، قەڵایەکی هەیە.
- تیکە (پاروو) لە ناو بەردا دەردەکا.

لە وتەکانی (هند)

- هەموو ڕۆژێك چاوت بە دوو کەسەوە بێت، ژنەکەت و قفڵی دەرگاکەت.
- دواترین شت مرۆڤ وونی دەکا هیوایە.
- ئەگەر کوڕەکەت باڵا کورت بوو، با هەنگاوێ پێشت بکەوێ.
- زۆر گوێ بگرە و کەم قسە بکە.
- ئەگەر بە سواڵکەر هیچت نەدا، هیچ شتێکی مەدرە.
- دوو کەس بە تۆی ووت کوێری، هەردوو چاوت بنوقێنە.
- تەماشاکەری دوور، دوورە لە خەتەر.
- تەماع نەما بەختیار دەبی.
- ڕێوی بە ڕێوی ڕاو دەکرێ.
- جوانە مرۆڤ لە پێناو نیشتما نەکەیدا بمرێ. بەڵام جوانترین ئەوەیە لە پێناویدا بژی.
- تەنانەت هەتاو (خۆر) پەڵەی تێدایە.
- تەنانەت لە ناو قوڕدا زێڕ بریقەی هەیە.
- ئاگادار بوونی زۆر، سەر لە ترسناك ڕزگار دەکا.
- ئاگاداری ئەو دەرگایانە بەکە کلیلیان زۆرە.
- باش وایە بە کەوچکی شکاو خواردن بخۆی، نەوەك چاوەڕێی کەوچکی ساغ بکەیت.
- لە نیوەی ڕێگا بگەڕێتەوە باشترە لەوەی ڕێگا ون بکەیت.
- سرکەی پاك تامی خۆشترە لە هەنگوینی ترشاو.
- کەڵەشێر سوود لە برادەری ڕێوی وەرناگرێ.
- دوور نیە ئەگەر وتت فیلێکم کوشتووە، بەڵام ڕاست ناکەیت ئەگەر وتت لە سەر شانم هەڵم گرتووە.

- چاو پەنجەرەیە لەوێوە تەماشای دڵ دەکا.
- ئیش کردن وەسفی خۆی دەکا.
- کتێبی باش برادەری باشە.
- تەمەڵ، تەنانەت لە ئیسراحەتیش ماندووە.
- هیچ شتێك وەکو زەمان نییە لە تۆڵە سەندنەوە.
- ئەوەی وەسفی رابردوو دەکا ، زەمی ئێستا دەکا.
- ئەوەی بە چاوی خەڵکی تەماشا بکا، هەڵخەڵەتاوە.
- ئەوەی دەرزییەك بدزێ بزمارێکیش دەدزێ.
- پێویستە وەڵامی شەیتان وەك شەیتان بدەیتەوە.
- نە خوێ و نە ئامۆژگاری پێشکەش مەکە ئەگەر داوات لێ نەکرا.
- دووپشك لە ئاگر دەربکەی پێتەوە دەدا.
- ئەوی بە رێگای راستا بروا وون نابێ.
- خوا یەکەو بەڵام ناوی زۆرە.
- بە گوێرەی هەموو دایکێك، خۆر بۆ منداڵەکەی ئەو دەدرەوشێتەوە.
- هەموو شتێك دەکرِدرێ، تەنها دایك و باوك نەبێ.
- لە یەك خشان ئافرەت و مراوی لوس دەکا.
- دەوڵەمەندی رەزیل بۆ دزو پادشاکان دەگەڕێتەوە.
- ژن دەرگای سەرەکییە بۆ دۆزەخ.
- هەر کەسێ فووی لە شەپوور کرد مەرج نییە راوچی بێت.

لە وتەكانی (هۆڵەندا)

- ئەگەر پشیلەت بەند كرد بە شێر دەبێت.
- زمانت گرێ بدە ئەگینا، گرێ دەدرێی.
- درۆ قاچی كورتە، پاشان برادەرەكەت پێشی دەكەوێ.
- رزگار بوونت لە پێڵاوی كۆن ئاسانە، بەڵام رەوشتی كۆن زەحمەتە.
- گەڕانەوە بە پەلە باشترە، لە سەركەوتن لێدان.
- خۆشەویستی برادەرێكە ئاگری تێ بەربووە.
- تەنانەت پێڵاوی تازەش كۆن دەبێ.
- هاورێتی، رێگا كورت دەكاتەوە.
- ژن هێنان پێویستە، دووەم جار بێ ئەقڵییە، سێیەم جار شێتییە.
- بچكۆلە بە درێژایی زەمان گەورە دەبێ.
- ئەوی چاوی لە زێڕ بێت، چاوی لە دەس دەدات.
- ئەوەی دیارییەكی بەدەستەوە بوو، دەرگا دەبینێ كراوەیە.
- ئەوەی چاكەی هەیە، خراپەشی هەیە.
- باشترین ئاسنگەر جارو بار لە پەنجەی خۆی دەدا.
- رێوی كە پیر بوو، قەلە رەش تووكەكانی لێدەكاتەوە.
- خەسوو لە بیری چووە، رۆژێك خۆشی بووك بووە.
- كاتێ باران وەستایەوە، چەترمان لە بیر نەچێ.

لە وتەكانی (یابان)

- حەوت ساڵ بگەڕێ ئەوسا باوڕ بكە.
- ئەگەر كوێرێ دەستی كوێرێكی كەی گرت، بێ گومان هەردووكیان پێكەوە دەكەونە چاڵەوە.
- درۆ دەڕوا بەڵام بە یەك قاچ.
- كێڵگەی گەورە وەسف بكە، كێڵگەیەك بچووك دروست بكە.
- رۆژان سجیلاتی تەمەنە، سجیلاتەكان بە باشترین ئیش پڕ بكەرەوە.
- دووری جوانی بە دیمەن دەدا.
- گەش بین بە باشترین شت، بەڵام ئامادەش بە بۆ خراپی.
- میوەی گەییو چاوەڕێی ئەوە ناكا سبەی بیكەیتەوە.
- هەموو لە پاش چاك بوونەوە پزیشكە.
- جوان ئەوەیە كردارەكانی جوان بێت.
- تەنانەت گەورەكان، گەورەیان هەیە، ئەویش خوایە.
- هەواڵی خراپ بە پەلە بلاو دەبێتەوە.
- دونیا مامۆستایەكی راستە، بەڵام كرێكەی زۆرە.
- ئەو دارەی بەر ئەگرێ بەردی تێناگیرێ.
- ساڵێ بیر بكەرەوە، لە چركەیەدا قسە بكە.
- چەند دڵۆپە یەكی ئاوی كەم، دوور نییە جۆگەلەیەك دروست بكات.
- هەڕەشە مەدە، بەوەی كە نەتوانی جێیەجێی بكەی.
- (با) چیی، بە چیا دەكا.
- ئەوەی ژنی هێنابێ خەفەتی زۆرە، گەنجیش زیاتر.
- ئەوی لە خوارەوە بێت لە كەوتن ناترسێ.
- ئەوەی (بندق) بخوات، دەبێ تۆكڵەكەی بشكێنێ.

- ژنان پیاوان دەناسن، بەڵام کەس ژنان ناناسێ، تەنها ژن ژن دەناسێ.
- هەڵبژاردنی ئاواز نابێ، تەنها ئەو کەسانە نەبێ کە پارە بە کەمان ژەن دەدەن.
- ئەسپ لە ماڵی دەوڵەمەند بکڕە و ژنیش و لە ماڵی هەژار بهێنە.
- خۆشەویستی گاڵتەی بە وەستای قفڵ دروست کەر دێت.
- هیچ سوودی نییە، دەس بە گیرفانی بەتاڵ بخەیت.
- ئەگەر لە سەر چاوەی ئاوی (بۆستینۆ) دەگەڕێی، بە تنۆکە لە سەر قەوزە دەیۆزیتەوە.
- کاری نەکردەیە راست بوەستێت، ئەگەر جار جار نەچەمێتەوە.
- کاتێ باران وەستایەوە، چەتریان لە بیر دەچێتەوە.
- وەسف کردن سەرەتای جنیودانتە.
- بەختیاری تەندروستیەکی باشە، بیرکردنەوەیەکی خراپە.
- گەورەترین شاخ پێی لە ناو شیودایە.
- ئەو ئیشەی بە سەرەتا دەدرێ، لە پەرێك سوکترە، بەلام لە شاخێ قورس ترە.
- ژنی ناشرین لە ژن دەترسێ.
- گوڵەکان زۆرن، میوەکان کەمن.
- ژیرەکان هەندێ جار دەچەمێنەوە، وەکو ئاو

لە وتەکانی (یۆنان)

- لە پرسیار کردنی حوکم بدە نەك لە وەڵامەکەی.
- ئەگەر ئاوت لە گەڵ خۆڵدا تێکەڵ کرد، هیچ شتێك نادۆزێتەوە بیخۆیتەوە.
- ئەگەر ناتەوێ پەنجەت ببڕیتەوە، پەنجەت لە بەردەم داس دامەنێ.
- بەرز ترین پلەی بێ ئەقڵی، ئەوەیە وا باوڕ بکەی کە ئاقڵی.
- ئەگەر بە قسەی دایکت نەکەی، بە قسەی باوە ژنت دەکەی.
- سك پڕ بوو حەزی لە ئیش نیە.
- هێلکەی پیس لە مریشکی نەخۆشەوەیە.
- ئەگەر هەموو شتێك بگری هەموو شتێکت لە دەست دەچێ.
- برسێتی هیچ شتێك لە یەك ناکاتەوە.
- تەنانەت دەرگای بەردین ژێر دەیکاتەوە.
- لە کوێ هەنگ نەبێ لەوێ هەنگوین نیە.
- گورگ تاوان بارە، ئەگەر تاوان بار بێ یان نا.
- بێ بەخت ئەو کەسەیە بە هیوا بژی.
- هەنگوینی زۆر تاڵە.
- جارو بار لە ناو قوڕدا مرواری دەدۆزیتەوە.
- برادەریەك رووی هەیە، درۆزن هەزار رووی هەیە.
- جیاوازی جییە لە نێوان برادەرێکتا کە ئازارت دەداو لە نێوان دوژمنێکتا.
- ئەوەی برسی بوو رێگای لێ مەگرە.
- دادوەر خۆی بە هەڵە نازانێ مادام لە حوکم دایە.
- ژن یا دەبێ حکوم بکا یان دەبێ خزمەت بکرێ.
- لە نینۆکەکانی، شێر دەناسرێ.
- کورسی پێشەوەی کەشتی ترسناکە.

- نەفسی خۆت دوور نییە گەورەترین دوژمنت و خێر بێت بۆ برادەرەکانت.
- چاوێ سوور بوو ئاوسا، رووناکی سوودی بۆی نییە.
- ئەوەی ئازارمان بدات لێی خۆش دەبین، بەڵام لە بیرمان ناچێتەوە.
- هیوا، خواردنی دوور خراوەکانە.
- دەستێك دەستەکەی تر دەشوا، هەردوو دەستەکە دەم وچاو دەشۆن.
- ئەو خەفەتەی هۆی ئازاری یەکێ ترە، لایە لایە یە.
- بەشی خراپ، ئەوە زۆرە.
- حەسوودی لەوە باشترە خەڵکی دڵی پێت بسوتێ.
- شێرە کە لە قەفەسدایە، بەڵام نابێتە کۆیلەی ئەوەی کە خواردنی دەداتێ.
- زانیینی گوێ گرتن، هونەرە.
- پاکی نیوەی دەوڵەمەندییە.
- خۆت بناسە شتێکی چاکە، یەکێکی کە بناسی باشتر.
- ریش، بە فەیلەسوفت ناکات.
- زۆر بخەوی، ماندوو دەبێ.
- ژن ئازارێکی هەمیشەییە.
- لە لێوی ئافرەتەوە قسەی چاك دەردەچێ.
- قسەی زۆر بەڵگەی هەژاریە.
- ئەوەی باوەڕ بە ئافرەت دەکا، باوەڕ بە دزدەکا.
- قسە، دیوار دروست ناکات.
- هەر مۆم کوژایەوە، هەموو ژنان باوێشك دەدەن.
- سروشت دوو گوێ و یەك زمانی داوە پێمان، بۆ زیاتر بیستن و کەمتر قسە کردن.
- خوا لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە ئیش دەکات.

- سەركەوتن جوانە، لەوە جوانتر، بزانی چۆن بە كاری بێنی.
- كەچەڵ بە شەپقەكەیەوە دەنازێ شێتیش بە هێزی.
- ژن بە بێ مێرد ئەسپێكە بە بێ لغاو.
- روداوێك ناخۆشی گشتی بێت، بە ئاسانی خەڵكی ئەو ناخۆشییە هەڵدەگرن.
- ئەرز كێڵان لە وڵاتەكەتدا باشترە لە پارە ژماردن لە هەندەران.

لە وتەكانی (عەرەب)

- نیوەڕۆ دەیخۆم، پێش ئەوەی ئەو ئێوارە بمخوات.
- كرێی بەرگ دوورو لە لای خۆیەتی.
- ئێمە دوو بووین سێیەم لە كوێ وە هات.
- ئیشیان بە یهودییەك كەوت، ووتی: ئەمڕۆ چەژنمانە.
- ئێمە كوڕی ئەمڕۆین.
- ئەمڕۆ زیندووم بكەرەوە سبەی بكوژە.
- وەرگرتن خۆشە پێوان ناخۆشە.
- لە شارەزا بپرسە لە پزیشك مەبرسە.
- فرێی بدە سەربان، ئەگەر قسمەتت بێ ناڕوات.
- لێرەوە گوێ بگرە، لە گوی یەكەی ترەوە دەری بكە.
- هاوسێكەت پێش خانۆكەت بكڕە.
- لە كێ بپرسم، هەموو خەڵكی بریندارن.
- سەبر بكە لە سەر هاوسێ خراپەكەت، یا بار دەكاو دەڕوا یا تووش بەلایەك دەبێ وتۆش رزگار دەبێ.
- ئەوانەی ئاقلن، بە ئاسوودەیی دەژین.
- ئەسلی شەڕ لە كاری خێرەوەیە.
- ئیشەكەم بە دەستی خۆم دەكەم، بە سەگ ناڵێم گەورەم.
- كوێرێ بە كوێرێكی ووت: بەرداخی كوێر تاڵە، كوێرەكەی كە ووتی: دەقە (نص) كەی لای منە.
- كوێر دەڵێ: بە چاوی خۆم بینیم.
- نهێنی خۆت بپارێزە هەموو شتێك دەپارێزی.
- بە پارە كچی باشا بووكتە.

- نە مریشكی قەڵەوم بدەرێ، نەخەفەتم بدەرێ شەو نەخەوم.
- تاجر كە ئیفلاسی كرد دەفتەری كۆن دەگەڕێ.
- لە پشیلە بدەی چڕنووكت لێ دەگرێ.
- دۆزخ باوەشێنی تێدانییە.
- مێردی دووژنە هەموو شەوێ زاوایە.
- هەستت بەزەرەر كردن كرد قازانجتە.
- قالۆنچەیەك،بەچكەكەی لە سەر دیوارێك بینی، ووتی ئەوە مرواریییە.
- نهێنی لە نێوان دوو كەسدا لە ناو دۆلابدایە، لە نێوان سێ كەسدا دەرگای كردەوە دەرچوو.
- زیرەك بە دەست خۆی ئیشەكانی دەكا، تەمەڵیش داوا لە هاوسێكەی دەكا، ئیشەكەی بۆ جێبەجێ بكات.
- ئەوی داوای سامان و ماڵ دەكا و نییەتی، وەكو ئەوە وایە داوای ئاو لە بیر بكا.
- لێدانی مردوو حەرامە.
- دووپشك خوشكی مارە.
- جەژنی بچكۆڵە پیش جەژنی گەورە.
- دەوڵەمەنددڕكێ بەدەستیا چوو ووتیان: خەتەرە، هەژار مار پێوەی دا ووتیان: بێدەنگ بە ئەوە چیە.
- كسك و قابقاب بوونە گەورەی ئێمە.
- نزیكی ئاسنگەر بیت پڕشنگی ئاگرت بەر دەكەوێ.
- مەڕی سەر بڕاو پێستەكەی لێكەیتەوە ئازاری نادات.
- ئەوی لە تاریكیدا سەما دەكا، كێ هەستی پێ دەكا.
- كەچەڵەو شانەی هەڵگرتووە.
- عەرەبی بەدو، پاش چل ساڵ تۆڵە وەردەگرێ دەڵێ: پەلەم كرد.

- کوونی دەرزی هیچ ناگرێت تەنها دەزوو نەبێت.
- رۆژوو بگرە و نوێژبکە، رزقت لە سەر خوا.
- ژنەکەم لە گەڵمدا بێت، هەموو جیهان بە پەنجەم دەسوڕێنم.
- پاش خراپ بوونی بەسڕە حەسرەت سوودی چیە.
- کەفالەت کردن، یەکەم یان پیاوەتییە، دووەمیان پەشیمانیە، سێیەمیان غەرامەیە.
- ئەوەی هاتە ماڵەکەت پێویستە خزمەتیان بکەیت.
- جگەرە کێشان لە سەرەتاوە (بسم الله) ی لێ ناکەی، لە کۆتایشدا (الحمد لله)ی لێ دەکەی.
- دیواری نزم هەموو کەس بە سەریدا باز دەدا.
- ئەی ئەو کەسەی لە سەفەر هاتیتەوە، ئەگەر بەردێکیش بوو بیهێنە.
- رۆژوو بە بێ نوێژ، وەکو شوان وایە بە بێ دار.
- هاوسێکەت حەجی کرد، دەرگای ماڵەکەت بڕازێنەوە.
- ئەگەر گەورە بوویت، لە کەس زوڵم مەکە.
- گۆزەیەك ئاو، ئاگرێك ناکوژێنێتەوە.
- من میر و تۆ میر، کێ کەرەکە لێ بخوڕێ.
- ئەگەر فیل مرد، ئێسکەکەی بە پەیکەر دەکەن.
- ئەوەی لە برایەکی بێ عەیب بگەڕێ، بە بێ برا دەمێنێ.
- تەماع کاری زەرەرو سوودی نیە.
- ئەوی گورگ نەبێ گورگ دەیخوا.
- رەخنە، سابوونی دڵە.

لە وتەکانی (ئەرمنی)

- خزمەکاری رەزیل دەوڵەمەند دەبێ.
- ئەو کەسەی بخنکێ، بە پوشێکدا خۆی هەڵدەواسێ.
- کرین و فرۆشتن، باوکیان ناناسن.
- ئاکاری باش خۆی رازاندوەتەوە بە مرواری.
- ئارەزوو ئەو زەرگەشە زێرینەیە لە ژیاندا.
- ئاگر بەر بوون بەتف ناکوژێتەوە.
- دەنگی گەل لە دەنگی تۆپ بەهێزترە.
- تەنهایی تەنها بۆ خوایە.
- سەگەکان لە گەڵ یەکدا شەڕ دەکەن، بەڵام بەرامبەر بە گورگ یەکدەگرن.
- گورگ هێرش دەباتە سەر ئەو سەگەی کە ناوەڕێ.
- یاسا بۆ دەوڵەمەند دانراوە و سزاش بۆ هەژار.
- سامان، سامان رادەکێشێ.
- سامان پێ بە شەلەکان دەدات و جوانی بە ناشرینەکان و فرمێسک گرنگ نیە.
- هەموو کەس دار دێنێ بۆ ژێر قازانەکەی.
- خوا لە بەرزای، سامان لە ئەرز.
- برادەری بپارێزە، ئەگەر لە ناو ئاگریش بیت.
- ئەوەی رێزی خۆی نەگرێ، رێزی ناگیرێ.
- مشك، هەر مشکی دەبێ.
- ئەوەی خۆی بە گەورە بزانێ، سەگ دەیخوا.
- جولانەوە بەرەکەتە.
- منداڵ میوەی دڵە.
- هەموو خۆرێك ئاوا بوونی هەیە.

- گلەیی کردن لە برا، لەوە باشترە وونی بکەی.
- هەندێ برا هەیە لە دایک تۆ نەبووە.
- لە پیاوی کەر بترسە ئەگەر شمشێری بە دەستەوە بوو.
- گەورەی میللەتێك خزمەتکاریانە.
- خۆشەویستت بۆ شتێك کوێرو کەڕت دەکا.
- ئەمڕۆ مەیە سبەی ئیشە.
- بێدەنگی برای ڕەزابوونە.
- ئازاد ئازادە هەرچەندە زەرەری کردبێ.
- هاوسێکەم فرۆشت بەڵام خانۆکەم نەفرۆشت.
- ژن، وەکومانگ وایە، جارێ ڕەنگی زیوە جارێ ڕەنگی زێڕ.
- چێشتخانەی بچووك،ماڵێکی گەورە دروست دەکات.
- ژنەکەت بە چاوی پیر هەڵبژێرە و ئەسپەکەت بە چاوی گەنجێك.
- ئەگەر سینگم تەنگ بوو، چی سوودی هەیە بە گەورەیی جیهان.
- دزەکە لە یەك دزی زیاتری نەکردووە، ماڵ دزراو سەد دزی کردووە.
- دوور نییە دایك سزای منداڵەکەی بدات و لێی بدات، بەڵام ئەوەنەی پێناچێ زۆر ماچی دەکات.
- هەر لەو گوڵە مێشهەنگ، هەنگوین دروست دەکات و ماریش ژەهر.
- گوڵی شاخەکان جێگای خۆیان جێناهێڵن بۆ گەڵی باخچەکان.
- بەردی لوس لە سەر ئەرز نامێنێ.
- هەتیوو فێری گریان مەکە.
- ئەوی دڕك بنێژێ، ترێی دەست ناکەوێ.
- سەخاوەت عەیبەکان دادەپۆشێ.
- هەموو باڵندەیەك بە گوێرەی ڕەنگی خۆی دەبێ.

- هەندێ شەڕ لە هەندێ شەڕ باشترە.
- ئاگاداری ئەو کەسەبە چاکەت لە گەڵیدا کردووە.
- لێدانی زمان وەکو لێدانی رمحە.
- خۆشترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە کەلێی قەدەغە دەکرێ.
- هەڵە خواردنی نارەحەتە.

لە وتەكانی (ئەفریقی)

- ئەوەی لەشی باش بێت، بۆ پزیشك ناگەڕێ.
- بزن لە كوێ بەسترایەوە دەبێ لە وێ بلەوەڕێ.
- ئەوەی سەری مار ببڕێ لە شەكەی وەكو پەت دەبێ.
- مەڕی هەژار قەڵەو نابێ.
- ژیر بە كراسەكی ناناسرێ بەڵكو بە پیشەكانی.
- ئەوەی هەمیشە دەیڵێ كەچی نایكات.
- قسەی زۆر گوێ كەڕ دەكات.
- جێگەی قەمچی دەڕواو نامێنێ، بەڵام ئاساواری جنێو دەمێنێ.
- لە هەموو وڵاتان بریسی تر، وورگی مرۆڤە.
- ئەو چۆلەكەیەی زۆر دەخوێنێ، نازانێ هێلانەكەی دروست بكا.
- ناوی منداڵ پێش لە دایك بوونی مەنێ.
- كە پیر بووین، ئەو دارەی لە گەنجیمادا كۆمان كردەوە، ئێستاكە خۆمانی پێ گەرم دەكەینەوە.
- ئێش بكە وەكو كۆیلە، بخۆ وەكو پیاوی گەورە.
- ئەوەی لە خوا بترسێ، لە مرۆڤ ناترسێ.
- خۆین بە ئاو نابێ.
- خۆشەویست گرانە، مردن گرانترە.
- ئەوەی پاڵبداتە دارێكی گەورەوە، خۆی هەمیشە لە سێبەریدا دەبێ.

لە وتەکانی (ئەنتیلیە)

- ئەگەر دەبینی مراوی چی دەخوا، هەرگیز گۆشتیت نەدەخوارد.
- چەندە دار ئازاری هەیە، بزماریش ئەوەندە.
- دەریا خۆی هەڵناکێشێ لە بەر ئەوەی ئاوەکەی شوێرە.
- ماسییەکی بچووکت هەبێ باشترە لە کەڵەشێرێکی حەبەشی قەڵەو لە لای یەکێکی کە.
- پێش ئەوەی دەنکە شخاتەکەت بکوژێنیتەوە، بزانە مۆمەکەت داگیرساوە.
- ئەگەر پشیلە نەبوو، مشکان ئاهەنگێکی سەما دادەمەرزێنن.
- دەتوانی بە زۆر کەر لە ئاو بپەڕێنیتەوە، بەڵام ناتوانی بە زۆر ئاوی بدەیتێ.

لە وتەکانی (ئێرلەندە)

- هەور نەبووایە، خۆشی خۆرمان نەدەزانی.
- شێرێك لە بەر دەمتا باشترە لە سەگێکی خایەن لە پشتەوە.
- هێلانەی بچووك لە هی گەورە باشترە.
- مردن هەرگیز دووا ناکەوێ.
- مانگا بکە کۆشکێکەوە، بەرەو تەویلە رادەکا.
- خۆشەویستیت بە ژنەکەت بدە، نهێنیش بە دایك و باوکت.
- ئاگرێکی هێمنی و لە سەر خۆ گەرمت دەکاتەوە، باشترە لە ئاگرێکی گەورە و بەهێز بتسوتێنێ.
- سێ شت، هەرگیز دەست ناکەون، شیعر وتن، پیاوەتی، دەنگی خۆش.
- مریشکی ڕەش، هێلکەی سپی دەکا.
- هەموو سەگێك لە بەردەم ماڵەکەیدا ئازایە.
- دەوڵەمەند کات دەکوژێ، کاتیش هەژار دەکوژێ.
- بزن بزنە ئەگەر ئاورێشم لە بەرکا.
- سکی برسی بارێکی قورس هەڵدەگرێ.
- ئیشێك بەبێ پارە پیاو تەمەڵ دەکات.
- قەرزی کۆن باشترە لە ڕق و کینەی کۆن.

لە وتەكانی (باسیكە)[١]

- پێویستە دەزووكە لە دەرزییەكە درێژتربێت.
- دەرزی كراسی هەمووان دەدورێ خۆی رووتە.
- دیاری بەرد ورد و خاش دەكات.
- هیوا سەبری نابووتەكانە.
- هێرش بردن بەزەرەرەوە، نیوەی سەركەوتنە.
- كێو پێویستی بە كێو نییە، مرۆڤ پێویست بە مرۆڤە.
- ئەوەی تف لە ئاسمان بكا بۆ دەم چاوی دەگەرێتەوە.
- ئەگەر نهێنی لە سێ گوێچكە تێپەڕیی، بڵاو دەبێتەوە.
- غووری پەرە دەسێنێ، بەڵام بەرناگرێ.
- باوە ژن تاڵە ئەگەر هەنگوین بێت.
- ئەو دەم و چاوەی هەرگیز پێناكەنێ، ئەمە شاهیدی دڵێكی خراپە.
- ئەو دەوڵەمەندەی دەژی و برادەری نییە، وەكو ئەو پیاوەیە كە سەفەر دەكاو خەوتبێ لە لێواری كەوتنێك.
- لە پاش چاك بوونەوە هەموو نەخۆشێك پزیشكە.
- ئەگەر خوێ نەبوو بۆ چێشت، بەهارات سوودی نیە.

---

(١) باسك: ناوچەیەكی فەرەنساو ئەسپانییە، لە سەر بەرە خوارەكەی شاخی (بیرنیە)ی باكور.

لە وتەکانی (ئیسلەندی)

- لە مردنی یەکێك خێری یەکێکی تری تێدایە.
- ئەگەر خۆشەویست نەبوو، خۆشیش نیە.
- منداڵ لە سامان باشترە.
- نەفسی خۆت باشترین هاوسێی خۆتە.
- هەموو باڵندەکان هەڵۆ نین.
- ئاشتی نان دەدا، شەڕ سەفەر دەکا.
- تاوان تاوانێکی تر دادەپۆشێ، شانی بۆ شۆڕ دەکەین.
- جەماوەر دڕندەیەکە هەزار سەری هەیە.

لە وتەکانی (مالغاشی)[1]

- دەوڵەمەندی رەزیل کۆڵ هەڵگری دەست ناکەوێ، پاش مردنی نەبێ.
- باری مێرولەیەك یەك دەنکە برنجە.
- تیمساحی برسی خواردنەکەی هەڵنابژێرێ.
- خۆشەویست وەکو بنجی برنجە، لێرە هەڵیکێشە لە جێیەك دیکە بینێژە سەوز دەبێت.
- شەڕانی حەزی لە تارییکیەو تارییکایی کوێری دەکا.
- ماڵ کە گەرم دەبێ گەرمابیەکەی نییە، بەڵکو خۆشەویستی ژنو مێردەکەیەتی.
- بەردی خلەوە بوو ناوەستێتەوە، تەنها لە خوارەوە نەبێ.

---

(١) مالغاش: دوورگەیەکە لە (محیط الهندی) لە باشووری خۆرهەلاتی ئەفەریقا سەربەستی وەدەس هێنا لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦١پایتەختەکەی (ئەنتاناناتاریغۆ) زمانی رەسمی فەرەنسی و مالغاشییە.

له وته‌کانی (مه‌جه‌ڕ)

- ئه‌وه‌ی دیارییه‌ك قبوڵ بکا، سه‌ربه‌رزییه‌که‌ی ده‌فرۆشیٚ.
- هه‌موو که‌ڵه‌شێرێك له سه‌ر زبڵ گه‌وره‌یه.
- ئه‌وه‌ی زوو هه‌ڵسیٚ زێڕ ده‌دۆزێته‌وه.
- ماڵی حه‌رام له کویوه هاتووه ده‌ڕواته‌وه.
- له خۆشه‌ویستی وله خه‌ودا، هیچ شتێك کاری نه‌کرده نیه.
- مامه حه‌مه‌یی (المتملق) دوژمنێکی شاردراوه‌یه.
- له چاو خه‌ڵکیدا تاوانبار بێت باشتره نه‌ك له چاوی خودا.
- له سه‌ر خۆ بڕۆ به دوور ده‌گه‌ی.
- پاساری به په‌ڕی ده‌ناسریٚ پیاویش به برا ده‌ره‌کانی.
- منداڵی خۆشه‌ویست ناوی زۆره.
- رۆژه‌که‌ت پیرۆز مه‌که تا خۆر ئاوا نه‌بیٚ.

لە وتەكانی (مەدغەشقەڕ)

- وەڕینی سەگ نیشانەی ئازایەتی نییە، بەڵکو لە ترسدایە.
- دادوەر وەکو ئاگر وایە، لێی دوور بکەویتەوە ساردە، لێی نزیك بیتەوە گەرمە.
- قەرزاری دز دروست دەكات.
- ئەگەر ڕێنماییکەرت کوێر بوو، کۆتاییەکەت ناو چاڵە.
- پاشاو و وڵاتەکەی دەست دەکەوێ، میللەت سوخرەی پێ دەکرێ.

لە وتەكانی (مەنغولیا)

- ئەو کەسەی دەرگاکەی باش داخات گەورەی ماڵی خۆیەتی.
- بۆ ئەوەی بەرز دروست بکەیت، پێویستە تەمەڵەکەی قووڵ بێت.
- گورگ گورگە، ئەگەر مەڕەکانتی نەخواردووە.
- تەنانەت بە ئاوی لێڵیش ئاگر دەکوژێتەوە.

لە وتەكانی (فلندیە)

- باران لە ئاسمان نامێنێ.
- داسێك لە زیو، گوڵی زێڕ دەبڕێتەوە.
- خخخۆشەویستی، باخچەیەکە لە گوڵ.
- دەوڵەمەند غەرامە بە پارە دەدات، هەژار بە پێست و پشتی.
- منداڵێك بە بێ باوك نیو هەتیوە، بەبێ دایك هەتیوی تەواوە.

لە وتەکانی (ڤیێتنام)

- مرۆڤ سامانی دروست کردووە، سامان مرۆڤی دروست نەکردووە.
- (گا) ی بەستراوە حەزی لە (گا) یەك نیە کە دەلەوەڕێ.
- هەموو قازانێك سەرقاپی خۆی هەیە.

لە وتەکانی (کەتەلۆنیە)[1]

- نانی ماڵ باشترین نانە.
- هیچ نانێك لە کاتی برسێتیدا ڕەق نیە.
- میوەی زۆر لقی دارەکە دەشکێنێ.
- ئەوەی نوێژ نەکا خوا گوێی لێ ناگرێ.
- کاتی گونێمان دەبێ، گەنم نییە، کە گەنمان دەبێ گوینێمان نییە.

لە وتەکانی (چیکوسلۆفاکیا)

- ماڵی باش خۆی خۆی دەفرۆشێ.
- ئەگەر نەمسا نەبووایە، پێویست بوو لە سەرمان دروستی بکەین.
- ئەگەر مانگا نەبوو ڕێز لە بزن دەگیردرێت.
- بە گوێت مەکەرە، بە چاوت بکرە.
- یاداشتە خۆشەکان دەوام دەکەن، ناخۆشەکان زیاتر.
- ئازارو خۆشی لە یەك جێگادا دەخەون.

---

(١) کەتۆلۆنییە: ناوچەیەکە لە باکوری ڕۆژهەلاتی ئەسپانیا، قاعیدەیەکی (بەرشلۆنە)یە

- لاوێکی تەمەڵ، پیرە مێردێکی سواڵکەرە.
- بیری چاك و باش لە کاتی نەبوونەدا ئاوت دەداتێ، برادەرەکەیش لە کاتی پێویستدا دەیناسی.
- ئەو شوێنەی هەتاوی نەگاتێ، پزیشك دەیگاتێ.
- کراسەکەت لە شتەوە لە پاڵتۆکەت نزیك ترە.
- خۆ کراسەکەی لە ئاسنە.
- مانگێك چاوەڕێ بکە و شانازی بە ئەسپەکەتەوە بکە، ساڵێك چاوەڕێ بکە تا شانازی بە ژنەکەتەوە بکەیت.

لە وتەکانی (بەلجیکا)

- قەفەسی جوان دان بە باڵندەکان نادات.
- پیاو ئەوە ژنەی یەدڵە کە خێری تێدایە، وەکو ئەو کەسەی هەر هیچی نیە.
- لە گرەودا لەویَ دووشت هەیە، شتێك و دزێك.
- بێدەنگی پیاو دەکوژێ، بەبێ ئەوەی دانی پێدا بنێ.
- هەموو بێزراوێك، شایەستەی لە سێدارە دان نیە.
- باش وایە خەڵکی ئاگاردار بکەیتەوە، نەك خەڵکی تۆ ئاگادار بکاتەوە.
- بەرد بە تەنها ناکەوێت.

لە وتەکانی (حەبەشە)

- نیشتمانی ژن مێردەکەیتی.
- ئەستێرە بچکۆلەکان هەمیشە دەدرەو شێتەوە، لە کاتێکدا هەتاو بەو گەورییە جار جار دەگیرێ.
- ئەگەر دار دەسمەوەیە، بەڵام راستی لە دەممدایە.
- گویَ بگرە پێش ئەوەی قسە بکەیت، تیکەش بجوو پێش ئەوەی قوتی بدەیت.
- ژنێکی بەبێ مێرد ئەرزێکە بەبێ تۆو.
- خزمان و دەرمان لە کاتی تەنگانەدا پێویستت پێی دەبێ.
- ئەو قسەیەی لە دەممانەوە دەردەچێ، وەکو ئەوە وایە هێلکەیەك لە دەسمانەوە بەربێتەوە.

لە وتەكانی (سەنسكریتی)

- ئەو ژنەی مێردەكەی لە كیس چوو تەنانەت ناوی پیاویش ناهێنێ.
- سواڵكەر لە بەد بەختی ناترسێ.
- ئەو كەسەی گوڵ بچنێت، درك بە دەستیا دەچێ.
- خۆشەویستی تیمساحێكە لە ئاوی شەهوەتدا.
- ڕاستی یەك ڕەنگی هەیە، درۆ چەندەها ڕەنگی هەیە.
- ئەو شێتەی هەست بە شێتییەكەی دەكا، تا رادەیەك شێتە، بەڵام ئەو شێتەی خۆی بە ئاقڵ دەزانێ، ئەوە شێتی ڕاستییە.
- ژیانی پیاو تەماعە، ژیانی ژن پیاوە.
- بۆن، لەگەڵدایە، ڕۆن لە كەنجیدایە، ئاگریش بۆ دارە، بەم جۆرە زاناكان كەرۆح لە لەشدایە.
- ژنێكی منداڵ ئەوە ماینە، پیرە مێردەكەی بەرەو قەبر دەبا.
- ئەو پیرە مێردەی ژنی منداڵ دەخوازێ، ژار دەنۆشێ.
- بێدەنگی نەزان و دانیشتنی لە نێوان ئاقڵاندا، جوانییەتی.

لە وتەكانی (لاتینی)

- بێ ئیشی دایکی هەموو رەزالەتێکە.
- زۆر جار ماف دەخەوێ بەڵام نامرێ.
- ئەو رق و کینەیەی ئاشکرا دەبێ تۆڵە سەندنەوەی نابێ.
- کاتی لێقەومان برادەر دەناسی.
- چەند حەزدەکەم لە دێیەکدا یەکەم بم ولە رۆما دووەم.
- هەر کەسێ یارمەتی تاوانبارێکی دا ئەویش تاوانبارە.
- ئەگەر برادەرت زۆر بوو، واتە تۆ دەوڵەمەندی.
- ژن، دەرگای دۆزخە.
- جل قەشە دروست ناکات.
- مردن هەموو خراپەکارییەکان دەسڕێتەوە.
- ئازاری دەروونی، گرانترە لە هی لەش.
- درێژترین رێگا لە سەفەردا ئەوەیە کە لە دەرگاوە دەرچی.
- ئەگەر دەتەوێ ببیتە گەورە، پێویستە خزمەتکاریی بکەیت.
- خۆشەویست تێکەڵاوە لە هەنگوین و تاڵی.
- ماڵ و سامان، یا کۆیلەیە یا گەورەیە.
- ترس لە خراپی وامان لێ دەکا لە خراپترین شێوە.
- سەگ دەوەرێ، لە باتی ئەوەی گاز بگرێت.

لە وتەکانی (کەمبۆدیە)

- زانست جێگەی زانایە، دارستان جێگەی پڵنگە.
- دوو دەستی ئازا سکێ تێریان هەیە.
- پێویستە دار نەبرێتەوە چونکە میوەکەی دەخۆی.
- ژنی جوانی سەرنج ڕاکێش مەیەڵە لە دواتەوە بڕوا، دوایی پێتەوە دەدات.

لە وتەکانی (کۆرسیکی)

- ژنی جوان خەفەتی زیادە.
- ژن پیاو دروست دەکات، پاشان دەیخوات.
- لە سەر پێ ڕۆیشتن دوور دەخاتەوە.
- گەورەیەک لەدێیەکدا نەک کلکێك لە شاردا.
- هەموو کەسێ ئاوەکە بۆ ئاشەکەی خۆی دەبا.
- ئەوەی لە شوێنی سەمادابوو، پێویستە سەما بکا.

لە وتەکانی (کۆری)

- ڕەخنە گری باش کرێکارێکی خراپە.
- لە کاتی درەوی زۆردا، هەزار شکاتی زۆر دەبێ.
- کاتێ پڵنگ نەما، کەروێشك پاشایە.
- شمشێرەکەت هەڵمەکێشە بۆ ئەوەی مێشوولەیەك بکوژی.
- ئەو (گا) یەی کە خۆر ئازاری داوە، کە مانگ ببینێ دەلەرزێ.
- ئەو شتە باشانەی کە هەمانە دەڵێن: هی خۆمانە، شتە خراپەکان دەڵێن: هی باپیرانمانە
- ڕەزیل، لە پاش مردنی خێری بۆ دەکرێ.

لە وتەکانی (نەرویج)

- قسەی باش برسێتی تێرناکات.
- چەندە زانیاریمان کەم بکات، زۆر شتیش لە بیر ناکەین.
- لە خۆشەویستیدا هەڵبژاردن نیە.
- پیاوێکی ئازاد لە کویلەیەکدا، باشترە لە کۆیلەیەك لە کۆشکدا.
- لە ژێر شەپقە کۆنەکەتدا، ئەقڵێکی کراوە دەدۆزیتەوە.

لە وتەکانی (نەغریسیا)(١)

- ئەو قەناعەتەی هەمانە بەشێکە لە بەختیاریی.
- مار هەر چەندە گەورەبێت بە دایکییەوە نادات.
- هەستی ئافرەت لە هەردوو مەمکی زیاتر بەرز نابێتەوە.
- ئافرەت ئاوێکی خۆشە، دەکوژێ و ئاوێکی قووڵە دەخنکێنێ.
- ئەو ماسییەی بە تۆڕەوە دەکەوێ، ئەو کاتە یاد دەکاتەوە.

لە وتەکانی (یۆگۆسلافیا)

- ئەوەی ئیهانەی دەکەی لێی ئاگاداربە.
- خێزانەکەت لە کاتی دەرەوەدا هەڵبژێرە، نەك لە کاتی سەمادا.
- ژن هێنانی یەکەم هەنگوینە، دووەم مەیە، سێیەم کوپێ ژارە.
- ئاو زۆر شت دەشوات، تەنها زمانی پیس نەبێت.
- ئەسپی چاك عەیبی زۆرە، ئەسپی خراپ یەك عەیبی هەیە.

---

(١) نەغرۆس: دوورگەیەکە لە فیلیپین، دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای (مینداناو)

نووسەر لە چەند دێڕێكدا

* محمد عبدالرحمن محی الدين زەنگنە.

* لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری كەركوك لە دایك بوە.

* لە ساڵی ١٩٥٩ وازی لە خوێندن هێناوە، لەبەر ئەوەی میری ویستی بە هۆی رامیارییەوە بەندی بكات.

* لە ساڵی ١٩٥٩ یەكەم نووسینی لە گۆڤاری (هەتاو) ژمارە (١٦١) لە ١٩٥٩/٨/٣١ بە ناوی (كارمان ئەویٚ نەك قسە)، بڵاوكردۆتەوە.

* لە ساڵی ١٩٧١وە تاكو ئێستاكە بەردەوامە لە نووسین و چاپ كردنی كتێبەكانی.

* لە ساڵی ١٩٨٢ دا خانەنشین كراوە، كە فەرمانبەر بوو لە (بانق)ی بەغا.

* لە ١٩٩٥/١/٦ لە كەركوك بۆ هەولێر دەركراوە.

* لە ١٩٩٥/٥/١ لە هەولێر بووەتەوە بە فەرمانبەر بەناونیشانی بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی (مدير الادارە و الماليە) لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەولێر و لە ٢٠٠/١٠/١٥ خانەنشین كراوە.

* خاوەنی دوو كوڕ و سیٚ كچە.

* دوو ساڵێك لە تەلەفزیۆنی كەركوك بەرنامەی هەبووە بەناوی (لەگەڵ رۆشنبیراندا) لە ساڵی ١٩٨٦ تا كۆتایی ساڵی ١٩٨٧.

* لە ساڵی ١٩٨٧ تاوەكو ١٩٩٥/١/٦ بەرنامەی هەبووە لە ئێزگەی رادیۆی كوردی بەغا.

* لـــە ســـاڵی ١٩٧٩– ١٩٨٠ بەڕێوەبـــەری لاپـــەڕەی (وەرزش و لاوان) بـــووە لـــە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغا.

* لە ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٥ پەیامنێری ڕۆژنامەی (العراق) بووە بە عارەبی و کوردی.

* ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە لە بەغا.

* ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی عێراقە.

* ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد بووە لە بەغا.

لە بڵاوكراوكانی نووسەر:

١- شانۆگەری (مان گرتن) ساڵی ١٩٧٩چاپی یەكەم، چاپخانەی (السندباد) بەغا، لە هەمان ساڵدا چاپی دووەم چاپخانەی (علاو)، بەغا، لە سەر شانۆ نمایش كراوە، لە هەڵەبجە و سلێمانی، هەرچەندە رەزامەندی سەندیكای كرێكارانی هەولێری هەبووە لە بەر ئەوەی رامیاری بوو تەلەفزیۆنی كەركوك رەزامەندی نەدا بۆ تۆماركردنی.

٢- مێژووی عەشیرەتی زەنگنە، ساڵی ١٩٨٠چاپخانەی (الاندلس) بەغا.

٣- شانۆگەری (وەلی دێوانەو شەم) ساڵی ١٩٨١چاپی یەكەم چاپخانە (دار القادسية للطباعة) بەغا، چاپی دووەم، لە چاپخانەی (الحسام) بەغا، لە ئیزگەی كوردی بەغا بە (١٧) زنجیرە تەمسیلی تۆمار كراوە، لە دەرهێنانی (سەعید زەنگنە) بەندەش دەوری (مەلا یوسف) ی هەبوو، لە لایەن مامۆستا محەمەد سابیر ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و چاپكراوە بە ناوی (الدرويش وەلی وشم).

٤- وتەكانی ژیان – بەشی یەكەم، وەرگێڕان و ئامادەكردن لە گەڵ عەبدەللا عەبدولرەحمان زەنگنە، ساڵی ١٩٨٢چاپخانەی (دار القادسية للطباعة) بەغا،

٥- وتەكانی ژیان بەشی دووەم، وەرگێڕان و ئامادەكردن، ساڵی ١٩٨٥چاپخانەی (مطبعة دار الجاحظ) بەغا.

٦- نەورۆزنامە، بەشی یەكەم، ساڵی ١٩٨٥چاپخانەی (مطبعة دار الجاحظ) بەغا

٧- شانۆگەری (باوەڕ) ساڵی ١٩٨٥چاپخانەی (مطبعة دار الجاحظ) بەغا.

٨- سنووقی پۆستە، دوو چیرۆکی جەلیل محەمەد قلی زادە، وەرگێڕان، ساڵی ١٩٨٥چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغا.

٩- چیرۆك و ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا، ساڵی ١٩٨٨چاپخانەی (الصقر) بەغا

١٠- شانۆگەری دایە من بووکە شووشە نیم، ساڵی ١٩٨٩چاپخانەی (دار الحریە للطباعة) بەغا لە رادیۆی کوردی بەغا بە (١٩) زنجیرە تەمسیلی ۆتۆمارکراوە، بەندە دەوری ئەحمەدی بینیوە.

١١- وتەکانی ژیان بەشی سێیەم، وەرگێڕان و ئامادەکردنی، ساڵی ١٩٩٠چاپخانەی (شرکە السندباد للطباعة)بەغا

١٢- وتەکانی ژیان بەشی چوارەم، وەرگێڕان و ئامادەکردن، ساڵی ١٩٩٧چاپخانەی (ماردین) هەولێر.

١٣- لە قسە خۆشەکانی کاك ئەحمەد خەتاب، ساڵی ٢٠٠٣چاپخانەی (الادیب) کەرکوك، چاپی دووەم ساڵی ٢٠٠٥ لە هەولێر چاپخانەی. شەهاب).

١٤- شانۆگەری (ماندانا وستافرۆب) نووسین (محی الدین زەنگنە) وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی، مامۆستا (محی الدین زەنگنە) لە ساڵی ١٩٩٩بە عەربی بە چاپی گەیاندووە، لە لاپەرە (٥) دا نووسیویەتی دەڵی (قدمتها اذاعة بغداد – القسم الکوردی – کدراما کوردیة مسلسلة فی اربعة عشر حلقة من ١٩٩٤/٨/٣- ١٩٩٤/٨/١٥من ترجمة الآدیب محمد عبد الرحمن زنگنە – اخرج الفنانة انتصار جمال)

١٥- وتەکانی ژیان بەشی پێنجەم، ساڵی ٢٠٠٤چاپخانەی (الآدیب) کەرکوك.

١٦- وتـەكانی ژیـان هـەر پێـنج بەشـەكەی، چـاپی دووەم سـاڵی ٢٠٠٣چـاپخانەی شـەهاب، هـەولێر. چـاپی سـێیەم، سـاڵی ٢٠٠٦چـاپخانەی - ئۆفـستنی گـەنج - سلێمانی.

١٧- شانۆگەری (فەرهاد و شیرین) نووسینی نازم حیكمت، وەرگێڕان، سـاڵی ٢٠٠٦ چاپخانەی (شەهاب) هەولێر.

١٨- شانۆگەری (كوللـە) محـی الـدین زەنگنـە وەرگێـڕان، سـاڵی ٢٠٠٦ چـاپخانەی ئارابخا كەركوك

١٩- شـانۆگەری سـنووقی پۆسـتە، لـە دوو شـانۆگەری پێكهـاتووە، شـانۆگەری سنوقی پۆستە و بەرخ، ساڵی ٢٠٠٦چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢٠- وتەكانی ژیان، بەشی شەشەم، وەرگێڕان و ئامـادەكردن چـاپخانەی شـەهاب، ساڵی ٢٠٠٧هەولێر.

٢١- گوڵواژە، كۆمەڵێ شاعیر، چاپخانەی (ئەربخا) ساڵی ٢٠٠٧ كەركوك.

٢٢- ووتەكانی ژیان بەشی حەوتەم.

٢٣- نەورۆز نامە چاپی دووەم و زیاد كردنی (٢٥) شاعیری تازە.

٢٤- ووتەكانی ژیان هەر حەوت بەشەكەی.

٢٥- چیرۆك و ئەفسانە لە ئەدەبی كوردی دا ساڵی ١٩٨٦.

٢٦- ووتەكانی ژیان -بەشی پێنجەم -ساڵی ١٩٩٦.

٢٧- شانۆگەری (مانداناو ستافرۆب)نووسینی، محی الـدین زەنگنـە وەرگێـڕان ئـەم شانۆگەرییە لە ساڵی ١٩٩٣ وەرم گێڕاوەتە كوردی - مامۆستا محی الدین زەنگنـە،

لــه ســاڵى ١٩٩٩ دا بــه عــەرەبى بــه چـاپى گەيانـدووه لــه لاپــەڕەى (٥)پێـنج دا نووسيويەتى و دەڵێ: (قدمتها اذاعة بغداد —القسم الكردي —كدارما كردية مسلـسة في اربع عشرة حلقة من ٢/٨/١٩٩٤ — ١٥/٨/١٩٩٤ من ترجمة الاديب محمد عبـدالرحمن زەمگنه اخراج الفنانه (انتصار جمال).

چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی ١٩٩٦

١- میکانزمە بنەڕەتی یەکانی ڕستە سازی.............. د.شێرکۆ بابان.
٢- سەعید زەبۆکی لای خۆمان..... ڕۆمان............. کەماڵ سەعدی
٣- البعد القومی للتغیرات فی الحدود الاداریة لمحافظة کرکوك.. د.خلیل اسماعیل.

چاپکراوەکانی وەزارەت ساڵی ١٩٩٧

١- کاولاش..... ڕۆمان.............................. عبدالله سراج
٢- مەم و زین................................ علی فتاح دزەیی
٣- پشکۆو خۆڵە مێش.............................. ئازاد عبدالواحد
٤- دەردە کورد................................ محمود زامدار
٥-باڵەبان.................................... وریا احمد
٦- چیرۆکی فولکلۆری.............................. محمد رشدی دزەیی
٧- کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلات......................... د.ڕەشاد میران
٨- ووشەو زاراوەکانی بابا تاهیر........................ د. محمد نوری عارف
٩- حەمە دۆك................................... یشار کمال
١٠- کورتیەك ژدیروکا نقیانووسا.......................... د.بێوار خسنی
١١- ڕۆمانی درز.................................. کاکە مام بۆتانی
١٢-ارض الاجداد. شیعر سریانی.......................... گۆرگیس یوسف
١٣- کورسی کورسی................................ نجات ڕەفیق حلمی
١٤- ئول و فەلسەفەیا زەردەشت.......................... میرال زیلانی
١٥- ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری........................... نجم خالد
١٦-دەروێشی عبدی................................ شاکر محمد امین ڕۆژبەیانی
١٧- مەولود نامەی کوردی............................ ڕەشاد محمد موفتی
١٨- ووتەکانی ژیان. بەشی چوارەم........................ محمد عبدالرحمن زەنگنە

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
بەشی یەکەم	٥
پێشەکی	٥
بەشی دووەم	٧٨
پێشەکی	٧٨
بەشی سێ یەم	١٤٢
بەشی چوارەم	١٨٩
پێشەکی	١٨٩
بەشی پێنجەم	٢٤٥
پێشەکی	٢٤٥
بەشی شەشەم	٣٣٩
پێشەکی	٣٣٩
بەشی حەوتەم	٣٧٥
پێشەکی	٣٧٥
لە وتەکانی (ئەسپانیا)	٣٧٩

له وتەكانی (مەنغوليا) ٤٨٧
له وتەكانی (فلنديه) ٤٨٧
له وتەكانی (كەتەلۆنيه)........................ ٤٨٩
له وتەكانی (چيكوسلۆفاكيا) ٤٨٩
له وتەكانی (حەبەشه) ٤٩١
له وتەكانی (كۆرسيكی)........................ ٤٩٧
له وتەكانی (كۆری) ٤٩٧
له وتەكانی (نەرويج)........................ ٤٩٩
له وتەكانی (نەغريسيا) ٤٩٩
له وتەكانی (يۆگۆسلافيا)........................ ٤٩٩
نووسەر له چەند دێرێكدا ٥٠١
له بلاوكراوكانی نووسەر: ٥٠٣
چاپكراوەكانی وەزارەت سالی ١٩٩٦ .... ٥٠٧
چاپكراوەكانی وەزارەت سالی ١٩٩٧ .... ٥٠٧
ناوەڕۆك ٥٠٩